زنجیرەی هزری هاوچەرخی ئیسلامی
19

خەلیفەکانی ڕاشیدین

لە نێوان جێنشینبوون و شەهیدبووندا

دکتۆر صلاح عبدالفتاح الخالدي

وەرگێڕانی
فاتح محمد سەنگاوی

التفسير

چاپی سێیەم

دیاری دەزگای ڕۆشنبیری نوری حیکمە

منتدى اقرأ الثقافي
www.iqra.forumarabia.com

خەلیفەكانی ڕاشیدین

لەنێوان جێنشین بون و شەهید بوندا

مەبەست لە زنجیرەی هزری هاوچەرخی ئیسلامی

- دەوڵەمەندکردنی کتێبخانەی کوردییە بە گرنگترین و کاریگەرترین دەقی ئەو کتێبانەی کە مەشخەڵی سەرڕێی هزری هاوچەرخی ئیسلامین .
- ئاشناکردنی خوێنەرە لاوی موسڵمانی کوردە بە دەقی ئەو کتێبانەی کە سەرچاوەن بۆ ڕۆشنبیری ئیسلامی و سازێنەری ڕابوونی ئیسلامین .
- شارەزاکردنی ڕاستەوخۆی لاوی کورد بەم سەرچاوانە ، ئازادکردنیان لە گشت کۆت و بەندو بۆچوونی تەسکی حزبایەتی و تاکڕەوی و ڕەوتگەرایی .
- بناغەیەک بێ بۆ بنیادنانی کەسایەتییەکی ئیسلامی بەهێز بۆ هەرتاکێکی موسڵمانی کورد ، تا توانای ئەنجامدانی ئەو گۆڕانکاریانەی هەبێ ، کە خوای پەروەردگار پێی سپاردووە .

دەگەڵ ڕێزو تەقدیرمان بۆ بیرو ڕای نووسەرانی ئەم زنجیرەیە ، مەرجیش نییە ئێمە پابەندی هەموو بیرو بۆچوونەکانیان بین .

با دەستووریشمان لە وەرگرتن فەرمایشتەکەی خوای پەروەردگار بێت ،

ٱلَّذِينَ يَسْتَمِعُونَ ٱلْقَوْلَ فَيَتَّبِعُونَ أَحْسَنَهُۥٓ ۚ أُو۟لَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ هَدَىٰهُمُ ٱللَّهُ ۖ وَأُو۟لَٰٓئِكَ هُمْ أُو۟لُوا۟ ٱلْأَلْبَٰبِ ﴿١٨﴾ سورة الزمر

چەند تروسكێكی مێژوویی
(قبسات تأريخيه)
(١)

خەلیفەكانی ڕاشیدین

لەنێوان جێنشین بون و شەهیدبوندا

چەند دیمەن و چنینەوەیەك لە ڕاستترین ڕیوایەتەكان

چەند پەند و ئامۆژگاریەك

وەرگرتن و داڕشتنەوەی
دكتۆر صلاح عبدالفتاح الخالدی
وەرگێڕانی: فاتح محمد سەنگاوی

پێداچونەوەی
نەوا محمد سعید

چاپی سێیەم
١٤٣٢-٢٠١١

دیاری دەزگای ڕۆشنبیری نوری حیکمە

مافی لەچاپدانەوەی پارێزراوە بۆ
نوسینگەی تەفسیر

ناوی کتێب بە عەرەبی:	الخلفاء الراشدون بين الاستخلاف والاستشهاد
ناوی نوسەر:	صلاح عبدالفتاح الخالدي
نۆرە و ساڵی چاپ:	دووەم ١٤٢٠-١٩٩٠
ناوی کتێب بەکوردی:	خەلیفەکانی ڕاشدین لەنێوان جێنشین بون و شەهیدبوندا
ناوی وەرگێر:	فاتح محمد سەنگاوی
پێداچونەوەی وەرگێران:	نەوا محمد سەعید
چاپ و بڵاوکردنەوەی:	نوسینگەی تەفسیربۆ بڵاو کردنەوەو ڕاگەیاندن/ هەولێر
کۆمپیوتەر:	جمعە صدیق کاکە
نۆرە و ساڵی چاپ:	سێیەم١٤٣٢-٢٠١١
تیراژ:	٤٠٠٠ دانە

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆشنبیری و هونەر-هەولێر
ژمارەی سپاردن (٧١) ساڵی ٢٠٠٢ پێدراوە

التفسير
بۆ بڵاوکردنەوە و ڕاگەیاندن
هەولێر- شەقامی دادگا - ژێر ئوتێلی شیرین پالاس
ت: ٢٢٢١٦٩٥ - ٢٢٢٠٩٠٨- ٢٥١٨١٣٨
مۆبایل: ٠٧٥٠ ٤٦٠ ٥١ ٢٢ - ٠٧٧٠ ١٣٨ ٧٢ ٩١
tafseeroffice@yahoo.com
tafseeroffice@maktoob.com
altafseer@hotmall.com

پێشەكی

إن الحمد لله، نحمده ونستعينه... ونتوب إليه ونستغفره، ونعوذ بالله من شرور انفسنا، وسيئات اعمالنا، من يهد الله فلا مضل له، ومن يضلل فلا هادي له، واشهد ان لا اله الاّ الله، وحده لا شريك له، واشهد ان محمداً عبده ورسوله، صلوات الله وسلامه عليه وعلى آله وصحبه اجمعين.

له پاشاندا:

لە ڕاستیدا توێژینەوەی مێژوو، خوێندنەوەی بەسەرهات و ڕووداوەكانی، بەسوود و كاریگەرە، ئەوەشی پێی هەڵدەستێ چەندان سوود و وانەی پێشكەش دەكا.

خوای گەورە فەرمانمان پێدەكا بە ڕوانین و وردبونەوە لە بەسەرهاتی پێشینان و توێژینەوە و پەند لێ وەرگرتنی و وەرگرتنی چەندان بەڵگە و وانەی بەسوود لە مێژوودا.

توێژینەوەی مێژووی ئیسلامی، كە تا ئێستا چواردە سەدەی لەخۆگرتوە، ئەو بەڵگە و وانە و سوود و پەندانە بەرجەستە دەكات.

ئەو مێژووە دووروودرێژە بەهەر چواردە سەدەكەیەوە، مێژووی موسڵمانانە، بەو پێیەی تاك تاك و گەلن، وەكو چەند گەلێكیش ژیانی خۆیان بە هەموو ئیجابیات و سلبیات و باش و خراپەكانیانەوە گوزەر كردوە.

ئەوە مێژووی موسڵمانانە، نەك مێژووی ئیسلامی، پێشمان خۆشە جەخت لەسەر ئەو ڕاستیە بكەین كە دەكرێ هەندێ لە قین لەدڵەكان یان خەڵەتاوان تیایدا بەهەڵەدا بچن.

هەموو مێژووی موسڵمانان مێژووی ئیسلام نیە، ناگونجێ مێژووی موسڵمانان ببێتە داوەر بەسەر ئیسلامدا!

جیاوازی لەنێوان مێژووی ئیسلام و مێژووی موسڵماناندا هەیە..

مێژووی موسڵمانان ئەو ژیانەیە كە موسڵمانان گوزەریان كردووە، ئەو

ڕوداوانەیە کە سازاندوویانە، جا چ تاك تاك بووبێت یا کۆمەڵ کۆمەڵ، دەوڵەت دەوڵەت بووبێت یا حکومەت حکومەت، فەرمانڕەوا بووبێت یا فەرمانبەسەرداکراو.

چۆن موسڵمانان ژیانیان گوزەراندووە لەو ماوەیەی مێژوویاندا، ژیانی رامیاری یا ئابووری یا زانستی یا کۆمەڵایەتییان.

فەرمانڕەوا و ژێردەستەکانیان، لەو ماوەیەدا چۆن بون، ئەی هەڵسوکەوتیان لەگەڵ نەتەوەکانی تر چۆن بووە، بەهێزی و لاوازی و یەکێتی و جیاوازی، گوێڕایەڵی و بێفەرمانیان و، نزیکیان لەخوا و دووریان لێی و پابەندبونیان بە ئیسلام و خۆقوتارکردنیان لێی چۆن بووە؟!!

ئەمەش وادەگەیەنێ کە مێژووی موسڵمانان بەدرێژایی هەر چواردە سەدەکەیەوە خەیر و شەڕ و هەڵە و راستی تێدایە و چەندین لاپەڕەی رەشی تاریك و چەندین لاپەڕەی سپی و رۆشنی رووناکیدەری تێدایە، لاپەڕەی وای تێدایە کاتێ موسڵمان پێی دەزانێ و بەئاگا دەبێ لێی شەرم دەیگرێ و ئازاری دەدات و خەفەت دایدەگرێ، تێشیدایە سەربڵند و سەرفرازی دەکا و دیاردەی سەربڵندی و هێز و رێز و سەقامگیریی موسڵمانانی تیادایە، هەروەك دیاردەی زەبونی و لاوازی و ترس و سوکیشی تێدایە.

دیارترین وێنەی لایەنی رەشی تاریك لە مێژووی موسڵماناندا، مێژووی رەسمی موسڵمانانە لەم چەرخەدا.!!

سەیر و نامۆ نیە کاتێ سەرجەم ئەو دژبون و بەرامبەربونانە لەمێژووی موسڵمانان بەدی دەکەین، ئەوان مرۆڤن، هەڵە و راست و بێفەرمانی و گوێڕایەڵی دەکەن، لاواز و بەهێز دەبن، بەرز و نزم دەبنەوە، ڕووەو ئەم یان ئەو لە ژیان و قۆناغ و بزاوتنیاندا کەمەندکێش دەبن.

لەراستیدا خوای دانا پابەندبونی موسڵمانانی بە ئیسلامەوە کردووەتە پێوەرێك و مێژوویانی پێ دەپێورێ، مێژووی پڕشنگدار و رۆشنیشیان پەیوەستە بە بەهێزی پەیوەستبونیان بە ئیسلامەوە، چ تاك تاك بن یا

کۆمەڵ کۆمەڵ، گەل بن یان حکومەت، هەرکاتێ پەیوەستیان بە ئیسلامەوە لاواز بوو، لە لوتکەی هەرەبەرز و پلەی هەرە بالاوە دادەبەزن و دەشکێنە نێو زەبونی ترس و سوکییەوە، جارێکیتر ناگەڕێنەوە بۆ پلەو پایە بڵندەکەیان مەگەر کاتێ پەیوەندی و پابەندییان بە ئیسلامەوە توندوتۆڵ بکەن.

ڕەحمەتی خوا لە عومەری کوڕی خەتتاب بێ کاتێ ئەو پێوەرەمان پێ دەبەخشێ بەو وتەیەی دەڵێ: ((ئێمە قەومێك بووین خوا بە ئیسلامەوە سەربەرزی کردین، هەرکاتێ بمانەوێ بە جگە لەئیسلامەوە سەربەرز بین خوا ڕیسوامان دەکات)).!!

ئا ئەمەیە مێژووی موسڵمانان بەوەی هەیانبووە یان لەسەریان کەوتووە، چەندە هەڵەیە ئەو کەسەی سەرجەم ئەو تێکەڵ و پێکەڵیە دەکاتە مێژوویەك بۆ ئیسلام، چەندە ئیسلام لەمەدا ستەمی لێ دەکرێ.

لە ڕاستیدا ئیسلام دان نانێ بە گشت مێژووی موسڵمانان، پەسەندی ئەو لاپەڕە ڕەشانە ناکا -کە زۆریشن- و موسڵمانان لە مێژوویاندا تۆماریان کردووە، بەڵکو پەسەندی ناکا و دژی دەوەستێ و خۆی لێ بەری دەکا.

مێژووی ئیسلام بریتیە لەو لاپەڕە سپیە پرشنگدارو ڕوونانەی کە موسڵمانان تۆماریان کردووەو دیاردەی هێز و سەربەرزی و سەقامگیرییان بووە لە کاتێکدا کە بەڕاستی پابەند بون بە ئیسلامەوە، لەڕاستیدا ئیسلام دان نانێ تەنها بەو ژیانە ڕێزدارە نەبێ کە موسڵمانان بەسەریان بردووە، لەکاتێکدا کە پابەندبون بە ئیسلامەوە، ئیسلام تەنها ئەو ڕووداوانەی پێ قبووڵە کە خۆی بۆیانی دروست کردووەو ئەو سەربەرزییەی کە خۆی بنیاتی ناوەو ئەو ڕێگەی کە خۆی بۆی کێشاون و ئەو سەربڵندییەی کە پێشکەشی کردووە!

بەڵام کاتێ کە بەخشش و بنیات و ڕێگە و سەرفرازییەکەی لەدەست دەدەن و شوێنی سەراب و سەرلێشێوان و سەرگەردانی دەکەون، ئەوا دان نانێ بەمەیاندا و قەبوڵیشی نیە ئەمە بدرێتە پاڵی.

ئەمەش پەلکێشمان دەکات بۆ ڕاستیەکی تر، کە بریتیە لەوەی سەرجەم مێژووی موسڵمانان پیرۆز نیە و، هەموو ڕووداو و بەسەرهاتەکانیشی جێی وەرگرتن و ڕازیبون نیە، لێرەوەش بە دەرمارگیری و پیرۆزیەوە لەگەڵ ڕووداوەکانی مێژووماندا هەڵسوکەوت ناکەین و شپرزە نابین بۆ پاکانەی سەرجەم کردارەکانی پێشینانمان و تەبەنی کردنی سەرجەم ئەوەی پێی هەستاون.

ئەوەی پەسەندە لامان ئەو هەڵسوکەوتە ڕاست و دروست و باشانەیە کە پێشینانمان پێی هەستاون، بەڵام هەڵسوکەوتە چەوت و هەڵەکان ئەوە لەلامان ڕەتکراوەیەو دانیش دەنێین بەوەی ئاوەها ڕەفتارێکیان لێ وەشاوەتەوە، پاشان ئینکاری دەکەین و توڕی دەدەین و خۆمانی لێ بەری دەکەین!

پێویستە موسڵمانان ئاشنای مێژووی پێشینانیان بن، بە سەرجەم ئەوەی تێیدایە، شارەزای لاپەڕە سپی و ڕەشەکانی بن، لە هەموو ئەوانە سوودمەند بن و پەندی لێ وەرگرن.

بۆ گەیشتن بەم مەبەستە و پێشکەشکردنی ئەم خزمەتەش ئەم (چەند تروسکە مێژووییە وەردەگرین لە مێژوومان و پێشکەشی خوێنەرە بەڕێزەکانی دەکەین).

ئێمە لەگەڵ مێژووماندا چەند هەڵوێستەیەك دەکەین، چەند سات و کاتێك لەگەڵی دەڕۆین و چەند لاپەڕەیەکی لێ هەڵدەدەینەوەو چەند بەرهەم و بەشێکی لێ دەچنین و ئەم چەند تروسکەی لێ وەردەگرین.

لەم تروسکە مێژووییانەدا، چەندان لاپەڕەی سپیی پرشنگدار هەن و چەندان خاڵی ڕەشی تاریکستانی تێدایە، تیایدایە شاد و دڵخۆشت دەکات و هەشە ئازار و خەمبارت دەکا، تیاشیدایە لەڕووی گەورەیی و شانازییەوە سەری موسڵمانانی پێ بەرز دەبێتەوە، تیاشیدایە لە شەرم و شەرمەزاریدا سەری پێ شۆڕ دەبێ.

ئازار و هیواکان و ئیجابی و سلبیەکان پێکەوە دێن، بەڵام لە هەموو ئەمانەدا پەند و ئامۆژگارییەکان بەدی دێن!!

خوێنەرانیش تەنها مەرجێکیان لەسەرمان هەیە، ئەوەش بریتیە لەوەی سوور بین لەسەر وەرگرتنی ئەو نمونانەی کە چەندەها دیمەن و چنینەوەی تێدایە، لە ڕاستترین فەرمودەو گوفتار و گێڕانەوەکاندا.

جا (دەفتەرەکانی) مێژوومان هەڵدەدەینەوە و ئاشنای لاپەڕەکانی دەبین و دێرەکانی هەڵدەکۆڵین و پاشانیش ئەم هەڵکۆڵینە مێژووییانەتان پێشکەش دەکەین.

لە ڕاستیشدا ئەم هەڵکۆڵین و تروسکانەمان بۆ کات بەسەربردن و دڵدانەوەو بەجێگەیاندنی چێژێکی چیرۆك ئامێز نیە، ناشمانەوێ لای خوێنەر بگۆڕێ بۆ چیرۆك و حیکایەت و کاتەکانی پێ بەرنە سەر.

بەڵکو دەمانەوێ لە ئاستیا بوەستین توێژەری وردبین بین، پشکنەری وردبین بین، ئامۆژگاری و پەند وەرگر بین.

ویستی خوا وابوو حەڵقەی یەکەمی ئەم چەند تروسکە مێژووییە دەربارەی باشترین موسڵمانان بێ لە دوای پێغەمبەری خوا کە هەرچوار خەلیفەی ڕاشیدینە، ڕەزای خوایان لێبێ.

تیایدا دیمەنەکانی جێنشین بون و شەهیدبونی هەریەکەیانمان بۆ خوێنەرانی بەڕێز پێشکەش کردووە، چۆن موسڵمانان هەڵیان بژاردووە بە جێنشین، چۆن تاوانکاران لە تیرۆرکردنیدا سەرکەوتووبون و پاشان بە شەهیدی گەیشتووە بە پەروەردگاری.

ناشزانین حەڵقەی دووەمی ئەم چەند تروسکە کەی دەبێ و بابەتەکەی چی دەبێ، چونکە ئەم تروسکانەمان زۆر و زەبەندەن.

هەر خواشە ئەوەی ویستی بێ ئەندازەگیری دەکا.

وصلى الله على سيدنا محمد وعلى آله وصحبه وسلم.

الدكتور: صلاح عبدالفتاح الخالدي

صويلح

پێنجشەممە

١٤١٥/١/٢٨ - ١٩٩٤/٧/٧

خەلیفەکانی ڕاشدین
لەنێوان جێنشینبون و شەهیدبوندا

ستایشکردنی هاوەڵان و خەلیفەکان

لە ڕاستیدا سەردەمی خەلیفەکانی ڕاشدین، باشترین سەردەمەکانی مێژووی ئیسلامین و ماوەی فەرمانڕەواییشیان بەفەڕترین ماوەیەکە و ئەو نەوەیەی ئەوانیش نەوەی سەرمەشقن بۆ موسڵمانانی دوای خۆیان، چۆن وا نیە لەکاتێکدا ئەوان هاوەڵی پێغەمبەری خوا بون، ئەوانەی خوا لە ستایشیاندا دەفەرموێ:

﴿وَالسَّابِقُونَ الأَوَّلُونَ مِنَ الْمُهَاجِرِينَ وَالأَنصَارِ وَالَّذِينَ اتَّبَعُوهُمْ بِإِحْسَانٍ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمْ وَرَضُوا عَنْهُ: ئەوانەی پێشەنگ و یەکەمین بون لە کۆچکەران و پشتیوانان و ئەوانەی بە ڕێك و پێکی شوێنیان کەوتوون، خوای میهرەبان لەهەموویان ڕازیەو ئەوانیش لەو ڕازین.﴾التوبة/١٠٠.

خوای گەورەش فەرمانمان پێ دەکات بەوەی خۆشیانمان بوێ و ستایشیان بکەین و بۆیان بپاڕێینەوەو دڵمان پاك کەینەوە لە هەر کینەو ناحەزی و رقێك بەرامبەریان، بەو فەرمودەیەی کە دەفەرموێ:

﴿وَالَّذِينَ جَاءُوا مِنْ بَعْدِهِمْ يَقُولُونَ رَبَّنَا اغْفِرْ لَنَا وَلِإِخْوَانِنَا الَّذِينَ سَبَقُونَا بِالإِيمَانِ: ئەوانەی بە شوێن کۆچکەران و پشتیوانانددا دێن (تا کۆتایی دونیا ئەمە دوعا و نزایانە و بەردەوام) دەڵێن: پەروەردگارا! لە ئێمە و لەو برایانەشمان خۆشبە کە پێش ئێمە ڕێبازی ئیمانیان گرتەبەر.﴾الحشر/١٠.

هەروەها پێغەمبەری خواش ستایشیان دەکات بەو فەرموودەیەی دەفەرموێ: ((خير القرون قرني، ثم الذين يلونهم، ثم الذين يلونهم: باشترین سەدەکان سەدەی منە، پاشان ئەوانەی دوای ئەوان، پاشان ئەوانەی دواتر.)).

خەلیفایەتی سی ساڵە

ماوەی خەلیفەکانی ڕاشدین سی ساڵی تەواو بەردەوام بوو، پاشان ماوەی فەرمانڕەوایی بەنی ئومەییە هات، بەمەش ئەو فەرموودەیەی

پێغەمبەری خوا هاتەدی کە تیایدا دەفەرموێ: ((الخلافة بعدي ثلاثون سنة، ثم تكون ملكاً: خەلیفایەتی پاش من سی ساڵە، پاشان دەبێتە پاشایەتی.))

ماوەی خەلیفەکانی ڕاشدین لە مانگی (ربیع الاول)ی ساڵی یانزەی کۆچی دەستی پێکرد، لەکاتێکدا بەیعەتی خەلیفایەتی درا بە ئەبوبەکری صدیقﷺ، لە مانگی (ربیع الاول)ی ساڵی چل ویەکی کۆچیش کۆتایی هات. ئەمەش لەکاتێکدا کە حەسەنی کوڕی عەلی لەساڵی کۆمەڵ(عام الجماعة)دا وازی لە خەلیفایەتی هێنا بۆ معاویەی کوڕی ئەبوسوفیانﷺ، پاش پەرتەوازەییەك کە چەندان ساڵ بەردەوام بوو، موسڵمانان لەسەر موعاویە کۆك بون.

هەر لەبەر ئەمەبوو هاوەڵی بەڕێز موعاویەﷺ دەیوت: (من دواهەمینی خەلیفەکان و یەکەمینی پاشایانم).

ماوەی خەلیفایەتی ڕاشدین (شەپۆلێکی ئیسلامی) بەهێز و بزاڤێکی ئیسلامی جیهادی بەفەڕی بەخۆوە بینی، بەشێوەیەك تێکۆشەرە موسڵمانەکان بە وڵاتاندا بڵاوبونەوەو جیهادی دوژمنانی خوایان کرد و وڵاتی کافرانیان لابرد و گەلانی ناوچەیان هێنایە ناو ئیسلامەوە.

پیلانی ڕقاوی دژ بە خەلیفەکان و ئوممەت

ئەم سەرکەوتنە ئیسلامیانە ڕق و کینەی دوژمنانی دوابڕاوی زیاتر کرد، دژ بە ئیسلام و موسڵمانان، لە جولەکە و گاور و ئاگرپەرستەکان، هەر بۆیە کەوتنە نەخشە و پلان دانان و دژایەتی کردنی ئیسلام و موسڵمانان.

ئەم ڕق لەدڵانە سوربون لەسەر تێك و پێك دانی ژیانی موسڵمانان و جێ‌پێ‌کردنەوەی پەرتەوازەیی و جیاوازی لە نێوانیاندا و پچڕ کردنی یەکپارچەیی و لاوازکردنی یەکریزییان.

پیلانەکانیان دژ بە خەلیفەکانی ڕاشدین ئاراستەکرد، خۆ ئەگەر ئەبوبەکری صدیقﷺ دوای جێنشینایەتیەکی کورت بە مردنێکی ئاسایی مرد، ئەوا دوژمنان توانیان خەلیفەکانی تر (عومەر و عوسمان و عەلی) تیرۆر بکەن تا بە شەهیدی بە دیداری پەروەردگاریان گەیشتن (إن شاءالله).

ماوەی خەلیفەکان پڕ بوو لە ڕووداوەکان

ماوەی خەلیفەکانی ڕاشدین پڕ بوو لە ڕووداو و گۆڕانکارییەکان، ماوەیەکی بزاڤی کرداری جیهادی بوو، لە هەمان کاتدا لە بەپێزترین ماوەکانی مێژووی ئیسلامییە و لە هەمووشیان دەوڵەمەندترە بە کەرەستە و هەواڵ و وتەو زانیارییەکان.

هەواڵخوانان ڕووداو و گۆڕانکارییەکان و کارەساتە کتوپڕەکانی ئەو ماوەیەیان نەقڵ کردووەو گەیاندوویانە بە پاش خۆیان و مێژوونووسانیش لە کتێب و دانراوەکانیاندا کۆ و تۆماریان کردووە.

لەگەڵ ئەوەی کۆمەڵ و دەستە و مەزهەبەکان پاش سەردەمی خەلیفەکانی ڕاشدین دروست بون، هەر لە شیعە و خەواریج و مورجیئە و موعتەزیلەوە، بەڵام هەر یەکەیان بۆ سەرخستنی کۆمەڵەکەی خۆی و بەڵگەهێنانەوە بۆ بۆچونەکەی ڕووی لە ماوەی خەلیفەکانی ڕاشدین دەکرد، تا پەیڕەوکەرانی بۆ ڕەواو ڕاستی بانگەشە بکات.

هەواڵخوانانی جێمتمانە و هەواڵخوانانی درۆزن

بەڵام کاتێ هەندێ لەو ئارەزوو ویستانە ئەوەی دەیانویست لەژیانی هاوەڵاندا دەستیان نەکەوت، هەستان بە دانانی ریوایەتەکان و هەڵبەستنی هەواڵەکان و بەدرۆودەلەسە و بوهتانەوە دەیاندایە پاڵ هاوەڵان.

لەکاتێکدا هەواڵخوانانێکی ڕاستگۆ و جێمتمانە دەبینراو و هەواڵی هاوەڵانیان بە ڕاستگۆیی و ئەمانەت و بابەتیبونەوە بۆ دەگێڕاینەوەو مێژوونوسە موسڵمانەکانیش تۆماریان دەکرد و پشتیان پێ دەبەستن و وەریان دەگرت.

ئا لەو کاتەدا هەواڵخوانانێکی دەم هەڵبەستی بێویژدان هەرهەبون هەڵدەستان بە دروستکردن و دانانی درۆو بوختان و بڵاوکردنەوەی، پاشان دەیاندایە پاڵ هاوەڵان و لەناو خەڵکیشدا بڵاویان دەکردەوە، دیارە مێژوونوسە موسڵمانەکانیش ئەم درۆ و بوختانانەیان دەبیست و پێیان دەگەیشت.

مێژوونوسەکان هەموو شتێکیان تۆمار کردوە

لێرەوە مێژوونوسە موسڵمانە یەکەمینەکانی وەك (ئیمامی طبری) هەستان بە تۆمار و کۆکردنەوەی هەموو ئەو ریوایەت و هەواڵانەی کە

لەسەر ماوەی خەلیفەکانی ڕاشدین پێیان دەگەیشت، ئیتر ئەگەر ئەو ریوایەتانە ڕاست و دروست بوبێت و لە هەواڵخوانی ڕاستگۆ و جێمتمانە دەرچووبێت یاخود ریوایەتی درۆ و هەڵبەستراو بێ و لەهەواڵخوانە دەم هەڵبەست و تیابەرەکانەوە بوبێت.

هەموو ئەو تێکەڵ و پێکەڵە زۆرەیان لە دانراوەکانیاندا کۆدەکردەوەو ڕاست و دروست و پوچ و درۆیان پێکەوە تێکەڵ دەکرد و ڕاستەکانیان جیا نەدەکردەوە لە ناڕاستەکان و دەریان نەدەهێنان، یاخود حوکمیان بەسەردا نەدەدان، بەڵام ڕچە(سند)ی ئەو ریوایەتانەیان دەهێنا، پیاوی هەر ڕچەیەکیان باس دەکرد، هەر بۆیە لە یەك ڕووداودا چەندان ریوایەتی دووبارە یاخود دژ و ناکۆکیان دەهێنا.

وەك ئەمانەتێکی زانستی

هێنانی ئەو هەموو تێکەڵ و پێکەڵیەی ریوات و هەواڵەکان، پشت پێبەستن و متمانەبون و وەرگرتنی ناوەڕۆکەکانیان نەبوو، بەڵکو هێنانیان تەنها لەڕووی ئەمانەتی زانستیەوە بوو کە پاڵی پێوە ناون بۆ تۆمار و کۆکردنەوەی هەر شتێ پێیان گەیشتووە، ئیتر چ ڕاست بووبێ یا درۆ، ڕەوا بووبێ یا ناڕەوا، یاخود گێڕەوەکانی دادگەر و ڕاستگۆ بووبێتن یاخود بریندار و دەم هەڵبەست و درۆزن.

بانگەشەی جوان هەڵبژاردن و دەرهێنانیان دەکرد

(هەڵبژاردنیشیان) دەدرایە خوێنەر کە پاش خۆیان پێی هەستێ، تا پشت بە ریوایەتە دروست و ڕاستەکان ببەستێ و ریوایەتە درۆکان توڕ و فڕێ بدات.

لەگەڵ ئەوەشدا بانگەشەی ئەوەیان دەکرد کە سەرجەم ئەوەی ئەوان تۆمار و کۆیان کردووەتەوە وەری نەگرن و پشت نەبەستن بە سەرجەم ئەوەی باسیان کردووە، بەڵکو بە ئاشکرا ئاگاداری ئەوەیان داوە کە لەنێو کتێبەکانیاندا ریوایەتی درۆ و پڕوپوچ هەیە! هەر بۆیە لەسەر خوێنەرە جوان وردبێتەوەو توێژینەوە بکات، تۆمارەکانیان بخاتە ژێر تیشکی پێوەرێکی ورد و تەرازویەکی ڕاست پێکاو، کە ئەوەش بریتیە لە ڕێسای (زانستی جەرح و تەعدیل) کە زانایانی فەرموودە دایاننناوە، ئەوانەی

فـەرموودەکانی پێغەمبـەریان پاراسـت و بـەجوانی توانیـان ڕاسـت و دروستەکانی لە لاواز و هەڵبەستراوەکانی جیا بکەنەوە!

زۆربـەی خوێنـەرانی کتێبـە یەکەمـەکانی مێـژووی ئیسـلامی –وەك مێـژووی طـبری– ئامۆژگـاری ئـەو مێژوونوسـە ناودارانـەیان لـەبیر کـرد و رویـان کـردە ئـەو هـەموو تێکـەڵ و پێکەڵیـەی لـە دانراوەکانیانـدا هـەبوو، بەشێوەیەك وەریـان گـرت و قبوڵیـان کـرد و پشـتیان پێبەسـت وەك ئـەوەی هـیچ گێڕانەوەیـەکی درۆ و هەڵبەسـتراوی هەواڵخوانـە دەم هەڵبەسـتەکان بونی نەبێ!! لەپاش ئەوان ڕەوا و ناڕەوا وەرگیرا

لەگـەڵ ئەوەشـدا ئـەم درۆ هەڵبەسـتنەیان دەدایـە پـاڵ هـاوەڵانی پێغەمبـەری خـودا و بـە سەرچاوەیەکی مێـژوویی جێگیر و زانیاریـیەکی مێژوویی ئەمین و پارێزراو و وەرگێڕانێکی مێژوویی ماوەی خەلیفەکانی ڕاشدینیان دادەنا...

هـەر بۆیـە بـە چـەند ئەنجامێکی هەڵە گەیشتن و چـەندەها ڕیسوایی و تاوانکـاری و گونـاهی گـەورە و کـاری ناشایستەیان دەدایـە پـاڵ هـاوەڵانی ڕێزدار.

پاشان کەسانی کینە و قین لەدڵ هاتن یان ئەو موسڵمانە گێل و بێئاگا و فریودراوانـەی پێیـان کاریگـەر بون لـەم سـەردەمەدا و، دەستیان کرد بە وەرگرتنی هەموو ئەو باسانەی لەو کتێبە مێژووییە یەکەمینانەدا هاتووەو سـاز و گونجـاوە لەگـەڵ ئارەزووەکانیانـدا و ناشایسـتەیی دەداتـە پـاڵ سەردەمی خەلیفە ڕاشدیەکان و ئەو درۆ و دەلەسانەشیان لە چەندان کتێب و دانراویانـدا پیشـان داوە و بانگەشـەی زانسـتی و مەنهـەجی بـون و توێژینـەوەو پشـکنین و بابـەتی بونی بـۆ دەکـەن و خوێنـەران هـان دەدەن تاوەکو وەری گرن و پشتی پێ ببەستن. کین لە دڵان چەندان هەڵەی مێژوویی بڵاودەکەنەوە

ئـەو کتێبانـەش لـەنێو موسـڵمانانی ئـەم سـەردەمەدا بڵاوبویـەوەو ڕۆشـنبیرییەکی مێـژوویی پـێ پێـك هـات و کردوویاننـە سەرچـاوە بـۆ زانیارییەکی مێژوویی ڕاستگۆی سەردەمی هاوەڵان.

پرسیارکاران بەدوای ڕاستیدا دەگەڕێن

هەندێ لەو برا بەڕێزانەی ئاگاداری کتێبی ئەو نوسەرە هاوچەرخانەن، یا ئەو ریوایەتە درۆیینانەیان لە کتێبی پێشاندا بینیوە، هەر بە سروشت و فیترەتی خۆیان پەسەندیان نەکردوون و بە فیراسەتی خۆیان گومانیان لێیان هەبووە، پاشان هەستاون بە پرسیارکردن لە حەقیقەتی مەسەلەکە.

زۆرجار لەو برا دڵسۆزانەوە چەندان پرسیاری دڵسۆزانەمان دەربارەی هەندێ ڕووداوی سەردەمی هاوەڵانی بەڕێز ئاراستە کراوە، ئێمەش هەستاوین بە پێشکەشکردنی وەڵامە ڕاست و دروستەکان.

پێویستیەکی زۆر بە مێژووی سەردەمی خەلیفەکان

هەر لەم ڕوانگەیەوە، زۆر بە پێویستمان زانی پوختەیەکی مێژوویی دەربارەی هەندێ لەو ڕووداوە وروژێنەرانە بخەینە ڕوو کە لە سەردەمی خەلیفەکانی ڕاشدیندا ڕوویان داوە، بەتایبەت ئەو ڕوداوانەی هاودەم بون لەگەڵ توندوتیژی و پیلانە فێڵاویەکانی دوژمناندا. پاشانیش درۆ و بوختانیشیان بە دەورا کراوەو، شیکردنەوەشیان چەندان بیروبۆچونی جیاجیای لەخۆگرتووەو بڕیاری جیاوازیان لەبارەوە دراوە.

چەند تروسکێك لەمەڕ جێنشینبون و شەهیدبونیان

بابەتی (بونی خەلیفەکانی ڕاشدین و شەهیدبون)یانمان هەڵبژارد، بۆ ئەوەی وێنەیەکی پوخت و چەند چنینەوە و دیمەنێکی خێرای پێشکەش بکەین، لەمەشدا پشتمان بەستووە بەو گێڕانەوە ڕاست و دروستە وەرگیراوەکان و خۆمان بواردوە لە گێڕانەوە درۆ و ڕەتکراوەکان.

ئامانجی ئێمە لەم (تروسکە مێژووییانە) لەسەر خەلیفەکانی ڕاشدین لە ڕوانگەی جێنشین بون و شەهیدبونیانەوە، ڕەخنەگرتن نیە لە ریوایەتە درۆکان بە دەرخستنی درۆی ڕاوییە دەمهەڵبەستەکانیان، نە مشت و مڕی ناوەڕۆکی ئەو درۆیانەیە بە مشت ومڕێکی زانستی و مەنهەجی و دەرخستنی هیچ و پوچی ئەوەی تێدایە.

پێشکەشکردنی زانست نەك ڕەخنە

نەمانویستووە (مشت ومڕی مێژوویی) بنوسین، لەگەڵ ئەوەی ئەو بابەتە بۆ باس و نوسین و پشکنین و وردکردنەوە گونجاوە، بەڵکو خوای گەورە هاوکاری یەکێك لەتوێژەروان بکات بۆ نوسین و مشت و مڕ کردن کردن لەو بابەتەدا.

ئێمە ویستومانە وێنەیەکی کورت و پوخت پێشکەشی خوێنەرانی بەڕێز بکەین، بە هەڵگۆستن لە پوختەی ریوایەتە دروستەکان، بۆ ئەوەی ببێتە توێشویەکی زانستی و توێشووی لێوەرگرن و ببێتە زەمینەی ڕۆشنبیری و ڕووی تێبکەن و (کەرەستە)یەکی مێژوویی و بنیاتی زانیاری مێژووییانی پێ بکەن.

نوسینی بنیاتنەرانە و رەخنەگرانە لە زانستە ئیسلامیەکاندا

وا دەبینین پێویستە لە سەرجەم بابەتە ئیسلامیەکاندا لە: عەقیدە، تەفسیر، فەرمودە، مێژوو، فیقە، زمان، بە دوو ئاراستە بنووسرێ.

ئاراستەیەکی ئیجابی (بنیاتنەرانە)، ئەوەش بە پێشکەشکردنی پوختەیەکی زانستی و بابەتی (بنیاتنەرانەی ئیجابی) بۆ ئەوەی ببێتە زانست و مەعریفە و قەناعەت و تێشویەك بۆ خوێنەری موسڵمان.

ئاراستەیەکی زانستی رەخنەیی ڕۆشنبیری، ئەوەش بە خستنەڕووی دید و بۆچوونە ڕەتکراوەکانی بابەتی توێژینەوەو رەخنە لێگرتن و هەڵوەشان و رەت و پوچکردنەوەی و رونکردنەوەی ساختەیی و پوچەڵی، بۆ ئەوەی خوێنەری موسڵمان بەئاگا بێ لێی و پێی نەخەڵەتێ.

ئەوەی جێی داخە لە (کەلەپوری ڕۆشنبیری ئیسلامی)ماندا ئەوەیە زۆرینەی دانراوەکانی زانا پایەبەرزەکانمان -لە زانینە ئیسلامیە جیاجیاکاندا- بە ئاراستەی دوەمی رەخنەییدا دەڕوا، ئەمە داواکراوەو پێویستە و گەرەکە بێ، بەڵام ئەمە هەمو شتێك نیە.

نوسراوە ئیجابیە (بنیاتیەکان) لە هەر بابەتێکدا بێ، کەمن ئەگەر نەڵێین دەگمەنن!!

ئەمە تێبینیەکە و تۆماری دەکەین بۆ ئەوەی دان بەوەدا بنێین کە ئێمە لەم تروسکە مێژوویەدا لەسەر جێنشین بون و شەهیدبونی خەلیفەکانی ڕاشدین لەسەر ئاراستەی زانستی یەکەم دەڕۆین و ئامانجمان پێشکەشکردنی ئەو توێشووە بنیاتیە مێژووییەیە!!

تێکەڵ و پێکەڵیەکی مێژوویی گەورە رەوا و ناڕەوای تێدایە

بە گەڕانەوەمان بۆ کتێبە مێژوییە سەرەتاکان، تێکەڵ و پێکەڵیەکی گەورەی ریوایەتە مێژووییەکان دەبینین، کە دژیەکن، هی وایان هەیە

دووبارەیە و هی واشیان هەیە کۆمەڵێك شت و گوفتار و رەفتاری وا دەداتە پاڵ هاوەڵە بەڕێزەکان کە شیاو و گونجاو نیە لەگەڵ ئیمان و تەقوا و برایەتیان، تیایاندایە کەسانێکی درۆزن و دەمهەڵبەستی تیابەر ریوایەتی کردووە.

لەو ریوایەتانەشدا هەیە راست و دروستن، کەسانی راستگۆ و جێمتمانە ریوایەتیان کردووەو ئادگاری بێلایەنی و ئینساف و بابەتی و زانستی و مەنهەجی بونی پێوە دیارە.

هەموو ئەمانەمان لەپێش چاوە، سورین لەسەر (باش) پاکژکردن و هەڵبژاردن و وەرگرتنی راست و دروستەکان، لەوانەی جێمتمانەکان ریوایەتیان کردووە و شیاویشە لەگەڵ ئیمان و تەقوای هاوەڵان.

پشت بەستن بە راستە پەسەند کراوەکان

لەمەشدا پشت ئەستورین بەوەی زانایانی بەویژدانی مێژووی ئیسلامی بڕیاریان داوە و زانایان فەرموودەناسی شارەزاش پشتیان پێی بەستوە، ئەوەی ئەوان پشتیان پێی بەستووە ئێمەش پشت ئەستورین پێی و ئەوەشی وەریان گرتووە وەری دەگرین و ئەوەشی پەسەندی ناکەن پەسەندی ناکەین، هەر بۆیە ئێمە لەم بوارەدا لە هەڵبژاردنەکانماندا شوێن پێی خاوەن زانست و پسپۆڕان هەڵدەگرین.

وەرگرتن لە مێژووی گبری

سەرچاوەی یەکەم و گرنگیشمان بریتیە لە (تاریخ الأمم والملوك)ی پێشەوای مێژوونوسان و موفەسیران (أبو جعفر بن محمد بن جرير الطبري) رەحمەتی خوای لێبێ، لەم کتێبەشدا پشتمان بەو چاپە بەستووە کە (محمد ابو الفضل ابراهيم) دەریکردووە.

(طبری) لە مێژووەکەیدا زۆر و زەوەندی کۆکردۆتەوەو تۆماری هەواڵە صەحیح و ریوایەتە هەڵبەستراوو پڕوپوچەکانیشی کردووەو بانگهێشی دەکات بۆ چاك هەڵبژاردنی زانستی و مەنهەجی.

لەو ریوایەت و هەواڵانەی لە (طبری)دا هەیە صەحیح و راستترینەکەیمان هەڵبژاردووەو هەر بۆ ئەمەش پشتمان بە زانایانی تەحقیقکار بەستووە.

پشت بەستن به مێژووی ئیبن كثیر

گرنگترین دانراوێكیش كە لێیەوە ڕوانیومانە بۆ مێژووی (طبری) بریتیە لە (البدایة والنهایة)ی پێشەوای مێژوونوس و فەرمودەناس (ئیبن كثیر)و(الكامل فی التاریخ)ی پێشەوای مێژوونوس (ئیبن الأثیر).

زۆرینەی ئەوەی (ئیبن كثیر) وەری گرتووەو پەسەندی كردووە ئێمەش وەرمان گرتووەو پەسەندمان كردووەو زۆرینەی قسەكانی ئەومان گوتووە، چونكە مێژوونوسێكی بە ئینساف و فەرمودەناسێكی بەئاگایە، لە مێژووشدا بۆ ژیانی هاوەڵان پشتی بە ڕیوایەتە صەحیحەكانی پێشەوا (ئیبن جریر الطبری) بەستووە.

پشت بەستن بە تۆژینەوەكانی (العواصم من القواصم)

بۆ قسەكردنیش لەسەر هەردوو خەلیفە عوسمان و عەلی‌ﷺ، سودمان لە دوو كتێبی پڕ لە ویژدان وەرگرتووە، ئەوانیش (العواصم من القواصم فی تحقیق مواقف الصحابة بعد الرسول اللهﷺ)ی پێشەوا و قازی ابوبكر محمد بن عبدالله، ئیبن العربی المالكی، كە پێشەوا محب الدین الخطیب ڕەحمەتی خوای لێبێت دەری كردوەو تەعلیقی لەسەرداوەو چەندان پەراوێزی زانستی و بابەتی بۆ داناوە كە هەموو خوێنەرێكی بە ویژدان پێویستی پێیەتی.

وە كتێبی (الخلیفة المفتري علیه: عثمان بن عفان)ی زانای مێژوونوس (محمد صادق عرجوف) ڕەحمەتی خوای لێبێت، كە تیایدا لە زۆربەی ئەو ئیشكالیەتانەی لەسەر عوسمانﷺ، وروژێنراوە، خاڵی لەسەر پیت داناوە.

ڕێزبەندی و ڕێكخستنی ڕوداوەكان

ڕیوایەتە صەحیحەكانم لە مێژووی (طبری) وەرگرتووە بە پشت بەستن بە تەرازو و پێوەر و دیدی (ئیبن كثیر)و ڕۆڵی خۆشم هێنانی زنجیرەی ڕوداوەكانە بەڕیزبەندیەكی مێژوویی و پاشان ڕێكخستنی نێوانیان و دارشتنەوەیان بە داڕشتنەوەیەكی نوسراوەیی ئەدەبیانەی هاوچەرخ.

دەستكاری لە داڕشتنەوە

واتە من هەندێ جار دەستكاری داڕشتنەوە دەكەم، ئەوەش بە زیادكردنی هەندێ وشە و ڕستەی وا بۆ ڕونكردنەوەی ئەو هەواڵەی دەیهێنم، یا ئەو دیمەنەی تۆماری دەكەم، تا وێنەكە لای خوێنەر ڕونتر بێ، ئەم وشە زیادكراوانە زانیاری تازەی (ئاخنراو)مان بۆ ناخاتە سەر ئەوەی

پێشینان وتویانە، بەڵكو جەخت كردنەوەو رونكردنەوەیە، ئێمە دەزانین زانایانی فەرموده بە دروستی دەبینن فەرمودەی پێغەمبەری خوا بە مانا بگێڕدرێتەوە بە مەرجێ فیكر و زانیاری تازەی بۆ زیاد نەكرێ، جا ئەگەر ئەمە لە فەرمودەی پێغەمبەری خوا دروست بێ، ئەوا لەو گێڕانەوە مێژووییانەی دەربارەی هاوەڵە بەڕێزەكانەوە زیاتر دروست و گونجاوە!!!

پێنج تروسك

ئەو تروسكە مێژووییانەی لە مێژووی (طبری)و(ئیبن كثیر) وەرم گرتوون پێنجن، كە ئەمانەن:

یەكەم: نەخۆشی و مردنی پێغەمبەر

تروسكی یەكەم: نەخۆشی و سەرەمەرگی پێغەمبەری خوایە، پاشان درێژەی پێنج ڕۆژی دوایی ژیانی پێغەمبەر، درود و سڵاوی خوای لێبێت و، وەستان لەبەردەم ساتە كۆتاییەكانی تەمەنی و كاریگەری مردنی لەسەر هاوەڵان و پاشان شۆرین و كفن كردن و نوێژكردن لەسەری و سپاردنی.

لەمەشدا پشتم بەستووە بەو گێڕانەوە صەحیحانەی پێشەوا (ئیبن كثیر) هێناویەتی و لە ڕاسترین فەرموودەوە وەریگرتووە.

ئامانج لەمەشدا پێشكەش كردنی وێنەیەكی دروستە لەسەر نەخۆشكەوتن و مردنی پێغەمبەری خوا، بەو پێیەی ڕێخۆشكردنێ بێ بۆ پاش خۆی، كاتێك كە ئەبوبەكری صدیقرضي الله عنه پاش مردنی پێغەمبەری خوا دەبێتە خەلیفە.

دووەم: جێنشین بونی ئەبوبەكر و پاشان مردنی

تروسكی دووەم: (ئەبوبەكری صدیق، لەنێوان جێنشین بون و مردندا) لەكاتێكدا دیمەنی كۆبونەوەی ناودارانی هاوەڵانم هێناوە لە كەپری بەنی ساعیدە كە ئەنجامەكەی بریتی بو لە هەڵبژاردنی ئەبوبەكری صدیقرضي الله عنه بە خەلیفە و بەیعەت دانی هاوەڵان پێی، كە لە پێشیانەوە عەلی كوڕی ئەبوطالب بوو كە دووجار بەیعەتی پێداوە، ئەو چارەسەرە ڕێڕونیەم باسكردوە كە خوای گەورە یارمەتی خەلیفەی راشدی ئەبوبەكری صدیقی دارضي الله عنه بۆ گەورەترین ئەو گرفتانەی كە ڕوبەڕووی بویەوە" گرفتی سوپای ئوسامە و گرفتی هەڵگەڕاوەو زەكات نەدەرەكان.

ئەبوبەکر شەهید نەبوو

پاشان دیمەنی نەخۆشکەوتن و سەرەمەگ و مردن و پاش ئەوە نوێژ لەسەر کردن و ئەسپەردەکردنیم باس کردوە.

پشتیشم بەو وتەی هەندێ لە مێژوونوسان نەبەستووە کە دەڵێن ئەبوبەکرﷺ بە ژەهر مردوە، لەکاتێکدا دوژمنانی ئیسلام ژەهریان کردبێتە خواردنەکەیەوە، بەمەش بە شەهیدی دادەنێن، هەمان ئەو قسەیەم کردووە کە زۆربەی مێژوونوسان دەیڵێن کە وەفاتی ئەو مردنێکی ئاسایی بووە بە کۆتا هاتنی ئەجەلی.

لەگەڵ ئەوەی ئەبوبەکر شەهید نەبووە، بەڵام ناونیشانی کتێبەکە (خەلیفەکانی راشدین لە نێوان جێنشین بون و شەهیدبوندا) بەپێی زۆرینە و زاڵیە، هەروەك زانایانی زمان دەیڵێن، چونکە سێ لەچوار خەلیفەکان شەهیدبون!!

سێیەم: جێنشینی و شەهیدبونی عومەر

تروسکی سێیەم: (عومەری کوڕی خەتتاب، لەنێوان جێنشینی و شەهیدبوندا). درێژەی بەیعەت پێدانەکەی و گرنگترین کارەکانیم لە سەردەمی خەلافەتەکەیدا باس کردووە، پاشان هەڵوێستەیەکی دوورودرێژم کردووە لە بەرامبەر پیلانی تیرۆرکردنی، کە خۆشی هەستی پێکردبوو. دەشیزانی پاش کوژرانی ئوممەتەکەی تووشی فیتنە دەبن. پاشان بەردەوام بووم لە پیشاندانی درێژەی پیلانەکە، کە سێکوچکەی قین لەدڵی (یەهودی -نەصرانی- مەجوسی) چنیبووی و چەند وێنە و دیمەنێکی جێبەجێکردنی پیلانەکەم لەسەر دەستی (ئەبو لؤلؤەی مەجوسی) پیشانداوە.

دوای ئەوە خستنەڕووی دیمەنی عومەرﷺ، لەسەرەمەرگ و پاش ئەوە شەهیدبونی و ئەو وەسێتانەی پێش مردنی کردوویەتی..

چوارەم: جێنشینی و شەهیدبونی عوسمان

تروسکی چوارەم: (عوسمانی کوڕی عەففان، لەنێوان جێنشین بون و شەهیدبوندا) درێژەی دیمەنی راوێژکردنەکەی (عبدالرحمن بن عوف)مﷺ باسکردووە کە بوە مایەی بەیعەتدان بە عوسمان.

لەسەرخۆیی پیشاندانی زنجیرەی فیتنە و ڕۆڵی سەبەئیەکان

سوور بووم لەسەر هێواشی و لەسەرەخۆیی پیشاندانی ڕووداوەکانی فیتنەکە، کە پاش شەش ساڵی خەلافەتی عوسمان دەستی پێکرد، هەر لە یەکەمەوە و دیمەن دیمەن، دەستم کردووە بە پیشاندانی زنجیرەی ڕوداوەکان، سەرەتا لەکاتی سەرهەڵدانیەوە لە کوفە و بەصرە، پاشان سوود لێوەرگرتنی لەلایەن جولەکە قین لەدڵەکان و برەوپێدانی لەلایەن شەیتانی جولەکە (عبداللە کوڕی سبأ)ەوە، کە تاوانکار و دز و دەسەڵات ویستە موسڵمانەکانی خستەگەڕ و توانی بەخراپ سود لە موسڵمانە دەشتەکیە سادە و نەفامەکان وەرگرێ، پشتی بەهەموو ئەمانە بەست بۆ تێکدان و هەژاندنی کاروباری موسڵمانان و کوشتنی خەلیفەکەیان.

شوێن هەنگاوەکانی (ڕێکخستنی سەبەئی)ولق و پۆپە کاراکانی لە میسر و کوفە و بەصرە و، گرنگترین شوێنکەوتوان و هاوکارانیان لەو شوێنانە کەوتووم، کە (عبداللە بن سبأ) دایمەزراند.

هەروەك نەخشەی ئەو (سەبەئی)یانەم لە بڵاوکردنەوەی پڕوپاگەندە دژ بە عوسمان و والیەکانی و خزان بەرەو مەدینەی منەوەرەو پاشان داگیرکردنی بۆ ماوەی چل ڕۆژ خستوەتە ڕوو.

بە درێژایی ڕوداوەکانی مەدینەم لە ڕۆژانی دوایین گەمارۆدا خستوەتە ڕوو و سوور بووم لەسەر باسکردنی درێژەی وردەکاریەکانی دروست و صەحیحی ڕۆژانی دوایی تەمەنی عوسمانﷺ و پەلەکردنی سەبەئیەکان بۆ هێرش و هەڵکوتانە سەر ماڵەکەی و پاشان هەستان بە تاوانی تیرۆر و کوشتنی، پاشان دیمەنی نوێژ و سپاردنیم تۆمار کردووە.

پێنجەم: جێنشین بون و شەهیدبونی عەلی

ترووسکی پێنجەم: (عەلی کوڕی ئەبوطالب، لەنێوان جێنشین بون و شەهیدبوندا)

هەر لەکاتی شەهیدبونی عوسمانەوە لایەکی دەزووەکەم چنیوەتەوەو دیمەنی هەڵبژاردنی (عەلی کوڕی ئەبوطالب)م خستوەتە ڕوو، لەگەڵ گرنگترین ئەو ئەمسەر و ئەوسەر و ڕاوێژەی کە (سەبەئیەکان) پێی هەستان لەگەڵ هاوەڵە دیارەکان، پاشان هانا و هاواربردنی هاوەڵان بۆ عەلی بۆ

ئەوەی رازی بێت بە خەلیفەیەتی و ئوممەت رزگار بکا و هەستانی عەلی بەم بەرپرسیارێتییە و بە لەخۆبوردەیی و فیداکارییەوە، لەگەڵ ئەوەی زانیاری هەبوو بە سەرەنجام و بەرەنجامەکانی.

جیاوازیی هاوەڵان لە هەڵوێست وەرگرتن بەرامبەر عەلی

چەندەها دیمەنم پێشکەش کردوە لە دەرچوونی هەندێ لە هاوەڵانی وەك (طەڵحە)و(زوبەیر)و(عائیشە)وگوێڕایەڵ نەبونی هەندێ هاوەڵی تر بۆی وەك (معاویە)و(عەمری کوڕی عاص)ودوورەپەرێزی هەندێ لە هاوەڵان لە فیتنە وەك (سەعیدی کوڕی زەید)و(سەعدی کوڕی ئەبو وەقاص)وبانگەشەکردنی هەندێ لە هاوەڵان بۆ شەڕنەکردن وەك (ئەبو موسای ئەشعەری)و(عیمرانی کوڕی حەصین)وسەرسوڕمانی هەندێ لە هاوەڵان وەك (قەعقاعی کوڕی عەمری تەمیمی)وئازایەتی نواندنی هەندێ لە هاوەڵان لە پشتگیریکردنی عەلی وەك (عەماری کوڕی یاسر)و(عبداللەی کوڕی عەباس) خوا لە هەموویان رازی بێت.

سەبەئیەکان لە سەردەمی عەلی دا

زۆر سوور بوم لەسەر بەدواداچون و پێشچاوخستنی هەنگاو و هەوڵی سەبەئیەکانی نێو سوپاکەی عەلی لە بڵاوکردنەوەی پەرتەوازەیی و فیتنە لەنێوان موسڵماناندا و لەباربردنی هەوڵەکانی صوڵحدا، هەروەك لە پێش جەنگی (الجمل)دا پێی هەستان، هەر لێرەدا ڕۆڵی ئەو سەبەئیانەم تۆمار کردوە لە چەندانەکردنی گرفتەکانی عەلی و لاوازکردنی هەڵوێستی ئەو لە بەرامبەر ئەوانی ترەوە لەبەر بونیان لەنێو سوپاکەیدا، لەو بارەیەشەوە دیدو بۆچونم خستوەتە روو.

کورتەی ڕووداو و جەنگەکانی سەردەمی عەلی

بەدواداچوونی هەنگاوەکانی تیاچوونی ئەم (ڕێکخستنە سەبەئی)یەم کردوە لە بەصرە پێش و پاش جەنگی جەمەل، پاشان لەناوبردنی ئەم ڕێکخستنە دوژمنکارە لە جەنگی (صفین)، وەك کوشتنی (الاشتر النخعی) لە ڕێگەیدا بۆ میسر و کوشتنی (حرقوص کوڕی زهیر) لەگەڵ خەواریجدا.!!

کورتەو پوختەی ڕووداوەکانی بەصرەو جەنگی (جمل)وشەهیدبونی (طەڵحەی کوڕی عبیداللە)و(زوبەیری کوڕی عەوام)یشم خستوەتە روو.

پوختەی ڕووداوەکانی جەنگی (صفین)وئەو ئەنجامەی لێی کەوتەوە لە

بانگەشەکردن بۆ داوەری(تحکیم)م پێشکەش کردووەو بەدوای کۆبونەوەو ڕێکەوتنەکانی هەردوو ناوبژیکار (ئەبو موسا)و(ئیبن عاص) کەوتوم لە (أذرُح)دا کە پاشانیش ئوممەت جێبەجێی نەکردن.

کێروگرفتی عەلی لەگەڵ خەواریج

لەگەڵ عەلی داﷺ، لە دوایین و ترسناکترین گرفتی لەگەڵ خەواریجدا هەڵوەستەم کردووە، بە کورتی لەسەر پەرەسەندنی خێرای گرفتەکانیان دواوم هەر لەکاتی دەرچوونیان لەژێر ڕکێفی عەلی لەماوەی جەنگی (صفین)دا، پاشان بەکافر دانانی لەپێش چونە کوفەی لەبەر پەسەندکردنی داوەرییەکە و پاش ئەوە جیابونەوەیان لێی و سەرەنجام کوشتنی زۆربەیان لە جەنگی (نهروان)دا.

لە دواییدا دیمەنی ئەو پیلانە دەرەکیەم خستوەتە ڕوو کە (عبدالرحمن کوڕی مولجم) ئامادەی کرد و سەرەنجام سەرکەوتوو بوو لە لێدانی گورزێکی کوشندە لە عەلی بە شمشێر.

لەگەڵ دواساتەکانی (عەلی)شدا ژیاوم، کە بەشەهیدبونی کۆتایی هات. پاشان وێنەی نوێژ لەسەر کردن و سپاردنیم خستوەتە ڕوو.

جێنشین بونی حەسەن و دابەزینی بۆ موعاویە لە ساڵی الجماعەدا

پێشم خۆشبوو کۆتایی ئەم تروسکە بە باسکردنی پوختەیەکی کورتی خەلافەتی (حسن)ی کوڕیﷺ، بهێنم و ئەو هۆکارانەش باس بکەم کە وای لێکرد صوڵح لەگەڵ (معاویە)دا بکا و لە خەلافەت دابەزێ و، باسێکی پێشبینیەکەی پێغەمبەریشﷺ لەو مەسەلەیەدا بکەم.

دوا وێنە و بڕگەیەکیش لەو دیمەن و وێنە و بڕگانە بەیعەت پێدانی معاویەی کوڕی ئەبوسوفیانەﷺ، تا ماوەی خەلافەتی راشدین بەو کۆتایی پێ بێ و سەرەتای ماوەی پاشایەتی دەست پێ بکا، ئەوەش لە ساڵی کۆمەڵ (الجماعة)دا بوو!!

سوپاس بۆ خوای جیهانیان لەسەر فەزڵ و پشتیوانی و یارمەتیدانی...

ترۆسکی یەکەم

نەخۆشی و کۆچی دوایی پێغەمبەر

پاش حەجی ماڵئاوایی

پێغەمبەری خوا تەنها حەجێکی کردووە، ئەوەش (حەجی ماڵئاوایی)یە کە لە ساڵی دەی کۆچیدا بوو.

پێغەمبەر لەکۆتایی مانگی (ذي الحجة)ی ساڵی دەی کۆچیدا گەڕایەوە مەدینەو پاشماوەی (ذي الحجة)ومحرم و صفری ساڵی یانزەی کۆچی لە مەدینەدا بەسەر برد.

پێغەمبەر سوپای ئوسامە پێك دەمێنێ و گومان لەسەر ئەمیرایەتیەکەی لادەبات

لە مانگی صەفەری ساڵی یانزەی کۆچی پێغەمبەر سوپایەکی لە موسڵمانە تێکۆشەرەکان نارد و (ئوسامەی کوڕی زیدﷺ)ی کردە ئەمیریان. فەرمانی دا بە ئوسامە کە ڕوەو شام بڕوا و لەگەڵ ڕۆم و هاوکارەکانی لە عەرەبە غەسسانیەکانی (البلقاء) بجەنگێ و، تۆڵەی باوکیشی (زەیدی کوڕی حاریثەﷺ) ، بکاتەوە، کە لە جەنگی موئتەدا شەهید بووبوو.

لە سوپای ئوسامەدا کۆمەڵێك لەگەورەپیاوانی کۆچەران و پشتیوانان(المهاجرين والانصار)ی تێدابوو، لەوانە (عومەری کوڕی خەتتابﷺ).

وەك ئەوەی هەندێکیان لە ئەمیرایەتی (ئوسامەی کوڕی زەیدﷺ) ، قسەیان کردبێ، کە ئەو لاوێکی منداڵی کەم تەمەنە، پێغەمبەر فەرمووی: ئەگەر تانە لە ئەمیرایەتیەکەی بدەن، ئەوا پێشتریش تانەتان لە ئەمیرایەتیەکەی باوکیشی داوە، سوێند بێ بەخوا ئەو شیاو و گونجاو بوو بۆ ئەمیرایەتی و، لە خۆشەویستترینی خەڵك بوو لای من، بەڕاستی ئوسامەی کوڕیشی لە خۆشەویسترین کەسە لای من.[1]

سوپا بەهۆی نەخۆشی کتوپڕی پێغەمبەرەوە چاوەڕێ دەکا

سوپای ئوسامە دوا نێرراوێك بوو کە پەیامبەری خوا بەڕێی خستبوو، بەهۆی نەخۆشکەوتنی پێغەمبەری خوا لەناوچەی (الجُرف)ی نزیك مەدینە مۆڵی دابوو، چاوەڕێی چارەنوسی پێغەمبەری خوا بون، لە بارو گونجاو

١ـ البداية والنهاية لأبن كثير ٥: ٢٢٣-٢٢٤.

نەبوو پێغەمبەر نەخۆش بێ و سوپا مەدینە بەجێ بهێڵێ.[١]

نەخۆشیەکەی پێغەمبەری خوا لە ڕۆژانی دوایی مانگی (صفر)ی ساڵی یانزەی کۆچیدا دەستی پێکرد.

پێش دوو هەفتە لە وەفاتی، پێغەمبەر سەردانی بەقیع دەکات

لە یەکی مانگی (ربیع الاول)، پێش نزیکەی دوو هەفتە لە وەفاتی پەیامبەری خوا هەستا بە سەردانی گۆڕستانی (بقیع الغرقد) کە تیایدا هاوەڵان خوایان لێ ڕازی بێت، نێژرابون، داوای لێخۆشبونی بۆ هاوەڵانی مردوو کرد و بۆیان پاڕایەوە.

سەردانەکەی بۆ (بقیع) لە نیوەی شەودا بوو، کاتێك کە ڕۆژ بوویەوە سەرەتای نەخۆشیەکەی دەستی پێکرد.[٢]

زوهری لە (عبداللّهی کوڕی عوقبەی کوڕی مەسعود)ەوە دەگێڕێتەوە لە عائیشەوە خوای لێی ڕازی بێت، کە گوتویەتی:

پەیامبەری خوا لە بقیع گەڕایەوە بینیمی من ژانەسەرم هەیە، دەموت: ئای سەرم، فەرمووی: بەخوا عائیشە بەڵکە من سەرم دێشێ، پاشان پێی وتم: عائیشە! چ زیانێك دەکەی گەر لەپێش مندا بمری، کاروبارت بەڕێوەبەرم و بێمە سەرت، کفنت کەم و نوێژت لەسەرکەم و بتشارمەوە!!

وتم: بەخوا ئەزانم ئەگەر وابوایە دەگەڕایتەوە بۆ خانوەکەم و بوکێنی هەندێ لە خێزانەکانت دەکرد..

پەیامبەری خواش پێکەنی.

پەیامبەر لەکاتی نەخۆشیەکەیدا لەماڵی عائیشە مایەوە

پاشان نەخۆشیەکە لەسەر پێغەمبەری خوا توند بوو، ئەو هەر بەسەر خێزانەکانیدا دەگەڕا، لەکاتێکدا لەماڵی (میمونە)دا بوو، خوای لێ‌ڕازی بێت، کە نەخۆشیەکەی زۆر زیادی کرد.[٣]

پێغەمبەری خوا لەو نەخۆشیەی تیایدا مرد دەیپرسی و دەیوت: من سبەی لە کوێم؟ من سبەی لە کوێم، مەبەستی ئەوەبوو لە ماڵی چ

١ ـ البداية والنهاية لأبن كثير ٥: ٢٢٣-٢٢٤.

٢ـ البداية والنهاية لأبن كثير ٥: ٢٢٣-٢٢٤.

٣ ـ البداية والنهاية لأبن كثير ٥: ٢٢٣-٢٢٤.

خێزانێکیدایە، چونکە هەر خێزانێکی بەشە شەوی خۆی هەبوو.

عائیشە، خوای لێ‌ڕازی بێت، وتویەتی: پەیامبەری خوا داوای مۆڵەتی لەخێزانەکانی کرد تا لەماڵی مندا بە نەخۆشی بمێنێتەوە، ئەوانیش مۆڵەتیان دا.

پەیامبەری خوا لە ماڵی (میمونە)وە بە نەخۆشی چوو بۆ ماڵی عائیشەو بەسەر بەستراوی لەنێوان دوو پیاودا بوو، یەکێکیان عەباسی مامی بوو، ئەویتریان عەلی کوڕی ئەبوطالب بوو، بەهۆی نەخۆشیەکەیەوە پێیەکانی لە زەوی دەخشان!!

لەماڵی عائیشەدا مایەوە تا کۆچی دوایی کرد.[١]

(عروەی کوڕی زوبەیر) لە عائیشەی پوریەوە(خوشکی دایکی) دەگێڕێتەوە کە گوتویەتی: پێغەمبەری خوا کاتێ شوێنێکی بئێشایە (قل اعوذ)ەکانی دەخوێند و فووی بەخۆیدا دەکرد و دەستی بە لاشەیدا دەهێنا.

بەڵام کاتێ ئەو ئێش و ئازارەی کە تیایدا وەفاتی کرد، من لەگەڵ (قل اعوذ)ەکاندا فووم پێدا دەکرد و دەستی خۆیم بە گیانیدا دەهێنا.

پێغەمبەر سکاڵای ئەو ژەهرەی کرد کە لە خەیبەردا لەخواردن بۆی دانرابوو

هەروەها عەروە لە عائیشە دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا لە نەخۆشی مەرگیدا دەیفەرموو: عائیشە! ئێستاش هەست بە ئازاری ئەو خواردنە دەکەم کە لە خەیبەردا خواردم، ئەمە کاتی بڕینی دەماری ملمە لەو ژەهرە.

پێغەمبەر ئاماژەی دەکرد بەو ژنە جولەکەیەی لە ڕۆژی خەیبەردا گۆشتی دەستێکی حەیوانی ژەهراوی خستە بەردەم پێغەمبەری خوا، ئەویش کاتێ تیکەیەکی لێ هەڵگرت و جوی، پاشان تفانی و فڕێی دا، فەرمووی: ئەم دەستە هەواڵم پێ‌دەدا کە ژەهراویە.. کاتێك (بەشیر کوڕی براء) لەو دەستە ژەهراویەی خوارد بەهۆیەوە گیانی لەدەست دا.

پێغەمبەری خواش پرسیاری لە ژنە یەهودیەکە کرد: چی وای لێکری ئەم کارە بکەی؟ وتی: ئەگەر تۆ پێغەمبەر بی، زیانت پێ ناگەیەنێت،

١ـ البداية والنهاية لأبن كثير ٥: ٢٢٣-٢٢٥.

چونکە خوا هەواڵی ژەهراوی بونیت پێ دەدا، خۆ ئەگەر درۆزنیش بی بە ژەهرەکە دەمری و لە دەستت رزگارمان دەبێ!

جا کاریگەری ئەو ژەهرە لەسەر پێغەمبەر دووبارە دەبویەوە.

ئیبن مەسعود ڕای وابوو کە پێغەمبەر شەهید بووە

عبدالله‌ی کوڕی مەسعودیش وای دەبینێ کە پێغەمبەری خوا لەژێر کاریگەری ئەو دەستە ژەهراوییەی ژنە جولەکەکەدا مردووە، لەبەر ئەوە شەهیدە.

ئیبن مەسعود وتویەتی: (ئەگەر نۆ جار سوێند بخۆم پێغەمبەری خوا بە کوشتن کوژراوە، پێم خۆشترە لەوەی یەك جار سوێند بخۆم کە نەکوژراوە، ئەمەش لەبەر ئەوەی خوای گەورە کردویەتیبە پێغەمبەر و بە شەهید!!)[1]

هۆی گریانی فاتیمە و پاشان پێکەنینی بە قسەی پێغەمبەری خوا

(مسروق) لە (عائیشە)وە دەگێڕێتەوە کە گوتویەتی: (کاتێ کە پێغەمبەری خوا لە ماڵەکەمدا نەخۆش کەوت، هەموو خێزانەکانی لێی کۆبونەوە، هیچ یەکێکیان دوا نەکەوت.

کاتێ کە ئەوان کۆ ببونەوە فاتیمەی کچی، خوای لێ‌ڕازی بێت، بە ڕۆیشتن هات، ڕۆشتنەکەی وەك ڕۆشتنەکەی باوکی بوو.

پێغەمبەر پێی فەرموو: بەخێرهاتی کچم، جا لەلای ڕاستیەوە دای‌نا، پاشان شتێکی بەنهێنی پێوت گریا، پاشان بەنهێنی شتێکی تری پێوت پێکەنی!!

کاتێ فاتیمە لەلای باوکی هەستا، عائیشە، خوای لێ‌ڕازی‌بێ، دەربارەی ئەوەی پێغەمبەری خوا پێی فەرمووە و جارێك گریانی و جارێك بەپێکەنینی هێنا، لێی پرسی! ئەویش وا وەڵامی داوەتەوە کە من نهێنی پێغەمبەری خوا ئاشکرا ناکەم!!

جا کاتێ پێغەمبەری خوا وەفاتی کرد، عائیشە بە فاتیمەی وت، خوا لێیان ڕازی بێت: داوات لێ دەکەم بەو مافەی کە من هەمە لەسەرت، هەواڵم بدەیتێ بەوەی کەپێغەمبەری خوا بە نهێنی چی پێ وتیت؟

فاتیمە گوتی: ئێستاکە بەڵێ دەیڵێم!!

---

[1] ـ البداية والنهاية لأبن كثير ٥: ٢٢٥-٢٢٧.

چپاندنی یەکەم پێی وتم: لەڕاستیدا جبریل هەموو ساڵێك یەك جار قورئانی بەسەردا دەخوێندمەوە، بەڵام ئەمساڵ دووجار، واش دەبینم، ئەمە نیشانەی نزیکبونەوەی ئەجەلم بێت، دەی تەقوای خوات هەبێت و خۆڕاگر بە، چونکە من باشترین پێشینێك بووم بۆت.. منیش گریام!!

لە چپاندنی دووەم پێی وتم: ڕازی نابیت ببیتە سەرورەی هەموو ئافرەتانی جیهان و ببی بە یەکەم کەس لە خاووخێزانم کە پێم دەگەی! منیش پێکەنیم!

فاتیمە خوای لێ ڕازی بێت، پاش شەش مانگ لە وەفاتی باوکی کۆچی دوایی کرد و بەم شێوەیە بەکردەوە یەکەم کەسی خانەوادەی پەیامبەر بوو لە پێگەیشتنیدا و ڕاستی فەرموودەکەی پێغەمبەری خواش بەدەر کەوت.[1]

ڕووداوەکانی پێنج ڕۆژی دوایی ژیانی پێغەمبەر

پێغەمبەری خوا ویستی نوسراوێك بنوسێ بۆ موسڵمانان تاوەکو ناکۆك نەبن، ئەوەش بە پێنج ڕۆژ پێش وەفاتی بوو، لە بەیانی پێنجشەممەی هەشتی (ربیع الاول)ی ساڵی یانزەی کۆچی.

بەیانی پێنجشەممەی هەشتی ربیع الاول

هەروەك زانراویشە پێغەمبەری خوا لە ڕۆژی دووشەممەی دوانزەی (ربیع الاول)دا کۆچی دوایی کردووە.

(زوهری) لە (عبیدالله‌ی کوڕی عبدالله‌ی کوڕی عوتبەی کوڕی مەسعود)ەوە لە (عبدالله‌ی کوڕی مەسعود)ەوە، کە گوتویەتی: (کۆمەڵێك پیاو لە ماڵەکەی پێغەمبەری خوا ئامادەبون، پەیامبەر پێی فەرموون: کۆببنەوەو بێن نوسراوێکتان بۆ بنوسم، تا لەدوای خۆم بە هیچ کلۆجێ سەرلێشێواو نەبن..

پەیامبەری خوا دەیویست نوسراوێك لەسەر ڕاسپاردن بە ئەبوبەکر بۆ موسڵمانان بنوسێ

هەندێکیان وتیان: لە ڕاستیدا پێغەمبەری خوا، ئازار زۆری بۆ هێناوەو، قورئانیش هەیە، کیتابی خوامان بەسە.

هەندێکیان وتیان: وەرن تا نوسراوێکتان بۆ بنوسێ.

لەلای پێغەمبەری خوادا جیاوازی و ناکۆکی و دەمەقاڵەیان لەنێواندا دروست بوو.

١ـ البداية والنهاية لأبن كثير ٥: ٢٢٦

پێغەمبەری خوا فەرمووی: هەستن و بڵاوەکەن، لەلای مندا ناکۆکی و دوبەرەکی دروست نیە!!

(ئیبن عەباس) ، دەیوت: بەداخەوە زۆر بەداخەوە، ئەوە بووە ڕێگر لەوەی پێغەمبەری خوا ئەو نوسراوەیان بۆ بنووسێ!!)

ئەو نوسراوەی کە دەیوست بینوسێ سپاردنی خەلافەت بوو بە ئەبوبەکر، بۆ ئەوەی موسڵمانان لەدوای وەفاتی خۆی جیاواز نەبن.

چونکە (عەباسی کوڕی عبدالمطلب)ی مامی، دەیویست کاروباری جێنشینی لە بەنی هاشمدا بێ!!

عەباس ئاماژە بە عەلی دەکا تا داوای خەلافەت لەپێغەمبەر بکا، بەڵام عەلی ڕەفزی دەکا

(عبدالله کوڕی کەعبی کوڕی مالیك) لە (عبداللەی کوڕی عەباس)ەوە، دەگێڕێتەوە کە گوتویەتی: (عەلی کوڕی ئەبوطالب لە خزمەتی پێغەمبەری خوا، لەو نەخۆشی و ئێش و ئازارەی پێیەوە وەفاتی کرد، هاتە دەرەوە، خەڵکی پێیان وت: باوکی حەسەن! پێغەمبەری خوا چۆنە؟

عەلی وتی: سوپاس بۆ خوا، باش بووە.

(عەباسی کوڕی عبدالمطلب) دەستی (عەلی کوڕی ئەبوطالب)ی گرت، پێی وت: بەخوا پاش چەند ڕۆژێك تۆ شوێنکەوتە دەبی!! بەخوا من وادەبینم پێغەمبەری خوا بەهۆی ئەم ئازار و نەخۆشیەوە وەفات دەکا! چونکە من ڕەنگی مردن لە ڕوخساری کوڕانی (عبدالمطلب) دەناسم!!

با بڕۆین بۆ لای پێغەمبەری خوا و پرسیاری لێ بکەین، ئەم ئێش و کارە بۆ کێ دەبێ؟ ئەگەر بۆ ئێمەیە با بزانین، خۆ ئەگەر لەدەستی کەسانی تردا بێ، ئەوا دەزانین، بەڵکو ئامۆژگاریمان بکا!!

عەلی پێی وت: بەخوا ئەگەر پرسیاری لێ بکەین و کاروباری بەدەستەوە نەداین، ئەوا لەدوای خۆی خەڵکی ئەم کارەمان پێ ناسپێرێ، بەخوا من ئەمە لە پێغەمبەری خوا ناپرسم).[1]

بەڵگەش لەسەر ئەوەی پێغەمبەری خوا دەیویست دەربارەی بە خەلیفەبونی ئەبوبەکر بنوسێ ئەوەیە کە (قاسمی کوڕی محمد) لە

---

[1] ـ البداية والنهاية لأبن كثير ٥: ٢٢٧-٢٢٨.

(عائیشە)وە دەگێڕێتەوە، کە وتویەتی: پێغەمبەری خوا فەرمووی: (وا هات بە دڵمدا بنێرم بەدوای ئەبوبەکردا و ڕای بسپێرم، بۆ ئەوەی قسەکەران هیچ نەڵێن و خوازیاران ئاواتی بۆ نەخوازن، گەر خوا و بڕواداران بەمە ڕازی بونایە).

پێغەمبەری خوا لە ڕۆژەکانی دوایی تەمەنیدا ئاماژەی بۆ ئەبوبەکر دەکرد، وەك ئەوەی بە موسڵمانان بڵێت ئەم ئەرکە لەدوای خۆی بۆ ئەبوبەکر دەبێ.

لە ئاشکراترین ئەوەی لەم بارەیەوە هاتبێ ئەوەیە کە (جوبەیری کوڕی موطعیم) ، دەیگێڕێتەوە، دەڵێ: ((ئافرەتێك هاتە خزمەت پێغەمبەری خوا، فەرمانی پێکرد کە دواتر سەری لێ بداتەوە، ئافرەتەکە پێی وت: ئەدی ئەگەر هاتم و تۆم نەبینی؟ مەبەستی وەفاتی بوو، پێی فەرموو: ئەگەر منت نەبینی بچۆ بۆ لای ئەبوبەکر!!))

لە ڕۆژی پێنجشەممەی هەشتی (ربیع الاول)دا، پێنج ڕۆژ پێش وەفاتی، پێغەمبەر لەماڵی عائیشەوە دەرچوو بەرەو مزگەوت و وتارێکی کاریگەری دا، کە دوا وتاری بوو بۆ مسوڵمانان.

ئەم وتارە لەجێ و جێگری ئەو نوسراوە بوو کە دەیویست بۆ موسڵمانانی بنوسێ و خەلافەتی تیا بە ئەبوبەکر بسپێرێ.

هەندێك لە هاوەڵان ئەم وتارەیان گێڕاوەتەوە، لەوانە (ئەبوسەعیدی خودری)و (عبداللەی کوڕی عەباس)و (ئوم سەلەمە)و (عائیشە).

(عبیداللەی کوڕی عبداللەی کوڕی عوتبەی کوڕی مەسعود)لە (عائیشە)، ڕەزای خوای لێ بێ، دەگێڕێتەوە کە گوتویەتی: پێغەمبەری خوا پێش کۆچی دوایی بە پێنج ڕۆژ فەرموی: لە حەوت کوندە، کە دەمەکانیان نەکرابێتەوە، ئاو بکەن بەسەرمدا، تا بچم بۆ لای خەڵکی و سپاردەی خۆمیان پێ بڵێم.. ئێمەش بەگورجی ئاومان لەو کوندانە دەکرد بەسەریا، تاوەکو بەدەستی ئاماژەی پێدانین کە داواکاریەکەیمان جێبەجێ کرد!

(ئوم سەلەمە) ـ خوای لێ ڕازی بێت ـ ، دەڵێ: پێغەمبەری خوا بە

سەرپێچراوی دەرچوو، جا کاتێ چووە سەر دوانگەکە، خەڵکی چاویان بڕیە دوانگەکە و گوێیان لە وتارەکەی دەگرت.

هەندێك لەوانەی پێغەمبەر لەو وتارەدا فەرموی

لەم وتارەیدا پێغەمبەری خوا فەزڵی ئەبوبەکری صدیقی بەسەر هاوەڵاندا ڕونکردەوە، کە ئەمەش ئاماژەیەك بوو بۆیان کە دوای پێغەمبەر لەسەر ئەو کاروبارە ناکۆك نەبن!!

(ئەبوسەعیدی خودری) ، گوتویەتی: پێغەمبەری خوا لە وتارەکەیدا فەرمووی:

((بەڕاستی خوا بەندەیەکی سەرپشك کرد لەنێوان دنیا و ئەوەی لای خۆی هەیە، ئەو بەندەیەش ئەوەی لای خوای هەڵبژارد!!)

لەنێوان خەڵکیدا (ئەبوبەکر) تێگەیشت، بۆیە گریا و بە پەیامبەری وت: لەجێی باوك و دایکمی ئەی پێغەمبەری خوا، باوك و دایك و خۆمان و ماڵمان فیدات بێت!!

(ئەبوسەعیدی خودری) ، دەڵێ: سەرمان سوڕما لە گریانی ئەبوبەکر، بەڵام پێغەمبەر سەرپشك کرابوو، ئەبوبەکریش لەئێمە شارەزاو زاناتر بوو پێی!!

ئاماژەی پێغەمبەر بۆ فەزڵی ئەبوبەکر

لەو شتانەی لەبارەی فەزڵی ئەبوبەکری صدیقەوە لەو وتارەدا فەرمووی: ئەمیندارترین کەسێك لای من لە هاوەڵی و سەروەت و سامانیدا ئەبوبەکرە، ئەگەر جگە لەخوا کەسێکی ترم بەزۆرخۆشەویست(خلیل) دابنایە، ئەوا ئەبوبەکرم دەکردە ئەو زۆرخۆشەویستە، بەڵام زۆرخۆشەویستی و مەوەددەت بۆ ئیسلامە.

پەروەردگارم منی کردووە بە زۆرخۆشەویست و خەلیلی خۆی، هەروەك ئیبراهیمیشی کردبوو بە خەلیلی خۆی.

پاشان فەرمووی: هەموو دەرگاکانی ناومزگەوت دادەخرێن، تەنها دەرگای ئەبوبەکر نەبێ.!!))

ئەمەش لەبەر ئەوەی هەندێ لە هاوەڵان دەرگایان خستبوە سەر مزگەوت و لێیەوە دەچونە ناو مزگەوتەوە، پێغەمبەری خوا فەرمانی کرد بە داخستن و گرتنی سەرجەم ئەو دەرگایانە، جگە لە دەرگای ئەبوبەکری

صدیق نەبێ کە فەرمانی کرد بە کراوەیی بهێڵرێتەوە.

زانایان ئەم جیاکردنەوەیەی ئەبوبەکرﷺ، بە ئاماژەیەکی پێغەمبەر بۆ موسڵمانان دادەنێن تا بیکەن بە خەلیفەی خۆیان، وەك ئەوەی خەلیفەیەتی ئەو دەرگایە بێ کە ئەبوبەکری صدیق لێوەی دەردەچێ بۆ ئەوەی نوێژ بە موسڵمانان بکات.

لەو شتانەی پێغەمبەری خوا لەو وتارەدا ئەنجامی دا: ئامۆژگاری کردنی موسڵمانان بوو بە چاکەکردن لەگەڵ پشتیوانان(الانصار)دا و داوای لێخۆشبونی بۆ شەهیدانی ئوحود کرد و، ڕێگری کرد لەوەی گۆڕ بکرێت بە مزگەوت، ئەوەش لە فەرمودەیەیدا کە دەفەرموێ: ((نەتەوەیەك لەوانەی پێش ئێوەدا بون، گۆڕی پێغەمبەران و پیاوچاکانیان دەکردە مزگەوت، جا ئێوە گۆڕەکان نەکەن بە مزگەوت، من قەدەغەی ئەوەتان لێ دەکەم))!

پاش ئەوەی پێغەمبەری خوا لە وتارەکەی بویەوە، گەڕاندیانەوە بۆ ماڵی عائیشە، ئنجا ئازار زۆری بۆ هێنا و نەخۆشیەکەی قورستر بوو.[1]

جا کاتێ لە پێنجشەممەی ناوبراودا ئازارەکەی پێغەمبەری خوا توندتر بوو، نەیتوانی نوێژ بە موسڵمانان بکات، بۆیە فەرمانی دا کە یەکێ نوێژیان پێ بکات.

پێغەمبەر لە ڕۆژی پێنجشەممەدا ناتوانێت بە ئیمامەت نوێژیان بۆ بکات

(عبیداللەی کوڕی عبداللەی کوڕی عوتبەی کوڕی مەسعود) لە (عبداللەی کوڕی زومعەی کوڕی ئەسوەدﷺ) ، دەگێڕێتەوە کە گوتویەتی: (کاتێ نەخۆشیەکەی پێغەمبەری خوا توندتر بوو، من و چەند کەسێ لە موسڵمانان لە خزمەتیا بووین، بیلالی کوڕی ڕەباحﷺ، بانگی نوێژی دا، فەرمووی: بە یەکێ بڵێن نوێژ بە خەڵکی بکا! (ئیبن زومعە) دەڵێ: دەرچووم بینیم وا عومەر لەگەڵ خەڵکیدایەو ئەبوبەکر دیارنیە.

پێغەمبەر ئیمامەتی عومەر ڕەتدەکاتەوەو داوای ئەبوبەکر دەکات داوای‌ئەبوبەکر دەکات

وتم: عومەر! هەستە نوێژ بە خەڵکی بکە..

جا کاتێ عومەر هەستا بۆ نوێژکردن، پێغەمبەری خوا گوێبیستی دەنگەکەی بوو، عومەر دەنگێکی گڕو گەورەی هەبووە، پێغەمبەر تورە بوو،

---

[1] ـ البداية والنهاية لأبن كثير ٥: ٢٢٨-٢٣١.

فەرمووی: ئەبوبەکر لەکوێیە؟! خواو موسڵمانان ئەو کارەیان ناوێ، خواو موسڵمانان ئەو کارەیان ناوێ.

بۆیە ناردیان بەشوێن ئەبوبەکرداﷺ، ئەویش هات و پێشنوێژی بۆ موسڵمانان کرد!

پاشان عومەر بە (ئیبن زومعە)ی وت: ماڵت خراپ نەبێ، ئەوە چیت کرد؟ بەخوا وا گومانم برد کاتێ کە فەرمانت پێکردم ئەوە بە فەرمانی پێغەمبەری خوا بووە، گەر ئەوە نەبوایە پێشنوێژیم نەدەکرد..

(عبداللەی کوڕی زومعە)وتی: بەخوا پێغەمبەری خوا فەرمانی پێنەکردم، بەڵام کاتێ ئەبوبەکرم نەبینی، تۆم لە هەموو ئامادەبوان بەشیاوتر زانی!!

پێغەمبەر فەرمان دەکا بە ئیمامەتکردنی ئەبوبەکر و وەڵامی عائیشە دەداتەوە

پاشان پێغەمبەری خوا فەرمانی کرد ئەبوبەکر نوێژ بە خەڵکی بکا.

(عبیداللەی کوڕی عبداللەی کوڕی عوتبەی کوڕی مەسعود) لە (عائیشە)وە دەگێڕێتەوە کە گوتویەتی: (کاتێ پێغەمبەری خوا نەخۆشی مردنی تووش هات، فەرمووی: بچن بە ئەبوبەکر بڵێن نوێژ بە خەڵکی بکا!

وتم: ئەی پێغەمبەری خوا، بەراستی ئەبوبەکر پیاوێکی دڵناسکی حەزینە، کاتێ قورئان بخوێنێ خۆی پێناگیرێ و دەگرێ، جا گەر لەجێی تۆ نوێژ بکا ناتوانێ نوێژ بە خەڵکی بکا، ئەی پێغەمبەری خوا! ئەگەر فەرمان کەی بە کەسێکی تر تا نوێژ بە خەڵکی بکا!

عائیشە وتی: بەخوا ئەوەی وای لێکردم ئەوە بڵێم ئەوەبوو دەترسام خەڵکی ڕەشبین بن بەرامبەر بە ئەبوبەکر، چونکە دەمزانی هەرکەسێ شوێنی پێغەمبەری خوا بگرێ خەڵکی ڕەشبین دەبن بەرامبەری، پێم خۆش بوو پێغەمبەری خوا ئەبوبەکر بگۆڕێ بە یەکێکی دی!!

دەڵێ: دوو سێ جار دووبارەم کردەوە، بەڵکو تەکلیف لە غەیری ئەبوبەکر بکا، بەڵام فەرمووی: بە ئەبوبەکر بڵێن نوێژ بە خەڵکی بکا، بەراستی ئێوەش، وەك ئافرەتەکانی دەوری یوسفن).[1]

١ـ البداية والنهاية لأبن كثير ٥: ٢٣١-٢٣٣.

نوانوێژێك پێغەمبەری خوا بە ئیمامەت نوێژی کرد پێنجشەممە بوو

عائیشە دەڵێ: لەو ڕۆژەوە ئەبوبەکر نوێژی بە خەڵکی دەکرد تا ئەو کاتەی پێغەمبەری خواﷺ دوای پێنج ڕۆژ گیانی سپارد.

دوا نوێژێکیش پێغەمبەری خواﷺ پێشنوێژی موسڵمانانی تیادا کرد، نوێژی نیوەڕۆ بوو، لەپێنجشەممەی هەشتی (ربیع الاول)دا.

(ئەسوەد) لە (عائیشە)وە دەگێڕێتەوە کاتێ کە پێغەمبەری خوا فەرمووی: بچن بە ئەبوبەکر بڵێن نوێژ بە خەڵکی بکات).

ئەبوبەکریش‌، دەرچوو نوێژیان پێ بکات، جا کاتێ قامەتی نوێژ کرا و ئەبوبەکر وەستا تا پێشنوێژیان بۆ بکات، پێغەمبەری خواﷺ هەستی بە لەش سوکیەك کرد، بۆیە بە پشت بەستن بە عەلی و عەباس‌، و لەنێوانیان هاتە دەرەوە، جا کاتێ ئەبوبەکر بینی، ویستی دوابکەوێ بۆ ئەوەی پێغەمبەری خواﷺ پێش بکەوێ و نوێژ بە خەڵکی بکا، پێغەمبەری خواﷺ ئاماژەی بۆ کرد کە لە شوێنی خۆت بمێنەوە.

پێغەمبەری خوایانﷺ لە تەنیشت ئەبوبەکرەوە دانیشاند و ئەبوبەکر لە لای ڕاستی پێغەمبەری خواوەﷺ وەستا!! پێشنوێژ پێغەمبەری خوابوو کە بە دانیشتنەوە نوێژی پێدەکردن، ئەبوبەکریش‌، بەپێوە بوو ئیقتدای بە پێغەمبەرﷺ دەکرد و خەڵکیش بە نوێژەکەی ئەبوبەکر نوێژیان دەکرد!!).

پاشان پێغەمبەرﷺ لە نیوەڕۆی ڕۆژی پێنجشەممەدا گەڕایەوە ماڵی عائیشە، لەوە بەدواوە لەبەر توندبونی نەخۆشیەکەی نوێژی بە خەڵك نەکرد.

پێغەمبەر سێ ڕۆژی تەواو لە خەڵکی دادەبڕێ

پێغەمبەرﷺ سێ ڕۆژی تەواو لە خەڵکی دابڕا، هەینی و شەممە و یەك شەممە، لەبەر زۆرهێنان و توندبونی نەخۆشیەکەی نەیتوانی دەرچێ بۆ لایان، یا نوێژیان لەگەڵدا بکا.

لە بەیانی ڕۆژی دووشەممەی دوانزەی (ربیع الاول)، قامەتی نوێژی بەیانی کرا و ئەبوبەکر بۆ نوێژکردن بە خەڵکی پێش کەوت، لەو کاتەدا پێغەمبەرﷺ پەردەی ژووره پیرۆزەکەی لادا و سەیری موسڵمانانی دەکرد و بزە دەیگرت...

(ئەنەسی کوڕی مالیك) ، کە خزمەتی پێغەمبەری ﷺ دەکرد، دەڵێ: پێغەمبەر ﷺ بەهۆی ئازارەکەیەوە سێ ڕۆژ دەرنەچوو بۆ لامان، لەو ماوەیەدا ئەبوبەکر نوێژی پێدەکردین.

پێغەمبەر لە بەرەبەیانی دووشەممە تەماشاکردنی ماڵئاوایی لە موسڵمانان دەکات

کاتێ کە بەیانی ڕۆژی دووشەممە داهات، قامەتی نوێژ کرا و ئەبوبەکر پێش کەوت بۆ ئەوەی نوێژمان پێبکا، لەو کاتەدا لە ریزی نوێژ دابەستنا بووین، پێغەمبەر ﷺ پەردەی ژوورەکەی لادا و سەیری ئێمەی دەکرد، کاتێ کە رووی پێغەمبەرمان ﷺ بینی، هیچ دیمەنێکی وا جوانمان نەبینیی وەك رووی ئەو، دەموچاوی وەك پەڕەی قورئان بوو، بزەو پێکەنین گرتبووی...

نزیك بوو لەخۆشی بینینی پێغەمبەر ﷺ بە فەتارەت بچین، ئەبوبەکر بەدوادا گەڕایەوە ریزەکە، وای گومان برد پێغەمبەر ﷺ دێتە ناومان و نوێژمان پێ دەکات، بەڵام پێغەمبەری خوا ﷺ ئاماژەی پێداین کە نوێژەکانتان تەواو بکەن!

پاشان پەردەکەی دادایەوەو موسڵمانان نوێژی بەیانیان کرد.

ئەمەش دواجارێك بوو موسڵمانان پێغەمبەری ﷺ تیادا بە زیندوویی ببینن و، بۆ دواجار ئەویش بۆیان بڕوانێ.

ئا بەو شێوازە، پێغەمبەری خوا ﷺ بەو روانینە سۆز بەخش و بزە خۆشەویستیەوە ماڵئاوایی لێکردن.

ئەبوبەکر وادەزانێ پێغەمبەر چاك بۆتەوەو دەچێت بۆ ناوچەی (سنح)

کاتێ ئەبوبەکر نوێژی بەیانی بە خەڵك کرد و ئەو روانین و بزەیەی پێغەمبەری خوای ﷺ بینی، چوو بۆ لای عائیشە، خوای لێ ڕازیبێت، پێی وت:

عائیشە! وا دەبینم پێغەمبەری خوا ئازارەکەی نەما و نەخۆشیەکەی لاچووە، ئەمڕۆ ڕۆژی (کچی خارجە)یە و دەچم بۆ لای.

(کچی خارجە) یەکێکە لە خێزانەکانی ئەبوبەکری صدیق و لە ناوچەی (سنح) دادەنیشێت، کە ناوچەیەکی کشتوکاڵی بوو دەکەوتە ڕۆژهەڵاتی مەدینەو لە دەوروبەری مەدینەدا بوو.

لەپاش بەیانی ڕۆژی دووشەممەی دوانزەی (ربیع الاول)، ئەبوبەکر

ئیبن مەسعود ئازار و تای پێغەمبەرمان بۆ دەگێڕێتەوە

سواری ماینەکەی بوو ڕوی کردە ماڵی خێزانەکەی لە ناوچەی (سنح)!![1]

(عبداللەی کوڕی مەسعودﷺ)، چووە خزمەت پێغەمبەری خواﷺ، (لەو کاتەدا هەستی بە ئازارێکی زۆر دەکرد بەهۆی ئەو تایەی تووشی هاتبوو).

(عبداللەی کوڕی مەسعود)وتویەتی: (چوومە خزمەتی پێغەمبەرﷺ لە کاتێکدا ئازاری زۆری هەبوو، دەستم لێدا و وتم: ئەی پێغەمبەری خوا، تۆ تا و ئازارێکی یەکجار قورست هەیە!

فەرمووی: بەڵێ، من هێندەی دووکەس لەئێوە ئازار و تا دەگرم!

وتم: بەڕاستی تۆ دوو پاداشتت بۆ هەیە؟

فەرموی: بەڵێ! سوێند بەوەی نەفسی منی بەدەستە، هیچ موسڵمانێك لە زەویدا نیە کە توشی ئازارێك ببێ لە نەخۆشی یا شتێکی دی، مەگەر خوا تاوانەکانی لەسەر دەسڕێتەوە، هەروەك چۆن گەڵا لە دار دەوەرێ!!)

عائیشە، خوای لێ ڕازی بێت، دەڵێ: هیچ کەسێکم نەبینیوە ئێش و ئازارەکەی ئەوەندەی ئازاری پێغەمبەری خواﷺ سەخت بووبێ..

ئوسامەی کوڕی زەید سەردانی پێغەمبەر دەکا

ئوسامەی کوڕی زەیدﷺ، لەناوچەی (جرف)دا سوپاکەی مۆڵ دابوو، کاتێ کە توندبونی نەخۆشیەکەی پێغەمبەری خوایﷺ بیست، لە بەیانی ڕۆژی دووشەممەدا هاتە خزمەتی پێغەمبەری خوا.

ئوسامە گوتی: (کاتێ پێغەمبەری خواﷺ باری گران بوو، دابەزیم بەرەو مەدینە و، خەڵکیش لەگەڵما دابەزین بۆ مەدینە، چومە خزمەتی پێغەمبەری خواﷺ، لەوکاتەدا کپ و بێدەنگ ببو بەهۆی توندی نەخۆشیەکەیەوە قسەی نەدەکرد، پێغەمبەری خوا دەستی کرد بە دەست بەرزکردنەوە بۆ ئاسمان، پاشان لە سەر دەم و چاوی دای دەنا، منیش زانیم ئەوە بۆ من دەپاڕێتەوە!)[2]

عائیشە دوا چرکەساتەکانی ژیانی پێغەمبەرمان بۆ دەگێڕێتەوە

عائیشە خوای لێ ڕازی بێت، دواچرکە ساتەکانی ژیانی پێغەمبەرمان بۆ دەگێڕێتەوە کە ئەویش چێشتەنگاوی ڕۆژی دووشەممەی، دوانزەی (ربیع

---

١ ـ البداية والنهاية لأبن كثير ٥: ٢٣٣-٢٣٥.

٢ ـ البداية والنهاية لأبن كثير ٥: ٢٣٧.

الاول) بوو.

عائیشە وتی: (كاتێ پێغەمبەری خواﷺ نەخۆش كەوت جلێكی چوارگۆشەی ڕەشی دەدایە بان ڕوویا، كاتێ كە بێتاقەت دەبوو لەبان رووی لایدەدا. ئا لەو حاڵەتەدا دەیفەرموو: نەفرینی خوا لە گاور و جولەكەكان بێ، گۆڕی پێغەمبەرەكانیان دەكرد بە مزگەوت).

پێغەمبەر دەموچاوی بەئاو تەڕدەكات

وتی: (پێغەمبەری خوامﷺ بینی لە سەرەمەرگا بوو، پەرداخێك ئاوی لەلا بوو، دەستی دەخستە نێو پەرداخەكەوە، پاشان دەموچاوی پێ تەڕ دەكرد، پاشان دەیفەرموو: (لا الە الاّ الله، بەراستی مردن ئێش و ئازاری زۆری هەیە.. پەروەردگارا! هاوكار و یارمەتیدەرم بە لە ئێش و ئازارەكانی مردندا!)).

پێغەمبەر دوارۆژ هەڵدەبژێرێت

عائیشە وتی: (ئێمە وامان پێ وترابوو كە پێغەمبەرﷺ نامرێ تا سەرپشك نەكرێ لەنێوان دونیا و دواڕۆژدا، جا كاتێ پێغەمبەرﷺ لە نەخۆشی سەرەمەرگیدا بوو دەنگێكی گڕ بوو، گوێم لێبوو دەیفەرموو: ﴿مَعَ الَّذِينَ أَنْعَمَ اللَّهُ عَلَيْهِمْ مِنَ النَّبِيِّينَ وَالصِّدِّيقِينَ وَالشُّهَدَاءِ وَالصَّالِحِينَ وَحَسُنَ أُولَئِكَ رَفِيقًا: لەگەڵ ئەوانەی خودا چاكەی دەگەڵ كردوون" لە ڕیزەی پێغەمبەران و خوداپەرستانی راستی و شەهیدان و پیاوچاكەكان، چ هاوڕێیانێكی چاكیشن ئەمانە!﴾، جا زانیمان وا سەرپشك دەكرێ!)

دوا وتەیەكی پێغەمبەر

هەروەها دەڵێ: پێغەمبەری خوامﷺ نا بە سینگمەوە، پێش ئەوەی بمرێ گوێم بۆ شل كردبوو، گوێبیستی بووم دەیفەرموو: ((خوایە لێم خۆشبە، بەزەییت پێمدا بێتەوە و بمگەیەنە لای خۆت-الرفیق الاعلی-))!

هەروەها وتویەتی: بەراستی لە بەخششەكانی خوا بەسەرمەوە ئەوەیە پێغەمبەری خواﷺ لە نۆرەڕۆژ و ماڵی منا و لەنێوان سینگ و قوڕگما وەفاتی كرد و، خوای گەورە لەسەرەمەرگا لیكمانی تێكەڵ كرد!

پێغەمبەر سیواك بەكار دەهێنێت

(عبدالرحمنی كوڕی ئەبوبەكر)ی برام هاتە ژوورەوە و سیواكێكی تەڕی پێبوو، منیش پێغەمبەری خوامﷺ پاڵ دابووە سنگمەوە! بینیم پێغەمبەری خواﷺ بۆ سیواكەكەی دەڕوانی، زانیم حەزی لە سیواكەو خوی پێوە

گرتووە.

پێم وت: بۆتی وەرگرم؟

بەسەر ئاماژەی کرد: بەڵێ.

منیش سیواکەکەم لە (عبدالرحمن) وەرگرت و نەرمم کردەوەو پاشان پێمدا.. جا بە دەمیدا هێنا و بەشێوەیەکی زۆر جوان سیواکی پێکرد، پاشان هەوڵی دا پێمی بدا، بەلام نەیتوانی و لە دەستی کەوتە خوارەوە.. خوای گەورە لە دواڕۆژی دونیا و یەکەم ڕۆژی ئاخیرەتدا لیکمانی پێکەوە تێکەڵ کرد!!

دەرچوونی ڕۆحی پیرۆزی پێغەمبەر لە لاشەی پیرۆزی

وە گوتویەتی: لەبەر دەستی پێغەمبەری خوادا ﷺ مەشکۆڵەیەك هەبوو کە ئاوی تێدا بوو، دەستی دەکرد بە ئاوەکەدا و دەم وچاوی پێ دەسڕی، پاشان دەیفەرموو: لا الە الا الله، بەڕاستی مردن ئێش و ئازاری هەیە.. پاشان پەنجەی چەپی ڕاست دەکردەوەو دەیفەرموو: في الرفيق الاعلى، في الرفيق الاعلى.

پاشان پێغەمبەری خوا ﷺ ڕۆحی کێشرا و دەستی لەناو ئاوەکە لار بویەوە.

کاتێ کە ملی لار بویەوە، من بۆیم دەڕوانی، زانیم کە پێغەمبەر تەواو بووە.

بۆنی میسك لەماڵەکە دێت

کە نەفسی دەرچوو، هیچ کات بۆنی وا خۆشم نەکردووە.

(ئوم سەلەمە) خوای لێڕازی بێت، گوتویەتی: (ئەو ڕۆژەی پێغەمبەری خوا ﷺ وەفاتی کرد، دەستم خستە سەر سینگی، چەند جومعەیەك پاش ئەوە بەسەرمدا تێپەڕی، شتم دەخوارد و دەستنوێژم دەگرت، کەچی بۆنی میسکەکەم لەدەست نەدەڕۆیشت!!)[1]

کۆچی دوایی پێغەمبەر لە چێشتەنگاوی ڕۆژی دووشەممەی دوانزەی - ربيع الاول - دا بوو

کۆچی دوایی پێغەمبەری خوا ﷺ لە چێشتەنگاوی ڕۆژی دووشەممەی دوانزەی (ربيع الاول)ی ساڵی یانزەی کۆچیدا بوو!!

هەواڵی کۆچی دوایی پێغەمبەری خوا ﷺ لەنێو موسڵماناندا

---

١ ـ البداية والنهاية لأبن كثير ٥: ٢٣٧-٢٤١.

بڵاوبویەوە، تووشی صەدمە و سەرسامی هاتن، هەیانبوو بەڕاستی نەدەزانی.!

عومەر وتار دەدا و وەفاتی پێغەمبەر ڕەت دەکاتەوە

(ئەبوهورەیرە‌ﷺ) دەڵێ: کاتێ پێغەمبەری خوا‌ﷺ وەفاتی کرد، عومەری کوڕی خەتتاب هەستا و وتی: لە ڕاستیدا چەند پیاوێك لە دووڕووان وا هەڵدەبەستن کە پێغەمبەری خوا وەفاتی کردووە، لە ڕاستیدا نەمردووە، بەڵکو چووە بۆ لای پەروەردگاری، هەروەك چۆن موسای کوڕی عیمران چوو، کاتێك چل ڕۆژ لە گەلەکەی پەنهان بوو، پاشان گەڕایەوە بۆ لایان دوای ئەوەی وترا مردووە، بەخوا پێغەمبەری خواش‌ﷺ دەگەڕێتەوە، هەروەك موسا گەڕایەوە، دەست و پێی ئەو پیاوانە دەبڕێتەوە کە دەیانوت پێغەمبەر‌ﷺ مردووە!

ئەبوبەکر لە(سنح) دەگەڕێتەوە

(سالم کوڕی عوبەید‌ﷺ) دوای نوێژی بەیانی ڕۆیشت بۆ (سنح) بۆ لای ئەبوبەکر، هەواڵی وەفاتی پێغەمبەری خوای‌ﷺ پێگەیاند.

ئەویش بەسواری ماینەکەی هات، تا چووە ناو مزگەوتەوە، بینی وا موسڵمانان قسە لەسەر کۆچی دوایی پێغەمبەری خوا دەکەن، هەندێك باوەڕ دەکەن و، هەندێکیشیان باوەڕ ناکەن، قسەی لەگەڵ کەسیان نەکرد.

عائیشە، خوای لێ ڕازی بێت، دەڵێ: ئەبوبەکر بەسواری ماینێك لە ماڵەکەیەوە لە (سنح) هات و چووە مزگەوتەوە، قسەی لەگەڵ کەس نەکرد، تا چووە خزمەتی پێغەمبەری خوا‌ﷺ، لە کاتێکدا ئەو بەسەرچەفێك داپۆشرابوو.

ئەو قسەیەی ئەبوبەکر بەرامبەر بە پێغەمبەری وت

ڕووی پێغەمبەری خوای‌ﷺ هەڵدایەوەو پاشان کەوت بەسەریدا، ماچی کرد، پاشان گریا.. پاشان وتی: لە جێی دایك و باوکم ئەی پێغەمبەری خوا، لە ژیان و مردندا پاك و پوختی، بەخوا هیچ کات خوا دوو مردنت لەسەر کۆ ناکاتەوە، ئەو مردنەی کەوا لەسەرت نوسرابوو، ئەوا جێبەجێ بوو!!

(ئیبن عەباس‌ﷺ) ، دەڵێ: ئەبوبەکر هاتە دەرەوە، لەوکاتەدا عومەری کوڕی خەتتاب قسەی بۆ خەڵکی دەکرد.. ئەبوبەکر وتی: عومەر دانیشە..

عومەریش دانەنیشت!

پاشان وتی: عومەر دانیشە.. عومەر دانەنیشت!

پاشان وتی: عومەر دانیشە.. عومەر دانەنیشت!

کاتێ بینی بێدەنگ نابێ، سەرکەوتە سەر دوانگە و ڕووی کردە خەڵکی، کاتێ خەڵکی گوێبیستی قسەکانی بوون، ڕوویان تێکرد و عومەریان بەجێ هێشت.

ئەبوبەکر کۆچی دوایی پێغەمبەر ڕادەگەیەنێ

ئەبوبەکر سوپاس و ستایشی خوای کرد و پاشان وتی:

خەڵکینە! هەرکەسێك موحەممەدی دەپەرست، بەڕاستی موحەممەد مرد، ئەوەشی خوای دەپەرست، ئەوا خوا زیندووەو نامرێ!

پاشان ئەم ئایەتەی خوێندەوە: ﴿وَمَا مُحَمَّدٌ إِلاَّ رَسُولٌ قَدْ خَلَتْ مِن قَبْلِهِ الرُّسُلُ أَفَإِن مَّاتَ أَوْ قُتِلَ انقَلَبْتُمْ عَلَى أَعْقَابِكُمْ وَمَن يَنقَلِبْ عَلَى عَقِبَيْهِ فَلَن يَضُرَّ اللّهَ شَيْئاً وَسَيَجْزِي اللّهُ الشَّاكِرِينَ: موحەممەد پێغەمبەرێکە و چیتر نیە" لەپێش ئەویش زۆر پێغەمبەر هاتوون و چوون، ئەگەر بمرێ یان بکوژرێ، لە ئیسلام پاشگەز دەبنەوە؟! هەرکەس پاشگەزبێتەوە چ زیانێك بە خودا ناگەیەنێ، خودا پاداشتی سوپاسگوزارانی دەداتەوە.﴾آل عمران/١٤٤.

تا ئەبوبەکر ئەو ئایەتەی نەخوێندەوە، سوێند بەخوا خەڵك وایان لێهاتبوو نەیاندەزانی خوا ئەم ئایەتەی دابەزاندوە، جا هەر هەموویان لێیان وەرگرت و دەیانخوێندەوەو بیریان دەکەوتەوە.

عومەر وتی: بەخوا کاتێ گوێبیستی ئەبوبەکر بووم ئایەتەکەی دەخوێندەوە، وەك ئەوە وابوو لەپێشدا هەر نەمبیستبێ، تا لەو کاتەدا زانیم ئەو لەسەر هەقە و پێغەمبەری خواش ﷺ وەفاتی فەرمووە، بۆیە قاچەکانم هەڵیان نەدەگرتم و کەوتم بەسەر زەویدا.[١]

عائیشە لەسەر هەڵوێستی ئەبوبەکر و عومەر دەدوێ

سەبارەت بە مردنی پێغەمبەری خوا ﷺ، عائیشە، خوای لێ ڕازی بێت، لەسەر قسەی هەریەکە لە ئەبوبەکر و عومەر ﷺ، دەدوێ و دەڵێ: (هەر

١ـ البداية والنهاية لأبن كثير ٥: ٢٤١-٢٤٣.

وتاریٚ لە وتارەكانی ئەوان خودا سودمەندی كرد: عومەر خەڵكی ترساند، لەڕاستیشدا لەناو خەڵكدا دوڕوویی هەبوو، بەوە خوا گەڕاندیانیەوە، ئەبوبەكریش ڕێنمونی پیشانی خەڵكی دا و دەستنیشانی ئەو مافانەی كرد كە دەكەوێتە سەریان!!)

هەر لە هەمان ڕۆژدا و لە دوانزەی (ربیع الاول)دا لە كەپری بەنی ساعیدە بەیعەت درا ئەبوبەكری صدیق بكرێ بە خەلیفەی موسڵمانان.. جارێكی تریش ان شاء الله لە تروسكی دووەمدا دەگەڕێینەوە سەر ئەو بەیعەت دانە.

لێرەدا دێینە سەر باسی شۆردن و پاشان كفن و نوێژ لەسەركردن و ئەسپەردەكردنی پێغەمبەری خواﷺ.

كۆچی دوایی پەیامبەر لە(٦٣) ساڵیدا بوو

عائیشە، خوای لیٚ‌ڕازی بێت، باسی ئەو ڕۆژە دەكا كە پێغەمبەرﷺ تێیدا كۆچی دوایی كرد و ئەو تەمەنەی لەسەر ڕووی زەوی گوزەری كرد.

(عروەی كوڕی زوبەیر) لە عائیشەوە، خوای لیٚ‌ڕازی بێت، دەگێڕێتەوە كە وتویەتی: (پێغەمبەری خواﷺ لە ڕۆژی دووشەممە، پاش تێپەڕ بونی دوانزە شەو لە مانگی .ربیع الاول .كۆچی دوایی كرد، لەكاتێكدا ئەو تەمەنی شەست و سیٚ ساڵ بوو).[1]

موسڵمانان لە ڕۆژی سێشەممەی سیانزەی (ربیع الاول)دا دەستیان كرد بە ئامادەكردنی پێغەمبەر بۆ بەخاك سپاردن، چونكە لە ڕۆژی دووشەممە هەستان بە هەڵبژاردن و بەیعەت دان بە ئەبوبەكر بۆ خەلیفایەتی.

چۆنێتی شۆردنی پێغەمبەر و كیٚ شۆردی

(عكرمە) لە (ئیبن عەباسﷺ)ەوە، دەگێڕێتەوە كە وتویەتی: (كەس و كاری پێغەمبەر كۆبونەوە بۆ شۆردنی كە بریتی بون لە (عەباسی كوڕی عبدالمطلب)ی مامی و (عەلی كوڕی ئەبوطالب)و (فەضلی كوڕی عەباس)و (قوثەمی كوڕی عەباس)و (ئوسامەی كوڕی زەید).. خوا لە هەموویان ڕازی بێت.

(عبداللەی كوڕی زوبەیر) لە عائیشە، خوای لیٚ ڕازی بێت، دەگێڕێتەوە

١ـ البداية والنهاية لأبن كثير ٥: ٢٥٤-٢٥٥.

کە گوتویەتی: کاتێ ویستیان پێغەمبەرﷺ بشۆن، وتیان: ئایا جلەکان لە پێغەمبەری خوا دامالێنین هەروەك لە مردووەکانمان دادەمالێنین، یا هەر بە جلەکانیەوە بیشۆین؟ کاتێ کە جیاوازبون، خوا خەواندنی و هیچ کەسێ نەما چەناگەی بە سینگیەوە نەبێ.. پاشان قسەکەرێك لەلایەکی کەعبەوە کە نەیاندەزانی کێیە، پێی وتن: پێغەمبەرﷺ بە جلەکانیەوە بشۆن!!

ئەوانیش هەستان و دەستیان کرد بە شۆرینی پێغەمبەری خواﷺ کە کراسەکەی لەبەردابوو، ئاوەکەیان دەکرد بە سەر کراسەکەیدا و بە کراسەکەیەوە دەستیان بە لەشیدا دەهێنا!![1]

چۆنێتی کفنکردنی پێغەمبەر

جا کە شۆردیان، کفنیان کرد.

(عروەی کوڕی زوبەیر) لە عائیشەوە، خوای لێ‌ڕازی بێت، دەگێڕێتەوە کە گوتویەتی: پێغەمبەری خواﷺ لە سێ جلی سپی یەمەنی کە لە لۆکە دروست کرابوو کفن کرا، کە کراس و مێزەری لەگەڵ نەبوو..[2]

نوێژکردن لەسەر پێغەمبەر، بە تاك تاك نەك بە کۆمەڵ

پاش ئەوە نوێژیان لەسەر پێغەمبەر کرد، نوێژکردنەکەیان بە کۆمەڵ بوو بەڵام لەگەڵ ئیمامدا نەبوو، بەڵکو بە تاك تاك و پۆل پۆل نوێژیان لەسەری دەکرد.

کاتێك لە ماڵی عائیشەدا لەسەر تەختەبەندێك دانرابوو لەڕۆژی سێشەممەی یانزەی (ربیع الاول)، پیاوو ژن و منداڵ و بەندە نوێژیان لەسەر دەکرد.

(عیکرمە) لە (ئیبن عەباسؓ)ەوە دەگێڕێتەوە، گوتویەتی: (کاتێ پێغەمبەری خواﷺ کۆچی دوایی کرد، پاش ئەوەی پیاوان بەبێ ئیمام نوێژیان لەسەر کرد، دوای لێبونەوەیان ئافرەتانیش نوێژیان لەسەر کرد، پاشان منداڵان نوێژیان کرد و دوای ئەوانیش بەندەکان هاتن و نوێژیان لەسەر کرد.)

هۆی بەتاك نوێژکردنیان

نوێژەکانیان یەك یەك و بەدوای یەکدا بوو، لە نوێژکردنیان لەسەر

١ـ البداية والنهاية ٥: ٢٦٠.

٢ـ البداية والنهاية ٥: ٢٦٢-٢٦٣.

پێغەمبەرﷺ كەس ئیمامەتی بۆنەدەكردن.

هۆكاری بەكۆمەڵ نوێژنەكردنەكەیان نەبونی ئیمام نەبوو، چونكە بەیعەت دان بە ئەبوبەكری صدیق‌ﷺ بۆ خەلیفەیەتی لە ڕۆژی دووشەممەدا كۆتایی پێهاتبوو!!

لەوانەیە هۆی نوێژنەكردنیان بە كۆمەڵ لەسەر پێغەمبەر-وەك هەندێ لە زانایان دەڵێن-ئەوەبێ كە ڕاستەوخۆ هەریەكە لە خەڵكی نوێژی لەسەر بكا و بەبێ ئیمامیش، بۆ ئەوەی نوێژكردنەكە جارلەدوای جار دووبارە لەسەری بێتەوە، ئەوەبوو هەموو پیاو و ئافرەت و منداڵ و بەندە و ئافرەتێكی كۆیلەی موسڵمان لە مەدینە نوێژیان لەسەر كرد.

ئەمە شێوازێكی تایبەتە بە پێغەمبەری خواوەﷺ، بەڵام مردووی موسڵمانان نوێژی جەنازەیان بە كۆمەڵ لەسەر دەكرێ.

لە ڕۆژی سێشەممە و شەوی چوارشەممەدا نوێژكردن بەتاك تاك لەلایەن موسڵمانانەوە بەردەوام بوو.[1]

لە شەوی چوارشەممەی (ربیع الاول)دا موسڵمانان ویستیان پێغەمبەری خواﷺ بە خاك بسپێرن.

پێغەمبەر لەشوێنی گیانكێشانیدا لەشەوی چوارشەممەدا نێژرا

نەیان دەزانی لەكوێدا ئەسپاردەی كەن، ئایا لەو شوێنەی گیانی كێشرابوو، كە ماڵی عائیشە بوو، یا لە قەبرستانی(بقیع) لەنێوان مردووی موسڵماناندا؟

(عروە) لە (عائیشە)وە، خوای لێ ڕازی بێت، دەگێڕێتەوە كە وتویەتی: (ئەبوبەكری صدیق‌ﷺ وتی: گوێبیستی پێغەمبەری خواﷺ بووم دەیفەرموو: هەر پێغەمبەرێك لەكوێ گیانی كێشرابێت، لەو شوێنە نێژراوە).

خەوبینینی عائیشە سەبارەت بە سێ مانگەكە

ئەمەش مانای وایە پێغەمبەری خواﷺ لە ماڵی عائیشە، خوای لێ ڕازی بێت، بنێژرێ.

عائیشە، خوای لێ ڕازی بێت، خەوێكی بینیبوو لەلای باوكی

---

١ ـ البداية والنهاية ٥: ٢٦٤-٢٦٥.

گێڕابوویەوە، لەناو هاوەڵاندا ئەبوبەکرﷺ، لە هەموویان زیاتر خەونی لێك دەدایەوە، پێی وتبوو: سێ مانگم بینی کەوتنە ژوورەکەمەوە.

ئەویش پێی وتبوو: ئەگەر خەوەکەت ڕاست دەرچێ، لەماڵەکەتدا سێ کەس لە باشترین خەڵکی سەر زەمین دەشاردرێنەوە!

کاتێ پێغەمبەری خواﷺ گیانی کێشرا ئەبوبەکر پێی وت: عائیشە! ئەمە یەکێکە لە چاکترینی ئەو مانگانەی کە لە خەوەکەدا بینیت.

هەروەك دەزانین هەر یەك لە پێغەمبەری خواﷺ و پاشان ئەبوبەکر و پاشان عومەر لە ماڵی عائیشەدا بەخاك سپێردراون.

ئەو تەختەبەندەی پێغەمبەری خواﷺ ڕۆحی لەسەری کێشرابوو، هاوەڵان خستیانە لاوە، پاشان گۆڕەکەیان لە جێی تەختەبەندەکەدا هەڵکەند..

(قاسمی کوڕی موحەممەدی کوڕی ئەبوبەکر) لە (عائیشە)، خوای لێ‌ڕازی بێت، دەگێڕێتەوە کە وتویەتی: (پێغەمبەری خواﷺ لە ڕۆژی دووشەممەدا کۆچی دوایی کرد و لەشەوی چوارشەممەدا نێژرا).[1]

ئەوانەی چوونە ناو گۆڕی پێغەمبەرەوە

پاش ئەوەی گۆڕەکە هەڵکەندرا و تەواو بوو، هەر یەکە لە (عەباس)و(فەضلی کوڕی عەباس)و(عەلی کوڕی ئەبوطالب)ﷺ، چوونە گۆڕەکەوە..

ژوورەکەی عائیشە دەکەوتە ڕۆژهەڵاتی مزگەوتی پێغەمبەرەوە، گۆڕەکەی پێغەمبەری خواشﷺ دەکەوتە سوچی ڕۆژئاوای خوارووی ژوورەکە.

لەدواییدا گۆڕەکە کەوتە ناو مزگەوتەوە

ژوورەکەی عائیشە هەروا لە ڕۆژهەڵاتەوەو لە دەرەوەی مزگەوت مایەوە تا خەلافەتی (وەلیدی کوڕی عبدالملك). بەڵام کاتێ (وەلیدی کوڕی عبدالملك) بوویە خەلیفە، فەرمانی کرد بە والیەکەی لەسەر مەدینە (عومەری کوڕی عبدالعزیز) کە مزگەوتی مەدینە فراوان بکا.. (عومەری کوڕی عبدالعزیز)یش هەستا بە فراوانکردنی مزگەوتەکە لە ڕووی

١ـ البداية والنهاية ٥: ٢٦٦-٢٦٩.

ڕۆژهەڵاتەوە، بەم شێوەیە ژوری پێغەمبەرﷺ کەوتە ناو مزگەوتەکەوە!

بەم شێوەیە گۆڕی پێغەمبەرﷺ و هەروەها دووهاوەڵەکەی ئەبوبەکر و عومەرﷺ کەوتنە ناو مزگەوتی پێغەمبەرەوەﷺ.[1]

کۆچی دوایی پێغەمبەری خواﷺ زۆر کاری لە هاوەڵان کرد و یەکجار زۆر بۆی خەمبار بون و بەکوڵ بۆی گریان.

گێڕانەوەی ئەنەس لەسەر کاریگەری و خەمی موسڵمانان

(ئەنەسی کوڕی مالیک)ﷺ گوتویەتی: ئەو ڕۆژەی پێغەمبەری خواﷺ هات بۆ مەدینە، هەموو شتێك روناك بۆوە، کاتێکیش ئەو ڕۆژە هات کە تیایدا مرد، هەموو شتێك تاریك بوو.. هێشتا دەستمان لە پێغەمبەری خواﷺ بەرنەدابوو دڵەکانمان گۆڕانی بەسەردا هات.

ئەوەی لەهەموو کەس زیاتر خەمبار بوو -کە خەم هەموو موسڵمانانی داگرتبوو- فاتیمەی کچی بوو،خوای لێ‌ڕازی بێت.

فاتیمە قسە لەگەڵ باوکی دەکات و پاش ناشتنیشی قسە دەکات

(ثابیت البنانی) لە (ئەنەسی کوڕی مالیك)ەوە دەگێڕێتەوە کە گوتویەتی: کاتێ پێغەمبەرﷺ لەشی قورس بوو، نەخۆشی و میحنەت دایپۆشی، (فاتیمە) وتی: ئەی هاوار بۆ باوکم، ئەویش پێی فەرموو: لەمڕۆ زیاتر هاوار بۆ باوکت نیە.

جا کاتێ پێغەمبەری خواﷺ کۆچی دوایی کرد، فاتیمە، خوای لێ‌ڕازی بێت، وتی: وای باوکە، خوا نزاکەتی وەرگرت، وای باوکە بەهەشتی فیردەوس جێگاتە، وای باوکە سەرەخۆشی لە جبریل دەکەین.

جا کە پێغەمبەرﷺ بەخاك سپاردرا، فاتیمە، خوای لێ ڕازی بێت، وتی: ئەنەس! چۆن دڵتان ڕێی دا خوڵ بکەن بەسەر ڕووی پێغەمبەری خواداﷺ؟!!

نوم ئەیمەن بەهۆی پچڕانی وەحی دەگری و ئەوانەی دەوروپشتیشی دەگریێنێ

(حەمادی کوڕی زەید) گێڕەرەوەی ئەم فەرمودەیە لە (ثابیت البنانی)یەوە دەڵێ: هەرکاتێ (ثابیت) ئەم فەرمودەیەی فاتیمەی دەگێڕایەوە، دەگریا تا پەراسوەکانی لێك جیادەبویەوە.

(ئوم ئەیمەن) دایەنی پێغەمبەری خواﷺ بوو، زۆر خەفەتبار بوو بەهۆی پچڕانی وەحی لەدوای وەفاتی پێغەمبەری خواﷺ.

١ـ البداية والنهاية ٥: ٢٧٢-٢٧٣.

(ثابیت البنانی) لە (ئەنەسی کوڕی مالیک ﷺ)ەوە دەگێڕێتەوە کە گوتویەتی: جارێك پێغەمبەری خوا ﷺ بە سەردانی چوو بۆ لای (ئوم ئەیمەن)، منیش لەگەڵی بووم، خواردنەوەیەکی دایە پێغەمبەری خوا، بەڵام نەیخوارد، جا چ لەبەر ئەوەی بەڕۆژوو بوو، یا لەبەر ئەوەی حەزی لێی نەبوو، (ئوم ئەیمەن) قسەی پێکەنیناوی بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ دەکرد.

جا کاتێ پێغەمبەری خوا ﷺ کۆچی دوایی کرد، ئەبوبەکر بە عومەری گوت ﷺ: با بچین سەردانێکی (ئوم ئەیمەن) بکەین!!

کاتێ ڕۆیشتن ئەو گریا، پێیان وت: بۆچی دەگری؟ ئەدی نازانی ئەوەی لای خوایە بۆ پێغەمبەرەکەی ﷺ باشترە؟!

ئەویش پێی وتن: بەخوا بەڕاستی دەزانم ئەوەی لای خوا بۆ پێغەمبەرەکەی ﷺ باشترە، لەبەر ئەوەش ناگریم، بەڵکو بۆ ئەوە دەگریم کە سروش(وەحی) لە ئاسمان پچڕاوە!!

ئەمەش دڵیانی پڕ لە قوڵپەی گریان کرد ودەستیان کرد بەگریان.[1]

حەسانی کوڕی ثابیت پێغەمبەر دەلاوێنێتەوە

(حەسانی کوڕی ثابیت) شاعیری پێغەمبەری خوا، یەکێك بوو لەوانەی زۆر خەفەتبار بوو بە کۆچی دوایی پێغەمبەری خوا ﷺ، ئەم خەفەتباریەش لە چەند قەسیدەیەکی شیعری بەرزدا تۆمارکردوە، پێغەمبەری خوای ﷺ پێ دەلاوێنێتەوە:

لەوەی لەو لاواندنەوەیەدا هاتووە:

١ـ البداية والنهاية ٥: ٢٧٣-٢٧٥.

بطيبـة رسـم للرسـول ومعهـد ... منيـر قـد تعفـو الرسـوم وتهمـد
ولا تمتحي الآيـات مـن دار حرمـة ... بها منبر الهادي الذي كان يصعد
وواضـح آثـار وبـاقي معـالم ... وربـع لـه فيـه مصـلى ومسـجد
بهـا حجرات كـان ينزل وسطها ... مـن الله نـور يستضـاء ويوقـد
معارف لم تطمس على العهد آيها ... أتاهـا الـبلا فـالآي منهـا تجـدد
فبوركت يا قبر الرسول وبوركت ... بـلاد ثـوى فيهـا الرشيد المسدد
وبـورك لحـد منـك ضـمن طيبـا ... عليـه بنـاء مـن صـفيح منضـد
تهيـل عليـه التـرب أيـد وأعـين ... عليـه، وقـد غـارت بـذلك أسـعد
لقـد غيبـوا حلمـا وعلمـا ورحمـة ... عشـية علّـوه الثـرى لا يوسـد
وراحـوا بحـزن لـيس فـيهم نبـيهم ... وقـد وهنـت مـنهم ظهـور وأعضـد
يبكـون مـن تبكـي السـماوات يومـه ... ومـن قـد بكتـه الأرض فالنـاس أكمـد
وهـل عـدلت يومـا رزيـة هالـك ... رزيـة يـوم مـات فيـه محمـد؟
فبكـي رسـول الله بـأعين عبـرة ... ولا أعرفنـك الـدهر دمعـك يجمـد
ومالـكِ لا تبكـين ذا النعمـة الـذي ... علـى النـاس منهـا سـابغ يتغمـد
فجـودي عليـه بالـدموع وأعـولي ... لفقـد الـذي لا مثلـه الـدهر يوجـد
ومـا فقـد الماضـون مثـل محمـد ... ولا مثلـه حتـى القيامـة يفقـد

وصلى الله على سيدنا محمد النبي الأمي، وعلى آله وصحبه وسلم تسليماً كثيراً، عدد ما احاط به علمه، وخطّ به قلمه، واحصاه كتابه!![1]

١ـ البداية والنهاية ٥: ٢٨٠-٢٨١.

له بابەتی نەخۆشی و سەرەمەرگ و وەفات و سپاردن و لاواندنەوەی پێغەمبەری خواداﷺ، پشتمان بە سەرچاوە مێژوویيە دروستەکان بەستووە. زۆر پشت ئەستور بووین بە کتێبی (البداية والنهاية)**ی پێشەوای مێژوونووسی فەرمودەناس** (ابن كثير)**، سەیری** (البداية والنهاية ٥: ٢٢٣-٢٨٢) **بکە.**
هەروەها گەڕاوینەتەوە بۆ (السيرة النبوية)**ی ئیبن هیشام و** (تأريخ الطبري)**و**(تأريخ ابن أثير)**و**(دلائل النبوة)**ی بەیهەقی.**

ترۆسكی دووەم

ئەبوبەكری صدیق لەنێوان جێنشین بون و مردندا

هەڵبژاردنی خەلیفە پاش چەند سەعاتێك لە كۆچی دوایی پێغەمبەر

زانیمان پێغەمبەری خواﷺ لە چێشتەنگاوی دووشەممەی دوانزەی (ربیع الاول)ی ساڵی یانزەی كۆچی لە ماڵی (عائیشە)، خوای لیٚڕازی بێت، كۆچی دوایی كرد، پاش چەند سەعاتێك لە كۆچی دوایی بە خێرایی موسڵمانان بیریان لە هەڵبژاردن و بەیعەتدان بە خەلیفەیەك كردەوە.

خۆری ڕۆژی دووشەممەی ناوبراو ئاوا نەبووبوو، موسڵمانان ئەبوبەكری صدیقیان هەڵبژارد بە خەلیفەی خۆیان، دوای ئەوە دەستیان كرد بە شۆرین و كفن و نوێژ لەسەركردن و ئەسپەردەكردنی پێغەمبەری خواﷺ.

ئەمە بەڵگەیە لەسەر گرنگی جێنشینێتی

ئەم هەنگاوە سەركەوتووە هەنگاوێكی گەورەو پێشەنگی هاوەڵان بوو، كەوا هەڵبژاردنی خەلیفەی فەرمانڕەوایان پێشخست بەسەر ئەسپەردەكردنی خۆشەویسترین كەس لە دڵیاندا كە (محمدﷺ)ە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ یاسای فەرمانڕەوایی لە ئیسلامدا و، گرنگی بونی فەرمانڕەوایەكی پێشەوایە كە خەلیفەیە، كە كاروباری موسڵمانان بەڕێوە دەبا و حوكم بە فەرمانەكانی خوا دەكات.

دروستیش نیە پایەی ئیمامەت و خەلافەت لە خەلیفە چۆڵ بێ، هەرچەندە بۆ چەند سەعات یا چەند ڕۆژێكیش بێ، پێویستیشە هەڵبژاردن و بەیعەت دان بە خەلیفە پێش هەموو كاروبارێكی تر بكەوێ، هەروەك چۆن هاوەڵانی بەڕێزﷺ جێبەجێیان كرد.

(عومەری كوڕی خەتتاب)و(عبدالرحمنی كوڕی عەوف)ﷺ، فەرموودەی (كەپری بەنی ساعدە)وچۆنیەتی هەڵبژاردنی ئەبوبەكری صدیق بۆ خەلیفەیەتی و بەیعەت پێدانی یەكەمیمان بۆ دەگێڕێتەوە.

ئیبن عەوف وتەكەی عومەر بۆ ئیبن عەباس بۆدەگێڕێتەوە

(عبیدالله‌ی كوڕی عبدالله‌ی كوڕی عوتبەی كوڕی مەسعود) لە (عبدالله‌ی كوڕی عەباس)ەوە دەگێڕێتەوە كە (ئیبن عەباس) لە حەج بوو، دوا حەجێك

کە عومەر لە خەلافەتەکەیدا بەجێی هێنابێ، (ئیبن عەباس) لەگەڵ (عبدالرحمنی کوڕی عەوف)دا لە وەرزی حەجدا لە (مینا) بون، قورئانی بە (عبدالرحمنی کوڕی عەوف) دەخوێندەوەو بۆی هەڵدەسەنگاند و گوێی لێ دەگرت.

جارێکیان (عبدالرحمنی کوڕی عەوف) گەڕایەوە بۆ لای جێگەکەی خۆی لە مینا، (ئیبن عەباس)یش چاوەڕێی دەکرد بۆ ئەوەی گوێبیستی قورئانەکەی بێت.

(عبدالرحمنی کوڕی عەوف) بە (ئیبن عەباس)ی وت: پیاوێك هات بۆ لای (عومەری کوڕی خەتتاب) ئەو کاتەی لە مینا بووە، پێی وتوە: ئەی ئەمیری بڕواداران، فلان کەس دەڵێ: ئەگەر عومەری کوڕی خەتتاب بمرێ، پاش ئەو بەیعەت بە فلان دەدەم بۆ خەلیفەیەتی!!

عومەریش تورە بوو، وتی: هەر ئەمشەو لە مینادا وتار بۆموسڵمانان دەدەم، ئاگاداریان دەکەمەوە لەو خەڵکانەی دەیانەوێ کاروبارەکەیان داگیر بکەن! بە دیاریکردنی ئەو کەسەی دەیانەوێ بیکەن بە خەلیفە، بەبێ راوێژ و بەیعەتی موسڵمانان!!

ئیبن عەوف ئامۆژگاری عومەر دەکات کە لە مینا وتار نەدات

(عبدالرحمنی کوڕی عەوف) پێی وت: ئەمیری بڕواداران! ئەوە نەکەی، لەسەر ئەوەش ئەمشەو وتار بۆ خەڵکی نەدەی! چونکە وەرزی حەج هەموو رەشۆکی و هەرچی و پەرچیەکی تێدا کۆدەبێتەوە. جا کاتێ دەتەوێ وتار بدەی، ئەوانن لە پێشەوەی کۆڕەکەتدا ئامادە دەبن، دەترسم قسەیەك بکەی حاڵی نەبن و لێی تێ نەگەن و لە شوێنی دروستی خۆیدا داینەنێن، بەڵکو بە هەڵە لێی تێبگەن و لەنێو خەڵکیدا بڵاوەی پێ بکەن و بیدەنە پاڵ تۆش!!

بەڵام چاوەڕێ کە تا دەچیتەوە مەدینە، کە خانە و جێگەی کۆچ و سوننەتە، لەوێ لەگەڵ زانا و خانەدانی موسڵماناندا کۆدەبیتەوەو چیت دەوێ پێیان بڵێ، ئەوانیش لە وتەکانت حاڵی دەبن و لەشوێنی خۆیدا دایدەنێن و لە قسەکانت تێدەگەن!

(عومەر) پێی وت: إنشاءالله ئەگەر بە ساغ و سەلامەتی گەڕامەوە مەدینە، لە یەکەم جێگەدا کە لێی رادەوەستم و لە یەکەم وتارێکدا کە دەیدەم ئەوەیان پێ رادەگەیەنم.

ئیبن عەوف وتارەکەی عومەر لە مەدینە دەگێڕێتەوە

(عبدالرحمنی کوڕی عەوف) گوتی: کاتێ کە وەرزی حەج کۆتایی هات و چوینە مەدینە و یەکەم جومعەی پاش گەڕانەوەمان هات، هەر زوو چووم بۆ مزگەوت.

کاتێ کە چوومە مزگەوتی پێغەمبەرەوەﷺ، دیتم (سەعیدی کوڕی زەید) پێشم کەوتووەو لە سوچێکی لای ڕاستی دوانگەکەوە دانیشتووە. منیش لە تەنیشتیەوە لە نزیکیدا دانیشتم، بەشێوەیەك هەردوو ئەژنۆم بە ئەژنۆکانی نووسابوو.

کاتێ ئێمە دانیشتبوین، (عومەری کوڕی خەتتاب) هاتە ژوورەوە، لەوکاتەدا بە (سەعیدی کوڕی زەید)م وت: هەر ئێستە (عومەر) لەسەر دوانگە و وتاری جومعەکەیدا قسەیەك دەکا کە پێشتر نەیوتوەو کەسیش جگە لەو نەیوتوە.

(سەعیدی کوڕی زەید) نکوڵی لە قسەکەم کرد و وتی: لەوانە نیە قسەیەك بکا کە پێشتر کەس نەیوتبێ.

پێم وت: دەیبینی..!

عومەر لە وتارەدا چی وت

(عبدالرحمنی کوڕی عەوف) وتی: (عومەر) لەسەر دوانگەکە دانیشت، کاتێك کە بانگدەر لە بانگ بویەوە، هەستایە سەرپێ و سوپاس و ستایشێکی شایەن بە خوای کرد و پاشان وتی:

(خەڵکینە! ئێستە چەند وتەیەکتان پێ دەڵێم، قەدەری خوا وایە کە پێتان بڵێم، ناشزانم، لەوانەیە لە نزیکی مردندا بم، هەرکەسێ لە قسەکان حاڵی بێ و عەقڵی بیگرێ و تێی بگا، با تا بەکوێ دەگا و دەڕوا بیگەیەنێت و لەنێو خەڵکیدا بڵاوی بکاتەوە. هەر کەسەش لێی حاڵی نابێ و عەقڵی نایگرێ و تێی ناگا، با باسی نەکا.. رازی نیم و دروست نیە درۆم بەدەمەوە بکا!!

ئاماژە بە حوکمی ڕەجمی ژن و پیاوی زیناکار دەکات

خوای بەرز و بالاّ (موحەممەد)ی ﷺ بە هەق و ڕەواوە ناردووە، کتێبی دابەزاندووە، لەوەی کە دایبەزاندبوو ئایەتی ڕەجم بوو، خوێندومانەتەوەو لێشی حالّی بووین، پێغەمبەری خواﷺ ڕەجمی کردوە و پاش ئەو ئێمەش ئەنجاممان دا، دەترسم ڕۆژگاری زۆر بەسەر خەلّکیدا تێپەڕێ، کەسێ وا هەبێ بلّێ: ئایەتی ڕەجم کردن لە قورئاندا نابینین.

لێرەوە بەهۆی وازهێنان لە فەرزێك کە خوا دایبەزاندووە گومڕا بێن، ڕەجم کردن لە کتێبی خوادا بۆ هەرکەسێ خێزاندار بێ لە پیاو و ئافرەت هەق و ڕەوایە، ئەگەر بەلّگە یان سکپڕی یان دان پیانان هەبێ!

ئاگادار بن کەوا ئێمە دەمانخوێند: باووباپیرانتان پشتگوێ مەخەن، ئەگەر پشتگوێیان خەن ئەوا سپلّەییتان کردووە.

عومەر بەبێ ڕاوێژ و هەلّبژاردن ڕەفزی خەلافەت دەکات

ئاگاداربن، پێغەمبەری خواﷺ فەرموویەتی: ((پیاما هەلّمەدەن، هەروەك گاورەکان بە عیسای کوڕی مەریەمداعليه السلام، هەلّیان دەدا، چونکە من بەندەی خوام، بلّێن بەندە و پێغەمبەری خوایەﷺ!!))

ئەوەشم پێگەیشتووە کە یەکێك لە ئێوە وتویەتی ئەگەر عومەر بمرێ، بەیعەت بە فلان دەدەم!

هیچ یەکێ لە ئێوە فریو نەخوا بەوەی بلّێ: لە ڕاستیدا بەیعەتی ئەبوبەکر لەناکاو و کتوپڕ بوو!

بەخەلیفەبونی صدیق پێوەر نیە

بەئاگابن ئەوە بەو شێوەیە بوو، بەلاّم خوا لە زیانەکانی پاراستینی، ئەمڕۆ لەنێو ئێوەدا هیچ کەسێ نیە بە وێنەی ئەبوبەکر، گوێڕایەلّی بکرێ و بۆی بڕوانرێت!

لەو دەنگ و باسانەی لەکاتی کۆچی دوایی پێغەمبەرﷺ هەمان بوو، (عەلی)و(زوبەیر)رضي الله عنه) لەگەلّ ئەوانەی لەگەلّیان بون لە مالّی (فاتیمە)ی کچی پێغەمبەری خواﷺ بەجێمان، هەموو پشتیوانانیش لە کەپری بەنی ساعیدە بون و لەگەلّمان نەبون. کۆچەرانیش لە دەوری ئەبوبەکر کۆببونەوە، بە ئەبوبەکرم وت: ئەبوبەکر! با بچین بۆ لای برا

پشتیوانەكانمان!

عومەر لەگەڵ ئەبوبەكر دەچن بۆ كەپری بەنی ساعیدە

چووین بۆ لایان لە كەپری بەنی ساعیدە، لەڕێگادا بە دوو پیاوچاك گەیشتین كە (عوەیمی كوڕی ساعیدە)و (مەعەنی كوڕی عەدی) بون، پێیان وتین ئەی كۆمەڵی كۆچەرییان، دەتانەوێ بۆ كوێ بچن؟!

وتم: دەمانەوێ بچین بۆ لای برایانی پشتیوانمان.

پێیان وتین: هەقتان نەبێ و لێیان نزیك مەكەونەوە، كاری خۆتان جێبەجێ بكەن!

وتم: بەخوا هەر دەبێ بچینە لایان!

پشتیوانان لە كەپرەكە بۆ هەڵبژاردنی خەلیفەیەك لەخۆیان كۆبونەتەوە

چووین بۆ لایان لە كەپری بەنی ساعیدە، بینیمان وا كۆبونەتەوەو لە نێوانیاندا پیاوێكی داپۆشراو هەیە خۆی بە جلەكانی داپۆشیوە.

وتم: ئەوە كێیە؟

وتیان: (سەعدی كوڕی عوبادە)یە.

وتم: چیەتی؟

وتیان: ئازاری هەیە و نەخۆشە.

ئێمەش لەگەڵیان دانیشتین.

وتەی وتاربێژی پشتیوانەكان

كاتێ دانیشتین وتاربێژەكەیان هەستا، سوپاس و ستایشێكی شایستەی خوای كرد، پاشان وتی:

((لەدوای سوپاس و ستایشی خوا، ئێمە پشتیوانی خوا و بەشە هەرەزۆری سوپای ئیسلامین، ئێوەش ئەی كۆچكەران دەستەو كۆمەڵێكن لە ئێمە، كۆمەڵێك لە ئێوە هاتون و دەیانەوێ لە ڕیشەمان لادەن و مافمان داگیركەن و لەم كاروبارە(خەلافەت) دەرمان بكەن!!))

كاتێ بێدەنگ بوو، ویستم قسە بكەم، قسەم ڕازاندبویەوە و خۆم ئامادەكردبوو بۆ ئەوەی وەڵامی وتاربێژەكەیان بدەمەوەو لە بەردەمی ئەبوبەكریش ئەم قسانە بكەم.

من وا هەستم دەكرد هەندێ توندی تێدابێ، بەڵام ئەبوبەكر لەمن بە حیلم و بەویقارتر بوو، پێمی وت: لەسەرخۆبە! چونكە دەیویست خۆی قسە بكات،

منیش پێم ناخۆش بوو تووڕەی بکەم، چونکە لەمن شارەزا و بەسام تر بوو.

ئینجا ئەبوبەکر دەستی بە قسەکرد، سوێند بەخوا، هیچ وتەیەکی بەجێ نەهێڵا، کە من پێم خۆش بێ، لەوەی خۆم بۆ ئامادە کردبوو و ڕازاندبومەوە، هەر هەمووی بە ئاسانی و لەسەرەخۆیی وت، باشتر لەوەی کە من دەمویست بیڵێم.

ئەبوبەکر لە وتارەکەیدا چی وت

لە وتارەکەیدا وتی: (پاش سوپاس و ستایشی خوا، ئەوەی کە باستان کرد، ئێوە شایستەی ئەوەن، بەڵام عەرەب بۆ ئەم کارە تەنها دان بەم هۆزەی قوڕەیش دادەنێ، چونکە لەرووی نەسەب و شوێنەوە لە ناوەندی عەرەبدان، من ڕازیم یەکێ لەم دوانە هەڵبژێرن، دەستی من و (ئەبو عوبەیدەی کوڕی جەڕاح)ی گرت.

لەناو قسەکانی ئەبوبەکردا تەنها ئەمەم پێ ناخۆش بوو، بەخوا ئەگەر لەگەردنم بدرایەو بە مەرجێ لە تاوان نزیکم نەکاتەوە، پێم خۆشترە لەوەی پێشەوای کۆمەڵێ بم ئەبوبەکری تێدابێ.

حەبابی کوڕی مونذر وەڵامی ئەبوبەکر دەداتەوە

کاتێ ئەبوبەکر ئەمەی وت، یەکێك لە پشتیوانان کە (حەبابی کوڕی مونذر) بوو وتی: (انا جذيلُها المحكك، وعذيقها المرجَّب) وەك ئەوەی بڵێ: من شارەزا و لێزانم و پێویستە ڕام وەربگیرێ و بەقسەم بکرێ.

وتی: ئەی قوڕەیشیەکان، با لە ئێمە ئەمیرێك و لەئێوەش ئەمیرێك هەبێت.

کاتێك (حەبابی کوڕی مونذر) ئەمەی وت، غەڵبەغەڵب زۆر بوو، دەنگەدەنگ بەرزبوویەوە تاوەکو ترسی ناکۆکیم لێ نیشت، بە ئەبوبەکرم وت: ئەبوبەکر! دەستت درێژ کە.. ئەبوبەکر دەستی هێنا. عومەریش بەیعەتی پێدا، پاشان کۆچکەران بەیعەتیان پێدا، پاشانیش پشتیوانان بەیعەتیان پێدا.

عومەر لە وتارەکەدا ئەوەش زیاد دەکا و دەڵێ: بەخوا لە هیچ کارێکدا ئامادە نەبون، لە بەیعەتدان بە ئەبوبەکرﷺ بەهێزتر بووبێ.

لە ڕاستیدا ترساین ئەگەر لەوێدا پشتیوانان جیا ببنەوەو بەیعەتەکە

ئەنجام نەدەین، ئەوا لەدوای ئێمە بەیعەتێك بەدی بێنن و بیدەن بە کەسێك لە خۆیان، جا ئەو کاتە یا دەبێ شوێنیان بکەوین و بەیعەت بدەین بە بەیعەت پێدراوەکەیان، بەمەش کارێك بکەین کە پێی رازی نین و بەرژەوەندی موسڵمانانیشی تێدا نیە، یا ئەوەتانێ پێچەوانەو نەیاریان بین، لەمەشەوە خراپەکاری رووبدا.

هەرکەسێ بەبێ راوێژی موسڵمانان بەیعەت بە ئەمیرێ بدا، ئەوا نە خۆی و نە ئەوەشی بەیعەتی پێداوە بەیعەتەکەیان پەسەند نیە.!![1]

ئەبوبەکر هۆکاری پەسەندکردنی بەیعەت پێدادەنەکەی روون دەکاتەوە

پاشتر ئەبوبەکر هۆکاری پەسەندکردنی بەیعەت پێدانەکەی روون دەکاتەوە، لەبارەی رووداوەکانی کەپری بەنی ساعیدە (رافعی طائی) پرسیاری لە ئەبوبەکر کرد، جا لەو شتانەی بە (رافع)ی وت ئەوەبوو کە وتی: (بۆیە بەیعەتدانیانم لێ وەرگرتن، لەوە ترسام ئەگەر بەیعەتەکە رەت کەمەوە فیتنە هەڵگیرسێ، پاشانیش هەڵگەڕانەوە رووبدات).[2]

دوو بەیعەت بە ئەبوبەکر درا، یەکەمیان رۆژی دووشەممە لە کەپرەکە بوو

بەیعەت پێدانی ئەبوبەکر لەلایەن کۆچەران و پشتیوانان لە کەپری بەنی ساعیدە لە رۆژی دووشەممەی دوانزەی (ربیع الاول) ئەنجام درا.

(عەباس) یاخود (عەلی) یا (زوبەیری کوری عەوام) بەهۆی سەرقاڵبیان بە کاروباری ناشتنی پێغەمبەرەوە ئامادەی ئەم بەیعەتی یەکەمە نەبون.

دووەمیانبەیعەتی تێکرای خەڵکی بوو رۆژی سێشەممە لە مزگەوت

لە رۆژی دواتردا، سێشەممەی سیانزەی (ربیع الاول) لەلایەن کۆچەران و پشتیوانانەوەو لە مزگەوتی پێغەمبەری خوا بەیعەتی دووەمی گشتی بە ئەبوبەکر درا، ئەمەش پاش بەیعەتی یەکەمی تایبەت بوو کە لە کەپری بەنی ساعیدەدا ئەنجام درا.

لەکاتێکدا (عومەری کوری خەتتاب) درێژەی بەیعەتی یەکەمی بۆمان گێرایەوە، ئەوا (ئەنەسی کوری مالیك) درێژەی بەیعەتی دووەممان بۆ دەگێرێتەوە.

(ئەنەسی کوری مالیك) وتویەتی: کاتێ کە رۆژی سێشەممە هات،

١ـ البداية والنهاية ٥: ٢٤٥-٢٤٧.

٢ ـ البداية والنهاية ٥: ٢٤٧-٢٤٨.

(عومەری کوڕی خەتتاب)ﷺ لەسەر دوانگەکە دانیشت، ئەبوبەکریش لە تەنیشت دوانگەکەی بەبێ دەنگی دانیشتبوو.

عومەر لە مزگەوتدا وتار دەدا و داوای بەیعەتدان بە ئەبوبەکر دەکا

کاتێ خەڵکی لە مزگەوتدا کۆبونەوە، (عومەر) هەستایە سەرپێ و وتی: بەهیوابووم پێغەمبەری خواﷺ بمابایە و دوای هەموان و لەپاش هەمووومان بمردایە، جا کە موحەممەدﷺ کۆچی کردووە، ئەوا خوای گەورە نورێکی ڕێنیشاندەری لەنێوتان جێهێشتووە، ڕێنمونی پێ وەردەگرن کە ئەویش ڕێنمونی پێغەمبەری خوایەﷺ، ئەبوبەکریش هاوەڵی پێغەمبەری خوایە و دوهەم کەسی ئەشکەوتەکەیە و، خوای گەورەش لەسەر ئەو کۆکی کردوون، بۆ هەڵسوڕانی کاروباریشتان لە هەموو موسڵمانێ لەپێشترە، دە هەستن بەیعەتی پێ بدەن!

پاشان عومەر بە ئەبوبەکری وتﷺ:

سەرکەوە سەر دوانگە، ئەبوبەکر چووە سەر دوانگەکە و لەلایەن هەموو کۆچکەران و پشتیوانانەوە بەیعەتی پێدرا.

دەقی وتارەکەی ئەبوبەکر لەکاتی بەیعەتدانی گشتیدا

پاشان ئەبوبەکری صدیقﷺ دەستی بە قسەکردن کرد، سەرەتا سوپاس و ستایشی خوای کرد، دوای ئەوە وتی: لەدوای سوپاس و ستایشی خوا، هۆ خەڵکینە! من کراومەتە کاربەدەستتان، بێئەوەی چاکترینتان بم، جا ئەگەر چاکەم کرد ئەوا یارمەتیم بدەن، ئەگەر خراپەشم کرد راستم بکەنەوە. ڕاستگۆیی سپاردەیە، درۆش ناپاکیە. بێهێزتان بەلامەوە بەهێزە هەتا بەویستی خوا مافی خۆی بۆ بگێڕمەوە، بەهێزیشتان بەلامەوە بێهێزە هەتا بەویستی خوا مافی لێ وەردەگرمەوە.

هەر کۆمەڵێکیش دەستبەرداری جیهاد ببێ، ئەوا خوای گەورە زەلیلیان دەکات و، هەر کۆمەڵێکیش کردەوەی خراپەیان تێدا بڵاوبوویەوە، خوای گەورە بەڵایان بەسەردا دەبارێنێ. تا من گوێڕایەڵی خوا و پێغەمبەرەکەی دەبم گوێڕایەڵیم بۆ بکەن، خۆ ئەگەر لە خوا و پێغەمبەرەکەی یاخی بووم،

ئەوا گوێڕایەڵیم بەسەرتانەوە نامێنێ!!![1]

(ئەبوسەعیدی خودری) ﷺ بەیعەتدانەکەی (عەلی کوڕی ئەبوطالب)مان بۆ دەگێڕێتەوە کە بە (ئەبوبەکری صدیق)ی داوە ﷺ.

زوبەیر و عەلی لە هەمان ڕۆژدا بەیعەت بە ئەبوبەکر دەدەن

(ئەبوسەعیدی خودری) ﷺ گوتویەتی: کاتێ ئەبوبەکر سەرکەوتە سەر دوانگە، سەیری دەم و چاوی خەڵکەکەی کرد، (زوبەیری کوڕی عەوام)ی نەبینی، جا داوای (زوبەیر)ی کرد و ئەویش هات، ئەبوبەکر پێی وت: ئەی کوڕی پوری پێغەمبەرﷺ و هاوەڵی دڵسۆزی! ئەوە دەتەوێ هێزی موسڵمانان پەرتەوازە کەی؟

(زوبەیر) گوتی: ئەی خەلیفەتی پێغەمبەری خواﷺ، هیچ گازاندەت لەسەر نیە..

بۆیە، زوبەیر هەستا و بەیعەتی بە ئەبوبەکر دا.

پاشان سەیرێکی تری خەڵکەکەی کرد، (عەلی کوڕی ئەبوطالب)ی نەبینی، جا داوای (عەلی)ی کرد و ئەویش هات.

ئەبوبەکر پێی وت: ئەی ئامۆزا و زاوای پێغەمبەری خواﷺ، ئەوە دەتەوێ هێزی موسڵمانان پەرتەوازە کەی؟

(عەلی) وتی: ئەی خەلیفەی پێغەمبەری خواﷺ، گازاندەت لەسەر نیە. عەلی هەستا و بەیعەتی بە ئەبوبەکر دا!!!

ڕیوایەتە صەحیحەکەی (ئەبوسەعیدی خودری) بەڵگەیە لەسەر ئەوەی عەلی و زوبەیر لە ڕۆژی دووەمی وەفاتی پێغەمبەری خواداﷺ کە ڕۆژی سێشەم بوو بەیعەتیان بە ئەبوبەکر داوە.[2]

گرنگیدانی ئیمامی موسلیم بە فەرمودەی بەیعەتدانی عەلی بە ئەبوبەکر لەگەڵ خەڵکدا

ئەوەشی بەڵگەیە لەسەر گرنگی ئەم فەرمودە صەحیحەی (ئەبوسەعیدی خودری) ئەوەیە کە پێشەوا (موسلیم کوڕی حەجاج) خاوەنی (الجامع الصحیح) کە دروستترین کتێبی فەرمودەیە لەدوای (صحیح البخاری)- چوو بۆ لای مامۆستاکەی پێشەوا (موحەممەد کوڕی ئیسحاق کوڕی

١ـ البداية والنهاية ٥: ٢٤٨.

٢ـ البداية والنهاية ٥: ٢٤٩.

خوزەیمە) خاوەنی (صحيح ابن خزيمه)وپرسیاری ئەم فەرمودەیەی لێکرد، (ئیبن خزیمە)ش فەرمودەکەی بۆ نووسی و بۆی خوێندەوە.

جا موسلیم بە (ئیبن خزیمە)ی مامۆستای وت: ئەم فەرمودەیە وشترێك دەهێنێ!

(ئیبن خزیمە) وتی: نەك هەر تەنها وشترێك دەهێنێ، بەڵكو هەزار یان دوو هەزار زێڕ و زیو دەهێنێ.

حەبیبی کوڕی ئەبوپابیت پەلەکردنی عەلی لە بەیعەتدانمان بۆ دەگێڕێتەوە

لەوانەی کە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی (عەلی کوڕی ئەبوطالب) لە بەیعەتدانی دووەم و گشتی و لە ڕۆژی سێشەممەدا لەو کەسانە بووە بەیعەتی بە ئەبوبەکر داوە، ئەوەیە کە (حەبیبی کوڕی ئەبو ثابیت) دەیگێڕێتەوە کە دەڵێ:

(عەلی کوڕی ئەبوطالب) لە ماڵی خۆیدا بوو، پیاوێك هات بۆ لای، پێی وت: ئەبوبەکر بۆ بەیعەت پێدان دانیشتوە.

عەلی لەبەر پەلەیی بە کراسەکەیەوە بەرەو مزگەوت چوو، کراس و کەوای لەبەردا نەبوو، پێی ناخۆش بوو لە بەیعەت دوابکەوێ، پاشان بەیعەتی بە ئەبوبەکردا، ئەوجا دانیشت و ناردی بەدوای کەواکەیدا تا بۆیان هێناو لەبان کراسەکەیەوە لەبەری کرد.

(عەمری کوڕی حەریث) پرسیاری لە (سەعیدی کوڕی زەید) کرد و پێی وت: ئامادەی وەفاتی پێغەمبەری خواﷺ بووی؟

وتی: بەڵێ.

پێی وت: کەی بەیعەت بە ئەبوبەکر درا؟

سەعید وتی: ئەو ڕۆژەی پێغەمبەری خواﷺ کۆچی دوایی کرد، موسڵمانان پێیان ناخۆش بوو بەشێ لە ڕۆژێکیش بمێننەوە بەبێ ئەوەی لەناو کۆمەڵدا بژین!!

سەعیدی کوڕی زەید ڕادەگەیەنێ کە هیچ هاوەڵێك لە بەیعەت دوانەکەوتوە

وتی: ئایا هیچ کەسێ بێفەرمانی ئەبوبەکری کرد؟

سەعید وتی: نەء مەگەر کەسێك هەڵگەڕابێتەوە، یا کەسێك کە نزیك بوو هەڵبگەڕێتەوە، خوای گەورە پشتیوانانی ڕزگارکرد، هەموویان کۆك

بون لەسەری و بەیعەتیان پێدا!

وتی: ئایا هیچ کەس لە کۆچکەران دانیشت و بەیعەتی پێ نەدابێ؟

سەعید گوتی: نەخێر، کۆچکەران بەدوای یەکدا هەموو بەیعەتیان پێی دا!!

(عبدالرحمنی کوڕی عەوف)یش ﷺ وتارێکی تری (ئەبوبەکر)مان بۆ دەگێڕێتەوە، پاش ئەوەی بەیعەتی دووەمی گشتیان پێی دا..

(عبدالرحمنی کوڕی عەوف) گوتویەتی: ئەبوبەکر وتاری دا و گوتی: هیچ کاتێ نە ڕۆژێ نە شەوێ سوور نەبووم لەسەر ئەمیرایەتی نە لە نهێنی و نە لە ئاشکرادا داوام نەکردووە.

زوبەیر و عەلی دوای بەیعەتدانیان سەرزەنشتی خۆیان تۆمار دەکەن

عەلی و زوبەیر گوتیان: بەخوا توڕەبونمان تەنها لەبەر درەنگ ڕاوێژ پێکردنمان بوو!! ئێمە وادەبینین ئەبوبەکر شیاوترین کەسە بە خەلیفەیەتی، ئەو هاوەڵی ئەشکەوتە، ئێمە ڕێزی ئەو دەزانین، پێغەمبەری خواش لە کاتی ژیانیدا فەرمانی پێی کردووە نوێژ بە خەڵکی بکا.[1]

عەلی دوو جار بەیعەت بە ئەبوبەکر دەدا

عەلی کوڕی ئەبوطالب ﷺ دوو جار بەیعەتی بە ئەبوبەکر ﷺ داوە:

جاری یەکەم/ ڕۆژی سێشەممە، دووەم ڕۆژی کۆچی دوایی پێغەمبەری خوا ﷺ، کاتێك کە بە پەلە هات، تەنها کراسێکی لەبەردابوو، هەروەك (حەبیبی کوڕی ئەبو ثابت) ڕیوایەتی کردوە.

جاری دووەم/ لەدوای کۆچی دوایی فاتیمە، خوای لێ‌ڕازی بێت، کە پاش شەش مانگ لە کۆچی دوایی باوکی ئەمیش کۆچی دوایی کرد.[2]

عەلی لەو شەش مانگەدا هەردەم لەگەڵ ئەبوبەکر بووە ﷺ و لە هیچ کاتێکدا لێی جیانەبوە و لە کۆڕ و کۆبونەوەکانی دانەبڕاوە. لە ڕاوێژ و بەڕێوەبردنی کاروباری موسڵماندا بەشداری دەکرد.

هۆی توڕەبونی فاتیمە لە ئەبوبەکر و، ڕەوابونی ئەبوبەکر لەو کارەدا

ئەوەشی فاتیمەی لە ئەبوبەکر توڕە کردبوو، داواکردنی میراتی باوکی بوو لە ئەبوبەکر، ئەویش پێی ڕاگەیاندبوو کە پێغەمبەری خوا ﷺ هیچ میراتێکی بەجێ نەهێشتووە.

١ـ البداية والنهاية ٥: ٢٥٠.

٢ـ البداية والنهاية ٥: ٢٨٦.

ئەبوهورەیرەﷺ لە پێغەمبەری خواوەﷺ دەگێڕێتەوە کە گوتویەتی: میراتی من لە دینار و درهەم بەش بەش ناکرێ، ئەوەی لەدوای نەفەقەی خێزانەکانم و هاوکاری کاربەدەستەکانم دەمێنێتەوە صەدەقەیە.

عائیشە، خوای لێ‌رازی بێت، گوتویەتی: کاتێ پێغەمبەری خواﷺ کۆچی دوایی کرد، خێزانەکانی کۆبونەوە، ویستیان عوسمان بنێرن بۆ لای ئەبوبەکر، بۆ ئەوەی داوای میراتی لێبکەن!

عائیشە پێی وتن: ئەدی پێغەمبەری خواﷺ نەیفەرمووە: ئێمە میراتیمان لێ ناگیرێ، ئەوەی جێی دەهێڵین بۆ خێر و صەدەقەیە؟

ئیتر لەسەر ئەوە رێککەوتن.

فاتیمە داوای میراتی پێغەمبەر دەکات لەگەڵ ئەوەیکە میراتی لێ ناگیرێ

(عروەی کوری زوبەیر)ﷺ دەگێڕێتەوە کە: (فاتیمە)و (عەباس) چوون بۆلای ئەبوبەکرﷺ تکای بەشەمیراتی خۆیانیان دەکرد لە هی پێغەمبەر بەو مەبەستەی زەویەکەی (فەدەك)وپشك(سهم)ی خەیبەریان پێبدات..

ئەبوبەکریش پێی گوتن: من لە پێغەمبەری خوامﷺ بیستووە فەرمویەتی: ئێمە میراتمان لێ ناگیرێ، ئەوەی بەجێی دەهێڵین سەدەقەیە، کەس وکاری موحەممەدیش لەم ماڵە بەشیان دەدرێ! بەخوا من هیچ کارێك وازناهێنم گەر ببینیێتم پێغەمبەری خواﷺ ئەنجامی دابێ، منیش هەر ئەنجامی دەدەم.

(فاتیمە) تورە بوو، قسەی لەگەڵ (ئەبوبەکر)دا بڕیﷺ.[1]

پێش وەفاتی فاتیمە، ئەبوبەکر رازی دەکا

پێش ئەوەی (فاتیمە)، خوای لێ‌رازی بێت، کۆچی دوایی بکات، (ئەبوبەکر) چووە ماڵەکەی و رازی کرد!

(عامری شەعبی) وتویەتی: کاتێ (فاتیمە)، خوای لێ‌رازی بێت، نەخۆش کەوت، ئەبوبەکر چوو بۆ لای، داوای مۆڵەتی لێکرد..

عەلی بە (فاتیمە)ی وت: ئەوە ئەبوبەکرە و داوای مۆڵەتت لێ دەکا!

(فاتیمە) پێی وت: پێت خۆشە مۆڵەتی بدەم؟

گوتی: بەڵێ.

١ـ البداية والنهاية ٥: ٢٨٥.

(فاتیمە) مۆڵـەتی ئەبوبـەکری دا، ئـەویش هاتـە خزمـەتی و داوای ڕازیبونی لێکرد و پێی وت: بەخوا خانو و ماڵ و کەس وکار و هۆزم تەنها لەپێناوی ڕازیبونی خوا و ڕازیبونی پێغەمبەری خوا و ئێوە ئەی ئەهلی بەیت بەجێ هێشتووە!

بەردەوام داوای ڕازیبونی لێدەکرد تا ڕازی بوو!![1]

عەلی لەدوای کۆچی فاتیمە جارێکیتر بەیعەت دەدا

کاتێك (فاتیمە)، خوای لێ ڕازی بێت، کۆچی دوایی کرد، عەلی چوو بۆ لای (ئەبوبەکر) لە مزگەوت، لەپێش موسڵماناندا قسەی لەگەڵ کرد، مافی (ئەبوبەکر)ی بە گەورە نیشان دا، فەزڵ و پێشینەی لە ئیسلامدا باس کرد، پاشان بەیعەتی پێداﷺ.

ئا ئەمە دووەم بەیعەتی عەلی بوو بۆ ئەبوبەکر لەدوای کۆچی دوایی (فاتیمـە)، وەك تەئکیدکردنـەوەی ڕێکەوتنەکـە.[2] بـەڵام بەیعـەتی یەکـەمی ڕۆژی سێشـەممەی دووەم ڕۆژی کۆچـی دوایـی پێغەمبـەری خـواﷺ بـە ئەنجام گەیشـتبوو، هـەروەك هـاوەڵان دەیگێڕنـەوە و ئیمـامی (موسـلیم)ی خاوەنی (جامع الصحیح)وماموٚستاکەی ئیمـام (ئیبن خزیمـە) تـەرجیحی دەدەن!

وایان زانی بەیعەتی یەکەمە

بـەڵام کاتـێ بەیعـەتی دووەمـی عـەلی درا بـە ئەبوبـەکر، هەنـدێ لـە گێڕەرەوەکان گومانیان برد عەلی لە پێشدا بەیعەتی نەدابێ. بەڵام دروست ئەوەیـە کـە فەرموودەناسـان و گێـڕەرەوە جێمتمانـەکانی وەك ئیمـامی موسلیم ڕەحمەتی خوایان لێبی فەرمویانە.[3]

١ـ البداية والنهاية ٥: ٢٨٩.

٢ مەبەست ڕێکەوتنی فاتیمە و ئەبوبەکرە.. (وەرگێڕ).

٣ البداية والنهاية ٥: ٢٨٦.

بۆ درێژەی ڕوداوی کەپری (بەنی ساعیدە)وبەیعەتی یەکەم و دووەمی ئەبوبەکر و بەیعەتی یەکەم و دووەمی عەلی بۆی، سەیری ئەم سەرچاوانە بکە:

١ـ (الروض الأنف)ی سوهەیلی، ڕاڤەی (سيرة ابن هشام). ٧: ٥٥١ـ٥٥٧.

٢ـ (مسند احمد بن حنبل) بە تحقیقی (شعيب الأرناؤوط) ١: ٤٤٩ـ٥٥٤.

٣ـ (تاريخ الطبري) ٣: ٢٠٣-٢١١.

یارمەتی خوایی بۆ موسڵمانان لە هەڵبژاردنی ئەبوبەکر بە خەلیفە

خوای گەورە خێری بۆ موسڵمانان ویست، کاتێ خستیە دڵیانەوە کە ئەبوبەکرﷺ بە خەلیفە بۆ خۆیان هەڵبژێرن.

لەراستیدا ئەبوبەکر واجبێکی قورس و ئەرکێکی گەورەی لەپێشدا بوو، بۆ چەسپاندنی پایەکانی دەوڵەتی خیلافەت و چارەسەری گرفتە تووشهاتو و ترسناکەکان، کە لە ئەنجامی کۆچی پێغەمبەری خواوەﷺ هاتەکایەوە.

خوای گەورە ئەبوبەکری سەرکەوتوو کرد بۆ ڕای پەسەند، لەو هەموو کاروبار و ڕووداو و گرفتانەی کە ڕووبەڕووی بونەوە.

ئەبوبەکر لەلایەن ڕاجیاواز و هەڵگەڕاوە و یاخیبوانەوە ڕووبەڕووی چەندەها سازشکاری و فریودان و پێشنیاری سەیر و سەمەرە هات، بۆ ئەوەی واز لە خۆی و موسڵمانان بهێنن، هەندێ لە هاوەڵانیش مەیلی بەلای ئەو پێشنیار و سازشانەدا چوو، تا ئەو کاتەی موسڵمانان بەهێزتر دەبن.

خوای گەورە ئەبوبەکری بۆ ڕای پەسەند سەرکەوتوو کرد

بەڵام خوای گەورە نای بە دڵی ئەبوبەکرەوەﷺ تا هەموو ئەو شتانەی خستیانە بەرچاوی و ئەو سازشانە پەسەند نەکا و تەنازول نەکات و، جێگیر و چەسپاو بێت لەسەر کیتاب و سوننە و ڕێژین(سیرە)ی پێغەمبەری خواﷺ.

ئەگەر ئەبوبەکر ئاماژەی هەندێ لە هاوەڵانی وەربگرتایە بەوەی لەگەڵ یاخی بوان هەڵی بکردایە و نەرم و نیان بوایە و لەگەڵ زەکات نەدەران و هەڵگەڕاوەکاندا ڕێك بکەوتایە، ئەوا هەر لە ڕۆژانی یەکەمیەوە دەوڵەتی ئیسلامی شەرعیەتی لە دەس دەدا و دەوڵەتی ئیسلامی لە پابەندی ورد و بەرچاو ڕۆشنانەی بە کیتاب و سوننەوە لایدەدا.

ڕەزای خوا لە ئەبوهورەیرە بێ کاتێ کە وتی: سوێند بەو خوایەی کە جگە لە خۆی پەرستراوێکی تر نیە کە شایەنی پەرستن بێ، ئەگەر ئەبوبەکر خەلیفە نەبوایە، خودا نەدەپەرسترا!

سەردەمی ئەبوبەکر پەهەژان و گرفت دەستی پێکرد

سەرەتای خەلافەتی ئەبوبەکر بە کۆمەڵێك هەژاندنی توندوتیژ و گرفتی

---

٤ (البداية والنهاية)ی ابن كثير ٥: ٢٤٥-٢٥٤ و ٥: ٢٨٥-٢٩١. زۆربەی پشت پێبەستنەکانم لەسەر گێڕانەوەکانی (ابن كثير)و تەرجیح و تەحقیقە بەنرخەکانی بوە.(رحمه الله)

توند دەستی پێکرد، بەڵام خوای گەورە هاوکاری کرد لە دامەزراندن و جێگیربون و جوان چارەسەرکردنێکی پابەندانە بە کیتاب و سوننەوە.

لەو گرفتە توندانەی ڕوبەڕوی ئەبوبەکر بویەوە:

ترسناکترینی ئەو چوار گرفتەی ڕوبەڕوی بویەوە..

١) گرفتی کۆچی دوایی پێغەمبەری خواﷺ. لەپێشدا هەڵوێست و چارەسەری ئەومان باس کرد لەو تروسکە مێژوییەی ڕابورد.

٢) گرفتی هەڵبژاردنی خەلیفە و کۆبونەوەی خەڵکی لەسەری و زاڵبون بەسەر تۆوی ناکۆکی و دوبەرەکی و دەستکەوتنی ڕازیبونی پشتیوانان و ڕازیبون و بەیعەتدانی (ئالی بەیت) وێنەی (عەباس)و(عەلی)ﷺ، لە پێشیشدا قسەمان لەسەر چۆنیەتی چارەسەرکردنی ئەم گرفتەمان کرد.

٣) گرفتی بەڕێکردنی سوپای ئوسامە.

٤) گرفتی سازشکار و پێشنیارەکانی زەکات نەدەران.

وەستانی سوپای ئوسامە بەهۆی نەخۆشی و کۆچی دوایی پێغەمبەرەوە

بەڵام بابەتی سوپای ئوسامە، هەروەك دەزانین پێغەمبەری خواﷺ ئاراستەی سوپای (ئوسامەی کوڕی زەید)ی کردبوو ڕووەو (بلقاء)ی وڵاتی شام بڕوا، بۆ ئەوەی لەوێ ڕوبەڕووی ڕۆم بێتەوەو تۆڵەی باوکی (زەیدی کوڕی حاریثە)ش بسێنێ کە لەوێ و لە جەنگی (مؤتة)دا شەهید ببوو.

سێ هەزار خەباتکاری موسڵمانی لەگەڵدا بوو، تیایاندا گەورە هاوەڵانی وێنەی (عومەری کوڕی خەتتاب) بووﷺ. کاتێ سوپا دەستی کرد بە ڕۆیشتن، پێغەمبەری خواﷺ نەخۆشی مردنی گرت، ئوسامەش سوپاکەی لە ناوچەی (الجرف)ی نزیك بە مەدینە مۆڵ دا، تا بزانێ حاڵ و باڵی پێغەمبەری خواﷺ چۆن دەبێ؟

کاتێ کە پێغەمبەری خواﷺ کۆچی دوایی کرد، سوپاکەی ئوسامەش لە ڕۆیشتن کەوت، بەڵام دوای کۆچی دوایی پێغەمبەری خواﷺ گرفتەکان لەسەر موسڵمانانی مەدینە زیاتر بوو. کاتێ کە دووڕوویی لە مەدینەدا بەدەرکەوت، هۆزە عەرەبەکانی دورگەی عەرەبی و دەوری مەدینە هەڵگەڕانەوە و چەندەها کەسی درۆزن بە دەرکەوتن کە بانگەشەی پێغەمبەرایەتیان دەکرد، هەندێ لە عەرەبەکان زەکاتیان نەدا، دوژمن و

هەڵگەڕاوە و زەکات نەدەران و یاخیبوان کۆمەڵیان کۆوە کرد بۆ هەڵکوتانە سەر خەلیفە و داگیرکردنی مەدینە و دەستگرتن بەسەر خەلافەت دا.

ئاماژەیان بۆ ئەبوبەکر کردکە سوپای ئوسامە هەڵوەشێنێتەوە

گەورە هاوەڵانی دەوری خەلیفە ئەبوبەکری صدیق‌ﷺ تێبینی ئەم مەترسیانەیان دەکرد، کە چاوی تێبڕیبون، وای بۆچوون سوپای ئوسامە بە هەرسێ هەزار موجاهیدەکەوە لەناو مەدینە بمێننەوە بۆ ڕووبەڕووبونەوەی دەستە داگیرکەرەکان.

هەر بۆیە ئاماژەیان دایە ئەبوبەکر کە سوپاکە بهێڵێتەوە و نەینێرێ بۆ شام، هەروەك کە پێغەمبەری خواﷺ فەرمانی کردبوو بەڕێ بکەوێ، وایان دەبینی حیکمەت لەوەدا نیە سوپاکە لە مەدینە بچێتە دەرەوە و لەم بارودۆخە ناسکەشدا مەدینە لە باشترین پیاوەکانی کە سێ هەزار کەسن چۆڵ بکرێ!!

سووربونی ئەبوبەکر لەسەر بەڕێکردنی سوپاکە

بەڵام ئەبوبەکر بە ئاماژەکردنەکەیان ڕازی نەبوو، هەرچەندە هاوبەش و هاوهەستی مەترسیەکان بوو، هەستی بە ترسناکی هەڵوێستەکە دەکرد. بەڵام چۆن لیوایەك هەڵوەشێنێتەوە کە پێغەمبەری خواﷺ گرێی دابێت؟! چۆن سەرەدەمی خۆی بە هەڵوەشاندنەوەی فەرمانێك دەست پێ بکا کە پێغەمبەری خواﷺ دەری کردووە؟ ئەی چۆن سوپایەك بوەستێنێ کە پێغەمبەری خواﷺ پێکی هێنابێ؟

پێویستە سوپاکە بخرێتە ڕێ، هەروەك پێغەمبەری خواﷺ فەرمانی دابوو، دوای ئەوە هەرچیەك دەبێ با ببێ، دیارە هەر چاکەش دەبێ، چونکە خوا ئومەتێك تێك نادا لە کاتێکدا فەرمانی پێغەمبەری خواﷺ جێبەجێ دەکا!!

عائیشە بەسەرهاتی سوپای ئوسامە دەگێڕێتەوە

(عروەی کوڕی زوبەیر) لە (عائیشە)وە، خوای لێ‌ڕازی بێت، دەگێڕێتەوە کە وتویەتی: کاتێ بەیعەت بە ئەبوبەکر درا و پشتیوانانیش لەسەر ئەوە کۆك بون، عەرەب سەرجەم هەڵگەڕانەوەو دووڕوویی بەدەرکەوت، جولەکە و گاوریێتی سەریان بەرز کردەوە، موسڵمانانیش بەهۆی کۆچی دوایی پێغەمبەرەکەیانﷺ و کەمی خۆیان و زۆری

دوژمنیان، وەك مەڕی بەر لێزمەبارانی شەوەزەنگیان لێهاتبوو.

ئەبوبەکر گوتی: با سوپای ئوسامە ئامادەبێ و، بەرێ بخرێ.

ئەوانەی لە دەوری بون وتیان: لە راستیدا سوپای ئوسامە زۆرینەی موسڵمانانی بەردەستی تۆیە، عەرەبیش هەڵگەڕاونەتەوە، ناکرێ کۆمەڵی موسڵمانان پەرتەوازە بکەی، پێویستە لەلای خۆت بمێننەوە!

ئەبوبەکر گوتی: بەخوا لیوایەك هەڵناوەشێنمەوە پێغەمبەری خوا گرێی دابێت، سوێند بەوەی نەفسی منی بەدەستە، ئەگەر بزانم دڕندەکان دەمرفێنن، سوپای ئوسامە دەخەمە رێ، هەروەك چۆن پێغەمبەری خواﷺ فەرمانی کردبوو، ئەگەر لە مەدینە تەنها خۆم مابێتمەوە ئەوا دەیخەمە رێ.

هەروەها ئەبوبەکر وتی: من سوپایەك بوەستێنم و گێڕدەم کە پێغەمبەری خواﷺ ناردویەتی، ئەگەر وا بکەم ئەوە جورئەتی کارێکی گەورەم کردوە!

سوێند بەوەی نەفسی منی بە دەستە، ئەگەر هەموو عەرەب بەسەرمدا دەن، پێم خۆشترە لەوەی سوپایەك گێڕدەم و بوەستێنم پێغەمبەری خواﷺ خستویەتیە رێ.

ئوسامە! بکەوە رێ بەرەو ئەو شوێنەی فەرمانت پێکراوە، لەو شوێنەوە بجەنگێ کە پێغەمبەری خواﷺ فەرمانی پێکردی، لەلای فەلەستینەوەو بۆ سەر خەڵکی (مۆتە)، بشزانە لەدوای تۆ خوا دەمان پارێزێ!!

سوپای ئوسامە ئامادەی رۆیشتن کرا، ئەبوبەکر چوو بۆ (جرف) بۆ بینین و ئامۆژگاری پێدانیان.

ئەبوبەکر بە پیادە سوپا دەخاتە رێ و داوای مۆڵەتی مانەوەی عومەر لەلای خۆی دەکا

ئەبوبەکر بە پیادە دەرۆیشت بۆ لایان، لەکاتێکدا سەرکردەی سوپا (ئوسامەی کوڕی زەید) -کە تەمەنی لە بیست خوارتر بوو- بە سواریی بوو.

ئوسامە ئەمەی بە گونجاو نەزانی، چۆن دەبێ ئەو بە سواریی بێ و خەلیفەی موسڵمانان ئەبوبەکر بەپێ بڕوا.

ئوسامە بە ئەبوبەکری وت: یا ئەوەتا سوار بە، یاخود منیش بە پیادە

دەڕۆم!!

ئەبوبەکر پێی وت: بەخوا نە سەرەکەوم و نە تۆش دادەبەزی، چیم لێ دێ گەر سەعاتێك لە پێناوی خوادا پێیەکانم تۆزاوی بن!!

لەبەر ئەوەی (عومەری کوڕی خەتتاب) سەربازێك بوو لە سوپای ئوسامەدا، ئەبوبەکریش پێویستی بە عومەر بوو بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری موسڵمانان، بۆیە ئەبوبەکر مۆڵەتی لە ئوسامە خواست تا عومەر لای خۆی بهێڵێتەوە، ئەبوبەکر پێی وت: ئەگەر پێت باش بێت عومەر لە مەدینە لای خۆم بمێنێتەوە!!! ئوسامەش ڕەزامەندی لەسەر ئەمە دەربڕی.

گەڕانەوەی سوپاکەی ئوسامە بە سەرکەوتویی پاش شەست ڕۆژ

ئوسامە بە سوپاکەیەوە ڕۆیشت تا گەیشتە سنوری (بلقاء)، خوارووی وڵاتی شام، لەوێ هەڵی کوتایە سەر عەرەبەکانی ئەوێ، ئەوانەی هاوکار و بەکرێگیراوی ڕۆمەکان بون، ئوسامە بەخۆی و سوپاکەیەوە شەست ڕۆژ ون بون، پاشان بە غەنیمەت و سەرکەوتوییەوە بۆ مەدینە گەڕانەوە.

حیکمەت لە دید و بۆچوونی (ئەبوبەکر) لە بەڕێکردنی سوپاکەی ئوسامە و هەڵنەوەشاندنەوەی لیوایەك کە پێغەمبەری خواﷺ گرێی دابوو هەبوو.

ئەم حیکمەتەش ئەبوهورەیرە ڕوونی دەکاتەوە کاتێ وتی: سوێند بەو خوایەی جگە لە خۆی پەرستراوێکی تر نیە، ئەگەر ئەبوبەکر هەڵنەبژێررایە بە خەلیفە، خودا نەدەپەرسترا! لەسەر ئەمە سێ جار سوێندی خوارد.

پێیان وت: ئەبوهورەیرە! بۆ؟

وتی: پێغەمبەری خواﷺ (ئوسامەی کوڕی زەید)ی ئاراستەی شام کرد، بەڵام کاتێ گەیشتنە (ذي خشب) پێغەمبەری خواﷺ ڕۆحی کێشرا، عەرەبەکانی دەوری مەدینە هەڵگەڕانەوە.

هاوەڵانی پێغەمبەری خواﷺ لە دەوری ئەبوبەکر کۆبونەوەو پێیان وت: ئەبوبەکر! سوپای ئوسامە بگێڕە دواوە! چۆن دەیاننێری بۆ بەردەمی ڕۆم لەکاتێکدا عەرەب هەڵگەڕاونەتەوە؟

ئەبوبەکر گوتی: سوێند بەو خوایەی جگە لەو پەرستراوێکی تر نیە،

گەر سەگ قاچی خێزانەکانی پێغەمبەری خواﷺ بەکێش کەن، سوپایەك ناگێڕمەوە پێغەمبەری خوا ئاراستەی کردبێ و لیوایەك هەڵناوەشێنم پێغەمبەری خواﷺ گرێی دابێ!!

کاتێ سوپای ئوسامە بەرەو شام ڕۆیشت، بەلای هەر هۆزێکی عەرەبدا دەڕۆیشتن، دەیان وت: ئەگەر بڕوادارەکان لە مەدینەدا بەهێز نەبونایە، ئەم سوپایەیان بەڕێ نەدەخست.

ئەو هۆزانە ترسیان لێ نیشت و کۆڵیان دا لە ڕووبەڕووبونەوەی موسڵمانانی مەدینە.

ئەمەش فەزڵ و گەورەیی دامەزراویە لەسەر بەرنامەی پێغەمبەری خواﷺ، هەروەك (صدیق) ئەنجامی دا!!

گرفتی زەکات نەدەرەکان لەبەردەم ئەبوبەکردا

گرفتی چوارەم زەکات نەدانی هەندێك و، خستنەپێش چاوی هەندێ پێشینار و سازش بوو بۆ (ئەبوبەکر)، هەڵوێستی ئەبوبەکریش، سەرەڕای ئەو بارودۆخە قورسەی کە تیایدا دەژیا، دامەزراوی لەسەر هەق و تەنازل نەکردن لە هیچ بەشێك و، سازش نەکردن یا موداهەنە نەکردن بوو!

هۆزە عەرەبەکان یا هەڵگەڕاوە یا زەکات نەدەر بون

(موحەممەدی کوڕی ئیسحاق) وتویەتی: لەکاتی کۆچی دوایی پێغەمبەرداﷺ جگە لە خەڵکی مەککە و مەدینە، هەموو عەرەب پاشگەز بونەوە:

(أسد و غطفان) پاشگەزبونەوەو سەرکردەکەیان (طەلحەی کوڕی خوەیلدی ئەسەدی) بوو.

(کندە) پاشگەزبوویەوەو سەرکردەکەیان (ئەشعەثی کوڕی قەیسی کیندی) بوو.

(ربیعە) پاشگەزبونەوە و سەرکردەکەیان(مەعروری کوڕی نوعمان) بوو.

(حنیفە) پاشگەزبونەوەو سەرکردەکەیان (موسەیلەمەی کوڕی حەبیب)ی درۆزن بوو.

(سُلَیم) پاشگەزبونەوەو سەرکردەکەیان (الفَجاءة بن عبد یالیل) بوو.

(تمیم) پاشگەزبونەوەو سەرکردەکەیان (سوجاجی کچی حارث) بوو.

(قاسمی کوڕی موحەممەدی کوڕی ئەبوبەکر) وتویەتی: (اسد)و(غطفان)و(طيء) لەسەر (طولەیحەی کوڕی خوەیلیدی ئەسەدی) کۆبونەوە و چەند وەفدێکیان نارد بۆ مەدینە تا لەگەڵ ئەبوبەکر و موسڵماناندا لەسەر نەدانی زەکات ڕێك بکەون.

چەند پێشنیارێك بۆ ئەبوبەکر تا نوێژیان پەبێ زەکات لێ پەسەند بکات

وتیان: بەڵام نوێژ، ئەوە جێبەجێی دەکەین و ئەنجامی دەدەین، بەڵام زەکات نادەین، چونکە جزیەیە، ئێمە کاتی خۆی زەکاتمان دەدا بە پێغەمبەری خواﷺ، بەڵام کە ئەو مرد، ئەوا لەپاش ئەو نایدەین بەهیچ کەس.

زەکات نەدەرەکانی هۆزە عەرەبەکات زۆر بون، زەکات نەدەران ئەم ئایەتەیان بە بەڵگە دەهێنایەوە بۆ زەکات نەدانەکانیان:

﴿خُذْ مِنْ أَمْوَالِهِمْ صَدَقَةً تُطَهِّرُهُمْ وَتُزَكِّيهِمْ بِهَا وَصَلِّ عَلَيْهِمْ إِنَّ صَلاَتَكَ سَكَنٌ لَهُمْ: لە داراییەکی هەیانە سەدەقەیان لێ وەرگرە، تا بەوە پاك و خاوێنیان بکەیتەوە. نزای باشیان دەرهەق بکە، نزای تۆ ئۆقرەیە بۆ وان.﴾التوبة:١٠٣.

وتیان: ئێمە تەنها زەکات بە کەسێك دەدەین کە نزای ئۆقرەو ئارامی بێت بۆمان، کە ئەوەش پێغەمبەری خوایەﷺ، جا کاتێ مردووە، پاش ئەو نایدەین بە هیچ کەس.

یەك لە شاعیرەکانیان بەشیعر دەیوت:

أطعنا رسول الله ما كان بيننا   فيالعبـاد الله: مـا لأبـي بكـر؟

أيورثـنا بكراً إذا مـات بعده   وتلك لعمـر الله قاصـمة الظهـر!

گەورە هاوەڵان مەیلیان بەلای نەرم و نیانیدایە

هەندێ لە هاوەڵان نەرم و نیانیان لەگەڵ زەکات نەدەرەکاندا پێ باشتر بوو، کە بەنوێژکردن وازیان لێبهێنرێ و لەئاست زەکات نەدانیان بێدەنگی بنوێنرێ، چونکە کاتێ کە بڕوا لە دڵیاندا بەهێز دەبێ زەکاتەکە دەدەن.

چەسپاوی ئەبوبەکر سوربونی لەسەر حەق

بە ئەبوبەکریان وت: وازیان لێبێنە لەوەی کە زەکات نادەن، تەنها بەنوێژ پەسەندیان بکە و دڵیان ڕاگرە، تا ئیمان لە دڵیان دامەزراو دەبێ، پاش ئەوە زەکات دەدەن!!

ئەبوبەکر ﷺ وەڵامێکی کەسێکی دانەوە کە لەسەر هەق دامەزراوە و لێی دلنابەزێ و سازشی لەسەر ناکا:

بەخوا ئەگەر بزنێك –یا ئەو پەتەی کە وشتری زەکاتی پێ دەبەسترێتەوە– پێم نەدەن کە پێشتر دەیاندا بە پێغەمبەری خوا ﷺ، ئەوا لەسەر نەدانی لەگەڵیان دەجەنگم، لەراستیدا زەکات مافی ماڵە، بەخوا دەجەنگم لەگەڵ کەسانێك جیاوازی دەخەنە نێوان نوێژ و زەکاتەوە.!

گفتوگۆی ئەبوبەکر لەگەڵ عومەر لەبارەی جەنگان لەگەڵ زەکات نەدەرەکان

جا کاتێ ئەبوبەکر ویستی لەگەڵ زەکات نەدەران بجەنگێ، لەو بارەیەوە عومەر گفتوگۆی لەگەڵ کرد، پاشتر عومەر بە ڕایەکەی ئەبوبەکر ڕازی بوو.

(ئەبو هورەیرە) ﷺ گوتویەتی: عومەر بە ئەبوبەکری وت: لەسەر چی لەگەڵیان بجەنگین، لە کاتێکدا پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: (فەرمانم پێکراوە لەگەڵ خەڵکدا بجەنگم تا شاهێدی دەدەن کە هیچ پەرستراوێك نیە جگە لەخوا و، موحەممەدیش نێرراوی خوایە، ئەگەر ئەمەیان وت، خوێن و ماڵیان لێم حەرام دەبێ، مەگەر بە مافی خۆی نەبێ)؟!

پاشان کۆك بونی عومەر لەگەڵ ئەبوبەکر

ئەبوبەکر گوتی: بەخوا ئەگەر بزنێك –یا ئەو پەتەی کە وشتری زەکاتی پێ دەبەسترێتەوە– پێم نەدەن کە پێشتر دەیاندا بە پێغەمبەری خوا ﷺ، ئەوا لەسەر نەدانیان لەگەڵیان دەجەنگێم، لەراستیدا زەکات مافی ماڵە، بەخوا لەگەڵ کەسانێك دەجەنگم جیاوازی دەخەنە نێوان نوێژ و زەکاتەوە.

عومەر وتی: هەر ئەوەندەبوو کە هەستم کرد خوای گەورە سینەی ئەبوبەکری بۆ جەنگان گوشاد کردووە، جا زانیم ئەو لەسەر حەقە!!

(عومەری کوڕی خەتتاب) ڕوکار(ظاهر)ی فەرمودەکەی وەرگرتبوو، بەو شێوەیەی هاتووە کە دان دەنێ بە پاراستنی خوێنی هەرکەسێك کە گۆ بە شایەتمان دەکا.

لەجەنگی زەکات نەدەرەکاندا، ئەبوبەکر پێکابووی

سەرنجی ئەو تێبینیە گرنگەی نەدا کە ئەبوبەکر هەستی پێی کردبوو، لە پەیوەست کردنی نوێژ بە زەکاتەوە و جیاوازی نەخستن لە نێوانیاندا و چەسپان لەسەر هەق و دانەبەزین لە هیچ بەشێکی.

لە ڕاستیدا ئەبوبەکر پێکابووی، هەر بۆیە خوای گەورە سینگی عومەر

و هاوەڵانی بۆ ئەو هەقەی کە لەگەڵ ئەبوبەکر بوو گوشاد کرد، سەرەنجام هەموویان هاوەدەنگ بون لەسەر جەنگی زەکات نەدەران، ئەگەر بە پاشگەزبووەوە و هەڵگەڕاوەش دانەنرێن.

خوای گەورە فەرمویەتی: ﴿فَإِنْ تَابُوا وَأَقَامُوا الصَّلَاةَ وَآتَوُا الزَّكَاةَ فَخَلُّوا سَبِيلَهُمْ: ئەگەر تەوبەیان کرد و نوێژیان بەجێهێنا و زەکاتیان دا، ئەوا ڕێیان لێ مەگرن.﴾التوبة/٥.

(ئیبن عومەر) لە پێغەمبەری خواوەﷺ دەگێڕێتەوە کە فەرمویەتی: ئیسلام لەسەر پێنج شت بنیات دەنرێ: شایەتیدان بەوەی کە هیچ پەرستراوێك نیە جگە لە خوا و موحەممەدیش پێغەمبەری خوایەﷺ، و بەجێهێنانی نوێژ و زەکات دان و حەجی ماڵی خوا و ڕۆژوی ڕەمەزان.

ئایەت و فەرمودەکە نوێژ و زەکاتی پێکەوە هێناوەو جیاوازی نەخستۆتە نێوانیان.

بەڵکو بەپێی گێڕانەوەیەکی تری ئەو فەرمودەیەی کە (عومەر) بە بەڵگە هێناویەتیەوە هاویەکی لەنێوان شایەتمان و نوێژ و زەکات کردوە.

(عبداللهی کوڕی عومەر)ﷺ لە پێغەمبەری خواوەﷺ دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی: فەرمانم پێکراوە بە جەنگان لەگەڵ خەڵکیدا تا شایەتی دەدەن بەوەی کە هیچ پەرستراوێك نیە جگە لە خوا و موحەممەدیش نێرراوی خوایە، نوێژ جێبەجێ بکەن و زەکات بدەن، ئەگەر ئەمەیان ئەنجام دا ئەوا خوێن و ماڵیان پارێزراوە، مەگەر بە مافی ئیسلام و لێپرسینەوەشیان لەسەر خوایە!!

چی ڕوودەدا ئەگەر ئەبوبەکر لەگەڵیان نەرم بوایە؟!

هەرکاتێ بیر لە هەڵوێستەکەی (ئەبوبەکر)ﷺ دەکەینەوە لە گرفتی زەکات نەدان و دەمەزراو بونی لەسەر هەق، ئێمە پێی ڕازین، حاڵی موسڵمانان دەبوایە چۆن بوایە ئەگەر لەگەڵ زەکات نەدەراندا سازش و مەرایی بکردایە و لەسەر هەندێ هەق دابەزیایە؟! کەواتە دامەزراوی لەسەر هەق بەم شێوەیە دەبێ.[1]

---

[1] لەسەر هەڵوێستی ئەبوبەکر بەرامبەر زەکات نەدەران سەیری ئەم سەرچاوانە بکە:

جێگیربونی کاروبار لەسەردەمی ئەبوبەکردا

لە سەردەمی ئەبوبەکری صدیقدا ﷺ کاروباری دەوڵەتی ئیسلامی جێگیر و ئارام بوو، لەگەڵ زەکات نەدەرەکان جەنگا و شەڕی هەڵگەڕاوەکانی کرد و بەسەر بانگەشەکارانی پێغەمبەرایەتیدا زاڵ بوو، (ئەسوەدی عەنسی) لە یەمەن و (موسەیلەمە)ی درۆزن لە یەمامە کوژران و (طولەیحەی کوڕی خوەیلیدی ئەسەدی)و(سوجاجی کچی حارثی تەمیمی) بۆ ئیسلام گەڕانەوە.

دوو بەرەی جیهادی لە سەردەمی ئەودا

لە خەلافەتی ئەبوبەکرﷺ دەستکرا بە رزگارکردنە ئیسلامیەکان(الفتوحات الإسلامیة)، ئەبوبەکر مۆڵەتی دا دوو بەرەی جیهادکردن دژ بە کافران بکرێتەوە:

بەرەی عێراقی

بەرەی یەکەم/ بەرەی عێراقی بۆ جیهادی فارسەکان.

موجاهیدەکان بە سەرکردایەتی موجاهیدی رزگارکەر (موثەنای کوڕی حارثەی شەیبانی) چەندەها جەنگی توندی دژ بە فارسەکان ئەنجام دا و تیایدا خوای گەورە سەرکەوتن و سەرفرازی کردە بەشی موسڵمانان.

کاتێکیش (خالیدی کوڕی وەلیدﷺ) لە جەنگی هەڵگەڕاوە و زەکات نەدەرەکانی دورگەی عەرەبی لێبویەوەو زاڵ و سەرکەوتوو بوو بەسەر (موسەیلەمەی درۆزن)وسوپاکەیدا، ئەبوبەکر فەرمانی پێکرد ڕووەو بەرەی عێراق بکشێ بۆ ئەوەی سەرکردایەتی موسڵمانانی تێدا بگرێتە دەست و هەستێ بە جیهادی فارسەکان.

(موثەنای کوڕی حارثە)وسوپاکەی هاتنە پاڵ سوپاکەی خالید.. لێرەوە خالید و برا موجاهیدەکانی چەندەها جەنگی سەرکەوتوانەیان دژ بە فارسەکان ئەنجام دا.

بەرەی شام

بەرەی دووەم/ بەرەی شام بوو، کە لەوێ جیهاد دژ بە ڕۆمەکان بوو، کە بەهێزترین دەوڵەتی جیهانی ئەو سەردەمە بوو.

ئەبوبەکری صدیقﷺ چوار سوپای بە سەرکردایەتی چوار هاوەڵی گەورە نارد کە (ئەبوعوبەیدەی کوڕی جەڕاح)و(عەمری کوڕی

البداية والنهاية لأبن كثير ٦: ٣١١-٣١٤، شرح النووي لصحيح مسلم ١: ٢٠٠-٢١٠.

عاص)و(یەزیدی كوڕی ئەبوسوفیان)و(شەرحەبیلی كوڕی حوسنە) بون.

لە بەرەی شامدا چەندەها جەنگ لەگەڵ ڕۆمەكاندا ڕویان دا، پاشان جەنگی یەكلاكەرەوەی (یەرموك) ڕویدا كە ئەبوبەكر لەو كاتەدا كۆچی دوایی كرد.

خەلافەتی ئەبوبەكر كورت بوو

سەردەمی ئەبوبەكرﷺ درێژ نەبوو، كۆچ كردنەكەی لە ڕۆژی سێشەممەی ٢٢ی (جمادي الآخرة)ی ١٣ی كۆچی بوو، واتە خەلافەتەكەی دوو ساڵ و سێ مانگ و دە ڕۆژ بوو.

لەكاتی وەفاتیدا تەمەنی شەست و سێ ساڵ بوو، كە هەر لەو تەمەنەدا پێغەمبەری خواش وەفاتی كرد.

ئەبوبەكرﷺ زۆر خەمبار بوو بە كۆچی دوایی پێغەمبەری خواﷺ.

هۆی مردنی ئەبوبەكر

(عبداللهی كوڕی عومەرﷺ) گوتویەتی: هۆی مردنی ئەبوبەكر، كۆچی دوایی پێغەمبەری خواﷺ بوو، چونكە زۆر خەمی لێ دەخوارد و بەردەوامیش لاشەی لاواز دەبوو تاوەكو مرد، لەپێش كۆچی دواییدا تووشی تایەك هات.

عائیشە، خوای لێ ڕازی بێت، وتویەتی: ئەبوبەكرﷺ لە ڕۆژێكی سارددا خۆی شۆرد، بەو هۆیەوە تووشی تا هات، پانزە ڕۆژ پێوەی نەخۆش كەوت، نەیدەتوانی بچێت بۆ نوێژ لەو كاتەدا عومەری كوڕی خەتتاب پێشنوێژی خەڵكی دەكرد.

خەڵكی سەریان لێدەدا و زیارەتیان دەكرد و پێیان وت: ئەرێ پزیشكت بۆ بانگ نەكەین؟! گوتی: بینیومیەتی، وتیان: چی پێ وتی؟ گوتی: پێمی وت: (إني فعال لما أريد) بەراستی ئەوەی بمەوێ دەیكەم!!

ئەبوبەكر ماڵ دەگێڕێتەوە بۆ (بيت المال)

عائیشە گوتویەتی: كاتێ ئەبوبەكر نەخۆشی مردنی گرت، گوتی: سەیركەن بزانن لەوەتەی بوومەتە سەركردەی موسڵمانان چەندە ماڵم زیادی كردووە، پاش خۆم بینێرنەوە بۆ خەلیفە و، بیگەڕێننەوە بۆ (بيت المال)ی موسڵمانان.. من هیچم لەو ماڵە ناوێ.

كاتێ كە كۆچی دوایی كرد بینیمان بەندەیەكی (نوبی)ووشترێكی ئاوكێش و هەسانێك بۆ تیژكردنی شمشێر و پارچەقوماشێك كە پێنج

درهەم ناهێنێ بەجێی هێشتووە!!

ئێمەش ئەوانەمان بۆ لای (عومەری کوڕی خەتتاب) نارد تا لە (بیت المال)دا دایبنێ، کاتێ عومەر بینی دەستی کرد بە گریان و گوتی: ڕەحمەتی خوا لە ئەبوبەکر بێ، لەدوای خۆی، والیەکانی خۆی زۆر ماندوو دەکا!!

عائیشە، خوای لێ‌ڕازی بێت، گوتویەتی: کاتێ ئەبوبەکر لەسەرەمەرگا بوو، دانیشت و شایەتمانی هێنا و پاشان پێی وتم:

ئامۆژگاری ئەبوبەکر بۆ عائیشە و کەرامەتەکەی

کچەکەم! ئەوەی زۆر پێم خۆش بێ لەدوای خۆم دەوڵەمەند بێ تۆی، قورسترین کەسیش لام ناخۆش بێ هەژار بێ هەر تۆی، ئەگەر من بیست بار خورمام پێدابووی، لەو بەرەی کە لە دارخورماکەمی دەچنن، بەڵام ئەوانی تر دوو برا و دوو خوشکەکەت لەگەڵ تۆدا لەدوای من میرات دەگرن.

عائیشە وتی: ئەوانە هەردوو براکەمن، ئەی خوشکەکەم کێیە؟

وتی: ئەوەی لە سکی (کچی خارجە)دایە، من وا گومان دەبەم کچ بێت!

کاتێ مرد، ژنەکەی (کچی خارجە) کچێکی بوو ناویان نا (ئوم کەلثوم)!

ئەمەش کەرامەتێکە لە کەرامەتەکانی ئەبوبەکر کە هەواڵی داوە بەوەی خێزانە زگپڕەکەی (حەبیبەی کچی خارجەی کچی زەید) کچی دەبێ، ئەوەبوو لەپاش مردنیشی کچی بوو.

مەبەستی لە وتەکەی بۆ عائیشە: دوو برا و دوو خوشکەکەت. دوو براکەی (عبدالرحمن و موحەممەد)ودوو خوشکەکەی (ئەسما و ئوم کەلثوم) بوو.

عائیشە، خوای لێ‌ڕازی بێت، گوتویەتی: لەو ڕۆژەی ئەبوبەکر کۆچی دوایی تێدا کرد، پرسیاری لێم کرد پێغەمبەری خوا بە چەند جل کفن کرا؟ وتم: لە سێ جلدا.

کفن کردنی ئەبوبەکر لە کفنێکی کۆندا.

ئەبوبەکر بە عائیشەی وت: ئەم دوو جلەم بۆ بشۆن (ڕەنگ کرابون)و جلێکی تریشم بۆ بکڕن.

عائیشە وتی: باوکە! ئێمە حاڵمان باشە، ئەی بۆ سێ جلی نوێت بۆ

نەکرین!!

وتی: زیندوو لەمردوو شایستەترە بۆ شتی تازە، ئەمانە جلی کێم و زوخاون!!!

ئەبوبەکر لەدوای خۆی خەلیفەیەک دەپاڵێوێ

ئەبوبەکر خێری موسڵمانی لەوەدا دەبینی کە دەستنیشانی خەلیفەیەکیان بۆ بکا، ئەم جێنشینی کردنە بریتی نیە لە دیاریکردنی خەلیفەی پاش خۆی، بەڵکو پاڵاوتنی ئەوە بۆ خەلیفەیەتی، لەدوای خۆیشی کاروبار بۆ موسڵمانانە، جا یا ئەوەتانێ ئەو هەڵدەبژێرن کە خەلیفە پاڵاوتویەتی و بەیعەتی پێ دەدەن، یاخود پەسەندی ناکەن و جگە لەو هەڵدەبژێرن، بەو مانایەی بە خەلیفەبون لەدوای بەیعەت پێدانی خەڵکی تەواو دەبێ و بەئەنجام دەگات.

مێژوونوس (عیزەدینی کوڕی ئەثیر) لە کتێبە مێژووییەکەیدا (الكامل) باسێکی پوخت و بەسودی جێنشین کردنی عومەری لەلایەن ئەبوبەکرەوە ﷺ باس کردوە.

شایەتی ئیبن عەوف بۆ عومەر

(ئیبن ئەثیر) وتەیەتی: کاتێ ئەبوبەکر وەختی مردنی هات، (عبدالرحمنی کوڕی عەوف)ی بانگ کرد و پێی وت:

لەبارەی عومەرەوە هەواڵم بدەرێ.

عبدالرحمن گوتی: بەراستی ئەو لە هەموو ئەوانە باشترە کە تۆ بەشیاوی خەلافەتیان دەزانی، بەڵام توندوتیژیەکی تێدایە.

شایەتی ئیبن عەوف بۆ عومەر

ئەبوبەکر پێی گوت: توندوتیژیەکەی لەبەر ئەوەیە من بە نەرم و نیانی دەبینێ، ئەگەر کاروبار بکەوێتە دەستی و ببێتە خەلیفە، ئەوا زۆرێک لەو توندوتیژیانە واز لێ دێنێ، من بینیومە ئەگەر تووڕە بوو بێتم لە کەسێک لێخۆشبونی پیشانداوم، گەر نەرم و نیانیش بوو بێتم بەرامبەر کەسێک، توندی کردوومەتەوە لەسەری!

پاشان ئەبوبەکر، (عوسمانی کوڕی عەفان ﷺ)ی بانگ کرد و پێی وت: لەبارەی عومەرەوە هەواڵم پێ بدە؟

وتی: نهێنیەکەی باشترە لە ئاشکراکەی، لە ناوماندا وێنەی ئەو نیە.

ئەبوبەکر بە عوسمان و عبدالرحمنی وت: لەبارەی ئەوەی پێم وتن هیچ باس مەکەن.

گهلحەی کوڕی عبیدالله پێی باش نیە ئەبوبەکر، عومەر بکات بە خەلیفە

پاشان (طەلحەی کوڕی عبیدالله) چووە ژوورەوە بۆ لای ئەبوبەکر و پێی وت: چۆن عومەر دەکەی بە جێنشین بەسەر خەڵکیەوە؟ خۆت دەبینی عومەر چۆنە لەگەڵ خەڵکی، لەگەڵ ئەوەی خۆت لە گەڵیدای، ئەی ئەبێ هەر خۆی بێت چۆن بێت؟؟! تۆ بە خزمەتی پەروەردگارت دەگەی، پرسیاری ڕەعیەتەکەت ای‌دەکا!!

ئەبوبەکر گوتی: دام نیشێنن... دایان نیشاند..

بە (طەلحە)ی وت: ئایا ترسی خوا دەخەیتە بەردەمم! ئەگەر پەروەردگار پرسیاری لیّ کردم، پێی دەڵێم: چاکترین کەسم کردوە بە خەلیفە بەسەر چاکترینی بەندەکانتەوە.

عوسمان نوسراوی جێنشین بون دەنوسێ

پاشان ئەبوبەکر، عوسمانی بە تەنها بانگ کرد، بۆ ئەوەی نوسراوی جێنشین بون بنوسێ، بە عوسمانی وت: بنوسە:

(بسم الله الرحمن الرحیم، ئەمە ئەو پەیمانەیە کە ئەبوبەکری کوڕی ئەبوقوحافە بۆ موسڵمانانی کردووە.

لەپاش ئەوە..

ئەبوبەکر نەیتوانی قسەکانی تەواو بکات، لەهۆش خۆی چوو.. عوسمان ترسا ئەبوبەکر بمرێ پێش ئەوەی ناوی جێنشینەکە باس بکا و لەمەشەوە موسڵمانان تووشی ناکۆکی و جیاوازی ببن، لەو کاتەی ئەبوبەکر لەهۆش خۆی چوو، عوسمان نووسی:

لەپاش ئەوە:

ئەوا عومەری کوڕی خەتتابم کرد بە خەلیفەتان، لەچاکەکردنی ئێوەدا کەمتەرخەم نەبووم..

پاشان ئەبوبەکر هاتەوە هۆش خۆی و بە عوسمانی وت: چیت نوسیوە بۆم بخوێنەوە.

عوسمانیش ئەوەی نوسیبوی خوێندیەوە.

ئەبوبەکر ﷺ تەکبیرێکی کرد و بە عوسمانی گوت:

ناوی عومەرت بۆیە نوسی، چونکە ترسای لەوەی من لەو لەهۆش خۆ چووندا بمرم و موسڵمانان ناکۆکیان تێبکەوێ!

عوسمان گوتی: بەڵێ.

ئەبوبەکر پێی وت: خوای گەورە لە جێی ئیسلام و موسڵمانان پاداشتی خێرت بداتەوە.

ئەبوبەکر وتار بۆ خەڵك دەدا

پاشان ئەبوبەکر چوو بۆ لای ئەو خەڵکەی بۆی کۆببونەوە، نوسراوی جێنشین کردنەکەی بەسەردا خوێندنەوە و پێی وتن:

من کەسێکی خزمی خۆم نەکردوە بە جێنشین، عومەرم کردووە بە جێنشین، گوێبیست و فەرمانبەری بن، بەخوا لەم رایەشمدا هەوڵی زۆرم داوەو کەمتەرخەمی و کەموکورتیم نەکردوە.

دوای ئەوە ئەبوبەکر ناردی بە شوێن عومەردا و ئامۆژگاریەکی تێر و تەواوی کرد، ئەوەی لەو وەسیەتەدا هاتووە:-

ئەبوبەکر ئامۆژگاری عومەر دەکا

(عومەر! لەخوا بترسە، ئەوەش بزانە کردەوەی ڕۆژی وا هەیە خوای گەورە لە شەودا وەری ناگرێ و کردەوەی شەوی وا هەیە لە ڕۆژدا وەری ناگرێ، خوای گەورە سوننەت وەرناگرێ تا فەرزەکان جێبەجێ نەکرێن.

ئەوانەی کە لە قیامەتدا تەرازوویان قورس دەبێ بە هۆی شوێنکەوتنی ڕەوا و هەقە لە دونیادا، مافی خۆشیەتی ئەو تەرازوەی کە تەنها هەق و ڕەوای تێدا بێ، قورس و سەنگین بێ و ئەوانەشی کە تەرازوویان لە قیامەتدا سوك دەبێ بە هۆی شوێنکەوتنی ناڕەوا دەبێ و مافی خۆشیەتی ئەو تەرازوەی کە تەنها ناڕەوای تێدابێ سووك و خواربێتەوە.

خوای گەورە کە باسی بەهەشتیانی کردووە، باسکردنەکەیان بەهۆی کردەوەی باشیان بووەو، لە کردەوەی خراپیان خۆشبووە. جا منیش کە باسیان دەکەم وتوومە: دەترسم بە بەهەشتیان نەگەم!

لە ڕاستیدا خوای گەورە باسی دۆزەخیانی کردووە، باسکردنەکەیان

بەهۆی خراپی کردەوەیانە و کردەوەی باشیانی ڕەت کردۆتەوە، کاتێکیش باسیان دەکەم وتوومە: هیوام وایە لەگەڵ ئەوانەدا نەبم!

ئەمەش بۆ ئەوەیە بەندە هیوا و ترسی هەبێ، تەنها هەر هیوای بە لێخۆشبونی خوا نەبێ و، لە ڕەحمەتی خوا نائومێد نەبێ.

ئەگەر وەسیەتەکانم بپارێزی، ئەوا هیچ نادیار و ونێك لەلات بە ئەندازەی مردن خۆشەویست نابێ، لەکاتێکدا بەرەو رووت دێ.

ئەگەر وەسیەتەکانیشم نەپارێزی، هیچ ونێك بە ئەندازەی مردن لەلات رقاوی نابێ، ناشتوانی لێی دەرباز بی!!)

ئەبوبەکر رەخنە لە شیعرەکەی عائیشە دەگرێ

لە کاتێکدا ئەبوبەکر لە گیانەڵا و ئازار و ناخۆشی مردندا بوو، عائیشە هاتە ژورەوە بۆ لای و ئەو وتەیەی شاعیری بۆ هێنایەوە کە دەڵێ:

لَعَمْرُكَ مَا يُغْنِي الثَّرَاءُ عَنِ الفَتَى إذا حَشْرَجَتْ يَوْمَاً وَضَاقَ بِهَا الصَّدْرُ

ئەبوبەکر وەك کەسێکی توڕە بۆی روانی، پاشان پێی گوت: وەها مەڵێ، بەڵکو بڵێ:

﴿وَجَاءَتْ سَكْرَةُ الْمَوْتِ بِالْحَقِّ ذَٰلِكَ مَا كُنتَ مِنْهُ تَحِيدُ: لەمۆش خۆچونی گیانەڵا وا دیاری دا، هەر ئەمەشە کە نەت دەویست توشی بی.﴾ق/١٩.

عائیشە وتویەتی: ئەبوبەکرﷺ لەنێوان مەغریب و عیشادا کۆچی دوایی کرد.

دواوتەیەك ئەبوبەکرﷺ وتویەتی، ئەوەبو کە وتی:

(رب توفني مسلماً والحقني بالصالحين!: پەروەردگارم! بە موسڵمانی بم مرێنە و بم گەیەنە بە پیاوچاکان.)

کۆچی دوایی و نوێژ لەسەر کردن و ئەسپەردەکردنی ئەبوبەکر

کە کۆچی دوایی کرد، خێزانەکەی (ئەسمای کچی عەمیس)و(عبدالرحمن)ی کوڕیﷺ هەستان بە شۆرینی، ئەبوبەکر وەسیەتی بۆ (عائیشە)ی کچی، کرد کە لە تەنیشت پێغەمبەرەوەﷺ بنێژرێ.

جا کاتێ کۆچی دوایی کرد گۆڕەکەیان لە تەنیشت گۆڕی پێغەمبەرەوەﷺ هەڵکەند، لە نوێژ لەسەرکردنیدا عومەری کوڕی خەتتاب

پێشنوێژی موسڵمانانی کرد.

هەر یەکە لە عومەر و عوسمان و طەلحە و عبدالرحمنی کوڕی" هەڵیان گرت بۆ لای گۆڕەکەی، سەریان گەیاندە لاشانی پێغەمبەری خواﷺ و کەمێك کردیانە دوای ئەوەوە.[١]

هەندێ وای بۆ چوون کە ئەبوبەکر بەو ژەهرە مردووە کە جولەکە ژەهرخواردی کربێ.

دەڵێن بە کاریگەری ئەو ژەهرەوە مردوە، کە جولەکە دەرخواردیان داوە

ئیمامی (طەبەری) گوتویەتی: وتویانە بەهۆی ژەهر کردنە ناو برنجەوە کۆچی دوایی کردووە، دەشوترێ لەنێو شیری ئارداویدا دەرمانخواردیان کردوە، کە لەگەڵ پزیشکی ناسراوی عەرەب (حارثی کوڕی کیلدەی ثەقەفی) خواردویەتی، جا کاتێ (حارث) لێی خواردوە زانیویەتی ژەهراویە، بۆیە دەستی کێشاوەتەوەو بە ئەبوبەکری وتوە: بەراستی خواردنێکی ژەهراویمان خوارد.. پاش ساڵێك هەردوکیان مردن.[٢]

ڕای بەسەند ئەوەیە کە بە(تا) کۆچی دوایی کردوە

بەڵام جەماوەری مێژوونوسان پشت بەم گێڕانەوەیە نابەستن، بەڵکو ڕایان وایە بەپێی گێڕانەوەی یەکەم بە کاریگەری تا مردوە، کاتێ کە لە ڕۆژێکی سارددا خۆی شۆریوە، بەوهۆیەوە تووشی (تا) هاتووەو پانزە ڕۆژ بەو تایەوە ماوەتەوە، پاشان لەدوای ئەوە کۆچی دوایی کردوە.

ئەمەش ئەو هەواڵیە کە عائیشە داویەتی، ئێمەش پشت بەم گێڕانەوەیە دەبەستین و مەیلمان بەلایدایە.

خوای گەورە لە ئەبوبەکر خۆش بێ و ڕازی بکات.

١ـ سەیری (الكامل في التأريخ)ی ئیبن ئەثیر بکە ٢: ٤٢٥-٤٢٧ بکە.

٢ ـ تأريخ الطبري ٣: ٤٢٢.

ترووسکی سێیەم

عومەری کوڕی خەتتاب لەنێوان جێنشین بون و شەهیدبوندا

لە ترووسکەکانی پێشوودا وتمان ئەبوبەکری صدیق ﷺ لە ڕۆژی سێشەممەی بیست و دووی مانگی (جمادي الآخرة)ی ساڵی سیانزەهەم کۆچی دوایی کرد و، (عومەری کوڕی خەتتاب ﷺ)یش هەستا بە نوێژ لەسەرکردنی و، لەهەمان ڕۆژدا ئەسپەردەی خاکیان کرد.

کۆبونەوەی ئەهلی حەل و عەقد بۆ هەڵبژاردنی خەلیفە

هەر لە هەمان ڕۆژی بەخاك سپاردنی ئەبوبەکردا ئەهلی حەل و عەقد لە هاوەڵە دیارەکان کۆبونەوە، کە لەناویاندا (عومەری کوڕی خەتتاب) ﷺ هەبوو، جا چاویان خشاندەوە بەو نامەی کە (ئەبوبەکر) بەر لەکۆچی دوایی بۆی نوسیبون بە مەبەستی (جێنشین کردن) یان (پاڵاوتن) کە عومەری تێدا پاڵاوتبوو بۆ ئەوەی لە دوای خۆی کاروباری موسڵمانان بەڕێوەبەرێ.

دان دەنرێ بە پاڵاوتنی ئەبوبەکر بۆ عومەر و لە هەمان ڕۆژی کۆچی دوایی ئەبوبەکر بەیعەتی پێ دەدرێ

هەر لە هەمان ڕۆژدا ئەهلی حەل و عەقد هەستان بە بەیعەت دان بە عومەر کە ببێتە ئەمیری بڕواداران، واتە پایەی (خەلافەت) هیچ کاتێك چۆڵ نەبوە، هاوەڵان زۆر بەخێرایی هەستان بە پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەی مردنی ئەبوبەکر دروستی کردبوو، ئەوەش بە دانانی عومەر لەجێی ئەودا، هەروەك لەکاتی کۆچی دوایی پێغەمبەری خوا ﷺ ئەنجامیان دا، کە لە هەمان ڕۆژدا بەیعەتیان دا بە ئەبوبەکر.

سەرەتای خەلافەتی عومەر ﷺ لە ڕۆژی سێشەممەی بیست و دووی (جمادي الآخرة)ی ساڵی سیانزەی کۆچی یەوە دەستی پێکرد.

کاتێك بەیعەتیان پێیدا، سەرکەوتە سەر دوانگە و پلەیەك هاتە خوار لەو پلەیەی کە ئەبوبەکری صدیق وتاری لەسەر دەدا و دەستی کرد بە وتار و گوتی:

یەکەم وتاری عومەر لە دوای خەلیفایەتیەکەی

(خودایە! من لاوازم، بەهێزم! من توند و ڕەقم نەرم و نیانم کەی، خودایە من ڕژد و ڕەزیلم، سەخی و چاوتێرم کەی..

قورئان بخوێنن ئاشنای دەبن، کاری پێبکەن قورئان ویست دەبن، خۆتان هەڵسەنگێنن پێش ئەوەی هەڵسەنگێنرێن، خۆتان بڕازێننەوە بۆ پیشاندانی گەورە(قیامەت)، ڕۆژێك پیشانی خوا دەدرێن، کە هیچ شتێکی لێ شاراوە نیە، بەراستی مافی هیچ مافدارێك نەگەیشتوەتە ئاستێك کە لەبێفەرمانی خوادا بەگوێی بکرێ.

ئاگادارین لە راستیدا من لەماڵی خوادا، وەکو سەرپەرشتیاری ماڵی هەتیو هەڵس و کەوت دەکەم، ئەگەر دەوڵەمەند بووم خۆمی لێ دەپارێزم، ئەگەریش هەژار بووم بەپێی پێویست و گونجاو(معروف) لێی دەخۆم).

وتارێکی تری، بەرنامەی خەلافەتی خۆی تێدا باس دەکات

دوای چەند ڕۆژێك لە بەیعەت پێدانی وتارێکی تری بۆ موسڵمانان دا، لە وتارەکەیدا هاتووە:

(پێم گەیشتووە خەڵکی لە توندیم سڵ دەکەنەوەو لە ڕەقیم دەترسن و، وتویانە لە کاتێکدا پێغەمبەری خواﷺ لەناوماندا بوو عومەر لەگەڵمان توند بوو، پاشان هەر توند بوو لەگەڵمان لە کاتێکدا ئەبوبەکر سەرپەرشتیارمان بوو نەك ئەو، ئەی دەبێ کار بەچی بگا کاتێك هەموو کاروبارەکان لە دەستیدایە؟!

ئەوەی وای وتوە راستی کردوە؟ من کاتێك لەگەڵ پێغەمبەری خوا بوومﷺ، خزمەتکاری ئەوبووم، هیچ کەسێ لە نەرم و نیانی و بەزەیی ناگا بە ئەو، پێغەمبەر بەو شێوەیە بوو کە خوا فەرمویەتی: ﴿بِالْمُؤْمِنِينَ رَؤُوفٌ رَحِيمٌ: دڵسۆزی بڕوادارانە و دلۆڤانە﴾التوبة/١٢٨،، جا من لەبەر دەستیدا شمشێرێکی هەڵکێشراو بووم، جا یا دەیکردم بە کێلانا یا وازی لێ دەهێنام، بەردەوام لەگەڵ پێغەمبەری خواﷺ بەو شێوەیە بووم تا کۆچی دوایی کرد و لەمن ڕازی بوو، زۆر سوپاسی خوا لەسەر ئەوە دەکەم و بەوە زۆر بەختیارم.

پاشان ئەبوبەکر بووە سەرپەرشتیاری موسڵمانان، بەشێوەیەك بوو هیچ کەس ئینکاری بەڵێن و بەخشین و نەرم و نیانیەکەی ناکا، من خزمەتکار و هاوکاری بووم، توندیەکەم بە نەرم و نیانیەکەی ئەو تێکەڵ دەکرد، دەبووم

بە شمشێرێکی هەڵکێشراو، یا دەیکردم بە کێلانا یا وازی لێ دەهێنام، بەردەوام بەو شێوەیە بووم لەگەڵی، تا خوای گەورە گیانی کێشا، ئەویش لەمن رازی بوو، زۆر سوپاسی خوا دەکەم لەسەر ئەوە، من بەوە زۆر بەختیارم!!

خەڵکینە! ئێستاش من کاروبارتانم گرتوەتە دەست، بزانن ئەو توندیە لاواز بووە، مەگەر لەسەر ستەمکار و دەستدرێژیکەر بۆ سەر موسڵمانان نەبێت، بەڵام بۆ دیندار و ئاشتیخوازان، لە هەندێکیان بۆ هەندێکی تریان نەرم و نیانترم!

لێ ناگەڕێم کەس ستەم لەکەس بکا، یا دەستدرێژی بکاتە سەر، تا رووی دەخەمە سەر زەوی و پێ دەخەمە سەر رووەکەی تری، تا ملکەچی هەق دەبێ، منیش پاش ئەو توندوتیژیە رووم دەخەمە سەر زەوی بۆ دەست و داوێن پاکان و چاوتێران.!!

خەڵکینە! چەند شتێك هەیە و مافی خۆتانە داوایان بکەن، بۆتانی باس دەکەم:

مافتان لەسەرمە هیچ باجێ نەخەمە سەر خەراج و دەستکەوتەکانتان، مەگەر لەرێی خۆیەوە بێت، مافتان لەسەرمە ئەوەی دەستم دەکەوێ تەنها لەرێی خۆیەوە سەرف بکرێ، مافتان لەسەرمە بەخشش و رۆزیەکانتان بەویستی خوا زیاد بکەم و، کەلێنەکانتان پڕ بکەمەوە و تووشی لەناوچوونتان نەکەم، کاتێکیش بۆ شوێنێك دەتاننێرم، من باوکی ماڵ و منداڵتانم تا دەگەڕێنەوە بۆ لایان..

بەندەکانی خوا، لەخوا بترسن، خۆتان هاوکاریم بکەن لەبەر خۆتان و منی لێ دووربگرن، هاوکاریم بکەن بە فەرمان بەچاکە و بەربەستی لە خراپە، ئامۆژگاریم بکەن لە کاروباری خۆتاندا کە خوا پێی سپاردووم، ئەم وتانە دەڵێم و داوای لێخۆشبون بۆ خۆم و ئێوە دەکەم!)

ماوەی خەلیفایەتی عومەر

عومەری کوڕی خەتتاب ﷺ بەیعەتی پێدرا، لە رۆژی سێشەممەی بیست و دووی (جمادي الاخرة)ی سیانزەی کۆچی بوو بە خەلیفە و لە رۆژی

چوارشەممەی بیست و شەشی (ذو الحجة)ی بیست و سێ ی كۆچی شەهید كرا.

ماوەی خەلافەتی عومەر ﷺ دە ساڵ و شەش مانگ و چەند رۆژێ بوو!

جوانترین وتەیەك دەربارەی عومەر و خەلافەتەكەی وترابێ، وتەی (عبداللەی كوڕی مەسعود ﷺ)ە، كە گوتویەتی: (رەحمەتی خوا لە عومەری كوڕی خەتتاب بێ، ئیسلام بونەكەی رزگاركردن بوو، كۆچكردنەكەی سەركەوتن بوو، ئەمیرایەتیەكەی رەحمەت بوو!!

لە سەردەمی ئەودا ئیسلام چووە زۆربەی ولاّتانی دەوروبەی دورگەی عەرەبییەوەو تەواوی ولاّتی شام و عێراق و میصر و فارس و ئەرمینیا و ئازەربیجان و جرجان و ولاّتی ئەوبەر روبار و تەرابلس و بەرقەی ئەفریقیا رزگار كران.

سەردەمی عومەر بەربەستی فیتنە بوو

لەراستیدا خەلافەتی عومەر بەربەستێكی توندوتۆڵ بوو بەرامبەر فیتنە، خودی خۆی دەرگایەكی داخراو بوو، فیتنەچیەكان لەژیانی ئەودا نەیانتوانی بێنە ناویەوە، فیتنەش لەسەردەمی ئەودا نەیتوانی سەر بلّند بكا!!

هەر كە عومەر ﷺ شەهید بوو، بەربەستی فیتنە لاچوو، ئەو دەرگایەی بەربەستی فیتنەچیانی دەكرد لەتێكدانی ژیان و كاروباری موسلّمانان بەیەكدا شكا، باو بۆرانی فیتنەی سەرشێت وەكو دەریا لەدوای شەهیدبونی ئەو ﷺ شەپۆلی دەدا.

گفتوگۆیەك لەنێوان عومەرو حوذەیفە دەربارەی فیتنە

با گوێبیستی ئەم گفتوگۆیە سەیرەی نێوان عومەری كوڕی خەتتاب و حوذەیفەی كوڕی یەمان بین ﷺ.

حوذەیفەی كوڕی یەمان ﷺ گوتویەتی: ئێمە لە خزمەت عومەری كوڕی خەتتابدا بوین ﷺ، گوتی:

كامتان فەرمودەی پێغەمبەری خوای ﷺ لەسەر فیتنە لەبەرە؟

وتم: من لەبەرمە، وەكو ئەوەی فەرمویەتی.

گوتی: رەحمەت لەباوكت، دە بیهێنە، بەراستی چاونەترسی!

وتم: گوێبیستی پێغەمبەری خوا بووم ﷺ دەیفەرموو: (مرۆڤ بەهۆی ماڵ و منداڵ و نەفس و رۆڵە و دراوسێیەوە توشی فیتنە دەبێ، پۆژوو و نوێژ و سەدەقە و فەرمان بەچاکە و بەربەستی کردنی خراپە دەیسڕێتەوە).

عومەر گوتی: مەبەستم ئەوە نیە، مەبەستم ئەو فیتنانەیە کە وەك دەریا شەپۆل دەدا.

شکاندنی دەرگا بە کوشتنی عومەر

وتم: ئەی ئەمیری بڕواداران! تۆ ئەوەت بۆ چیە؟ لەنێوان تۆ و ئەو فیتانەدا دەرگایەکی داخراو هەیە!!

گوتی: دەرگاکە دەشکێنرێ یان دەکرێتەوە.

وتم: نا، بەڵکو دەشکێنرێ!!

وتی: ئەمە ئەشێ تا هەستانی قیامەت هەرگیز دانەخرێ!!

(ئەبو وائیل) کە فەرمودەکەی لە حوذەیفەوە گێڕاوەتەوە، دەڵێ: لە حوذەیفەم پرسی: ئایا عومەر دەیزانی دەرگاکە کێیە؟

حوذەیفە گوتی: بەڵێ، هەروەك چۆن دەیزانن لەپاش سبەی شەوە، من فەرمودەیەکم پێ وتووە هەڵەی تێدا نیە!

(ئەبو وائیل) وتویەتی: سامان کرد لە حوذەیفە بپرسین دەرگاکە کێ بوو؟ بە (مەسروق)مان وت: لە حوذەیفە بپرسە دەرگاکە کێ بوو.

(مەسروق)یش بە حوذەیفەی وت: دەرگاکە کێیە!!

حوذەیفە پسپۆڕی زانستی فیتنەکان بوو

حوذەیفە وتی: عومەر بوو!!

لە راستیدا حوذەیفەی کوڕی یەمان ﷺ لە (زانستی فیتنە)دا پسپۆڕ بوو، ئەم زانستەش لە پێغەمبەری خواوە ﷺ زیاتر لە هاوەڵانی‌تر شارەزا ببوو، هەر بۆیە بە عومەری دەگوت: من لەبەرم کردووە هەروەك خۆی فەرمویەتی.

عومەریش ئەمەی لە حوذەیفە دەزانی و ئاشنای بوەو ستایشی لەسەر دەکا بەوەی دەڵێ: رەحمەت لەباوکت، بەراستی چاونەترسی.

حوذەیفە هەواڵ بە هەڵقوڵانی فیتنە لەدوای کوژرانی عومەر دەدا

حوذەیفە زانیاری ئەوە بەعومەر ﷺ دەدات کە ئەو دەرگا داخراوەیە دەبێتە بەربەست لەڕێی هەڵقوڵانی فیتنە بۆ سەر موسڵمانان و دەبێتە ڕێگر

لێیان، ئەو دەرگا داخراوە بەشێوەیەکی سروشتی ناکرێتەوە، تا بتوانی بە ئاسانی دایبخەیتەوە، بەڵکو بە شکاندن دەشکێ و بەسەریەکدا تێک دەشکێ، ئەمەش مانای وایە لەدوای ئەو تا هەڵسانی قیامەت داناخرێ.

عومەر ئاوا تێگەیشتبوو، واتە فیتنە بەردەوام بەربڵاو و بە پەرش و بڵاوی دەمێنێتەوە، ناشتوانن لایدەن یا بیوەستێنن یا لەناوی ببەن.

لێرەوە دان بەوەدا دەنێین کە حوذەیفە لەخۆیەوە ئەو شتانە ناڵێ و خۆی گریمانی ڕوودانیان ناکا، چونکە ئەو غەیب نازانێت.

لە ڕاستیدا حوذەیفە پسپۆڕی (زانستی فیتنە)یە، ئەمەشی لە پێغەمبەری خواوەﷺ بیستوەو هەروەك خۆی تێی گەیشتوەو پاراستویەتی، هەر بۆیە بە دواداچونێکی قسەکانی خۆی بۆ عومەر دەکا و دەڵێ: من فەرمودەیەکم پێ وتووی هەڵەی تێدا نیە.

واتە: فەرمودەیەکی ڕاستم پێ گوتوی، هیچ هەڵە و درۆیەکی تێدا نیە، چونکە بەراستی لە پێغەمبەری خوامﷺ بیستووە.

پاشان عومەریش ئەو ڕاستیە دەزانێ کە حوذەیفە هەواڵی پێداوە، ئەشزانێ خۆی ئەو دەرگایەیە لەبەرامبەر فیتنەدا دەشکێ. عومەر دەزانێ بەکوشتن دەمرێ

واتە عومەر دەزانێ خەلافەتەکەی دەرگایەکی پتەوەو ناهێڵێ فیتنە لێوە هورژم کاتە سەر موسڵمانان و فیتنە لەناو خەلافەت و سەردەم و ژیانی ئەودا موسڵمانان داگیر ناکا.

هەروەها ئەوەشی دەزانی بە کوشتن دەمرێ و دوژمنەکانی دەتوانن بیکوژن و بەم شێوەیەش لەسەر دەستی ئەواندا بە شەهیدی دەگاتە دیداری پەروەردگاری، ئا لەو کاتەشدا فیتنە هورژم دەهێنێ بۆ موسڵمانان.

عومەر دەزانێ بە شەهیدبون دەرگاکە دەشکێ، ئەمەش مانای وایە سیستەمی فەرمانڕەوایی ئیسلامی تا هەستانی قیامەت جێگیر نابێ.

ئەمەش لەدوای شەهیدبونی عومەر ڕوویدا، هەردوو خەلیفەی پاش خۆی (عوسمان و عەلیرضي الله عنهما) شەهیدبون و هەردوو جەنگی (جەمەل)و(صفین) ڕوویان دا.

پاشان دەستە و گرۆهە ئیسلامی و جیاوازیە سیاسیەکان بەدەرکەوتن، کە تا ئێستاش موسڵمانانی هەراسان کردووە، ئێستاش بەردەوام سیستمی فەرمانڕەوایی لە ئیسلامدا بە شەهیدبونی عومەر ﷺ شکاوەو کەلێنی تێکەوتووە، لەدوای ئەو دانەخراوە، تا ڕۆژی قیامەتیش داناخرێ!

ڕەحمەتی خوا لەو دوو هاوەڵە بەڕێزە (عومەری کوڕی خەتتاب)و(حوزەیفەی کوڕی یەمان) لەسەر ئەو گفتوگۆ سەیرەی نێوانیان!!

کەواتە عومەر ﷺ لە پێغەمبەری خواوە ﷺ دەیزانی کە بە کوشتن دەڕوا و بەشەهیدی دەگات بەدیداری پەروەردگاری.

هەواڵدانی پێغەمبەر بە شەهیدبونی عومەر و عوسمان

(ئەنەسی کوڕی مالیک ﷺ) وتویەتی: جارێکیان پێغەمبەر ﷺ لەگەڵ ئەبوبەکر و عومەر و عوسمان سەرکەوتە سەر شاخی ئوحود، شاخەکە کەوتە لەرزە، پێغەمبەری خوا ﷺ بە پێیەکانی دای بەسەر شاخەکەدا و فەرمووی: ((ئەی ئوحود جێگیربە، چونکە پێغەمبەرێك و راستگۆیەك و دوو شەهیدت لەسەرە)).

(عوسمانی کوڕی مەظعون ﷺ) گوتویەتی: پێغەمبەری خوا ﷺ بە دەست ئاماژەی بۆ عومەر کرد و فەرموی: ئەوە داخەری دەرگای فیتنەیە! پاشان فەرمووی: تا ئەمە لەناوتاندا بێ، بەردەوام دەرگای فیتنەتان لێ داخراوە!!!.

پاش دە ساڵ و نیو لە خەلافەتی پیرۆزی عومەر، کە موسڵمانان تیایدا پێشکەوتن و ئیسلام تیایدا بڵاوبویەوەو وڵاتانی تیادا رزگار بوو، موسڵمانان بەسەرکەوتن و سەرفرازی و دەسەڵاتەوە بەختیار بون.

لەدوای هەموو ئەمانە کاتێ کۆتایی ئەم خەلیفە راشدیە هات و ئەجەل یەخەی گرت و بەشەهیدی گەیشت بە خوا.

پاڕانەوەی عومەر لە دوا حەجیدا لە ساڵی ٢٣ی کۆچی

جا لەگەڵ چەند دیمەنێکی لێدانەکەیدا دەژین و پاشان باس لە شەهیدبونەکەی دەکەین.

ئەمیری بڕواداران عومەر ﷺ دوا حەجی لە ساڵی (٢٣)ی کۆچیدا

بەئەنجام گەیاند، کاتێ لە مینادا بوو لە (ایام التشریق)دا، تەپۆڵکەیەی لەخۆڵ و وردەبەرد خڕکرد و بەرگەکەی دا بەسەریدا، پاشان لەسەری دانیشت و دوایی دەستی بۆ ئاسمان بەرزکردەوەو بە پاڕانەوەوە وتی:

(پەروەردگارا! وا پیر و لاواز بووم و فەرمان بەردار و ڕەعیەتەکەم بڵاوبونەتەوە، بمبەرەوە بۆ لای خۆت، بێئەوەی پێشێلی مافێکم کردبێ یا کەمتەرخەمیم کردبێ، پەروەردگارم، داوای شەهیدبونی پێناوی تۆ دەکەم، مردنێك کە لەشاری پێغەمبەری خوادا ﷺ بێ).

لە ڕاستیدا عومەر دەیویست لە پێناوی خوا لەشاری پێغەمبەری خوا ﷺ شەهید ببێ، خوای گەورەش نزاکەی وەرگرت، ئەوەبوو پاش کەمتر لە دوو هەفتە لەم پاڕانەیەوە، عومەر بە شەهیدی بە دیداری خوا گەیشت.

خەونێکی ئەبوموسای ئەشعەری دەربارەی کۆچی دوایی عومەر

کەمێك پێش شەهیدکردنی عومەر، (ئەبوموسای ئەشعەری ﷺ) خەونێکی بینی و گوتی: چەند ڕێگەیەکم لەپێش خۆمەوە بینی، پاشان هەموو ڕێگاکان ون بون و لاچوون، تەنها ڕێگەیەکیان مایەوە، پێیدا ڕۆیشتم، تا گەیشتم بە شاخێك، بینیم وا پێغەمبەری خوا ﷺ لەسەرەوەی شاخەکەدا بوو، لە تەنیشتیەوە ئەبوبەکر بوو، پێغەمبەری خوا ﷺ ئاماژەی بە عومەر دەکرد: وەرە بۆ لامان.. ئینجا بەخەبەر هاتم..

پاشان وتم: انا لله وانا الیه راجعون، ئەمیری بڕواداران مردووە.

(ئەنەسی کوڕی مالیك) گوتی دەربارەی خەونەکەت بۆچی کاغەزێ بۆ عومەر نانێری؟ هەردوکیشیان ئەوکاتە لەعێراق بون.

ئەبوموسا گوتی: من هەواڵی مردنی خۆی پێ نادەم.!!

دوا وتاری هەینی عومەر لە مەدینە

کاتێ عومەر لەدوا حەجی گەڕایەوە مەدینە، دوا وتارێکی دا لە مەدینە، عبدالرحمنی کوڕی عەوف هەندێ لە وتەکانی ئەو وتارەی عومەرمان بۆ باس دەکا کە لە وتاری هەینی ٢١ی (ذي الحجة)ی ساڵی ٢٣ی کۆچی داوێتی.

ئەو وتەیەی (عبدالرحمنی کوڕی عەوف)مان باس کرد، کاتێ کە باسی چۆنێتی هەڵبژاردنی (ئەبوبەکری صدیق ﷺ)مان لە (تروسکە

مێژووییەکە)ی پێشوودا کرد!

عومەر خۆیشی باسی خەونێك بۆ موسڵمانان دەکا کە بینیویەتی و هەر خۆیشی بۆیان لێك دەداتەوە.

خەونی عومەر بەوەی کەڵەشێر دەنوکی لێدەدا

هەر لە هەمان وتار گوتویەتی: من خەونێکم بینیوە، تەنها ئامادەبونی مەرگی لێ دەخوێنمەوە، بینیم وەك ئەوەی کەڵەشێرێك دوو دەنوکی لێم دا!!

هەندێ کەسیش فەرمانم پێ دەکەن کە کەسێك بکەم بە جێنشین و خەلیفەی دوای خۆم دیاری بکەم!!

لە راستیدا خوای گەورە ئاین و خەلافەت و بەرنامەی پێغەمبەرەکەی تێك نادا.

جا ئەگەر خێرا شتێکم بەسەرهات، ئەوا خەلافەت بەراوێژ دەبێ لەنێوان ئەو شەش کەسەدا کە پێغەمبەرﷺ وەفاتی کرد و لێیان رازی بوو!

پێش شەهیدبونی بە چوار ڕۆژ، واتە ڕۆژی یەکشەممەی ٢٣ی (ذي الحجة) چاوی کەوت بە هەردوو هاوەڵان حوذەیفەی کوڕی یەمان و سەهلی کوڕی حەنیف‌، حوذەیفەی کردە لێپرسراوی ئەندازەگیری باجی ئەو زەویيانەی بە ئاوی روباری دیجلە ئاو دەدران و (سەهلی کوڕی حەنیف)یشی کردە لێپرسراوی ئەندازەگیری باجی ئەو زەویانەی بە ئاوی فورات ئاو دەدران. پێیشی گوتن: چیتان کرد؟ دەترسم شتێکتان لەسەر ئەو زەویانە دانابێ کە لەتوانادا نەبێ.

وتیان: بەپێی توانا کاروبارمان رێکخستووە! (ئەوەندەمان لەسەر داناوە کە لەتوانایدایە).

عومەر گوتی: گەر خوا ساغ و سەلامەتم بکا، شتێك بۆ بێوەژنەکانی عێراق داینێ دەکەم کە دوای خۆم هەرگیز پێویستیان بەهیچ پیاوێکی تر نەبێ!!!

عومەر رێی نەدەدا گیراوەکانی شەڕ لە مەدینەدا نیشتەجێ بن

بەڵام لە ڕۆژی چوارەمی ئەم گفتوگۆیەی نێوانیاندا لێی درا.!!

عومەر‌ ڕێی نەدەدا گیراوەکانی وڵاتانی رزگارکراو بێنە (مەدینەی منورە) پایتەختی دەوڵەتی خیلافەت، هەر بۆیە رێگری دەکرد لە

ئاگرپەرستەکانی عێراق و فارس و گاورەکانی شام و میصر کە لە مەدینەدا بمێننەوە، مەگەر موسڵمان بن و بێنە ناو ئەم ئایینەوە.

ئەم هەڵوێستەی عومەر لە هەڵوێستە جوان و بەرچاوڕۆشنیەکانی بوو، چونکە ئەوانە لە قەومە شکست خواردوو و سەرنەکەوتوەکان بون، بەرامبەر ئیسلام کینە لەدڵ بون و بەرامبەر موسڵمانان ڕق ئەستور بون، هەر بۆیە لەسەر پیلان دانان بۆ موسڵمانان و فێڵ کردن لە ئیسلام سوور دەبن!

بونیشیان لە پایتەختی خەلافەتدا فرت و فێڵ و پیلانەکانیان بۆ ئاسان دەکا، بەرهەڵستی و ڕێگری کردنی لە نیشتەجێ بونیان لە مەدینە بۆ ئەوە بوو تا موسڵمانان لە زیانیان بپارێزێ.

هەندێ هاوەڵ داوای هێنانی کۆیلەکانیان دەکرد بۆ مەدینە

بەڵام هەندێ هاوەڵ لەو گیراوانەی شەڕدا بەندە و کۆیلەیان هەبوو، چ گاور بوبێتن یان ئاگرپەرست، هەندێکیان زۆر داوایان لە عومەر دەکرد کە مۆڵەتیان بدا، بۆ ئەوەی هەندێ لەو بەندە و کۆیلە ژێردەست کراوانە لە مەدینەدا نیشتەجێ بکەن، بۆ ئەوەی لە کاروبارەکانیاندا پشتیان پێ ببەستن، عومەریش لەگەڵ پێناخۆشبونیدا مۆڵەتی بە هەندێکیان دەدا لە مەدینە نیشتەجێ بن.

ئەوەی عومەر لێی دەترسا و پێشهاتی ڕوودانی کردبوو ڕوویدا..

پیلانی تیرۆرکردنی عومەر و پیلانگێڕان

چەند کەسێك لەو دوابڕاوە قین لەدڵانەی لە مەدینەدا نیشتەجێ بون، پیلانێکیان بۆ ئەمیری بڕواداران ڕێکخست، ڕێککەوتن لەسەر کوشتنی، لەبەر ئەوەی دەوڵەتەکانیانی لەناو بردبوو و هێز و تواناکانیانی نەهێشتبوو!

تیرۆرکردنی عومەرﷺ پیلانێکی ستەمکارانە بوو، هەرسێ لایەنی جولەکە و گاور و ئاگرپەرست هاوبەشیان تیادا کرد.

پیلانگێڕەکان چواربون:

هورموزانی فارسی

١- (هورموزان): فارسیەکی ئاگرپەرست بوو، پاشای ئەهواز بوو، یەکێك بوو لە گەورە سەرکردەکانی فارسی لە جەنگەکانیان دژ بە

موسڵمانان لە جەنگی قادسیەدا و لە پێش و پاشی جەنگەکەدا. خوای گەورە بەدەستی موسڵمانە تێکۆشەرەکان لە جەنگی (تەستور)دا لە ئەهواز تێکی شکاند و، ئەمیان دەستگیر کرد و بەدیلی لە ساڵی ١٨ی کۆچیدا ڕەوانەی مەدینەیان کرد، پاش ئەوەی لەلایەن عومەرەوە ئەمانەتی پێدرا، لە مەدینە مایەوەو نیشتەجێ بوو.

کەعبی ئەحبار

٢- (کەعبی ئەحبار): لە جولەکەکانی یەمەن و لە زاناکانی جولەکەی ئەوێ بوو، زانابوو بە تەورات.

ئەبولوئلوئەی ئاگرپەرست

٣- (ئەبو لوئلوئەی فەیروز): بەندەی (مغیرەی کوڕی شوعبە) بووﷺ، کە لە جەنگی فارسەکاندا گرتبووی، فارسێکی ئاگرپەرست بوو، ببوە بەندەو کۆیلە لە یەکێك لە جەنگەکانی فارسی و موسڵماناندا، کاتێکیش بەندە کۆیلەکان بەسەر موجاهیدەکاندا دابەش کران، ئەو وەبەر بەشی (موغیرەی کوڕی شوعبە) کەوت.

(ئەبولوئلوئە)ەی ئاگرپەرستی فارسی پیشەکار و ئاسنگەرێکی شارەزابوو، ئامرازە ئاسنینەکانی بە شارەزایی و وردکارییەوە دروست دەکرد.

(مغیرەی کوڕی شوعبە) زۆر پێی داگرت لەسەر عومەر بۆ ئەوەی (ئەبو لوئلوئە) لە مەدینەدا نیشتەجێ بێ تا موسڵمانان سودی لێ ببینن، چونکە ئاسنگەر و دارتاش و نەخشەساز و پیشەکار بوو، (موغیرە)ش لە دەست هات و ماڵەکەی سودمەند دەبێ چونکە کۆیلەی ئەوە! عومەریش مۆڵەتی پێدا.

جوفەینەی ڕۆمی

٤- (جوفەینە): بەندە و کۆیلەیەکی گاوری ڕۆمی بوو، لە گیراوەکانی ڕۆم بوو لە ڕزگارکردنی شامدا، بوو بە کۆیلە و بەشی یەکێك لە موسڵمانەکان و لە مەدینەدا نیشەجێ بوو.

ئەم چوارە، پیلانیان بۆ کوشتنی عومەرﷺ دانا.

قسەی کەعبی ئەحبار بۆ عومەر

(کەعبی ئەحبار) هەواڵی بە عومەری کوڕی خەتتاب دا کە ئەجەلت نزیك بۆتەوە و نزیکە وەفات بکەی، گوایە ئەمە لە تەورات باسکراوە!

(سەعدی جاری)-بەندەی ئازادکراوی عومەری کوڕی خەتتاب-

وتویەتی: عومەری کوڕی خەتتاب دەچێت بۆ لای خێزانەکەی (ئوم کەلثومی کچی عەلی کوڕی ئەبوطالب)، دەبینێ دەگری، پێی دەڵێ: بۆچی دەگری؟

گوتی: (کەعبی ئەحبار)ی جولەکە دەربارەت دەڵێ عومەر لەسەر دەرگاکانی دۆزەخە!

عومەر پێی گوت: ماشاء الله! بەخوا ئومێدم بەخوای گەورەیە بە بەختیاری دروستمی کردبێ.

پاشان عومەر (کەعبی ئەحبار) بانگ دەکا، کاتێك کە دێتە لای، کەعب دەڵێ: ئەی ئەمیری بڕواداران، پەلەم لێ مەکە، سوێند بەوەی نەفسی منی بەدەستە، ئەم مانگی (ذي الحجة)یە تەواو نابێ تا تۆ دەچیتە بەهەشتەوە.

عومەر پێی گوت: ئەمە چیە؟ جارێك دەمکەیتە دۆزەخی و جارێك دەمکەیتە بەهەشتی؟!

کەعب وا هەڵدەبەستێ کە عومەر ناوی لە تەوراتدا هاتوە

ئەویش وتی: ئەی ئەمیری بڕواداران، بەخوا ئێمە لە تەوراتی کتێبی خوادا دەبینین، تۆ لەسەر دەرگایەك لە دەرگاکانی دۆزەخ دای، بەربەستی لە چوونەناوەوەی خەڵکی دەکەی، کاتێ کە دەشمری خەڵکی دەچنە ناویەوە.

کەعبی ئەحبار هەواڵ بەعومەر دەدا کە لەدوای سێ ڕۆژ شەهید دەبێ

پاشان پێی وتوە: ئەمیری بڕواداران! وەسیەتی خۆت بکە، ئەوەی دەتەوێ دەستنیشانی بکە، بەراستی تۆ پاش سێ ڕۆژی تر دەمری!!

عومەر بە سەرسوڕمانەوە پێی وت: تۆ چۆن ئەوە دەزانیت؟!

وتی: ئەوە لە تەوراتی کتێبی خوادا بینیومە.

عومەر پێی وت: الله، الله، ئایا عومەری کوڕی خەتتاب لە تەوراتدا دەبینی؟!

کەعبی ئەحبار وتی: نەخێر، بەڵکو کارەکانت دەبینم، تیاشیدا دەبینم کە تەمەنت تەواو بووەو ئەجەلت هاتوە!!

لە ڕۆژی دووەمدا (کەعبی ئەحبار) هات بۆ لای عومەر و پێی وت: ئەی ئەمیری بڕواداران، ڕۆژێك ڕۆیی و تەمەنت دوو ڕۆژی ماوە!

لە ڕۆژی دواتر (کەعب) هاتە لای (عومەر)ووتی: دووڕۆژ ڕۆیی و یەك ڕۆژ تەمەنت ماوە!!

لەکاتی بەیانی ڕۆژی چوارەمدا عومەر لە میحرابدا پێکرا!!

ئەم دیاریکردنە یەك لەدوای یەکەی (کەعبی ئەحبار) بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە لەپیلانی تیرۆرەکە ئاگادار بووە و، بەشدار بووە تیایدا و، کاتی جێبەجێکردنەکەشی زانیوە و، ویستویەتی خۆی بەسەر عومەر و موسڵماناندا بە زانا نیشان بدا و وا هەڵبەستێت کە ئەمە لە تەوراتدا هاتوە!!

ئەبولوئلوئە سکاڵا لەسەر موغیرە دەباتە بەردەم عومەر

پێش تیرۆرکردنی عومەر، (ئەبولوئلوئەی فەیروز)ی فارسی هاتبوە لای عومەر و لە (مغیرە) سکاڵای کردبوو، (مغیرە) داوای لێکردبوو هەر ڕۆژێ لەبری ئەو ئامرازی ئاسن و ئاشانەی دروستی دەکات چوار درهەمی پێ بدا.

(ئەبولوئلوئە) وای دەزانی ستەمی لێکراوە و، (موغیرە) بەکاری دەهێنێ و ستەمی لێ دەکات و ماڵێکی زۆری لێ دەستێنێت، کە بریتیە لە چوار درهەم لە ڕۆژێکدا!!.

گفتوگۆیەکی نێوان عومەر و ئەبولوئلوئە

ئەبولوئلوئە بە عومەری وت: ئەی ئەمیری بڕواداران، لە ڕاستیدا (موغیرە) سەرپارمی قورس کردوە، دیارە ماڵێکی زۆرم لێ وەردەگرێ، قسەی لەگەڵ بکە تا لە سەرم سوك بکا.

عومەر پێی وت: تۆ چ کارێ باش دەزانی؟

ئەویش هەموو ئەو کارانەی کە دەیکرد لە ئاسنگەری و دارتاشی و نەخشەسازی هەموو باسکرد.

عومەر پێی وت: خۆ (مغیرە) ماڵێکی زۆری لێت داوا نەکردووە، لەخوا بترسە، لەگەڵ گەورەکەت باش بە.

لەنیازی عومەردا بوو کاتێ کە چاوی بە (موغیرە) بکەوێت لەو بارەیەوە قسەی لەگەڵ بکا و، داوای بارسوك کردنی (ئەبولوئلوئە)ی لێبکا.

(ئەبولوئلوئە) بە توڕەییەوە ڕۆی و دەیوت: دادگەری عومەر جگە لەمن

هەموو خەڵکی گرتۆتەوە، لەگەڵ مندا دادگەر نەبوو.

ئەبولوئلوئەی دوابڕاوەی قین لەدڵ

(ئەبولوئلوئە) دوابڕاوەیەکی قین لەدڵ بوو، بەتایبەت لەسەر خودی عومەر، چونکە لە خەلافەتەکەی ئەودا مسوڵمانان سەرکەوتن لە تێك و پێکدانی دەوڵەتی فارسی.

کاتێ (ئەبولوئلوئە) لەمەدینەدا منداڵی گیراوی ئاگرپەرستەکانی دەبینی، دەستی بەسەردا دەهێنان و دەگریا و دەیوت: عومەر جەرگمی بڕیوە!!!

لەپاش ئەو وتوێژەی نێوان خۆی و عومەر لەناخی خۆیدا بڕیاری کوشتنی دا.

ڕێکەوتنی ئەبولوئلوئە لەگەڵ هورموزان لەسەر کوشتنی عومەر

(ئەبولوئلوئە) خەنجەرێکی دووسەری دروست کرد، کە زۆر تیژ بوو، نیازی کوشتنی عومەری هێنا، چوو بۆ لای (هورموزان)وخەنجەرەکەی پیشان دا و پێی وت: ئەمە چۆن دەبینی؟

هورموزان وتی: لەهەر کەسێکی بدەی یەکسەر کوشتوتە.

ڕۆژێك عومەر لەگەڵ کۆمەڵێك هاوەڵان بەناو مەدینەدا دەڕۆی، لەرێگەدا (ئەبولوئلوئە)ی پێ گەیشت.

عومەر پێی وت: بیستومە وتوتە: ئەگەر بمەوێ ئاشێك دروست بکەم کە بە ئاوی دێراو کار بکات.!

ئەبولوئلوئە هەڕەشە لە عومەر دەکا

(ئەبولوئلوئە) بە تورەیی و قین و مۆنیەوە وەڵامی دایەوە و وتی: ئاشێکت بۆ دروست دەکەم دەنگ بداتەوە کە خەڵکی قسەی لەسەر بکەن!!

عومەر بەو هاوەڵانەی لەگەڵی بون گوتی: ئەم بەندەیە هەڕەشە و گوڕەشەم لێ دەکا!!

عبدالرحمنی کوڕی ئەبوبەکر هەرسێ پیلانگێڕەکان پێکەوە دەبینێت

سێ لە پیلانگێڕەکات کۆببونەوە" هورموزان و ئەبولوئلوئە و جوفەینە، لە چۆنێتی جێبەجێکردنی پیلانەکە و تیرۆرکردنی عومەریان دەکۆڵیەوە، (ئەبولوئلوئە) ئەو خەنجەرەی پێبوو کە بۆ تاوانەکەی ئامادەی کردبوو.

لەکاتێکدا ئەم سیانە کۆببونەوە، (عبدالرحمنی کوڕی ئەبوبەکری صدیق ﷺ) بەلایاندا تێپەڕی، کاتێ کە بینیان ترس و بیم گرتیانی،

لەپێشدا لەسەر زەوی دانیشتبون، بۆیە بە ترسێکەوە کەوتنە خۆیان و هەستانە سەر پێ، (ئەبولوئلوئە) ئەو خەنجەرەی کە پێی بوو لەدەستی کەوتە خوارەوە، هەر ئەو خەنجەرەش بوو کە پاشتر دای لە عومەر!!

پیلانگێڕانی عومەر لە بەیانی ڕۆژی چوارشەممەی ٢٦ی ذیالحجة

(ئەبولوئلوئە) پیلانەکەی جێبەجێ کرد، لە بەیانی ڕۆژی چوارشەممەی ٢٦ی ذي الحجة ٢٣کۆچی بە خەنجەرە ژەهراویە دووسەرەکەی دای لە عومەر.

با لێگەڕێین یەك لە ئامادەبوانی روداوە دڵتەزێنەکە، درێژەی روداوەکەمان بۆ بگێڕێتەوە:

عەمری کوڕی مەیمون روداوەکە دەگێڕێتەوە

(عەمری کوڕی مەیمونی ئەودی)-رەحمەتی خوای لێبێ- دەڵێ:

ڕۆژی لێدرانەکەی ئاگام لە عومەر بوو، ئەوەی وای کرد کە لە ریزی یەکەمی پێشەوەدا نەبم سامی عومەر بوو، عومەر پیاوێکی سامدار بوو، من لە ریزی دووەمدا بووم، لەنێوان من و عومەردا (ئیبن عەباس) هەبوو، واتە عەمر لە ریزی دووەمدا بووە و ئیبن عەباس لە ریزی یەکەمدا، راستەوخۆ لەدوای عومەرەوە بووە.

کاتێ کە قامەتی نوێژی بەیانی کرا، عومەر لە میحرابەکەیدا وەستابوو.

عەمری کوڕی مەیمون وتویەتی: کاتێ کە قامەت بۆ نوێژدەکرا، عومەر بەنێو رێزەکاندا هات و چۆی دەکرد و دەیوت: رێك راوەستن.. رووی لە خەڵکەکە دەکرد و سەیریانی دەکرد.. ئەگەر پیاوێکی ببینیایە لە پێشتر بوایە یا لە دوابوایە رێکی دەخستەوە، پاشان پێش دەکەوتە میحرابەکە و (الله اکبر)ی دەکرد.

لەنوێژی بەیانیدا جاری وا هەبوو لە رکاتی یەکەمدا سورەتی (یوسف) یا (نحل)ی دەخوێند تا خەڵکی کۆببنەوە و بەنوێژەکە ڕابگەن.

لە ڕۆژی روداوەکەدا، قامەتی نوێژ کرا، عومەر سەیرێکی خەڵکی دەکرد بۆ رێکخستنی ریزەکانیان، لەدوایەوە راستەوخۆ (عبداللهی کوڕی عەباس)و(عبدالرحمنی کوڕی عەوف) هەبونﷺ، (ئەبولوئلوئە) هاتە ژورەوە و خەنجەرە ژەهراویەکەی پێبوو..

عومەر لە (الله اکبر)ی ئیحرامدا لێی درا

عومەر بە (الله اکبر) نوێژی دەست پێکرد، نوێژکەرانیش لەدواوە (الله اکبر)یان کرد و چوونە ناو نوێژەوە.

پێش ئەوەی دەست بە خوێندنی سورەتی (فاتیحە) بکا، (ئەبولوئلوئە) لەنێو ریزی نوێژکەراندا بۆی دەرچوو، بە خەنجەرە ژەهراویەکەی سێ خەنجەری قوڵی لێدا، یەکێکیان لە شانی و دوانەکەی تریان لە کەلەك و سکی.. لێدانەکەی سکی بڕەر بوو.

عومەر گوتی: سەگەکە کوشتمی، یا سەگەکە خواردمی!!

عومەر بەهۆی بەهێزی لێدرانەکەی کەوتە سەرزەوی و خوێنەکەی بەخوڕ لێی دەڕژیشت، لەوکاتەدا عومەر ئەم فەرمودەیەی خوای گەورەی دەخوێند ﴿وَكَانَ أَمْرُ اللَّهِ قَدَرًا مَقْدُورًا: خوا بەهەرچی فەرمان بدا-بێ زیاد و کەم- دەبێ بکرێ.﴾الأحزاب:٣٨.

ئەبولوئلوئە لە سیانزە نوێژکەری تر دەدا و پاشان خۆی دەکوژێ

(ئەبولوئلوئە) دوای ئەوەی بە خەنجەرەکەی لە عومەری دا، دەستی کرد بە لێدانی ئەو نوێژکەرانەی کە لەناو نوێژدا بون، بەلای راست و چەپدا لێی دەدان، لەو لێدانانەدا سیانزە پیاو بەرکەوتن و حەوتیان شەهید بون!!

کە (عبدالرحمنی کوڕی عەوف) ئەو دیمەنە دڵتەزێنەی بینی، بەکارێکی زیرەکانە هەستا، جلێکی گەورەی فڕێدایە سەر (ئەبولوئلوئە) تا پەل بەست بکرێت!!

کە (ئەبولوئلوئە) خۆی لەناو بەرگەکەدا دیتەوە و، زانی دەستگیر دەکرێ و ناتوانێ رابکات، یەکسەر بە خەنجەرەکەی خۆی کوشت!!

(عەمری کوڕی مەیمون) گێرانەوەی روداوەکە تەواو دەکات:

عبدالرحمنی کوڕی عەوف نوێژی بەیانی تەواو دەکات

پاشان عومەر دەستی (عبدالرحمنی کوڕی عەوف)ی گرت کە لە پشتیەوە بوو، پێشی خست تا نوێژەکە تەواو بکات، (عبدالرحمن) پێشکەوتە میحرابەکە.

ئەوانەی لە پشت عومەرەوە بون روداوەکەیان بینی، پێکرانی عومەر و سێزدە پیاوەکە و کوژرانی (ئەبولوئلوئە)یان بینی.

بەڵام ئەوانەی لە لایەکانی تری مزگەوتدا بون نەیانزانی چی رویداوە، کاتێك عومەر دوای (الله اکبر)ی ئیحرام (فاتیحە)ی نەخوێند، دەستیان کرد بە وتنی (سبحان الله، سبحان الله).

(عبدالرحمن) پێشکەوت، نوێژێکی زۆر سوکی بە نوێژکەران کرد و تیایدا کورتترین دوو سورەتی قورئانی خوێند.

(عبدالرحمن)وموسڵمانان نوێژیان کرد، ئەگەر چی پێشەواکەیان لە میحرابەکە بەبریندارى کەوتبوو، بەڵام نوێژی بەیانیان پێش فریاکەوتنی ئەمیری بڕواداران خست، چونکە کاتەکەی زۆر تەسکە!!!

عومەر نوێژی بەیانی کرد و برینەکەی خوێنی لێ دەچۆڕا

(عبدالله‌ی کوڕی عومەر)ﷺ دەڵێ: عومەر لەهۆش خۆی چوو، هەتا ڕۆژ زەرد بوو، خەریك بوو ڕۆژ هەڵبێت، ئەویش نوێژی بەیانی نەکردبوو.

وتیان: بەهیچ شتێك ناتوانن بەخەبەری بێنن، مەگەر بە بیرخستنەوەی نوێژ نەبێت، جا ئەگەر ژیانی تێدا مابێت بەخەبەر دێت.

وتیان: ئەی ئەمیری بڕواداران، نوێژ، نوێژ!

عومەر لە لەهۆشخۆچونەکەی بەئاگا هاتەوەو گوتی: بەڵێ، بەخوا نوێژ، هەرکەسێ وازی لێ بێنێ ماف و بەشی نیە.!

تەماشای دەموچاوی کردین و گوتی: خەڵکەکە نوێژیان کرد؟

وتم-ئیبن عەباس-: بەڵێ ئەمیری بڕواداران.!

گوتی: ئیسلام بۆ کەسێك نیە واز لەنوێژ بێنێت!!

جا هەر لە میحرابەکەدا ئاویان بۆ هێنا، دەستنوێژی شۆری و بەر لە ڕۆژهەڵات نوێژی بەیانی کرد و، برینەکەشی خوێنی لێ دەچۆڕا.

عومەر، ئیبن عەباس رادەسپێرێت تا بزانێ بکوژەکە کێیە

عومەر دوای ئەوەی نوێژی بەیانی کرد، بە ئیبن عەباسی گوت: بڕۆدەرەوە بزانە کێ منی کوشت؟

(ئیبن عەباس) وتویەتی: پرسیارم لە خەڵکە کۆمەڵبوەکە کرد: کێ‌بوو لە ئەمیری بڕواداران دا؟

وتیان: (ئەبولوئلوئەی ئاگرپەرست)ی دوژمنی خوالێی دا، کە کۆیلەی (موغیرەی کوڕی شوعبە)یە، لەگەڵ ئەوا لە ژمارەیەك موسڵمانی تریشی

داوەو پاشان خۆی کوشتوە!!

(ئیبن عەباس) وتویەتی: گەڕامەوە، عومەریش هەر تەماشای دەکردم، وەك ئەوەی بڵێ دواکەوتی و لەسەرخۆ هاتیەوە.

پێم وت: کۆیلەی (موغیرەی کوڕی شوعبە) بوو!

گوتی: پیشەسازەکە؟ وتم: بەڵێ.

گوتی: خودا بیکوژێ، خۆ من فەرمانم دابوو لەگەڵی چاك بن، سوپاس بۆخوا مردنم بەدەستی کەسێك نەبوو خۆی بە ئیسلام دابنێ، سوپاس بۆ خوا بکوژەکەم کەسێك نیە بە تەنها سوژدەیەکیش لای خوا بیانو بهێنێتەوە!!

عومەر لۆمەی ئیبن عەباس دەکات

پاشان پێی وتم: خۆت و عەباسی باوکت حەزتان دەکرد مەدینە پڕبێت لە کافرەکانی ڕۆم و فارس!

پێم وت: ئەگەر حەزدەکەی هەر ئێستا هەمویان دەکوژین!

گوتی: ئێستا دەیانکوژن، دوای ئەوەی بە زمانی ئێوە قسە دەکەن و نوێژی ئێوە دەکەن و حەجی ئێوە ئەنجام دەدەن؟؟!!

پاشان عومەر لە میحرابەوە بەرەوماڵەکەی هەڵگیرا و برینەکەشی هەر خوێنی لێ دەچۆڕا.

عومەر داوا لە ئیبن عەباس دەکات بزانێ ڕای موسڵمانان دەربارەی عومەر چۆنە

عومەر ویستی لەوە دڵنیا بێت کە موسڵمانان بە کوشتنی ئەو ڕازی نین و ئەوان لێی ڕازین و، لێی توڕە نین و ڕقیان لێی نابێتەوە.

(عبداللەی کوڕی عومەر) گوتویەتی: کاتێ لە باوکم درا، ترسا تاوانێکی موسڵمانانی لەسەر بێ و پێی نەزانێ، هەر بۆیە (عبداللەی کوڕی عەباس)ی بانگ کرد -کە خۆشی دەویست- پێی گوت: پێم خۆشە ئاگادارم کەی لە حاڵ و باری موسڵمانان.

(ئیبن عەباس) چووە دەرەوە، ڕاپرسی دەربارەی پێکرانی ئەمیری بڕواداران لە خەڵك دەکرد!

هەموویان وتیان: بەخوا هەر هەموومان ئاواتەخواز بووین خوای گەورە لە تەمەنی ئێمە هەڵگرێ و بیخاتە سەر تەمەنی ئەمیری بڕواداران!

جا گەڕایەوە لای عومەر و پێی وت: بەلای هەر کۆمەڵێکدا هاتبێتم دەگریان، وەك ئەوەی ئەمڕۆ ڕۆڵەکانی خۆیانیان لەدەست چووبێ!

کاتێك لە چێشتەنگاوی ڕۆژی چوارشەممەدا عومەر لەماڵی خۆی دانرا، موسڵمانان لەگەڵیدا چوونەوە بۆماڵ، وەك ئەوەی لە پێشدا هیچ کات تووشی موسیبەت نەبوبێتن!

لە دیاریکردنی چۆنێتی پێکرانەکەی و ئەندازەی مەترسی برینەکەی جیاواز بون، هی وایان هەبوو دەیوت: هیچ نیە و برینەکەی سوکە.

ئەوانی تر دەیانوت: پێکرانەکەی ترسناکە و دەترسین بمرێ!

پزیشك دەستنیشانی ترسناکی پێکرانی عومەر دەکات

پزیشکیان هێنا تا سەیری برینەکەی بکا، کاتێ پزیشکەکە هات، گوشراوی خورمای پێدا-کە بریتی بوو لە دەنکەخورما و لەناو ئاودا خوسابوو تا تامەکەی شیرین بێت، نەك ئەو بادەیەی سەرخۆشکەرەو لە شەرعدا حەرامە-، گوشراوی خورماکە وەکو خۆی و بە پوختی لە بۆشایی سکیەوە دەردەچوو!! پاشان شیری پێدا، بەهەمان شێوە وەکو خۆی لە بۆشایی سکیەوە دەردەچوو!!

پزیشکەکە زانی لێدانەکەی بڕەرە و پێکرانەکەی ترسناکە، بە عومەری وت: چ سپاردەیەکت هەیە بیکە، چونکە تۆ دەمری!

عومەر گوتی: پزیشکەکە ڕاستی لەگەڵ وتم، ئەگەر جگە لەوەی بوتبایە درۆی لەگەڵ دەکردم!

کاتێ دەورووپشتەکەی ئەوەیان بیست گریان، عومەر نەیهێشت بگرین و پێی وتن: بەسەرماندا مەگرین، ئەوەی دەگرێ با بچێتە دەرەوە!

موسڵمانان سەردانی عومەر دەکەن

موسڵمانان چوونە لای عومەر و سەریان لێدەدا و دڵیان دەدایەوەو خواحافیزیان لێی دەکرد و ستایشی کردەوەی چاکی ئەویان دەکرد.

لاوێکی موسڵمان هاتە خزمەتی و پێی وت: ئەی ئەمیری بڕواداران! مـوژدەم پـێ بـدە، چونکە خـوا مـوژدەی پێداوی، تـۆ هـاوەڵی پێغەمبـەری خـــوایﷺ، وەك خۆشـــت دەزانـــی، جێپێـــت لـــە ئیســـلامدا دیـــارە، سەرپەرشـتیاریت کـرد و دادگـەر بـووی، وا ئێسـتاش لـەپێناوی خـوا

شەهادەت بەدەست دەهێنی!!

عومەریش پێی گوت: ئاواتەخوازم ئەوەندە بەسم بێ، بە مایەی خۆم دەرچم.

عومەر ئامۆژگاری لاوێکی موسڵمان دەکات

کاتێ لاوەکە هەستا و کۆڕەکەی بەجێ هێشت، عومەر بۆی ڕوانی، بینی جلەکانی شۆڕە و لە زەوی دەخشێ، (عومەر) بانگی کرد، کاتێ لەبەرامبەری وەستا پێی گوت: کوڕی برام، جلەکەت بەرزکەوە، ئەوە بۆ جلەکەت پاکترە و بۆ ڕازیبونی خوا باشترە!!

ئیبن عەباس ستایشی عومەر دەکا و شایەدی بۆ دەدا

(عبداللەی کوڕی عەباس) قسەی لەگەڵدا کرد و، باسی چاکەکانی کرد و ستایشی لەسەر کرد، لە قسەکانیدا ڕاستگۆش بوو.

لەو قسانەی پێی وت: ئەی ئەمیری بڕواداران، هاوەڵی پێغەمبەری خوات کردوە و هاوەڵێکی باش بووی، کاتێکیش لێی جیابویتەوە لێت ڕازی بوو، پاشان هاوەڵێتی ئەبوبەکرت کرد و هاوەڵێکی باش بووی، کە لێی جیابویتەوە ئەویش لێت ڕازی بوو، پاشان هاوەڵێتی هاوڕێیانی پێغەمبەری خوات کردوەﷺ، هاوەڵێکی باش بووی بۆیان، خۆ ئەگەر لێیان جیابیتەوە، بەشێوازێك بەجێیان دەهێڵی کە هەموو لێت ڕازین!

بەڕاستی تۆ ئەمیر و ئەمین و گەورەی بڕوادارانی، بە کتێبی خوا داوەری دەکەی، شت بە یەکسانی دابەش دەکەی! لەڕاستیدا موسڵمان بونت سەربەرزی بوو، ئەمیرایەتیەکەت فەتح بوو، زەویت پڕ لە دادگەری کردووە!

قسەکانی (ئیبن عەباس)ی بەدڵ بوو، بۆیە ڕێك دانیشت و بە (ئیبن عەباس)ی گوت-لەو کاتەدا (عەلی کوڕی ئەبوطالب)یشی لەگەڵدا بوو-.

عومەر پێی گوت: ئیبن عەباس! لەلای خوا ئەم شاهێدیەم بۆ دەدەی؟

پێم وت: بەڵێ، من ئەو شاهێدیەت لەلای خوا بۆ دەدەم.

(عەلی کوڕی ئەبوطالب)یش وتی: هەروەها منیش لەلای خوای گەورە ئەو شاهێدیەت بۆ دەدەم!!

خەڵکی بەردەوام سەردانی عومەریان دەکرد و ستایشیان دەکرد، لە

قسەکانیشیاندا ڕاستگۆ بون.

دەیانوت: ئەی ئەمیری بڕواداران! خوا پاداشتی چاکەت بداتەوە، بەراستی تۆ .... واو .... واو .... وابووی.

پاشان دەڕۆیشتن و کەسانی تر دەهاتن، ئەوانیش ستایشیان دەکرد و.. ئیتر بەم شێوەیە.

عومەر وەڵامی قسەکاران دەداتەوە و لە خەلیفایەتی دەترسێت

عومەریش وەڵامی دەدانەوەو دەیگوت: ئەوە بە ئەمیرایەتی تەزکیەم دەکەن، لەگەڵ پێغەمبەری خوادا ﷺ بووم، ئەو لێم ڕازی بوو، لەگەڵ ئەبوبەکریشدا بووم گوێبیست و گوێڕایەڵی بووم، کاتێکیش ئەبوبەکر کۆچیدوایی کرد من لە خزمەتیا گوێڕایەڵ بووم.

ئەوەی کە لێی دەترسم تەنها ئەو ئەمیرایەتیکردنەی ئێوەیە! بەخوا ئاواتەخوازم سەربەسەر و بە دەست مایەوە لێی دەرچم هەروەك چۆن سەرەتا هاتم، نە پاداشتم هەبێ و نە گوناهیشم لەسەر بێ!!

عبدالرحمنی کوڕی ئەبوبەکر هەواڵی پیلانەکە بە عبیداللە ی کوڕی عومەر دەدات

کاتێ کە عومەر بە خەنجەرەکەی (ئەبولوئلوئە) پێکرا، (عبیداللەی کوڕی عومەر) زۆر کاری تێکرا، هاربوو و هەڵچوو وەکو دڕندەی لێهات.

لە ڕێگەدا (عبدالرحمنی کوڕی ئەبوبەکری صدیق) پێی گەیشت، ئەویش هەواڵی هەرسێ پیلانگێڕەکەی پێدا، (ئەبولوئلوئە)و(هورموزان)و(جوفەینە)، کە بە نهێنی کۆبوبونەوە و کاتێ ئەمیان بینیوە ترس و بیم گرتویانە و بەترسەوە هەستاون و (ئەبولوئلوئە) خەنجەرەکەی لەدەست کەوتوەتە خوارەوە، کە هەمان ئەو خەنجەرە بووە کە (ئەبولوئلوئە) لە لێدانی عومەر و ئیمانداراندا بەکاری هێناوە.

(عبیداللەی کوڕی عومەر) دڵنیا بوو لەوەی ئەمە پیلانێکی ئاگرپەرستانەیە و ئەو سێ کەسە تیایدا بەشدارن، بەو پێیەی (ئەبولوئلوئە) خۆی کوشتوە، ئەوا دەبێ ئەو دوانەکەی تر بە کوشتن تۆڵەیان لێ بکرێتەوە و تۆڵەی عومەریان لێ بسەنرێتەوە.

عبیداللە سێ کەس دەکوژێت

(عبیداللەی کوڕی عومەر) شمشێرەکەی دەرکرد و چوو بۆ لای (هورموزان)وبە شیرەکەی لێی دا و کوشتی!!

(عبیدالله) وتویەتی: کاتێ هورموزان شیرە هەڵکێشراوەکەی بینیوە وتویەتی (لا اله الاّ الله)!!

پاشان چووە بۆ لای (جوفەینە)وئەویشی کوشتوە!

(عبیدالله) وتویەتی: کاتێ شیرەکەم لە (جوفەینە) بەرزکردەوە، خاچێکی لەسەر دەم و چاوی دانا!

واتە خاچەکەی خستە سەر دەم و چاوی وەك ئاماژەیەك بەوەی لەسەر گاورێتی مردووە.

پاشان چوو بۆ ماڵی (ئەبولوئلوئە)، کچە بچوکەکەی بینیوە، ئەویشی بەشمشێر کوشتوە!

(عبیداللەی کوڕی عومەر) ویستی هەرچی گیراوانی فارس و ڕۆمێك هەیە ئەوەی دەستی پێی بگا، بیانکوژێ، بەدوایاندا دەگەڕا بۆ ئەوەی بیانکوژێ، بەلاّم موسڵمانان لێی کۆبونەوە، لەکاتێکدا شمشێرەکەی بەدەستیەوە خوێنی لێ دەتکا..

(عەمری کوڕی عاص) بەرەو ڕووی ڕۆیشت، ماوەیەك بە نەرم و نیانی گفتوگۆ و قسەی لەگەڵ کرد تاوەکو شمشێرەکەی پێدا.

جیاوازی لە سەر حوکمدان بەسەر عبیدالله ی کوڕی عومەر

ئیتر (عبیدالڵەی کوڕی عومەر)یان گرت و خستیانە بەندیخانەوە.

موسڵمانان جیاوازیان تێکەوت سەبارەت بە (عبیدالڵەی کوڕی عومەر)، کە دوو پیاو و کچێکی کوشتووە، ئەمەش بۆ ئەو دروست نیە، هەتا ئەگەر پیلانەکەش لەسەر (هورموزان)و(جوفەینە)ش بسەلمێنرێ، چونکە ئەمە مافی خەلیفەیە، ئەویش لە مافی خۆی تێپەڕاندوەو دەستدرێژی کردۆتە سەر مافی خەلیفە!

هەندێ لە هاوەڵان وای بۆچون (عبیدالڵەی کوڕی عومەر) لە تۆڵەدا بکوژرێ، چونکە ئەو سێیەی کوشتوە!!

ئەوانی تر وای بۆچوون لە تۆڵەدا نەکوژرێ، بەڵکو داوای لێبوردنیان بۆ دەکرد و، وتیان: نەفرینی خوا لە (هورموزان)و(جوفەینە) بێت، خوای گەورە دووری خستنەوە، ئایا دەتانەوێ (عبیدالله)ش بکوژن و بیگەیەننە

باوکی؟ ئایا ڕەوایە عومەر دوێنێ بکوژرێ و ئەمڕۆش ئێوە کوڕەکەی بکوژن؟!

جا کۆك بون لەسەر ئەوەی (عبیداللەی کوڕی عومەر) لە بەندیخانەدا بمێنێتەوە تا کاتێك خەلیفە هەڵدەبژێردرێت.

عوسمان لێی خۆش دەبێت و خوێنی کوژراوەکان دەدا

کاتێك کە عوسمانی کوڕی عەففان‌ﷺ کرا بە خەلیفە، (عەمری کوڕی عاص) پێی وت: پێش ئەوەی تۆ ببیتە خەلیفە، (عبیدالله) ئەو سێ کەسەی کوشت، واتە لە سەردەمی دەسەڵاتی تۆدا ڕووی نەداوە، بۆیە بەرپرسیارێتی تۆی تێدا نیە، من ڕام وایە لێی ببورێ!

(عوسمان)یش (عبیداللەی کوڕی عومەر)ی ئازاد کرد و خوێنی هەردوو پیاو و کچەکەی لە ماڵی تایبەتی خۆی دا..!

عومەر کوڕەکەی ڕادەسپێرێت قەرزەکانی بۆ بژمێرێت

کاتێ (عومەری کوڕی خەتتاب) لە ماڵەکەی خۆیدا لە گیانەڵادا بوو، (عبدالله)ی کوڕی بانگ کرد و پێی وت: عبدالله! ئەو قەرزەی لەسەرمە بۆمی کۆبکەرەوە، بۆی کۆکردەوەو بینی هەشتا و شەش هەزار درهەمە.

عومەر گوتی: عبدالله! کاتێ مردم ئەم قەرزە لە ماڵی بەرەی عومەر بدەرەوە، ئەگەر ماڵەکەشیان بۆ ئەم قەرزە بەشی نەکرد، ئەوا لە ماڵی بەرەی (عەدی) تەواوی کە، ئەگەر ئەوەش بەشی نەکرد، ئەوە لە ماڵی قوڕەیش تەواوی بکە!!

(عبدالرحمنی کوڕی عەوف) پێی گوت: ئەمیری بڕواداران! ئایا ئەو ماڵە بۆ لە (بیت المال) قەرز ناکەی؟

عومەر گوتی: پەنا بەخوا ئەگەر شتی وابکەم، تا تۆ و هاوەڵەکانم لەپاش خۆم نەڵێن: بەشی خۆمان بۆ عومەر واز لێهێنا، بەخشیمان، ئیتر قەرزی (بیت المال) نەدەنەوەو منیش قورساییەکەی لای خوا لەئەستۆ بگرم.

ئیبن عومەر قەرزەکەی دەخاتە سەر شانی خۆی

(عبداللەی کوڕی عومەر) دەڵێ: باوکەگیان! قەرزەکەت لەسەر من و من بۆتی دەدەمەوە.

کاتێ (عومەر) ئەسپەردەی خاك کرا، (عبدالله)ی کوڕی لە بەرامبەر

ئەهلی شورا و کۆچەر و پشتیوانەکاندا وەستا و ڕایگەیاند کە ئەو بەرپرسیێتی دانەوەی قەرزەکانی عومەر لەخۆی دەگرێت.

هەفتەیەك لە خەلافەتی عوسمان تێنەپەڕیبوو، (عبدالله) هەموو قەرزەکەی کۆکردەوەو دایەوە بە خاوەنەکانی و عوسمانیش شاهێدی قەرزدانەوەکەی بوو.!!

عومەر داوای مۆڵەت لە عائیشە دەکات تا لەگەڵ دوو هاوەڵەکەی بنێژرێت

عومەر بە (عبدالله)ی کوڕی وت: کوڕەکەم، بچۆ بۆ لای عائیشە و پێی بڵێ: عومەر سەلامت لێ دەکات، نەڵێی ئەمیری بڕواداران، چونکە من لەمڕۆ بەدواوە ئەمیری بڕواداران نیم!!!

پێی بڵێ: عومەر داوای مۆڵەتت لێ دەکات لەگەڵ دوو هاوەڵەکەیدا" پێغەمبەری خواﷺ و ئەبوبەکرؓ ئەسپەردە بکرێ!

(عبداللهی کوڕی عومەرؓ) چوو بۆ لای عائیشە، داوای مۆڵەتی کرد و چووە لای، بینی وا بۆ عومەر دەگری.

پێی وت: عومەر سەلامت لێ دەکا، داوای مۆڵەتت لێ دەکا تا لە ماڵی تۆدا و لەگەڵ هەردوو هاوەڵەکەیدا بنێژرێ.

عائیشە، عومەر پێش خۆی دەخا

گوتی: من ئەم گۆڕەم بۆخۆم دانابوو، لای مێرد و باوکم، بەڵام عومەر پێش خۆم دەخەم!! وا مۆڵەتم دا..!!

(عبداللهی کوڕی عومەر) گەڕایەوە، کاتێ باوکی بینی گوتی: بەرزم کەنەوە و شتێك بخەنە پاڵ پشتم.

پاشان گوتی: ها کوڕەکەم چیت لایە؟

وتی: ئەوەی تۆ پێت خۆشە، عائیشە مۆڵەتی دای!!

عومەر گوتی: (الحمد لله رب العالمین، هیچ شتێکم بە ئەندازەی ئەسپەردەکردنم لەتەنیشت پێغەمبەری خواﷺ و ئەبوبەکرەوە بەلاوە گرنگ نیە.

پاشان بە کوڕەکەی گوت: عبدالله، سەیرکە! هەرکاتێ مردم، هەڵمگرن، پاشان لەبەر دەرگای عائیشەدا بموەستێنن و بڵێ: (عومەری کوڕی خەتتاب داوای مۆڵەتت لێ دەکا).

ئەگەر مۆڵەتی دان بمبەنە ژوورەوەو لەوێ ئەسپەردەم کەن، ئەگەر ڕەتی کردمەوە ئەوا بمگێڕەوەو لە گۆڕستانی موسڵمانانندا بمنێژن، من دەترسم ئێستا لەبەر شەرم مۆڵەتی دابێتم، چونکە ئەمیری بڕوادارانم و تا ئێستاش زیندووم.!!

قسە لەنێوان عبدالله و حەفصە سەبارەت بە جێنشین دانان

(عبدالله‌ی کوڕی عومەر) وتویەتی: چوومە خزمەتی (حەفصە)- خوشکی-، وتی: بیستومە باوکت لەدوای خۆی کەس ناکاتە جێنشین!

پێم وت: شتی وا ناکا!

وتی: بەڵێ.. دەیکات.

عبدالله دەڵێ: سوێندم خوارد لەو بارەیەوە قسەی لەگەڵ بکەم، چووم بۆ لای، سامم کرد قسەی لەگەڵ بکەم، وەك ئەوەی شاخم هەڵگرتبێ، پرسیاری حاڵی خەڵکی لێکردم، هەواڵم پێدا.

عبدالله داوا لە باوکی دەکات کە جێنشین لەجێی خۆی دیاری بکات

پاشان پێم وت: قسەیەکم لە خەڵکی بیستووە، سوێندیشم خواردووە پێی بڵێم، وای بۆ چوون کە تۆ پاش خۆت خەلیفەیەك دەستنیشان ناکەی، باوکەگیان، ئەگەر سەروکاری زەویەکەت بانگ بکەی تا بیبینی، ئایا حەز ناکەی کەسێکی لە شوێن دابنێی لەکاتی دیارنەبونی لە زەویەکەدا تا بۆی دەگەڕێتەوە؟!

عومەر گوتی: بەڵێ.

وتم: باوکە! ئەی ئەگەر بتەوێ شوانەکەت ببینی، ئایا پێت خۆش نیە پیاوێك لەجێی دانێی تا دەگەڕێتەوە بۆ لای مەڕەکانت؟!

گوتی: بەڵێ.

وتم: باوکە! ئەی کاتێ بە دیداری پەروەردگارت دەگەی چی پێ دەڵێی، کە جێنشینێکت بەسەر بەندەکانیەوە بەجێ نەهێشتوە؟

عومەر وەکو پێغەمبەر دەکا و جێنشین دانانێ

عومەر دڵتەنگیەکی تووش بوو، ماوەیەکی زۆر سەری داخست، پاشان سەری بەرز کردەوەو پێمی گوت: خوای گەورە ئەم ئاینە هەر دەپارێزێ، هەر کارێکیان ئەنجام بدەم، جێنشین دانێم یان داینەنێم، هەر سوننەتە:

ئەگەر جێنشین دانەنێم ئەوا پێغەمبەری خواﷺ دای نەناوە.

ئەگەر جێنشینیش دانێم ئەوا ئەبوبەکر جێنشینی داناوە.

(عبداللەی کوڕی عومەر) وتی: جا زانیم کەس بە پێغەمبەری خوا ﷺ ناگۆڕێتەوە و، لەدوای خۆشی خەلیفە دانانێت!!

دەربارەی جێنشین دانان، عومەر قسە لەگەڵ سەعیدی کوڕی زەید دەکات

لە ڕۆژێکی تردا (سەعیدی کوڕی زەید) ﷺ هاتە خزمەتی کە یەکێکە لە (دە) موژدەپێدراوەکانی بەهەشت، بە عومەری وت:

ئەی ئەمیری بڕواداران، بەڵکو ئاماژە بە پیاوێ بکەی بۆ جێنشینی، چونکە خەڵکی تۆیان بە ئەمین داناوە.!

عومەر پێی گوت: دەبینم هاوەڵان خراپ سوورن ها! من جێنشینێك لەو شەش هاوەڵە دەستنیشان دەکەم کە پێغەمبەری خوا ﷺ کۆچیدوایی کرد و لێیان ڕازی بوو.

ئەگەر عوبەیدە و سالم زیندوبان

ئەگەر یەك لەو دوو پیاوەم پێ بگەیشتنایە و بە زیندوویی بمانایە، دەمکرد بە خەلیفە و متمانەم پێی دەبوو، کاروباری موسڵمانانیشم پێی دەسپارد: (سالمی-بەندەی ئازادکراو-ی ئەبو حوزەیفە)و(ئەبوعوبەیدەی کوڕی جەڕاح). ئەگەر خوای گەورە دەربارەی (ئەبو عوبەیدە) پرسیاری لێم کرد دەڵێم:

لە پێغەمبەرەکەتم بیست ﷺ دەیفەرموو: عوبەیدە ئەمین و دەسپاکی ئەم ئوممەتەیە.

ئەگەر لە (سالم)یش پرسیاری لێم کرد ئەوا دەڵێم: لە پێغەمبەرەکەتم بیستوە ﷺ دەیفەرموو: لە ڕاستیدا (سالم) زۆر خوای خۆش دەوێ.

لە ڕۆژێکی تردا کۆمەڵێك لە هاوەڵان هاتنە خزمەتی عومەر، کە (موغیرەی کوڕی شوعبە)یان لەگەڵ بوو ﷺ.

عومەر بە ڕەقی قسە لەگەڵ موغیرە دەکات سەبارەت جێنشینی کردنی عبدالله

(موغیرە) پێی وت: (عبداللەی کوڕی عومەر) بکە بە خەلیفە.

عومەر پێی وت: خوا بتکوژێ، بەخوا لەم قسەیەتدا مەبەستت خوا نەبوو! پێویستمان بە کاروبارتان نیە، بەخوا ستایشی خەلافەتم نەکردووە، تا هانی یەکێك لە خاووخێزانمی بۆ بدەم.

ئەگەر خەلافەت چاك بێ، ئەوا بەرمان کەوت و بەشی خۆمان لێ برد،

ئەگەریش زیان و خراپ بێ، ئەوا ئالی عومەر با تەنها یەکێکیان موحاسەبە بکرێت و، لەسەر کاروباری ئوممەتی موحەممەدﷺ لێی بپرسرێتەوە.

بەراستی خۆمم ماندوو کرد، خێزانم بێبەش کرد، ئەگەر بەدەستمایەوە دەرچم، نە تاوانم لەسەر بێ و نە گوناحباریش بم، ئەوا زۆر دڵخۆش و بەختیارم!

خەلافەت لەنێوان شەش کەس بە ڕاوێژ دەبێ

عومەر وایکرد کاروباری خەلافەت بە ڕاوێژ بکرێ لەنێوان ئەو شەش هاوەڵە موژدەپێدراوەی بەهەشت، کە پێغەمبەری خواﷺ بەر لە کۆچیدوایی لێیان ڕازی بوو.

ئەوانیش: (عوسمانی کوڕی عەففان)و(عەلی کوڕی ئەبوطالب)و(عبدالرحمنی کوڕی عەوف)و(سەعدی کوڕی ئەبووەقاص)و(طەڵحەی کوڕی عبیداللە)و(زوبەیری کوڕی عەوام)ﷺ.

عومەر بۆچی سەعیدی کوڕی زەید دووردەخاتەوە

حەوتەم موژدەپێدراوی بەهەشتی دانەنا کە (سەعیدی کوڕی زەید) بووﷺ کە ئەویش هەر لە ژیاندا بوو، چونکە لە نەوەی (عەدی)ولە خزمانی عومەر بوو، عومەریش زۆر سوور بوو لەسەر دوورخستنەوەی خزمەکانی لە ئەمارەت، لەگەڵ ئەوەی تیایاندا بوو شیاوی ئەو پلەو پایەیە بوو!

ئەوەتا دەبینین بە خەلیفەکردنی کوڕەکەی پەسەند ناکا و (سەعیدی کوڕی زەید)ی لە لیستی پاڵێوراوانی خەلافەت دوور دەخاتەوە!!

عومەر لەگەڵ شەش پاڵێوراوەکەدا قسە دەکا

(عومەر) ئەو چەند پاڵێوراوەی خەلافەتی کۆکردەوە، ئەوانیش کاتێك هاتنە خزمەتی، پێی وتن:

من سەیری کاروباری خەڵکیم کرد، هیچ ناکۆکیەکم تیا بەدی نەکردن، ئەگەر ناکۆکی ببی ئەوا لە ئێوەدایە!!

پاشان گوتی: لەراستیدا قەومەکەتان یەك لەم سێیەتان (عوسمان و عەلی و عبدالرحمن) هەڵدەبژێرن.

پاشان ڕوانیە عەلی و پێی گوت: ئەگەر شتێکت لە کاروباری موسڵمانان گرتە دەست، نەوەی هاشم نەخەیتە سەر ملیان.

پاشان ڕوانیە عوسمان و پێی گوت: ئەگەر شتێکی کاروباری

موسڵمانانت گرتە دەست، نەوەی ئومەییە نەخەیتە سەر ملیان.

پاشان ڕوانی بۆ (عبدالرحمنی کوڕی عەوف)وپێی فەموو: عبدالرحمن! ئەگەر تۆش سەروکاری موسڵمانان بووی، خزم و کەسوکارت سواری ملی خەڵکی نەکەی!

پاشان عومەر گوتی: ئەم شەشە کۆ دەبنەوە، تا لە نێوانیاندا پیاوێك هەڵبـژێرن، (عبـداللەی کـوڕی عومـەر)یـش ئامـادە دەبـێ، لـە کاروبـاری خەلافەتدا هیچی بۆ نیە.

وە وتی: ئەگەر (سەعدی کوڕی وەقاص)تان کردە سەرپەرشتیار ئەوە شایەنێتی، ئەگەر ئەویش دەرنەچوو ئەوا خەلیفە ڕاوێژی پێ بکا، چونکە لەبەر بێتوانایی و ناپاکی لام نەبردووە!

صوهەیبی ڕۆمی بۆ پێشنوێژی دیاری دەکا

وتـی: (صـوهەیبی کـوڕی سـەنان)ی پشـتیوان-بەنـدەی ئـازادکراو-ی (بەنی جەدعان) کە صوهەیبی ڕۆمیە، سێ ڕۆژ پێشنوێژیتان بۆ دەکا.

عومەر بە (ئەبوطەڵحەی ئەنصاری) وت:

ڕۆڵی ئەبوطەڵحە و میقداد

بە پـەنجا کەسـەوە لـە قەومەکـەت (کـە لـە ئەنصـاریەکانن) لەگـەڵ ئـەو شـەش کەسـەی خـاوەن ڕاوێـژەدا دەبـێ، ئەمانـە لەماڵێکـدا سـێ ڕۆژ کۆدەبنـەوە، لـەنێو خۆیانـدا یـەکێك هەڵدەبژێرن، تـۆ و هـەر پـەنجا کەسـی هاوەڵت لەبەر دەرگای ئەو ماڵەدا سێ ڕۆژ بوەستن، ڕێی کەس مەدەن بچێ بۆ لایان، لێ مەگەڕێن ئەو سێ ڕۆژە تێپەڕێ تا یەکێکیان دەکەن بە ئەمیر!

ڕێنماییەکانی عومەر بۆ میقداد

بە (میقـدادی کـوڕی ئەسـوەد)ی سوارچاکی پێغەمبـەری خـواﷺی وت: لەگەڵ ئەم شەش کەسەی ئەهلی ڕاوێژ سێ ڕۆژ ڕاوەستە، ئەگەر پێنجیان بە یەکێکیان ڕازی بون، یەکێکیان نەیار بوو، ئەوا بە شمشێر سەری لەت کە!

خۆ ئەگەر چواریان بە یەکێکیان ڕازیبون و دوانیان نەیار بون، ئەوە بەشمشێر لەسەریان دە!

ئەگەر سیانیان یەکێکیان پێ باش بوو، سێیەکەی تریش بە یەکێکی دی، ئەوا (عبداللەی کوڕی عومەر) بکەنە داوەر، هەر دەستەیەکیان (عبدالله) حوکمی پێ دا، با یـەکێك لـەخۆیان هەڵبـژێرن، ئەگـەر بـە داوەریەکـەی

(عبداللەی کوڕی عومەر)یش ڕازی نەبون، لەگەڵ ئەوانەیاندا بن کە (عبدالرحمنی کوڕی عەوف)یان لەگەڵدایە، ئەوانی تریش ئەگەر هەر ڕازی نەبون بەوەی خەڵکی لەسەری کۆ و کۆکە، ئەوا بیانکوژن!

ئەگەر هەر سێ ڕۆژەکەش تەواو بوو، ڕۆژی چوارەم هات، کەسێکیان لەنێو خۆیاندا هەڵنەبژاردبوو، ئەوا هەموویان بکوژن!!

عومەر وەسیەت بۆ خەلیفەی دوای خۆی دەکات

عومەر ئامۆژگاری خەلیفەی دوای خۆی کرد و گوتی:

ئامۆژگاری خەلیفەی دوای خۆم دەکەم: مافی کۆچکەرە یەکەمینەکانی لەیاد نەچێ، ڕێز و حورمەتیان پارێزراو بکا.

ئامۆژگاری دەکەم چاکەکاربێ لەگەڵ پشتیوانان، ئەوانەی لەپێش هەموو کەسدا جێگە و سامان و ئیمانیان لەپێشوازی موسڵماناندا بوو، بەوەی چاکەی چاکەکارانیان پەسەند کا و لەخراپەکانیان ببورێ.

ئامۆژگاری دەکەم لەگەڵ خەڵکی وڵاتاندا چاك بێ، ئەوانە یارمەتیدەری ئیسلام و کۆکەرەوەی سامان و جێڕقی دوژمنن، هیچیان لێ وەرنەگیرێ تەنها ئەوە نەبێ کە لێیان زیادە و بە ڕەزامەندی خۆیان دەیدەن.

ئامۆژگاری دەکەم لەگەڵ بیابانشینەکان چاکەکار بێ، ئەوانە ڕیشەی عەرەب و کەرەستەی ئیسلامن، لە پەراوێزی ماڵەکانیان وەربگیرێ و بدرێت بە هەژارەکانیان.

ئامۆژگاری دەکەم بە (ذمی)یەکان، ئەوانەی لەپەنای خوای گەورەو پێغەمبەرکەیدانﷺ، وەفا بە پەیمانەکانیان بکا، بەرگریان لێ بکا، بەپێی تواناش داواکارییان لێ بکرێ!!

عومەر دوای پێکرانی، سێ ڕۆژ دەژی، لە شەوی یەکشەممە کۆچی دوایی دەکا

عومەر لە ڕۆژانی دوای لێدرانەکەی (ڕۆژی چوارشەممە ٢٦ی ذي الحجة‌ی ٢٣ی کۆچی) سەرجەم ئەو کاروبارانەی ڕێکوپێك کرد.

لەدوای لێدرانیشی سێ ڕۆژ بە زنیدویەتی ما، کە ڕۆژانی پێنجشەممە و هەینی و شەممە بوو.

لەو ڕۆژانەدا (صوهەیبی سونانی ڕۆمی) پێشنوێژی موسڵمانانی

دەکرد.

عومەرﷺ لە شەوی یەکشەممەی یەکی مانگی موحەڕەمی ٢٤ی کۆچی کۆچی دوایی کرد.

ئامۆژگاری عومەر بۆ عبداللە ی کوڕی

تۆزێ پێش کۆچی دوایی، ئامۆژگاری عبداللەی کوڕی کرد و پێی گوت: کوڕەکەم، ئەگەر کاتی مردنم هات، ئەوە بمسوڕێنەو ڕوم لە قیبلە کە، دەستی ڕاستت بخەرە سەر تەوێڵم و، دەستی چەپیشت بخەرە سەر چەناگەم.

کاتێکیش مردم چاوەکانم بنوقێنە.

کفنێکی مامناوەندیم بۆ بکەن، ئەگەر لای خوا باشەم هەبێ، ئەوا بەباشتر بۆم دەگۆڕێ، ئەگەر ئەوەش نەبم، ئەوا هەر بە زویی لێم زەوت دەکرێ!

گۆڕەکەشم هەر با ناوەندی بێ، ئەگەر لای خوا چاکەم هەبێ، ئەوا بەپێی بڕکردنی چاو بۆم فراوان دەکا، ئەگەر ئەوەش نەبم، ئەوا لێمی تەنگ دەکاتەوە تا پەراسوەکانم بەیەکدا دەچن!

با لەگەڵ جەنازەکەمدا هیچ ئافرەتێك دەرنەچێ، تەزکیەو پاکانەی شتێکم بۆ مەکەن کە تیامدا نیە، چونکە خوای گەورە زاناترە پێم!

ئەگەر بۆ گۆڕتان بردم، بە پەلە هەنگاو بنێن، چونکە بەراستی ئەگەر لای خوا چاکەم هەبێ، ئەوا بۆ شوێنێکم دەبەن کە زۆر چاکترە بۆم، ئەگەر بەو شێوەیەش نەبوم، ئەوا خراپەیەکتان هەڵگرتووە!!!

حەفصە خواحافیزی لەباوکی دەکا

چەند سەعاتێ بەر لە کۆچی دوایی، حەفصەی کچی و دایکی بڕواداران لەگەڵ چەند ئافرەتێکدا هاتن بۆ لای و ماوەیەك گریان و پاشان دەرچون، دوای ئەوانیش کۆمەڵێك پیاو لە بڕواداران هاتن بۆ لای.

عوسمان دوا چرکەساتەکانی عومەرمان بۆ دەگێڕێتەوە

عوسمانﷺ لە شەوی یەکشەممەدا چوە بۆ لای، کە دواچرکەساتەکانی ژیانی (عومەر)مان بۆ دەگێڕێتەوە.

گوتی: من لەدوای هەموتانەوە ئاگاداری عومەر بووم، چووم بۆ لای،

سەری لەسەر ڕانی عبداللەی کوڕی بوو.

بەکوڕەکەی وت: روومەتم لەسەر زەوی دانێ.!

کوڕەکەی وتی: ئایا رانم و زەویەکە وەك یەك نیە؟

پێی وتەوە: ڕومەتم لەسەر زەوی دانێ.

کاتێ ڕومەتی لەسەر زەوی دانا، گوێبیستی بووم دەیگوت:

خوایەگیان، هاوار بۆ من، بۆ دایکیشم، ئەگەر تۆ لێم خۆش نەبی!!!

پاشان لاشەی سارد بویەوەو گیانی دەرچوو، خوای گەورە لێی ڕازی بێ.

کە شەوی یەکشەممە کۆچی دوایی کرد، کوڕەکەی بە ئاو و مۆرتك(سدر) شۆردی و لە سێ جلدا کفنی کرد.

موسڵمانان لەدوای ئەوەی نوێژی بەیانی ڕۆژی یەکشەممەیان کرد، نوێژی جەنازەیان لەسەر (عومەر) کرد، لەنوێژکردنەکەشیدا (صوهەیبی ڕۆمی) پێشنوێژی بۆ کردن.

عومەر بەیانی رۆژی یەکشەممە بەخاك سپێردرا

پاشان هەڵگیرا بۆ ماڵی عائیشە، (عبداللەی کوڕی عومەر) لە دەرگاکەدا وەستا و سڵاوی لە عائیشە کرد، پاشان داوای مۆڵەتی کرد و وتی: عومەر داوای مۆڵەتت لێ دەکا؟

گوتی: بیهێننە ژورەوە.

عبداللەی کوڕی و عوسمان و سەعیدی کوڕی زەید و عبدالرحمنی کوڕی عەوف، دایانگرتە ناو گۆڕەکەیەوە.

گۆڕەکەی لەلای پێیەکانی پێغەمبەری خواوە بوو ﷺ، لەکاتێکدا گۆڕی ئەبوبەکری صدیق لەلای شانی پێغەمبەری خوادا بوو!

عائیشە، خوای لێ ڕازی بێت، وتویەتی: بەردەوام سەرپۆشم لادەدا و جلەکانم سوك دەکرد و دەموت ئەمانە پێغەمبەری خوای مێردم و ئەبوبەکری باوکمە، کاتێ عومەر لەلایان نێژرا، لە جلەکانم خۆپارێزیم دەکرد، چونکە عومەر لەگەڵیانە!!!

ئەو تەمەنەی عومەر تیایدا کۆچی دوایی کرد، شەست و سێ ساڵ بوو،

وەك تەمەنی پێغەمبەری خواﷺ و ئەبوبەکری صدیقی هاوەڵی بووﷺ.
خوای گەورە لە ئەمیری بڕواداران خۆش بێ و شاد و ڕازی بکات.[١]

١ ــ درێــژەی خەلیفایــەتی عومــەر و لێــدران و شــەهیدبونەکەیمان لەچــەند کتێبێکــەوە وەرگرتووە کە گرنگترینیان:
تأريخ الطبرى ٤: ١٩٠-٢٣٠.
(الطبقات الكبرى)ی ابن سعد: ٣: ٢٠١-٢٨٧
(الكامل في التاريخ)ی ابن كثير: ٣: ٤٩-٦٩
(صفة الصفوة)ی ابن الجوزي **بە تەحقیقی** فاخوری: ١: ٢٦٨-٢٩٣.
(أخبار عمر)ی علي طنطاوي: ٥١-٥٧، ٣٩٦-٤٢٠.

ترۆسکی چوارەم

عوسمانی کوڕی عەففان، لەنێوان جێنشین بون و شەهیدبوندا

ئامۆژگاریەکانی عومەر پێش شەهیدبونی

لە (ترۆسکە مێژوویی)یەکەی پێشوودا قسەمان کرد لەسەر لێدرانی عومەرﷺ و ئامۆژگاریەکەی پێش شەهیدبونی، لەوەی خەلافەت بە ڕاوێژ بێ لەنێوان ئەو شەش هاوەڵەدا و، ئامۆژگاریکردنی عومەر لەوەی کە (ئەبوطەڵحەی ئەنصاریﷺ) لەگەڵ پەنجا پشتیوانەکانی تردا پاسەوانیان بکات، ئامۆژگاریکردنی (میقدادی کوڕی ئەسوەدﷺ) کە سێ ڕۆژ پاسەوانیان بێ، ئەگەر کۆك نەبون لەسەر هەڵبژاردنی خەلیفەیەك لەنێوانیاندا، هەموویان بکوژێ.

هەروەها باسی ئەوەمان کرد کۆچی دوایی عومەرﷺ لەشەوی یەکشەممەی یەکی -محرم-ی ٢٤ی کۆچیدا بووەو لە هەمان شەودا سپاردە کراوە، پاش ئەوەی (صوهەیبی ڕۆمیﷺ) نوێژی لەسەر کردوە.

ئێستاش لەدواداچوونی ناوکۆ(سیاق)ەکەی دەکەین و لەگەڵ دیمەنی کۆبونەوەی شەش پاڵێوراوەکەدا دەژین بۆ هەڵبژاردنی خەلیفەیەك لەنێوانیاندا، کە لەو ماوەیەی عومەرﷺ پێش کۆچکردنی بۆی دەستنیشان کردبون، کە بریتی بوو لە سێ ڕۆژ.

بۆ هەڵبژاردنی یەکێك لە خۆیان ڕۆژانی یەکشەممە و دووشەممە و سێشەممەیان لە پێش بوو، ئەگەر نا (میقداد) هەمویان دەکوژێ.!

شەش پاڵێوراوە موژدەپێدراوەکانی بەهەشت بریتی بون لە (عوسمان) و (عەلی) و (طەڵحە) و (زوبەیر) و (سەعدی کوڕی ئەبی وەقاص) و (عبدالرحمنی کوڕی عەوف)ﷺ.

کۆبونەوەی پێنج پاڵێوراو لە ماڵی میسوەری کوڕی مەخرەمە

پێنج لە پاڵێوراوەکە-جگە لە طەڵحە چونکە لە مەدینە نەبوو، لە بەیانی ڕۆژی یەکشەممەی یەکی موحەڕەمدا، لەماڵی (میسوەری کوڕی مەخرەمە)داﷺ کە خوشکەزای (عبدالرحمنی کوڕی عەوف)ە کۆ بونەوە،

(عبداللەی كوڕی عومەر)یشیان لەگەڵدا بوو بۆ ئەوەی (ئەگەر هەردوو لا وەك یەك بون لە هەڵبژاردنەكەدا -وەرگێڕ-) تەنها دەنگێكی پەسەندكەری هەبێ، بەمەرجێ هەڵنەبژێردرێ، هەورەك باوكی وەسیەتی بۆ كردبوو.

(ئەبوطەڵحە) و (میقدادی كوڕی ئەسوەد)یشﷺ لەگەڵ پاسەوانەكاندا، پاسەوانیان دەكردن.

سەعد، موغیرە و ئیبن عاص دوور دەخاتەوە

لەكاتێكدا ئەوان كۆببونەوەو (موغیرەی كوڕی شوعبە) و (عەمری كوڕی عاصﷺ) هاتن و لەبەر دەرگادا وەستان، بەڵام (سەعدی كوڕی ئەبو وەقاصﷺ) دووری خستنەوەو پێی وتن: لەبەردەرگا دانیشتوون بۆ ئەوەی بڵێن ئامادەی هەڵبژاردنی خەلیفەبووین و ئێمە لە ئەهلی راوێژ بووین!!

ئیبن عەوف داوای كشانەوەی دوایینی پاڵێوراوەكان دەكات

پاش ئەوەی پاڵێوراوان كۆبونەوە، (عبدالرحمنی كوڕی عەوفﷺ) پێی وتن: كامتان پێی خۆشە لە پاڵێورانەكە خۆی بكێشێتەوە، بۆ ئەوەی كەسی تر لە ئەستۆی خۆی بگرێ؟

لەراستیدا (عبدالرحمنﷺ) دەیویست یەكێك لە شەش پاڵێوراوەكە بكشێتەوە و لە پاڵێورانەكەی وازبهێنێ، بۆ ئەوەی دانیشتن و گفتوگۆكان بەڕێوە ببات و هەستێ بە ڕێكخستنی پەیوەندی و تاوتوێكردنەكانی هەڵبژاردنی خەلیفە لەو پێنج پاڵێوراوەی دەمێنێتەوە.

كاتێ (ئیبن عەوف) ئەم پرسیارەی ئاراستە كردن، بۆ ئەوەی یەكێك واز لە پاڵێورانەكەی بهێنێ، بەڵام كەسیان وەڵامی نەدایەوە!

كشانەوەی ئیبن عەوف لەگەڵ ئەوەی هەلی سەركەوتنی زۆر بوو

پێی وتن: من خۆمی لێ دەردەكەم و خۆمی لێ دادەماڵم و لە پاڵاوتنەكەم دەكشێمەوە!

هەلی سەركەوتنی (عبدالرحمنی كوڕی عەوفﷺ) لە بەخەلیفەبوندا زۆر بوو، زۆرێك لە هاوەڵان حەزیان دەكرد ئەو ببێتە خەلیفە، ئەگەر لە پاڵاوتنەكەی وازی نەهێنایە و سەرپەرشتیاری بەڕێوەبردنی كردەی راوێژ و هەڵبژاردنەكەی نەكردایە، دەكرا لە دوای عومەرﷺ ئەو بوبایە بە خەلیفە و پشكی لە سەركەوتنیشدا زۆر بوو، بەڵام خوای گەورە خەلیفایەتیەكەی

بۆ عوسمان تەقدیر کردوو.ﷺ

هەندێك لە موسڵمانان دەیانویست ئیبن عەوف ببێتە خەلیفە

لەوانەیە (عبدالرحمنی کوڕی عەوف)یشﷺ خۆی ئەوەی بزانیایە، چاوەکانیش زۆریان ڕوویان لە ئەو بوو، بەڵام ئەو لە هەر شەشیان دوورتر بوو لێی، هەر لەبەر ئەمە کاتێ کە ڕاوێژی بە هەندێ لە هاوەڵان دەکرد، بە ئاشکرا پێیان دەوت کە خۆی بۆ خەلیفەیەتی باشترە!

(سەعیدی کوڕی زەیدﷺ) پێی وت: ئێمە تۆ بەشیاوی ئەوە دەزانین!

(عبدالرحمن) پێی وت: دەست بۆ یەکێکی تر درێژ بکە!

(سەعدی کوڕی ئەبی وەقاصﷺ) پێی وت: بەیعەت بەخۆت بدە!

(عبدالرحمن) پێی وت: ئەبو ئیسحاق! من خۆمم لە خەلیفایەتی دامالی بۆ ئەوەی خەلیفە هەڵبژێرم، ئەگەر ئەوەشم نەکردایە هەر نەمدەویست ببمە خەلیفە!

خەونەکەی ئیبن عەوف و نوربینیەکەی

سەعد پێی وت: لەبەرچی؟

(عبدالرحمنﷺ) پێی وت: من خەوێکم بینی، باخێکی سەوزی پڕ گژوگیام بینی. حوشترێکی گەورە هاتە ناویەوە، حوشتری وا گەورەم نەبینیبوو، حوشترێکە هەروەکو تیر بەباخەکەدا تێپەڕی، تا بڕی، ئاوڕی بۆ شتەکانی ناوی نەدایەوە و هیچی لێ نەخوارد، لەدوای ئەو حوشترێك هاتە ناوی و بەباخەکەدا تێپەڕی و بەشوێنی حوشترە گەورەکەدا ڕۆیی، ئاوڕی بۆ شتەکانی ناوی نەدایەوە و هیچ شتێکی لێ نەبرد، پاشان دوای حوشترەکە حوشترێکی (عەبقەر)[١] یم بینی ڕەشمەکەی ڕادەکێشا، لە باخەکەدا بەلای ڕاست و چەپدا لای دەکردەوە، بەڵام هەر شوێنی ئەوانی پێشوو دەکەوت، هیچ شتێکی هەڵنەگرت، تا دەرچووە دەرەوە، پاشان وشتری چوارەمی هاتە ناو، لەناو باخەکەدا تێر لەوەڕا!!

نەخێر بەخوا نابم بە چوارەم!! کەسێك نیە شوێنی ئەبوبەکر و عومەر بگرێتەوەو خەڵکی لێی ڕازی بن!!

١ ـ عەبقەر: گوندێکە لە یەمەن، جل و مافوری نایابی لێ دروست دەکرێ، هەموو شتێکی باش و گەورەی دەدرێتە پاڵ.

کێ شوێنی ئەبوبەکر و عومەر پڕ دەکاتەوە؟

لە ڕاستیدا (عبدالرحمن‌ﷺ) خاوەن بیرتیژییەکی قووڵ بوو، ئەو خەلیفەیە کێیە کە بتوانێ شوێنی ئەبوبەکر و عومەرﷺ پڕکاتەوە،؟ تاوەکو لە ساڵانی دواییدا ڕەزامەندی و پشتگیری خەڵکی بەدەست بێنێ؟

نە (ئیبن عەوف) و نە (عوسمان و نە عەلیﷺ) ئەو بۆشاییە پڕ دەکەنەوە کە عومەر لەدوای خۆی بەجێی هێشت! بەڵام ئەوە ویستی خوایە، پێویستە خەلیفە لە دوای عومەر هەبێ، ئەوەش قەدەری عوسمان بووﷺ!!

بەڕێوەبردنی شورا بە ئیبن عەوف دەسپێردرێ

کاتێ (ئیبن عەوف) لە پاڵاوتنەکەی کشایەوە، پاڵێوراوەکانی تر کارەکەیان دایە دەستی و بەڕێوەبردنی شورایان پێ سپارد و پەیمانیان پێی دا بە سەرەنجامی کردەی شوراکە رازی بن و بەیعەت بە خەلیفەی داهاتوو بدەن و، گوێبیست و گوێڕایەڵی بن، جا هەر کەسێك بێت.

سێ ڕۆژ ڕاوێژکردنی عبدالرحمن

(عبدالرحمنی کوڕی عەوفﷺ) بەیانی ڕۆژی یەکشەممە هەر لەگەڵ کۆتایی پێهاتنی کۆبونەوەی هەر شەش پاڵێوراوەکە لەماڵی (مسوەری کوڕی مەخرەمە)، دەستی کرد بە پەیوەندی پێوەکردن و ڕاوێژکردنەکانی.

ڕاوێژ و پەیوەندی پێوەکردنەکانی سێ ڕۆژی تەواوی خایاند، تا بەیانی ڕۆژی چوارشەممەی چواری موحەڕەم، کە دوا مۆڵەتی کۆتایی پێهاتنی ئەو کارەبوو، بەو پێیەی عومەر بۆی دیاری کردبون!

عبدالرحمن بە (عەلی کوڕی ئەبوطالبﷺ) دەستی پێکرد و پێی وت: ئەگەر بەیعەتت پێ نەدەم، پێم بڵێ، کێ بۆ خلافەت دەپاڵێوی؟

عەلی وتی: (عوسمانی کوڕی عەفان)!

چوو بۆ لای (عوسمانﷺ) و پێی وت: ئەگەر بەیعەتت پێ نەدەم، کێ دەپاڵێوی؟

عوسمان وتی: (عەلی کوڕی ئەبوطالب)!

بە زوبەیریﷺ وت: ئەگەر بەیعەتت پێ نەدەم، پەنجە بۆ کێ درێژ دەکەی کە بکرێ بە خەلیفە؟

زوبەیر وتی: (عوسمانی کوڕی عەفان).

بە سەعدی‌ﷺ وت: من و تۆ نامانەوێ! ئەدی کێم بۆ دیاری دەکەی؟

وتی: عوسمانی کوڕی عەفان.

عبدالرحمن ڕاوێژ بە خەڵکی مەدینە دەکا

دوای ئەوە (ئیبن عەوف) چوو بۆ لای هاوەڵانی تر و ڕاوێژی پێ‌کردن، لە مەدینەدا هەرکەسی پێ بگەیشتایە لە گەورە هاوەڵان و پیاوماقوڵان و ئەمیری سەربازان و ئەوانەی دەهاتن بۆ مەدینە ڕاوێژی پێ دەکردن، ڕاوێژکردنەکانی ئەو ئافرەتانەشی گرتەوە کە لە پەردەدا بون، ئەوانیش ڕای خۆیان دەربڕی، هەروەك ڕاوێژکردن منداڵ و کۆیلەکانی مەدینەشی گرتوە.

کۆتایی هاتنی پاڵاوتنەکە بە عوسمان و عەلی

سەرەنجامی ڕاوێژکردنەکەی (عبدالرحمنی کوڕی عەوف‌ﷺ) ئەوەی بەدەرخست کە زۆرینەی موسڵمانان پەنجە بۆ عوسمان ڕادەکێشن و هەندێکیشیان ئاماژەیان بۆ (عەلی کوڕی ئەبوطالب) دەکرد‌ﷺ.

بەم شێوەیە پاڵاوتنەکە بە عوسمان و عەلی‌ﷺ کۆتایی پێ هات، لە کاتێکدا پاڵێوراوەکانی تر، سەعد و زوبەیر و طەڵحە‌ﷺ لە پاڵاوتنەکە پاشەکشەیان کرد یا لە کردەی پاڵاوتنەکە کشانەوە.

سێ ڕۆژ بەسەر (عبدالرحمنی کوڕی عەوف)دا تێپەڕی، چەند چاوتروکانێکی کەم نەبێ هیچ نەخەوتبوو، هیچ پشوی نەدابوو، چونکە لە پەیوەندی‌کردن و ڕاوێژکردنەکانیدا ڕۆژی بە شەوەوە گرێ دەدا!

ئیبن عەوف شەوی چوارشەممە لە ماڵی میسوەردا

لە نیوەشەوی چوارشەممەدا، (عبدالرحمنی کوڕی عەوف) چوو بۆ ماڵی خوشکەزاکەی" (میسوەری کوڕی مەخرەمە) و دای لە دەرگا، سەیر دەکا میسوەر خەوتوە، کاتێ کە میسوەر وەخەبەر هات پێی وت: ئەبینم نوستوی! بەخوا لەم سێ ڕۆژەدا ئەوەندە نەنوستوم.

بانگکردنی عەلی و عوسمان بۆ ماڵی‌میسوەر .

پاشان بە (میسوەر)ی وت: بڕۆ عەلی و عوسمانم بۆ بانگ کە.

میسوەر پێی وت: خاڵۆ! بە کامیان دەست پێ بکەم؟

ئیبن عەوف وتی: بە ئارەزووی خۆت!

عەلی و عوسمان گفتوگۆ لەگەڵ میسوەری کوڕی مەخرەمە دەکەن

(میسوەر) دەڵێ: خاڵۆم هاتە ژورەوە، پاشان چووم لە (عەلی)یەوە دەستم پێکرد، حەزی من لەگەڵ ئەودا بوو، پێم وت: بچۆ بۆ لای خاڵم.

عەلی وتی: ئایا لەگەڵ مندا بۆ لای کەسی تری ناردووی؟

وتم: بەڵێ، بۆ لای (عوسمان)یشی ناردووم؟

وتی: فەرمانی پێت نەکرد لە کاممانەوە دەست پێ بکەی؟

وتم: کاتێ بۆ ئەوە پرسیارم لێی کرد، وتی بە هەر کەسێکیان کە خۆت دەتەوێ، حەزی من لەگەڵ تۆدا بوو، بۆیە بە تۆ دەستم پێکرد!

میسوەر دەڵێ: عەلی ڕۆیشت بۆ لای خاڵۆم، پاشان چووم عوسمانی بۆ بانگ کەم، کاتێ دام لە دەرگاکەی، بینیم نوێژی ویتر دەکا-ئەمەش کەمێك پێش نوێژی بەیانی بوو، پێم وت: بچۆ بۆ لای خاڵۆم.

عوسمان‌ﷺ پێی وتم: ئایا جگە لە من بۆ لای کەسێکی تری ناردووی؟

وتم: بەڵێ، بۆ لای (عەلی)ش ناردوومی؟

وتی: فەرمانی پێت نەکرد بە کاممان دەست پێبکەی؟

وتم: کاتێ پرسیاری ئەوەم لێکرد، وتی بە هەرکامیان خۆت دەتەوێ، منیش لە (عەلی)یەوە دەستم پێکرد، عەلی ڕۆیشت بۆ لای خاڵۆم.

پێش بەیانی عەلی و عوسمان لەبەردەم ئیبن عەوف دان

میسوەر دەڵێ: من و عوسمان هاتین و گەیشتین بە عەلی، هەرسێکمان چووین بۆلای خاڵم، بینیمان بەپێوەیە و نوێژ دەکا، پێش ئەوەی بانگی بەیانی بدا، کاتێ نوێژەکەی تەواو کرد، ڕووی کردە عەلی و عوسمان و پێی وتن: سێ ڕۆژە پرسیار لە خەڵکی دەکەم و ڕاوێژیان پێ دەکەم، لەئێوە زیاتر کەسیان ناوێ!

مەرجی ئیبن عەوف و ڕەزامەندی عوسمان

پاشان ڕووی کردە عەلی و پێی گوت: عەلی! ئایا لەسەر کتێبی خوا و سوننەتی پێغەمبەرەکەیﷺ و کاری ئەبوبەکر و عومەر بەیعەتم پێ دەدەی؟

عەلی‌ﷺ وتی: نەخێر، بەڵام هەرچی هەوڵ و توانام هەیە لەو کارەدا بەکاری دەهێنم!

پاشان ڕووی کردە عوسمان‌ﷺ و پێی گوت:

ئایا لەسەر کتێبی خوا و سوننەتی پێغەمبەرەکەیﷺ و کاری ئەبوبەکر و عومەر بەیعەتم پی دەدەی؟

عوسمان‌ﷺ گوتی: بەڵێ، بەیعەتت پێدەدەم!!

ئـا لێـرەدا تـای تـەرازووی عوسمـان بەسـەر تـای تـەرازووی (عـەلی)دا قورستر بوو.

کاتی بەیانی هاتبوو، عبدالرحمن پێی گوتن: هەستن بۆ مزگەوت.

بەیانی ڕۆژی چوارشەممە موسڵمانان لە مزگەوت چاوەڕێ بون

موسڵمانان لە مزگەوتدا لە کاتی نوێژی بەیانیدا بون، چاوەڕێی هەواڵ و پەیوەندیکردن و ڕاوێژەکانی (عبدالرحمنی کوڕی عەوف)یان دەکرد، بە تایبەت کە ئەو سێ ڕۆژەی عومەر دەستنیشانی کردبوو کۆتایی پێهات، وا چاوەڕێی بەیانی ڕۆژی چوارشەممە دەکەن.

(عبـدالرحمنی کـوڕی عـەوف) ڕۆیشـتەوە بـۆ مـاڵی خـۆی و مێـزەرە تایبەتیەکەی کردە سەر، کە پێغەمبەری خوا لە ژیاندا بۆی بەستبوو، شمشێرەکەی بەست و پاشان چووە مزگەوتەوە.

قامەتی نوێژی بەیانی کرا، (صوهەیبی ڕۆمی) پێشنوێژی بۆ کردن، مزگەوت لـە نوێژکـەران جمـەی دەهـات، چـاوەڕێی سـەرەنجامیان دەکـرد و خۆیان بۆ بەیعەت پێدانی خەلیفەی نوێ ئامادە کردبوو!

وتاری ئیبن عەوف لە دوای نوێژدا

پاش ئەوەی نوێژ تەواوبوو، (عبدالرحمنی کوڕی عەوف) چوە سەر دوانگە، وەستانێکی درێژ وەستا، لەخوا پاڕایەوە بە پاڕانەوەیەکی پڕ لە ترس(خشوع)، کە خەڵکی شتی وایان نەبیستبوو، خەڵکی چاویان تێی بڕیبوو، چاودێری قسەکانیان دەکرد، پاشان گوتی:

خەڵکینە! خـەڵکی کـە دەگەڕێنـەوە بۆ وڵاتـەکانی خۆیان پێیان خۆشـە زانیبێتیـان ئەمیرەکـەیان کێیـە، منـیش بـە نهێنـی و ئاشـکرا دەربـارەی پێشەواکەتان پرسیارتانم لێ کردووە، هیچ کەسێکتان بەم دوو پیـاوە" عـەلی یا عوسمان نەگۆڕیوەتەوە!

قسەی ئیبن عەوف بۆ عەلی

پاشان (ئیبن عەوف) بانگی عەلی کرد، عەلی لەلای دوانگەکە وەستا.

ئیبن عـەوف دەسـتی گـرت و پـێی گـوت: ئایـە لەسـەر کتێبـی خـوا و سوننەتی پێغەمبەرەکەی و کار و کردەی ئەبوبەکر و عومەر بەیعـەتم پـێ دەدەی؟

عەلی وتـی: نـە بـەخوا، بەڵام بەیعـەتتان پـێ دەدەم کـە بـەپێی توانا و تاقەتم کار لەسەر ئەوە بکەم.

(عبدالرحمن) دەستی عەلی بەردا.

پاشان بانگی عوسمانی کرد، عوسمانﷺ لە دواوەی مزگەوتەکەدا بوو، چونکە (ئیبن عەوف) عەلی پێشخست و خێراش بانگی کرد، وای گومان برد کە خەلافەت بۆ عەلی دەبێ.

عوسمانﷺ گوتویەتی: کاتێ قامەتی نوێژی بەیانی کرا، من شەرمم کرد و کەوتمە دواوەی مزگەوتەکە، چونکە دەمبینی (ئیبن عەوف) بە پەلەیە بۆ لای عەلی.

عوسمان لەسەر کردەی دوو هاوەڵەکە ڕازی دەبێت

کاتێ (ئیبن عەوف) عوسمانی بانگ کرد، لەدوای مزگەوتەکەوە هات و لەلای دوانگەکەوە وەستا، (ئیبن عەوف) دەستی گرت و پێی گوت: ئایا لەسەر کتێبی خوا و سوننەتی پێغەمبەرەکەیﷺ و کار و کردەی ئەبوبەکر و عومەر بەیعەتم پێدەدەی؟

عوسمانﷺ گوتی: بەڵێ بەخوا، لەسەر ئەوە بەیعەتت پێ دەدەم!!

(عبدالرحمنی کوڕی عەوفﷺ) سەری بەرزکردەوە بۆ بنمیچی مزگەوتەکە و دەستی هەر بەدەستی عوسمانەوە بوو، گوتی:

خوایە گیان! ئەوەی لە گەردنمدا بوو وا خستمە گەردنی عوسمانەوە!!

بەیعەت دان بە عوسمان بۆ خەلیفایەتی

پاشان (ئیبن عەوف) بە عوسمانی وت: وا من بەیعەتت پێ دەدەم!

کاتێ بەیعەتی پێدا، خەڵکی هەستان و بەیعەتیان پێدا، قەرەباڵغیان لەسەری کرد، تا لەلای دوانگەکەدا دایانپۆشی!

لە پێشەوەی ئەوانەی بەیعەتیان پێدا (عبدالرحمنی کوڕی عەوف) و (عەلی) و (سەعد) و (زوبەیر) و (طەڵحە) و (سەعیدی کوڕی زەید) بونﷺ.

(ئیبن عەوف)یش دەیڕوانیە ئەو لێشاوەی موسڵمانان کە بۆ بەیعەتدان بە عوسمانﷺ دەهاتنە پێشەوەو ئەم ئایەتەی دەخوێند:

﴿إِنَّ الَّذِينَ يُبَايِعُونَكَ إِنَّمَا يُبَايِعُونَ اللَّهَ يَدُ اللَّهِ فَوْقَ أَيْدِيهِمْ فَمَنْ نَكَثَ فَإِنَّمَا يَنْكُثُ عَلَى نَفْسِهِ وَمَنْ أَوْفَى بِمَا عَاهَدَ عَلَيْهُ اللَّهَ فَسَيُؤْتِيهِ أَجْرًا عَظِيمًا: ئەو کەسانەی پەیمان لەگەڵ تۆ دەبەستن، با بزانن پەیمان لەگەڵ خودا دەبەستن، دەستی خودا لەسەر دەستی ئەوان دایە. سا هەرکەسێ پەیمانی بەجێ نەهێنێ،

هەرخۆی لە پەیمان شکێنی زەرەر دەکا، هەرکەسێکیش ئەو پەیمانەی-کە لەگەڵ خودا بەستویەتی- بەجێ بێنێ، لەدوارۆژدا پاداشتی گەورەی دەداتێ..﴾الفتح/١٠.

خەلیفایەتی عوسمان لە چوارشەممەی ٢٤/١/٤ی کۆچیدا بوو

لەگەڵ خۆرکەوتنی رۆژی چوارشەممەی مانگی موحەڕەمی ساڵی بیست و چواری کۆچی، ئەهلی حەل و عەقدی موسڵمانان وەك خەلیفەیەکی نوێ بەیعەتیان بە (عوسمانی کوڕی عەفانﷺ) دابوو، بەمەش عوسمان بوو بە سێیەم خەلیفەی راشدین.

پاش ئەوەی بەیعەت پێدانی تەواو بوو، نوێژی عەسری کرد، پاشان سەرکەوتە سەر دوانگەی پێغەمبەری خواﷺ و وتاری خەلافەتی بۆ موسڵمانان دا، لەو وتانەی لە وتارەکەیدا هاتبو:

وتاری عوسمان

ئێوە لە خانو و ماڵی کاتی و کۆچکردندان، هەندێ لە تەمەنتان ماوە، دەی چەندی لە تواناتاندایە تا ئەجەلتان نەهاتوە دەستپێشخەری کردەوەی چاك بکەن، چونکە سەرلەبەیانی بێت یان سەر لەئێوارە مەرگ یەخەتان پێ دەگرێ، بەراستی دنیاش بە غرور و لەخۆبایی‌بونەوە پێچراوە، نابێ هەرگیز ژینی دنیا فریوتان بدا و، با شەیتان بە بەخشندەیی خودا فریوتان نەدا.

پەند لە رابردوو وەربگرن، دوای ئەوەش هەوڵ بدەن و غافڵ و بێئاگا مەبن، چونکە خوا لە کردەوەکانتان بێئاگا نابێ کوان ئەو دنیاویستانەی کە بۆ دنیا هەوڵی زۆریان داو ئاوەدانیان کردەوەو ماوەیەکی زۆر تیایاندا رایان بوارد؟ ئایا فرێی نەدان؟ وەك چۆن خوا دنیای فرێداوە، ئێوەش فرێی بدەن و هەوڵ بۆ دوارۆژ بدەن.

ئەوەتا خوای گەورە نمونەی دنیای هێناوە کە دەفەرموێ:

﴿وَاضْرِبْ لَهُمْ مَثَلَ الْحَيَاةِ الدُّنْيَا كَمَاءٍ أَنزَلْنَاهُ مِنَ السَّمَاءِ فَاخْتَلَطَ بِهِ نَبَاتُ الْأَرْضِ فَأَصْبَحَ هَشِيمًا تَذْرُوهُ الرِّيَاحُ وَكَانَ اللَّهُ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ مُّقْتَدِرًا(٤٥) الْمَالُ وَالْبَنُونَ زِينَةُ الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَالْبَاقِيَاتُ الصَّالِحَاتُ خَيْرٌ عِندَ رَبِّكَ ثَوَابًا وَخَيْرٌ أَمَلاً: نەزیلەیەکیان لە ژینی سەر دنیا بۆ بێنەوە" وەك ئاوێکە لە ئاسمانەوە دامان بەزاند، هەموو

تەرزە ڕوەکێکی تێکەڵ و پێکەڵی بەرهەم هێنا، سەرەنجامیش بوو بە پوش و با پەرش و بڵاوی دەکات. خودا بەسەر هەموو شتان توانای هەیە. ماڵ و منداڵ زەنبەری ژینی دنیان و ئەو کارە چاکانەشی کەوا دەمێننەوە، پاداشەکەیان لەلای پەروەردگار هێژاترە و بێترس جێگەی هومێدن.﴾الکهف/٤٥-٤٦.

نوسراوی عوسمان بۆ والیەکان

عوسمانرضي الله عنه خەلافەتەکەی بە ناردنی چەند نوسراوێك بۆ والیەکانی سەر ناوچە و هەرێم و وڵاتەکان دەست پێکرد، نوسراوەکەش هەمەلایەنە و گشتی بوو بۆ هەموویان، ئەوەی لەو نوسراوانەدا پێی وتبون:

((لەراستیدا خوای گەورە فەرمانی داوە بە پێشەوایان شوان و چاودێریکار بن، نەك باج وەرگر، پێشینی ئەم ئوممەتەش شوان ئاسا بون نەك باج وەرگر، نزیکە پێشەوایان ببنە باج وەرگر (واتە تەنها لە بیری کۆکردنەوەی ماڵدا بن -وەرگێڕ-)، نەك شوان ئاسا، ئەگەر وایان لێهات ئەمانەت و شەرم و وەفا لە دەست دەدرێ.

ئاگادار بن باشترین ڕێوشوێن ئەوەیە بڕواننە کاروباری موسڵمانان، ماڵەکەیان پێببەخشن، بەپێی ئەوەی لەسەریانە لێیان بسەنن، پاشان سەیری کاروباری ئەهلی (ذیمە) بکەن، مافەکانیان پێ بدەن، بەپێی ئەوەی لەسەریانە لێیان بسەنن، پاشان بڕواننە دوژمنە شەرکەرەکانتان، لەگەڵیان بجەنگن، بەوەفا و بە بەڵێن بەسەریاندا سەرکەون.))[1]

خەلافەتی (عوسمانی کوڕی عەففانرضي الله عنه) دوانزە ساڵ جگە لە چەند ڕۆژێ بەردەوام بوو، لە سەرەتای ساڵی ٢٤ی کۆچی تا کۆتایی ساڵی ٣٥ی کۆچی.

وتەی زوهری لەسەر خەلافەتی عوسمان

ئیمامی زوهری گوتویەتی: عوسمانرضي الله عنه دوانزە ساڵ ئەمیری بڕوادارانی گرتەدەست، یەکەم شەش ساڵی هیچ کەسێ نەنگی لێ نەگرت، لەلای قوڕەیش لە (عومەری کوڕی خەتتابرضي الله عنه)یش خۆشەویستتر بوو، چونکە

---

١ ـ بۆ بابەتی جێنشین بونی عوسمان و بەیعەت پێدانی وەك خەلیفە بە شێوەیەکی سەرەکی پشتمان بەستوە بە (تأريخ الطبري) ٤: ٢٣٠-٢٤٥ .

عومەر لەسەریان توند و تیژ بوو، بەڵام عوسمانﷺ نەرم و نیان بوو بۆیان و بەسەریانی دەکردەوە، پاشان دوای ئەوە فیتنە ڕوویدا!!

سەرەتای فیتنە لە حەوتەمین ساڵی خەلیفایەتیەکەیدا دەستی پێکرد

لە ساڵی حەوتەمی ویلایەتی عوسماندا ﷺ سەرەتای فیتنە دەستی پێکرد، کە ساڵی ٣٠ی کۆچییە، کاروبارەکان گەورەبون، جیاوازییەکان بەرفراوان بون، دوژمنانی ئیسلامیش لە ڕێکخستنە ناوخۆییەکاندا لە بەصرە و کوفە و میصر چالاك بون، کاریان کردە سەر هەرچی و پەرچی و نەفام و گێژ و وێژە موسڵمانەکان.

لە میصر و کوفە و بەصرەدا سوپایان لێ بەرپاکردن، بەردەوام بون لە هەڵگیرساندنی ناکۆکی و بڵاوکردنەوەی درۆودەلەسە و پڕوپاگەندە، تا کاریان گەیاندە گەمارۆدانی (عوسمانی کوڕی عەففانﷺ) لە مەدینە و لە کۆتایی ساڵی دوانزەی خەلافەتەکەیدا، پاشان هەستان بە ناشیرینترین و دزێوترین تاوانێك لە مێژووی ئیسلامیدا، ئەویش کوشتنی ئەو خەلیفە ڕاشدیە و دەرچوونی ڕۆحی بوو، بەمەش فیتنە لەنێوان موسڵماناندا ڕەگی داکوتا و جیاوازیە سیاسی و پاشان مەزهەبی و ئایینیەکانی نێوانیان قووڵ بویەوە، لەپاش تیرۆکردنی عوسمانیشﷺ هەموویان لەسەر ئیمامێك یەك دڵ و یەك ڕا نەبون، تا ڕۆژی قیامەتیش لەسەر ئەو شتە کۆنابنەوە!!

فیتنەکەش شەش ساڵ بوو

مێژوونووسە موسڵمانەکان ڕوداوەکانی نیوەی دووەمی ویلایەتی عوسمانﷺ (٣٠-٣٥ك) بە فیتنە ناودەنێن کە سەری کێشا بۆ شەهیدکردنی عوسمانﷺ.

مێژوونوسە موسڵمانەکان هەواڵەکانی ئەو فیتنەیەیان نوسیوە، لەگەڵ ئەو فیتنانەش کە بەدوایدا هاتن، وەك جەنگی (جەمەل)ی نێوان عەلی و نێوان طەڵحە و زوبەیرﷺ لە بەصرە و، جەنگی (صوفەین)ی نێوان عەلی و موعاویەﷺ، پاشان شەهیدبونی عەلی لەدوای دەرچوونی خەواریج لەفەرمانی ئەودا.

مێژوویەك بۆ ڕوداوەکانی فیتنەکە

هەموو ئەو هەواڵ و گێڕانەوانەیان بە درێژی نوسیوە، گێڕانەوە دووبارە و جیاواز و دژیەکەکانیان هێناوە، پڕیان کردووە لە ڕچە(سند)ی

دروست و قسەی پڕوپوچ و ڕەتکراوەو درۆ، کتێبەکانیان بەم تێکەڵیە سەیرەی ڕاست و دروست و درۆ و دەلەسە و ڕەوا و ناڕەوایانە ئاخنیوە، هەر مێژوونووسێك بۆ خۆی ئەم مێژوویەی نوسیوە، وێنەی (ئیبن سەعد) لە (الطبقات الكبرى) و (سەیفی کوڕی عومەیر) لە (الجمل)دا و (خەلیفەی کوڕی خەیاط) لە (الطبقات الكبرى) و (نەصری کوڕی موزاحیم) لە (الصفین) و (موحەممەدی کوڕی عومەیری واقدی) و (موحەممەدی کوڕی ئیسحاق) و (بلاذری).

گرنگترین ئەو پێشینانەی مێژووی فیتنەیان نوسیوە

لەو مێژوونوسانەی زۆرترین ڕووداوەکانی فیتنەی بە گێڕانەوە ڕچەدار(مسند)ەکانیەوە تۆمار کردبێ، پێشەوای مێژوونوسان و ڕاڤەکاران (موحەممەدی کوڕی جەریری طەبری)یە لە کتێبەکەی (تأريخ الأمم والملوك)ە، لە دوای ئەویش مێژوونووسە موسڵمانەکان لەویان وەرگرتوە، وێنەی (ئیبن ئەثیر) لە کتێبی (کامل) و (ئیبن کەثیر) لە کتێبی (البداية والنهاية) و (ئیبن جەوزی) لە کتێبی (المنتظم) و (ذەهەبی) لە (تأريخ الإسلام) و (ئیبن خەلدون) لە مێژووەکەیدا.

هەندێ لە مێژوونووسان بەتایبەتی کتێبی تایبەتیان لەسەر ڕوداوەکانی فیتنە نوسیوە، وێنەی (ئیبن عەرەبی مالیکی) لە کتێبی (العواصم والقواصم)ەکەیدا کە (محب الدين الخطيب) تەحقیقی کردووە و، (قازی موحەممەدی ئەشعەری مالیکی) لە کتێبەکەی (التمهيد والبيان في مقتل الشهيد عثمان)دا.

کتێبە هاوچەرخەکان سەبارەت بە فیتنە

هاوچەرخەکانیش زۆر لەسەر ئەم ڕوداوانە دواون، هەیانە ڕقاوی و تۆمەتبارە و کارتێکراوە بە دوژمنان وێنەی (طه حوسێن) لە کتێبی (الفتنة الكبرى)دا.

عەرەوش هەواڵەکانی سەیفەدینی کوڕی عومەر لەسەر فیتنە کزدەکاتەوە

هەشیانە هەوڵی داوە بە ویژدان بێ، بەڵام بەو گێڕانەوە نادروستانەی لە کتێبە مێژووییەکانی پێشودا هەن کاریگەر بون، بۆیە لەسەر هەندێ لە هاوەڵان بەشێوەیەکی نەشیاو قسەیان کردوە، وێنەی مامۆستا (سەعیدی ئەفغانی) لە کتێبەکەی (عائشة والسياسة).

هـی واشـیان هەیـە پوختـەی هەنـدێ وتـەی پێشـینانی كۆكردۆتـەوە، وێنـەی مامۆسـتا (ئەحمـەد راتـب عـەرموش) لـە كتێبـی (الفتنـة ووقعـة الجمل)ەكەیدا، كە لە (تأريخ الطبري)و گێڕانەوەكانی مێژوونوس (سـەیفی كوڕی عومـەری ضـەبی تـەمیمی)ەوە دەریهێنـاوە كـە سـەبارەت بـە فیتنـەی كوشتنی عوسمان ﷺ و پاشان جەنگی (جەمەل)ە.

مامۆسـتا (عـەرموش) لـە وەرگرتنەكەیـدا ورد و ئـەمین بـووە، كاتـێ ویسـتویەتی هەواڵـەكانی (سـەیفی كـوڕی عومـەر) سـەبارەت بـەو رووداوانـە دەربهێنێ و بەدەستپاكیەوە تۆماریـان بكـا، كتێبەكەشـی لـە باشـترینی ئـەو جۆرە كتێبانەیە.

پێداهەڵدانی كتێبەكەی عورجون دەربارەی عوسمان

هەشـیانە لێكۆڵینـەوەو توێژینـەوەو كتێبەكـەی تـەرخان كـردووە بـۆ مەسـەلەی فیتنـە و ئـاژاوەگێڕی لەسـەر عوسمـان ﷺ و لـەو بارەیـەوە هەواڵەكانی كۆكردوەتەوەو دەلالەتەكانی دەرهێنـاوە، كە ئـەویش مامۆسـتا (موحەممـەد صـادقی عورجـون)ـە رەحمـەتی خـوای لێبـێ، لـە كتێبەكەیـدا (عثمان بن عفان: الخليفة المفترى عليه).

لـەو بڕوایـەدام كتێـب و دانراوەكـەی مامۆسـتا (عورجـون) سـەبارەت بـە عوسمـان ﷺ باشـترین و چـاكترین و قـووڵترین و وردتـرین كتێبـێ بـێ كـە لەسەر ئەو خەلیفە بوهتان بۆكراوە نوسرابێ كە بە ستەم لێكراوی كوژرا!

هەموو موسڵمانێكی بە ویژدان ئامۆژگاری دەكەم، هـەر كەسێكیش كە دەیـەوێ بەراسـتی لـە مەسـەلەی فیتنەكـە بگـا، بـا ڕوو بكاتـە كتێبەكـەی (عورجون) و سود لە تەحقیق و بەوریژدانیەكەی ببینێ.

ڕێكخستنی ڕوداوەكانی فیتنە بەكورتی

لەم (ترووسكە مێژوویی)یـەدا بەوەنـدە واز دەهێنم كە باسێكی هەنـدێ هـەواڵی راسـت و دروسـت بكـەم كـە پێشـەوای مێژونوسـان (الطـبري) لـە (سـەیفی كـوڕی عومـەری ضـەبـی) و جگـە لـەویش لـە هەواڵخوانـە راستگۆكانەوە وەریگرتووە، بەپێی پلەبەندیەكی زەمەنی و بەوپـەڕی كورت و پوختیەوە دەیهێنم، بەدواداچوونی رووداوەكان دەكەم، هـەر لـە سـەرەتای ئاژاوەگێڕی بۆسـەر عوسمان ﷺ لە ساڵی حەوتـەمی خەلافەتەكەی، ساڵی (٣٠)ی كۆچی، تا كار گەیشتە شەهیدبونی لە كۆتایی ساڵی (٣٥)دا.

گەڕانەوە بۆ سەرچاوە مێژووییەكان

ڕوداوەکـان بـەکورتی بـاس دەکـەم، بـە ئامـانجی پێشـکەش کردنـی وێنەیـەکی کورت و پوخـت، بۆ خوێنـەری موسـڵمان، کە دەیـەوێ بـەدوای هەقدا بگـەڕێ و بەراسـتی ڕوداوەکانی سـەردەمی عوسـمانﷺ و یـاخیبون لێی ئاشنا بێ.

بەڵام ئـەوەی دەیـەوێ بە بەرفراوانی لـەم قۆناغـە ترسناکەدا توێژینـەوە ئەنجام دا، ئەوەی دەیەوێ ئارامگرێ لە تەحقیق و وردەکاری و دەرهێنانی ڕاستیەکان لە نێو گێڕانەوە کەڵەکەبووە مێژووییە دژ بەیەکەکانەوە، دەبێ ڕوو بکاتـە کەرەسـتە خاوەکـان لـە مێـژووەکانی (طـەبـەری) و (ذەهـەبی) و (ئیبن جەوزی) و (ئیبن عەساکر) و (ئیبن خەلدون) و (ئیبن کەثیر)!!

ڕوداوەکانی فیتنـە لـە سـاڵی (٣٠) کۆچـی دەسـتی پێکـرد، کـە سـاڵی حەوتـەمی خەلافەتی عوسـمان بووﷺ، سـەرەتای ڕوداوەکانیش لـە شـاری (کوفـە)دا ڕوویـدا، کـە لەسـەرەتاکانی مێـژووی موسـڵماناندا مەڵبەنـدی ئاژاوەگێڕی و فیتنە بوو!!

والیەکانی کوفە لە سەرەتای سەردەمی عوسماندا

کاتێ عوسمانﷺ خەلافەتی وەرگرت، (موغیرەی کوڕی شوعبە)ﷺ والی کوفـە بـوو، عوسمـانیش هـاوەڵی پایەبـەرز (سـەعدی کـوڕی ئـەبو وەقاص)یﷺ لەجێی (موغیرەی کوڕی شوعبە) داناﷺ، (سـەعد)یش سـاڵ و هەندێك والی کوفە بوو.

پاشان عوسمان لـە سـاڵی ٢٥ی کۆچی گـۆڕی و لـەجێی ئـەو (وەلیـدی کـوڕی عوقبـە)ی دەستنیشـان کـرد، (وەلیـد) هـاوەڵێکی پایەبـەرز و موجاهیدێکی ڕاستگۆ بوو، والیەتی بۆ (ئەبوبەکر) و (عومەر) و (عوسمان) کردبووﷺ.

وەلیدی کوڕی عوقبە و پێنج ساڵ

(وەلیدی کوڕی عوقبەﷺ)نزیکەی پێنج ساڵ والی کوفە بوو، لەو پێنج ساڵەدا لە دڵی موسڵمانان خۆشەویست بوو، لەگەڵیان نەرم و نیان بوو، گـورج و گـۆڵ بـوو بـێ ئـەوەی لاواز بـێ، دەرگـای لەسـەر دانەدەخسـتن، پێشوازی لێ دەکردن و گرفتەکانی بۆ چارەسەر دەکردن![1]

١ . تأريخ الطبري ٤: ٢٧١.

لەو ماوەیەدا فیتنە لە کوفە دەستی پێکرد، بە چەند پەیوەندیەکی نهێنی لەنێوان کێن لەدڵ و پیسەکان و ئەوانەی لە فەرمانی ئیمام دەرچووبون، هەروەها بونی هەندێ لەو لاوانەی کە بەکاری یاساغ و ئەنجام دانی حەرامکراوەکان هەستابون!

سێ دزەکەی کوفە

لە شەوێك لە شەوەکانی ساڵی (٣٠)ی کۆچی کۆمەڵێك لاوی دزی کوفە هەڵیان کوتایە سەر ماڵی (ئیبن حەیسومانی خوزاعی)، کە لەناویاندا (موەریعی کوڕی ئەبو موەریعی ئەسەدی) و (زوهەیری کوڕی جوندوبی ئەزدی) و (شوبەیلی کوڕی ئوبەی ئەزدی) هەبون.. (ئیبن حەیسومانی خوزاعی) بەرگری لێکردن، بەلاّم کوشتیان!!

(ئەبو شورەیحی خوزاعی) دراوسێی (ئیبن حەیسومان) بوو، گوێی لە بگرەوبەردەی ئەو دزە بێڕەوشتانە بوو کاتێك کە لەگەڵ (ئیبن حەیسومان) دەدوان، لەکاتی کوشتنەکەشیدا بینیبونی، (ئەبوشورەیح) و کوڕەکەی لەلای والی (وەلیدی کوڕی عوقبە) ئەوەی بینیبویان و بیستبویان شایەدیان لەسەر دا.

وەلید حوکمی چەتەیی و کوشتن لەسەریان پیادە دەکات و باوکانیشیان رقیان لێ هەڵدەگرن

ئەو دزە بێڕەوشتانە دەستگیر کران، دەربارەی ئەوان (وەلید) کاغەزێکی بۆ (عوسمانﷺ) نووسی، (عوسمان)یش فەرمانی دا بیانکوژن، (وەلید)یش لە دەرگای کۆشکەکەیدا ئەوانی کوشت.

(عەمری کوڕی عاصی تەمیمی)ی شاعیر ستایشی پتەوی و متمانە بەخۆبونی عوسمان و وەلید دەکا لە کوشتنی ئەو دزە بێڕەوشتانەدا:

لا تَأكُلُوا أبداً جِيرانَكُم سَرَفاً أهْلُ الزَّعارَةِ في مُلكِ ابنِ عفَّانِ
إنَّ ابنَ عفّانَ الّذي جَرَّبْتُمُ فَطَمَ اللُّصوصَ بِمُحْكَمِ القُرآنِ
مازالَ يَعْمَلُ بالكِتابِ مُهَيْمِناً في كُلِّ عُنُقٍ مِنْهُم وبَنانِ[1]

کاتێ (وەلیدی کوڕی عوقبە) حوکمی خوای بەسەر دزەکاندا پیادە کرد و کوشتیانی، باوك و خزمانیان رقیان لێی هەڵگرت و لە ڕوی هۆزایەتیەوە

١ ـ تأريخ الطبري ٤:٢٧٢.

پشتگیریان كردن، لەبەر ئەوە لە هەلێكی گونجاو دەگەڕان تا فێڵ لە وەلید بكەن و پیلانێكی بۆ دابڕێژن.

وەلید لەگەڵ ئەبو زوبەیدی میوانیدا

لە سەردەمی (عومەری كوڕی خەتتابدا ﷺ) (وەلیدی كوڕی عوقبە) والی جەزیرە بوو، -ئەو زەویەیە كە دەكەوێتە نێوان دیجلە و فوراتەوە لە باكوری عێراق-، لە جەزیرەشدا هەندێك لە عەرەبە گاورەكانی هۆزی (تَغلِب) نیشتەجێ بون، هەر لەسەر دەستی ئەودا هەندێ لە گاورەكانی ئەو هۆزە موسڵمان بون، لەوانەی كە موسڵمان بون یەكێك لە سەركردەكانی ئەو هۆزە بوو كە بە (ئەبو زوبەید) دەناسرا، لەنێوان (ئەبو زوبەید) و (وەلید)دا برایی و هاوڕێیەتی و خۆشەویستی دروست بوبوو.

كاتێكیش (عوسمان ﷺ) وەلیدی لە ویلایەتی جەزیرەوە گواستەوە بۆ ویلایەتی كوفە، (ئەبو زوبەید) بۆ سەردانی (وەلید) دەهاتە كوفە.

ڕۆژێك لە ڕۆژان (ئەبو زوبەید) بە سەردانی هاتبوو بۆ لای (وەلید) و ئەو سێ قین لە دڵەی كە وەلید كوڕەكانی كوشتبون: (ئەبو مورەیعی ئەسەدی) و (ئەبو زوهەیری ئەزدی) و (ئەبو شوبەیلی ئەزدی) پێیان زانیبوو.

دوابراوەكان وەلید بە عەرەق خواردنەوە تاوانبار دەكەن

ئەم سێ پیاوە بە هەندێ لە پیاوماقوڵانی كوفەیان وتبوو: والیەكەتان (وەلیدی كوڕی عوقبە) لە ماڵی خۆیان و لەگەڵ ئەبو زوبەیدی برادەریدا عەرەق دەخواتەوە!!

هەندێ لەو پیاوماقوڵانەی كوفە لەگەڵ ئەو سێ كەسەدا هاتن بۆ ماڵی (وەلید)، (وەلید) لەگەڵ (ئەبو زوبەید) دانیشتبوو، كاتێ وەلید هەستی پێیان كرد شتێك كە لە پشتیەوە دانرابوو لەژێر تەختەبەندەكەیدا شاردیەوە، هەندێكیان وایان گومان برد ئەوەی وەلید شاردیەوە عارەق بوو.

ئاشكرابونی كارەكەیان لەبەردەم پیاوماقوڵانی كوفە

یەكێك لەو سێ كەسە هەڵی كوتایە ئەوەی لەژێر تەختەبەندەكەدا بوو، بۆ ئەوەی بە ئامادەبوانی پیشان بدات، كاتێ بینی وا سینیەكە و چەند دەنكە ترێیەكی لەسەرە، وەلید لەگەڵ (ئەبو زوبەید)دا خەریكی خواردنی ترێ بون، كاتێ كە بە كتوپڕی ئەو میوانانەی تووش هات، لە شەرماندا

شاردیەوە، چونکە چەند دەنکەترێیەکی کەمی لەسەر مابوو! قین لە دڵەکان پڕوپاگەندەی ئەوەیان بڵاوکردەوە کە عارەقی لێ شاردونەتەوە!!

لەوکاتەدا پیاوماقوڵانی کوفە دەستیان کرد بە قسە پێوتن و جنێودان بەو سێ قین لەدڵە و پۆزشیان بۆ وەلید هێنایەوە و پێیان وت: ئەمانە کەسانێکن خوا خەشمی خۆی لێ گرتون، ئەو حوکمە خواییەی بەسەر ڕۆڵەکانیاندا پیادەت کردبوو ئازاری داون، لەبەر ئەوە پڕوپاگەندەیان دژ بەتۆ بڵاوکردۆتەوە!!!

وەلید لە کارەکە بێدەنگ بوو، ئارامی گرت و داوای پاداشتی لەخوا کرد، ئەم کارەی بۆ (عوسمانﷺ)باس نەکرد، بە دڵفراوانی خۆی و نەرم و نیانی و لێبوردەیی خۆی بەخشینی![1]

قسەکانیان لای ئیبن مەسعود سەبارەت بە وەلید

ڕق و قینی ئەو هیچ و پوچانە لەسەر (وەلید) زیادی کرد، یەکێکیان – کە (جوندوبی ئەزدی ئەبو زوهەیر) بوو– لەگەڵ دەستەیەکی تری قین لەدڵدا چوون بۆ لای (عبداللهی کوڕی مەسعودﷺ) و پێیان وت: والیەکەمان (وەلید) لەماڵەوە عارەق دەخواتەوە!

(ئیبن مەسعود) وەڵامی دانەوە: هەرکەسێ شتێکمان لێ بشارێتەوە، ئێمە شوێن عەورەتی ناکەوین و پەردەی نهێنییەکەی نادڕێنین!!

کاتێ (وەلید) وەڵامەکەی (ئیبن مەسعود)ی بۆ ئەو قین لەدڵانە بیستەوە، بەسەرزەنشتەوە پێی وت: بۆچی بەو شێوەیە وەڵامی ئەو هیچ و پوچانەت دایەوە؟ من چیم شاردۆتەوە، ئەمە وەڵامێکە بۆ کەسێکی تۆمەتبار و جێی گومان و، من عارەقخۆر نیم... لەنێوان (وەلید) و (ئیبن مەسعود)دا وتوێژ و گفتوگۆیەك لەسەر ئەو بارە ئەنجام درا.[2]

بڵاوکردنەوەی پڕوپاگەندە لە کوفە دەربارەی سەرخۆشی وەلید

درۆزنەکان بەردەوام بون لەسەر بڵاوکردنەوەی پڕوپاگەندە و فێڵ و پیلانەکانیان گوایە وەلید عارەق دەخوا، بەردەوامیش کەسانی تاوانکار و سەرپێچیکاریان لەدەوری خۆیان کۆدەکردەوە، ئەوانەی (وەلید) حەد یان

---

١ ـ تأريخ الطبري: ٤: ٢٧٣-٢٧٤.

٢ ـ تأريخ الطبري ٤: ٢٧٤-٢٧٥.

سزا یا بەهۆی سەرپێچی کردنی خۆیانەوە تەمێی کردبون!

ڕۆژێك ساحیرێکیان هێنایە بەردەمی (وەلیدی کوڕی عوقبە)، (وەلید) دەربارەی سزا و حەدی ساحیر لە (ئیبن مەسعود)ی پرسی، (ئیبن مەسعود) وتی: چوزانیت کە ساحیرە؟

بە ساحیرەکەیان وت: سیحرەکەت چیە؟

وتی: دەتوانم بچمە دەمی ئەم گوێدرێژەوەو لە پاشیەوە دەرچم!!

(ئیبن مەسعود) بە (وەلید)ی وت: بیکوژە.

وروژاندنی ئاژاوە و گێرەشێوێنی لەدژیدا

هەندێ لە خەڵکی لە بەردەمی ماڵی (وەلید)دا کۆببونەوە، یەکێك لەو هیچوپوچانەی تێدابوو کە (جوندوبی ئەزدی) بوو.

(جوندوب) ئەمەی بە هەلێکی گونجاو زانی بۆ ئاژاوەو گێرەشێوێنی، دەستدرێژی کردە سەر مافی (وەلید)و بەشمشێر هەڵی کوتایە سەر ساحیرەکە و کوشتی.

(وەلید) و (ئیبن مەسعود) کۆك بون لەسەر بەندکردنی (جوندوبی ئەزدی)، چونکە کارێکی ئەنجام داوە کە مافی ئەو نیە و ساحیرەکەی کوشتوە، جێبەجێکردنی حەدیش لە دەسەڵاتی خەڵکی نیە، بەڵکو مافی پێشەوا یان جێگرەکەیەتی.

کاتێ وەلید دەربارەی (جوندوبی ئەزدی) نوسراوێکی بۆ (عوسمان ﷺ) نوسی، فەرمانی پێدا کە تەمێی بکا و پاشان بەرەڵای بکات، قەدەغەی خەڵکیش بکات لە کارکردن بە گومان و جێبەجێکردنی حەدەکان بەبێ مۆڵەتی دەسەڵاتدار..

بەمەش (جوندوب) و کۆمەڵەکەی هێندەی تر رق و قینیان بۆ وەلید زیاتر بوو!![1]

داواکردنیان لە عوسمان بۆ لادانی وەلید

هەندێ لەو لەرێدەرچوانەی کوفە کە قین ئەستور بون بەرامبەر بە وەلید، بەرەو مەدینە بۆ لای (عوسمان ﷺ) بەرێ کەوتن، کە (جوندوبی ئەزدی)شیان لەگەڵدا بوو، داوای ئەوەیان لێکرد کە (وەلید)یان بۆ لەکار

---

١ ـ تأريخ الطبري ٤: ٢٧٥.

لادا، لەبەر ئەوەی خەڵکی خۆشیان ناوێ و ستەم لە بندەستانی دەکا!

(عوسمانﷺ) پەسەندی نەکردن و پێیانی وت: ئێوە کار بە گومانێک دەکەن کە ئیسلام نەهی لێکردووە و بەبێ مۆڵەتیش لە کوفە دەردەچن!![1]

کاتێ کە گەڕانەوە بۆ کوفە ڕق ئەستوورییان بەرامبەر (وەلید) و خەلیفەش زیادی کرد.

کۆمەڵە لەڕێ دەرچوە دوابڕاوەکان لە کوفەدا

هەموو قین لەدڵەکان لە دەوریان کۆبونەوە، لە شاردا هیچ هیچوپوچ و ڕقاوی و حەد لێدراو و سزادراو و، تەمێکراو و سەرپێچیکارێ نەما لە دەوریان کۆنەبێتەوە، کۆمەڵە چەتەیەکی لەڕێدەرچووی پوچیان دروست کرد و دەستیان کرد بە بڵاوکردنەوەی درۆ و پڕوپاگەندە دژ بە (وەلید) و (عوسمانﷺ)!

ئەمانە هەنگاوێکی پیسی شەیتانیان نا، کاتێ کە توانیان مۆر(خەتم)ی وەلیدی کوڕی عوقبە بە ڕێگەیەکی نەشیاو بدزن-کە طەبەری بەدرێژی باسی کردووە[2]-، کۆمەڵێکیان چوون بۆ لای عوسمانﷺ و مۆرەکەی (وەلید)یشیان پێبوو، بۆ ئەوەی شاهێدی عەرەق خواردنی لەسەر بدەن.

کاتێ (وەلید) زانی مۆرەکەی نەماوە و ئەوانەش چوون بۆ مەدینە، زانی دەیانەوێ زیانێك بدەن، چوو بۆ مەدینە، بەڵام ئەوان پێشتر گەیشتنە لای عوسمانﷺ!

شایەتی درۆ لای عوسمان لەسەر سەرخۆشی وەلید

کۆمەڵەکە چوونە لای عوسمانﷺ و دوو کەس لە پێشیانەوە بون (ئەبو مورەیعی ئەسەدی) و (ئەبو زەینەبی ئەزدی)، ئەوانەی کە وەلید کوڕە دزەکانیانی کوشتبوو، شاهێدیان لەسەر وەلید دا کە عەرەق دەخواتەوە.

پێی وتن: چیتان بینیوە؟

بەرگری کردنی وەلید لەخۆی و قسەی عوسمان

شاهێدی درۆیان دا و وتیان: چوین بۆ لای وەلید، سەرخۆش بوو، بینیمان عەرەقی هەڵدەهێنایەوەو عەرەقەکەمان لە ڕیشی دەگوشی!!!

بەمەش ئەو دوو شاهێدە درۆزنە خواردنەوەی عەرەقیان بەسەر وەلیددا

---

١ ـ تأريخ الطبري ٤: ٢٧٥.

٢ ـ سەیری تأريخ الطبري ٤: ٢٧٥-٢٧٧ بکە.

سەلماند، چونكە حەدی عەرەق بە دوو شاهێد دەچەسپێ.

كاتێ وەلید هات بۆ لای عوسمان، سوێندی بۆ خوارد كە عەرەقی نەخواردۆتەوە، ئەو دوو شاهێدە درۆزنن و دوو دزی هیچوپوچن!

عوسمان پێی وت: ئێمە بەو ئەنجامە كاردەكەین كە پێی دەگەین، حەدیش بە شاهێدی دانی دوو شاهێد جێبەجێ دەكەین، جێی شایەتی درۆزن و ستەمكاری درۆزن ئاگرە، خواش تۆڵەی لێ دەستێنێ و ستەملێكراویش خوا تۆڵەی بۆ دەكاتەوە و پاداشتی چاكەی دەداتەوە.. كەواتە براكەم – وەلید برای شیری عوسمان بوو–، ئارام بگرە و هەردەبێ حەدت لەسەر جێبەجێ بكرێ!!

حەد دەركردن لە وەلیدی بێ تاوان و لەكارلادانی

بە شاهێدی دوو شاهێدی درۆزن، (عوسمان) فەرمانی دا بە دەركردنی حەدی عەرەقخۆر لە (وەلید)ی ستەملێكراو!

دوایی وای بینی كە بەرژەوەندی لەوەدایە لە كوفە لەكاری بخات، ئەوەبوو لە كاری خست، پاش والیەتیەك كە پێنج ساڵ بەردەوام بوو!

والی نوێ سەعیدی كوڕی عاص

لەجێی ئەو (سەعیدی كوڕی عاص)ی كردە والی كوفە، بەم جۆرە (سەعیدی كوڕی عاص) لە ساڵی (٣٠)ی كۆچی بوە والی كوفە.[١]

هیچوپوچ و ڕق ئەستور و درۆزنەكان، پاش شاهێدیەكی درۆ لەسەر وەلید، گەڕانەوە كوفە بۆ ئەوەی نەخشەی فێڵ و پیلانی تر دژی والی تازە (سەعید) بكێشن.!!

وتاری سەعید دەربارەی فیتنە

سەعید گەیشتە مەڵبەندی فیتنە (كوفە)و سەركەوتە سەر دوانگە، پاش ئەوەی سوپاس و ستایشی خوای كرد، وتی:

(بەخوای بۆ لای ئێوە نێردراوم، پێشم ناخۆشە، بەڵام كاتێ عوسمان فەرمانی پێكردم، هیچ بوارێكم نەما بۆ جێبەجێنەكردنی، ئاگاداربن، فیتنە لەنێوتاندا سەری بەرزكردوەتەوە، سوێند بەخوا دەكێشم بەسەریدا هەتا سەركوتی دەكەم، یا سەردەكەوێ بە سەرمدا، ئەمڕۆش من سەركردە و

---

١ ـ تأريخ الطبري ٤: ٢٧٥-٢٧٨.

گەورەی خۆمم)!![1]

(سەعیدی کوڕی عاص ﷺ) ئاگاداری بارودۆخی خەڵکی کوفە بوو، بە بیروبۆچوونی خەڵکی ئاشنا بوو، تیایاندا هەستی بە قوڵی فیتنە دەکرد، ئاشنابوو بە تێوەخزانی کۆمەڵێ لە لەڕێدەرچوان و هیچوپوچ و رق ئەستور و دوژمنانی ئەم ئایینە لە پیلان و فێڵ و فیتنەدا، لەگەڵ زاڵبونی هەرچی و پەرچی و ئاژاوەچی و دەشتەکیەکان بەسەر راوبۆچونی خەڵکدا.

نوسراوی سەعید بۆ عوسمان دەربارەی بارودۆخی کوفە

سەعید نامەیەکی بۆ (عوسمان ﷺ)نوسی و هەواڵی بارودۆخی نالەباری کوفەی پێ ڕاگەیاند، لەو نامەیەدا هاتبوو:

لە ڕاستیدا کاروباری خەڵکی کوفە شڵەژاوە، خاوەن ڕێز و پێشینە و لەپێشەکان لەژێرەوەن، ئەوەی لەم وڵاتەدا زاڵە ئەوانەن کە بەدواییدا هاتوون، لەگەڵ ئەو دەشتەکیانەی دراونەتە پاڵی، هەتا تیایدا تەماشای خاوەن ڕێز و دنیادیدە ناکرێت..!!

(عوسمانیش ﷺ)بە نامەیەك وەڵامی دایەوە، کە تیایدا داوای ڕێکخستنی بارودۆخی خەڵکەکەی کردوە، لەسەر بناغەی پێشینە و جیهادکردن پۆلینیان بکات و کەسانی زانا و ڕاستگۆ و جیهادکار بەسەر ئەوانی تردا پێش بخات.

وتاری عوسمان و سەعید دەربارەی چاکسازی بارودۆخی کوفە

لەو نامەیەدا هاتووە:

خاوەن پێشینە و لەپێشەکان پایەدار کە، ئەوانەی لەسەر دەستیان ئەو وڵاتە رزگار کراوە، ئەو دەشتەکیانەی لەدوای رزگارکردنی ئەو وڵاتە هاتونەتە ئەوێ لەدوای ئەو موجاهیدە پێشینانەوە دایان بنێ، مەگەر ئەو پێشینانە لە جیهاد و حەقدا کەمتەرخەم بووبێتن و بەو کارە هەڵنەستابێتن و ئەوانەی دوای ئەوان پێی هەستابێتن! پلەو پایەی هەر مرۆڤێکیان بپارێزە و بە شێوەیەکی رەوا و دادگەرانە بە هەموویان ببەخشە، بەهۆی شارەزابون لە حاڵ و باری خەڵکی دادگەری لەنێوانیان دێتەدی!!

(سەعید)یش لەسەر ڕێنمونیەکانی عوسمان ﷺ کاری کرد،

---

١ ـ تأريخ الطبري ٤: ٢٧٩.

جیهادكارانی بانگ كرد، ئەوانەی بەشداری قادسیە و هی تریان كردبوو، وێنەی (قەعقاعی كوڕی عەمری تەمیمی)، و پێی وتن:

ئێوە ڕووی ئەو خەڵكانەن كە لە پشتتانەوەن، ڕووش گەیەنەر و هەواڵدەری لاشەیە، دەی سەبارەت بە پێداویستیەكانی ئەوانەی تر هەواڵمان بدەنێ و پیاوچاك و دڵسۆز و باشەكانی نێوانیانم پێ بڵێن!![1]

سەعید ئەهلی ڕاوێژ لە پیاوچاكانی كوفە پێك دەهێنێت

(سەعید) هاوشێوەیەكی كۆڕی ڕاوێژی لای خۆی پێكهێنا، لە ئەهلی حەل و عەقد لە خەڵكی كوفە، كە تیایدا هاوەڵان و موجاهیدان و زانا و فەقیهەكان و دیندار و بەتەقواكان و قورئانخوێنەكان و خاوەن ڕێزەكانی تێدا كۆكردبویەوە، ئا ئەمانە بە دەوری (سەعید)دا بون و بەشداری كۆڕ و ڕاوێژكاریەكانیان دەكرد!

بەڵام هەنگاوەكانی (سەعید) بەدڵی هیچوپوچ و ڕق ئەستور و هەرچی و پەرچیە نەفامەكان نەبوو، لەنێوان خەڵكی گشتی دەستیان كردەوە بە بڵاوكردنەوەی پڕوپاگەندە و درۆ و قسەی بێبناغە دژ بە (سەعید)، بە كەسێكی هیچیان لەقەڵەم دابوو، هەندێ لە سادە و ساكارەكانیش بە درۆكانیان باوەڕیان كردبوو و، بۆ لای خۆیان بەكێشیان كردبون!

عوسمان هەواڵی ئەو كارانەی لە كوفە ئەنجام دراوە بە ئەهلی ڕاوێژ دەدات

(سەعیدی كوڕی عاص) لە كارەكانی خۆی (عوسمان ﷺ)ی ئاگاداركردەوە، (عوسمان)یش ئەهلی حەل و عەقدی مەدینەی كۆكردەوەو هەواڵی بارودۆخی كوفە و ئیجرائاتەكانی (سەعیدی كوڕی عاص)ی بۆ ڕوبەڕوبونەوەیانی پێڕاگەیاندن و هەروەك هەواڵی هیچ و پوچە ڕق ئەستورەكان و هەستانیان بە بڵاوكردنەوەو پڕوپاگەندە و درۆشی پێ گەیاندن.

ئەوانیش بە (عوسمان)یان گوت: ئەوەی كردوتە پێكاوتە، هیچ خزمەتگوزارییەك بە فیتنەچیەكان مەدە، پێش خەڵكیان مەخە، هیچ شتێكیان پێ مەدە كە شایستەی نین، كاتێ كەسێكی ناشایستە كاروباری گرتە دەست، جێبەجێی ناكا، بەڵكو خراپیشی دەكا!!

---

١ ـ تأريخ الطبري ٤: ٢٧٩.

(عوسمان‌ﷺ) پێی وتن: ئەی خەڵکی مەدینە، خەڵکی ڕووەو فیتنە بزواون، بۆ ڕووبەڕووبونەوەیان خۆ ئامادەکەن، دەست بە حەقەوە بگرن، لەمەولاش هەواڵتان لەسەری پێدەدەم و یەکە بەیەکەشتان بۆ دەگێڕمەوە![1]

به چاکسازی زیان به ناره‌زوبازه‌کان که‌وت

هەرچی و پەرچی و دەشتەکیە زاخاودراوەکان، بەهۆی پێشخستنی خاوەن پێشینە و جیهاد و دونیادیدە و زانست و تەقواکان لە کۆڕ و سەرکردایەتی و ڕاوێژکاریدا ئازارێکی زۆریان چەشت، جا دەستیان کرد بە نەنگی گرتن لە والیەکان لەبەر پێشخستنی ئەوانە بەسەر ئەماندا و ڕاوێژ پێکردنیان بەبێ ئەمان و، بە جیاخوازی و ڕەقی و دوورخستنەوەیانیان لە قەڵەم دا.

ڕق ئەستور و هیچوپوچەکان ئەم بارەیان قۆستەوە و ڕق و کینەی خەلیفە و والیەکانیان لە دڵدا چاندن و، کارەکانی (سەعیدی کوڕی عاص)ی والییان ڕەتکردەوەو یاخی بون و لەنێو خەڵکیدا پڕوپاگەندەیان دژ بەو بڵاودەکردەوە!

خه‌ڵك پروپاگه‌نده‌كه‌یان ره‌ت ده‌كرده‌وه

تێکڕای خەڵکی کوفەش قسەی ئەم هیچوپوچە لەڕێدەرچوانەیان وەرنەگرت، بۆیە ئەم ڕق ئەستورانە کپ بونەوە، تا وای لێهات گومانەکانیان بەدەر نەدەخست و دەیانشاردەوە، چونکە زۆربەی خەڵکی باوەڕیان پێ نەدەکردن، بەڵام بە نهێنی دەیانگەیاند بە دەشتەکی و ئاژاوەگێڕەکان کە پشتگیرییان دەکردن، یا ئەوانەی کە سزا و تەمێکرابون.[2]

جوله‌كه دوابراوه‌كان خراپه‌كاری ده‌خه‌نه نێوان موسڵمانانه‌وه

دوژمنانی دوابڕاوی ئیسلام لە جولەکە و گاور و ئاگرپەرستەکان لە پیلاندا بون دژ بە ئیسلام و موسڵمانان و پڕوپاگەندەی درۆینەیان دژ بە خەلیفە و والیەکان بڵاو دەکردەوە، ئەو هەڵانەی کە هەندێکیان لێ بەدەر دەکەوت لەدژیان بەکاردەهێنا بۆ وروژاندنی تێکڕای خەڵکی، زۆرێکیش لە درۆودەلەسە و ساختەکارییان دەخستە سەری، لەمەشدا مەبەستیان

---

١ ـ تأريخ الطبري ٤: ٢٧٩-٢٨٠.

٢ ـ سەیری تأريخ الطبري ٤: ٢٨١ بکە.

بڵاوکردنەوەی ئاژاوەو قووڵکردنەوەی ناکۆکی نێوان موسڵمانان بوو، ئەمەش بۆ جۆشدانی رق و تووڕەییان بەرانبەر ئەو ئیسلامەی زاڵ بوو بەسەر ئایینە پوچەکانیاندا و ڕوخاندنی ئەو سیستەمە فەرمانڕەواییە ئیسلامیەی کە دەوڵەتەکانیانی تێکشکاند و سوپاکانیانی لەناو برد!

ڕێکخراوێکی نهێنی بۆ فرت و فێڵ پێك دەهێنن

ئەمانە بۆ جێبەجێکردنی ئامانجەکانیان، هیچوپوچ و سادە و گێژ و وێژەکانیان وەگەڕ خستبوو، کەسانی ڕقاوی لەوانەی خەلیفە یان یەکێك لە والیەکانی تەمێی کردبون یا حەدیان لێدەرکربوو، یان سەرزەنشت کرابون، لە دەوریان کۆببونەوە، ئەم دوژمنانە ڕێکخراوێکی نهێنی پیسیان ڕێکخست، ئەندامەکانیشیان لەوانە بون کە گوێیان بۆ دەگرتن و لە شارە گەورە و هەرێمە جۆربەجۆرەکانیشدا پاشکۆ و شوێنکەوتەیان هەبوو، تا تۆڕێکی پەیوەندی نهێنیان لەنێوان خۆیاندا پێکهێنا! گرنگترین لقەکانی ئەو ڕێکخراوە پیسەش لە کوفە و بەصرە و میصردا بون، هەندێ ڕەگەزیشیان لە مەدینەی منەوەرە و شامدا هەبوو!!

جولەکەی یەمەنی عبدالله بن سبأ، سەرکردەی ئەو دەستەیە بوو

سەرکردەی ئەم ڕێکخراوە نهێنیە دوژمنکارە، جولەکەیەك بوو لە جولەکەکانی یەمەن و بانگەشەی ئیسلامبونی خۆی لە خەلافەتی عوسماندا ڕاگەیاندبوو، وای هەڵدەبەستا کە بوەتە موسڵمان!! بەردەوام لە وڵاتە ئیسلامیەکاندا دەبزوا، شوێنکەوتە و سەربازەکانی ڕێك دەخست و کۆمەڵ و ڕێکخستنەکەی لێیان پێك دەهێنا!!

ئەو جولەکەیەش (عبداللەی کوڕی وەهەبی کوڕی سەبەء)ی ناسراو بە (ئیبن سەوداء) بوو، چونکە دایکی ڕەشپێست بوو، شوێنکەوتەکانیشی بە (سەبەئیەکان) دەناسرێن و ڕۆڵی یەکەمیان بوو لە دەرچوون لە فەرمانی عەلی و پاشان کوشتنی.

سەرەتای کاری سەبەء

ئیمام (طەبەری) بە ڕچە(سند)یەك کە خۆی هێناویەتی سەبارەت بەو وتویەتی:

(عبداللەی کوڕی سەبەء) جولەکەیەکی خەڵکی (صەنعا) بوو، دایکی ڕەش پێست بوو، لە سەردەمی عوسماندا موسڵمان بوو، پاشان لە وڵاتە

ئیسلامیەکاندا دەگەڕا و لە هەوڵی گومڕاکردنیاندا بوو، لە حیجازەوە دەستی پێکرد، پاشان بەصرە و لەپاش ئەوەش کوفە و پاشانیش شام، ئەوەی دەیویست لەلای خەڵکی شام دەستی نەکەوت، لە شام وەدەریان نا، تا ڕۆیشت بۆ میصر!

(ئیبن سەبەء) چووە میصر و تیایدا مایەوە، کاری لە هەندێك لە خەڵکەکەی کرد، بەردەوام کوفر و گومڕاییەکانی بڵاو دەکردەوە.

نیبن سەبەء وای بڵاو دەکردەوە کە موحەممەد دەگەڕێتەوە و ئیمامەتی بۆ عەلی دانراوە

پێی دەوتن: سەرم سوڕدەمێنێ لەوەی کە دەوترێ عیسا لە ئاخیر زەماندا دەگەڕێتەوە، بەڵام دەڵێ موحەممەد لە ئاخیرزەماندا ناگەڕێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا کە خوای گەورە فەرمویەتی:

﴿إِنَّ الَّذِي فَرَضَ عَلَيْكَ الْقُرْآنَ لَرَادُّكَ إِلَى مَعَادٍ: ئەوەی کە قورئانی کردە ئەرکی سەرشانی تۆ، سەرەنجام دەتباتەوە ئەو شوێنەی بەڵێنی پێدای.﴾القصص/٨٥.

لە ڕاستیدا موحەممەد لەپێشترە بۆ گەڕانەوە، وەك لە عیسا، چونکە لەو باشترە!

لێرەوە بنەمای (گەڕانەوە- الرجعة)ی بۆ دانان و ئەوانیش پەسەندیان کرد و قسەیان لێی دەکرد.

پاشان هەنگاوێکی تری نا، ئەویش ووروژاندنی خەڵکی بوو دژ بە خەلیفە، پێی وتن: هەزار پێغەمبەر هەبون، هەر پێغەمبەرێکیش (وەصی)یەکی هەبووە، (عەلی کوڕی ئەبوطالب) وەصی موحەممەدە، بەو پێیەی موحەممەد دوا پێغەمبەرە، هەروا (عەلی)ش دوا (وصی)یەکە!

دوای ئەوە پێی وتن: کێ ستەمکارترە لەوەی وەسیەتی پێغەمبەری خوایﷺ بەجێ نەهێناوە لە جێنشین کردنی (عەلی) لەپاش خۆی و باز بدا بەسەر (وصی)یەکەیدا کە عەلیە و لەجێگەی ئەو موسڵمانان کەسی تر دابنێن!

نیبن سەبەر ڕێنمونیەکانی خۆی بۆ شوێنکەوتەکانی دەنێرێ

لەدوای ئەوەش پێی وتن: لە ڕاستیدا عوسمانرضي الله عنه بە ناڕەوا خەلافەتی گرتووەتە دەست، ئەمە لە ڕاستیدا هی (وصی)یە، (عەلی کوڕی ئەبوطالب)،

هەر دەبێ (عوسمان) بۆ (عەلی) جێی بهێڵێ.

(ئیبن سەبەء) شوێنکەوتە تاوانبارەکانی لە ڕێکخراوە نهێنیە پیسەکەیدا ڕاسپارد کە لە وڵاتانی موسڵماندا بڵاوببونەوە، پێی وتن: ڕاپەڕن بۆ ئەو کارە، ببزوێن، دەست بکەن بە تانەدان لە ئەمیر و والیەکانتان، ئەوانەی خەلیفە هاوکاریان دەکا، وا دەرخەن کە فەرمان بەچاکە و بەربەستی لە خراپە دەکەن، بۆ ئەوەی خەڵکی بۆ لای خۆتان ڕاکێشن، بانگیان کەن بۆ ئەم کارە!!

(عبداللەی کوڕی سەبەء) بانگخوازەکانی خۆی بە وڵاتانی موسڵماندا پەرش و بڵاو کرد، لە بەصرە و کوفە و مەدینە و شوێنی تر، خۆیشی لە میصردا نیشتەجێ بوو، نوسراوی بۆ شوێنکەوتەکانی لە وڵاتاندا دەنوسی کە مێشکیانی تێکدابوو و بۆخۆی کەمەندکێشی کردبون، ئەوانیش بۆیان دەنوسی.

چالاکی شوێنکەوتەکانی لە خراپەکاریدا

بەهۆی داواکردنی ئەمە شوێنکەوتەکانی لە وڵاتاندا کەوتنە جووڵە، بە نهێنی بە لایەنگرەکانیان وتبوو کە ئێمە چی دەکەین وچۆن دەمانەوێ لە فەرمانی والیەکان و خەلیفە دەرچین و کاردەکەین بۆ لەکار لادانی عوسمان ﷺ لە خەلافەت!

وەها خۆیان دەردەخست کە فەرمان بە چاکە و بەرگری لە خراپە دەکەن، بۆ ئەوەی کار لە خەڵکی بکەن و ڕایانکێشن و بیانخەڵەتێنن!

شێوازی سەبەئیەکان لە فیتنەدا

شوێنکەوتەکانی (ئیبن سەبەء) درۆ و بوختانیان لەسەر نەنگی ئەمیر و والیەکانیان دادەتاشی و لە نوسراودا بڵاویان دەکردەوەو هەندێکیان بۆ هەندێکی تریان بۆ شارەکان دەنارد، وای لێهات خەڵکی هەر شارێك نوسراویان بەم درۆودەلەسانە پڕ دەکردەوەو دەیاننارد بۆ شارەکانی تر، خەڵکی هەرشارێکیش ئەم نوسراوە ساختانەیان بۆ خەڵکی لای خۆیان دەخوێندەوە.!

خەڵکیش بەهۆی ئەوانەوە نەنگی و هەڵەی والی ئەو وڵاتەیان دەبیست و دەیانوت: ئێمە بێ وەیین لەوەی موسڵمانانی ئەو وڵاتە تووشی هاتوون،

ئەوەی دەیانبیست باوەڕیان پێی دەکرد!

بەم شێوەیە (سەبەئیەکان) لە زەویدا خراپەکارییان کرد و بارودۆخی موسڵمانانیان تێك دا و یەك قسەییان لەت و پەت کرد و برایەتی و یەکڕیزیانیان لەق کرا، خەڵکیان دژ بە والی و سەرکردەکان وروژاند و درۆ و بوختانیان دەربارەی خەلیفە عوسمانﷺ ڕێکخستبوو.

ئەوان بەم تاوانە ڕێکخراو و نەخشەکێشراوە زیرەکانەیە، ئەوەی دەیانویست ئاشکرایان نەدەکرد، ئەوەشی بە نهێنی ئەنجامیان دەدا رایان نەدەگەیاند، مەبەستیان بوو عوسمانﷺ لەکار بخەن و عەزلی بکەن و دەست بگرن بەسەر سیستەمی ئیسلامیدا بۆ جێبەجێکردنی مەبەستە شەیتانیەکانی (عبداللهی کوڕی سەبەء) و جولەکە و گاور و ئاگرپەرستە هاوکارەکانی!![1]

کاتێ (عبداللهی کوڕی سەبەء) ئیسلام بونی خۆی ئاشکرا کرد، ڕوەو شام ڕۆیی، بۆ ئەوەی هەندێ لە خەڵکەکەی تێك بدا و کاریگەرییان لەسەر دروست بکا، بەڵام لەم ئامانجە شەیتانیەیدا لەوێ سەرکەوتوو نەبوو!

ئیبن سەبەو لە شام سەر لە ئەبوزەر دەشێوێنێ

ئیمام (طەبەری) بە ڕچە(سند)ی خۆی دەیگێڕێتەوە و وتویەتی:

(کاتێ (ئیبن سەوداء-ئیبن سەبەء-) چووە شام، بە (ئەبوزەری غیفاری‌ﷺ) گەیشت، (ئیبن سەبەء) بە (ئەبوزەر)ی وت: ئایا سەیرت لەو وتەیەی موعاویە نایەت کە دەربارەی ماڵ و سامانی موسڵمانان دەڵێ سامان سامانی خوایە! ئاگادار بە هەموو شتێ هی خوایە، بەڵام موعاویە مەبەستی ئەوەیە ئەم سامانە نەدا بە موسڵمانان و ناوی موسڵمانانی لێ بسڕێتەوە!

(ئەبوزەرﷺ) بە نیازپاکی و دڵسافی و دەروون بێگەردیەوە بە قسەکانی (ئیبن سەبەء) کاریگەر بوو، وا گومانی برد موعاویە لەم قسەیەیدا بەهەڵەدا چووە.

١ ـ تأريخ الطبري ٤: ٣٤٠-٣٤١ بە دەستکاری دارشتنەکەی.

لەنێوان ئەبوزەر و موعاویە

(ئـەبـوزەر) چـوو بـۆ لای موعاویـەﷺ، ئینکـاری لێکـرد و پێـی وت: موعاویە! چی وات لێدەکات ناوی سامانی موسڵمانان بنێی سامانی خوا؟

موعاویـەش پێـی وت: ئـەبـوزەر! ڕەحمـەتی خـوات لێبـێ، ئـەی ئێمـە بەندەی خوا نین و سامانیش هـی ئـەو نیـە، دروستکراو و فەرماندانیشیان هەر لە ئەوەوە نیە؟

ئەبوزەر وتی: مەڵێ ئەم سامانە سامانی خوایە.

موعاویە پێـی وت: ناڵێم ئەم سـامانە هـی خـوا نیـە، بـەڵام دەڵێم: ئـەوە سامانی موسڵمانانە!!

بـەم شـێوەیە موعاویـەﷺ کارەکـەی کـورت کـردەوەو وەڵامگـۆی ئەبوزەرﷺ بوو، لەگەڵ ئەوەی موعاویە لـە قسـەکەیدا هەڵە نەبوو، بەڵکو ئـەوە فـرت و فێڵـەکانی (ئـیبن سـەبەء) بـوو کـاری کردبـووە سـەر ئـەبـوزەر بەهۆی نیازپاکی و دڵسافیەکەیەوە، بەڵام جیاوازییەکانی نێوان موعاویە و ئەبوزەر لە هاوڕێنەی ئەم مەسەلانەدا توندتر بوو، تا وای لـە عوسمانﷺ کـرد کـە کاغـەزێك بـۆ ئـەبـوزەر بنوسـێ بـۆ ئـەوەی بـە سـەربەرزی و ڕێزلێگیراویەوە بۆ مەدینە بگەڕێتەوە، ئەبوزەر ترسا لە مەدینەدا هەندێ بە هەڵەی تێبگەن و بۆ مەبەست و نیازەشەیتانیەکانی ئیستغلالی بکەن، پێی خـۆش بـوو لـە (ڕەبـذە)ی دەوری مەدینـەدا نیشـتەجێ بـێ و لـەم فیتنـە کەنارگیر بێ، تا ئەوەبوو پێش هاتنی ڕووداو و بڵاوبونەوەی فیتنە لەساڵی ٣٢ی کۆچی لەشامدا کۆچی دوایی کرد!!

ئەبودەرداو و عوبادەی کوڕی صامیت جولەکەیەتی ئیبن سەبەو ئاشکرا دەکەن

(ئیبن سەوداء) لە شامدا دەچێتە لای (ئـەبو دەرداءﷺ)یش، بـە هـەمان شێوەی (ئەبوزەر) قسەی لەگەڵ دەکات و دەیـەوێت تێکـی دا و هـانی بـدات لەسـەر موعاویـە، بـەڵام (ئـەبو دەرداء) بـە هۆشـیاری و بەرچاوڕۆشـنی و ئیمانەوە گوێبیستی قسەکەی دەبێ و بۆنی جولەکەیەتی و شـەیتانی بونی لێ دەکا و پێی دەڵێ: تۆ کێی؟ بەخوا (ئیبن سەوداء) تۆ هەر جولەکەی!!

هەروەها (ئیبن سەبەء) دەچێت بۆ لای (عوبادەی کوڕی صامیتﷺ) و هـەمان وتوێـژی (ئـیبن دەرداء)ی لەگـەڵ دەکـا، (عوبـادە)ش پیسـی و

جولەکەیەتیەکەی بەدەردەخا و دەیداتە پێش خۆی و لەگەڵ پاسەوانێکا دەیبا بۆ لای موعاویە و، پێی دەڵێ: موعاویە! ئەم جووە بگرە و وازی لێنەهێنی، ئەمە (ئەبوزەر)ی لێ وروژاندبوی!!!

(موعاویەش) دەربارەی ئەم کارە بۆ (عوسمان) دەنوسێ، (عوسمان) پێی دەڵێ: لە راستیدا فیتنە لوت و چاوی دەرکردوە و سەری قوت کردووەتەوە، تەنها ئەوەی ماوە هەڵچێ و شۆڕش بکا! برینەکان مەکولێنەوەو ئەوەندەی دەتوانی خەڵکی و خۆت لە بارودۆخەکە بپارێزە![1]

ئیبن سەبەء لە بەصرە لە ساڵی ٣٠ك

لە ساڵی (٣٠)ی کۆچیدا (عبداللەی کوڕی سەبەء) لە شامەوە دەچێتە بەصرە، بۆ ئەوەی شوێنکەوتە لەدین دەرچوەکان و رق ئەستور و هەرچی و پەرچیە کەللەپوچەکان رێك بخات، (والی بەصرە (عبداللەی کوڕی عامری کوڕی کرێز) بوو، پیاوێکی بە حەزم و دادگەر و پیاوچاك بوو.

کاتێ (ئیبن سەبەء) دەگاتە بەصرە، لە ماڵی پیاوێکی پیس و خراپی بەصرە دادەبەزێ، کە دزێکی بکوژ بوە، کە ئەویش (حەکیمی کوڕی جەبەلە) بوو!!

ئیمامی (طەبەری) وتویەتی: هەواڵ گەیشتە بە (عبداللەی کوڕی عامر) کە پیاوێکی نەناسراو لەلای (حەکیمی کوڕی جەبەلە) دابەزیوە و لە ماڵی ئەوانە.

ئیبن سەبەء لەلای حەکیمی کوڕی جەبەلەی دزی بەصرە

(حەکیمی کوڕی جەبەلە) پیاوێکی دز بوو، کاتێکیش سوپای جیهاد دەگەڕایەوە بۆ بەصرە، ئەو لە سوپاکە جێ دەما و لەسەر زەوی و زاری فارسدا خراپەکاری دەکرد و هەڵی دەکوتایە سەر زەوی و زارەکانی (ئەهلی ذیممە) و دەستدرێژی دەکردە سەر زەوی و زاری موسڵمانان و بە ئارەزووی خۆی شتی لێ دەبرد!! جا ئەهلی ذیممە و موسڵمانان سکالایان بردە لای (عوسمان) ، (عوسمان)یش بۆ (عبداللەی کوڕی عامر)ی نوسی و پێی وت: (حەکیمی کوڕی جەبەلە) لە بەصرەدا بەند بکە و نەهێڵی بچێتە دەرەوە تا هەست دەکەی ژێر بووە.

---

١ ـ تأريخ الطبري ٤: ٢٨٣-٢٨٤.

(عبدالله)ش لە ماڵی خۆیدا بەندی کردبوو، نەشی دەتوانی لە بەصرە دەربچێ.

لەکاتێکدا (ئیبن جەبەلە)ی دز لەماڵی خۆیدا لەژێر نیشتەجێکردنی بەزۆر(الإقامة الجبرية)دا بوو، (عبداللهی کوڕی سەبەء)ی جولەکە هاتە ماڵی و، بێڕەوشتی و لەڕێ دەچوویی و ڕق و تۆمەتباری ئەوەی بە هەل زانی و بۆ بەرژەوەندی خۆی وەگەڕی خست، لێرەوە (ئیبن جەبەلە) لە بەصرە بووە پیاوی (ئیبن سەبەء)!

ئیبن جەبەلە، گەورەی سەبەئیەکانی بەصرە

(ئیبن جەبەلە)، هاووێنەکانی خۆی لە لەڕێلادەر و هیچوپوچەکانی بە (ئیبن سەبەء) دەناساند، (ئیبن سەبەء)یش بیروبۆچونەکانی تێدا دەچاندن و بۆ ڕێکخراوە نهێنیەکەی وەگەڕی دەخستن.

کاتێ (عبداللهی کوڕی عامر) بە (ئیبن سەبەء)ی زانی، بانگی کرد و پێی وت: تۆ کێی؟

(ئیبن سەبەء) وتی: من پیاوێکی خاوەن کیتابم، حەزم کردووە لە ئیسلام و موسڵمان بووم، حەزیشم بە دراوسێیەتیت کردوەو لەلات نیشتەجێ بووم!!

دەرکردنی ئیبن سەبەء لە بەصرە پاشان لە کوفە

(عبدالله) وتی: ئەدی ئەو قسانەت چیە کە پێم دەگاتەوە؟ دەرچۆ لەلام!!

(ئیبن عامر) لە بەصرە دەری دەکا، (ئیبن سەبەء)یش بەصرە بەجێ دەهێڵێ، پاش ئەوەی کۆمەڵێك کەس و شوێنکەوتەی خۆی تیادا بەجێ دێڵێ و لقێکی کۆمەڵە سەبەئیە جولەکەییەکەی تیادا دادەمەزرێنێ.!

(ئیبن سەبەء) دەچێتە کوفە و کەسانێکی لەڕێدەرچووی تیادا بەدی دەکا، کە ئامادەن بۆ پێشوازیکردنی، ئەویش ئەمان بۆ کۆمەڵە و حیزبەکەی وەگەڕ دەخا.

پێگەی ئیبن سەبەء لە میصر

کاتێکیش (سەعیدی کوڕی عاص ﷺ)پێی دەزانێ لە کوفە دەری دەکا و، ڕوو دەکاتە میصر و تیایا نیشتەجێ دەبێ و جێپێی خۆی خۆش دەکا و تۆو دەچێنێ و بەری دێنێ، تا سەرەنجام سەر لە خەڵکێك تێك دەدا و کەسانێکی هەرچی و پەرچی و مێشك پووچ و داخ لەدڵ و دوابڕاو و

تاوانکار و یاخیبوو بەلای خۆیدا ڕادەکێشێ!

ئەوەی جێگەی داخە لەنێوان ئەوانەشدا دوو کوڕی هاوەڵانی تێدابوو کە ئەوانیش:

(موحەممەدی کوڕی ئەبوحوذەیفەی کوڕی عوتبە) کە بەخێوکراوی عوسمان بووەو کوڕی ژنەکەی بووە.

(موحەممەدی کوڕی ئەبوبەکری صدیق) کە (عائشە)ی خوشکی لێی توڕە بووەو ناوی دەبا بە (مذمَّم) واتە سەرزەنشت کراو، نەك (محمَّد) واتە سوپاسکراو!!

(ئیبن سەبەء) پەیوەندیە نهێنیەکانی لە پێگەی خۆیەوە کە میصر بوو لەگەڵ شوێنکەوتەکانی لە مەدینە و بەصرە و کوفە ڕێك دەخست و، پیاوەکانی لەنێوان ئەم وڵاتانەدا دەبزواند!![1]

شەش ساڵ هەوڵی سەبەئیەکان

هەوڵ و تێکۆشانی (ئیبن سەبەء) و هاوەڵەکانی نزیکەی شەش ساڵی خایاند، کاتێ کە لە ساڵی (٣٠)دا دەستیان کرد بە کارە شەیتانیەکانیان و لە کۆتاییەکانی ساڵی (٣٥)دا توانیان لە کوشتنی خەلیفە عوسماندا سەرکەوتن بەدەست بهێنن، بە درێژایی سەردەمی (عەلی ﷺ)یش خراپەکاریەکانیان بەردەوام بوو!

سەبەئیەکان لە کوفەوە لە ساڵی ٣٣ك دەست پێدەکەن

سەبەئیەکان بڕیاری ئەوەیان دابوو لە کوفەوە-وڵاتی فیتنە و پیلانەکان- دەست پێبکەن، بۆ ئەو مەبەستەش ساڵی (٣٣)یان دیاری کردبوو وەك کاتێکی دیاریکراو بۆ جووڵە و ئاژاوەگێڕی، لەو کاتەشدا والی کوفە(سەعیدی کوڕی عاص) بوو.

لە یەکێك لە ڕۆژەکانی ساڵی (٣٣)دا، (سەعیدی کوڕی عاص) لە کۆڕی گشتیدا دانیشتبوو، هەموو تێکڕای خەڵکیش لە دەوری بون، لەنێوان خۆیاندا گفتوگۆ و مشتومڕیان بوو، لەوکاتەدا هەندێ لەو لەڕێدەرچووە سەبەئیانە دزەیان کردە کۆڕەکەیانەوە، کاریان کرد بۆ تێکدانی کۆڕەکە و هەڵگیرساندنی ئاگری فیتنە.

---

١ ـ تأريخ الطبري ٤: ٣٢٦-٣٢٧.

سەبەنیەکان لە کۆڕی(سەعیدی کوڕی عاص)دا خراپەکاری دەکەن

لە کۆڕەکەدا وتوێژ و گفتوگۆیەك کەوتە نێوان (سەعیدی کوڕی عاص) و یەکێك لە ئامادەبوانەوە، کە (خونەیسی کوڕی خوبەیشی ئەسەدی) بوو، لەسەر کارێك جیاواز بون، لەو کاتەشدا حەوت لەو لەڕێدەرچووە ئاژاوەگێڕانە دانیشتبون، لەوانە: (جوندوبی ئەزدی) کە لەپێشدا کوڕە دزەکەی کوژرابوو، (ئەشتەری نەخەعی) و (ئیبن کەواء) و (صەعصەعەی کوڕی صوحان)..

ئاژاوەچییەکان ئەم هەلەیان قۆستەوە، لەکۆڕەکەدا هەستان بە لێدانی (خونەیسی ئەسەدی)، کاتێکیش باوکی هەستا بۆ یارمەتیدانی و ڕزگارکردنی، لەویشیان دا.!

(سەعید) هەوڵی دا نەهێڵێ لێیان بدەن، بەڵام هەر وازیان نەهێنا، ئەوەندەیان لە خۆی و کوڕەکەی دا تا بەهۆی توندی لێدانەکانەوە لە هۆش خۆیان چون، (بەنی ئەسەد)یش هاتن بۆ تۆڵەکردنەوەی ڕۆڵەکانیان، نزیك بوو جەنگ لەنێوان هەردوو لا هەڵگیرسێ، بەڵام (سەعید) توانی کاروبارەکە چارەسەر بکا![1]

کاتێك عوسمانﷺ بە ڕوداوەکەی زانی، داوای لە (سەعید) کرد بە دانایانە بارودۆخەکە چارەسەر بکات و ئەوەندەی دەتوانێ بەری فیتنە تەسك بکاتەوە.

خەڵکی کوفە داوای سزادانی سەبەنیەکان دەکەن

لەڕێدەرچووە ئاژاوەگێڕەکان چوونەوە بۆ ماڵەکانی خۆیان و دەستیان کرد بە بڵاوکردنەوەی پڕوپاگەندە و پەخشکردنی چەندەها دەم هەڵبەست و درۆکردن دژ بە (سەعید) و (عوسمانﷺ) و خەڵکی کوفە و پیاوماقوڵەکانی!

خەڵکی کوفە لێیان بێزار بون، بۆیە داوایان لە (سەعید) کرد سزایان بدا!

سەعید وتی: لە ڕاستیدا عوسمان قەدەغەی ئەوەی لێکردوم، ئەگەر ئەوەتان دەوێ خۆتان ئاگاداری بکەن.!

---

١ ـ تأريخ الطبري ٤: ٣١٧-٣١٨.

عوسمان لەسەر داوای خەڵکی کوفە، سەبەئیەکان دەردەکات

پیاوماقوڵ و پیاوچاکەکانی خەڵکی کوفە سەبارەت بەو چەند کەسە نوسراوێکیان بۆ (عوسمان)ﷺ نوسی، داوای دەرکردن و دەربەدەرکردنیان کردبوو، چونکە خراپەکاری و کاری تێکدەرانەی تیادا ئەنجام دەدەن!!

(عوسمان)ﷺ فەرمانی کرد بە والیەکەی (سەعیدی کوڕی عاص) کە لە کوفە دەریان بکا، کە زیاد لە دە کەس بون، هەر بە فەرمانی (عوسمان)یشﷺ ناردنی بۆ لای (موعاویە)ﷺ لەشام!

سەبارەت بەمانەش (عوسمان)ﷺ نوسراوێکی بۆ (موعاویە)ﷺ نوسی، کە پێی وتبوو: خەڵکی کوفە چەند ئاژاوەگێڕێك بۆ لات دەردەکەن، تۆش بیانترسێنە و سوکیان بکە، تەمبێیان بکە و لەسەریان راوەستە، ئەگەر زانیت ژێر بون ئەوا پەسەندیان بکە.

لەوانەی بۆ شام دەربەدەر کران: (ئەشتەری نەخەعی) و (جوندوبی ئەزدی) و (صەعصەعەی کوڕی صوحان) و (کومەیلی کوڕی زیاد) و (عومەیری کوڕی ضابئ) و (ئیبن کەواء) بوو.

سەبەئیە دەرکراوەکان لای موعاویە

ئەمانە چەند رۆژێك لای (موعاویە)ﷺ مانەوە، لەنێوان (موعاویە) و ئەواندا مشتومڕ و گفتوگۆیەکی توند کرا، قسەی رەقیان بە (موعاویە) دەوت، راست نەبونەوە، لەوەی کردبویان پاشگەز نەبونەوە، چۆن پاشگەز دەبنەوە کاتێك ئەوان کەسانێکی هیچوپوچی رق ئەستور و ئەندامی کۆمەڵەکەی (عبداللەی کوڕی سەبەء)ی جولەکە بن؟![1]

سەبارەت بەمانە (موعاویە)ﷺ نوسراوێکی بۆ (عوسمان)ﷺ نوسی، (عوسمان) مۆڵەتی دا کە وازیان لێ بێنێ بۆ کوێ دەیانەوێ بچن، چونکە ژمارەکەیان کەمە و مەترسیان لێ ناکرێ.

موعاویە چۆن باسی ئەوان بۆ عوسمان دەکات

لەو قسانەی (موعاویە)ﷺ سەبارەت بەمانە لە نامەکەیدا بۆ (عوسمان) نوسیبوی:

کەسانێك هاتوونە بۆ لام، نە ژیریان هەیە نە دین، ئیسلام شانی

---

١ ـ بۆ ئەم گفتوگۆیانە سەیری تأریخ الطبري ٤: ٣١٩-٣٢٠ بکە.

قورس کردوون، دادگەری بێزاری کردون، مەبەستیان خوا نیە و بە بەڵگەشەوە قسە ناکەن، هەموو هەوڵێکیان فیتنە و بردنی ماڵی (ذمی)یەکانە، خواش تووشیان دەکا و تاقیان دەکاتەوە، پاشانیش سوك و ریسوایان دەکا.

لەو کەسانەش نین بە کەس کاریگەر بن، مەگەر لەگەڵ کەسانی تردا کۆبن، بە (سەعیدی کوڕی عاص) بڵێ وازیان لێ بێنێ، ئەمانە تەنها ئاژاوەگێڕن، نە زیانیان دەبێ و نە کاریگەریشیان هەیە!!

موعاویە پێش ئەوەی سەبەئیەکان ئازاد بکات ئامۆژگاریان دەکات

(موعاویە ﷺ) پێش ئەوەی بەریان بدا، کۆیکردنەوە، قسەی لەگەڵ کردن و ئامۆژگاری کردن، پێیانی وت: وا مۆڵەتم دان، بۆ کوێ دەچن بچن، خوای گەورە بەهۆی ئێوەو سود بەکەس ناگەیەنێ و زیانیشی لێ نادا، ئێوە پیاوی سوود و زیان نین، تەنها پیاوی ئاژاوەگێڕن.

ئەگەر دەتانەوێ رزگاربن ئەوا پابەندی کۆمەڵەکەتان بن، ئەوەی بەشی خەڵکی کردوە ئێوەش دەگرێتەوە، بەهۆی ئەوەی پێتان بەخشراوە خۆتان بە گەورە مەزانن، چونکە خۆ بەگەورە زانی تووشی مرۆڤی چاك نابێ!

لە راستیدا خوای گەورە خاوەنی دەسەڵات و تۆڵەسەندنەوەکانە، ئەوەی فێڵ بکا خوای گەورە لەناوی دەبا، خۆ لە شتێ مەدەن خۆتان باش دەزانن کە ئەوە نین وەك خۆتان دەردەخەن، خوای گەورەش وازتان لێ ناهێنێ تا تاقیتان نەکاتەوەو نهێنیەکانتان بۆ خەڵکی دەرنەخات، خوای گەورە فەرمویەتی:

﴿الم(١)أَحَسِبَ النَّاسُ أَنْ يُتْرَكُوا أَنْ يَقُولُوا آمَنَّا وَهُمْ لاَ يُفْتَنُونَ: ئاخۆ مەردم لایان وایە هەر کە بڵێن: ئێمە بڕوامان هێناوە، ئیتر وازیان لێ دەهێنرێ و توشی هیچ ئەزموونێ نابن؟!﴾العنكبوت/١-٢.

کاتێ پیلانگێڕەکان لە دیمەشق دەرچوون وتیان: واز لە عێراق و شام بێنن، نەشگەڕێنەوە بۆ کوفە، تا خەڵکی پێتان خۆش نەبن لەوەی بەسەرتان هاتوە، بەڵکو بچن بۆ جەزیرە-کە دەکەوێتە نێوان دیجلەو فوراتەوە-.

سەبەنیەکان لەلای عبدالرحمنی کوڕی خالید لە جەزیرەدا

والی جەزیرە و حومص (عبدالرحمنی کوڕی خالید کوڕی وەلید) بوو، کاتێ هەواڵیانی بیست، ناردی بە شوێنیاندا، زۆر بەتوندی قسەی لەگەڵ کردن و، پێی وتن:

ئەی ئامرازی شەیتان، نە بەخێربێن و نە سەرچاومان بێن! شەیتان بە سەرشۆڕی و دەست بەتاڵیەوە گەڕاوەتەوە، کەچی ئێوە بۆ ناهەقی چالاکانە کاردەکەن!

خوای گەورە زیانم لێ بدات لەگەر تەمێتان نەدەم و سوکتان نەکەم، ئەی کەسانێ کە کەس نازانێ ئێوە چین" عەرەبن یا عەجەمن، ئەوەی بە (سەعید) و (موعاویە)تان وتوە بە منی نەڵێن! من کوڕی (خالیدی کوڕی وەلید)م، من کوڕی ئەو کەسەم کە ڕۆژگار قاڵی کردۆتەوە و هەڵگەڕاوەکانی سەرکوت کردوە، سوێند بەخوا ریسواتان دەکەم.

ئیبن خالید بە ئەوپەڕی توندوتیژی و حەزمەوە رەفتاریان لەگەڵدا دەکات

(عبدالرحمنی کوڕی خالید) مانگێك لای خۆی هێشتنیەوە، بەوپەڕی توندوتیژی هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکردن، بە وێنەی (سەعید) و (موعاویە) نەرم و نیانی لەگەڵ نەنواندن، هەرکاتێ بڕۆیشتایە لەگەڵی دەچوون و ئەگەر سوار ببوایە لەگەڵی سوار دەبون و ئەگەر غەزای بکردایە ئەوانیش دەیانکرد، هەر بۆنەیەك بهاتایە پێشەوە ئەوانی تێدا زەبون دەکرد.

هەر کاتێکیش روبەڕووی سەرکردەکەیان (صەعصەعەی کوڕی صوحان) دەبویەوە، پێی دەوت: (ابن الخطیئة: کوڕی خراپە)! ئایا دەزانی هەر کەسێك چاکە باشی نەکات خراپە چاکی دەکات! هەر کەسەش نەرم و نیانی دادی نەدات، توندوتیژی چارەسەری دەکات!

هەروەها پێی دەوتن: بۆچی وەڵامم نادەنەوە، هەروەك لە کوفەدا وەڵامی (سەعید)تان دەدایەوە و لە شامیشدا وەڵامی (موعاویە)تان دەدایەوە؟

بۆچی وەك ئەوان لەگەڵم نادوێن؟؟

شێوازەکەی (عبدالرحمنی کوڕی خالید) لەگەڵیان سوودی هەبوو، توندوتیژی و رەقیەکەی لاڵی کردن و تۆبە و پەشیمانیان دەربڕی.

پێیان وت: داوای تۆبە و لێخۆشبون لەخوای گەورە دەکەین، وازمان لێ بێنە خوا لە پشتت بێ و لێمان ببورە، خوا لێت ببورێ!

ئەشتەری نەخەعی لەلای عوسمان تەوبەی سەبەئیەکان ڕادەگەیەنێ

هەموویان لای (عبدالرحمن) لە جەزیرە هێڵرانەوە، (عبدالرحمن) یەکێك لە سەرکردەکانیانی نارد بۆ لای (عوسمانﷺ) کە (ئەشتەری نەخەعی) بوو" بۆ ئەوەی هەواڵی تەوبەو چاکبون و گەڕانەوەیان لە ئاژاوەگێڕی پێ ڕابگەیەنێ.

(عوسمانﷺ)بە (ئەشتەر)ی وت: تۆ و ئەوانەی لەگەڵتان، لە کوێ دادەنیشن دانیشن، من وا لێتان بووڕام.

ئەشتەر وتی: دەمانەوێ لەلای (عبدالرحمنی کوڕی خالیدی کوڕی وەلید) بمێنینەوە... باسی چاکە و حەزمی (عبدالرحمن)ی بۆ کرد.

ماوەیەك لەلای (عبدالرحمن) لە جەزیرە مانەوە، تەوبە و دامەزراوی و چاکبونی خۆیانیان پیشان دەدا!![1]

سەبەئیەکانی کوفە بۆ ماوەیەك بێدەنگ دەبن

ئاژاوەگێڕەکانی کوفە بۆ ماوەیەك بێدەنگ بون، ئەمەش لە مانگەکانی ساڵی (٣٣)دا بوو، پاش ئەوەی سەرانی فیتنە بۆ لای (موعاویە) لەشام دەربەدەر کران، پاشانیش بۆ لای (عبدالرحمنی کوڕی خالید).

هەر بۆیە ئاژاوەچیەکانی کوفە ڕایان وابوو کە بەرژەوەندی وا دەخوازێ بۆ ماوەیەك بێدەنگ بن!!

بەڵام سەبەئیەکانی بەصرە بە سەرکردایەتی (حەکیمی کوڕی جەبەلە) فرت و فێڵیان لە خاوەن فەزڵەکانی بەصرە دەکرد و پیلان و درۆیان بۆ هەڵدەبەستان.

سەبەئیەکانی بەصرە بوختان بۆ ئەشەجی عەبدولقەیس هەڵدەبەستن

لە چاکترین و بەتەقواترین کەسەکانی خەڵکی بەصرە (ئەشەجی عەبدولقەیس) بوو، کە ناوی (عامری کوڕی عەبدولقەیس) بوو و، گەورە و دەم سپی هۆزەکەی بوو، بە وەفد سەردانی پێغەمبەری خوایﷺ کردووە و لێیەوە فێر بووە، پێغەمبەری خواشﷺ بەم فەرمودەیە ستایشی کردوە: (تۆ دوو ڕەوشتت تێدایە، خوا و پێغەمبەرەکەی خۆشیان دەوێ: لەسەرخۆیی و نەرم و نیانی)!

---

١ ـ تأريخ الطبري ٤: ٣٢١-٣٢٢.

(عامری کوڕی عەبدولقەیس) لە سەرکردەکانی جیهادی قادسیە و شوێنی تر بوو، لە بەصرە دادەنیشت، خاوەن بەشێکی گەورە لە چاکەکاری و تەقوا بوو!

لەڕێدەرچووەکان درۆیان بۆ هەڵبەست و بە شتی ناڕەوا تۆمەتباریان کردا! (عوسمان)یش ناردی بۆ لای (موعاویە) لەشام، کاتێ (موعاویە) لەگەڵی دوا و هەڵسوکەوتی لەگەڵ کرد، بەڕێزی و پاکی و ڕاستگۆیی ئەو و، درۆ و دەم هەڵبەستی لەڕێ دەرچوانی بۆ دەرکەوت.

ئەوەشی لەپشتەوەی درۆهەڵبەستەکەی (عامری کوڕی قەیس)ەوە بوو، (حومرانی کوڕی ئەبان) بوو، کە پیاوێکی یاخی و بێدین بوو، کە لەماوەی عیددەدا ئافرەتێکی مارە کردبوو! کە (عوسمان) بەمەی زانیبوو لێکی جیاکردنەوە و، بەهۆی ئەم تاوانەوە لێیدا و سزای دا و بۆ بەصرە دەربەدەری کرد، لەوێش لەگەڵ سەرکردەی سەبەئیەکانی ئەوێ (حەکیمی کوڕی جەبەلە)ی دز بەیەك گەیشتن![1]

ئیبن سەبەء
ساڵی ٣٤
بۆ جولانەوە دیاری دەکات

لە ساڵی (٣٤)دا، ساڵی یانزەهەم لە خەلافەتی (عوسمان)دا، (عبداللە‌ی کوڕی سەبەء)ی جولەکە نەخشەکەی تۆکمە کرد، پیلانەکانی داڕشت، لەگەڵ کۆمەڵە سەبەئیەکەیدا دەرچوونیان بەسەر خەلیفە و والیەکانی ڕێك خست.

(ئیبن سەبەء) لە پێگەی پیلانەکانیەوە لە میصر، پەیوەندی کرد بە شەیتانەکانی کۆمەڵەکەی لە بەصرە و کوفە و مەدینە، لەگەڵیاندا لەسەر درێژەی پیلانەکانی ڕێك کەوت، نوسین و نامەگۆڕینەوەی لەگەڵیان بەردەوام بوو!

لەوانەی نوسین و نامەگۆڕینەوەی لەگەڵ هەبون، سەبەئیەکانی کوفە بوو، کە زیاد لە دە کەسیان بۆ شام و پاشتر بۆ جەزیرە بۆ لای (عبدالرحمنی کوڕی خالیدی کوڕی وەلید) دەربەدەر کرابون، لەپاش

١ ـ سەیری درێژەی دەم هەڵبەستەکانی (حیمرانی کوڕی ئەبان) و سەبەئیەکان دژ بە (عامری کوڕی عەبدولقەیس) لە مێژووی طبریدا بکە: ٤: ٢٢٧-٢٢٨.

دەربەدەرکردنی ئەو لەڕێدەرچوانە سەرکردەی سەبەئیە قین لە دڵەکانی کوفە (یەزیدی کوڕی قەیس) بوو.

ئیبن سەبەو سەبەئیەکانی کوفە دەجوڵێنێ

لەساڵی (٣٤)دا کوفە لە پیاوماقوڵ و ناسراوەکانی چۆڵ ببو، چونکە بەرەو جیهاد چووبون، تەنها دەشتەکی و ئاژاوەگێڕەکان مابونەوە، کە ئەمانەش سەبەئی و لەڕێلادەرەکان کاریان تێکردبون و بە بیروبۆچونی پیس بارگاویان کردبون و دژ بە والیەکەی (عوسمان) لەسەر کوفە" (سەعیدی کوڕی عاص﵁)، وروژاندبونیان و هانیان دابون.

بارودۆخی خەڵکی کوفە کاتی جولانەوەی سەبەئیەکان

(طەبەری) لەسەر بارودۆخی کوفە لەساڵی (٣٤)دا وتویەتی: (سەعیدی کوڕی عاص) لە ساڵی یانزەی ئەمارەتی عوسماندا بە وەفدێك چوو بۆ لای (عوسمان﵁).

(سەعید) پێش دەرچوونی (ئەشعەثی کوڕی قەیس)ی ناردبوو بۆ (ئازەربیجان) و (سەعیدی کوڕی قەیس)یش بۆ (ڕەی) و (نوسەیری عوجلی) بۆ (هەمەذان) و (سائیبی کوڕی ئەقرەع) بۆ (ئەصبەهان) و (مالیکی کوڕی حەبیب) بۆ (ماه) و (حەکیمی کوڕی سەلامە) بۆ (موصڵ) و (جەریری کوڕی عبدالله) بۆ (قرقیسیا) و (سەلمانی کوڕی ڕەبیعە) بۆ (الباب) و (عوتەیبەی کوڕی نەهاس) بۆ (حەلوان) ناردبوو.

لەسەر کاروباری جەنگیش (قەعقاعی کوڕی عەمری تەمیمی) دانا، جێگرەکەیشی پاش دەرچوونی (عەمری کوڕی حورەیث) بوو.

بەم شێوەیە کوفە لە پیاوماقوڵ و ناسراوەکانی چۆڵ ببو، تەنها لاسار و ئاژاوەگێڕەکانی تێدا مابوو.[1]

دەرچوونی یەزیدی کوڕی قەیس بەسەرکردایەتی سەبەئیەکانی کوفە

ئا لەم بارەودۆخەدا سەرکردەی سەبەئیەکانی کوفە (یەزیدی کوڕی قەیس) دوای ڕێکەوتن لەگەڵ شەیتانەکەی میصر (ئیبن سەبەء) هاتە دەرەوەو لەگەڵیشیدا ئەو سەبەئیانەی بەنهێنی هاتبونە ڕێکخراوی (ئیبن سەبەء)وەو ئەو ئاژاوەگێڕانەی پێیان کاریگەر ببون بەشدارییان کرد.

---

١ ـ تأريخ الطبري ٤: ٣٣٠-٣٣١.

(طەبەری) سەبارەت بە یەكەم لەڕێ دەرچوونی ئاشكرای سەبەئیەكان لە ساڵی (٣٤)دا وتویەتی:

قەعقاعی كوڕی عەمر جولانەوەی یەكەم لەناو دەبات

(یەزیدی كوڕی قەیس) بە مەبەستی لەكارخستنی (عوسمان‌ﷺ) كەوتە ڕێ، چووە مزگەوتەوەو تیایدا دانیشت، لە مزگەوتدا سەبەئیەكانی لێ كۆببوەوە، ئەوانەی (ئیبن سەوداء) لە میصرەوە نوسراوی بۆ دەناردن، جا كاتێ لەڕێ‌دەرچووەكان لە مزگەوتدا كۆبونەوە، (قەعقاعی كوڕی عەمر)ی ئەمیری جەنگ بەكاروبارەكەیانی زانی، قۆڵ بەستی كردن و (یەزیدی كوڕی قەیس)ی سەركردەیانی گرت و لەگەڵ خۆیدا بردنی.

كاتێ (یەزید) توندوتیژی و وریایی و زیرەكی (قەعقاع)ی بینی، ئامانجەكەیانی لەلا ئاشكرا نەكرد و نەخشەی دەرچوون دژ بە (عوسمان) و لەكارلابردنی (عوسمان)ی پێ نەوت، وای بۆ بەدەرخست ئەوەی كە ئەو و كۆمەڵەكەی مەبەستیانە لەكارخستنی (سەعیدی كوڕی عاص)ی والی و داواكردنی والیەكی ترە لەجێگاكەی ئەودا.

ئەمەش كارێكی ئاسانە و خەڵكی پێش ئەمانیش داوایان كردووەو وەڵامی داواكاریەكەشیان درایەوە.

هەر بۆیە (قەعقاع) بە بیستنی قسەكانی (یەزید)، هەموویانی بەرەڵا كرد.

پاشان بە (یەزید)ی وت: بۆ ئەم مەبەستە لەمزگەوتدا دامەنیشە و خەڵكیشت لەدەور كۆنەبێتەوە، لەماڵی خۆت دانیشە، ئەوەی دەتەوێ لە خەلیفەی داواكە و بۆت جێبەجێ دەكات![1]

ئەمیری جەنگ (قەعقاعی كوڕی عەمر) نەیدەزانی ڕێكخستنی نهێنیی پیس هەیە و ئەمانەش تەنها چەند ڕەگەزێكن تیایدا و ئامانجی سەرەكیشیان لەكارخستنی خەلیفەیە!

ئەگەر ئەمەی لێ بزانیبایە، لێپرسینەوەیەكی تر و سزایەكی زۆر توندی دەدان!!

---

١ ـ تأريخ الطبري ٤: ٣٣١.

(یەزیدی کوڕی قەیس) لە ماڵەکەی خۆیدا دانیشت و بۆ دەرچوون و ئاژاوە و شۆڕش ناچار بوو دەستکاری نەخشەکەی بکات.

یەزیدی کوڕی قەیس نامە بۆ سەبەئیە دەربەدەر کراوەکانی لای ئیبن خالید دەنوسێ

ئەم سەبەئیە (یەزیدی کوڕی قەیس) پیاوێکی بەکرێگرت و چەند درهەم و هێسترێکی پێدا و فەرمانی پێکرد بەخێرایی و نهێنیەوە بچێ بۆ لای سەبەئیەکانی خەڵکی کوفە کە (عوسمان‌ﷺ) بۆ شام و پاشان بۆ جەزیرە دەربەدەری کردبون و پاشان لە لای (عبدالرحمنی کوڕی خالید) نیشتەجێ ببون و پەشیمانی و پاشگەزبونەوەیان بەدەرخستبوو، تەنانەت سەرکردەکەیان (ئەشتەری نەخەعی) کە (مالکی کوڕی حارثی نەخەعی)یە، چوو بۆ لای (عوسمان‌ﷺ)و پەشیمانی خۆی و کۆمەڵەکەی بۆ دەرخستبوو!

دووەم جولانەوەی سەبەئیەکان لە کوفە

(یەزید) لە نوسراوەکەیدا بە برا شەیتانەکانی وتبوو: کاتێ ئەم نوسراوەم پێتان گەیشت، لەدەستتان دایمەنێن، تا دەگەنەوە لام، ئێمە نامەگۆڕینەوەمان لەگەڵ براکانی میصرماندا کردووە-کە سەبەئیەکانی ئەوێیە- و لەسەر دەرچوون لەگەڵیان ڕێکەوتوین!

کاتێ (ئەشتەر) نامەی (یەزید)ی خوێندەوە، یەکسەر بەرەو کوفە دەرچوو و بە برا لەرێدەرچووەکانی گەیشتەوە، (عبدالرحمنی کوڕی خالید)یش بەدوایاندا گەڕا، بەڵام نەیبینینەوە، دەستەیەك بەدوایاندا دەنێرێ، بەڵام پێیان نەگەیشتن.

جارێکی تریش (یەزیدی کوڕی قەیس) پەیوەندی کردەوە بە کۆمەڵەکەیەوە، ئەوانیش جارێکیتر پەیوەندییان کرد بە هەرچی و پەرچی و ئاژاوەگێڕەکانی کوفە و لە مزگەوت کۆبونەوە، (ئەشتەری نەخەعی) لە مزگەوتدا هات بۆ لایان، دەستی کرد بە هاندان و هەڵچواندنیان و پاڵنانیان بۆ شۆڕش و دەرچون!

لەو قسانەی پێیانی وتبوو:

من لەلای خەلیفە (عوسمان)ەوە هاتووم بۆ لاتان، والیەکەتانم لەلای ئەو بەجێهێشت، (عوسمان) و (سەعید) لەسەر کەمکردنەوەی

پێبەخشینەکانتان و دابەزاندنی سامانەکانتان لە دووسەد درهەمەوە بۆ سەد درهەم کۆك و ڕێك بون.

ئەشتەری نەخەعی درۆ بەدەم عوسمانەوە دەکا

(ئەشتەر) لە قسەکەیدا درۆی کرد، (عوسمان) و (سەعید)ﷺ قسەیان لەوە نەکردبوو، بەڵام ئەمە شێوازی سەبەئیەکان بوو بۆ بڵاوکردنەوەی درۆودەلەسە و دەمهەڵبەستی تا خەڵکی ڕەشۆکی پێ بوروژێنن.

ئەشتەر بەم قسانەی لە مزگەوتدا سوکایەتی بە خەڵکی کرد، کاری کردە سەر هەرچی و پەرچی و ئاژاوەچیەکان و وروژاندنی و، لە مزگەوتەکەدا هەراو هوریایەکی زۆر کەوتەوە.

ژیر و ناسراو و پیاوماقوڵ و پیاوچاك و خواناسە موسڵمانەکانی وەك (ئەبو موسای ئەشعەری) و (عبدالله ی کوڕی مەسعود) و (قەعقاعی کوڕی عەمر)ﷺ کەوتنە گفتوگۆ لەگەڵی، بەڵام (یەزیدی کوڕی قەیس) گوێی لێنەگرتن و وەڵامی نەدانەوە!

سەبەئیەکان ئاژاوەچیەکانی کوفە دەوروژێنن

(یەزیدی کوڕی قەیس) لەناو ئەو هەموو ئاژاوەچی و هەرچیەو پەرچییانەی ناو مزگەوت و دەرەوەیدا هاواری کرد و وتی: من دەچمە دەرەوە بۆ ڕێگەکانی مەدینە، تا ڕێ نەدەم بە سەعیدی کوڕی عاص بێتە کوفەوە، ئەو کەسەی دەیەوێ لەگەڵم دەرچێ بۆ نەهێڵانی هاتنە ناوەوەی سەعید و داواکردنی والیەك لە جێگاکەی، با بێت لەگەڵمدا!!

سەبەئی و هەرچی و پەرچیەکان وەڵامی هاوارکردنەکەیان دایەوە و نزیکەی هەزارکەس لەگەڵی دەرچوون!![1]

کاتێ سەبەئی و ئاژاوەگێڕەکان بۆ فیتنە و شۆڕش کردن چونە دەرەوە، لە مزگەوتەکەدا موسڵمانە ناسراو و پیاوماقوڵ و لەسەرخۆکان مانەوە.

جێگری والی (عەمری کوڕی حورەیث) چووە سەر دوانگە و داوای برایەتی و یەکێتی موسڵمانان و ڕێگری ناکۆکی و جیاوازی و ئاژاوەگێڕی و لەڕێدەرچوونی لێکردن، داواشی لێکردن کە گوێ لە لەڕێدەرچوان و یاخیبوان نەگرن!

---

١ ـ تاريخ الطبري ٤: ٣٣١.

قەعقاعی کوڕی عەمر کوشتنی سەرکردە سەبەئیەکان بەباش دەزانێ

(قەعقاعی کوڕی عەمر) پێی وت: تۆ ناتوانی ڕوبەڕووی ئەمانە ببیتەوە، چونکە لافاو ڕەت ناکرێتەوەو ڕوباری فوراتیش کەس ڕێڕەوەکەی پێناگۆڕێ، ئەم ئاژاوەچی و فیتنەگێڕانەش تەنها بە لەمل دان و کوشتنیان بەشمشێر لەناو دەبرێن!!

ئەمەش فیتنە و خوێنڕشتنی لێ دەکەوێتەوەو ئەمانەش نرخی یاخیبون و لەڕێدەرچوونەکەیان دەدەنەوە، کەواتە ئارام بگرە و وازیان لێ بێنە تا والی دێت!

(عەمری کوڕی حورەیث) وتی: ئارام دەگرم هەتا والی دێت.. جا ڕۆیشتەوە ماڵی خۆی!

یەزیدی کوڕی قەیس لەگەڵ هەزار ئاژاوەچی بۆ (جەرەعە) دەرچون

(یەزیدی کوڕی قەیس) کە (ئەشتەر) و هەزار کەسی تر لە لەڕێدەرچووەکانی لەگەڵدابوو، بۆ ڕێگەیەکی شار دەرچووبون کە بە (جەرەعە) ناودەبرێت!

کاتێ لە (جەرەعە) مۆڵیان دابوو، (سەعیدی کوڕی عاص)یان لێ بەدەر کەوت، کە لەلای (عوسمان)ەوە دەگەڕایەوە، پێیان وت: بگەڕێوە بۆ ئەو شوێنەی لێی هاتوی، پێویستمان بەتۆ نیە، ناهێڵین بێیتە ناو کوفەوە، بە (عوسمان)یش بڵێ ئێمە والیمان ناوێ، دەمانەوێ (ئەبوموسای ئەشعەری) لەجێی تۆ بکا بە والی!!

سەبەئیەکان ڕێ لە هاتنە ناوەوەی سەعیدی کوڕی عاص دەگرن بۆ ناو کوفە

(سەعیدﷺ) پێی وتن: بۆچی بە هەزار کەسەوە دەرچوون و ئەم قسەیەم پێ دەڵێن؟ هەر ئەوەندەتان بەس بوو بە پیاوێکدا داواکاریەکەتان بگەیەنن بە ئەمیری بڕواداران و لە ڕێگەشدا یەك کەس بوەستایەو ئەوەی پێم ڕاگەیاندایە، ئایا هەزار کەسی خاوەن عەقڵ بۆ یەك کەس دەردەچن؟[1]

(سەعیدی کوڕی عاصﷺ) ڕای وابوو حیکمەت لەوەدایە ڕوبەڕوویان نەبێتەوەو ئاگری فیتنە دانەگیرسێنێ، بەڵکو هەوڵی دامرکان و کپ کردنەوەی بدا، یا بەلای کەمەوە هەڵگیرسانی دوا بخا، ئەمەش هەمان ڕای (ئەبو موسای ئەشعەری) و (عەمری کوڕی حورەیث) و (قەعقاعی کوڕی عەمر)ﷺ بوو لە کوفەدا.

---

١ ـ تاريخ الطبري ٤: ٣٣٢.

سەعیدی کوڕی عاص هەواڵی یەکەم یاخیبونی سەبەئیەکان بە عوسمان دەدا

(سەعیدی کوڕی عاص) گەڕایەوە بۆ لای عوسمان و هەواڵی ئەو خەڵکە لەڕێدەرچووەی پێ ڕاگەیاند، (عوسمان) پێی وت: چیان دەویست؟ ئایا دەستیان لە گوێڕایەڵی کێشاوەتەوە؟ ئایا لە فەرمانی خەلیفە دەرچون و گوێڕایەڵی نەکردنیان بۆی ڕاگەیاندوە؟

(سەعید) پێی وت: نەخێر، وای دەردەخەن کە نایانەوێ والیان بم، والیەکی تریان لەجێم دەوێ!

عوسمان پێی وت: کێیان دەوێ بە والی؟

سەعید وتی: (ئەبوموسای ئەشعەری)یان دەوێ.

عوسمان، ئەبوموسای ئەشعەری بە والی کوفە دادەمەزرێنێ

عوسمان وتی: وا (ئەبو موسا)مان دەمەزراند و جێگیرمان کرد بە والی لەسەریان، سوێند بەخوا بیانو بۆ کەس ناهێڵینەوەو بەڵگەشیان پێ ناهێڵین، بەو شێوەیەی کە پێویستە ئارام دەگرین لەسەریان، تا مەبەستی ڕاستەقینەیان بزانین.!!

(عوسمان) نوسراوێکی بۆ (ئەبو موسای ئەشعەری) نووسی بە دامەزراندنی بە والی لەسەر کوفە.[١]

پێش گەیشتنی نوسراوی (عوسمان) بە دامەزراندنی (ئەبوموسا) بە والی، لە مزگەوتی کوفەدا چەند هاوەڵێکی پێغەمبەری خوا لە هەوڵی ڕێکخستنی کاروبارەکان و هێورکردنەوەی خەڵکی گشتی دا بون، بەڵام نەیانتوانی بە ئەنجامی بگەیەنن، چونکە سەبەئیە ڕق ئەستورەکان بەسەر هەرچی و پەرچی و ئاژاوەچیەکاندا زاڵ ببون و وروژاندبویان، هەر بۆیە گوێبیستی هیچ دەنگێکی عەقڵ یا ژیربێژی نەدەبون.

گفتوگۆیەك لەنێوان ئەبومەسعود و حوذەیفە دەربارەی یاخیبون و هەڵگەڕانەوە

لەکاتی یاخیبون و هەڵچوون و فیتنەکەی ناو مزگەوتی کوفەدا دوو هاوەڵی پێغەمبەریخوا لە مزگەوتدا بون، کە ئەوانیش (حوذەیفەی کوڕی یەمان) و (ئەبو مەسعودی عوقبەی کوڕی عەمری ئەنصاری بەدری)بون.

(ئەبومەسعود) زۆر توڕەبوو بە یاخیبون و شۆڕشی هەرچی

---

١ ـ تأريخ الطبري ٤: ٣٣٢.

وپەرچییەکان و دەرچونیان بۆ (جەرەعە) و لەکارخستنی (سەعید)ی والی و گوێڕایەڵ نەبونیان بۆی، کە ئەوە یەکەم جارە ڕوودەدات، بەڵام (حوذەیفە) دووربین تر بوو و، لەگەڵ ڕوداوەکاندا بەشێوەیەکی بابەتی و بیرکردنەوەوە هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکرد.

(ئەبومەسعود) بە (حوذەیفە)ی وت: ئەمانە لە (جەرەعە) بە سەلامەتی ناگەڕێنەوە، خەلیفە سوپایەك بۆ ئەدەب دانیان دەنێرێ و خوێنێکی زۆری تێدا دەڕێژێ.

(حوذەیفە)ش وەڵامی دایەوەو پێی وت: سوێند بەخوا دەگەڕێنەوە بۆ کوفە و هیچ پێکدادان و جەنگێکیش روو نادات و هیچ خوێنێکیش لەوێ ناڕژێ.

رای حوذەیفەی کوڕی یەمان لە جولانەوەی سەبەئیەکان

ئەوەی دەربارەی ئەم فیتنەیە دەیزانم، هەر ئەوەیە کە لە پێغەمبەری خواوەﷺ فێربووم کاتێك کە لە ژیاندا مابوو، پێش ئەوەی وەفات بکا هەر ئەو هەواڵی ئەم فیتنانەی پێ ڕاگەیاندین.

پێغەمبەری خواﷺ پێی راگەیاندین، پیاو هەیە بەیانی کە رۆژ دەکاتەوە ئیسلامە، کە ئێوارە دادێ هیچ شتێکی لە ئیسلام لەگەڵدا نەماوە، پاشان لەگەڵ موسڵمانان دەجەنگێ، پاشگەز دەبێتەوە(مرتد) و دڵی هەڵدەگەڕێتەوە و لە رۆژی دواتردا خوا دەیکوژێ.

ئەمە لەمەولا دەبێ!![1]

لە ڕاستیدا (حوذەیفەی کوڕی یەمانﷺ)پسپۆڕ بوو لە زانستی فیتنەدا، بەپێی بیستن و زانیاریەکانی لە پێغەمبەری خواوەﷺ هەڵسوکەوتی لەگەڵ سەبەئیەکانی کوفە و جگە لەوانیشدا دەکرد، ئەو فەرمودانەی لەو بارەیەوە لەبەری کردبون هێنایەوە یادی خۆی، لێرەوە حەقیقەتی ڕوداوەکانی دەوروبەری تێدەگەیشت، بە دووری نەدەبینی و سەریشی لێی سوڕ نەدەما، ئەوەندەشی پێی دەکرا هەوڵی چاکسازی دەدا!!

---

١ ـ تأريخ الطبري ٤: ٣٣٥.

گفتوگۆی ئەبوموسا لەگەڵ سەبەئیەکان پێش دامەزراندنی بە والی

بەڵام (ئەبو موسا ﷺ) لە هەوڵی هێورکردنەوەی بارودۆخەکەدابوو، قەدەغەی خەڵکی دەکرد لە یاخیبون و پێی وتن: خەڵکینە! بۆ ئەم جۆرە سەرپێچیانە دەرمەچن، ئەم جۆرە یاخیبونە ئەنجام مەدەن، پابەند بن بە کۆمەڵی موسڵمانانەوە، گوێڕایەڵی فەرمانڕەوایان بن، خۆ بپارێزن لە پەلەکردن و ئارام بگرن.

لەکاتی یاخیبون و لەڕێدەرچوونەکەدا هیچ ئەمیرێك لە کوفەدا نەبوو، سەبەئیەکان هاتن بۆ لای (ئەبوموسا ﷺ) و پێیان وت: پێشکەوە پێشنوێژیمان بۆ بکە!

پێی وتن: بەو مەرجە نوێژتان بۆ دەکەم کە فەرمانبەر و گوێڕایەڵی (عوسمان) بن!

وتیان: باشە، ئێمە گوێبیست و گوێڕایەڵی (عوسمان)ین.

لەوەدا ڕاستگۆ نەبون، بەڵکو ئامانجە ڕاستەقینەکانیان لە خەڵکیتر دەشاردەوە.

(ئەبوموسا ﷺ) نوێژی بە خەڵك دەکرد تا ئەوکاتەی نوسراوی (عوسمانی ﷺ) بۆ هات کە ببێ بە والی کوفە.

کاتێك کاروبارەکان لە کوفەدا تا ماوەیەك هێوربونەوە، لەساڵی (٣٤)دا (حوذەیفەی کوڕی یەمان) گەڕایەوە بۆ (ئازەربیجان) و (الباب)، لەوێ سەرکردایەتی سوپاکانی جیهادی دەکرد، کاربەدەست و والیەکانیش گەڕانەوە سەر کارەکانیان لەناوچەکانی فارسدا.!

نوسراوی عوسمان بۆ ئەوانەی لەکوفە دەرچووبون

(عوسمانی کوڕی عەففان ﷺ)نوسراوێکی بۆ ئەوانە نووسی کە لە کوفەدا دەرچووبون، حیکمەتی بەدەمەوەچوونی داواکەیان و لەکارخستنی سەعید و دامەزراندنی (ئەبوموسا)یان لە جێگەیدا بۆ ڕون دەکاتەوە، ئەو نامەیە چەندەها دەلالەتی گرنگ لەخۆ دەگرێ و ڕێگاچارەی (عوسمان)یش ﷺ روون دەکاتەوە لە ڕووبەڕووبونەوەی فیتنەدا و هەوڵدانی بۆ دواخستنی کڵپەسەندنی بەپێی توانا، لەگەڵ ئەوپەڕی دڵنیابونی لەوەی کە هەر دەبێت بێت و بێتواناشە لە ڕووبەڕووبونەوەیدا،

ئەمەشی لە پێغەمبەری خواوەﷺ زانیوە.

(عوسمانﷺ)لە نامەکەیدا گوتویەتی:

((دوای سوپاس و ستایش:

ئەوەی هەڵتانبژاردووە کردوومانە بە ئەمیرتان، (سەعید)مان بۆ لابردن، سوێند بەخوا عەیب و نەنگی خۆم دەخەمە بەردەستتان، هەموو ئارامم بۆتان دەخەمە گەڕ، بەهەموو توانام هەوڵی چاکردنەوەتان دەدەم، هەرچیتان پێخۆشە لەوانەی سەرپێچی خوای تێدا نیە داوام لێ بکەن، پێتانی دەبەخشم، چیتان لا ناخۆشە داوا بکەن لێتان ببورم، بێجگە لەوانەی خوای داوای کردووە، لێتان دەبورم و لەسەرتانی لادەبەم، لە هەموو ئەو شتانەدا دادەبەزمە سەر ئەوەی کە پێتان خۆشە، ئەمەش تاکو هیچ بەڵگە و بیانویەکتان لەسەرم نەمێنێ))!!

خوای گەورە لە ئەمیری بڕواداران (عوسمان) ڕازی بێت، چەند صاڵح و سینگ فراوان بووە، سەبەئی و لەڕێدەرچووە ڕق ئەستورەکان چەندە ستەمیان لێی کردوەو درۆ و بوختانیان بەدەمەوە کردوە!!

عوسمان لەگەڵ گرنگترین والیەکانی کۆدەبێتەوەو راوێژیان پێدەکا

دوای ئەوەی بارودۆخ لە بەصرە و کوفە بۆ ماوەیەك هێور بویەوە، (عوسمان)ﷺ گرنگترین والی وڵاتەکانی بانگهێشت کرد بۆ ئەوەی ڕاوێژیان پێ بکا، لەوانەی ئامادەبون (موعاویەی کوڕی ئەبو سوفیان) و (عبداللەی کوڕی عامر) و (عبداللەی کوڕی سەعد) و (سەعیدی کوڕی عاص) و (عەمری کوڕی عاصﷺ).

کاتێ لەگەڵیان کۆبوەوە پێی وتن: هەر مرۆڤە و وەزیر و ئامۆژگاریکەری خۆی هەیە، ئێوەش وەزیر و ئامۆژگاریکەری منن، بینیتان خەڵك چییان کرد، داواشیان لێکردم هەندێ لە کاربەدەستەکانم لەکار بخەم، ئەوەی پێیان خۆشە بۆیان ئەنجام دەم، ڕای خۆتان بخەنە کار و ئامارژەم پێ بدەن.

ئامارژەکەی عبداللەی کوڕی عامر

(عبداللەی کوڕی عامرﷺ)والی بەصرە وتی: ئەوان بۆیە وا دەکەن چونکە بە جیهادەوە سەرقاڵ نین، دەستیان خاڵی یە بۆ پڕوپاگەندە و

فیتنەو ئاژاوەچیەتی، کاتیانی پێ پڕ دەکەنەوە و خۆیانی پێوە سەرقاڵ دەکەن.

ئـەی ئـەمیری بـڕواداران، مـن رام وایـە فـەرمانیان پـێ بـدەی بـە جیهادکردنی دوژمنان، پێیان سەرقاڵ نابی، لە غەزاکاندا بیانهێڵەوە و لە کەلێن و قوللەکاندا بیانهێڵیەوە، لەوکاتەدا هەریەکەیان تەنها بیر لەخۆی دەکاتـەوە، بیرکردنـەی تـەنها لـەلای ولاخ و چـەك و شـەڕکردن و لابردنـی ئەسپێی فەروەکەیەتی.

پاش ئەوەی (عوسمان‌ﷺ) قسەکەی (ئیبن عامر)ی بیست، رووی کردە (سەعیدی کوڕی عاص‌ﷺ) و پێی وت: ئەی تۆ رات چیە؟

ئاماژەکەی سەعیدی کوڕی عاص

(سـەعید) پێـی وت: ئـەی ئـەمیری بـڕواداران، نەخۆشـیەکە بنـبڕ بکـە، ئەوەی لێی دەترسێی بیپچڕێنە، بە ڕای من بکە دەیپێکی.

پێی وت: رای تۆ چیە؟

(سـەعید) وتـی: هـەموو قـەومێك سـەرکردەی خـۆی هەیـە، گـەر سـەرکردەکانیان نـەمان پەرتـەوازە دەبـن، مـن رام وایـە سـەرکردەی ئـەم لەڕێدەرچووە ئاژاوەگێڕانە بکوژرێن، کاتـێ کـە سـەرکردەکانیان کـوژران پەرتەوازە دەبن و لەسەر کارێك کۆنابنەوە!!

قسەی عوسمان لەسەر رایەکەی سەعید

(عوسمان‌ﷺ) لەسەر رایەکەی (سەعید) دوا و وتی:

لە ڕاستیدا ئەمە رایەکی پەسەندە، ئەگەر ئەوەی تێدا نەبوایە!!

واتـە: ئەمـە رایـەکی پێکـراوەو راسـتە و یەکلاکـەرەوە و سـەرکوتکەری فیتنەیـە، بـەڵام مەترسـیەکەی بریتیـە لـە کوشـتنی خـەڵکێکی بـە رووکـار موسڵمان، چۆن دەبێ خەلیفە موسڵمانانی بن دەستەکەی خۆی بکوژێ؟

ئایا وەڵامـی (عوسمـان‌ﷺ) بـۆ (سـەعیدی کـوڕی عـاص) نزیـك نیـە لـە وەڵامـی پێغەمبـەر موحەممـەدﷺ، کاتـێ (عومـەر)ﷺ ئامـاژەی پێـدا بـە کوشـتنی سـەرکردەی دووڕووەکـان (عبـداللەی کـوڕی ئوبـەی) کاتێـك لـە جەنگی (بەنی موصطەلەق)دا موسڵمانانی ناکۆك و پەرتەوازە کرد؟

(عومەرﷺ) پێی وت: ئەی پێغەمبەری خوا! لێمگەڕێ با لە گەردنی دەم!

پێغەمبەری خواﷺ فەرمووی: خەڵکی دەڵێن موحەممەد هاوەڵەکانی خۆی دەکوژێ!!

(عوسمان)یشﷺ وەك ئەوەی بڵێ: خەڵکی دەڵێن خەلیفە عوسمان موسڵمانانی بن دەستی خۆی دەکوژێ!!

ئامازەکەی موعاویە و ئیبن ئەبو سەرح

پاشان (عوسمانﷺ) پرسیاری ڕای (موعاویەﷺ)ی کرد، (موعاویە)ش ئامـاژەی پێـدا کـە کاربەدەسـتەکانی بگەڕێنێتـەوە وڵاتـی خۆیـان و، کاروبارەکان بە گورجوگۆڵی ڕێکوپێك بکەن، پێی وت: من خەڵکی شامت بۆ زامن دەکەم.

قسەیەکی سەیر لەلایەن عەمری کوڕی عاصەوە

(عبداللەی کوڕی سەعدی کوڕی ئەبو سەرح) وتی: لە ڕاستیدا خەڵك تەماحکارن، لەو ماڵەیان پێببەخشە، دڵەکانیان بۆت سۆزدار دەبێت!!

(عەمری کوڕی عاصﷺ) قسەیەکی سەیری بە (عوسمان) وت: من وادەبینم تۆ شتێك بە خەڵکی دەکەی پێیان ناخۆشە، سوربە لەسەر ئەوەی کە ڕاستی بکەیتەوە، ئەگەر هەر نایکەی سوربە کە خۆت لەکار بخەی، ئەگەر هەر نایکەی ئەوا عەزمت جەزم کە و بەرەو پێشەوە بڕۆ!!!

(عوسمانﷺ)لە قسەکەی (عەمری کوڕی عاص) سەری سوڕما، نەیزانی (عەمر) لە قسەکەیدا بە جدی نیە، پاڵنەرەکەشی لێزانی و زۆرزانیەتی، تا پەیامێك بگەیەنێتە کەسانێکی تر!

هەر بۆیە هەرکە کۆبونەوەکە تەواو بوو، خەڵکەکە بڵاوەیان لێکرد، (عەمری کوڕی عاص) هات بۆ لای (عوسمان) و پێی وت:

عەمر مەبەستەکەی لەو قسەیە بۆ عوسمان ڕون دەکاتەوە

ئەی ئەمیری بڕواداران، تۆ زۆر لەوە گەورەتری لەلام، بەڵام زانیم هەندێ لە دەرگاوە قسەو ئامازەکانمان دەبیستن، ئەم قسانەشمان بە خەڵکی دەگا، پێم خۆشبوو ئەم قسەیەی من بۆ تۆ بەوان بگات، تا متمانەم پێبکەن، وا بزانن من دژ بەتۆم، لەو کاتەدا هەندێ لە فرتوفێڵەکانیان دەزانم، ئەو کاتە یا خێرێکت بۆ دەستەبەر دەکەم یا زیانێکت لێ لادەدەم!![1]

ڕەزای خوات لێبێ (عەمری کوڕی عاص)، چەندە دوربین و لێزان و

---

١ ـ تأريخ الطبري ٤: ٣٣٣-٣٣٥.

زۆرزان بووی!!

(عوسمان ﷺ)کاربەدەست و والیەکانی گێڕایەوە بۆ وڵاتەکانی خۆیان، ئەمەش لەساڵی (٣٤)دا بوو، هەریەکەش ئەوەی گونجاو بوو لە ئاماژەپێکراوەکان کاریان لەسەری کرد!

پەیوەندییەکانی وئیبن سەبەء لەگەڵ سەبەئیەکانی کوفە و بەصرە

بەڵام سەبەئیەکان بەردەوام بون لەسەر بڵاوکردنەوەی پڕوپاگەندە و درۆو دەلەسە، لەنێوان خۆیاندا نوسراو و نامەیانە دەگۆڕیەوە، بنکەی هێزیشیان سێ شوێن بوو:

میصر، کە پێگەی (عبداللّەی کوڕی سەبەء) بوو.

کوفە، کە سەرکردەکەیان (یەزیدی کوڕی قەیس) و (ئەشتەری نەخەعی) بوو.

بەصرە، سەرکردەکەیان دزی پیاوکوژ (حەکیمی کوڕی جەبەلە) بوو.

سکاڵاکان گەیشتنە لای (عوسمان)، ئەویش ڕاوێژکار و ئەهلی حەل و عەقدی مەدینەی کۆکردەوەو پێی وتن: ئێوە هاوبەشی منن، شاهێدی بڕواداران، دەی ئامارەم پێبدەن.

ڕاوێژکارەکانی عوسمان ئامازە بە ناردنی لیژنەی پشکنین دەدەن

پێیان وت: ئامارەت دەدەینێ کە پیاوانێك لە مەدینەدا بنێریت بۆ وڵاتان، لەوانەی متمانەت پێیان هەیە، بۆ ئەوەی بزانن حەقیقەت و ڕاستی ئەوەی لە والی و ئەمیرەکانی دەگێڕنەوە چەندە و، دڵنیابن لە ڕاستی ئەو قسانەی لەنێو خەڵکیدا بڵاودەکرێتەوەو دەگێردرێتەوە!

ڕاوێژکارەکانی (عوسمان) کە لە گەورە هاوەڵان بون، ویستیان (عوسمان) تەنها بە ڕاپۆرتی والی و ئەمیرەکان واز نەهێنێ، بەڵکو لەو وڵاتانەدا پەیوەندی بە خەڵکی و جەماوەرەوە بکات، بۆ ئەمەش چەند پیاوێکی دەستپاك بنێرێ بۆ پشکنین و لێکۆڵینەوەو وردبونەوە.

(عوسمان) ئەم ڕایە جوانەی پەسەند کرد و کۆمەڵە پیاوێکی جێ‌متمانەی بۆ وڵات و ناوچە و بنکە جیاجیاکان نارد، لە وڵاتی عەرەب و میصر و شام و عێراق و فارس! تا هەواڵی بۆ کۆکەنەوەو ئاگاداری کاروباری خەڵکی بن.

پشکنەرەکانی عوسمان لە ولاتان

ئەوانەی بۆ ئەرکی ئەم پشکنینەی ناردن:

(موحەممەدی کوڕی مەسلەمەی ئەنصاری)ی ﷺ ڕووەو کوفە نارد!

(ئوسامەی کوڕی زەیدی ﷺ)ڕووەو بەصرە نارد.

(عەمماری کوڕی یاسری ﷺ)بەرەو میصر نارد.

(عبداللەی کوڕی عومەری ﷺ) بەرەو شام نارد.[١]

ڕاپۆرتی ئیجابی پشکنەرەکان دەربارەی ولاتەکان

کاتێك نێردراوە ڕەسمیەکان، بەئەرکی پشکنینەکەیان هەستان، گەڕانەوە بۆ لای (عوسمان)، جگە لە (عەممار)ﷺ نەبێ، ڕاپۆرتەکانیان پێشکەشی (عوسمان) و ڕاوێژکارەکانی کرد.

وتیان: لەو شتانەی بینیمان هیچمان نەبینی کە بەدڵمان نەبێ، موسڵمانە ناودارەکانی ئەو ولاتانەش لە هیچ شتێکی نارازی نەبون، والیەکانیش لەگەڵ بن دەستەکانیاندا دادگەرن و ئەرکەکانیان بۆ رادەپەڕێنن و سەرپەرشتیان دەکەن، ولاتانی موسڵمان لە خەیر و خۆشیدایە.

ئەو ئەنجامانەی کە هاوەڵە نێردراوە ڕاستگۆکان پێی گەیشتن سەرجەم ئەو پڕوپاگەندە و هەڵبەستراو و درۆیانەی سەبەئیەکانی بەدرۆ دەخستەوە کە بەردەوام لە دانان و هەڵبەستن و دروستکردنیدا بون دەربارەی ستەم و تاوان و گوناهی والیەکان و پشتگوێخستنی بن دەستەکانیان و، وایان هەڵدەبەست کە ئەمانە لەنێو ولاتانی موسڵماندا بلاو بوەتەوە!!!

دواکەوتنی عەمماری کوڕی یاسر لە میصر

هەموو نێردراوەکان گەڕانەوە جگە لە (عەمماری کوڕی یاسر)ﷺ نەبێ، عوسمان و ڕاوێژکاران چاوەڕێیان کرد، وا گومانیان برد کوژرابێ!!

کاریگەربونی عەممار بە پڕوپاگەندەی سەبەئیەکان لە میصر

پاش ماوەیەك نوسراوێکی (عبداللەی کوڕی سەعدی کوڕی ئەبو سەرح)ی والی میصر بە (عوسمان) گەیشت، تیایدا هەواڵی پێدەدا کە کۆمەڵێك ئاژاوەچی و لەڕێدەرچوو (عەمماری کوڕی یاسر)یان کەمەندکێش کردووەو کاریان تێکردووە!!

لەوانە (عبداللەی کوڕی سەبەء–ابن السوداء–) و (خالیدی کوڕی

---

١ ـ تأريخ الطبري ٤: ٣٤١.

مەلجەم) و (سەودانی کوڕی حیمران) و (کەنانەی کوڕی بیشر)!![1]

(عوسمان) و ڕاوێژکارەکانی بەم کارەی (عەمماری کوڕی یاسر) و کاریگەربونی بە قسەی ئەو لەڕێدەرچوانەو کەمەندکێشکردنی لەلایەن ئەوانەوە ئازاری زۆریان چەشت.

هۆی توڕەبونی عەممار لە عوسمان

لە ڕاستیدا (عەممار) لە (عوسمان)ﷺ توڕە ببوو، بەهۆی بەسەرهاتێکەوە کە بەسەر (عەممار)دا ڕوویدا، (عوسمان) تەمێی کردبوو، بەڵام (عەممار) لەبیری نەچوبویەوە، هەرچەندە (عوسمان) لەبیری کردبوو، هەر بۆیە (عەممار) جێی متمانەی ئەوبوو، بۆ کارێکی وا گرنگ و گەورە ناردی بۆ میصر، بەڵام سەبەئیەکان کاریان تێی کرد، شاراوەکانی دەرونیان وروژاند، دۆخەکە زاڵ بوو بەسەریدا و قسەکانیان کاریگەری لەسەری هەبوو.

هۆکاری لێدانی (عەممار) لەلایەن (عوسمان)ەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ناکۆکیەی لەنێوان (عەماری کوڕی یاسر) و (عەباسی کوڕی عوتبەی کوڕی ئەبولەهەب)دا ڕوویدا، (عەممار) هەڵیکوتابویە سەر (عەباس) و شەڕی لەگەڵ کردبوو و لێی دابوو، پاشان دەستیان کردبوو بە تۆمەتبارکردنی یەکتری، (عەباس) عەمماری تۆمەتبارکرد و (عەمار)یش عەباسی تۆمەتبار کردبوو.

(عوسمان)یش حەدی تۆمەتبارکردن(قذف)ی بەسەریاندا پیادە کردبوو و، لە هەردوکیانی دابوو، مەسەلەکەشی لەبیر چووبوو، لەگەڵ ئەوەشدا (عەممار)ی وەك وەفدێکی تایبەتی خۆی بۆ میصر نارد.

سەبەئیەکان ئەم ڕوداوەیان قۆستەوەو وەبیری (عەممار)یان هێنایەوە، بەلای خۆیاندا ڕایانکێشابوو، خوای گەورە لێی خۆش بێت.

(عوسمان ﷺ) نێردراوێکی بۆ لای (عبداللّٰهی کوڕی سەعد) نارد و داوای لێکرد کە (عەمار) بەڕێزەوە بهێننەوە بۆ مەدینە، ئەوانیش ڕێزیان لێی گرت و هێنایانەوە بۆ مەدینە.

١ـ تأريخ الطبري ٤: ٣٤١.

عوسمان سەرزەنشتی عەممار لەسەر کردەوەکەی دەکا

کاتێك (عەممار)ﷺ هاتە ژوورەوە بۆ لای (عوسمان)، لەسەر ئەوەی لێی ڕوویدابوو سەرزەنشتی کرد و، پێی وت:

(ئەبو یەقظان)! دوای ئەوەی (کوڕی ئەبولەهەب) تۆمەتی بۆت هەڵبەست، تۆش تۆمەتبارت کرد، منیش حەدم لە هەردوکتان دەرکرد، ئایا لەوە لێم توڕەبووی کە مافی تۆم لەو وەرگرتەوەو مافی ئەویشم لەتۆ وەرگرتەوە!

ئاراستەکردنی هەڵوێستی عەممار و عوسمان

پاشان (عوسمان)ﷺ وتی: خوایەگیان!وا من هەرچی ستەمکردنێك هەیە لەنێوان خۆم و نەتەوەکەمدا بەخشیم، پەروەردگارم، وا من خۆم لەتۆ نزیك دەکەمەوە بە جێبەجێکردنی حدودەکان لەسەر هەمووکەسێ و گوێشی نادەمێ!.. (عەممار) بڕۆ دەرەوە![1]

ئاراستەکردنی هەڵوێستی عەممار و عوسمان

ئایا (عوسمان)ﷺ لەسەر لێدان و تەمێکردنی یەکێك لە ئەندامانی ئوممەتەکەی سەرزەنشت دەکرێ، با هاوەڵێکی پایەبەرزی وەك (عەمماری کوڕی یاسر) بێﷺ؟ ئایا (عومەری کوڕی خەتتاب)ﷺ بە قامچی لە چەندەها هاوەڵی پایەبەرزی نەدا وەك تەمێ و ئەدەب دانی، وەکو (عەمری کوڕی عاص) و (سەعدی کوڕی ئەبو وەقاص) و (موعاویە) و (ئوبەی کوڕی کەعب)ﷺ؟

ئایا گەرەکمانە (عەممار) و جگە لەویش لە هاوەڵە بەڕێزەکان پارێزراو(معصوم) بن لە هەر لەسەرگرتن و گوناهکاریەك؟ لەگەڵ ئەوەی لای ئێمە هیچ کەسێ جگە لەپێغەمبەری خواﷺ بێگوناه و مەعصوم نیە!!

عەماریش وەکو ئەبوزەر، حەقیقەتی سەبەئیەکانی بۆ دەرنەکەوتبوو

دەکرێ و دروستیشە (عەممار) و جگە لەویش لە هاوەڵانی تر، هەڵەو گوناه بکەن، مافی ئەمیری بڕوادارانیشە سزای هەڵەکار و تەمێی سەرپێچیکار بدات، ئیتر (عومەر) بێ یان (عوسمان)!!!

کاریگەربونی (عەممار)یش بە بانگەشەی سەبەئیەکان، لەوەوە دێ حەقیقەتی ئامانجەکانیانی نەزانیوەو بەدوربینی و رایەکی ڕاست و پێکراو

---

١ ـ سەیری بەسەرهاتی (عوسمان) لەگەڵ (عەممار) بکە لە (العواصم من القواصم)ی (ئیبن عەرەبی) بە تەحقیقی (محب الدین الخطیب) ٦٤-٦٦.

لەگەڵ گومان و دەم هەڵبەستەکانیاندا هەڵسوکەوتی نەکردووە، بەڵکو گومانی بەخۆیان و قسەکانیان باش بووە..

لەپێش ئەمیشدا (ئەبوذەری غیفاری)ش ﷺ بە قسەکانی (عبداللەی کوڕی سەبەء) کارتێکراو بوو، لەو کاتەی کە لە شامدا قسەی لەگەڵ کردبوو، بە دیوی باشە خوێندبویەوە!

دیارە هاوەڵە بەڕێزەکانیش ﷺ لە بەرچاوڕۆشنی و بیرتیژی و ئاسۆفراوانی و فیراسەتدا جیاوازن و وەك یەك نین، ئەمەش عەیبداریان ناکات و لە پلەوپایەشیان کەم ناکاتەوە، جیاوازییەکی زۆر هەیە لەنێوان هەڵوێستی هەریەك لە (ئەبوذەری غیفاری) و (عەمماری کوڕی یاسر) لە ئاست بانگەشەی (ئیبن سەبەء)ی جولەکە و، هەڵوێستی (ئەبودەرداء) و (عوبادەی کوڕی صامیت) ﷺ لەگەڵ هەمان ئەو جولەکەیەدا جیاوازی زۆر هەیە!! کە توانیان جولەکەیەتیەکەی ئاشکرا بکەن، خوا لە هەموو هاوەڵان ڕازی بێ!!

کۆبونەوەی عوسمان لەگەڵ والیەکانی، دوای حەجی ساڵی-٣٤-

پاش ئەوەی عوسمان ڕاستی باروودۆخی شار و وڵاتانی زانی، داوای لە والیەکانی کرد، پاش وەرزی حەجکردن لەساڵی (٣٤)دا لەگەڵی کۆببنەوە.

لەوانەی هاتن (موعاویە)ی ئەمیری شام و (عبداللەی کوڕی عامر)ی ئەمیری بەصرە و (عبداللەی کوڕی سەعد) ئەمیری میصر و کەسانی تریش بون.

(عوسمان) ڕاوێژی بەو والیانە کرد کە هاتبون بۆ لای و لەگەڵ ئەوانەشدا (عەمری کوڕی عاص)ی والی پێشوی میصرو (سەعیدی کوڕی عاص)ی والی پێشوی کوفەشی بەشداری پێکرد.

کاتێ لەگەڵیان کۆبویەوە، پێی وتن: ئەی بێبەڵا بن، ئەو هەموو سکاڵایە چیە سەبارەت بەئێوە بڵاودەکرێتەوە؟ ئەو هەموو دەنگوباسانە دژتان دەبیسرێ؟ من ترسم هەیە قسەکانیان سەبارەت بەئێوە ڕاست بێت!!

پێیان وت: ئایا دەستەیەك پیاوت نەنارد لەلایەن خۆتانەوە تا لە وڵاتاندا لێکۆڵینەوە بکەن؟ ئایا بە خەڵکی نەگەیشتن و پرسیاریان لێ

نەکردن؟ بۆ ئەوەی ئێمە دەست بخەینە کاروباریانەوە؟

ئایا پێیان نەگەیاندی کە خەڵکی لە خێرو خۆشیدایە و خەڵکیش سکاڵایان دژ بە ئێمە پێشکەش نەکردووە؟؟

پاشان پێیان وت: لە ڕاستیدا ئاژاوەچییەکان ڕاستگۆ و چاکەکار نین و قسەکانیانیش بناغەی نیە و تەنها دەنگۆ(إشاعة) و پڕوپاگەندەیە کە لەوانەوە و لەسەر درۆ و دەلەسە دانراوە و دروست نیە لێیان وەربگیرێت![1]

(عوسمان) پێی وتن: ئامۆژەم پێ بدەن.

سەعیدی کوڕی عاص ئاماژە بە کوشتنی سەرکردەکانی سەبەئیەکان دەکات

(سەعیدی کوڕی عاص) وتی -چەند قسەیەکی جوان بوو-: ئەم سکاڵا و دەنگوباس و دەم هەڵبەستانە هەڵبەستراون و خەڵکانێك لەنهێنی دا دروستی دەکەن و دەیهۆنن‌ەوەو پاشانیش لەنێو خەڵکی دا بڵاوی دەکەنەوە، کەسانێکی هەرچی و پەرچی کە خاوەنی تێگەیشتن و مەعریفە نین باوەڕی پێ دەکەن و لە کۆڕەکانیاندا باسی دەکەن و دوای ئەوەش لەنێو خەڵکیدا بڵاودەبنەوە!!

(عوسمان) پێی وت: چارەسەری ئەوە چیە؟

(سەعید) وتی: داواکردنی ئەو کەسانەی سەرانی فیتنە و دروستکەری پڕوپاگەندە و هەڵبەستەری درۆن و، دۆزینەوەیان و پاشان کوشتنیان.

(عبداللەی کوڕی سەعد)یش پێی وت: ئەو مافەی لەسەر خەڵکە لێیان وەرگرە، ئەو مافەشی هەیانە پێیان بدە!

(موعاویە)ش‌ﷺ پێی وت: منت کردۆتە سەروکاری شام، خەڵکەکەشی تەنها خێر و خۆشیت بۆ دێنن، وڵاتانی تریش والیەکانی بەباروودۆخیان شارەزاترن!

ڕای موعاویە و ئیبن سەعد و ئیبن عاص

(عوسمان‌ﷺ) بە (عەمری کوڕی عاص)ی گوت: عەمرا تۆ چۆنی دەبینی؟

عەمر وتی: من وا دەبینم تۆ لەگەڵیان نەرم و نیانی، بەرامبەریان شلگیری، بە بەراورد لەوەی (عومەر) لەگەڵی دەکردن زیاترت پێداون، زۆر

---

١ ـ تأريخ الطبري: ٤: ٣٤٢.

نـەرم و نیـان و سـینگ فراوانـی بەرامبـەریان. رام وایـە پابەنـد بـی بـە ڕێوشـوێنی هـەردوو هاوەڵەکەتـەوە، (ئەبوبـەکر) و (عومـەر)، لـە شـوێنی توندیدا توند بی و لە شوێنی نەرم و نیانیدا نەرم و نیان، پێویستە توندی لەگەڵ ئەوانەدا بەکاربێ کە مەبەستیانە زیان بە خەڵکی بگەیەنن، نەرم و نیانیش لەگەڵ ئەوانەی سوورن لەسەر ئامۆژگاری خەڵکی!!

عوسمان نەخشەکەی لە ڕوبەڕوبونەوەی فیتنە ڕوون دەکاتەوە

پـاش ئـەوەی لـە قسـەکانیان بونـەوە، (عوسمـان)ﷺ ، سـەبارەت بـە ڕوونکردنـەوەی نەخشـەکەی لـە ڕوبەڕووبونـەوەی ئـەو فیتنەیـەی کـە هـەر دەبێ بێت دەستی بە قسەکردن کرد، سـەرجەم ئەوەشی دەیکا تـەنها بۆ دواخستنی ڕوداوەکەیە، نەك بەربەستی کردنی!

لـەو قسانەی کـە وتـی: گوێبیسـتی سـەرجەم ئاماژەکانتـان بـووم، هـەر کاروبـارێ دەرگـای خـۆی هەیـە و لێیـەوە دێ، ئـەو فیتنەیـەی کـە لێـی دەترسێن تووشی ئەم ئوممەتە بێت، هەر دەبێ بێت و ڕوودەدات، ئێمە لـە هـەوڵی بەربەسـتی کردنـی دایـن بـە نـەرم و نیـانی و، بـە هاتوچـۆ و بەدواداچونەکان.

لەگەڵ خەڵکیش نـەرم و نیـان دەبین، مەگەر لـە حـەدێ لـە حـەدەکانی خـوادا، هـیچ کەسـیش ناتوانـێ نـەنگی لـەو سـنورانە بگـرێ، یـا ڕێگـری پیادەکردنیانمان لێ بکات.

هـیچ کەسـێ لـە هەقێکدا بەڵگـەی لەسـەرم نیـە، خـواش دەزانـێ هـیچ کەمتەرخەمیەکم لە پێشکەشکردنی خەیر و خۆشی خەڵکیدا نەکردوە.

سوێند بەخوا بەرداشی فیتنە لە سوڕاندایە، خۆشبەختی بۆ (عوسمان) ئەگەر بمرێت و نەیبزوێنێ!!

داواکاری عوسمان لە والیەکان

واز لە خەڵکی بێنن، مافەکانیان پێ بدەن، لێیان ببورن و لێیان خۆش بن، لەگەڵیان نەرم و نیان بن، بەڵام ئەگەر مافەکانی خوا پێشێلکرا، نەرمی تێدا مەنوێنن!!![1]

(عوسمانﷺ) داوای لـە والیـەکانی کـرد کـە بگـەڕێنەوە بۆ کارەکانیـان،

---

١ ـ تأريخ الطبري ٤: ٣٤٢-٣٤٣.

پاش ئەوەی چۆنیەتی ڕووبەڕووبونەوەی فیتنەی پێ ڕاگەیاندن، کە هەموو بەرچاو ڕۆشنێك دەیزانی بەرەو پێش دێ!

(موعاویەی کوڕی ئەبو سوفیان)ﷺ پێش ئەوەی ڕوەو شام بڕوا، هات بۆ لای (عوسمان)و پێی وت: ئەی ئەمیری بڕواداران! لەگەڵما وەرە بۆ شام، پێش ئەوەی ئەو کاروبار و ڕوداوانە هێرش بکەنە سەرت کە لەتواناتدا نیە پێشگیریان کەی.

(عوسمان)ﷺ وتی: من دراوسێیەتی پێغەمبەری خواﷺ بەهیچ شتێ ناگۆڕمەوە، ئەگەر بڕینی ڕەگی دەماری ملمیشی تێدابێ!

(موعاویە)ﷺ پێی وت: کەواتە سوپایەکی خەڵکی (شام)ت بۆ دەنێرم، تا لە مەدینەدا نیشتەجێ بن، بۆ ڕووبەڕووبونەوەی ترسناکیە چاوەڕوانکراوەکان، تا بەرگری لە خۆت و خەڵکی مەدینەش بکەن!

عوسمان دوو پێشنیاری موعایە ڕەت دەکاتەوە

(عوسمان)ﷺ وتی: نەخێر، تا ڕۆژی لە دراوسێکانی پێغەمبەری خوا نەگوشم بۆ سەربازانێك کە نیشتەجێی دەکەم و، تەنگی نەخەمە سەر کۆچکەر و یارمەتی دەرەکان!

(موعاویە)ﷺ پێی وت: ئەی ئەمیری بڕواداران! سوێند بەخوا تیرۆر دەکرێی یان غەزو دەکرێی!

(عوسمان)ﷺ گوتی: (حسبي الله ونعم الوكيل) خوام بەسە و ئەویش باشترین بریکارە!![1]

داهاتنی ساڵی ٣٥ و سەرکەوتنی سەبەئیەکان لەو ساڵەدا

(موعاویە) ڕۆیشت بۆ شام.

ساڵی (٣٥) هات، ساڵی فیتنەی کوێرانە، لەو ساڵەدا سەبەئیەکان لە کوشتنی خەلیفە (عوسمان)ﷺ سەرکەوتوو بون.

دوای ئەوەی ئەمیرەکان گەڕانەوە بۆ وڵاتەکانی خۆیان، سەبەئیەکان بیریان لە کاروباری خۆیان کردەوە، ناچار بون نەخشەکەیان بگۆڕن.

نەخشەی پێشویان بۆ دەرچوون لە فەرمانی (عوسمان)ﷺ بریتی بوو لە ڕاگەیاندنی لەڕێدەرچوون لە شار و وڵاتان و بەرپاکردنی ئاژاوە و

---

١ ـ تأريخ الطبري ٤: ٣٤٥.

خراپەكاری و ڕاكێشانی سادە و هەرچی و پەرچیەكان بەلای خۆیاندا.

سەبەئیەكان دوای شكستی ڕۆژی(جەرەعە) نەخشەكەی خۆیان دەگۆڕن

بەڵام ئەم نەخشەیە سەركەوتوو نەبوو، ئەوەبوو لە كوفە و لە ڕۆژی (جەرەعە)دا و بە سەركردایەتی (یەزیدی كوڕی قەیس) دەرچوون و ڕێگریان لە گەڕانەوەی (سەعیدی كوڕی عاص) كرد بۆ ناو كوفە.

نەشیانتوانی ئامانجەكەیان جێبەجێ بكەن، ئەوەی توانیان جێبەجێی بكەن تەنها سەركەوتنیان بوو لە گۆڕینی والیدا، ئەوەبوو (عوسمان)، (ئەبوموسای ئەشعەری)ﷺ بە والی كوفە دامەزراند.

لە میصر و كوفەو بەصرەوە هاتن بۆ لای عوسمان

شەیتانە سەبەئیەكانی هەرسێ وڵاتی میصر و كوفە و بەصرە كۆك بون لەسەر ئەوەی بچن بۆ لای (عوسمان) لە مەدینە و بەئاشكرا ڕووبەڕووی ببنەوەو موجادەلەی لەگەڵدا بكەن و دژایەتی بكەن و لەبەرچاوی موسڵمانان دادگایی بكەن!

سەبەئیەكان لە مەدینە دادگایی عوسمان دەكەن

كۆمەڵێك لەوانە لەو سێ ناوچەیەوە، لەساڵی (٣٥)دا بۆ مەدینە دەرچون تا لەگەڵ (عوسمان ﷺ) كۆببنەوە، وایان پیشان دا كە فەرمان بەچاكە و بەرگری لە خراپە دەكەن و سوورن لەسەر چاكسازی و دەیانەوێ هەڵەكانی خەلیفە هەڵسەنگێنن و لەسەر كردەوەكانی لێپرسینەوەی لەگەڵدا بكەن!

ڕەخنەكانیان لەسەر (عوسمان) كۆكردبوەوەو گومانیان دژی ئامادە كردبوو، تا لەبەر چاو و بە ئاگای موسڵمانان لەوبارەیەوە پرسیاری لێ بكەن و لێپرسنەوەی لەگەڵدا بكەن، دەیانویست بە شایەتی ئەوان دان بە هەڵەكانیدا بنێ، پاشان هەستن بە بڵاوكردنەوەی لەنێو موسڵمانانی جیهاندا![1]

دوو قورەیشی بە ڕاشكاوی لەگەڵ سەبەئیەكان دەدوێن

كاتێ سەبەئیەكان گەیشتنە مەدینە، (عوسمان) دوو پیاوی لە موسڵمانان نارد بۆ لایان كە (مەخزومی) و (زوهری) بون، پێی وتن: سەیركەن بزانن چیان دەوێ، بزانن سەركردەكەیان كێیە.

بەهۆی هەڵەیەك كە لەمانەوە ڕوویدابوو، پێشتر (عوسمان) هەردوكیانی

---

١ ـ تأريخ الطبري ٤: ٣٤٦.

تەمێ کردبوو، ئەوانیش بەوە رازی ببون و هیچ رقێکیان لە (عوسمان) نەبوو.

سەبەئیەکان ئەمەیان سەبارەت بەم دوانە دەزانی، دەیانزانی کە (عوسمان) لەپێشتردا تەمێی کردبون، تەماحیان هەبوو بەهۆی ئەمەوە بۆلای خۆیان رایانکێشن.

هەر بۆیە سەبەئیەکان بە ئاشکرا لەگەڵیان دوان، مەبەستەکانی خۆیانیان پێڕاگەیاندن.

پرسیاریان کرد: ئایا لە مەدینە کەستان لەگەڵە؟

وتیان: تەنها سێ کەسمان لەگەڵە!

پێیان وتن: دەتانەوێ چی بکەن؟

سەبەئیەکان لەبەردەمیاندا ئامانجەکەیان ئاشکرا دەکەن

وتیان: دەمانەوێ لەگەڵ عوسماندا لەسەر چەند شتێ کە کردویەتی قسە بکەین، ئەوانەشمان لە دڵی خەڵکی وڵاتاندا چاندوەو بەناویاندا بڵاومان کردۆتەوە، پاشانیش دەگەڕێینەوە بۆ لایان و، هەواڵیان پێ دەدەین کە وامان لە (عوسمان) کردووە دان بە هەڵەکانیدا بنێ و، لەبەرچاومان ئیعترافی کردوە، بەڵام سورە لەسەری و واز ناهێنێ و پاشگەز نابێتەوە.

دەمانەوێ لە وەرزی حەجی داهاتوودا لە وڵاتەکانمان دەرچین و بێین بۆ مەدینە وەك ئەوەی بۆ حەج هاتبین، پاشان دەوری (عوسمان) بدەین و لەکاریخەین، ئەگەر ئامادەی خۆلابردنی نەبوو دەیکوژین!!!

ڕاپۆرتی دوو پیاوەکە لەبەردەم عوسماندا

دوو پیاوەکە گەڕانەوە لای عوسمان و مەبەستی راستەقینەی سەبەئیەکانیان پێ راگەیاند، لە کۆتاییشدا هەر ئەو مەبەستە!

(عوسمانﷺ) رای وابوو ئەوان سوك و کەمترن لەوەی بتوانن ئەمە بکەن، ئەمەش تەنها چەند بیرێکە لە مێشکیاندا، هەر بۆیە کاتێ هەواڵیانی زانی پێکەنی و وتی: خوایە ئەمانە سەلامەت کەی، ئەگەر سەلامەتیان نەکەی بەدبەخت و سەرلێشێواو دەبن.[1]

---

١ ـ تأريخ الطبري ٤: ٣٤٦.

(عوسمان‌ﷺ) ناردی بەدوای ئەو سەبەئیانەی لە میصر و کوفە و بەصرەوە هاتبون، ئەوانیش هاتن بۆ مزگەوت.

بانگدەرێك بانگی کرد: (الصلاة الجامعة).

هاوەڵانی پێغەمبەری خواﷺ بەرەو مزگەوت هاتن، سەبەئیەکان لە دەوری دوانگەکە کۆببونەوە، موسڵمانانیش لە چواردەورەیان بون و (عوسمان)یش لەسەر دوانگە بوو.

عوسمان لە مزگەوتدا ئامانجی سەبەئیەکان ئاشکرا دەکات

لەو کۆمەڵە حەشامەتەدا (عوسمان‌ﷺ) دەستی بەقسەکردن کرد، سوپاس و ستایشی خوای کرد، پاشان هەواڵی سەبەئیەکان و مەبەستە راستەقینەکانیانی بە هاوەڵان راگەیاند، لەوەی کە گومانەکانی لەسەر دوپات بکەنەوە، وەك رێخۆشکردنێك بۆ دەرچون لە فەرمانی و لەکارخستنی یا کوشتنی!

رای هاوەڵان لەسەر کوشتنیان

ئەو دوو پیاوەی لەگەڵ سەبەئیەکان قسەیان کردبوو، شاهێدیان دا لەسەر ئەوەی پێیان راگەیاندبون.

سەرجەم موسڵمانانی نێو مزگەوتەکە وتیان: ئەمیری بڕواداران! بیانکوژە، چونکە دەیانەوێ لە فەرمانی ئەمیری بڕواداران دەرچن و هێزی موسڵمانان پەرتەوازە بکەن!!

بۆچی عوسمان نەیکوشتن؟

عوسمان داوای هاوەڵانی بۆ کوشتنیان پەسەند نەکرد، هەروەك چۆن لەپێشتر بانگەشەیتری کوشتنیانی رەت کردەوە، لەبەر ئەوەی – لەرووکاردا– موسڵمانی بن دەستی خۆی بون و، رازی نەبوو بوترێ: (عوسمان) موسڵمانی سەرپێچیکاری خۆی کوشتوە.

هەر بۆیە (عوسمان)ﷺ رەتی ئەو داوایەی دایەوە بەوەی وتی: نایانکوژین، بەڵکو لێیان دەبورین و دەیانبەخشین، بە کرد و کۆششی خۆمان تۆڵەیان لێ دەستێنین، هیچ کەسێ لە موسڵمانان ناکوژین، مەگەر بە حەدێك شایستەی کوشتن بێ، یا پاشگەزبوبێتەوەو کوفری بەدەرخستبێ.[١]

---

١ ـ تأريخ الطبري ٤: ٣٤٦.

پاشان (عوسمان)ﷺ دوای لە سەبەئیەکان کرد ئەو گومانانەی هەیانە بیخەنە پێش چاو و، ئەو هەڵە و لەسنور دەرچوون و سەرپێچیانەی ئەو تێی کەتوە بەدەری خەن.

کۆڕی دادگایی ئاشکرا لە مزگەوتی پێغەمبەر

ئەم کۆڕە کۆڕی ڕاشکاوی و ئاشکراکردن بوو کە لە مزگەوتدا و لەبەر چاو و بە ئاگاداری هاوەڵ و موسڵمانان بەڕێوەچوو.

سەبەئیەکان قسەیان دەکرد و ئەو هەڵانەی (عوسمان)ﷺ پێی هەستابوو دەیانخستە پێش چاو، (عوسمان)یش هەڵدەستا بە روون کردنەوە و ئاشکراکردنیان و پێشکەش کردنی رووی ڕاستەقینەی کاروبارەکان، موسڵمانە بە ویژدانەکانیش گوێبیستی ئەم ڕاشکاوی و ئاشکراکردن و لێپرسینەوەیە بون!

(عوسمان)ﷺ رەخنەکانی ئەوانی دەهێنایەوەو باسی دەکرد و پاشان ڕووی ڕاستەقینەی مەسەلەکەی ڕوون دەکردەوەو بەرگری لە چاکی کارەکانی دەکرد و، هاوەڵانی دانیشتووی مزگەوتەکەی دەکردە شاهێد.

١- وتی: وتویانە: من نوێژم لە سەفەردا کورت نەکردۆتەوەو تەواوم کردوە، لە پێش مندا نە پێغەمبەری خواﷺ و نە ئەبوبەکر و عومەر تەواویان نەکردووە!

بەڵگەی عوسمان بۆ تەواوکردنی نوێژ لە مەککە

لە ڕاستیدا من کاتێ نوێژم بە تەواوی کردوە کە لە مەدینەوە بۆ مەککە سەفەرم کردووە، مەککەش شارێکە کەس و کارمی تێدایە، منیش لەنێو کەسوکارمدا نیشتەجێم و، ڕێبوار نیم، ئایا وا نیە؟

هاوەڵان گوتیان: بەڵێ بەخوا وایە!

بەڵگەی عوسمان لە فراوانکردنی لەوەڕگەی صەدەقە

٢- وتویانە: من لەوەڕگەم پاراستوە و شوێنی موسڵمانانم تەنگ کردووەتەوە، زەویەکی فراوانم تایبەت کردوە بۆ لەوەڕاندنی وشترەکانم!

لە ڕاستیدا لەپێش منیشەوە لەوەڕگە هەبوە، بۆ وشتری سەدەقەو جیهاد، هەریەکە لە پێغەمبەری خواﷺ و ئەبوبەکر و عومەریش لەوەڕگەیان هەبوە، منیش لەبەر زۆربونی وشتری صەدەقە و جیهاد فراوانترم کردووە، ڕێگریش نەبوین مەڕ و ماڵاتی موسڵمانە هەژارەکان لەو لەوەڕگانەدا

بلەوەڕێن، لەوەڕگەشم بۆ مەڕ ومالاّتی خۆم تایبەت نەکردوە.

کاتێك خەلافەتم گرتە دەست، لە هەموو موسڵمانان زۆرتر وشتر و مەڕم هەبوو، هەموویم بەخشی، ئێستاکە خاوەنی هیچ بارە و قارەیەك نیم، تەنها دوو وشترم هەیە، تایبەتم کردووە بۆ حەج کردنم! ئایا وا نیە؟

هاوەڵان گوتیان: بەڵێ، بەخوا وایە.

بەلگەی عوسمان بۆ کۆکردنەوەی قورئان

٣- وتویانە: من لەو هەموو (مصحف)انە تەنها نوسخەیەکی قورئانم هێشتووەتەوەو، جگە لەویشم سوتاندوە، خەڵکیشم لەسەر یەك قورئان کۆکردووەتەوە!

لە ڕاستیدا قورئان وتەی خوایە و لەلایەن خواوەیە، کە ئەویش تاك و تەنهایە، کاری منیش تەنها کۆکردنەوەی موسڵمانان بووە لەسەر قورئان، ڕێگریم لێکردوون لەسەر قورئان ناکۆك بن، من لەو کارەمدا شوێنکەوتەی ئەبوبەکر بووم کاتێ کە قورئانی کۆکردەوە! ئەرێ وا نیە؟

هاوەڵان گوتیان: بەڵێ، بەخوا وایە.

بەلگەی عوسمان لە حەکەمی کوڕی عاص دا

٤- وتویانە: من (حەکەمی کوڕی عاص)م گەڕاندوەتەوە بۆمەدینە، لەکاتێکدا پێغەمبەری خواﷺ بۆ (طائیف) دەربەدەری کردبوو!

لەڕاستیدا (حەکەمی کوڕی عاص) مەککەییە نەك مەدینەیی، پێغەمبەری خواﷺ لە مەککەوە بۆ (طائیف)ی ناردبوو، دواتریش پێغەمبەرﷺ پاش ئەوەی لێی ڕازی بوو گەڕاندیەوە بۆ مەککە، ئەو پێغەمبەرﷺ بوو بەرەو (طائیف) ناردی، هەر ئەو بوو هاوردیەوە و گەڕاندیەوە بۆ مەککە!! ئەرێ وا نیە؟

هاوەڵان گوتیان: بەڵێ، بەخوا وایە.

بەلگەی عوسمان لە دانانی لاوان بە والی

٥- وتویانە: من تازەپێگەیشتوان بەکار دێنم و لاوە کەم تەمەنەکان دەکەمە والی!

من تەنها پیاوە بەڕێز و بە تەمەن و ژیرەکانم کردووە بە والی، ئەم خەڵکەش خۆیان خاوەن کاری خۆیانن، دەی لێیان بپرسن.

کەسانی پێش منیش کەسی وایان کردووە بەسەرپەرشتیار کە لەوانەی

ئێستە کەم تەمەن و تازەپێگەیشتووتر بون، پێغەمبەری خواﷺ (ئوسامەی کوڕی زەید)ی کردە سەرپەرشتیار، کە لەوانەی من کردوومە بەسەرپەرشتیار بچوکتر بوو، لەمن خراپتریان بە پێغەمبەری خواﷺ وت. ئەرێ وا نیە؟

هاوەڵان گوتیان: بەڵێ بەخوا وایە! ئەم خەڵکانە نەنگیەك لەخەڵکی دەگرن کە راڤە و روونی ناکەنەوە!

بەڵگەی عوسمان لەوەی بە (ئیبن ئەبو سەرح)ی بەخشی

٦- وتویانە: لەوەی دەستکەوت بووە، بە (عبداللە‌ی کوڕی سەعدی کوڕی ئەبوسەرح)م بەخشیوە!

بەڵکو پێنج یەکی پێنج یەکێکم پێ بەخشیوە، کە سەد هەزار بوو، کاتێ کە ئەفریقای رزگار کرد، وەك پاداشتێك بۆ جیهادەکەی.

پێشم وتبو: ئەگەر خوا فەتحی ئەفریقای بۆ کردی، ئەوا پێنج یەکی پێنج یەکێکی دەستکەوتەکە وەك زیادەیەك بۆ تۆ بێ.

لەپێش مندا (ئەبوبەکر) و (عومەر)یش خوایان لێ‌رازی بێت، هەمان شتیان کردووە.

لەگەڵ ئەوەشدا سەربازە موجاهیدەکان پێیان وتم: ئێمە پێمان ناخۆشە پێنج یەکی پێنج یەکێکی پێ بدەی، -کە ئەوان مافی ناڕازیبون و رەتکردنەوەیان نەبوو- لەگەڵ ئەوەدا ئەو پێنج یەکی پێنج یەکەم لە (ئیبن سەعد) وەرگرتەوەو گەڕاندمەوە بۆ سەربازەکان! بەمەش (ئیبن سەعد) هیچ شتێکی وەرنەگرت! ئەرێ وا نیە؟

بەڵگەی عوسمان لەسەر پێبەخشینی خزمەکانی

هاوەڵان گوتیان: بەڵێ، بەخوا وایە.

٧- وتویانە: من کەس و کارم خۆش دەوێ و پێیان دەبەخشم!

بەڵام خۆشەویستیم بۆ کەسوکارم وای لێ نەکردووم لە گەڵیاندا دژ بەوانی تر دەست بە جەور و ستەم بکەم، بەڵکو مافەکانیان پێ‌دەدەم و مافیشیان لێ وەردەگرم.

بەڵام مەسەلەی پێبەخشینیان، ئەوا من لەماڵی تایبەتی خۆم پێم بەخشیون، نەك لە ماڵی موسڵمانان، چونکە ماڵی موسڵمانان نە بۆ خۆم و

نە بۆ خەڵکانی تر بەحەڵاڵ نابینم.

لە سەردەمی پێغەمبەری خوادا ﷺ و (ئەبوبەکر) و (عومەر)یشدا لەماڵی ساغی خۆم زۆرم دەبەخشی، لەکاتێکدا ئەوکاتە ڕژد بووم لە ماڵدا و سووربووم لەسەری، ئەی کاتێ کە پیربووم و تەمەنم تەواو بوو، ئەو ماڵەی هەمو دەیدەم بە کەس و کار و خزمانم، ئەبێ لەڕێلاچوەکان ئەوە بڵێن کە وتویانە؟

سوێند بەخوا من لە ماڵ و سامان و زیادەی هیچ وڵاتێك وەرنەگرتووە، ماڵەکانی ئەو وڵاتانەم گەڕاندۆتەوە، تەنها پێنجیەکی دەستکەوتەکانم هێناوەتە مەدینە و موسڵمانانیش سەرپەرشتیاری دابەشکردنی ئەو پێنج یەکەیان کردوەو لە شوێنی خۆیدا دایانناوە!

سوێند بەخوا لەو پێنج یەکە و جگە لەوەش لە فلسێك و بەسەرەوەم وەرنەگرتووە، من تەنها ماڵ و سامانی خۆم دەخۆم و هەر لەوەش دەدەم بە کەس و کارم!

بەڵگەی عوسمان لە زەویە ڕزگارکراوەکان

٨- وتویانە: من زەویە ڕزگارکراوەکانم بەخشیوە بە چەند پیاوێکی دیاریکراو.

ئەو زەویە ڕزگارکراوانەش موجاهیدە کۆچەر و پشتیوانەکان و جگە لەوانیش هاوبەشی ڕزگارکردنیان کردووە، کاتێکیش ئەم زەوییانە بەسەر موجاهیدە ڕزگارکەرەکاندا دابەش کرا، هەبوو تیایدا نیشتەجێ و جێگیر بوو، هەیانبو گەڕایەوە بۆ ناو کەس و کاری لە مەدینە و، شوێنانی تر لەگەڵ ئەوەشدا هەر ئەو خاوەنی ئەو زەویە بوو، هەشیانبوو ئەو زەویانەیان فرۆشت و نرخەکەشی ئێستە لە دەستیاندایە!

بەم شێوەیە (عوسمان)ﷺ گرنگترین ڕەخنەکانی خستە پێش چاو، هەر خۆیشی ڕوونی دەکردنەوەو ڕووی هەقی مەسەلەکەی بەدەر خست.[١]

---

١ ـ بۆ گرنگترینی ئەو ڕەخنانە و ڕوی هەقی ئەو مەسەلەیە سەیری کتێبی (العواصم من القواصم)ی (ئیبن عەرەبی) لەگەڵ پەراوێزەکانی (محب الدین الخطیب)٦١-١١١ و

سەرکردە سەبەئیەکان لە تەنیشتی دوانگەکەوە گوێبیستی قسە و ڕوونکردنەوەکانی عوسمان بون، هەروەك هاوەڵە بەڕێز و ئەوانەی لەگەڵیان بون لە پیاوچاکە موسڵمانەکان گوێبیستی قسەکانیان بون.

موسڵمانان بە قسەو ڕوونکردنەوەو ئاشکراکردنەکانی (عوسمان)ﷺ کاریگەر بون، ئەوەی وتی باوەڕیان پێی کرد و خۆشەویستیان بۆی زیاتر بوو.

قەناعەت نەکردنی سەبەئیەکان بە بەڵگەکانی عوسمان

بەڵام سەبەئیەکان بانگخوازانی فیتنەو پەرتەوازەیی، هیچ بەوە کاریگەر نەبون و، پاشگەز نەبونەوە، چونکە توێژینەوەیان بەدوای هەقدا نەبوو، ئارەزومەندی چاکە نەبون، بەڵکو ئامانجیان فیتنەچیەتی و فرت و فێڵ بوو لە ئیسلام و موسڵمانان.

هاوەڵان و موسڵمانان ئاماژەیان بە (عوسمان)دا بە کوشتنی ئەو سەبەئیانە، بەهۆی دەرکەوتنی درۆ و گزیکاری و ڕق و کینەیان، بەڵکو سوور بون لەسەر کوشتنیان، تا موسڵمانان لە زیانیان ڕزگار بکا، وڵاتی موسڵمانانیش جێگیر بێ و زاڵ بێ بەسەر ئەو فیتنانەی ئەمانە و شوێنکەوتەکانیان دەیوروژێنن!

عوسمان ڕای هاوەڵان لە کوشتنی سەبەئیەکان پەسەند ناکا

بەڵام (عوسمان)ﷺ ڕایەکی تری هەبوو و، شیکردنەوەیەکی جیاوازی هەبوو، پێی باش بوو وازیان لێ بێنێ و ڕای لەسەر کوشتنیان نەبوو، وەك هەوڵێك لەلایەن ئەوەوە بۆ دواخستنی ڕوودانی فیتنە!!

(عوسمان)ﷺ سەبارەت بەو سەبەئیانەی کە لە میصر و کوفە و بەصرەوە هاتبون، هیچ ئیجرائاتێکی لەدژیان نەگرتە بەر، لەگەڵ ئەوەی دەیزانی چ نەخشەیەکیان هەیە و چیان دەوێ، وازی لێهێنان مەدینە بەجێ بێڵن و بگەڕێنەوە بۆ وڵاتی خۆیان!!

مەنگاوی جێبەجێکاری سەبەئیەکان: داگیرکردنی مەدینە لە وەرزی حەجدا

سەبەئیەکان لەنێوان خۆیاندا ڕێکەوتن کە هەستن بە هەنگاوە کرداریە کۆتاییەکانیان، لە هێرش کردنە سەر (عوسمان) لە مەدینەدا و، زۆر بۆ

پێشەکی (ئەحمەد عەرموش) بۆ کتێبی (الفتنة) ١٠-١٤ و (تأريخ الطبري) ٤: ٣٤٦-٣٤٨ بکە.

هێنانی تا لە خەلافەت بێتە خوارێ، ئەگینا دەکوژرێ.

بڕیاریان دا لە وەرزی حەجدا، لە هەرسێ بنکەی میصر و کوفە و بەصرەوە بێن، هەر لەگەڵ حاجیەکاندا وڵاتیان بەجێ بێڵن و، لە وێنەی حاجیەکاندا خۆیان دەرخەن، بۆ خەڵکی وا رابگەیەنن کە ئەوان بۆ حەج دەچن، کاتێکیش گەیشتنە مەدینە، واز لە حاجیەکان بێنن تا بچن بۆ مەککە بۆ بەجێهێنانی ڕێوشوێنی حەج، چۆڵبونی مەدینە لە زۆربەی خەڵکەکەیان-کە سەرقاڵی حەج بون- قۆستەوە و هەستان بە گەمارۆدانی (عوسمان) و ڕێخۆشکردنێك بۆ لەکار لادانی یا کوشتنی![1]

سەبەئیەکان بەم نەخشە شەیتانیە نەخشە دەکێشن، موسڵمانانیش هیچ شتێ لەو نەخشەیەی ئەوان نازانن.

لە شەوالی ساڵی (٣٥)دا سەبەئیەکان لە نزیکی مەدینەدا بون!

سەرکردە سەبەئیەکانی میصر

سەبەئیەکان لە میصرەوە بەچوار دەستە دەرچوون، هەر دەستەیەکیش ئەمیرێکیان هەبوو، ئەو ئەمیرانەش ئەمیرێکیان هەبوو، لەگەڵیانیشدا شەیتانەکەیان (عبداللەی کوڕی وەهەبی کوڕی سەبەء) هەبوو.

ئەمیری ئەو چوار دەستەیە بریتی بون لە:

(عبدالرحمنی کوڕی عەدیسی بەلەوی)، (کینانەی کوڕی بیشری تەجیبی)، (سودانی کوڕی حومرانی سەکونی)، (قەتیرەی کوڕی فولانی سەکونی).

ئەمیری ئەم ئەمیرانەش (غافقی کوڕی حەربی عەککی) بوو.

سەرکردەکانی سەبەئیەکانی کوفەو بەصرە

ژمارەی ئەو چوار دەستەیەش هەزار پیاو بون.

سەبەئیەکانی کوفەش بە هەزار پیاوەوە، لەچوار دەستەدا دەرچوون، ئەمیری دەستەکانیان بریتیبون لە:

(زەیدی کوڕی صوحانی عەبدی)، (ئەشتەری نەخەعی)، (زیادی کوڕی نەضری حارثی)، (عبداللەی کوڕی ئەصەم).

ئەمیری سەبەئیەکانی کوفەش (عەمری کوڕی ئەصەم) بوو.

---

١ ـ تأريخ الطبري ٤: ٣٤٨.

سەبەئیەکانی بەصرەش بە هەزار پیاوەوە، لە چوار دەستەدا دەرچوون، ئەمیری دەستەکانیش بریتی بون لە:

(حەکیمی کوڕی جەبەلەی عەبدی)، (ذورەیحی کوڕی عەبادی عەبدی)، (بیشری کوڕی شورەیحی قەیسی)، (ئیبن موحەڕیشی کوڕی عەبدولحەنەفی).

ئەمیری سەبەئیەکانی بەصرەش (حورقوصی کوڕی زوهەیری سەعدی) بوو.

بەم شێوەیە پیلانی سەبەئیەکان پێکهات و کۆمەڵی موسڵمانانیش مەبەستی ڕاستەقینەیان نەزانین.

سێ هەزار سەبەئی بەدوای ئیبن سەبەدا کەوتون

زیاد لە سێ هەزار لەوانە ڕوەو مەدینە هاتن، لە ڕووکاردا بە نیازی حەج بون، بەڵام لە ڕاستیدا بۆ زاڵ بون و لەناوبردنی خەلیفە هاتبون.

(عبداللەی کوڕی سەبەء) بەهۆی سەرکەوتنی نەخشە جولەکەییە شەیتانیەکەیەوە، بە خۆ بە زل زانی و شادیەوە لەگەڵ ئەوانەدا ڕێی دەکرد،!!

سەبەئیەکانی میصر دەیانویست (عەلی کوڕی ئەبوطالب)ﷺ خەلیفە بێ، سەبەئیەکانی کوفەش دەیانویست (زوبەیری کوڕی عەوام)ﷺ خەلیفە بێ، سەبەئیەکانی بەصرەش دەیانویست (طەڵحەی کوڕی عبیداللە)ﷺ خەلیفە بێ.[1]

سەبەئیەکان درۆ بەدەم عەلی و طەڵحەو زوبەیرەوە دەکەن

ئەو سێ هاوەڵە بەڕێزە -عەلی و زوبەیر و طەڵحە-ﷺ، لەگەڵ سەبەئیەکاندا ڕێك نەکەوتبون، لەگەڵیاندا پیلانیان بۆ (عوسمان)ﷺ دانەنابوو، نوسراویشیان بۆ نەناردبون و ئامانجە ڕاستەقینەکانیان نەدەزانین.

بەڵام سەبەئیەکان درۆیان بەدەم ئەم هاوەڵانەوە دەکرد، وایان لە شوێنکەوتە سادە و ئاژاوەگێڕەکانیان دەگەیاند کە هاوەڵان لەگەڵیاندان و نوسراو و نامەیان لەنێواندایە و ئەوان دەیانبزوێنن.

سەبەئیەکانی میصر بە شوێنکەوتەکانی خۆیان دەوت: (عەلی)یە کە

---

١ ـ تأريخ الطبري ٤: ٣٤٨-٣٤٩.

ئێمە دەبزوێنی و هانمان دەدات.

سەبەئیەکانی کوفەش بە شوێنکەوتەکانیان دەوت: (زوبەیر)ە کە ئێمە دەبزوێنێ و هانمان دەدات.

سەبەئیەکانی بەصرەش بە شوێنکەوتەکانیان دەوت: (طەلحە)یە ئێمە دەبزوێنێ و هانمان دەدات.

هاوەڵە بەڕێزەکانیش لەو درۆ و هەڵبەستراوە سەبەئیانە بەری بون!!

سەربازگەی سەبەئیەکان لە نزیکی مەدینە لە شەوالی ٣٥ک

سوپای سەبەئیەکان لە دووری سێ شەو لە مەدینەوە مۆڵیان دابوو. سەبەئیەکانی بەصرە لە (ذا خشب) و سەبەئیەکانی کوفە لە (الاعوص) و سەبەئیەکانی میصر لە (ذا المروة) دابەزیبون.

سەرکردە سەبەئیەکان داوایان لە شوێنکەوتەکانیان کردبوو کە لەسەرخۆ بن و پەلە نەکەن، بەهێواشیش بچنە مەدینەوە، تا خەڵکی مەدینە لێیان بەئاگا نەیەن و کاروبارەکانیان ئاشکرا نەکەن!

دوو سەرکردەی سەبەئیەکان داوای مۆڵەت لە خەڵکی مەدینە دەکەن

سەرکردە پیلانگێڕەکان دوانیان لەخۆیان نارد بۆ مەدینە تا چاودێری بارەکە بکەن و دەنگوباسی خەڵکی بزانن، ئەوانیش (زیادی کوڕی نەضر) و (عبداللەی کوڕی ئەصەم) بون، لە سەرکردە سەبەئیەکانی کوفە.

هەردوو پیاوەکە چوونە مەدینەوە، چاویان بە هەندێ لە خەڵکەکەی کەوت، چاویان کەوت بە هەندێ لە خێزانەکانی پێغەمبەرﷺ و هەروەها چاویان بە (عەلی) و (طەلحە) و (زوبەیر) کەوت، بەوانەی چاویان پێکەوتبون وتیان: ئێمە لە بەصرە و میصر و کوفەوە هاتووین، ئامانجیشمان حەج کردنە، ئێمە لە دووری سێ ڕۆژەڕێ لە مەدینەوە دابەزیوین، لە مەدینەشدا تەنها دەمانەوێ چاومان بە (عوسمان) بکەوێ، تا سکاڵا لە هەندێ لە والیەکانمانی لەلا بکەین و داوا بکەین بیانگۆڕێت، داوای مۆڵەتیان لە سەرجەم ئەوانە کردبوو تا ڕێ بدەن بە کۆمەڵەکانیان تا بێنە مەدینەوە!

هیچ کەسێ مۆڵەتی نەدان بێنە مەدینەوە، ئەو کۆمەڵانەیان بە فیتنەچی دانا، فیتنەکەشیان هێلکەیەو نزیکە هەڵبهێنرێت، ئەگەر ئەوان دەیانەوێ

حەج بكەن، ئەی بۆچی ڕووەو مەككە ناچن؟ بۆ دێنە مەدینەوە؟ لەكاتێكدا ئەوان لە مانگی شەوال دان؟

ئەمە لەگەڵ ئەوەی خەڵكی مەدینە مەبەستی ڕاستەقینەی ئەوانیان نەدەزانی.

ئەو دوو پیاوە گەڕانەوە بۆ لای قەومەكەیان و هەواڵەكانیان پێ ڕاگەیاندن و، ڕایانگەیاند كە خەڵكی مەدینە مەبەستی ڕاستەقینەی ئەوان نازانن، بەڵام لێیان بە ئاگا و بەگومانن.

سەبەئییەكان چەند شاندێك دەنێرن بۆ لای عەلی و طەلحە و زوبەیر

سەركردەكانی پیلانەكە لە بارودۆخەكەیان كۆڵیەوە، وایان بینی كە لە هەرشارێك لەو سێ شارەوە چەند كەسێك بنێرن بۆ لای ئەو هاوەڵانەی كە وایان لە شوێنكەوتەكانیان گەیاندووە كە لەگەڵیانە.

چەند كەسێكی خەڵكی میصر هاتن بۆ لای (عەلی) و چەند كەسێكی بەصرە بۆ لای (طەڵحە) و چەند كەسێكی خەڵكی كوفە بۆ لای (زوبەیر) چوون.

دەیانگوت: ئەگەر خەڵكی مەدینە بەیعەت بە هاوەڵەكەی ئێمە بۆ خەلیفەیەتی بدات وازیان لێ دێنین، ئەگەر بەیعەتی هاوەڵەكەی ئێمە بە خەلیفە پەسەند نەكەن ئەوا لێیان نزیك دەبینەوەو كۆمەڵەكەیان پەرتەوازە دەكەین، پاشان هێرش دەكەینە سەریان و بەسەریاندا دەدەین و شەڕیان لەگەڵ دەكەین!

عەلی نایەوێ بیانبینێ و نەفرەتیان لێ دەكا

میصریەكانیان هاتنە لای (عەلی)ﷺ، لەكاتێكدا ئەو لەلای (احجار الزیت) مێزەرێكی سوری بەستبوو، دەستەجلێكی یەمەنی لەبەردابوو، شمشێرەكەی بەستبوو، (حەسەن)ی كوڕیشی ناردبوو بۆلای (عوسمان)ﷺ تا لەگەڵیدا بێ.

لەگەڵ (عەلی)دا قسەیان كرد و كارەكەیان خستە بەرچاوی و داواشیان لێی كرد ببێتە خەلیفە!

(عەلی)ﷺ بەسەریاندا هاواری كرد و دەریكردن، لەو قسانەی كە پێی وتن: هەموو پیاوچاكان دەزانن كە سوپای (ذي خشب) و (ذي المروة) و

(الأعوص) لەسەر زمانی پێغەمبەری خواﷺ نەفرین لێکراون، بگەڕێنەوە، خوا لەگەڵتان نەبێ و نەشتانپارێزێ!

طلحە و زوبەیر نەفرینیان لێ دەکەن

بەصرەییەکانیان هاتن بۆ لای (طلحەﷺ) ، ئەویش (موحەممەد)ی کوڕی ناردبوو بۆ لای (عوسمان) تا لەگەڵیدا بێ، لەگەڵ ئەویش قسەیان کرد و خەلافەتیان خستە بەرچاوی!

بەسەریاندا هاواری کرد و دەری کردن و، پێی وتن: هەموو پیاوچاکان دەزانن کە سوپای (ذي خشب) و (ذي المروة) و (الاعوص) لەسەر زمانی پێغەمبەری خواﷺ نەفرین لێکراون!

سەبەئیەکان میصر داگیر دەکەن و والی دەردەکەن

کاتێکیش کوفەییەکانیان لەگەڵ (زوبەیر)داﷺ قسەیان کرد، هەمان قسەی (عەلی) و (طەڵحە)ی پێ وتن.[1]

(عبداللەی کوڕی سەعدی کوڕی ئەبی سەرح) والی میصر بوو، سەبەئیەکانی ئەوێ شۆڕشیان بەسەردا کرد و ئاژاوەچییەکانیان لێ هاندان، (موحەممەدی کوڕی ئەبو حوذەیفەی کوڕی عوتبە) کە بەخێوکراوی (عوسمان) و کوڕی ژنەکەشی بوو، سەرکردایەتیانی دەکرد، (ئیبن ئەبو سەرح)ی والیان دەرکرد، (موحەممەدی کوڕی ئەبو حوذەیفە) لە میصردا دەستی بەسەر کاروباردا گرت، (ئیبن ئەبو سەرح)یش بەجێی هێشت و بەرەو مەدینە کەوتە ڕێ.

سەرکردە سەبەئیەکان لەگەڵ عوسماندا گفتوگۆ دەکەن

سەرکردە سەبەئیەکان بە ئامادەبونی هەندێ لە هاوەڵان لەگەڵ (عوسمان)دا کۆبونەوەو مشتومڕیان لەگەڵ یەک کرد و گومانەکانیانی پوچ کردەوەو بەڵگەکانی خۆیشی خستە روو.

عوسمان، موحەممەدی کوڕی ئەبوبەکر بە والی میصر دادەمەزرێنێ

میصریەکان سکاڵای خۆیان لە (عبداللەی کوڕی سەعد)ی والییان دەربڕی، داوایان لە (عوسمان) کرد بیگۆڕێ، لەجێی ئەو والیەکی تر دامەزرێنێ.

(عوسمان)ﷺ پێی وتن: کێتان دەوێ؟

وتیان: (موحەممەدی کوڕی ئەبوبەکری صدیق)!

---

١ ـ تأريخ الطبري: ٤: ٣٤٩-٣٥٠.

(عوسمان)ﷺ (عبداللەی کوڕی سەعد)ی لەمیصر لەکار خست و لەجێگەی ئەو (موحەممەدی کوڕی ئەبوبەکری صدیق)ی دانا، هەروەک پێشتر لەگەڵ لەڕێدەرچووەکانی کوفەشدا ئەمەی کرد، کاتێک (سەعیدی کوڕی عاص)ی لەکار خست و (ئەبوموسای ئەشعەری) لەجێگاکەی دانا.

سەبەئیەکان وایان دەرخست کەوا بگەڕێنەوە بۆ وڵاتەکانیان و بە لەکارخستنی (عبداللەی کوڕی سەرح) و دانانی (موحەممەدی کوڕی ئەبوبەکر) لەجێگای ئەو مەبەستەکانیان هاتووەتە دی.

سەبەئیەکانی میصر گەڕانەوە بۆ میصر، (موحەممەدی کوڕی ئەبوبەکر)ی والی تازەشیان لەگەڵدا بوو، ئەویش وەک ئەوان سەبەئی بوو، سەبەئیەکانی بەصرە و کوفەش بەرەو عێراق گەڕانەوە[1].

موسڵمانانی مەدینە وایان گومان برد کە گرفتەکە چارەسەر بوو، قەیرانەکە کۆتایی پێهات، بەڵام نەیاندەزانی ئەم گەڕانەوەیە تەنها بەشێکی پیلانی جولەکەیی شەیتانی سەبەئیە.

پاش ئەوەی خەڵکەکە بۆ وڵاتەکانیان گەڕانەوە، دوو شەیتان لە شەیتانەکانی سەبەئی بۆ کارێک لە مەدینە جێمان، کە ئەوانیش (ئەشتەری نەخەعی کوفی) و (حەکیمی کوڕی جەبەلەی بەصری) بوون.

خەڵکەکە لە دوو ڕێگەی لێک دوورەوە ڕۆیشتن، کاتێک میصریەکان بەرەو ڕۆژئاوا بۆ باکور دەچوون بەرەو میصر، هەر لەو کاتەدا عێراقیەکان بەرەو ڕۆژهەڵات بۆ باکور بەرەو کوفە و بەصرە دەچوون.

پیلانە پیسەکەیان: غولام و حوشتر و نووسراو

کاتێک میصریەکان بۆ میصر دەگەڕانەوە، لە مەدینەشەوە سێ ڕۆژەڕێ دوور بوون، بینیان ئەوا غولامێکی ڕەش سواری حوشترێک بووە، تەپوتۆز لە زەوی هەڵدەستێنێ.

پێیان وت: ئەوە چیتە؟ وەک ئەوەی شتێکت بوێ یان رات کردبێ!

وتی: من غولامی ئەمیری بروادارانم منیان بۆ لای والی میصر ناردووە.

پێیان وت: ئەوە والی میصرە لەگەڵمانە (موحەممەدی کوڕی ئەبوبەکر).

---

١ ـ تأريخ الطبري ٤: ٣٥٤-٣٥٥.

وتی: ئەم ناوی (عبداللەی کوڕی سەعد)ی والیم دەوێ!

(موحەممەدی کوڕی ئەبوبەکر) پێی وت: ئەو نوسراوەی پێتە بمدەرێ؟

نوسراوەکەیان لێی سەند، کە خەتمی (عوسمان)ی ﷺ لەسەر بوو، نوسراوێکی سەیر بوو، کە لە (عوسمان)ەوە بۆ (عبداللەی کوڕی سەعد) ئاراستە کرابوو، تیایدا دەڵێ:

کاتێك ئەو خەڵکە هاتن بۆ لات، (موحەممەدی کوڕی ئەبوبەکر) بکوژە، فلان و فلانیشیان بکوژە، ئەوانی تریش پەند بکە، ئەو نوسراوەی نوسیومە بۆ ئەوەی (موحەممەدی کوڕی ئەبوبەکر) ببێ بە والی پوچی کەرەوەو هەر خۆت والی میصر بە، تا رای منت پێ دەگا!!

(موحەممەدی کوڕی ئەبوبەکر) خەڵکەکەی کۆمەڵ کردەوە -کە بەو بە ری هەزار دەبون-، نوسراوەکەی (عوسمان) کە بۆ (عبداللەی کوڕی سەعد)ی ناردبوو بۆیانی خوێندەوە و دژ بە (عوسمان) وروژاندنی و هانیانی دا، چۆن دەبێ لەگەڵ (عوسمان) لەسەر چارەسەرێك ڕێککەوتن و بگەڕێنەوە بۆ میصر، پاشان (عوسمان)ﷺ ئەو چارەسەرە هەڵوەشێنێتەوەو فەرمان بدا بە کوشتن و گرتنی ئەو خەڵکە؟! کەواتە پێویستە لابردرێ، ئەگەر نەیهێشت دەبێ بکوژرێ!!

گەڕانەوەی سەبەئیەکان بۆ مەدینە

(سەبەئیەکانی میصر لەسەرەتای مانگی (ذي القعدة)دا گەڕانەوە بۆ مەدینە، دڵیان پڕ ببو لە ڕق بەرامبەر (عوسمان)ﷺ، بە ئاشکراش سوور بون لەسەر لەناوبردنی.

هەر لەبەر هەمان هۆ سەبەئیەکانی کوفە و بەصرەش گەڕانەوە بۆ مەدینە، هەموشیان عەزمیان لەسەر نەهێڵانی (عوسمان)ﷺ بوو.

سەبەئیەکان مەدینە داگیر دەکەن

خەڵکی مەدینە بە گەڕانەوەی سەبەئیەکانی میصر و کوفە و بەصرە و داگیرکردنی شەقام و ڕێگەکانی مەدینە بەلایانەوە شتێکی کتوپڕ و لەناکاو بوو، دەبێ هۆی گەڕانەوەیان چی بێ؟ ئایا لەگەڵ (عوسمان) ڕێك نەکەوتن و گرفتەکە چارەسەر نەبوو؟ خۆ بە ڕەزامەندیەوە بۆ وڵاتەکانیان گەڕانەوە، ئەی بۆ ئێستە گەڕاونەتەوە؟!

سەبەئیەکان لەلای گەورە هاوەڵان سکاڵایان لە (عوسمان)ﷺ کرد، هاوەڵانیش چیرۆکی ئەو نوسراوەی (عوسمان)یان زانی، کە بومتە هۆی وروژاندن و گەڕاندنەوەیان، بۆیە زۆر کاری تێکردن.

عەلی پرسیار لە عوسمان دەکات دەربارەی چیرۆکی غولام و حوشتر و نوسراوەکە

(عەلی کوڕی ئەبوطالب) چووە لای (عوسمان)ﷺ، نوسراو و غولام و حوشترەکەی لەگەڵ خۆیدا برد!

پێی وت: ئەم غولامە غولامی تۆیە؟

(عوسمان) وتی: بەڵێ.

پێی وت: ئایا ئەم حوشترە وشتری تۆیە؟

(عوسمان) وتی: بەڵێ.

پێی وت: ئایا تۆ ئەم نوسراوەت نوسیوە؟

(عوسمان) وتی: نەخێر!!

(عوسمان)ﷺ سوێندی بەخوا خوارد کە نە نوسراوی نوسیوە و نە فەرمانی داوە بە نوسینی و نە غولامی بۆ میصر ڕەوانە کردووە، ناشزانێ کێ نوسیویەتی!

(عەلی)ﷺ و ئەو هاوەڵانەی لەگەڵیدا بون ڕاستگۆیی (عوسمان)یان بۆ دەرکەوت، چونکە ئەو بە ناڕەوا سوێند ناخوا، هەروەها زانیان کە کەسێك هەیە نوسراوەکەی تەزویر کردووەو لەسەر زمانی (عوسمان)ﷺ نوسیویەتی و غولام و وشترەکەی (عوسمان)یشی بەکار هێناوە، هەر بە مەبەستیشەوە غولامەکە ویستویەتی میصریە گەڕاوەکان ببینن، تا بەتەواوی دژ بە (عوسمان)ﷺ بوروژێن.

عەلی و ئیبن مەسلەمە پیلانی سەبەئیەکان ئاشکرا دەکەن

شتێك هەبوو کە سەرنجی هاوەڵانی ڕاکێشابوو، وای لێکردبون لەلایەکی ئەم پیلانە سەبەئیە شەیتانیەوە بوەستن!!

(عەلی کوڕی ئەبوطالب) و (موحەممەدی کوڕی مەسلەمەی ئەنصاری)ﷺ، لەگەڵ لەرێدەرچووە پیلانگێڕەکاندا قسەیان کرد، هەروەك هەریەکە لە (طلحە) و (زوبەیر)یشﷺ لەگەڵیان دوابون.

پێیان وتن: بۆچی گەڕانەوە مەدینە؟ ئێوە بە ڕەزامەندیەوە بۆ

وڵاتەکانتان نەگەڕانەوە؟ ئەو گرفتەی بۆی هاتن چارەسەر بوو، چی وای لێکردن ڕاتان بگۆڕن؟

میصریەکان وتیان: دەستمان گرت بەسەر غولامەکەی (عوسمان)دا، کە سواری حوشترەکەی ئەو ببوو، نوسراوێکی لە (عوسمان)ەوە پێبوو بۆ کوشتنی والیەکەمان، بۆیە گەڕاینەوە بۆ لەسەرکار لادانی (عوسمان).

بە لەڕێدەرچووە بەصرایی و کوفەییەکانیان وت: ئەی ئێوە چی گەڕاندنیەوە؟

وتیان: هاتین تا پشتگیری برا میصریەکانمان بکەین و بەرگریان لێ بکەین و یارمەتیان بدەین!

چلۆن خەڵکی کوفە و بەصرە ئاگاداری نوسراوەکەی خەڵکی میصر بون؟

(عەلی) و (موحەممەدی کوڕی مەسلەمە)ﷺ بە بەصرایی و کوفەییەکانیان وت: ئەی بەصرایی و کوفەییەکان، چۆنتان زانی کە خەڵکی میصر ئەوەیان تووش بووە؟ ئەوان بەرەو میصر کەوتنە ڕێ، ئێوەش بەرەو لای ڕۆژهەڵات بۆ عێراق کەوتنە ڕێ؟ لەنێوان ئێوە و ئەواندا ماوەیەکی دوورو درێژ هەبووە، ئەی چۆن بەسەرهاتی ئەو غولام و نوسراوەتان زانی؟ ئەمە کارێک بوو لە مەدینەدا ڕێکخرابوو، پیلانێک بوو لە شەودا داڕێژرابوو!!

لەڕێدەرچووە سەبەئیەکان وتیان: چۆنی دادەنێن داینێن، چیتان دەوێ بیڵێن، ئێمە دەمانەوێ (عوسمان) بگۆڕدرێ، پێویستمان پێی نیە، با خۆی کەنار خا و خەلافەت بەجێ بێڵێ!![1]

کەواتە: سەبەئیەکان نوسراوەکەیان تەزویر کردووە

(عەلی کوڕی ئەبوطالب) و (موحەممەدی کوڕی مەسلەمە)ﷺ بە فیراسەتی ئیمانی خۆیان ئەم پیلانە گڵاوەیان ئاشکرا کرد و، زانیان بەسەرهاتی ئەم نوسراوە تەزویر کراوە بەشێکە لە پیلانی سەبەئیەکان و، کەسێک لە مەدینە نوسیویەتی و داویەتە پاڵ (عوسمان)ﷺ و لەڕێدەرچووەکانی کوفە و بەصرەشی لێ ئاگادار کردووە.

---

١ ـ سەیری تأريخ الطبري ٤: ٣٥٠-٣٥١، وە سەیری (العواصم من القواصم) ١٠٩-١٢٨، و (عثمان بن عفان)ی محمد صادق عرجون ١١٧-١٢٤ بکە.

لە بەرامبەر فیراسەتی (عەلی) و (موحەممەدی کوڕی مەسلەمە) و دووربینیان، لەڕێدەرچووەکان ناچار بون لە شانۆگەری نوسراوی هەڵبەستراو بێدەنگ بن و، ئامانجی ڕاستەقینەیان ئاشکرا بکەن.

ئەوەی داوای دەکەن سەری عوسمانە

ئەوەی داوای دەکەن سەری (عوسمان)ە ﷺ، نوسراوی هەڵبەستراویش تەنها بارنەیەکە لە بارنەکانی ئەو پیلانە جولەکەییە سەبەئیە!

لەبیرمان نەچێ لە مەدینەدا دوو سەرکردەی لەڕێدەرچووە سەبەئیەکان بەجێ مابون، ئەوانیش (ئەشتەری نەخەعی) و (حەکیمی کوڕی جەبەلە) بون، کە ڕۆڵێکی گەورەیان هەبوو لە بەسەرهاتی نوسراوە هەڵبەستراوەکە و گەڕانەوەی میصری و کوفی و بەصرایییەکان!

مەدینە لە خەڵکەکەی چۆل بوە

لەڕێدەرچووەکان گەمارۆی مەدینەیان دا، خەڵکی لەماڵەکانیان مانەوە، ژمارەی پیاوەکان لە مەدینەدا کەم بوو، چونکە زۆربەیان موجاهید بوون و لە بەرەکانی جەنگ بون، یا بانگخواز بون لە وڵاتە ڕزگارکراوەکاندا، زۆربەی ئەوانەشی لە مەدینەدا مابون چووبون بۆ بەجێهێنانی ڕێوشوێنی حەج.

لەوانەیە پیاوانی ناو مەدینە ژمارەیان کەمتر بووبێت لە لەڕێدەرچووە سەبەئیەکان، کە ژمارەیان سێ هەزار پیاو بون.

لە کۆتایی مانگی (ذو القعدة)دا (عوسمان)ﷺ نەیتوانی بچێتە حەج، کە هەموو ساڵێ حەجی دەکرد، بەڵام لەم ساڵەدا سەبەئیەکان مەدینەیان داگیرکرد و (عوسمان)یان لە ماڵەکەی خۆیدا گەمارۆ دا.

پێویستە ئەمیرێکی حەج دیاری بکرێ، تا حەج بە خەڵکی بکا.

عوسمان ئیبن عەباس بۆ ئەمیری حەج دیاری دەکا

(عوسمان)ﷺ، بانگی (عبدالله‌ی کوڕی عەباس)ﷺی کرد، ڕایسپارد لەو وەرزەدا حەج بە خەڵکی بکا.

(ئیبن عەباس)ﷺ پێی وت: ئەی ئەمیری بڕواداران! وازم لێ بێنە، با لەگەڵتا و لە تەنیشتتدا بم بۆ ڕووبەڕووبونەوەی ئەمانە، سوێند بەخوا جیهادی ئەم لەڕێدەرچوانەم لە حەجەکە لەلا خۆشترە!

پێی وت: سورم لەسەر ئەوەی هەر دەبێ حەج بە موسڵمانان بکەی.

(ئیبن عەبباس)ﷺ هیچی بۆ نەمایەوە تەنها گوێڕایەڵیکردنی ئەمیری بڕواداران نەبێ.

(عوسمان)ﷺ نوسراوێکی بۆ (ئیبن عەبباس) نوسی تا لە حەجدا بۆ موسڵمانانی بخوێنێتەوە، بەسەرهاتی خۆی لەگەڵ لەڕێدەرچووەکان و هەڵوێستی بەرامبەریان و داواکاریەکانی تێدا ڕونکردبویەوە.[1]

هەڵوێستی عوسمان بەرامبەر داگیرکردنی مەدینە

مانگی (ذي الحجة) هات و لەڕێدەرچووە سەبەئیەکان گەمارۆی (عوسمان)یان دابوو، مەدینەیان داگیر کردبوو، لەگەڵ ئەوەشدا (عوسمان)ﷺ پێشنوێژی بۆ ئەوان و موسڵمانانی تر دەکرد، ئەو لەڕێدەرچوانەش لە پشتیەوە نوێژیان دەکرد.

نوسراوی عوسمان بۆ ولآتان

کاتێ (عوسمان)ﷺ بینی ئەم سەبەئیانە نایانەوێ مەدینە بەجێ بهێڵن، نوسراوێکی بۆ موسڵمانانی ولآتانی شام و کوفە و بەصرە نوسی، تیایدا داوای یارمەتی و هاتن بۆ مەدینەی لێ کردن، تاوەکو لەڕێدەرچووە سەبەئیەکانی لێ دەرکەن.. لەو وتانەی لەو نوسراوەدا هاتبوو:

((بسم الله الرحمن الرحيم

پاش ئەوە:

لەڕاستیدا خوای بەرز و بالا موحەممەدیﷺ بە هەقەوە ناردووە، بە موژدەدەر و ترسێنەر، ئەوەی خوا فەرمانی پێی کرد گەیاندی، پاشان ڕۆیی، ئەوەی لەسەری بوو ئەنجامی دا، لەدوای خۆی قورئانی بۆ بەجێ هێشتین، حەلاڵ و حەرامی تێدایە، ئەو کاروبارانەی ئەندازەی گیراوە ڕوونی دەکاتەوە لەگەڵیان دەڕوا، بەندەکان پێیان خۆش بێ یان ناخۆش بێ..

پاشان خەلیفەیەتی (ئەبوبەکر) و (عومەر) بوو، پاشان بەبێ زانیاری و داوای خۆم و بەبەرچاوی کۆمەڵێك لە ئوممەتەوە خرامە ڕاوێژەوە، پاشان ئەهلی ڕاوێژ خۆیان و خەڵکی لەسەر من کۆبونەوە، بەبێ ئەوەی داوای بکەم و پێم خۆش بێ، منیش کارم تیایدا کردووە بەوەی بە چاکی دەزانن و پێیان خراپ نیە، بە شوێنکەوتەیی نەك بە زۆر شوێنکەوتن، شوێن

---

١ ـ سەیری دەقی نوسراوەکەی عوسمان لە (تأريخ الطبري) ٤: ٤٠٧ـ٤١١ بکە.

پێهەڵگر بووم نەك بیدعەچی، ئیقتدام كردووە بەبێ زۆر لەخۆكردن و تەكەلوف، كاتێك كاروبارەكان كۆتاییان پێهات، شەڕ و زیان یەخەی خراپەكارانی گرت، كینە و قین و ئارەزووبازی بەدەركەوت، بۆئەوەی تاوانێك یا ناهەقیەك بەرامبەریان كرابێ.

عوسمان داوای یارمەتی لە خەڵكی وڵاتان دەكات بۆ سەر سەبەئیەكان

بەبێ بەڵگە و بیانو داوای شتێكیان دەكرد و شتێكی تریان رادەگەیاند، لە شتانێكدا دەنگیان پێگرتم كە خۆیان پێی رازی بون و، لە شتانێكی تردا كە بەبەرچاو خەڵكی مەدینەوە، جگە لەوانەیان بەگونجاو نەدەزانی.

چەند ساڵێكە دەبینم و دەبیستم، بەڵام هەر خۆم راگرتووە و ئارامم گرتووە، ئەوانیش تادێ بەرامبەر خوا بە جورئەت تر دەبن.

تا لە دراوسێیەتی پێغەمبەری خوا و حەرەم و زەوی كۆچدا هەڵیان كوتاوەتە سەرمان، دەشتەكیەكانیان لەگەڵە، ئەوانە وەك كۆمەڵەكانی رۆژانی (الاحزاب)ن، یا ئەوانەی لە ئوحوددا غەزویان كردین.

جا ئەوەی دەتوانێ پێمان بگا، بگاتە لامان))![1]

كارتێكردنی موسڵمانانی وڵاتان بە نوسراوەكەی عوسمان

كاتێ نوسراوی (عوسمان)ؓ گەیشت بە موسڵمانانی وڵاتان، كاری تێكردن و سەریان سوڕما لە جورئەتی ئەو لەڕێدەرچووە ئاژاوەچیانە و، هەڵسان بە فریاكەوتنی خەلیفەكەیان و رزگاركردنی لەو گەمارۆیە، بەڵام قەدەری خوا پێش فریاكەوتنەكانی ئەوان كەوتبوو، هەروەك لە خێرایی رووداوەكاندا باسی دەكەین.

(موعاویەی كوڕی ئەبو سوفیان)ؓ سوپایەكی لە شامەوە بە سەركردایەتی (حەبیبی كوڕی مەسلەمەی فیهری) نارد.

(عبداللەی كوڕی سەعید)یشؓ لە میصرەوە سوپایەكی بە سەركردایەتی (موعاویەی كوڕی حەدیجی سكونی) نارد.

هاوەڵان و تابیعیەكان لە كوفە هانی سەرخستنی عوسمان دەدەن

لە كوفەشدا هەندێ لە هاوەڵان هەستان بە هاندانی خەڵكی كوفە تا دەرچن و فریای (عوسمان)ؓ بكەون و مەدینە لەو لەڕێدەرچووانە رزگار بكەن، لەوانەش:

---

١ ـ تأريخ الطبري ٤: ٣٥١-٣٥٢.

(عوقبەی کوڕی عەمر)، (عبداللەی کوڕی ئەبوئەوفا)، (حەنظەلەی کوڕی ڕەبیع).

لەو تابعیانەی بەهەمان کار هەڵدەستان لە کوفەدا:

هاوەڵانی (عبداللەی کوڕی مەسعود)، وەك (مەسروقی کوڕی ئەجدەع)، (ئەسوەدی کوڕی یەزید)، (شورەیحی کوڕی حارث)، (عبداللەی کوڕی عەکیم).

ئەو هاوەڵ و تابعیانە بە ڕێگەکانی کوفەدا دەڕۆیشتن و بە دەوری کۆڕەکانیدا دەسوڕانەوەو بە خەڵکەکەیان دەوت:

خەڵکینە! لە ڕاستیدا قسە ئەمڕۆیە نەك سبەی، ڕوانین ئەمڕۆ جوان دەبێ، سبەی ناشیرین دەبێ، جەنگ ئەمڕۆ حەلاڵ دەبێ و سبەی حەرام دەبێ، ڕاپەڕن بۆ لای خەلیفە و پارێزەری کاروبارتان!

هەندێ لە چاکەخوازانی خەڵکی کوفە بە دەمیانەوە هاتن، بە سەرکردایەتی تێکۆشەر (قەعقاعی کوڕی عەمری تەمیمی) بەرەو مەدینە دەرچوون بۆ فریاکەوتنی (عوسمان)ﷺ.

هەروەها لە بەصرەو شام و میصر

لەو هاوەڵانەی خەڵکی بەصرەیان هان دەدا بچن بۆ فریاکەوتنی (عوسمان)ﷺ" (عیمرانی کوڕی حەصین) و (ئەنەسی کوڕی مالیك) و (هیشامی کوڕی عامر) بونﷺ.

لە تابیعیەکانیش: (کەعبی کوڕی سور) و (هەرەمی کوڕی حەیانی عەبدی).

لەو هاوەڵانەی هانی خەڵکی شامیان دەدا: (عوبادەی کوڕی صامیت) و (ئەبو ئومامەی باهلی) و (ئەبودەرداء)ﷺ بوو.

لە تابعیەکانیش: (ئەبو موسلمی خەولانی) و (شورەیکی نەمیری) و (عبدالرحمنی کوڕی غەنەم) بوو.[١]

سوپاکانی میصر و شام و کوفە و بەصرە بۆ فریاکەوتنی عوسمانﷺ کەوتنە ڕێ، کاتێك لەڕێدەرچووە سەبەئیەکان بە کەوتنەڕێیانی زانی، لە

---

١ ـ تأريخ الطبري ٤: ٣٥٢.

خۆیان ترسان، پەلەیان کرد بۆ جێبەجێکردنی پیلانەکەیان وهەستان بە کوشتنی (عوسمان)ﷺ.

کاتێکیش سوپاکان بەمەیان زانی، هەر سوپایەی بۆ وڵاتی خۆی گەڕایەوە، نەچوونە مەدینەوە!!

چوونە ناوەوەی سەبەئیەکان بۆ مەدینە و گەمارۆدانی (عوسمان)ﷺ لە هەشتی (ذي القعدة)ی ساڵی (٣٥)دا بوو.

وتاری عوسمان لە یەکەم هەینیی پاش داگیرکردنی مەدینە

کاتێک هەینیی یەکەمی داگیرکردنی مەدینە هات، (عوسمان)ﷺ دەرچوو بۆ ئەوەی وتاری هەینی بدات و نوێژ بە خەڵکی بکات، نوێژی بە خەڵکی کرد، پاش ئەوەی لەنوێژ بویەوە چووە سەر دوانگە، لە مزگەوتەکەدا لەڕێ‌دەرچووە سەبەئیەکان و هەندێ لە هاوەڵ وموسڵمانان ئامادەبون.

کاتێک (عوسمان)ﷺ چووە سەر دوانگە گوتی:

ئەی دوژمنان، خوا.. خوا.. لە خوا بترسن، سوێند بەخوا خەڵکی مەدینە دەزانن ئێوە لەسەر زمانی پێغەمبەری خواﷺ نەفرین لێکراون، دەی هەڵەکانتان بە چاکە بسڕنەوە، لە ڕاستیدا خوای گەورە خراپە ناسڕێتەوە بە چاکە نەبێ.

سەبەئیەکان لە هەندێك هاوەڵ دەدەن و لە مزگەوت دەریان دەکەن

(موحەممەدی کوڕی مەسلەمە) هەستایە سەر پێ و وتی: من شایەتی دەدەم ئێوە لەسەر زمانی پێغەمبەری خواﷺ نەفرین لێکراون.

(حەکیمی کوڕی جەبەلە)ی سەرکردەی سەبەئیەکانی کوفە بۆی هەستا و ڕایکێشا و بە زۆر داینیشاند!

پاشان (زەیدی کوڕی ثابیت)ﷺ هەستا و پێی وتن: ئەو نوسراوەم بدەنێ کە دەڵێن عوسمان بۆ والیەکەی میصری نوسیوە.

یەکێ لە سەبەئیەکان هەستا بۆی و بەزۆر داینیشاند.

پاشان سەبەئیەکانی ناو مزگەوتەکە هەڵچون و دەستیان کرد بە تێگرتنی بەرد و چەو بۆ هاوەڵ و موسڵمانانی تر و، لە مزگەوت دەریان کردن و توڕیانە دانە دەرەوەو جنێویان پێدان.

دەستیان کرد بە بەرد و چەو باران کردنی (عوسمان)ﷺ کە لەسەر دوانگە بوو، لەسەر دوانگەوە بە لەهۆش خۆ چوویی کەوتە سەر زەوی مزگەوتەکە، هەڵیانگرت و بە نەخۆشی و لەهۆشچوویی بردیانەوە ماڵی!!

کۆمەڵێك لە هاوەڵان خۆیان کۆ کردەوە بۆ جەنگان، ئامادەی شەڕکردن بون لەدژی لەڕێدەرچووە سەبەئیەکاندا، هەرچەندە کەمتر و لاوازتر بون لەوان، ئەو هاوەڵانەش:

(سەعدی کوڕی ئەبووەقاص)، (ئەبوهورەیرە)، (موحەممەدی کوڕی مەسلەمە)، (زەیدی کوڕی ثابیت)، (حەسەنی کوڕی عەلی)، (عبداللەی کوڕی زوبەیر)ﷺ و چەندانی تر بون.

هاوەڵان بە فەرمانی عوسمان جەنگ ناکەن

کاتێك (عوسمان)ﷺ بەمەی زانی، ناردی بەشوێنیاندا، فەرمانی دانێ کە جەنگ نەکەن و چەکەکانیان دانێن و بگەڕێنەوە بۆ ماڵەکانیان!!!

ئەوانیش وەك گوێڕایەڵی فەرمانیان بەجێ هێنا، بەڵام زۆریان پێ ناخۆش بوو.

هەریەکە لە (عەلی) و (طەلحە) و (زوبەیر)ﷺ هاتن و چوونە ژوورەوە بۆ لای و بۆ نەخۆشیەکەی سەردانیان کرد و لە بەرامبەریدا سکاڵا و خەم و خەفەتیان دەربڕی، پاشان گەڕانەوە ماڵەکانیان.

عەلی خۆیان لێ بەری دەکاو ئینکاری نوسینی نوسراو دەکا

چەند کەسێك لە سەبەئیەکانی میصر دەچنە لای (عەلی)ﷺ و پێی دەڵێن: هەستە لەگەڵمان بۆ لای (عوسمان) بۆ ئەوەی لەکاری بخەین، لە ڕاستیدا خوا خوێنەکەی بۆ حەلال کردووین!

(عەلی)ﷺ لێیان توڕە بوو، نەفرینی لێکردن و وتی: سوێند بەخوا لەگەڵتان نایەم.

هەندێکیان پێیان وت: ئەی کەواتە بۆچی نوسراوت بۆ ناردین تا لە میصرەوە بێین و لە فەرمانی (عوسمان) دەرچین و ئینکاری لێ بکەین، ئەگەر بەهۆی نوسراوەکەی تۆوە نەبوایە ئێمە نەدەهاتین!!

سەبەئیەکان نوسراو بەناوی عەلی و هاوەڵانەوە دەنوسن

(عەلی)ﷺ لە قسەکانیان سەری سوڕما و، پێی وتن: سوێند بەخوا هیچ کاتێ نوسراوم بۆ نەناردوون! هەندێکیان بەسەرسوڕمانەوە سەیری یەکتریان

کرد و وتیان: ئایا لەپێناو (عەلی) دەجەنگن؟ لەبەر ئەو تورە دەبن؟[١]

ئەم هەواڵە ڕێگە و شێوازی شەیتانە جولەکە سەبەئیەکانمان پێ نیشان دەدات، لە هەڵخەڵەتاندنی هەرچی و پەرچی و موسڵمانە سادەکان و پەلکێشی و کارتێکردنیان تا بۆ لای خۆیانیان ببەن و لە تێکدانی کاروباری موسڵماناندا وەگەڕی بخەن و زاڵ بن بەسەر سیستەمی حوکم لەناویاندا.

ئا ئەمە (تەزویر)کردنی نوسراوە لەسەر زمانی گەورە هاوەڵان و دانەپاڵیان، وا گومان ببردرێ بەوەی ئەوان خەڵکی بانگ دەکەن بۆ دەرچوون لەسەر (عوسمان) و ئینکار لەسەرکردن و لەکارخستنی، ئەگەر نا کوشتنی!

ئا ئەوە سەبەئیەکانی میصر نوسراو لەسەر زمانی (عەلی)ﷺ تەزویر دەکەن و ئاژاوەچیەکانی هاوەڵیان دەخەڵەتێنن، بەوەی ئەوان دەرنەدەچوون ئەگەر (عەلی) داوای دەرچوونی لێ نەکردنایە، هەر بۆیە سەریان سوڕما کاتێ (عەلی)ﷺ سوێندی خوارد بەخوا کە ئەو هیچ کات نوسراوی بۆ نەنوسیون!!

طەلحە و زوبەیر ئینکاری نوسینی نوسراو دەکەن بۆیان

(طەلحەی کوڕی عبیداللە)ﷺ لە بەرامبەر ئاژاوەچیەکانی بەصرە ئینکاری ئەوەی کرد کە ئەو نوسراوی بۆ نوسیبێتن بەوەی لەسەر (عوسمان) دەرچن و بێن بۆ مەدینە!

بە هەمان شێوە (زوبەیری کوڕی عەوام)یشﷺ لە بەرامبەر لەڕێدەرچووەکانی کوفەوە هەمان ئینکاری کرد.

عائشە تەزویرکردنیان لەسەر زمانی ئەوەوە دەگێڕێتەوە

پاش ئەوەی (عوسمان)ﷺ کوژرا، (مەسروق)ی تابعی لە بەرامبەر دایکی ئیمانداران (عائشە) دانیشت.

(عائشە) سەبارەت بە (عوسمان)ﷺ وتی: بەراستی (عوسمان) بە ستەم لێکراوی کوژرا، نەفرینی خوا لەوەی کوشتی، وەك جلی سپی پاك بوو لە پیسی بەجێیان هێشت، پاشان وەك بەران سەریان بڕی!

---

١ ـ تأريخ الطبري ٤: ٣٥٢-٣٥٣.

(مەسروق) پێی وت: ئەمە كاری تۆ بوو! تۆ بۆ خەڵكت دەنوسی، فەرمانت دەدانێ تا لە فەرمانی (عوسمان)ﷺ دەرچن!!

(عائشە) وتی: نە بەو خوایەی بڕواداران ئیمانیان پێیەتی، بێبڕوان پێی كافرن، ڕەشم لەسەر سپی بۆ دانەناون(هیچم بۆ نەنووسیون)، تا ئەم دانیشتنەی ئێستا لێی دانیشتووم!!!

(ئەعمەش) كە لە (مەسروق)ەوە گێڕاویەتیەوە وتویەتی: وایان دەزانی نوسراوەكان لەسەر زمانی (عائشە) نووسراون![1]

لە ڕاستیدا هەڵبەستانی نوسراوەكان بەدەمی گەورە هاوەڵانەوە لە پیسترین ئامرازە شەیتانیەكان بوو، كە سەبەئیەكان گرتبویانە بەر بۆ كارتێكردنی هەرچی و پەرچیەكان و وروژاندنیان دژ بە (عوسمان)ﷺ.

نوسراویان لە سەر زمانی (عائشە) و (عەلی و (طەڵحە) و (زوبەیر)ﷺ هەڵبەستابوو، هەروەك بە زمانی (عوسمان) خۆیشیەوە هەڵیانبەستا.

دوای ئەوەی (عوسمان)ﷺ لەو هەینیەدا لەهۆش خۆی چوو، كە لە ناوەڕاستی مانگی (ذي القعدة)دا بوو، بەردەوام لە مزگەوتدا پێشنوێژی دەكرد، لە دوایشیەوە موسڵمانە چاكخواز و لەڕێدەرچوە سەبەئیەكانیش نوێژیان دەكرد.

سەبەئیەكان فەرمانڕەوای فیعلی مەدینە بون و ئەمیرەكەیان ئیمام بوو

دوای ئەوە بەچەند ڕۆژێ لەڕێدەرچووە سەبەئیەكان نەیانهێڵا پێشنوێژی بكات، لەماڵەكەی خۆیدا گەمارۆیان دا، نەیانهێڵا هیچ یەك لە گەورەهاوەڵان پێشنوێژی خەڵكی بكا.

لەڕاستیدا ئەوان فەرمانڕەوای مەدینە بون، بە ڕێگەكاندا هاتوچۆیان دەكرد و نەیاندەهێشت موسڵمانان تیایدا كۆببنەوە، بەرهەڵستی هاتنەدەرەوەی (عوسمان)یان دەكرد لە ماڵەكەی خۆیدا.

ئەمیری لەڕێدەرچووەكانی میصر و فەرمانڕەوای فیعلی مەدینە لە ڕۆژانی گەمارۆدا (غافقی كوڕی حەربی عەككی)، پێش دەكەوت و بە ئیمام نوێژیان بە خەڵك دەكرد، لە دوایشیەوە لەڕێ دەرچووەكانی میصر و كوفە

---

١ ـ البداية والنهاية لأبن كثير ٧: ١٩٥.

و بەصرە نوێژیان دەکرد.

بەڵام خەڵکی مەدینە لە ماڵەکانیان مانەوە، لەترسی ئەوان هیچ یەکێکیان بەبێ چەک لەماڵ دەرنەدەچوون و ژمارەیان لە لەرێ دەرچووەکان کەمتر بوو![1]

لە ڕۆژانی دوایی گەمارۆکە گەورە هاوەڵان مەدینەیان بەجێهێشت، ئەوەبوو (عەلی) و (طەڵحە) و (زوبەیر) و (سەعد)﵃ و کەسانی تریش دەرچوون.

عوسمان مۆڵەت بە هاوەڵان نادات جەنگیان لەگەڵدا بدەن

کاتێک شەبەنیەکان گەمارۆی (عوسمان)یان دا، کۆمەڵێک لە هاوەڵان لە ئەوێدا ئامادەگرییان لێدەکرد، نزیکەی حەوت سەد کەسێ دەبوون کە تیایاندا (عەبدوڵڵای کوڕی عومەر) و (عەبدوڵڵای کوڕی زوبەیر) و (ئەبوهورەیرە) و (حەسەن) و (حوسەین) و (مەروانی کوڕی حەکەم) و کەسانی تر هەبوون﵃.

عوسمان ڕێگری لە زەید و ئەبوهورەیرە و ئیبن عومەر دەکات کە بجەنگن

ئەگەر (عوسمان)﵁ مۆڵەتی جەنگ کردنی پێبدانایە جەنگیان لەکرد، بەڵام ئەو جەنگ نەکردنی هەڵبژارد، پێی وتن: سوێند بەخۆم هەرکەسێک گوێڕایەڵی منی لەگەردندایە، با دەست بکێشێتەوە و بگەڕێتەوە بۆ ماڵەکەی!

(زەیدی کوڕی ثابیت)﵁ هات بۆ لای (عوسمان)﵁ پێی وت: ئەوە ئەنصارەکان لەبەر دەرگان و دەڵێن: ئەگەر دەتەوێ دووجار دەبینە بە (انصار الله)!

(عوسمان)﵁ پێی وت: پێویستیم بەوە نیە، دەستان هەڵگرن و مەجەنگێن!

(ئەبو هورەیرە)ش﵁ هات بۆ لای و چەکەکەی لەشاندا بوو، دەیوت: ئەمڕۆ لێدران لەگەڵتدا شیاوە!

(عوسمان)﵁ پێی وت: سوێندت ئەدەم بەخوا کە دەبێ دەرچیت، بگەڕێوە بۆ ماڵەکەت و جەنگ مەکە.

---

١ ـ تأريخ الطبري ٤: ٣٥٤.

(عبدالله‌ی کوڕی عومەر)ﷺ هات بۆ لای و چەکەکەی هەڵگرتبوو بۆ ئەوەی تا لەدژی لەڕێدەرچووەکاندا بجەنگێ –(عبدالله) تەنها دوو جار چەکی هەڵگرتوە: لە ماڵی (عوسمان)ﷺ بۆ بەرگریکردن لێی، ئەو ڕۆژەش کە سەرکردەی لەڕێدەرچووەکان(نەجدەی کوڕی عامر) لەسەردەمی (ئیبن زوبەیر)دا ویستی بێتە مەدینەوە–.

(عوسمان)ﷺ پێی وت: هەستە فەرمانی من بە خەڵکی بگەیەنە کە نەجەنگن و لە ماڵەکانیان بمێننەوە!

چەند گێڕانەوەیەك سەبارەت بە ڕێگری کردنی عوسمان لە جەنگ

(سولەیطی کوڕی ئەبو سولەیط)ﷺ وتویەتی: (عوسمان)ﷺ بەرهەڵستی شەڕکردنی لەدژی لەڕێلادەرەکان ئێکردین، ئەگەر مۆڵەتی جەنگی بداینایە، لێمان ئەدان تا لە مەدینە دەرمان دەکردن.

(عبدالله‌ی کوڕی عامری کوڕی ڕەبیعە)ﷺ وتویەتی: من لەگەڵ (عوسمان)ﷺ لە ماڵەکەیدا بووم، پێی وتین: سوێند دەخۆم لەسەر هەموو ئەوانەی وا دەبینن گوێڕایەڵی منیان لەسەرە، دەست و چەکەکەی لە جەنگ بکێشێتەوە، باشترینیان بۆ من ئەوەیە دەست و چەکەکەی لە جەنگ دەکێشێتەوە.

عوسمان ڕێگری جەنگ لە کوڕانی هاوەڵان دەکات

لەگەڵ (عوسمان)ﷺ لە ماڵەکەیدا کۆمەڵێك لە کوڕانی هاوەڵان هەبون: (حەسەن) و (حوسەین)ی کوڕی عەلی، (عبدالله‌ی کوڕی زوبەیر)، (موحەممەدی کوڕی طەڵحە)، (مەروانی کوڕی حەکەم)، (عبدالله‌ی کوڕی عومەر)ﷺ.

(عوسمان)ﷺ پێی وتن: سوێندتان ئێدەخۆم کە بگەڕێنەوەو چەکەکانتان دانێن و لە ماڵەکانتان بمێننەوە![1]

ئەشتەری نەخەعی گفتوگۆ لەگەڵ عوسمان دەکا

لەڕێدەرچووە سەبەئیەکان یەکێك لە سەرکردەکانیان نارد بۆ لای (عوسمان)ﷺ تا دەستبەرداری خەلافەت بێ، ئەویش (ئەشتەری نەخەعی– مالکی کوڕی حارث–) بوو.

(عوسمان)ﷺ پێی وت: چیتان دەوێ؟

---

١ ـ بۆ ئەم هاوەڵانەو جگە لەمەش سەیری (العواصم من القواصم) و پەراوێزەکانی (محب الدين الخطيب) ١٣٢–١٤٢ لەسەری بکە.

(ئەشتەر) وتی: سێ شت، بواری تێدا نیە دەبێ یەکێکیان جێبەجێ بکرێت.

(عوسمان) وتی: ئەوانە چین؟

(ئەشتەر) وتی: خۆت لە خەلافەت لەکار خەی، بە خەڵکی بڵێی: ئەمە کاروباری ئێوەیە، کێتان دەوێ هەڵیبژێرن! ئەگەر نەتکرد، ئەوا دەتوانی تۆڵە لەخۆت بکەیتەوە! ئەگەر ئەوەشت نەکرد، ئەوا خەڵکی بێگومان دەتکوژن!

عوسمان هەرسێ پێشنیارەکەی ئەشتەر رەت دەکاتەوە

(عوسمان)ﷺ پێی وت: سەبارەت بەوەی کاروباریان بدەمە دەست و خۆم لەکار بخەم، ئەوە من نایکەم، من کراس و قەمیسێك کە خوا لەبەرمی کردووە لەبەری داناکەنم، واز ناهێنم لە ئوممەتی موحەممەد، بەسەریەکدا بکەون.

بەڵام ئەوەی کە تۆڵەیان لەخۆم بۆ بکەمەوە، ئەوا شتێکم نەکردووە کە مایەی تۆڵەسەندن بێت، دوو هاوەڵەکەم، (ئەبوبەکر) و (عومەر)یش تۆڵەیان لەخۆیان نەسەندووە، لاشەشم بەرگەی ئەوە ناگرێ.

ئەگەر دەشم کوژن، بە شتێك هەڵنەستاوم شایستەی کوشتن بم، سوێند بەخوا گەر بمکوژن، لەدوای من هیچ کات یەکتریتان خۆش ناوێ و هیچ کاتێکیش پێکەوە نوێژ ناکەن، هیچ کاتیش پێکەوە جەنگی دوژمن ناکەن![1]

(عوسمان)ﷺ لەو بارەیەوە راوێژی بە هەندێ لە گەورە هاوەڵانی دەوروبەری کرد، راوێژی بە (عبداللهی کوری زوبەیر)ﷺ، کەپێش ئەوەی (عوسمان)ﷺ فەرمانی پێبکات بە رۆیشتن ئەمیریماڵەکەی بوو.

عوسمان هەرسێ پێشنیارەکەی ئیبن زوبەیر پەسەند ناکا

(ئیبن زوبەیر)ﷺ پێی وت: ئامارژەت پێ دەدەم بە یەك لەم سێیە:

یا ئیحرامی عەمرە ببەستە، کە ئەوکاتە خوێنت لەسەریان حەرام دەبێت، یا ئەوەتانێ سواربە و بچۆ بۆ لای (موعاویە) لە شام، یا مۆڵەتمان بدە و لەگەڵمان دەرچۆ، تا بەشمشێر لەملی ئەوانە بدەین، تا خوا لەنێوان ئێمە و ئەواندا فەرمانی خۆی دەدات، بەراستی ئێمە لەسەر هەقین و ئەوان

---

١. البداية والنهاية: ابن كثير ٧: ١٨٤.

لەسەر ناهەق!

(عوسمان)ﷺ پێی وت: گەر ئیحرام ببەستم بۆ عەمرە، ئەوە ڕێیان لێناگرێت لە کوشتنم، چونکە ئەوان وا دەبینن خوێنم حەڵاڵە، جا پێش ئیحرام بێ یان دوای ئیحرام!!

ڕۆیشتنم بۆ شام، ئەوا من واز لە دراوسێیەتی پێغەمبەی خواﷺ ناهێنم، شەرمیش لەخوا دەکەم بە ترسنۆکی لەنێوانیانەوە دەرچم و خەڵکی شام بمبینێ، کافران هەواڵم ببیستن و دڵخۆش بن پێی و ئۆخەی دەربڕن!

ئیبن عومەر ئاماژە به عوسمان دەدات کە تەنازول نەکات

بەڵام کوشتنیان، من هیواخوازم بەخوای خۆم بگەم و، بەهۆی منەوە لوێچە خوێنێك نەڕژێ![1]

(ئیبن عومەر)ﷺ پێی وت: ئایا لە دنیادا بە هەتاهەتایی دەژیت؟

(عوسمان)ﷺ وتی: نەخێر.

وتی: دەتوانن لە کوشتن زیاترت لێ بکەن؟

(عوسمان) وتی: نەخێر.

وتی: ئایا بەهەشت و دۆزەخیان بەدەستە؟

(عوسمان) وتی: نەخێر.

(ئیبن عومەر)ﷺ وتی: دەی کراسی خوا لەبەرت دامەکەنە، تا لەدوای تۆوە نەبێتە سوننەتێك، هەر قەومێك خەلیفەیان خۆش نەوێ لەکاری بخەن یا بیکوژن![2]

دووربینی ئیبن عومەر

خوا لە (عبداللەی کوڕی عومەر) ڕازی بێت، چەند وردبین بووە، ئەو دەیەوێ (عوسمان)ﷺ سوننەتێکی نەشیاو دانەهێنێ بۆ خەلیفەکانی دوای خۆی-حاشا لە (عوسمان) وا بکات-، ئەگەر (عوسمان) بۆ ئەو لەڕێدەرچووە سەبەئیانە تەنازولی بکردایە و خۆی لەکاربخستایە، ئەو کاتە خەلیفەکان دەبون بە بووکەشوشەی دەستی چاوچنۆك و قین لەدڵان، بەم

١ ـ البداية والنهاية ٤: ١٩٨.

٢ ـ العواصم من القواصم: ١٣٠.

شێوەیە وێنەی خەلیفە دەلەرزێ و سامی لە دڵی خەڵکیدا نامێنێ.

بەم شێوەیە (عوسمان)ﷺ ڕێوشوێنێکی جوانی بۆ دوای خۆی کێشا، بەراوێژی (ئیبن عومەر) و جگە لەویش هاوەڵانی ترﷺ، ئەوە بوو ئارامی گرت و پاداشتی لەخوا ویست، لە خەلافەت دانەبەزی و خوێنی موسڵمانانیشی نەڕشت!!

دوا دیداری عوسمان

دوا دیدارێکی گشتی (عوسمان)ﷺ لەگەڵ موسڵماناندا، پاش چەند هەفتەی گەمارۆ بوو، ئەوەبوو خەڵکی بانگ کرد، بە شەرکەرە کتوپڕە سەبەئیەکان و، بێوەیەکانی دانیشتووی خەڵکی مەدینەشەوە، لەپێشەوەی هاتواندا (عەلی) و (طەڵحە) و (زوبەیر) هەبونﷺ، کاتێک لەبەردەمیدا دانیشتن، پێی وتن:

عوسمان ئامۆژگاری موسڵمانان دەکات

لە ڕاستیدا خوای باڵادەست بۆیە دنیای پێبەخشیون تا دوارۆژی پێ وەدەست خەن، دنیای پێنەبەخشیون تا پەنای بۆ بەرن و چنگی پێداکەن.

لە ڕاستیدا دنیا لەناو دەچێت، دواڕۆژ دەمێنێتەوە، دەی ئەوەی لەناودەچێ لوتبەرزتان نەکات، لەوەی دەمێنێتەوە سەرقاڵتان نەکات، ئەوەی دەمێنێتەوە پێشیخەن بەسەر ئەوەی لەناودەچێت، بەراستی دنیا براوەیە، گەڕانەوەش بۆ لای خوایە، دەی لەخوا بترسن، چونکە لەخواترسان قەڵغان و پارێزەرە لە سزا و تۆڵەی ئەو، پابەند بن بە کۆمەڵەکەتانەوە، مەبن بە دەستەدەستە، خواش فەرموویەتی:

﴿وَاذْكُرُوا نِعْمَةَ اللَّهِ عَلَيْكُمْ إِذْ كُنْتُمْ أَعْدَاءً فَأَلَّفَ بَيْنَ قُلُوبِكُمْ فَأَصْبَحْتُمْ بِنِعْمَتِهِ إِخْوَانًا: بیر لەو چاکە بکەنەوە کە خودا دەربارەی کردن" کە ئێوە دژ بەیەکتر بون، بەدڵ کردوونی بەهۆگر" لەسایەی چاکەی ئەمەوە، ئێستا لەگەڵ یەکتر بونە برا﴾آل عمران/١٠٣.

پاشان بە موسڵمانانی گوت:

بە ئارام و ئومێدی پاداشتەوە ماڵئاواییان لێدەکات

ئەی خەڵکی مەدینە! بەخواتان دەسپێرم و، داواکارم لەخوای گەورە خەلافەت لەدوای من چاك بکات، لە ڕاستیدا من لەمرۆ بەدواوە ناچم بۆ لای کەس، تا خوا فەرمانی خۆیم بەسەردا جێبەجێ دەکات، وازدێنم لەم لەڕێدەرچوانە کە لە دەرگای ماڵم بن، هیچیان پێ نابەخشم تا لە دین یا

دنیادا بیكەنە ڕێچكەیەك، تا خوا خۆی چی باشە لەم كارەدا ئەنجامی بدا![1]

لەدوای ئەوەوە (عوسمان)ﷺ لە ماڵەكەی خۆی مایەوە، تا ئەجەلی هات و سەبەئیەكان هەستان بە خوێن ڕشتنی.

توندكردنی گەمارۆ لەسەر عوسمان

كاتێك سەبەئیەكان بینیان (عوسمان)ﷺ سورە لەسەر تەنازول نەكردن، گەمارۆیان لەسەر ماڵەكەی توند كردەوەو نەیاندەهێلا كەس بچێتە لای، بەڵكو نەیاندەهێلا موسڵمانان خواردن و خواردنەوەشی بۆ ببەن.

عوسمان داوای ئاو دەكات

خانەوادەی (حەزم) دراوسێی ماڵی (عوسمان) بوو، (عوسمان)ﷺ رووی لێنان و كوڕەكەیانی نارد بۆ لای (عەلی كوڕی ئەبوطالب) و (طەڵحە) و (زوبەیر)ﷺ و خێزانەكانی پێغەمبەری خواﷺ، پێی وتن: ئەو خەڵكە ئاویان لێ قەدەغە كردوین، ئەگەر توانیتان هەندێ ئاومان بۆ بنێرن، ئەوا بۆمان بنێرن!

سەبەئیەكان رێگە بە عەلی نادەن فریای عوسمان بكەوێت

(عەلی) دوای ئەوەی نوێژی بەیانی كرد، هاواری بەسەر لەرێدەرچووەكاندا كرد و پێی وتن: هۆ خەڵكینە! ئەوەی ئێوە دەیكەن بە كاری بڕواداران و بێباوەڕانیش ناچێت، خواردن و خواردنەوە لەم پیاوە مەبڕن، لە راستیدا فارس و ڕۆم و كافرەكان دیل دەگرن خواردن و خواردنەوەیان پێ دەدەن، لەپای چی خوێنی ئەم پیاوە حەڵاڵ دەكەن و گەمارۆی دەدەن؟

(عەلی)یان دەركرد و پێیان وت: سوێند بەخوا ناهێڵین بخوات و بخواتەوە.

سەبەئیەكان رێگە لە ئوم حەبیبە دەگرن ئاویان پێ بگەیەنێت

كاتێ (عەلی)ﷺ نەیتوانی گەمارۆكە بشكێنێ و، خواردن و خواردنەوە بە عوسمانﷺ بگەیەنێ، یا بچێتە لای و قسەی لەگەڵ بكات، مێزەرەكەی فڕێدایە ماڵی عوسمانەوە تا ببینێ و بزانێ عەلی بەو كارە هەستا كە پێی سپاردبوو، بەڵام نەیتوانی بە فریای بكەوێ!

(ئوم حەبیبە)ی دایكی بڕواداران، كە رەملەی كچی ئەبوسوفیان- بوو، هەستا بە هەوڵێك بۆ فریاكەوتن و ئاوپێدانی، بە سواری هێسترێك هات بۆ

---

١ ـ تأريخ الطبري ٤: ٣٨٤-٣٨٥.

لای ماڵی (عوسمان)ﷺ و کوندەیەکی پڕ ئاوی پێبوو، لەڕێدەرچووەکان ڕێیان لێگرت و نەیانهێشت بچێتە ژوورەوە.

پێیـان وتـرا: ئـەوە (ئـوم حەبیبـە)ی دایکـی بڕوادارانـە، خێزانـی پێغەمبەری خوایەﷺ.

وتیان: ناهێڵین بچێتە ژوورەوە، ئینجا لەڕووی هێسترەکەیان دا.

پێی وتن: هەندێ ڕاسپاردەی بەنی ئومەییە لەلای (عوسمان)ە، ئەمەوێ بیبینم و پرسیاری لێبکەم، تا ماڵ و سامانی بێوەژن و هەتیویان بەفیڕۆ نەچێ!

پێیان وت: تۆ درۆدەکەی، بەڵکو دەتەوێ ئاوی پێبدەی.

لەو کاتەی ئەو لەسەر هێسترەکەی بوو، گوریسی هێسترەکەیان پچڕاند، (ئـوم حەبیبـە) لار بوویـەوە و وەخـت بـوو بکـەوێ، گـەر موسـڵمانان پێـی نەگیشتنایە، جا گرتیان و گەڕاندیانەوە بۆ ماڵ.

گفتوگۆی عائیشە لەگەڵ مەروانی کوڕی حەکەم و چوونی بۆ حەج

کاتێك (عائیشە) ڕوداوەکەی بینی، لەو لەڕێدەرچووە سەبەئیانە تووڕە بوو، لە مەدینەوە بەرەو مەککە بۆ حەج کردن کەوتە ڕێ.

(مەروانی کوڕی حەکەم) پێی گەیشت و پێی وت:

ئەی دایکی بڕواداران، ئەگەر لە مەدینـەدا بمێنیتـەوە باشترە، چونکە لەوانەیە ئەوانە سامت لێ بکەن و، لەگەڵ (عوسمان)دا باشتر بێ!!

پێی وت: مەروان! دەتەوێ هەمان ڕەفتاری (ئوم حەبیبە)م لەگەڵ بکەن، پاشـانیش کـەس بـەرگریم لێنـەکا و پاڵپشـتم نابـێ، نـەخێر بـەخوا خـۆم عەیبـدار ناکـەم، ناشـزانم سـەرئەنجامی ئـەم خەڵکـە بـەرەو کـوێ دەچـێ، بەخودا ئەگەر بمتوانیبایە وابکەم خوای گەورە ئەوانە بێبەش بکات لە هەوڵ و مەبەستەکانیان، ئەوا دەمکرد.

موحەممەدی کوڕی ئەبوبەکر نایەوێ لەگەڵ عائیشەی خوشکیدا بچێت بۆ حەج

(عائیشـە) داوای لـە (موحەممـەدی کـوڕی ئەبوبـەکر)ی بـرای کـرد کـە لەگەڵی بچێت بۆ حەج، کە یەکێك بوو لە سەرانی فیتنە و (عبداللەی کوڕی سەبەء) هەڵیخەڵەتاندبوو، لەگەڵی دەرنەچوو، ئەوەی بەباش زانی کە لەگەڵ سەبەئیەکاندا بمێنێتەوە و، لە گەمارۆدانی (عوسمان)دا بەشدار بێ.

(عائیشە) لێی تورە بوو، پێی وت: تۆ (موحەممەد) نیت، بەڵکو (مُذَمَّم: سەرزەنشتکراو)یت!

کاتێک (حەنظەلەی کوڕی ڕەبیعە)ی نووسەرﷺ بەم هەڵوێستەی (موحەممەدی کوڕی ئەبوبەکر)ی زانی، پێی وت: موحەممەد! خوشکەکەت دایکی بڕوادارانە، داوای ئەوەت لێدەکات لەگەڵی بچی بۆ حەج، بەڵام شوێنی ناکەویت، بەڵام گورگ و قەلەڕەشەکانی عەرەب بانگت دەکەن بۆ شتێکی نادروست، کە دەرچوونە لەسەر خەلیفە، شوێنیان دەکەویت!

(موحەممەد) وتی: ئیبنی تەمیمی! تۆ چیت بەسەر ئەوەوە هەیە،؟

لێکدانەوەکەی حەنظەلە ڕاست دەرچوو

(حەنظەلە) بەدەم خوێندنەوەی ئەم چەند دێڕە شیعرە ڕۆیشت، کە لە تڕۆپکی داناییدان:

عَجِبْتُ لِما يُخوضُ الناسُ فيهِ   يَرمـونَ الخلافـةَ انْ تَـزولا
وَلَـو زالَـتْ لَزالَ الخَيرُ عَنْهُمْ   ولاقَـوْا بَعـدَها ذُلاً ذَلـيلاً
وَكانـوا كَاليَهودِ او النَّصارى   سَـواءً كلُّهُـمْ ضَـلّوا السَّـبيلا[1]

ئەوەی (حەنظەلە)ی نووسەر بە فیراسەتی ئیمانی خۆی چاوەڕێی دەکرد، ڕویداو هاتەدی، چونکە پەرتەوازەیی موسڵمان و، لاوازی خەلافەت یان لابردنی، سەر دەکێشێ بۆ سەرشۆڕی و سوکی و گومڕابونی موسڵمانان.

(حەنظەلە) بە بیرتیژی و وردبینیەکەی ئەوەی هەست پێکردبوو، کە ئامانجی ئەم لەڕێدەرچوە سەبەئیانە خودی (عوسمان)ﷺ نیە، بەڵکو مەبەستی شەیتانەکانیان سیستەمی فەرمانڕەوایی(حکم)ی ئیسلامە، دەیانەوێ خەلافەت لەناوببەن!!

لەیلای کچی عومەیس، ئامۆژگاری برا لەڕێ دەرچوەکانی دەکا

(لەیلای کچی عومەیس) بە (موحەممەدی کوڕی ئەبوبەکر) کە برای بوو لە دایکەوە، چونکە کچی (ئەسمائی کچی عومەیس) بوو، هەروەها بە (موحەممەدی کوڕی جەعفەری کوڕی ئەبوطالب)-ئەمیش برای بوو،

---

١ ـ تأريخ الطبري ٤: ٣٨٥-٣٨٦

چونکە (ئەسمای کچی عومەیس) خێزانی (جەعفەری کوڕی ئەبوطالب) بوو، کاتێك لە موئتەدا شەهید بوو (ئەبو بەکری صدیق)ﷺ مارەی کرد-، پێی وتن:

لە ڕاستیدا چرا خۆی دەسوتێنێ و ڕۆشناییەکەی بۆ خەڵکە، جا لە کارێکدا خۆتان گوناهبار مەکەن کە سبەی لەسەر ئێوە کەس خۆی گوناهبار ناکا! ئەم هەوڵەی ئەمڕۆ ئێوە دەیدەن بۆ دەرچوون لەسەر (عوسمان) سبەی بۆ جگە لەئێوەیە، ئەمڕۆ خۆتان لەکارێك بپارێزن کە ئەو کردەوەیە سبەی دەبێتە ئاخ و حەسرەت لە سەرتان!!

ئەوان لێی تووڕە بون و وتیان: ئەوەی (عوسمان) پێی کردین لەبیرمان ناچێ!

پەلەکردنی سەبەئیەکان لە جێبەجێکردنی نەخشەکەیان، پاش سێ ڕۆژ لە گەمارۆ

پێی وتن: چی پێکردوون، لەوە زیاتری نەکردوە کە پابەندی شەرعی خوای کردوون و لەسەرپێچی فەرمانی خوا تەمێی داون![1]

سێ ڕۆژ بەسەر گەمارۆدانی (عوسمان)ﷺ لەلایەن سەبەئیەکانی تێپەڕی-ئەوەبوو گەمارۆکە لە هەشتی مانگی (ذي القعدة) دەستی پێکرد- سوپای موسڵمانان لە میصر و شام و کوفە و بەصرەوە بۆ فریاکەوتنی (عوسمان) و دژایەتیکردنی لەڕێدەرچووە سەبەئیەکان بەڕێ کەوتن.

لەڕێدەرچووەکان هەواڵی دەرچوونی سوپاکانیان زانیبوو، بۆیە پەلەیان کرد بۆ لەناوبردنی (عوسمان) و کوشتنی، تا پەرتەوازەیی نێوان موسڵمانان زیاتر بێت و موسڵمانانیش نەتوانن لەدژی ئەوان ڕێك بکەون.

حاجیەکان و سوپاکان بەرەو مەدینە دێن

هەروەها لەڕێدەرچوان زانیان وەرزی حەج کۆتایی پێهات و حاجیەکانیش سورن لەسەر ئەوەی بێن بۆ مەدینە و پشتگیری (عوسمان)ﷺ بکەن و زاڵ بن بەسەر ئەو لەڕێدەرچوانەوە، (ئیبن عەباس)ﷺ نامەکەی (عوسمان)ی بەسەر حاجیاندا خوێندەوەو کاری تێکردن و وتیان: کاتێك لەحەج ئێدەبینەوە دەچینە مەدینە و لەدژی میصری و شوێنکەوتەکانیان دەجەنگین، ئەوانەی گەمارۆی (عوسمان)یان

---

١ ـ تأريخ الطبري ٤: ٣٨٧.

داوە، جەنگانیان عیبادەتە، ئەوەش دەخەینە پاڵ عیبادەتی حەجەکەمان.

بە کرداریش سەرەتای حاجیەکان گەیشتنە مەدینە، یەکەم کەسێك کە گەیشتە مەدینە (موغیرەی کوڕی ئەخنەسی کوڕی شورەیق) بوو کە چووە ماڵی (عوسمان) و بەرگری لێکرد و لەگەڵ دوژمنە سەبەئیەکان بەشەڕ هات!

سەبەئیەکان شەڕ بە منداڵانی هاوەڵان دەفرۆشن

سەبەئیەکان شەڕیان بە (عوسمان)ﷺ و ئەوانەی لەناو ماڵەکە لەگەڵیدا بون دەفرۆشت،-کۆمەڵێك لە کوڕانی هاوەڵان لەگەڵی بون و بەرگریان لێی دەکرد، وەکو کوڕەکانی (عەلی) و کوڕی (طەڵحە) و کوڕی (زوبەیر) و کوڕی (عومەر) و کوڕی (حەکەم)ﷺ-، دەیانویست بیانویەکیان دەستکەوێ بیکەنە پاساوی هێرش کردنە سەر ماڵی (عوسمان)ﷺ، بەڵام دەستیان نەدەکەوت.

عبدالله ی کوڕی سەلام بە قسەیەکی زۆر جوان ئامۆژگاری سەبەئیەکان دەکات

گەمارۆکەیان بۆ ماڵی (عوسمان)ﷺ زیادی کرد، زیادەڕەویان کرد لە نەهێشتنی هێنانی خواردن و ئاو بۆ ئەوانەی لەناو ماڵەکەدا گەمارۆدرابون، کەمێك ئاویان پێدەگەیشت، ئەوەش بەنهێنی و شاراوایی لەماڵی (ئیبن حەزم)ی دراوسێیانەوە.

چەند ڕۆژێك پێش کوشتنی (عوسمان)ﷺ لەلایەن لەڕێدەرچووەکانەوە، هاوەڵی پایەبەرز (عبداللهی کوڕی سەلام)ﷺ-کە پێش موسڵمان بونی یەك لە زانایانی ئایینی جولەکە بوو- بەوێدا تێپەڕی و لەبەر دەرگای ماڵی (عوسمان)دا وەستا و دەستی کرد بە قسەکردن لەگەڵ لەڕێدەرچووە گەمارۆدەرەکان و پێیانی وت:

خەڵکینە! پێشەوا و خەلیفەکەتان مەکوژن، بە کوشتنی ئەو شمشێری خوا لەسەر خۆتان هەڵمەکێشن، بەخوا ئەگەر شمشێری خوا لەسەر خۆتان هەڵکێشن، دوای ئەوە ناکرێ بە کێلاندا!

هاوار بۆتان! ئەمڕۆ دەسەڵاتتان بە قامچی و دارە، ئەگەر ئەو بکوژن، ئەوە دەسەڵاتتان تەنها بە شمشێر ڕەفتار دەکات!

هاوار بۆتان! لە ڕاستیدا ئەمڕۆ مەدینە بە فریشتەی خوا دەورەدراوە و ئێشکی لەسەر دەگرن، سوێند بەخوا ئەگەر بیکوژن، ئەو فریشتانەش واز

لە مەدینە دێنن!

سەبەئیەکان لە قسەکانی (عبداللەی کوڕی سەلام) تووڕەبون و دەستیان کرد بە جنێوپێدانی و پێیان وت: ئەی کوڕی جولەکە، تۆ چیت داوە لەمە، چی لەم کارە دەزانی؟[1]

ئەم قسەیەی (عبداللەی کوڕی سەلام) لە ترۆپکی جوانی و بەنرخیدایە، وەك قسەکەی (حەنظەلەی کوڕی رەبیع)ی نووسەر، کە لەپێشەوە هێنامان، ئەوەی لەو کاتەی خوێنی (عوسمان)یان ڕژاندﷺ، ئەوەی (ئیبن سەلام) ئاگاداری پێدان هاتەدی!

بۆچی بڕیاری پەلەکردن لە کوشتنی عوسمانیان دا؟

لەڕێ دەرچوە سەبەئیەکان زانیان نزیکە سوپا ئیسلامیەکانی ولآتانی تر بگەنە مەدینە، هەر بۆیە لە خۆیان ترسان چارەسەری گرفتەکەشیان تەنها لە کوشتنی (عوسمان)دا بینیەوە.

وتیان: تەنها کوشتنی ئەم پیاوە لەوەی تێی کەوتوین رزگارمان دەکا، ئەگەر کوشتمان خەڵکی ئاگایان لێمان نامێنێ و بە کوشتنی ئەوەوە سەرقاڵ دەبن!

بەم شێوەیە شەیتانە سەبەئیەکان لە ڕۆژانی دوایی گەمارۆکەدا بڕیاری کوشتنی (عوسمان)یان داﷺ.

موغیرەی کوڕی ئەخنەس، یەکەم حاجیە بەرگری لە عوسمان بکات

(موغیرەی کوڕی ئەخنەسی کوڕی شورەیق) کە بە پەلە لە جێبەجێکردنی حەج گەڕابویەوە، چوە ژوورەوە بۆ ماڵی عوسمان و چوە پاڵ ئەو کوڕانەی هاوەڵان کە بەرگریان لە عوسمان دەکرد.

(موغیرەی کوڕی ئەخنەس) لە ناوەوە لەبەر دەرگای ماڵەکەی (عوسمان)دا وەستا و پێی وت: ئەی ئەمیری بڕواداران! بیانومان چیە لای خوا ئەگەر تۆ بەجێ بهێڵین! پێویستە لەدژیان بجەنگین تا دەمرین.[2]

(عوسمان)ﷺ لە ڕۆژانی دوایی گەمارۆکەدا دەستی کردبوو بە نوێژ و خوێندنی قورئان، ئەوەندەی خوا حەزی کرد نوێژی دەکرد، ئەگەر ماندوو

---

١ ـ تأريخ الطبري ٤: ٣٩١.

٢ ـ تأريخ الطبري ٤: ٣٣٨.

بوایە دادەنیشت و دەستی دەکرد بە قورئان خوێندن، بەم شێوەیە لە نێوان نوێژ و قورئان خوێندندا بوو.

سەبەئیەکان ئاگر لە ماڵی عوسمان بەردەدەن

سەبەئیەکان بڕیاریان دا یەکەم هێرش بکەنە سەر خانوەکە، ئاگریان هێنا، ئاگریان لە دەرگا و سەقفەکەی بەردا، پیاوەکانی ژورەوە دەستیان کرد بە کوژاندنەوەی ئاگرەکە، (عوسمان)ﷺ هەر خەریکی نوێژکردنی خۆی بوو.

دەرگا و سەقفەکە سوتان و دارەکان کەوتنە سەر زەوی.

یەکەم جەنگ لەبەر دەرگای ماڵی عوسمان

کۆمەڵێك پیاوی بەرگریکەر لەناوەوە بۆیان ڕاپەڕین و لەگەڵیان کەوتنە جەنگەوە، لەوانە: (موغیرەی کوڕی ئەخنەس) و (حەسەنی کوڕی عەلی) و (موحەممەدی کوڕی طەڵحە) و (سەعیدی کوڕی عاص) و (مەروانی کوڕی حەکەم) و (عبداللەی کوڕی زوبەیر) و (زیادی کوڕی نوعەیمی فەهری) و (نیاری کوڕی عبداللەی ئەسلەمی) و (ئەبوهورەیرە)ﷺ.

(ئەبوهورەیرە)ﷺ لەکاتی جەنگان لەگەڵ لەڕێدەرچووەکاندا دەیوت: من سەرمەشق و پێشڕەوتانم لە جەنگ کردن لە دژیاندا، ئەمە ڕۆژێکە لێدان تێیدا خۆشە و، جەنگ تێیدا حەڵاڵە.

لەگەڵ لەڕێدەرچووەکان دەجەنگا و پێی دەوتن: ﴿وَيَاقَوْمِ مَا لِي أَدْعُوكُمْ إِلَى النَّجَاةِ وَتَدْعُونَنِي إِلَى النَّارِ: ئەی هۆزەکەم، ئەوە چیە من بۆ ڕزگاری و سەرفرازی بانگهێشتان دەکەم، ئێوەش بۆ ئاگر بانگم دەکەن.﴾.

عوسمان نوێژی دەکرد و قورئانی دەخوێند.

هەموو ئەمانە ڕوویدا (عوسمان)ﷺ نوێژی دەکرد و سورەتی (طە)ی لە نوێژەکەیدا دەخوێند، ئەوەی ڕوویدا نەیشڵەژان و قورئانەکەی پێ تێك نەدا و نوێژەکەی نەبڕی، کاتێك سورەتی (طە)ی تەواوکرد ڕکوعی برد و نوێژی تەواو کرد، پاشان دانیشت لە قورئانەکە سورەتی (آل عمران)ی دەخوێند.[1]

دوو شەهید لەبەر دەرگای عوسمان

یەکەم شەهیدێکی بەردەرگای ماڵی عوسمان، (موغیرەی کوڕی ئەخنەس) بوو، کە پیاوێکی (لەیثی) لە (بەنی لەیث) کوشتی، کاتێك

---

١ ـ تأريخ الطبري ٤: ٣٨٨-٣٨٩.

كوشتی پەشیمان بویەوەو وتی: إنا لله وإنا اليه راجعون..

(عبدالرحمنی كوڕی عەدیس) كە یەكێك بوو لە سەركردەكانی لەڕێدەرچووەكان، بەكابرای (لەیثی) وت: ها چیتە؟

وتی: لە خەوندا پێم وترا: مژدەی ئاگر بدە بە بكوژی (موغیرەی كوڕی ئەخنەس)! كەچی من تووشی كوشتنەكەی بووم!!

عوسمان فەرمان بە بەرگریكەرەكان دەدات كە بگەڕێنەوە بۆ ماڵەكانیان

پیاوێكی (كەنانی)ش (نیاری كوڕی عبداللهی ئەسلەمی) كوشت، (ئەسلەمی)ش بوویە دووەم شەهیدی بەردەرگای ماڵی (عوسمان)، كاتێك (عوسمان)ﷺ لاشەی هەردوو شەهیدەكەی لەبەردەم دەرگای ماڵەكەیدا بینی، ئازار و خەفەتی خوارد، سوێندی خوارد دەبێ ئەو پیاوانەی بەرگری لێدەكەن لە جەنگ بوەستن و شمشێرەكانیان بكەن بە كێلانا! فەرمانی پێكردن لە خانوەكە دەرچن، هەموویان ماڵەكەیان جێهێشت و گەڕانەوە ماڵەكانیان.

بەم شێوەیە و بە فەرمانی (عوسمان)ﷺ پێكدادانی یەكەمی نێوان موسڵمانە چاكەخواز و لەڕێدەرچوە سەبەئیەكان كۆتایی پێهات!!

دواهەمین كەسێك كە ماڵەكەی بەجێهێڵا (عبداللهی كوڕی زوبەیر بوو)ﷺ، ئەوەبوو (عوسمان)ﷺ ڕاسپاردەكەی خۆی پیا نارد، تا تەسلیمی (زوبەیری كوڕی عەوام)ی باوكی بكات،ﷺ.[1]

(عوسمان)ﷺ تەنها خۆی لە ماڵدا مایەوە، لەگەڵ هەندێ لە خێزان و خزمەتكارەكانی، سێ هەزار لەڕێدەرچووی سەبەئیش گەمارۆی ماڵەكەیان داوە!!

دوارۆژی ژیانی عوسمان: هەینی ١٨/١٢/٣٥ك

لە دواییدا ڕۆژ هەینی (١٨)ی (ذي الحجة)ی ساڵی (٣٥)ی كۆچی هات، بەمەش چل ڕۆژی تەواو بەسەر گەمارۆی (عوسمان)دا تێپەڕیبوو.

هەر لەو ڕۆژەشدا (عوسمان)یان كوشتﷺ، ڕۆژی هەینی (عوسمان) بەڕۆژوو بوو، دڵنیابوو لەوەی ئەجەلی نزیك بوەتەوە، ئەو خەڵكە دەیكوژن، دەستیكرد بە خوێندنی قورئان، تا بە بەڕۆژویی و قورئان خوێندنەوە بە

---

١ ـ تأريخ الطبري ٤: ٣٨٩-٣٩٠.

دیداری خوای خۆی شاد بێت!

عوسمان لەگەڵ راسپێردراوی یەكەم بەكوشتنی گفتوگۆ دەكات و قەناعەتی پێ دەكات

سەبەئیەكان هاتنە ژوورەوە و دەستیان كرد بە تێكدانی ناوماڵەكە.

یەكێك لە سەبەئیەكان رووەو (عوسمان) هات بۆ ئەوەی بیكوژێ و پێی وت: خۆت لە خەلافەت لەكار خە، پاشان لێت دەگەڕێین و وازت لێ دێنین!

(عوسمان) پێی وت: ئەی بێبەڵا بی! بەخوا نە لە ئیسلام و نە لە نەفامیشدا هیچ ئافرەتێكم رووت نەكردوەتەوە، نە گۆرانیم وتوە، نە ئاواتم خواستوە، سوێند بەخوا لەوەتەی دەستی راستم خستوەتە نێو دەستی پێغەمبەری خواوەﷺو بەیعەتم پێداوە، لەسەر عەورەتم دانەناوە.

كراسێك داناكەنم خوا كردبێتیە بەرم، من هەر لەم جێگایەدا دەبم، تا خوا بەختیاران رێزدار دەكا و خراپەكاران سوك و ریسوا دەكا!

پیاوەكە دەستی لە عوسمان هەڵگرت و چووە دەرەوە بۆ لای لەرێدەرچووەكان، پێیان وت: ها چیت كرد؟ بۆچی نەتكوشت؟

پێی وتن: بەخوا كەوتینە گرفتێكەوە چارەسەری نیە، بەخوا تەنها بە كوشتنی لە دەست خەڵك رزگارمان دەبێ، سوێند بەخوا بۆمان حەڵاڵ نیە بیكوژین! نازانم چی بكەین!

عوسمان قەناعەت بە راسپێردراوی دوەمیش دەكات كە دەست لە كوشتنی هەڵگرێت

سەبەئیەكان پیاوێكی تریان نارد تا بیكوژێ.

(عوسمان) پێی وت: تۆ لە كامە هۆزی؟

وتی: (لەیثی)م.

(عوسمان) پێی وت: دەرچۆ، تۆ ئەو كەسە نیت كە من دەكوژی!

پێی وت: چۆن؟!

وتی: تۆ ئەوە نەبویت پێغەمبەری خواﷺ لە رۆژی فلان و فلاندا بۆت پاڕایەوە، كە تۆ لەگەڵ چەند هاوەڵێكتدا بوی؟

وتی: بەڵێ.

(عوسمان) وتی: بڕۆ براكەم، پاڕانەوەكەی پێغەمبەری خواﷺ بەفیڕۆ مەدە!!

پیاوەکە بیری کەوتەوەو پەشیمان بوویەوە لەوەی کردی و لە ماڵەکە چووە دەرەوەو لە سەبەئیەکان دوور کەوتەوە.

قەناعەت بە ڕاسپێردراوی سێیەمیش دەکا

پیاوێکی قوڕەیشیان خستە ژورەوە تا بیکوژێ!

پێی وت: (عوسمان)! من دەتکوژم.

(عوسمان)ﷺ وتی: نەخێر، فلان! تۆ نامکوژی!

وتی: بۆچی؟

(عوسمان)ﷺ وتی: لە ڕۆژی فلان و فلاندا پێغەمبەری خواﷺ داوای لێخۆشبونی بۆکردی، بۆیە خوێن بەناهەق ناڕێژی!

پیاوەکە بیری کەوتەوەو پەشیمان بویەوە لەوەی کردی و، داوای لێخۆشبونی لەخوا کرد و ماڵەکەی بەجێ هێڵا و لەوانیش جیابویەوە!

دواکەسێك کە چووە سەری، (موحەممەدی کوڕی ئەبوبەکر) بوو، ڕیشی گرت و ڕایکێشا.

قەناعەت بە ڕاسپێردراوی چوارەمیش دەهێنێ کە موحەممەدی کوڕی ئەبوبەکر بوو

(عوسمان)ﷺ پێی وت: ڕیشم بەردە، ڕەفتارێکت ئەنجام دا و پێگەیەکت بەرامبەرم گرت، ئەبوبەکری باوکتﷺ شتی وای نەدەکرد، کوڕی برام، هاوار بۆ تۆ، لەسەر خوا توڕەبویت؟ چیم لێکردووی؟ تاوانێکت ئەنجام دا و حوکمی خوام بەسەرتا جێبەجێکرد!

(موحەممەدی کوڕی ئەبوبەکر) پەشیمان بویەوەو لەلای (عوسمان)ﷺ هەستا و بە پەشیمانی لە ماڵەکەی چووە دەرەوە.[1]

سەرکردە لەرێدەرچوەکان سەریان سوڕما لە پاشگەزبونەوەی ئەو خەڵکە لە کوشتنی (عوسمان)ﷺ، ئەوەتانێ چوارکەسیان ڕاسپارد بۆ کوشتنی، (عوسمان)ﷺ لەگەڵیان دەدوێ و قەناعەتیان پێ دەکا، پاشگەزدەبن و وازی لێدێنن و بە پەشیمانیەوە واز لەمانیش دێنن!

چوونە ژوورەوەی سێ لە سەرکردە سەبەئیەکان بۆ کوشتنی

ئا لەم کاتەدا سێ لە سەرکردە سەبەئیەکان و شەیتانەکانیان بڕیاریان دا هەموو پێکەوە بچنە سەری و پێکەوە بیکوژن.

---

١ ـ تەماشای گفتوگۆی (عوسمان) لەگەڵ ئەو چوار کەسەدا بکە لە (تأريخ الطبري ٤: ٣٩٠-٣٩١).

کـاتیش دوای عەصـری ڕۆژی هـەینی بـوو، (عوسمـان)ﷺ بـەڕۆژووە و دانیشتووەو قورئانەکەی لەپێشدایەو لێی دەخوێنێ.

هەریەکە لە (غافقی کوڕی حەربی عەکی)ی ئەمیری لەڕێدەرچوەکان و (سـودانی کـوڕی حـەمرانی سـوکونی) و (قـەتیرەی کوڕی فولانی سوکونی) هاتنە ژوورەوە بۆ سەری.

غافقی لە عوسمان دەدا و شەق لە قورئانەکە هەڵدەدا

(غـافقی) بـە ئاسـنێك کـە پێـی بـوو کێشـای بەسـەری (عوسمـان)دا و شەقێکیشی لە قورئانەکەی بەردەسـتی دا!! قورئانەکـە سـوڕێکی خـوارد و لەبـەردەمی (عوسمـان)دا جـێگیر بـوو. بـەهۆی لێدانەکـەی (غـافقی کـوڕی حـەرب) خـوێن بـە دەموچـاوی (عوسمـان)دا هاتـەخوارﷺ، چـەند دڵۆپێـك کەوتـە سـەر فـەرمودەی خـوا ﴿فَسَيَكْفِيكَهُمُ اللَّهُ وَهُوَ السَّمِيعُ الْعَلِيمُ: خـوات بەسە، چونکە ئەو خوایە بیسەر و زانایە.﴾البقرة/١٣٧.

سودانی کوڕی حەمران پەنجەکانی دەستی خێزانەکەی عوسمان دەقرتێنێ و پاشان عوسمانیش دەکوژێ

(سـودانی کـوڕی حـەمرانی سـکونی) هـات و بـە شمشـێرەکەی بـەربوە (عوسمـان)ﷺ، خێزانەکـەی کـە (نائلـەی کچـی فەرافیصـە) بـوو، بـەرگری لێکرد و دەستی دایە بەر شمشێرەکەی، سودان بە شمشێرەکەی لێیدا و پەنجەکانی قرتاند، جا ڕۆشت و خوێن لە پەنجە بڕاوەکانی دەچۆڕا.

(سودان) بەچاو تەشەری لێدەدا و سەیری پشتەوەی دەکرد و دەیوت: پاشکۆیەکی گەورەی هەیە!!

(سـودانی کـوڕی حـەمران) چـەند جارێـك بـە شمشـێرەکەی دای لـە (عوسمان)ﷺ و کوشتی.

نەجیح، سودان دەکوژێ

یـەکێك لە غولامـەکانی (عوسمـان)ﷺ کە بە (نەجیح) نـاودەبرا، کاتێـك ئەمـەی بینـی، کوشـتنی (عوسمـان)ی زۆر لا نـاخۆش بـوو، بەشمشێرەکەی هێرشی کردە سەر (سودانی کوڕی حەمران) و کوشتی!!

کاتێـك (قـەتیرەی کـوڕی فـولانی سـکونی) بینـی (نـەجیح) (سـودان)ی کوشت، هێرشی کردە سەر (نەجیح) و کوشتی.

غولامێکی تـری (عوسمـان)ﷺ کە نـاوی (صـەبیح) بوو، هێرشـی کـردە سەر (قەتیرەی کوڕی فولان) و کوشتی.

چوار کوژراو لە ماڵەکەدا: دوو شەهید و دوو تاوانبار

لە ماڵەکەدا چوار کوژراو هەبون" دوو شەهید و دوو تاوانبار.

دوو شەهیدەکە (عوسمان) و (نەجیح)ی غولامی بوو.

بەڵام دوو سەبەئیە تاونبارەکە (سودان) و (قەتیرە) بون.

کاتێك کوشتنی (عوسمان)ﷺ کۆتایی پێهات،-کە لە پێش خۆرئاوابونی ڕۆژی هەینی بوو-، فیتنەگەرێکی سەبەئیەکان هاواری کرد و وتی: خوێنی ئەم پیاوەمان بۆ حەڵاڵ نەبوە، تا ماڵەکەیمان لەسەر حەرام بێت! ئاگادار بن ماڵەکشی حەڵاڵە بۆمان، ئەوەی لە ماڵەکەیدایە تاڵانی بکەن!

هەرچـی و پەرچـیە سـەبەئیەکان دەسـتیان کـرد بـە خراپـەکاری و تێکدانی، تەنانەت ئەوەی بە ئافرەتیشەوە بوو تاڵانیان کرد!

دوو کوژراو لەسەر ماڵەکە: شەهیدێك و تاوانبارێك

یەك لە سەبەئیەکان کە بە (کەلثومی تـەجیبی) ناودەبرا، هێرشی کردە سەر (نائلە)ی خێزانی (عوسمان)ﷺ و عەبایەکی لەسەر بوو بەتاڵان بردی و پاشان تەماشایەکی پاشەوەی کرد و پێی وت: ماڵی دایکت وێران بێ، پاشکۆیەکی چەند تەواوت هەیە!

(صـەبیح)ی غـولامی (عوسمـان) دیتـی و گـوێی لێبـوو ئـەو قسـە ناشرینانەی بە (نائیلە) دەوت، شمشێرەکەی لێبەرزکردەوەو کوشتی، یەك لە سەبەئیەکانیش هێرشی کردە سەر غولامەکە و کوشتی.

سەرەنجام شەش کوژراو بوو: سێ بە سێ

بەم شێوەیە مـاڵی (عوسمـان)ﷺ لەسـەر شـەش کوژراو داخرا، سێیان شەهید بون کە (عوسمان) و هەردوو غولامەکەی (نەجیح) و (صەبیح) بون.

سێ تاوانبارەکەش: (سودان و قەتیرە و کەلثومی تەجیبی) بون.

پێشتریش سێکەس بۆ بەرگری کردن لە (عوسمان)ﷺ شەهید بون، کە ئەوانیش: (موغیرەی کوڕی ئەخنەس) و (زیادی کوڕی نوعەیمی فەهری) و نیاری کوڕی عبداللهی ئەسلەمی) بوو.

سەبەئیەکان بەیتولمال تاڵان دەکەن

پـاش ئـەوەی هەرچیوپەرچیە سەبەئیەکان مـاڵی (عوسمـان)یـان تـاڵان کرد، بانگیان کرد و وتیان: بگەن بە (بەیتولمال)، نـەهێڵن کـەس پێشتان کەوێ، ئەوەی تێیدایە ببەن!

ئێشـکگرانی (بـەیتولمال) گوێبیسـتی دەنـگ و هـەرایان بـون، تـەنها دوو

تورەکە خواردنیشی تێدابوو، وتیان: خۆتان ڕزگارکەن، چونکە ئەم خەڵکە دنیاخۆرن!

تەمەنی عوسمان و ماوەی خەلیفایەتی و کاتی شەهیدبونی

سەبەئیەکان پەلاماری (بەیتولمال)یان دا و ئەوەی تێیدا بوو تالانیان کرد![1]

شەهیدبونی (عوسمان)ﷺ لەپێش خۆرئاوابونی ڕۆژی هەینی (۱۸)ی مانگی (ذي الحجة)ی ساڵی (۳۵) بوو.

ئەمەش دوای ئەوەی لەڕێدەرچووە سەبەئیەکانی میصر و کوفە و بەصرە چل ڕۆژ گەمارۆیان دا، لە (۸)ی مانگی (ذي القعدة)تا (۱۸)ی مانگی (ذي الحجة).

خەلافەتەکەشی دوانزە ساڵ دوانزە ڕۆژی کەم بوو، چونکە بەیعەتی خەلافەتی لە سەرەتای مانگی (موحەڕەم)ی ساڵی (۲٤)دا بوو.

تەمەنیشی لە کاتی شەهیدبونیدا لە دەوروبەری (۸۳) ساڵیدا بوو.[2]

دوای کوشتنی عوسمان، هەرچیو پەرچیەکانی شوێنکەوتەی سەبەئیەکان کارەکەیان بەسەردا دەشکێتەوە

لەڕێ دەرچووە سەبەئیەکان مەبەستەکانی خۆیان هێنایە دی، ئەمیری بڕوادارانیان کوشت، زۆرێك لە شوێنکەوتەکانیان لە هەرچی و پەرچی و ئاژاوەچیەکان دوای کوشتنی (عوسمان)ﷺ هەڵوەستەیان کرد و بیریان کردەوە، چونکە وایان گومان نەدەبرد کە سەرەنجام دەستیان دەچێتە کوشتنی.

شەیتانە سەبەئیەکانیان بێئاگایان کردبون و بۆ ئاژاوەگێڕی لەسەر (عوسمان)ﷺ بەکاریان هێنان، بەڵام بۆ ئەوەی بیکوژن ئەوە شتێك بوو بە ناشایستەو کارێکی زۆر ناشیرینیان دەزانی.

کارەکە کەوتە دەست ئەو ئاژاوەگێڕانە و، ئەوەیان بەسەرهات کە بەسەر (بەنی ئیسرائیل)دا هات، کاتێك کە گوێرەکەیان پەرست، هەندێکیان پەشیمان بونەوە، هەروەك خوای گەورە فەرمویەتی:

﴿وَاتَّخَذَ قَوْمُ مُوسَى مِنْ بَعْدِهِ مِنْ حُلِيِّهِمْ عِجْلاً جَسَدًا لَهُ خُوَارٌ أَلَمْ يَرَوْا أَنَّهُ لاَ يُكَلِّمُهُمْ وَلاَ يَهْدِيهِمْ سَبِيلاً اتَّخَذُوهُ وَكَانُوا ظَالِمِينَ(١٤٨)وَلَمَّا سُقِطَ فِي أَيْدِيهِمْ وَرَأَوْا

---

۱ ـ تأريخ الطبري ٤: ۳۹۱-۳۹۲.

۲ ـ تەماشای (البداية والنهاية)ی (ابن كثير) ۷: ۱۹۰ بکە.

أَنَّهُمْ قَدْ ضَلُّوا قَالُوا لَئِنْ لَمْ يَرْحَمْنَا رَبُّنَا وَيَغْفِرْ لَنَا لَنَكُونَنَّ مِنَ الْخَاسِرِينَ﴾: لەپاش موسا، هۆزەکەی ئەو پەیکەری گوێرەکەیان . لەخشڵ و زینەی خۆیان . دروست کرد کە هەر دەیبۆڕاند! ئەدی نەیاندی ئەو گوێرەکە قسەیان لەگەڵ ناکا و ڕێگایان پێ نیشان دانا؟ بەڵێ کەوتنە . پەرستنی و- ستەمکاربون، کاتێ تەواو پەژیوانی دایگرتن و دیتیان سەریان لێشێواوە، گوتیان: ئەگەر پەروەردگارمان بەر بەزەیی خۆیمان نەخا و لە گوناهانمان نەبورێ، ئێمە لە زیانبارانین.﴾الأعراف/١٤٨-١٤٩.

پیاوچاکانی خەڵکی مەدینە خەمباری کوشتنی خەلیفەکەیان بون، چونکە بەهۆی کەمی ژمارەیان لەبەرامبەر سەبەئیەکان نەیانتوانی سەریخەن و پشتگیری بکەن، لەبەر ئەوەی (عوسمان)ﷺ فەرمانی پێکردبون دەست بکێشنەوەو جەنگ نەکەن، دەستیان کرد بە وتنی (إنّا لله وإنّا إليه راجعون) و گریان، بەلام چی بکەن؟ لە کاتێکدا سوپای ئەو لەرێدەرچووە سەبەئیانە مەدینەی داگیرکردوەو خراپەکاری تێدا دەکا و ڕێگری خەڵکەکەی دەکا لە هەموو شتێ؟

ئەمیری بەفیعلی مەدینە غافقی کوڕی حەربی عەککی بوو

فەرمانڕەوای مەدینە ئەمیری لەرێدەرچووەکانی میصر(غافقی کوڕی حەربی عەککی) بوو.

شەیتانە نەخشەکێشەکە (عبداللەی کوڕی وەهەبی سەبەء)یشیان لەگەڵ بوو، شاد و دڵخۆش بوو بەهۆی گەیشتنی بە هیواو ئاوات و ئامانجە جولەکەییە شەیتانیەکانی!

گەورە هاوەڵان هەریەکەیان لەسەر کوشتنی (عوسمان)ﷺ قسەی خۆیان کرد.

زوبەیر و طەلحە و عەلی جنێو بە بکوژانی عوسمان دەدەن

کاتێك (زوبەیری کوڕی عەوام)ﷺ بەوەی زانی وتی: ڕەحمەتی خوا لە (عوسمان)، إنّا لله وإنّا إليه راجعون.

پێیان وت: ئەوانەی کوشتیان پەشیمان بونەتەوە!

وتی: تەدبیریان کرد، تەدبیریان کرد، بەلام بەوشێویەیان لێهات کە خوا فەرموویەتی: ﴿وَحِيلَ بَيْنَهُمْ وَبَيْنَ مَا يَشْتَهُونَ: ئەوانە دوور دەخرێنەوە لەوەی

وا ئارەزووی دەکەن.﴾سبأ/٥٤.

کاتێ (طلحه‌ﷺ) بەوەی زانی وتی: ڕەحمەتی خوا لە (عوسمان)، إنّا لله وإنّا إليه راجعون.

وتیان: پەشیمان بونەتەوە.

وتی: دەك لەناوچن! جا ئەم فەرمودەیەی خوای خوێند:

﴿مَا يَنظُرُونَ إِلاَّ صَيْحَةً وَاحِدَةً تَأْخُذُهُمْ وَهُمْ يَخِصِّمُونَ(٤٩)فَلاَ يَسْتَطِيعُونَ تَوْصِيَةً وَلاَ إِلَى أَهْلِهِمْ يَرْجِعُونَ: ئەوانە هەر چاوەنۆڕی یەك نەعرەتەن کە لە کاتێکدا خەریکی هەرا و کێشەی ناوخۆیانن، دەیانگرێ، ناتوانن وەسیەتیش بکەن، ڕێشیان نابێ بچنەوە ناو کەس وکاریان.﴾یس/٤٠-٥٠.

کاتێکیش عەلیﷺ بەوەی زانی وتی: ڕەحمەتی خوا لە (عوسمان)، إنّا لله وإنّا إليه راجعون.

وتیان: پەشیمان بونەتەوە.

ئەویش ئەم ئایەتەی خوێند:

﴿كَمَثَلِ الشَّيْطَانِ إِذْ قَالَ لِلإِنسَانِ اكْفُرْ فَلَمَّا كَفَرَ قَالَ إِنِّي بَرِيءٌ مِنْكَ إِنِّي أَخَافُ اللَّهَ رَبَّ الْعَالَمِينَ(١٦)فَكَانَ عَاقِبَتَهُمَا أَنَّهُمَا فِي النَّارِ خَالِدَيْنِ فِيهَا: وەکو شەیتان، کاتێ بە بنیادەمی گوت: خوا مەناسە، وەختێ لە خودا تەکیەوە، گوتی: لێم نزیك مەبەوە، من لەو خودایە دەترسم کە پەروەردگاری گشت دنیایە.. سەرەنجامی هەردووکیان هەر ئەوەیە کە تاهەتایە لە ئاگردا دەمێننەوە﴾الحشر/١٦-١٧.

سەعدی کوڕی ئەبو وەقاص دوعا لە بکوژانی عوسمان دەکات

کاتێکیش (سەعدی کوڕی ئەبو وەقاص)ﷺ بەوەی زانی وتی: ڕەحمەتی خوا لە عوسمان. پاشان ئەم ئایەتەی خوێندەوە:

﴿قُلْ هَلْ نُنَبِّئُكُمْ بِالأَخْسَرِينَ أَعْمَالاً(١٠٣)الَّذِينَ ضَلَّ سَعْيُهُمْ فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَهُمْ يَحْسَبُونَ أَنَّهُمْ يُحْسِنُونَ صُنْعًا(١٠٤)أُولَئِكَ الَّذِينَ كَفَرُوا بِآيَاتِ رَبِّهِمْ وَلِقَائِهِ فَحَبِطَتْ أَعْمَالُهُمْ: بڵێ: ئاخۆ دەتانەوێ پێتان بڵێم، کێن ئەوانەی لە کردەوەکانی خۆیان زۆرتر زیانیان پێدەگا؟ ئەو کەسانەی تەقالایان لەژیانی سەر دنیایەدا بەفیڕۆ چووەو لاشیان وایە کارێکی چاکیان

كردووه.. ئەوانە كەسگەلێكن كە لە نیشانان و دیداری پەروەردگاریان حاشایان كرد، ئیتر هەركارێكی كردیان پوچەڵە.﴾الكهف/١٠٣-١٠٦.

پاشان وتی: خوایەگیان، پەشیمان و سوك و ریسوایان كەی، پاشان بیانگرە.

خوای گەورەش پاڕانەوەكەی (سەعد)ی قبوڵ كرد-سەعد دوعای قبوڵ دەبوو-، ئەوەبوو هەموو ئەوانەی بەشداری كوشتنی (عوسمان)یان كرد، خودا گرتنی و بە كوشت چوون، وەك (عبداللەی كوڕی سەبەء) و (غافقی) و (ئەشتەر) و (حەكیمی كوڕی جەبەلە) و (كەنانەی تەجیبی).[1]

هەموویان بە كوشتن مردن

هیچ كەس لەوانەی بەشداری كوشتنی (عوسمان)یان كرد بە مردنی ئاسایی نەمردن، بەڵكو كوژران!!

(موستەنیری كوڕی یەزید) لە براكەیەوە (قەیسی كوڕی یەزید) دەگێڕێتەوە كە وتویەتی: بەخوا نەمزانیوە و نەمبیستووە كەسێك غەزوی (عوسمان)ی كردبێ یا سواربوبێ بۆ ئەو مەبەستە و لە كوژران رزگاری بووبێت.

پاشان (قەیسی كوڕی یەزید) باسی كۆبونەوەی خەڵكێك دەكا لە لەڕێدەرچووەكانی كوفە كە لەسەر عوسمان دەرچوون كە تیایدا (ئەشتەری نەخەعی) و (كومەیلی كوڕی زیاد) و (عومەیری كوڕی ضابئ) هەبوو.

كەوا چۆن هەموویان كوژران جگە لە (عومەر) و (كومەیل).

حەجاج دوا دوكەسیان دەكوژێت

پاش زیاتر لە چل ساڵ لە كوشتنی (عوسمان)، ئەمارەتی (حەجاجی كوڕی یوسفی ثەقەفی) لە عێراق بەرپا بوو.

(حەجاج) پاشی ئەو هەموو ساڵە، بەهۆی دەرچوونیان لەسەر (عوسمان) هەستا بە كوشتنیان.[2]

---

١ ـ تأريخ الطبري ٤: ٣٩٢، والبداية والنهاية ٧: ١٨٩.

٢ ـ تەماشای بەسەرهاتی كوشتنیان لەلایەن حەجاجەوە لە (تأريخ الطبري ٤: ٤٠٣-٤٠٤) بكە.

وتمان (عوسمان)ﷺ کەمێك لەپێش خۆر ئاوابونی ڕۆژی هەینی (١٨)ی مانگی (ذي الحجة)دا کوژرا.

کاتێك تاریك داهات، (نائلەی کچی فەرافیصە)ی خێزانی (عوسمان)ﷺ هات بۆ لای (عبدالرحمنی کوڕی عودەیسی بەلەوی) کە یەکێك بوو لە سەرکردەکانی لەڕێدەرچووەکان بوو، داوای لێکرد لاشەی شەش کوژراوەکە لە ماڵەکەی دەرکا، ئەویش جنێوی پێدا و قەدەغەی کرد!

دەرهێنانی لاشەی عوسمان لە تاریکی شەودا

لە نیوەشەودا (مەروانی کوڕی حەکەم) هات بۆ ماڵی (عوسمان)ﷺ و وتی: ئەگەر تا بەیانی لەعوسمان گەڕێن، ئەوا ئەو خەڵکە لاشەکەی دەشێوێنن.

کۆمەڵێ هاوەڵ کۆوە بون، کە تیایاندا (عەلی) و (طەڵحە) و (کەعبی کوڕی مالیك) و (زەیدی کوڕی ثابیت) و (حەکیمی کوڕی حەزام) و (جوبەیری کوڕی موطعیم) و (زوبەیری کوڕی عەوام) هەبووﷺ.

نوێژ لەسەر کردنی و سپاردنی لە گۆڕستانی بەقیعدا

لاشەکەی (عوسمان)یان دەرکرد، شۆردیان و کفنیان کرد، پاشان (مەروانی کوڕی حەکەم) نوێژی لەسەر جەنازەکەی کرد، پاشان گۆڕەکەیان لە (حەوشی کەوکەب)دا بۆ هەڵکەند، کە بێستانێك بوو پێیان دەوت (بێستانی کەوکەب)، لە تەنیشت (بەقیعی غەرقەد)ەوە بوو، عوسمانﷺ کڕیبوی و کردبووی بە گۆڕستان و کردبویە زیادەیەك بۆ (بەقیع)، یەکەم کەسیش کە تیایدا سپاردە کرا خۆی بووﷺ.

لە بەیانیشدا لاشەی غولامەکانی (عوسمان)" (نەجیح) و (صەبیح)یان هەڵگرت و نوێژیان لەسەرکردن، پاشان لە (حەوشی کەوکەب)دا لە تەنیشت گۆڕەکەی (عوسمان)ەوە ئەسپەردەیان کردن.

بەڵام سێ کوژراوە سەبەئیەکە" (سودان) و (قەتیرە) و (کەلثوم)، بەپێ ڕایان کێشان و فڕێیان دایە بێستانەکانی مەدینەوەو سەگ خواردنی!![1]

دوای کوژران و سپاردەکردنی (عوسمان)، (مەروانی کوڕی حەکەم) لەگەڵ هەندێ لە بەنی ئومەییە لە مەدینە دەرچون بۆ مەککە، لە ترسی

١ ـ تأریخ الطبري ٤: ٤١٤-٤١٥.

چنگی لەڕێ دەرچووە سەبەئیەکان، لە ڕێگەدا گەیشتن بە دایکی بڕواداران (عائشە)ﷺ، کە لە مەککەوە بۆ مەدینە دەگەڕایەوە، پاش جێبەجێکردنی مەناسیکی حەج، هەواڵی کوژرانی (عوسمان)ی پێ ڕاگەیاندﷺ، ئەویش ڕەحمەتی بۆ نارد و دوعای لە بکوژانی کرد و نەفرینی ل‌ێکردن، پاشان گەڕایەوە بۆ مەککە.

دەرچوونی هەندێك لە بەنی ئومەییە بەرەو مەککە

هەندێ لە بەنی ئومەییە لە مەدینە دەرچون و بەرەو شام چوون، لە (وادی القری)دا گەیشتن بە سوپای شام بە سەرکردایەتی (حەبیبی کوڕی مەسلەمە) کە بۆ پشتگیری (عوسمان)ﷺ هاتبون، ئەوانیش هەواڵی کوژرانی (عوسمان)یان پێ ڕاگەیاندن، (حەبیب)یش بە سوپاکەیەوە گەڕایەوە شام و نەچووە مەدینە.

سوپای کوفەش بە سەرکردایەتی (قەعقاعی کوڕی عەمری تەمیمی) کە بۆ پشتگیری (عوسمان)ﷺ دەرچووبون بە کوژرانی (عوسمان)یان زانی و هەر لە ڕێگەوە گەڕانەوە!

چەند قسەیەك دەربارەی کوژرانی عوسمان

لێرەوە چەند قسەیەك دەهێنین سەبارەت بە کوژرانی (عوسمان)ﷺ کە پێغەمبەری خواﷺ و هەندێ لە هاوەڵان و تابعین گوتویانە:

١- (نەسائی) لە (ئەحنەفی کوڕی قەیسی تەمیمی)یەوەﷺ دەگێڕێتەوە کە وتویەتی: بۆ حەج دەرچوین، چوینە مەدینە و دەمانویست حەج بکەین [ئەمەش لە فیتنەکەی عوسماندا بووﷺ]، کاتێك لە ماڵەکانمان بوین و بارو بنەمان دادەنا، یەکێك هات، وتی: خەڵکی لە مزگەوتدا کۆبونەتەوەو ترساویشن، ئێمەش ڕۆیشتین، بینیمان خەڵکی لەمزگەوتدا کۆبونەتەوەو (عەلی) و (زوبەیر) و (طەڵحە) و (سەعدی کوڕی ئەبووەقاص)یشیان لەگەڵدایەﷺ، هەروەها ئێمەش چووین، کاتێك (عوسمان)ﷺ هات بانپۆشێك(چەرچەف)ی زەردی لەبەردا بوو، سەریشی پێ داپۆشیبوو.

عوسمان، هاوەڵان بەشاهێد دەگرێ لە ستایشکردنی پێغەمبەر بۆی

(عوسمان)ﷺ وتی: (عەلی) لێرەیە؟ (طەڵحە) لێرەیە؟ (زوبەیر) لێرەیە؟ (سەعد) لێرەیە؟

وتیان: بەڵێ.

سێ لە بیاردەكانی ماڵ بەخشینی عوسمان لە سەردەمی پێغەمبەر

(عوسمان)ﷺ وتی: سوێندتان دەدەم بەو خوایەی كە هیچ پەرستراوێك جگە لەو نیە، دەزانن پێغەمبەری خواﷺ فەرمووی: هەركەسێ شوێنی بەستنەوەی حوشتری بەنی فولان بكڕێ خوا لێی خۆش دەبێت؟ منیش بە بیست هەزار-یا بیست و پێنج هەزار- كڕیم و چووم بۆ لای پێغەمبەرﷺ و هەواڵەكەم پێدا، فەرمووی: بیخەرە سەر مزگەوتەكەمان و پاداشتەكەی بۆ تۆیە؟

وتیان: ئەرێ بەخوا!

(عوسمان) وتی: سوێندتان دەدەم بەو خوایەی كە هیچ پەرستراوێك جگە لەو نیە، دەزانن پێغەمبەری خواﷺ فەرمووی: هەركەسێ بیری (رۆمە) بكڕێ خوا لێی خۆش بووە؟

منیش بەوەندەو بەوەندە كڕیم، چومە لای پێغەمبەرﷺ و پێم وت: بەوەندەو بەوەندە كڕیومە.

فەرمووی: بیكە بیری موسڵمانان و پاداشتەكەی بۆ تۆیە؟

وتیان: ئەرێ بەخوا!

(عوسمان) وتی: سوێندتان دەدەم بەو خوایەی كە هیچ پەرستراوێك نیە جگە لەخۆی نەبێت، ئەرێ ئێوە دەزانن پێغەمبەری خواﷺ سەیرێكی دەم و چاوی خەڵكی كرد و فەرمووی: هەركەس پێداویستی جەنگی ئەوانە ئامادە بكات خوا لێی خۆش دەبێت؟-مەبەستی (سوپای تەنگی و ناخۆشی: جیش العسرة) بوو-، من ئامادەم كردن، تەنانەت وشتر و رەشمەیەكیشی كەم نەبوو؟

وتیان: ئەرێ بەخوا!

(عوسمان) وتی: پەروەردگارم شاهێد بە، پەروەردگارم شاهێد بە، پەروەردگارم شاهێد بە![1]

پێغەمبەر هەواڵی شەهیدبونی عوسمان و دوو هاوەڵەكەی دەدات

٢- (ترمذی) لە (ئەبو عبدالرحمنی سولەمی)یەوە دەگێڕێتەوە، وتویەتی: (كاتێك عوسمانﷺ گەمارۆ درا، چووە سەرەوەی خانوەكەی و

١ ـ رواه النسائي في كتاب الجهاد، باب فضل من جهز غازياً. أنظر جامع الأصول لأبن الأثير ٨: ٦٣٧-٦٣٨.

پێی وتن: لەبەر خوا بیرتان دەخەمەوە، ئایا دەزانن كاتێك (حیراء) هاتە هەژان، پێغەمبەری خواﷺ پێی فەرموو: جێگیربە ئەی (حیراء)! هیچت لەسەر نیە بێجگە لە پێغەمبەرێك یان صدیقێك یان شەهیدێك؟

وتیان بەڵێ......)[١]

٣- (بوخاری) و (موسلیم) لە (ئەنەسی كوڕی مالیك)ەوەﷺ دەگێڕنەوە كە وتویەتی: شاخی ئوحود هاتە لەرزە، پێغەمبەرﷺ و ئەبوبەكر و عومەر و عوسمانی لەسەربووﷺ، پێغەمبەری خواﷺ فەرمووی: (ئوحود ئارام بە! تەنها پێغەمبەرێك و صدیقێك و دوو شەهیدت لەسەرە).[٢]

پێغەمبەر هەواڵی تەنگژەكە بە عوسمان دەدات

٤- (بوخاری) و (موسلیم) لە (ئەبو موسای ئەشعەری)یەوە دەگێڕێتەوەﷺ، كە وتویەتی: من لە یەكێك لە بێستانەكانی مەدینەدا لەگەڵ پێغەمبەری خوداﷺ بووم، پێغەمبەری خوا فەرمانی پێكردم دەرگاكەی بكرم.

پیاوێك هات داوای مۆڵەتی كرد، وتم: كێیە؟

وتی: ئەبوبەكر.

پێغەمبەری خواﷺ فەرمووی: مۆڵەتی بدە و مژدەی بەهەشتی پێبدە.

پاشان (عومەر) هات، پێغەمبەری خواﷺ فەرمووی: مۆڵەتی بدە و مژدەی بەهەشتی پێ بدە.

پاشان (عوسمان)ﷺ هات، پێغەمبەری خواﷺ فەرمووی: مۆڵەتی بدە و مژدەی بەهەشتی پێبدە لەسەر بەلایەك كە توشی دێ!

(عوسمان)ﷺ هاتە ژورەوەو دەیوت: خوایە ئارامیت، خوا پشتیوانە!![٣]

٥- (ترمذی) و (ئەحمەد) لە (عائشە)وەﷺ دەگێڕێتەوە كە گوتویەتی: من لە خزمەت پێغەمبەردا بوومﷺ، فەرمووی: عائشە! ئەگەر یەكێكمان لابوایەو قسەی بۆ بكردینایە!

---

١ ـ رواه الترمذی في كتاب المناقب، باب مناقب عثمان. أنظر جامع الأصول ٧: ٤٠.

٢ ـ أخرجه البخاري في كتاب الفضائل. ومسلم في كتاب الفضائل.

٣ ـ أخرجه البخاري في كتاب الفضائل ومسلم في كتاب الفضائل.

وتم: ئەی پێغەمبەری خوا! نەنێرم بەدوای ئەبوبەکردا؟

بێدەنگ بوو، پاشان فەرموی: ئەگەر یەکێکمان لابوایەو قسەی بۆ بکردینایە!

وتم: ئایا نەنێرم بەدوای (عومەر)دا؟

بێدەنگ بوو، پاشان بەردەستێکی بانگ کردو بە نهێنی بە گوێیدا چپاندی و ڕۆیشت.

پێغەمبەر فەرمان به عوسمان دەدات کە لە خەلیفایەتی تەنازول نەکات

کاتێکم زانی (عوسمان)ﷺ داوای مۆڵەت دەکات.

مۆڵەتی دا و هاتە ژوورەوە.

پێغەمبەری خواﷺ ماوەیەکی زۆر بە چرپە قسەی لەگەڵ کرد.

پاشان پێی فەرموو: (عوسمان)! خوای بەرز و بالا کراسێکت لەبەر دەکا-مەبەستی خەلافەت بوو-، ئەگەر دووڕووەکان ویستیان دایبکەنی، دایمەکەنە.. دووجار یا سێجار ئەمەی پێفەرموو.[1]

(نوعمانی کوڕی بەشیری ئەنصاری) گێڕەرەوەی فەرمودەکە لە (عائشە)وە وتویەتی: دایکی بڕواداران! ئەی ئەو کاتە ئەم فەرمودەیە لەکوێ بوو؟

پێی وت: بەخوا لەبیرم چووبوو، بیرم نەکەوتەوە!

کاتێك (موعاویە) بەم فەرمودەیەی زانی، داوای لە (عائشە) کرد بۆی بنوسێ، منیش نوسیمەوەو ناردم بۆ شام.[2]

هەر ئەمەش بوو هۆی دەست لەکار نەکێشانەوەی عوسمان تا کوژرا

٦- (ترمذی) لە (ئەبو سەهل)ەوە دەگێڕێتەوە کە وتویەتی: گوێبیستی (عوسمانی کوڕی عەفان) بووم ﷺ کە لە ماڵەکەی خۆیدا بوو، دەیگوت: لە ڕاستیدا پێغەمبەری خواﷺ سپاردەیەکی پێداوم، منیش جێبەجێی دەکەم و ئینشاء الله خۆڕاگرم لەسەری.. ڕەحمەتی خوای لێبێ، خۆڕاگر بوو تا بەشەهیدی کوژرا.[3]

---

١ ـ أخرجه الترمذی في مناقب عثمان، وأحمد في المسند. أنظر صفة الصفوة ١: ٢٩٨-٢٩٩.

٢ ـ البداية والنهايةو لأبن كثير ٧: ٢٠٨.

٣ ـ رواه الترمذي في كتاب المناقب، باب مناقب عثمان.

پێغەمبەر هەواڵی کوژرانی عوسمان بە ستەملێکراوی دەدات

٧-(ترمذي) و (ئەحمەد) لە (عبداللەی کوڕی عومەر)ەوە دەگێڕێتەوە کە وتویەتی: پێغەمبەری خواﷺ باسی فیتنەی کرد و فەرمووی: ئەم سەر و مل پێچراوە بە ستەملێکراوی دەکوژرێ.. ئیبن عومەر دەڵێ: سەیری سەر و مل پێچراوەکەم کرد، دیتم (عوسمان)ە.[١]

پێغەمبەر هەواڵ دەدات کە عوسمان لەسەر ڕێنمونیە

٨- (ترمذي) لە (ئەبو ئەشعەثی صەنعانی)یەوە دەگێڕێتەوە کە فەرمویەتی: دوای کوژرانی (عوسمان)ﷺ چەند وتاربێژێك لە شامدا دەستیان دایە وتار، کە تیایاندا هاوەڵانی پێغەمبەری خواﷺ هەبوو، دوا پیاوێکیان هەستا، پێی دەوترا (موڕەی کوڕی کەعب)، وتی: ئەگەر فەرمودەیەك نەبوایە لە پێغەمبەرمﷺ بیستبوو، هەڵنەدەستام.

پێغەمبەری خواﷺ باسی فیتنەی بۆ کردین و نزیکی کردەوە، پیاوێکی سەرومل پێچراو بەوێدا تێپەڕی، پێغەمبەری خواﷺ فەرمووی: ئەم پیاوە لەو ڕۆژەدا لەسەر ڕێنوێنیە.. چووم بۆ لای، بینیم (عوسمانی کوڕی عەفان)ەﷺ، ڕوویم بۆ لای وەرگێڕا و وتم: ئەی پێغەمبەری خوا! مەبەستت ئەمەیە؟ فەرمووی: بەڵێ!!![٢]

عوسمان لە فیتنەکەدا ڕاستەقینەی کاروبارەکانی دەزانی

ئەم فەرمودە دروستانە ئەوەمان نیشان دەدات کە پێغەمبەری خواﷺ هەواڵی داوە بە (عوسمان)ﷺ سەبارەت بەوەی بەسەریدا دێ و، ئەو لەسەر ڕێنمونیە و داواشی لێ کردووە لەسەر بەڵا خۆڕاگر بێ و لە خەلافەتیش تەنازول نەکا، چونکە بەشەهیدی دەمرێ.

(عوسمان)ﷺ لە ڕۆژانی فیتنە و میحنەکەدا، دەیزانی چی بەسەر دێ و، فیتنە بەچی کۆتایی دێت، لەبەر ئەوەی لە پێغەمبەری خوایﷺ بیستبوو.

(عوسمان)ﷺ دڵنیابوو کە لەڕێدەرچووە سەبەئیەکان ئاژاوەچین و لەسەر ناهەقن، ناوەستن و بێدەنگ نابن و سەرەنجامیش لە کوشتنیدا سەردەکەون.

---

١ ـ رواه الترمذي في مناقب عثمان. وأحمد في مسند ابن عمر.

٢ ـ رواه الترمذي في مناقب عثمان.

ئەو ئەنجامەی پێی دەگەین

لەوانەیە ئەمە ڕاڤەی نهێنی سوربونی (عوسمان)مان ﷺ بۆ بکات لەسەر دانەبەزین لە خەلافەت و، خەلافەت کراسێك بێ لەلایەن خواوە لەبەری کراوەو دروست نیە دایکەنێت، هەرچەندە دوورووە سەبەئیەکان هەوڵی داکەنینی بدەن، چونکە لەسەر ناهەقن. ئەمەیە کە پێغەمبەری خوا ﷺ وەسیەتی بۆ کردووەو (عبداللەی کوڕی عومەر)یش ئاماژەی بۆ دەکات.

لەوانەیە هەر ئەمەش ڕاڤەکەری نهێنی ئەو سوربونەی (عوسمان) ﷺ بێت لەسەر جەنگ نەکردن لە مەدینەدا و سەرچاوەی ئەو فەرمانە یەکلایی و زۆر سورەی (عوسمان) ﷺ بێ بۆ هاوەڵان و کوڕەکانیان کە چەك فڕێ دەن و بگەڕێنەوە بۆ ماڵەکانیان!

خوا لە (عوسمان) ڕازی بێت و بە ڕەزامەندی خۆیشی شادی کا، چۆن خۆڕاگر و خواویست بوو و پشتی بەخوا بەست، تەسلیمی قەدەری خوا بوو، چاودێری و چاوەڕێی کوژران و شەهیدبونی بوو، پێی باش بوو خۆی قوربانی ئوممەتەکەی بێ، بەهۆی ئەوەوە خوێنێ نەڕژێ!!

ئیبن عومەر هەندێك گومان لەسەر عوسمان بۆ میصریەکە ڕوون دەکاتەوە

٩- (بوخاری) و (ترمذی) لە (عوسمانی کوڕی عبداللەی کوڕی موەهەب)ەوە دەگێڕێتەوە، کە وتویەتی: پیاوێکی خەڵکی میصر هات دەیویست حەج بکات، بینی کۆمەڵێك کۆڕیان گرتوە، وتی: ئەو خەڵکە کێن؟

وتیان: ئەوانە قورەیشین!

وتی: کێ شێخ(مامۆستا)یانە؟

وتیان: عبداللەی کوڕی عومەر.

وتی: (ئیبن عومەر)! من پرسیاری شتێکت لێدەکەم، هەواڵم پێبدە، ئایا دەزانی (عوسمان) لە ڕۆژی (ئوحود)دا ڕایکرد؟

(ئیبن عومەر) وتی: بەڵێ.

وتی: ئایا دەزانی بەشداری جەنگی بەدری نەکرد؟

(ئیبن عومەر) وتی: بەڵێ.

وتی: ئایا دەزانی بە (بیعة الرضوان)یشدا خۆی شاردەوەو ئامادەی نەبوو؟

(ئیبن عومەر) وتی: بەڵێ.

پیاوەکە وتی: الله اکبر!

(ئیبن عومەر) وتی: وەرە با بۆت ڕوون کەمەوە.

مەسەلەی ڕاکردنی لە ڕۆژی (ئوحود)دا شایەتی ئەدەم خوای گەورە لێی بوردوەو لێی خۆشبوو، خوا فەرموویەتی:

﴿إِنَّ الَّذِينَ تَوَلَّوْا مِنكُمْ يَوْمَ الْتَقَى الْجَمْعَانِ إِنَّمَا اسْتَزَلَّهُمُ الشَّيْطَانُ بِبَعْضِ مَا كَسَبُوا وَلَقَدْ عَفَا اللَّهُ عَنْهُمْ: ئەوانەی لەئێوە ڕایان کرد-لەوڕۆژەدا کە دوو کۆمەڵ گەیشتنە یەک-، شەیتان هەڵی خلیسکاندن، لەبەر کارێ کە کردبویان" خوایش بەخشینی. هەر خودایە کە لە گوناهان دەبورێ و لەسەرخۆیە.﴾آل عمران/١٥٥.

بەڵام ئامادەنەبونی لە (بەدر)دا، لەبەر ئەوەبوو کە (ڕوقیە)ی کچی پێغەمبەری خواﷺ کە خێزانی ئەوبوو، لەو کاتەدا نەخۆش بوو، پێغەمبەری خواﷺ پێی فەرموو: تۆ پاداشت و بەشی پیاوێکت هەیە کە ئامادەی (بەدر) بووە.

بەڵام ئامادە نەبونی لە (بیعة الرضوان)دا، ئەگەر لە بنەچەکانی مەککەدا کەسێکی بەڕێزتر لە (عوسمان) هەبوایە، ئەوا دەیاننارد بۆ مەککە، پێغەمبەری خواﷺ ناردی، (بیعة الرضوان)یش دوای ناردنی (عوسمان) بوو بۆ مەککە، پێغەمبەری خواشﷺ بە دەستی ڕاستی ئاماژەی دا: ئا ئەمە دەستی (عوسمان)ە، دای بە دەستی خۆیداو وتی: ئەمەش لەبۆ عوسمان!!

پاشان (ئیبن عومەر) بە پیاوە میصریەکەی وت: دەی ئەمە لەگەڵ خۆت بەە!![1]

حوذەیفەی کوڕی یەمان قسە لەسەر شەهیدبونی عوسمان دەکات

١٠- (حوذەیفەی کوڕی یەمان)ﷺ قسەیەکی سەیری هەیە لەسەر مەسەلەی کوژرانەکەی (عوسمان)ﷺ.

(زەیدی کوڕی وەهەب) لە (حوذەیفە)وەﷺ گێراویەتیەوە کە وتویەتی: یەکەم فیتنە کوژرانی (عوسمان)ە و دواهەمین فیتنە دەرچوونی دەجالە، سوێند بەوەی نەفسی منی بەدەستە، هەرکەسێك بە ئەندازەی وردیلەیەك

١ ـ رواه البخاري في الفضائل، والترمذي في مناقب عثمان.

کوژرانی (عوسمان)ی پێ خۆش بێت، ئەگەر بە دەجال بگا یەکسەر شوێنی دەکەوێت، ئەگەر پێشی نەگا لە گۆڕەکەیدا بڕوای پێ دێنێ!

(موحەممەدی کوڕی سیرین)یش لە (حوذەیفە)وە ﷺ گێڕاویەتیەوە کە وتویەتی: پەروەردگارا! ئەگەر کوژرانی (عوسمان) خێری تیا بووبێ، ئەوا بەشی منی تێدا نیە، ئەگەر کوژرانەکەی شەڕیش بووبێت، ئەوا من لێی بەریم.. بەخوا ئەگەر کوشتنی خەیر بێت ئەوا خەیری لێ دەبارێت، ئەگەر کوشتنیشی شەڕ بێت ئەوا خوێن دەمژێ.

(ئەبوعبدالله‌ی حەرانی) لە (حوذەیفە ﷺ)وە گێڕاویەتیەوە، کاتێک (حوذەیفە) لە ماڵی خۆیدا نەخۆشی مردنی گرت، یەک لە براکانی لەگەڵدا بوو، قسەی لەگەڵ خێزانەکەی دەکرد و دەیچپاند بە گوێیدا، ئەویش چاوی کردەوەو پێی وت: چی ڕوویداوە؟ وتیان: خەیر!

وتی: شتێک لەمنی بشارنەوە خەیر نیە.

پیاوەکە وتی: (عوسمان) کوژراوە.

(حوذەیفە) وتی: إنا لله وإنا اليه راجعون، پەروەردگارا! من بەری و کەنارگیرم لەم کارە، ئەگەر کوشتنی خەیر بێت، ئەوە بۆ ئەوانەیە ئامادەی بون، من لێی بەریم، ئەگەریش کوشتنەکەی زیان بێت، ئەوا هی ئەوەیە ئامادەی بوو، منیش لێی بەریم.. ئەی (عوسمان) ئەمڕۆ دڵەکان گۆڕان، سوپاس بۆ ئەو خوایەی پێش فیتنەی خستم، بە سەرکردە و پیاوەگەورەکانیەوە.[1]

ئیبن موسەیەب هۆی لاپرێبونی ئیبن ئەبی حوذەیفە ڕوون دەکاتەوە

١١- (یەحیای کوڕی سەعید) و (عبدالله‌ی کوڕی سەعیدی کوڕی ثابیت) وتویانە: پرسیارکەرێک سەبارەت بە (موحەممەدی کوڕی ئەبو حوذەیفەی کوڕی عوتبە)-کە (عوسمان)ﷺ بەخێوی کردبوو، کوڕی ژنەکەی بوو، لەماڵی ئەودا بە هەتیوی گەورە بوو- پرسیاری لە (سەعیدی کوڕی موسەیەب) کرد: چی وای لەو کرد لە (عوسمان)ﷺ یاخی بێ؟

(سەعیدی کوڕی موسەیەب) وتی: ئەو هەتیو بوو، لە ماڵی (عوسمان)دا

---

١ ـ تەماشای وتەکانی حوژەیفە بکە لە (البداية والنهاية) ٤: ١٩٢.

گەورە بوو، (عوسمان)ﷺ سەرپەرشتیاری هەتیوی کەسوکارەکانیشی بوو، هەموویانی لەخۆ دەگرت و نەفەقەی دەکێشان، کاتێ (عوسمان)ﷺ خەلافەتی گرتە دەست، (موحەممەد) داوای لە (عوسمان) کرد بیکاتە سەرپەرشتیاری کارێك!

(عوسمان)ﷺ پێی وت: ڕۆڵەکەم، ئەگەر تۆ باش و وشیار و شایستە بی بۆ کار، ئەوا بەکارت دەهێنم و سەرپەرشتیاری کارێکیشت پێ دەدەم، بەڵام هێشتا شایستەی ئەوە نیت!

(موحەممەد) پێی وت: کەواتە مۆڵەتم بدە تا دەرچم و بەدوای کارێکدا بگەڕێم بۆ قوتی ژیانم.

(عوسمان)ﷺ پێی وت: بۆ کوێ دەتەوێ بچۆ.

(عوسمان)ﷺ لەلایەن خۆیەوە ئامادەی کرد و ماڵ و سامانی پێدا.

(موحەممەدی کوڕی ئەبو حوزەیفە) ڕۆیشت بۆ میصر، ڕقی لە (عوسمان)ﷺ هەڵسابوو، چونکە ویلایەتی پێ نەسپاردبوو، لەوێش سەبەئیەکان لە دەوری کۆبونەوەو بەلای خۆیاندا ڕایانکێشا![1]

نیبن موسەییەب هۆی کاریگەربونی عەممار بە گومانەکان ڕوون دەکاتەوە

١٢- پرسیار لە (سەعیدی کوڕی موسەییەب) کرا سەبارەت بە هۆی وەستانی (عەممای کوڕی یاسر) دژ بە (عوسمان)ﷺ و کاریگەر بونی پێیان-لەگەڵ ئەوەی ئەو وەك ئەوان سەبەئی نەبووﷺ-.

وتی: لەنێوان (عەممار) و (عەباسی کوڕی عوتبەی کوڕی ئەبوجەهل)دا دەمەقاڵێیەك ڕوویدا، (عوسمان)ﷺ لێی دان، ئەوەش بووە هۆی تێکچوونی نێوان خاوخێزانی (عەممار) و خاوخێزانی (عوتبە)، (عەممار)یش لەمەوە هەڵوێستی بەرامبەر (عوسمان)ﷺ گۆڕا.

سالمی کوڕی عبدالله، هۆی کاریگەربونی موحەممەدی کوڕی ئەبوبەکر بە گومانەکان ڕوون دەکاتەوە

(سەعیدی کوڕی موسەییەب) هۆ و مەبەستی لێدانەکەی (عەممار)ی درێژە پێنەدا.[2]

١٣- (موبەشیر) پرسیاری لە (سالمی کوڕی عبداللهی کوڕی عومەر)

---

١ ـ تأريخ الطبري ٤: ٣٩٩.

٢ ـ تأريخ الطبري ٤: ٣٩٩.

کرد‌ﷺ، سەبارەت بە (موحەممەدی کوڕی ئەبوبەکری صدیق)، کە چی وای لێکرد دژ بە (عوسمان)ﷺ بوەستێ؟

(سالم) وتی: توڕەیی و تەماح!

(موبەشیر) وتی: توڕەیی و تەماحی چی؟

(سالم) وتی: (موحەممەدی کوڕی ئەبوبەکر) ئەو شوێنەی هەبو لە ئیسلامدا کە هەیبوو، ئەو کوڕی (ئەبوبەکری صدیق) بووﷺ، هەندێك لە خەڵکی هانیان دا و تەماحیان بۆی دروست کرد، ڕێنیشاندەری هەبوو.

هەقێك کەوتە سەری، (عوسمان)یشﷺ بە ڕەوا گرتی و دای لە پشتی و، نەرمی لەگەڵ نەنواند!

لە دەرونی (موحەممەد)دا ئەمە و ئەوە کۆبونەوە، دژ بە (عوسمان)ﷺ وەستا، بوو بە سەرزەنشتکراو(مذمم)، پاش ئەوەی سوپاسکراو(محمد) بوو.[١]

ئیبن کەپیر هۆی نەجەنگانی هاوەڵان لەگەڵ سەبەئیەکان روون دەکاتەوە

١٤- ئەم وتانە بە پرسیارێك کۆتایی پێ دێنین کە ئیمامی مێژوونووس (ئیبن کەثیر) ڕەحمەتی خوای لێبێ، وروژاندویەتی و چەند وەڵامێکی نایابیشی بۆ تۆمار کردووە.

دەڵێ: ئەگەر یەکێك بڵێ: چۆن (عوسمان) لە مەدینەدا کوژرا؟ لەکاتێکدا کۆمەڵێك لە گەورە هاوەڵانی تێدا بوو؟ بۆ بەربەستی کوشتنەکەیان نەکرد؟

هاوەڵان ئەوەقوعی کوشتنی عوسمانیان نەدەکرد

وەڵام لە چەند ڕوویەکەوە:

وەڵامێکیان: هیچ یەکێك لەو هاوەڵانە گومانی نەدەبرد کە کار بگا بەوەی لەڕێدەرچووەکان (عوسمان)ﷺ بکوژن، ئەوان مەبەستی کوشتنیان ڕانەگەیاندبوو، بەڵکو لەوانەیە زۆرینیان لەسەرەتاوە نەیانویستبێ بیکوژن.

چونکە یەك لەم سێیەیان لێ داوا دەکرد:

یا خۆی لە کار بخا، یا (مەروانی کوڕی حەکەم)یان تەسلیم بکات، یان دەیکوژن!

زۆربەی هاوەڵان داواخواز بون (مەروان)یان تەسلیم بکا یا خۆی لەکار بخا، بەمەش لەو میحنەتە ڕزگاری دەبێ.

---

١ ـ تأريخ الطبري ٤: ٤٠٠.

هاوەڵان گومانیان نەدەبرد كوشتن ڕوو بدا و، ئەو خەڵكە جورئەتیان بكاتە ئەو ڕادەیە كە هەستن بە كوشتنی!

هاوەڵان لە پێناویدا جەنگان بەڵام ئەو فەرمانی ڕاگرتنی جەنگی پێدان

دووەم: هاوەڵان بەرگریان لە كوشتنی (عوسمان)ﷺ كرد و پشتگیریان كرد، زۆر بەتوندیش بەربەستیان لێكرد، بەڵكو هەندێكیان لەپێناویدا جەنگان، بەڵام كاتێك میحنەتەكە پەرەی سەند، (عوسمان)ﷺ سوێندی لێخواردن كە بگەڕێنەوە بۆ ماڵەكانیان، ئەوانیش لەگەڵ پێناخۆش بونیاندا فەرمانەكەیان جێبەجێكرد، چونكە دەیانزانی جێبەجێكردنی فەرمانی ئەمیر خواپەرستی و گوێڕایەڵیەو سەرپێچیكردنیشی بێفەرمانیە.

خەڵكی مەدینە لەبەرامبەر سەبەئیەكان كەم بون

وەڵامی سێیەمیان: ئەو لەڕێدەرچووە سەبەئیانە كاتێكی گونجاو و لەباریان هەڵبژارد بۆ داگیركردنی مەدینە، ئەویش كاتی دەرچوونی زۆربەی خەڵكی مەدینە بوو بۆ حەج، لە مەدینەشدا كەمێك لە خەڵكی مابویەوە كە توانای هەڵگرتنی چەكی هەبوبێت.

كاتێكیش لەڕێدەرچووەكان زانیان سوپاكانی میصر و شام و كوفە و بەصرە ڕوویان لە مەدینە كردووە بۆ فریاكەوتنی (عوسمان) و نزیكە حاجیەكانیش بگەڕێنەوە مەدینە، پەلەیان كرد لە جێبەجێكردنی كوشتنی (عوسمان)ﷺ، پێش ئەوەی فریاكەوتنەكان بگەن.

وەڵامی چوارەمیان: ژمارەی لەڕێدەرچووە سەبەئیەكان بە بەراورد لەگەڵ خەڵكی جەنگاوەری مەدینە زۆر بون و سێ هەزار جەنگاوەر بون، كە لەوانەیە ئەو ژمارەیە لە جەنگاوەران لە مەدینەدا نەبوبێ، چونكە خەڵكی لە سەنگەر و شار و وڵاتە ڕزگاركراوەكاندا بون.

زۆرێكیان كەنارگیریان لە فیتنە كرد

لەگەڵ ئەوەشدا زۆربەی هاوەڵان كەنارگیریان لە فیتنە كرد و لە ماڵەكانیان نەهاتنە دەرەوە، ئەو كەسەش كە دەهاتە نوێژ لە مزگەوت بە شمشێرەوە دەهات.

ئەگەریش ئەو هاوەڵانە بیانویستایە ئەو لەڕێدەرچووانە لە ماڵی (عوسمان) دووربخەنەوە، لەوانەیە نەیاتوانیبایە!

منداڵانی هاوەڵان بەرگریان لە عوسمان كرد

پاشان گەورە هاوەڵان، وێنەی (عەلی) و (طەڵحە) و (زوبەیر)ﷺ

کوڕەکانیان ناردە لای (عوسمان)ﷺ، بۆ ئەوەی لەگەڵی بن و بەرگری لە ماڵەکەی بکەن، ئەو کوڕانە بە باشترین شێوە بە ڕۆڵی خۆیان هەستان و دەستیان کرد بە شەڕکردن لەگەڵ لەڕێدەرچووەکان، تا ئەو کاتەی (عوسمان)ﷺ داوای لێکردن و سوێندی لێخواردن لە جەنگ کردن نەوەستان!

هیچ هاوەڵێك بە کوشتنی عوسمان رازی نەبوو

بەڵام ئەوەی هەندێ لە خەڵکی باسی دەکەن لەوەی کە هەندێ لە هاوەڵان . وەك (عەلی و طەڵحە و زوبەیر)ـ ﷺ (عوسمان)یان تەسلیم و سەرشۆڕ کرد و، ڕازی بون بە کوشتنی، ئەوە شتێکی پوچ و ناڕەوایە.

هیچ یەکێك لە هاوەڵان ڕازی نەبووە بە کوشتنی (عوسمانﷺ) ، بەڵکو هەموو هاوەڵێك کوشتنەکەی پێ ناخۆش بووەو ریسوای کردووەو جنێوی داوە بەوانەی جێبەجێیان کرد، بەڵام هەندێکیان ئاواتەخواز بون ئەگەر (عوسمانﷺ) خۆی لەکار بخستایە، وەکو (عەمماری کوڕی یاسر).[1]

ڕەزای خوا لە شەهیدی ماڵەکەی (شهید الدار)، (عوسمانی کوڕی عەففان) بێ و بە رازیبونی خۆی شادی بکا، خوای گەورەش لە سەرجەم هاوەڵانی پێغەمبەری خوا ڕازی بێت...

١ـ البداية والنهاية لأبن كثير ٤: ١٩٧-١٩٨، بە دەستکاری داڕشتن و کورتکردنەوەی، بەڵام ئەمە ناوەڕۆکی وتەکانی (ابن كثير)ە.

ترۆسکی پێنجەم

عەلی کوڕی ئەبوطالب، لەنێوان جێنشین بون و شەهیدبوندا.

خەواریجە سەبەئیەکان توانیان عوسمانی کوڕی عەففان‌ﷺ بکوژن، ئەوەش لەپێش ئاوابونی خۆر لە ڕۆژی هەینی هەژدەی مانگی (ذی الحجة)ی ساڵی ٣٥ی کۆچی بوو.

سەبەئیەکان مەدینە داگیر دەکەن

لەو کاتەدا فەرمانڕەوای سەبەئییەکان لە مەدینەدا (غافقی کوڕی حەربی عەککی) بوو، شەیتانی ڕاستەقینەیان (عبداللّهی کوڕی وەهەبی کوڕی سەبەء)یان لەگەڵدا بوو.

لە ڕۆژانی گەمارۆی عوسمان و ڕۆژانی دوای شەهیدبونی، غافقی کوڕی حەرب فەرمانڕەوای کرداری مەدینە بوو، واتە شاری مەدینە لەو کاتەدا لەژێر دەسەلاتی خەواریجە سەبەئیەکان بوو.

ناکۆکی سەبەئیەکان لەسەر خەلیفەی نوێ

لەپێش کوژرانی عوسمان، سەبەئیەکان لەنێوان خۆیاندا کۆك نەبون لەسەر ئەوەی لەدوای عوسمان‌ﷺ کێ ببێتە جێنشین، بەڵکو لەسەر دانانی جێنشینی تازەش ناکۆك بون.

ئێمە ئەوە دەزانین کە سەبەئیەکان سێ کۆمەڵ بون لە میصرو کوفە و بەصرە، سەبەئیەکانی میصری هەواداری (عەلی کوڕی ئەبوطالب)ﷺ بون و سەبەئیەکانی کوفە هەواداری (زوبەیری کوڕی عەوام)ﷺ بون و سەبەئیەکانی بەصرەش هەواداری (طەڵحەی کوڕی عبیداللّه)ﷺ بون.

سەبەئیەکان تەنها لەسەر کوشتنی عوسمان‌ﷺ و شێواندنی ژیانی موسڵمانان و دروستکردنی دووبەرەکی لەنێوانیاندا کۆك بون، لەبەر ئەوە بەدوای دانانی جێنشینێك لەدوای عوسمان‌ﷺدا نەدەگەڕان.

موسڵمانەکان بەبێ جێنشینن، ئەمە یەکەم جارە شتی وا ڕوو بدات، چەند ڕۆژێك بەسەر کوژرانی جێنشینەکەیاندا تێپەڕی، ئایە سەرکردە سەبەئیەکان دەبێ چی بکەن؟ شەیتانەکانیان وێنەی (عبداللّەی کوڕی

سەبەء) و (غافقی كوڕی حەرب) و (ئەشتەری نەخەعی) و (حەكیمی كوڕی جەبەلە) دەبێ چۆن هەڵسوكەوت بكەن؟ پێویستە كارێك بكەن ئەو گرفتەی پێ چارەسەر بێ.

گەورە هاوەڵان بانگەشەی سەبەئیەكان بۆ بەیعەت پێدان ڕەت دەكەنەوە

سەركردە سەبەئیەكان پێنج ڕۆژ بەردەوام بون و پەیوەندیان دەكرد بە گەورە هاوەڵەكان و داوای ئەوەیان لێ دەكردن كە یەكێكیان ببێت بە جێنشین و ئەوانیش بەیعەتی بدەنێ. بەڵام هاوەڵە بەڕێزەكان قسەی سەبەئیەكانیان ڕەت دەكردەوەو پەسەندیان نەدەكرد، بەڵكو نەفرەتیان لێدەكردن لەوەی كە هەستان بە كوشتنی عوسمانﷺ.!!

عەلی و طەڵحە و زوبەیر بەیعەتی سەبەئیەكان ڕەت دەكەنەوە

لەو (دە) كەسەی كە مژدەی بەهەشتیان پێدرابوو پێنجیان لەژیاندا مابون، ئەوانیش (عەلی كوڕی ئەبوطالب) و (طەڵحەی كوڕی عبیداللە) و (زوبەیری كوڕی عەوام) و (سەعدی كوڕی ئەبو وەققاس) و (سەعیدی كوڕی زەید)ﷺ، بەڵام ئەوانی تر كۆچی دواییان كردبوو كە ئەم پێنجە بون: (ئەبوبەكر) و (عومەر) و (عوسمان) و (ئەبوعبیدەی عامری كوڕی جەڕاح) و (عبدالرحمنی كوڕی عەوف)ﷺ.

سەبەئیەكانی میصر دەچنە لای (عەلی كوڕی ئەبوطالب)ﷺ چونكە هەواداری ئەوبون و داوای لێ دەكەن كە ڕازی بێت و بەیعەتی بدەنێ و بیكەن بە جێنشین، بەڵام داواكەیان ڕەت دەكاتەوەو خۆی لێیان بەری دەكا و نەفرەتیان لێ دەكات.

سەبەئیەكانی كوفەش دەچنە لای (زوبەیر)ﷺ و داوای ئەوەی لێ دەكەن ببێت بە جێنشین، ئەویش داواكەیان ڕەت دەكاتەوەو خۆیان لێ بەری دەكا و نەفرەتیان لێ دەكات.

سەبەئیەكانی بەصرەش دەچنە لای (طەڵحە)ﷺ و داوای ئەوەی لێ دەكەن، ئەویش ڕەتی دەكاتەوە و خۆی لێیان بەری دەكا و نەفرەتیان لێ دەكا.

چەند جار ئەو هەوڵانەیان لەگەڵ ئەو سێ هاوەڵەدا دووبارە كردەوە، بەڵام ئەوان لەسەر ڕەت كردنەوەی داواكەیان سووربون.

سەبەئیەکان دەچنە لای سەعیدی کوڕی ئەبو وەقاص بۆ جێنشینایەتی

لێرەدا قسەی هەرسێ کۆمەڵەکە بوو بە یەك لەسەر ئەوەی (عەلی) و (طەڵحە) و (زوبەیر)ﷺ بەلاوە بنێن و هیچ کام لەو سیانە هەڵنەبژێرن و بچن بۆ لای هاوەڵی چوارەم، ئەویش (سەعدی کوڕی ئەبو وەقاص)ەﷺ.

لەو سەردەمەدا (سەعد) و (سەعیدی کوڕی زەید)ﷺ خۆیان لەو ئاژاوەیەدا کەنارگیر کردبوو، لە پارچە زەویەك کە هەیان بوو لە ناوچەی (العقیق)ی نزیك مەدینە نیشتەجێ ببون.

سەبەئیەکان بە سەعدیان وت: تۆ خاڵۆی پێغەمبەری خواﷺ و یەکێکی لەو (دە)کەسەی مژدەی بەهەشتیان پێدراوە و پێغەمبەرﷺ کە کۆچی دوایی کرد لە تۆ ڕازی بوو و، (عومەر)ﷺ تۆی کردبووە ئەندامی شورا و ئێمەش لەسەر تۆ کۆبوینەتەوە و کۆین لەسەرئەوەی بەیعەتت بدەینێ و بتکەین بە فەرمانڕەوای بڕواداران، جا هەستە و با بەیعەتت بدەینێ.

سەعد داواکەیان ڕەت دەکاتەوە

سەعدﷺ بەم شێوەیە وەڵامی داواکەی دانەوەو وتی: هەر لەو کاتەی شورا کۆبوەوە و بەیعەتیان دا بە عوسمان من و (ئیبن عومەر) ای لێی دەرچووین، من هەرگیز پێویستم بەمە نیە.

دواتر ئەم دێرە شیعرەی گوت:

لا تخلطن خبيثات بطيّبة   واخلع ثيابك منها وانجُ عُريانا[1]

کاتێك گوێبیستی ڕەتدانەوەی سەعد بون ڕوویان کردە (عبدالله‌ی کوڕی عومەر)ﷺ و پێیان وت: تۆ کوڕی (عومەری کوڕی خەتتاب)ی، تۆ بەم کارە هەستە..

ئیبن عومەر داواکەیان ڕەت دەکاتەوە

ئەویش بەم شێوەیە وەڵامی دانەوە:

ئەم کارە تۆڵەی هەیە، بەخوا من خۆمی تێدا هەڵناقورتێنم.

سەبەئیەکان واقیان وڕما بە ڕەت کردنەوەی هەر پێنج هاوەڵەکە بۆ قبوڵ کردنی خەلافەت و دانیشتن بۆ بەیعەتدان لە ژێر شمشێری

---

١ ـ ماناکەی ئەوەیە: پیسەکان بە پاك تێکەڵ مەکە، جلەکانت فڕێدە و بە ڕووتی خۆت ڕزگار کە.

سەبەئیەکان و لەژێر داگیرکردنیان بۆ مەدینە. هەوڵەکانی سەبەئیەکان کە پێنج ڕۆژی خایاند بێئاکام بوو.!!

لە کارەکەشیان سەرسام بون و نەیاندەزانی چی بکەن.

عەلی داوای هەندێك لە هاوەڵان ڕەت دەکاتەوە بۆ بەیعەت پێدان

هەندێ لە موسڵمانان -کە سەبەئی نەبون- چوون بۆ لای (عەلی کوڕی ئەبوطالب)ﷺ و داوایان لێ کرد ببێتە جێنشین، ئەویش ڕەتی کردەوە و، داوای لێکردن جێنشینایەتی بە شورا بێ و پێی وتن: عومەر پیاوێکی پیرۆز بوو، دانانی جێنشینی کردە شورا، لەسەر خەڵکی پێویستە کۆ ببنەوەو ڕاوێژ بکەن، بۆ ئەوەی جێنشینی خۆیان دەستنیشان بکەن.

هەندێك لە موسڵمانان وتیان: ئەگەر خەڵکی گەڕانەوە بۆ شارەکانی خۆیان و جێنشین هەڵنەبژێردرا، ئەوکاتە مەترسی ناکۆکی خەڵکی و پشێوی ئوممەت لەئارادا دەبێت، پێویستە هەرچیزووترە جێنشین هەڵبژێرین..

هەوڵ و تەقەلای سەبەئیەکان بۆ هەڵبژاردنی جێنشین پێنج ڕۆژ بەردەوام بوو، لە ڕۆژی شەممەوە تاوەکو ڕۆژی چوارشەممە، بێ ئەوەی ئەنجامێکی هەبێ.[1]

سەبەئیەکان خەڵکی مەدینە کۆردەکەنەوە

لە ڕۆژی شەشەمدا، کە دەکاتە ڕۆژی پێنج شەممەی (٢٤)ی (ذي الحجة)، سەبەئیەکان خەڵکی مەدینەیان بە زۆر لەمزگەوت کۆکردەوە.

(طەڵحە) و (زوبەیر) و (سەعد)ﷺ لەگەڵ خەڵکە کۆبووەوەکە نەبون، چونکە بۆ سەر زەویەکانیان لە دەرەوەی مەدینە دەرچووبون.

پاش کۆکردنەوە پێیان وتن: ئەی خەڵکی مەدینە! ئێوە ئەهلی ڕاوێژن، لەم ئوممەتەدا ئێوە ئەهلی حەل و عەقدن، بە ڕەزامەندی ئێوە پێشەوا جێگیر دەبێت، فەرمانی ئێوە لای ئوممەت جێبەجێ دەکرێت، پیاوێك لەخۆتان هەڵبژێرن و بەیعەتی جێنشینایەتی پێ بدەن، ئێمەش دواتان دەکەوین و هاودەنگ دەبین لەسەر ئەو کەسەی هەڵی دەبژێرن!

---

١ ـ تأريخ الطبري ٤ : ٤٣٢-٤٣٣

مۆڵەتی دوو ڕۆژیان دەدەن بۆ هەڵبژاردنی خەلیفە

دوای ئـەوە هەڕەشـەیان لـە خـەڵکی مەدینـە کـرد و وتیـان: دوو ڕۆژ کاتەکەتان بۆ دوا دەخەین بۆ ئەوەی جێنشین هەڵبـژێرن.. سوێند بەخوا ئەگەر لەم دوو ڕۆژەدا جێنشین هەڵنەبژێرن، ئەوا ئێمە (عەلی) و (طەڵحە) و (زوبەیر) و خەڵکانێکی زۆر لە ئێوە دەکوژین!![1]

خـەڵکی مەدینـە لـەوە ترسـان خەواریجـە سـەبەئیەکان هەڕەشـەکانیان جێبەجێ بکەن، چونکە ئەوانە خەڵکێکی پیاوکوژن، پێشتر فەرمانڕەوای ئیمانداران (عوسمان)یانﷺ کوشت، چی ڕێیـان لێ دەگرێت هەڕەشـەکانیان جێبەجێ نەکەن؟

باروبۆخی هەڵبژاردنی عەلی بۆ جێنشینایەتی

لـەم بارودۆخـە خەماویـەدا و، لـەو کاتـەی کـە سـەبەئیەکان مەدینـەیان داگیر کردووە و، زۆریـان لـە خەڵکەکـەی کـردووە کـە جێنشین هەڵبـژێرن، خەڵکی مەدینە ڕوویان کردە (عەلی کوڕی ئەبوطالب)ﷺ.

بارودۆخەکە بارودۆخی زۆرکردن و تۆقاندن بوو، لەلایەن ئەو کۆمەڵە بکوژە خەواریجانەوە، ئەگەر لە ماوەی دیاریکراودا جێنشین هەڵنەبژێرن، ئەوا مەرگ چاوەڕوانی خەڵکی مەدینە دەکات!!

گفتوگۆی نێوان عەلی و خەڵکی مەدینە

خەڵکی مەدینە چوون بۆ لای (عەلی کوڕی ئەبوطالب)ﷺ و پێیان وت: وەرە با بەیعەتت بدەینێ!! نابینی ئیسلام چی بەسەر هاتووە؟ نابینی تووشی چی بووین؟ ئەو کۆمەڵە نابینی؟

(عەلی)ﷺ وەڵامی دانەوەو وتی: وازم لێبێنن و بچن یەکێکی تر دابنێن، چونکە ڕووبەڕووی کارێك بووینەتەوە چەند ڕوویەکی هەیە و چەند ڕەنگی هەیە، دڵ پێی هەڵناستێت و ژیریەکان لەسەری جێگیر نابن!!

پێیان وت: بۆ خوا داوات لێدەکەین کە ڕازی بیت بەیعەتت بدەینێ و بەم کارە هەڵبستی، ئایا ئەوە نابینی کە ئێمە دەیبینین؟ ئایا ئیسلام نابینی! ئایا ئاژاوەکە نابینی! ئایا لە خوا ناترسێی!!!

---

١ ـ تأريخ الطبري ٤ : ٤٣٣-٤٣٤

عەلی رازی دەبێ بەوەی بەیعەتی بدەنێ

عـەلیرضي الله عنه لەبـەردەم ئـەو هـەموو هـەوڵ و پێداگیریانـەی گـەورە هاوەڵانـدا ناچار بوو پاشگەز بێتەوە و داواکەیان وەربگرێت.

پێی وتن: ئەوە بزانن من ئەگەر وەڵامی داواکەتانم داوە و رازی بووم بە بەیعـەتتان، ئەوکاتـە رای خـۆم بەسـەرتاندا دەسـەپێنم، دەتانخەمـە سـەر ئـەوەی دەیـزانم، ئەگـەریش وازم لێبێـنن و کەسێکی تـر هەڵبـژێرن، ئـەوە لـەلای مـن چـاکترە و مـن یـەکێکم وەك ئێـوە.. مـن گوێڕایـەڵترین و ملکەچترینتانم بۆ هەر کەسێ کە ئێوە بیکەن بە فەرمانڕەوا.

کۆبونەوەی هەینی لە مزگەوت بۆ بەیعەت دان بە عەلی

ئـەو ڕۆژە بڵاوەیـان لێکـرد و ڕێکـەوتن لەسـەر ئـەوەی بـەیانی یـەکتری ببینن کە ڕۆژی هەینییە و ڕۆژی کۆتایی مۆڵەتەکەی سەبەئیەکانە بۆیان.

سەبەئیەکان بەوەیان زانی کە خەڵکی مەدینە روو دەکەنە مزگەوت بۆ بەیعەت دان بە (عـەلی)رضي الله عنه، کاتی بەیعـەت دانەکەشیان زانی کە هەینییە و لەناو مزگەوتدایە.

دڵخۆشی سەبەئیەکانی میصر و تورەبونی سەبەئیەکانی کوفە و بەصرة

سـەبەئیە مصـریەکان-و لەگـەڵ ئەوانیشـدا سـەری ئاژەوەگێڕیەکـە (عبداللەی کوڕی سەبەء)، کە هەر ئەوانیش بون (عوسمـان)یانرضي الله عنه کوشت- دڵخۆش بون، چونکە هـەواداری (عـەلی) بون و، هەڵبـژاردنی (عـەلی)رضي الله عنه بە فـەرمانڕەوای بـڕواداران بـە سـەرکەوتنێکی خۆیـان دەزانـی بەسـەر سەبەئیەکانی دیکەدا.

لەو کاتەی ئەمانە دڵخۆش بون، بەڵام سەبەئیەکانی کوفە لە (زوبـەیر)رضي الله عنه تـوڕە بـون چـونکە بـە جێنشـینی رازی نـەبوو، هـەروەها سـەبەئیەکانی بەصرەش لە (طەڵحە)رضي الله عنه تورە بون لەبەر هەمان هۆ.

هەر یەك لەم دوو کۆمەڵە خۆیان بە دۆڕا و شکست خواردوو دەزانی، چونکە نەیانتوانیوە ئەو کەسە بکەنە جێنشین کە دەیانویست و هەواداری بون.

ئامادەکردنی طەڵحە و زوبەیر بۆ بەیعەت دان بە عەلی

بەمەش سەبەئیەکانی بەصرە و کوفە بونـە شوێنکەوتەی سـەبەئیەکانی میصر و پارچەیەك لەوان.

بەڵام سوور بون لەسەر بەیعەت دان بە جێنشینی تازە و کۆتایی هێنـان

بەم گرفتە.

سەبەئیەکان وتیان: پێویستە بەیعەت بە (عەلی) بدرێ، چونکە خەڵکی مەدینە ئەویان دەوێت، دەبێ هەموو بەیعەتی پێ بدەن، بە (طەڵحە) و (زوبەیر)یشەوە.

لەو کاتەدا (زوبەیری کوڕی عەوام)ﷺ لە دەرەوەی مەدینە بوو، سەبەئیەکی بەصراییان نارد تا بیهێنێتەوە، تا لە ڕۆژی هەینیدا ئامادەی بەیعەتی (عەلی)ﷺ بێت، ئەوەبوو سەرکردەی سەبەئیەکانی بەصرە (حەکیمی کوڕی جەبەلە) لەگەڵ کۆمەڵێکدا چوون بۆ لای و بەزۆری و بە زەبری شمشێر هێنایانەوە، تا ئامادەی کۆبوونەوەکەی بەیعەت بێت.

(طەڵحەی کوڕی عبیداللە)ﷺ لە دەرەوەی مەدینە بوو، سەبەئیەکی کوفەییان نارد تا ئامادەی بەیعەتی (عەلی)ﷺ بێت لە ڕۆژی هەینیدا، ئەوەبوو سەرکردەی سەبەئیەکانی کوفە (الاشتر النخعی) لەگەڵ کۆمەڵێکدا چوون بۆ لای و بەزۆری و بە زەبری شمشێر هێنایانەوە تا ئامادەی کۆبوونەوەکەی بەیعەت بێت.

کۆبونەوەی ڕۆژی هەینی ٢٥ ژوالحجە لە مزگەوتی پێغەمبەر

لە ڕۆژی هەینی، (٢٥)ی ذي الحجة، ساڵی (٣٥)، هاوەڵان لە مزگەوت کۆبونەوە، لەژێر پاسەوانی و دەسەڵاتی سەبەئیەکاندا بون کە بە شمشێرەوە بەسەر سەریانەوە وەستابون!!.

(عەلی کوڕی ئەبوطالب)ﷺ هات و چووە سەر مینبەر و گوتی: خەڵکینە! ئەمە کاری ئێوەیە، کەس حەقی تێدا نیە، تەنها ئەو کەسە نەبێت کە ئێوە دەیکەن بە فەرمانڕەوا و بەیعەتی دەدەنێ.

عەلی کاروباری جێنشینی دەداتە دەست ئەهلی حەل و عەقد

دوێنێ لەسەر بڕیارێك یەکترمان بەجێ هێشت، ئەگەر ویستتان لەسەر بێت ئەوە بۆتان دادەنیشم و بەیعەتم دەدەنێ و لەسەر بڕیارەکەی دوێنێ دەڕۆین، ئەگەریش ئەوە بەباش نازانن، هەرکەسێك حەز دەکەن هەڵیبژێرن، من هیچ شتێك لە دڵمدا نابێت بەرامبەر بەکەس و، لەگەڵ ئێوەشدا بەیعەتی دەدەمێ!!.

هاوەڵان وتیان: ئێمە لەسەر ئەو بڕیارەی دوێنێین و ڕازین کە تۆ ببینە فەرمانڕەوای بڕواداران، دەستت بێنە با بەیعەتت بدەینێ.

(عەلی)ﷺ دانیشت بۆ بەیعەت پێدان، هاوەڵانیش بەرەو پیری چوون و بەیعەتیان پێدا.

بەیعەتدانی هەموو هاوەڵانی مەدینە بە عەلی

ئەو هاوەڵانەش کە خۆیان لە فیتنەکە بەدوور گرتبوو، وەك (سەعدی کوڕی ئەبو وەقاص) و (سەعیدی کوڕی زەید) و (عبداللەی کوڕی عومەر) و (ئوسامەی کوڕی زەید) و (موحەممەدی کوڕی مەسلەمە) و ئەوانیتر، بەیعەتیان پێدا–خوا لەهەموویان ڕازیبێت.

بەم شێوەیە لەلایەن هەموو هاوەڵانەوە بەیعەت بە عەلی درا و، کەسیان لە بەیعەت دوانەکەوتن، دوای ئەوان هەموو خەڵکی بەیعەتیان پێدا، لەگەڵ ئەوانیشدا هێزە سەبەئیەکانیش کە مەدینەیان داگیرکردبوو.

هەندێك لە هاوەڵان لە کاتی بەیعەت پێدانەکە پێیان وت: بەیعەتت دەدەینێ لەسەر بەرپاکردنی کیتابی خوا لە نزیك و لە دوور، لە بەهێزی و بێهێزیدا. ئەویش لەسەر ئەوە بەیعەتی لێ وەرگرتن.[١]

دوای ئەوەی خەڵکەکە بەیعەتیان پێدا، هەستا و وتارێکی بۆ خەڵك دا و، گوتی:

وتاری عەلی لەدوای بەیعەت پێداندا

((خوای گەورە کیتابێکی ڕێنیشاندەری دابەزاندوە، چاکە و خراپەی تێدا ڕونکردۆتەوە، ئێوەش کار بە چاکە بکەن و واز لە خراپە بهێنن، فەرزەکان لەسەرتان پێویستە، بۆ خوا جێبەجێی بکەن، دەتانگەیەنێتە بەهەشت.

خوای گەورە هەندێك سنوری حەرام کردووە کە ئاشکران، سنوری موسڵمانیشی لەسەروو هەموو سنوورەکانی ترەوە داناوە، موسڵمانانیشی بە دڵسۆزی و یەکخواپەرستی یەوە پەیوەست کردووە.

موسڵمانیش ئەو کەسەیە کە موسڵمانان لە زمان و دەستی سەلامەت بن تەنها بە حەق نەبێت، ئازاردانی موسڵمانیش حەڵاڵ نیە، تەنها بەوە نەبێت

---

١ ـ تأريخ الطبري ٤ : ٤٣٤-٤٣٥

کە خوای گەورە لەسەری پێویست کردووە.

دەستپێشخەری بکەن لە کاروباری خەڵکیدا، تایبەتمەندی هەریەکێکتان مردنە، لەراستیدا خەڵکی لە بەردەمتانە و ڕۆژی دواییش لە پشتەوە دەورەی داون، جا باری خۆتان سوك بکەن، پێی دەگەن، بەڵام خەڵکی چاوەڕوانی دواییانن.

بەندەکانی خوا! لە بەندە و زەوی خوادا ترسی خواتان هەبێت، ئێوە لە هەموو شتێك لێتان دەپرسرێتەوە، هەتا لە پارچە زەوی و ئاژەڵانیش.

گوێڕایەڵی خوای گەورە بن و لە فەرمانی دەرنەچن، ئەگەر چاکەتان دیت وەری بگرن و، ئەگەر خراپەتان دیت وازی لێبێنن.

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَاذْكُرُوا إِذْ أَنتُمْ قَلِيلٌ مُّسْتَضْعَفُونَ فِي الْأَرْضِ تَخَافُونَ أَن يَتَخَطَّفَكُمُ النَّاسُ فَآوَاكُمْ وَأَيَّدَكُم بِنَصْرِهِ وَرَزَقَكُم مِّنَ الطَّيِّبَاتِ لَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ: بیر لەو دەمە بکەنەوە کە ئێوە لەم وڵاتەدا کەمێکی بێدەسەڵات بون" ترستان هەبو خەڵکیتر دەرتان بکەن و بێ جێ وڕێ بمێننەوە. پەنای دان و یاریدەی دان و سەرکەوتن و ڕۆزی پاك و ڕەوای پێدان، بەشکە شوکرانەبژێر بن.﴾الأنفال/٢٦.))[1]

بەیعەتەکەی عەلی بەپێی بنەما شەرعیەکان دروستە

بەم شێوەیە بەیعەتی (عەلی کوڕی ئەبوطالب)ﷺ تەواو بوو، بەیعەتێکی ڕاست و دروست بوو بەپێی بنەماکانی ئیسلام و، لەلایەن ئەهلی ڕاوێژ و ئەهلی حەل و عەقد لە موسڵمانان و، هیچ یەکێك لە خەڵکی مەدینە لە بەیعەتەکە بەدوا نەکەوت.

دەست گرتنی سەبەئیەکان بەسەر مەدینەدا و، هاتنە ناو سوپاکەیەوە لەوەو دوا، هیچ لێڵی یەك ناخاتە بەیعەتەکەی (عەلی)یەوەﷺ، چونکە پێویست بوو بەیعەت بە فەرمانڕەوایەکی بڕواداران بدرێت، تاکو دەنگی موسڵمانان یەك بخات و، کاروباریان بەڕێوە ببات، دوای ئەوەش یەکلابێتەوە بۆ لێپرسینەوەو دادگایکردن و سزادانی ئەوانەی هەستان

---

١ ـ تأريخ الطبري ٤ : ٤٣٦

بە خراپەکاری و، کوشتنی (عوسمان)ﷺ.

مادام ئەوانەی هەڵیانبژارد و پێی ڕازی بون و بەیعەتیان پێدا خاوەنی کارەکە بون و، ئەهلی حەل و عەقد و ڕاوێژ لە هاوەڵان بون، کەواتە بەشێوەیەکی شەرعی و دروست بوەتە جێنشین.

عەلی داوای جێنشینایەتی نەکردوەو هەوڵی بۆ نەداوە

وا دەبینین شان دانەبەری (عەلی)ﷺ بۆ جێنشینایەتی، دوای داواکاری و سووربونی گەورەهاوەڵان و موسڵمانە چاکەکان بوو، دوای ئەوەی ڕەتی کردەوە و لەخۆی قەدەغە کرد، بەڵام لە کۆتاییدا هاتە سەر ویست و ئیرادەی ئەوان! ئەو داوای جێنشینی نەکرد و، نەیویست و هەوڵی بۆ نەدا، پیلانی لەسەر (عوسمان)ﷺ نەگێڕا تا جێنشینایەتی پێی بگات، وەك هەندێ لە مێژوونووسە درۆزنە دەمهەڵبەستەکان هەڵی دەبەستن!!

ڕازیبونی بە جێنشینایەتی بۆ پاراستنی بەرژەوەندی ئوممەت و قوربانی دان لەپێناویدا بوو

وا دەبینین ڕازیبونی (عەلی)ﷺ بە جێنشینێتی، داکۆکی کردن بوو لە ڕزگارکردنی موسڵمانان و، کۆکردنەوەی قسەیان و، چارەسەری گرفتەکەیان، دەیزانی کە جێنشینایەتی لەدەستدانە نەك دەستکەوت، تێکۆشانە نەك قازانج، دەردەسەری و ماندوبونە نەك بەرژەوەندی و سودوەرگرتن!.

(عەلی)ﷺ بە وەرگرتنی جێنشینایەتی، دەیزانی ئەوەی پێی هەڵدەستێت چیە، هەستی بە مەترسیەکەی دەکرد، سەرەنجامەکەی لەبەرچاوبوو، ڕازیش بوو بەم ڕێگە سەخت و دڕکاویەدا گوزەر بکات و، بە هەموو شتێك قوربانی بدات بۆ بەرژەوەندی ئوممەتەکەی.

(عەلی کوڕی ئەبوطالب)ﷺ دەیتوانی دەست لە کارەکە بکێشێتەوە و، دورەپەرێزی هەڵبژێرێ- هەروەك چۆن هاوەڵە بەڕێزە پایەبەرزەکان کردیان- و بەمەش حەسانەوە و سەلامەتی و ڕزگاربونی بۆ خۆی هەڵدەبژارد، ئەگەر بشی کردبایە گوناهبار یان کەمتەرخەم نەدەبوو.

بەڵام کێ بۆ ئوممەت دەبێ؟ کێ بۆ یەکخستنی دەنگیان دەبێ؟ کێ بۆ بەڕێوەبردنی کاروباریان دەبێ؟

(عەلی)ﷺ بە وەرگرتنی جێنشینایەتی، سەختترین چارەسەر و،

توندترین لای هەڵبژارد و، بەرژەوەندی ئوممەتی خستە سەرووی بەرژەوەندی تایبەتی خۆی، بەمەش جێنشینیەکەی قوربانیدانێکی مەزن بوو!!!

کاتێ بەیعەتەکەی (عەلی)ﷺ تەواو بوو، سەبەئیەکان پێیان وت:

خُذْها إِلَيْكَ وَاحْذَرَنْ أَبا الحَسَنْ   إِنَّا نُمِرُّ الأَمْرَ إِمْرارَ الرَّسَنْ
صَوْلَةَ آسادٍ كأسدادِ السُّفُنْ   بِمَشْرَفِيَّاتٍ كَغُدْرانِ اللَّبَنْ
ونَطْعَنُ المُلْكَ بِلِينٍ كالشَّطَنْ   حَتَّى يَمُرَّنَّ عَلَى غَيْرِ عَنَنْ

بەمەش رایان گەیاند کە چونەتە ناو سوپای (عەلی)یەوەﷺ و سەربازی ئەون، گوێڕایەڵ و ملکەچی ئەون، لەگەڵیدا جەنگی ئەوانە دەکەن کە لەفەرمانی دەردەچن و دژی دەوەستن.

ئەوان بەم کارەیان بەرژەوەندی خۆیان دەویست، تا موسڵمانان لێیان بەئاگا نەیەنەوە و نەتوانن لێیان بپرسنەوە و لەسەر کوشتنی (عوسمان)ﷺ، سزایان بدەن.

بونیان لە سوپاکەی عەلی بنەڕەتی گرفتەکەیەتی

ئەمەش بنەڕەتی گرفتەکەی (عەلی کوڕی ئەبوطالب)ﷺ بوو، کە بووە هۆی جیاواز بون لەگەڵ (معاویە) و، پاشان (طەڵحە) و (زوبەیر)ﷺ و، پاشان روودانی چەند جەنگێك..

(عەلی)ﷺ بەم شێوەیە وەڵامی وتەکەی پێشووی سەبەئیەکانی دایەوە:

إِنِّي عَجَزْتُ عَجْزَةً لا أَعْتَذِرْ   سَوفَ أَكيسُ بَعْدَهَا وأَسْتَمِرّ
أَرْفَعُ مِن ذَيْلِيَ مَا كُنْتُ أَجُرّ   وأَجْمَعُ الأَمرَ الشَّتيتَ المُنْتَشِرْ
إِنْ لَمْ يُشاغِبْني العَجولُ المُنْتَصِرَ   أَوْ يَتْرُكوني وَالسِّلاحُ يُبْتَدَرْ[١]

کراسەکەی عوسمان و پەنجەکانی خێزانەکەی لە شامدا

لە ماوەی نێوان کوشتنی (عوسمان)ﷺ و بە جێنشین بونی (عەلی)داﷺ، (نوعمانی کوڕی بەشیری ئەنصاری) لەمەدینە بەرەو شام دەرچوو بۆ لای (موعاویە)ﷺ و، ئەو کراسەی (عوسمان)ی لەگەڵ خۆی برد کە کاتی

---

١ ـ تأريخ الطبري ٤ : ٤٣٧.

کوژرانی لەبەریدابوو، کە بە خوێن بوو، هەروا پەنجەکانی (نائلە)ی خێزانی (عوسمان)یشی لەگەڵ خۆی برد کە لەکاتی بەرگری کردن لە (عوسمان) بڕابووﷺ.

(موعاویە)شﷺ کراسەکەی (عوسمان)ﷺ و پەنجەکانی (نائلە)ی لە مزگەوت هەڵواسی و موسڵمانانیش لە دیمەشق دەهاتن و کاری تێدەکردن و بۆ خەلیفە شەهیدەکەیان دەگریان!.

بەڵێنیان دەدا کە تۆڵەی (عوسمان)ﷺ بسەننەوە و، تۆڵە لەو خەواریجە سەبەئیانە بکەنەوە کە کوشتویانە.

لەو هاوەڵە بەڕێزانەی کە لە دیمەشقدا هانی تۆڵەسەندنەوە لە بکوژانی (عوسمان)یان دەدا: (عوبادەی کوڕی صامیت) و ((ئەبودەرداء) و (ئەبو ئومامەی باهلی) بووﷺ.[1]

طەڵحە و زوبەیر داوای سزادانی بکوژان لە عەلی دەکەن

کاتێ (عەلی)ﷺ بەیعەتی پێدرا، (طەڵحە) و (زوبەیر) و هەندێ هاوەڵی ترﷺ چوونە لای و پێیان وت: ئێمە کاتێ بەیعەتمان بەتۆ دا مەرجمان ئەوەبوو کە سنوورەکان(حدود) بەرپا بکەیت، ئەوانەش کۆمەڵی خەواریجەکانن و بەشدارییان لە کوشتنی (عوسمان)دا کردووە، دەمانەوێت حەدیان لەسەر جێبەجێ بکەیت.

وەڵامی عەلی بۆیان و بەڵگەی دواخستنی

(عەلی)ﷺ وەڵامی دانەوە: براکانم! من بێئاگا نیم لەوەی ئێوە دەیزانن، بەڵام چی بکەم لەگەڵ ئەم کۆمەڵە پیاوکوژە، لەکاتێکدا ئەوان دەستیان بەسەر مەدینەدا گرتووە،دەسەڵاتیان بەسەرماندا هەیە و دەسەڵاتمان بەسەریاندا نیە، ناتوانین ڕوبەڕوویان ببینەوە یان نارەزاییان بەرامبەر دەربڕین، جا چۆن دەتوانین لێیان بپرسینەوە یان سزایان بدەین؟ کە هێزێکیشمان نیە بۆ ڕوبەڕووبونەوەیان؟ هەروەها بەندەکانیشتان لەگەڵیان هەڵساونەتەوە، دەشتەکیەکانیشتان چوونەتە ڕیزی ئەوانەوە، ئەوانە لەناو ئێوەن و چییان بوێت بەسەرتان دێنن و، چییان بوێت پێتانی دەکەن!!

ئایا هیچ بوارێك دەدۆزنەوە بۆ جێبەجێکردنی ئەوەی دەتانەوێ؟ ئایا

---

[1] ـ البداية والنهاية لأبن كثير ٧ : ٢٢٨.

ئێستا توانای لێپرسینەوە و سزادانی ئەوان لای ئێمە دەبینن؟

پاشان (عەلی) بە (طلحە) و (زوبەیر)ﷺ و ئەوانەی لەگەڵیاندا بون وتی: سوێند بەخوا (ان شاء الله) هەمان رای ئێوەم هەیە، لەوەی دەیڵێن لەگەڵتاندام، بەڵام کاری ئەو خەواریجانە کاری نەفامیە و، هێزیان هەیە و، لایەنگریان لەگەڵدایە و، لە وڵاتانەوە یارمەتیان بۆ دێت! ئێمەش لەژێر هێزی ئەواندایین!!

عەلی خەڵك دەكاتە سێ بەشەوە و داوای مۆڵەت پێدان دەكا

ئەگەر من بە رای ئێوە بکەم و ئەم کارە بورووژێنم و پەلەبکەم لە جێبەجێکردنی حەد لەسەریان، ئەوا خەڵك دەبنە سێ بەشەوە، بەشێکی هەمان رای ئێوەیان دەبێت و ئاماژە بە پەلەکردن لە سزادانیان و جێبەجێکردنی حەد لەسەریان دەکات.

بەشێکیش هەمان رای ئێوەیان نیە و، بەڵکو لەگەڵ خەواریجەکانە و سەریان دەخات.

بەشێکیش لەسەرخۆیی و پەلەنەکردن لە سزادانیان بەچاك دەزانێ و، داوای ئەوە دەکات چاوەڕوان بکرێت تا خەڵکەکە هێمن دەبنەوە و دڵەکان دەگەڕێنەوە شوێنی خۆیان و، ئەم تەم و مژە دەڕەوێتەوە، ئەوکاتە هەق دەسەنرێت و حەدەکان جێبەجێدەکرێت.

جا لێم بێدەنگ بن و مۆڵەتم بدەن هەتا بارودۆخەکە هێمن دەبێتەوە، دوای ئەوە بگەڕێنەوە تا حەدیان لەسەر جێبەجێبکەین.[1]

پەلەکردن لە سزادانی بکوژەکان یان دواخستنی

هاوەڵان لە مەدینە بوون بە دوو بەشەوە: بەشێکیان لەگەڵ بۆچونی (عەلی کوڕی ئەبوطالبﷺ) بون وەیانوت: ئێمە ئێستا ناتوانین بەسەر ئەم کۆمەڵە شەڕەنگێزەی بکوژانی عوسمان دا سەرکەوین، لەبەر ئەوە سزادانیان وجێبەجێکردنی حەد لەسەریان دوادەخەین تا ئەوکاتەی بەهێز دەبین.

بەشەکەی تریان ڕایان وابوو کە حەدیان لەسەر جێبەجێ بکرێت و

---

١ ـ تأريخ الطبري ٤ : ٤٣٧ .

دوانەخرێت، ئەنجامەکەشی هەرچیەك بێت.

(طەڵحە) و (زوبەیر)یش﵁ لەگەڵ بەشی دووەمدا بون.

ڕەتکردنەوەی فەرمانی عەلی بە دەرچوونی دەشتەکیەکان لە مەدینە

لەبەرامبەر پێداگیری ئەو هاوەڵانەی خاوەنی رای دووەم بوون کە دەبێ پەلەبکات لە جێبەجێکردنی سنوورەکان لەسەر بکوژانی (عوسمان)﵁، (عەلی) لە رۆژی سێیەمی جێنشینایەتیەکەیدا دەرچوو بۆ ناو خەڵکەکە و پێی وتن: ئەو دەشتەکیانەی لە مەدینە کۆبونەتەوە لەناو خۆتان دەریانکەن.

ئەو دەشتەکیانەی کە لەکاتی کوژرانی (عوسمان)دا لە بیابانەوە هاتبون بۆ مەدینە، فەرمانی پێکردن بگەڕێنەوە بۆ شوێنەکانی خۆیان و، پێی وتن: ئەی دەشتەکیەکان! بگەنەوە بە ئاوەکانتان.

خەواریجە سەبەئیەکان ئەم فەرمانەی ئەمیری بڕوادارانیان ڕەت کردەوە و، بە هەنگاوێکی ئەویان دانا تا هەرچی و پەرچی و خەڵکە سادەکەیان لێ جودا بکاتەوە و بۆیان یەکلا بێتەوە و، تۆڵەیان لێ بستێنێتەوە-کە هەرواش بوو-!.. جا هانی دەشتەکیەکانیان دا کە دەرنەچن و سەرپێچی بکەن، ئەوانیش بەقسەیان کردن.

عەلی نیشانی هاوەڵانی دا کە لە بەرامبەر سەبەئیەکاندا دەستەوسانن

(عەلی)﵁ کە بینی سەبەئی و دەشتەکیەکان بەدەنگیەوە نەهاتن، بە سەغڵەتیەوە گەڕایەوە ماڵەوە، (طەڵحە) و (زوبەیر)﵁ و هەندێك لە هاوەڵانی پێغەمبەری خواﷺ چوونە لای.

پێی وتن: بینیتان؟ ئەوە ئێوە و ئەوە تۆڵەکەتان، دەبیستێننەوە، ئەوانە بکوژن! وتیان: ناتوانین!

ئەویش وتی:

وَلَوْ أَنَّ قَوْمِي طاوَعَتْني سَرَاتُهُمْ   أَمَرتُهُم أَمْرَاً يُدِيخُ الأعادِيا

طەلحە و زوبەیر داوای دەرچوون دەکەن بۆ هێنانی سەرباز

دوای ئەوە (طەڵحە)﵁ پێی وت: ئەی ئەمیری بڕواداران! ڕێم بدە بچم بۆ بەصرە، تا لەوێ هێز و سەرباز و ئەسپت بۆ بێنم یارمەتیت بدەن، تا بەسەر ئەو خەواریجە یاخیبوانەی مەدینەیان داگیرکردوە زاڵ بیت.

(زوبەیر)﵁ پێی وت: ئەی ئەمیری بڕواداران، ڕێم بدە بچم بۆ کوفە، تا

لەوێ سوپا و سەربازت بۆ بێنم یارمەتیت بدەن.

(عەلی)ﷺ بە هەردووکیانی وت: دەرفەتم بدەن بیر لە قسەکانتان بکەمەوە![1]

ئەوانیش لەسەر داواکردنی دەرفەت گلەییان لێی کرد و، دەیانویست ڕێیان بدات تا بچن بۆ بەصرە و کوفە سەرباز بێنن، تا لە چنگی سەبەئیەکان ڕزگاریان بێت و پەلەبکەن لە جێبەجێکردنی حەدەکان لەسەریاندا!

ئەم هەڵوێست و گفتوگۆیەی نێوان ئەو دوانە و (عەلی)ﷺ سەرەتای ناکۆکی بۆچوونەکانی نێوانیان بوو، ئەوان دەیانویست پەلەبکرێ لە سزادانی بکوژەکان و ئەویش دەیویست چاوەڕوان بکرێ هەتا بارودۆخەکە هێمن دەبێتەوە.

پاشان ڕووداوەکان بەدوای یەکدا هاتن و ناکۆکیەکان کەڵەکە بون و (عەلی)یان سەرقاڵ کرد لەوەی بتوانێ ئەم ئەرکە ئەنجام بدات، بەجۆرێك بەدرێژایی جێنشینیەکەی بۆی یەکلانەبوەوە.

لە ڕۆژانی یەکەمی جێنشینیەکەی (عەلی)ﷺ، (موغیرەی کوڕی شوعبە)ﷺ چووە لای و وەك ئامۆژگاریکار پێی وت: ئەمیری بڕواداران! تۆ مافی گوێڕایەڵی و ئامۆژگاریت لەسەرم هەیە" پەلە مەکە لە لادانی ئەو والییانەی کە (عوسمان) لەسەر وڵاتەکان داینا‌ون، (موعاویە) لەسەر شام بهێڵەوە و مەیگۆڕە، (ئیبن عامر) لە بەصرە بهێڵەوە و مەیگۆڕە، والییەکانی تریش لەسەر وڵاتەکانیان بهێڵەوە، دوای ئەوەی گوێڕایەڵت دەبن و بەیعەتت پێدەدەن، بە خۆیان و سەربازەکانیانەوە، ئەوا ئەوکاتە دەکرێ یان بیانهێڵیتەوە و یان بیانگۆڕیت!

بۆچوونەکەی (موغیرە)ﷺ ڕاست و دروست بوو.

(عەلی)ﷺ پێی وت: لێم گەڕێ با تەماشا بکەم و بیربکەمەوە!.

---

١ ـ تأريخ الطبري ٤ :٤٣٧-٤٣٨ .

گلەیی کردنەوە دەگەڕێتەوە

(موغیرە)ﷺ گلەیی لە (عەلی)ﷺ کرد، چونکە یەکسەر بۆچوونەکەی وەرنەگرت و ڕاستەوخۆ کاری پێنەکرد، بە دڵشکاوی چووە دەرەوە.

لە ڕۆژی دوای ئەوە چووەوە لای وئەمجارەیان ئامۆژگاریکار نەبوو، بۆیە بۆچوونەکەی دوێنێی هەڵوەشاندەوەو پێی وت: من وای دەبینم کە پەلە بکەیت لە لەکارخستنی (موعاویە) و (ئیبن عامر) و والیەکانی دی و، داوای بەیعەتیان لێبکەیت، تا بزانیت کێ لەگەڵتدایە و کێ لەگەڵتدا نیە، تا بزانیت کێ گوێڕایەڵە و کێ گوێڕایەڵ نیە.

کاتێ (موغیرە)ﷺ لەلای (عەلی) چووە دەرەوە وتی: سوێند بەخوا دوێنێ ئامۆژگاریم کرد، کاتێ کە وەری نەگرت ئەمڕۆ فێڵم لێی کرد.[1]

(موغیرە)ﷺ بە تووڕەیی لە مەدینە بەرەو مەکە کەوتەڕێ، پاشان چوو بۆ طائف، لە هەموو فیتنەیەك خۆی بەلا دا، لەگەڵ هیچ لایەك لە لایەنەکان نەبوو: نە لەگەڵ (عەلی) بوو، نە لەگەڵ (طەڵحە) و (زوبەیر) بوو، نە لەگەڵ (موعاویە) بوو، خوا لە هەموو هاوەڵان ڕازی بێت.

ئیبن عەباس پرسیار لە بۆچوونی موغیرە دەکات

پاش دەرچوونی (موغیرە)، (عبدالله‌ی کوڕی عەباس)ﷺ چوو بۆ لای (عەلی)، پرسیاری دەربارەی قسەکانی (موغیرە) لێکرد.

(عەلی)ﷺ وتی: دوێنێ هات و ئەوەها و ئەوەهای وت، ئەمڕۆ هات ئاوەها و ئاوەهای وت!

(ئیبن عەباس)ﷺ وتی: ئەوەی دوێنێ ئامۆژگاری کردووی، بەڵام ئەمڕۆ فێڵی لێکردوویت!!

بۆچوونی ئیبن عەباس دەربارەی کردارەکانی عەلی

(ئیبن عەباس)ﷺ ڕاستی وت، بەڵکو ئەوە بوو کە (موغیرە) ڕایگەیاند.

(عەلی) بە (ئیبن عەباس)ی وتﷺ: تۆ ڕات چی یە؟

(ئیبن عەباس)ﷺ ئامۆژگاری کرد و وتی: کاتێ (عوسمان) کوژرا، یان پێش کوژرانی، ڕام وابوو کە لە مەدینە دەربچیت و، بچیتە ماڵەکەت لە مەککە و دەرگا لەسەر خۆت دابخەیت.

کە موسڵمانان لەناو خۆیان دەشێوان، لەتۆ زیاتر کەسیان نەدەدیتەوە

---

١ ـ تأريخ الطبري ٤ : ٤٣٨.

و، دەهاتن بۆ لات و تکایان دەکرد کە جێنشینی بگریتە دەست.

بەڵام ئێستا، دوای ئەوەی، ئەوەی ڕوویدا ڕوویدا، پاش کوژرانی (عوسمان)ﷺ، هەندێ لە بەنی ئومەییە بە کوشتنی (عوسمان) تاوانبارت دەکەن و، وا هەڵدەبەستن کە دەستت لەو کارەدا هەبووە، ئەمەش لەناو خەڵکدا بڵاو دەکەنەوە.

ئەوانەش هەمان داواکاری بەشێك لە خەڵکی مەدینە-وەك (طەڵحە) و (زوبەیر)ﷺ-یان هەیە لە پەلەکردن لە سزادانی بکوژانی (عوسمان) و، تۆش ناتوانیت ویستەکەیان جێبەجێ بکەیت.

ئیبن عەباس ئاماژە بە هێشتنەوەی والیەکانی عوسمان دەکات

ئەمیری بڕواداران! وادەبینم کە والیەکانی (عوسمان)ﷺ لەسەر کاری خۆیان بهێڵیتەوە، بەتایبەتی (موعاویە) لەسەر شام بهێڵیتەوە، ئەگەر ئەوە نەکەیت، دەترسم گوێڕایەڵت نەبن و لە فەرمانت دەربچن و بە کوشتنی (عوسمان) تاوانبارت بکەن.

عەلی هەموو والیەکانی عوسمان لەکار دەخات و خەڵك بەش بەش بون

لە وەڵامی ئاماژەکەی (ئیبن عەباس)داﷺ-کە هەمان ڕای پێشوی (موغیرەی کوڕی شعبە)ﷺ بوو- (عەلی) وتی: هەر دەبێت والیەکان بگۆڕرێت و، والی دیکە لەسەر وڵاتەکان دابنرێ.[1]

والییە تازەکان بۆ شوێنی کارەکانیان بەڕێکەوتن، هەبوو کارەکەی کەوتە دەست و بۆی چووە سەر، هەشبوو ڕێگری کرا لە گەیشتن بە کارەکەی.

موسڵمانان لە وڵاتەکان بەش بەش بون، هەبوو بەیعەتی بە (عەلی) دا و چووە ژێر فەرمانیەوە، هەبوو ڕایدەگەیاند کە ناچێتە ژێر فەرمانیەوە تا بکوژەکانی (عوسمان)ﷺ سزا نەدات، هەبوو چاوەڕوانی دەکرد تا بزانێ کاروبارەکە بەچی دەگات.

طەڵحە و زوبەیر لە عەلی جودا دەبنەوە

(موعاویە)شﷺ لەوانە بوو کە سەرپێچی ڕاگەیاند تا حەد لەسەر

---

١ ـ تأريخ الطبري ٤ : ٤٣٨-٤٣٩ .

بكوژانی (عوسمان)ﷺ جێبەجێ نەكرێت.[1]

كاتێ (طەڵحە) و (زوبەیر)ﷺ لەسەرخۆیی (عەلی)یان بینی لە سزادانی بكوژانی (عوسمان)داﷺ، گلەییان لێكرد و ڕایەكەیان بە ڕاست نەزانی و بۆچونەكەیان وەرنەگرت، پاشان وایان بەباش زانی لێی جودا ببنەوە، داوای مۆڵەتیان لێی كرد تا بچن بۆ (عومرە)، ئەویش مۆڵەتی دان.

(طەڵحە) و (زوبەیر)ﷺ مەدینەیان بەجێهێشت بەرەو مەككە بەڕێكەوتن بۆ بەجێهێنانی (عومرە)، لەوێ چاویان بە دایكی ئیمانداران (عائیشە) كەوت، كە هەر لە كاتی جێبەجێكردنی پەرستشەكانی حەجەوە تا ئەو كاتە لە مەكە مابوەوە.[2]

حەسەنی كوڕی ئامادەی نەجەنگان لەدژی موعاویەی بۆ دەكا

كاتێ (موعاویە)ﷺ لە شام ڕایگەیاند كە لەگەڵ بۆچونەكەی (عەلی)دا نیە و، بەیعەتی پێنادات تاوەكو سزای بكوژانی (عوسمان)ﷺ نەدرێت، (عەلی)ﷺ پێی وابوو كە دروست نیە بۆ (موعاویە) و سەربازەكانی وا بكەن، بەیعەت دان بە ئەمیری بڕواداران واجبە، پێویستە لەسەر ئوممەت گوێڕایەڵ و ملكەچی بن و، نابێت داری گوێڕایەڵی لەت بكرێت.

هەرچەندە (موعاویە)ﷺ و خەڵكی شام ئەمەیان بە ئیجتهاد كرد، بەڵام بۆچونەكەیان لەلای (عەلی) قبوڵ نیە، لەبەر ئەوە پێویستە بگێڕدرێنەوە ژێر گوێڕایەڵی ئەمیری بڕواداران و یاخیبونەكەیان نەمێڵرێ.

بۆچونی طەڵحە و زوبەیر و عائیشە لە دەرچوون لە فەرمانی عەلی

لەبەر ئەوەی خەڵكی شام لە فەرمانی (عەلی كوڕی ئەبوطالب)ﷺ دەرچوون و گوێڕایەڵی نەبوون، ئەویش سوپایەكی بۆ جەنگ كردن لە دژیان ئامادەكرد، جا داوای لە والیەكانی بەصرە و كوفە و میصریش كرد كە خەڵك ئامادەبكەن بۆ جەنگان لەدژی خەڵكی شام.

(حەسەن)ی كوڕیﷺ چووە لای و داوای لێكرد كە لەسەرخۆ بێت و دەست بە جەنگان لەدژی خەڵكی شام نەكات و، نەرم و نیان بێت لەگەڵیان، ئەوانە دوای نەمانی گومانەكان دێنە ژێر فەرمانیەوە، بەڵام (عەلی) قسەكەی

---

١ ـ سەیری درێژەی ئەمە لە (تأريخ الطبري ٤ : ٤٤٢-٤٤٤) بكە.

٢ ـ تأريخ الطبري ٤ : ٤٤٤

ڕەت کردەوە، هەروەك قسەی ئەوانی تریش ڕەت کردەوە کە هەمان ئاماژەکەی (حەسەن)یان پێدا، وەك (زیادی کوڕی حەنظلەی تەمیمی).[١]

پێش ئەوەی (عەلی)ﷺ بکەوێتە ڕێ بۆ جەنگی خەڵکی شام، چەند هەواڵێکی بێزارکەری لە مەکەوە پێگەیشت، کە (طەڵحە) و (زوبەیر) و (عائیشە)ﷺ کۆبونەتەوە لەسەر ئەوەی داوا لە (عەلی) بکەن پەلەبکات لە سزادانی ئەو بکوژانەی ئێستا لەناو سوپاکەیدان.

لەسەرخۆیی و دواخستن لە جێبەجێکردنی حەد و بەجێهێنانی ئەو ئەرکەیان لەسەر (عەلی)ﷺ گرتبوو، بەڵگە و ئیجتهاد و بۆچونەکەیان لەوەدا پەسەند نەکرد.

ئەم ئیجتهادەیان وای لێکردن کە داوای پەلەکردن لەو کارە لە (عەلی) بکەن و، هانی خەڵك بدەن بۆ داواکردنی ئەو کارە و، خەڵك کۆبکەنەوە و کۆمەڵیان بکەن و بۆ ئەو مەبەستە بیانوروژێنن، تا فشار بخەنە سەر (عەلی) و داوای جێبەجێکردنی حوکمی خوای لێ بکەن بەسەر بکوژەکاندا، وای لێهات (عائیشە) وتاری بۆ موسڵمانان دەدا و هانی دەدان بۆ داواکردنی سزادانی بکوژەکان.

خەڵك لە مەککە لە دەوری (طەڵحە) و (زوبەیر) و (عائیشە)ﷺ کۆبونەوە و هەموو ڕێکەوتن لەسەر داواکردنی ئەمە لە (عەلی) و، رایان هاتە سەر ئەوەی بۆ ئەم مەبەستە بەرەو بەصرە دەربچن.

عائیشە لەسەر حوشترەکەی لەگەڵ طەڵحەو زوبەیر بەرەو بەصرە بەڕێ دەکەون

حوشترێکیان بۆ (عائیشە) ئامادەکرد، کە ناوی (عەسکەر) بوو، تا بۆ بەصرە سواری بێت، ئەو حوشترە (یەعلی کوڕی ئومەییە) لە یەمەن کڕیبووی، دایکانی دیکەی بڕواداران ڕازی نەبون لەگەڵ (عائیشە) بەرەو بەصرە دەربچن، (طەڵحە)و (زوبەیر)و (عائیشە)ﷺ و ئەوانەی لەگەڵیاندا بون بەپەلە بەرەو بەصرە کەوتنە ڕێ.

(عائیشە)-خوای لێ ڕازی بێ- دەیوت: (عوسمان) بە ستەم لێکراوی

١ ـ تأريخ الطبري ٤ : ٤٤٤-٤٤٥

کوژرا، کاروبار ڕاست نابێتەوە هەتا فەرمان و دەسەڵات بەدەست ئەو ئاژاوەچی و خەواریجانەوە بێت، جا داوای خوێنی (عوسمان) بکەن، سزای بکوژەکانی بدەن، ئیسلام سەربەرز دەکەن.

جێنشینایەتی عەلی ڕەت ناکەنەوە، بەڵکو داوای جێبەجێ کردنی حەد دەکەن

مەبەستی دیاریکراوی (طەڵحە) و (زوبەیر) و (عائیشە)ﷺ: داواکردنی خوێنی (عوسمان)ﷺ و، داواکردن لە (عەلی)ﷺ بە دادگایی کردن و سزادانی بکوژەکان و، تۆڵەسەندنەوە لێیان لەسەر تاوانەکەیان بوو.

فەرمانڕەوایی (عەلی)یانﷺ ڕەت نەکردبووەوە و، بەیعەتەکەیان بۆی نەشکاندبوو و، داوای لابردن و لەکارخستنیان نەکردبوو و، لە فەرمانی دەرنەچووبون.

بەڵکو لێی ڕازی نەبون، بەهۆی دواکەوتنی لە سزادانی خەواریجە بکوژەکان و، ڕازیبونی بەوەی لە سوپاکەیدا بن.

(عەلی) بەم هەڵوێستەی (طەڵحە) و (زوبەیر) و (عائیشە)ﷺ ڕازی نەبوو، هەروەکو لەوەوپێش لە هەڵوێستی (موعاویە)ﷺ و شامییەکان ڕازی نەبوو و، بە یاخیبون لە ئەمیری بڕواداران و دەرچوون لە فەرمانی و پەرتەوازەکردنی موسڵمانانی دانا.

پێی وابوو دەبێت ئەم یاخیبون و دەرچوونە لاببرێت و جەنگ لەگەڵ ئەو هاوەڵانە بکرێت هەتا دەگەڕێنەوە بۆ گوێڕایەڵی و ڕیزی کۆمەڵ، دوای ئەوە یەکلا دەبێتەوە بۆ سزادانی بکوژانی (عوسمان)ﷺ.

بەهۆی دەرچوونی (طەڵحە) و (زوبەیر)و (عائیشە)ﷺ، (عەلی)ﷺ خۆی ناچاربوو جەنگی سەرپێچیکارانی لە شام دوابخات و، دەست بکات بە جەنگ لەگەڵ سوپای (طەڵحە) و (زوبەیر)ﷺ بۆ گێڕانەوەیان بۆ ژێر فەرمانی خۆی.

بەرەو جەنگیان دەچێت

عەلی، (عبداللەی کوڕی عومەر)ی بانگ کردﷺ و هانیدا تا لەگەڵی دەربچێت بۆ جەنگی یاخیبوان، (عبدالله) ئەوەی ڕەت کردەوە و، پێی وت: بەڵکو من پیاوێکم لە خەڵکی مەدینە، لێیان دانابڕێم، ئەگەر دابنیشن دادەنیشم، ئەگەر دەرچن دەردەچم.

نیبن عومەر و زۆربەی هاوەڵان لەگەڵ جەنگدا نین، نە لەگەڵ عەلی و نە لە دژی

(عـەلی)ﷺ هـانی هـاوەڵان دا لەگەڵیـدا دەربچـن و فـەرمانی پێكـردن دوابـەدوای گوێڕایـەڵی و بەیعەتپێـدانی پێشـوویان سەریشـی بخـەن، بـە گوێڕایـەڵییان ڕازی نابـێ هـەتا لەگـەڵی هەڵنەسـتن و بەسـەری نەخـەن و، لەگەڵیـدا جـەنگی ئەوانـە نەكـەن كـە دژی وەسـتاون و سـوپایان بـۆ جـەنگ كردنی ئامادەكردوە!

بەڵام زۆربەی هاوەڵان بەچاكیان نەزانی لەگەڵی دەربچن بۆ جەنگی ئەو برایانـەی كـە لـە بۆچـون و ئیجتهـاددا جیـاواز بەیـەكن، وەكـو (طـەڵحـە) و (زوبەیر) و (موعاویە)ﷺ، بەباشیان نەزانی موسڵمانان خۆبەخۆ بجەنگێن، ئەو ڕوداوە یەك لەدوای یەكانەی نێوان عەلی و سەرپێچیكارانیان بە فیتنـە و ئاژاوە دانا، كە تێكەڵ بونی دروست نیە، ئەوەبوو خۆیان بەدوور گرت و بەشدارییان نەكرد.

(شـەعبی) دەڵێـت: سوێند بەو خوایـەی كـە هیچ پەرسـتراوێك نیە ئەو نەبێت، لـە هـاوەڵانی بەدر تـەنها شـەش كـەس لـە فیتنەكـەدا لەگـەڵ (عـەلی) دەرچوون و حەوتەمیان نەبوو، یان حەوت كەس بون و هەشتەمیان نەبوو.[1]

هاوەڵان سێ كۆمەڵ بون، زۆربەیان لەگەڵ دانیشتندا بون

موسڵمانان سەرسام و دوودڵ بوون، ئایا لەگەڵ (عەلی)داﷺ بجەنگن كە خاوەنی فەرمانە و سەرپێچیكاران بگەڕێننەوە ژێر فەرمان؟ یان جەنگی سەبەئیە تاوانبارەكانی بكوژانی (عوسمان)ﷺ بكەن كە لە ڕیزی سوپاكەی (عەلی)دان، بەمـەش ئـەوان جـەنگی (عـەلی) ئـەمیری بڕواداران دەكـەن؟ یان خۆیان لە هەردوو كۆمەڵ دابڕن و، بەشداری ئەو فیتنە و ئاژاوە كوێرانەیە نەكەن؟

هـاوەڵان بـون بـە سـێ كۆمەڵـەوە" ئەگـەریش زۆرینـەیان ئەوانـەبون كـە سێیەمیان هەڵبژارد و خۆیان لە فیتنە و ئاژاوە دابڕی.

بـۆ گێڕانـەوەی سەرپێچیكارەكانی بەصـرە بـۆ ژێـر فـەرمانی خـۆی، (عـەلی)ﷺ بـە سـوپاكەیەوە لـە مەدینـە ڕووی كـردە ئـەوێ، لەگـەڵ ئەویشـدا

---

١ ـ تأريخ الطبري ٤ : ٤٤٧ .

هەموو خەواریجە سەبەئیەكان كە لە مەدینە بون لەگەڵی دەرچوون و، لە سەرووی هەمووشیانەوە شەیتانی گەورەیان (عبداللەی كوڕی سەبەء).

عبداللەی كوڕی سەلام ئامۆژگاری عەلی دەكات كە دەرنەچێت

پێش دەرچوونی (عەلی)ﷺ لە مەدینە، (عبداللەی كوڕی سەلام)ﷺ پێی وت: ئەی ئەمیری بڕواداران! لە مەدینە دەرمەچۆ، سوێند بەخوا ئەگەر لێی دەربچیت بۆی ناگەڕێیتەوە و، دەسەڵاتی موسڵمانانیش هەرگیز بۆی ناگەڕێتەوە.

(عەلی) كاری بە ڕاوێژەكەی (ئیبن سەلام) نەكرد و ڕەتی كردەوە.[1]

حەسەنی كوڕی عەلی گلەیی لە باوكی دەكات

(عەلی)ﷺ سوپاكەی لە (ڕەبەذە) دامەزراند وەك خۆئامادەكردنێك بۆ ڕۆیشتن بەرەو بەصرە، لەوێ (حەسەن)ی كوڕی چووە لای و پێی وت: باوكەگیان! من پێم وتی بەڵام بەقسەت نەكردم، ئێستاش تۆ بەرەو عێراق دەردەچیت، بەیانی لە زەوی ونبوندا بەبێ پشتیوان دەكوژرێی!!

(عەلی)ﷺ پێی وت: چیت پێم وتوە و بەقسەم نەكردویت؟

(حەسەن)ﷺ وتی: كاتێ گەمارۆ خرایە سەر (عوسمان) پێم گوتی كە لە مەدینە دەربچی، تاوەكو لەكاتی كوشتنی (عوسمان)دا لە مەدینە نەبیت، تا بەوە تاوانبار نەكرێیت، پاشان ئەو ڕۆژەی (عوسمان) كوژرا پێم گوتی بەیعەت قەبووڵ نەكەیت هەتا نوێنەری هەموو شار و وڵاتەكان دێنە لات، دوای ئەوە كاتێك (طەڵحە) و (زوبەیر) لە فەرمانت دەرچوون پێم گوتی لەماڵی خۆت دانیشە هەتا چاك دەبنەوە، ئەوا ئەگەر خراپەكاریەك بكەوتایە نێوان موسڵمانان، لەسەر دەستی كەسێكی دیكە دەبوو!!

عەلی بۆچونی خۆی بۆ دەخاتە ڕوو

(عەلی)ﷺ وەڵامی دایەوە و وتی: بۆ ئەوكاتەی گەمارۆی (عوسمان) درابوو، ئێمەش وەك ئەو گەمارۆ درابووین، بۆ بەیعەتەكە، فەرمان فەرمانی خەڵكی مەدینەیە و، پێمان ناخۆش بوو كاروبارەكە بەزایەبچێ و موسڵمانان بێ پێشەوا بمێننەوە. بەڵام سەبارەت بە دەرچوونی (طەڵحە) و (زوبەیر)، چی بكەم لەوەی لەسەرم پێویست بووە، ئەی داوام لێئەكراوە موسڵمانان ملكەچ بكەم و دەرچوان بگەڕێنمەوە؟ دەتەوێ چۆن بم؟ ئایا

١ ـ تأريخ الطبري ٤ : ٤٤٧ .

دەتەوێ وەك ئەو کەمتیارە بم کە چواردەورەی دەگیرێت، پاشان پەلەکانی دەکرێتەوە و دەردەکرێت و ڕاودەکرێت؟.

ئەگەر بە ئەرکی خۆم هەڵنەستم لەوانەی لەسەرم پێویست بووە لە فەرمانڕەوایەتی موسڵمانان، ئەی کێ پێی هەڵدەستێ.[١]

سەرسامی و دوودڵی تاریقی کوڕی شەهاب: لە فیتنەدا چی بکات

کاتێ (عەلی)ﷺ لە (ڕەبەذە) بوو، (تاریقی کوڕی شەهاب) بەلایدا تێپەڕی، کە سوپاکەی بینی وتی: ئەوە چی‌یە؟ وتیان: ئەوە ئەمیری بڕوادارانە!

وتی: چی دەوێت؟

وتیان: (طەڵحە) و (زوبەیر) لە فەرمانی دەرچوون، ئەویش دەیەوێت بیانگەڕێنێتەوە ژێر فەرمان!

ئەم کارە سەرسامی و دودڵیی زۆربەی موسڵمانانە

وتی: إنا لله وإنا إليه راجعون! ئایا بچمە پاڵ (عەلی) و جەنگی ئەو دوو پیاوە و دایکی ئیمانداران بکەم؟ یان لە (عەلی) جودا ببمەوە و لەگەڵی نەجەنگێم؟ سوێند بەخوا ئەمە زۆر سەختە و، ئەوەش هەر سەختە!!![٢]

قسە و دودڵییەکەی (تاریقی کوڕی شەهاب) هەر ئەوەبوو کە زۆربەی موسڵمانان لە هەموو لایەك، لە هاوەڵ و شوێنکەوتوان دەیانبینی و هەستیان پێدەکرد! ئایا لەگەڵ عەلی بجەنگن؟ یان لە دژی (عەلی) بجەنگن؟ یان دانیشن و پشتیوانی (عەلی) نەکەن؟ هەموو ئەمانە شیرینترینیان تاڵە!

پێش گەیشتنی سوپای (طەڵحە) و (زوبەیر)ﷺ بۆ بەصرە، (مەلیحی کوڕی عەوفی سەلەمی) بەلایاندا تێپەڕی و بە (زوبەیر)ی وتﷺ: ئەبو عبدالله! ئەوە چیە؟

زوبەیر ئامانجەکەیان بۆ مەلیحی سەلەمی ڕوون دەکاتەوە

(زوبەیر)ﷺ وتی: ستەمیان لە ئەمیری بڕواداران (عوسمان) کرد و، بەبێ هیچ تۆڵە و بیانوویەك کوشتیان.

وتی: ئەوانەی کوشتیان کێن؟

---

١ ـ تأريخ الطبري ٤ : ٤٥٦ .

٢ـ تأريخ الطبري ٤ : ٤٥٦ .

(زوبەیر)ﷺ وتی: ئاژاوەچییانی ولاتەکان و ئەو هۆزانەی مەیلیان بەلای ئەواندا بوو، لەگەڵ دەشتەکیەکان و کۆیلەکان کە پشتیوانیان کردن و سەریانخستن.

وتی: ئەی ئێوە چیتان دەوێ؟

(زوبەیر) وتی: بۆ ئەم کارە خەڵك هەڵدەستێنین و هانیان دەدەین، بۆ ئەوەی داوای خوێنی (عوسمان) بکەن تا خوێنی بەزایە نەچێت و ون نەبێت، چونکە بەزایەدانی، سووککردنی دەسەڵاتی خودایە لە ناومان، ئەگەر خەڵك لە نموونەی ئەمانە دانەبڕێن، ئەوا هیچ پێشەوایەکی موسڵمانان نامێنێ ئەو دەستە خەڵکە نەیکوژن.

(مەلیح) وتی: سوێند بەخوا وازهێنان لە خوێنی (عوسمان) شتێکی قورسە، بەڵام ئێوە نازانن ئەم کارە بەرەو کوێ دەڕوات!!![1]

کاتێ سوپای (طەڵحە)و (زوبەیر)ﷺ گەیشتنە دەوروبەری بەصرە، والی بەصرە (عوسمانی کوڕی حەنیف) بوو، (عوسمان) هاوڕێی بەڕێز (عەمرانی کوڕی حەصین)ی نارد تا هەواڵەکە بزانێ.

(عەمرانی کوڕی حەصین) دەربارەی هۆی هاتنی لەگەڵ ئەو سوپایەدا پرسیاری لە (عائیشە) کرد.

عائیشە کارەکە بۆ عەمرانی کوڕی حەصین ڕوون دەکاتەوە

(عائیشە)-خوای لێڕازیبێ- وتی: ئاژاوەچییانی ولاتان و لارو وێری هۆزەکان هێرشیان کردە سەر حەرەمی پێغەمبەری خواﷺ و، کارەساتی ترسناکیان تێدا ئەنجام دا، بیدعەچی و لەڕێدەرچوویان تیادا جێگیر کرد، بەمە نەفرەتی خوا و پێغەمبەرەکەیان لەسەر پێویست بوو، بە ناهەق پێشەوای موسڵمانانیان کوشت، بەمە خوێنی حەرامیان حەڵاڵ کرد و، ماڵی حەرامیان تالان کرد و، شاری حەرام و مانگی حەرامیان حەڵاڵ کرد و، ناموس و ئابڕوویان دڕاند و، لەناو خەڵکی مەدینە نیشتەجێ بوون، ئەگەرچی خەڵکی مەدینە حەزیان بە مانەوەیان نەبوو و، ڕەتیان دەکردنەوە و، بەهۆی ئەوانەوە زیانیان لێکەوتبوو، بەڵام ناتوانن ڕوبەڕوویان ببنەوە و

١ ـ تأريخ الطبري ٤ : ٤٦١ .

دەریان بکەن، منیش دەرچووم بۆ ناو موسڵمانان تا پێیان رابگەیەنم کە ئەو خەڵکە چی دەکەن و، چی پێویستە لەسەریان بۆ چاککردنی ئەم کارە بیکەن، وەك خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿لاَ خَيْرَ فِي كَثِيرٍ مِنْ نَجْوَاهُمْ إِلاَّ مَنْ أَمَرَ بِصَدَقَةٍ أَوْ مَعْرُوفٍ أَوْ إِصْلاَحٍ بَيْنَ النَّاسِ: زۆربەی سرتەو چپەکەیان بەهرەی نیە، مەگەر باسی خێرات و کاری ڕەواو پێکهێنانەوەی مەردم بێ﴾النساء/١١٤.

جا ئێمە بە چاکسازی هەڵدەستین، و فەرمانی خوا و فەرمانی پێغەمبەرەکەیﷺ لەسەر گەورە و بچووك و، نێر و مێ جێبەجێ دەکەین. ئێمە فەرمانتان پێدەکەین بە چاکە و هانتان دەدەین لەسەری، یان ڕێگریتان لێ دەکەین لە خراپە و بۆ گۆڕینی هانتان دەدەین.

کاتێ (عیمرانی کوری حەصین) گوێبیستی بیانووی (عائیشە) بوو رووی کردە (طەڵحە) و پێی وت: چی تۆی هێناوەتە بەصرە؟

(طەڵحە)ﷺ وتی: بۆ داواکردنی خوێنی (عوسمان).

وتی: ئەی بەیعەتت بە (عەلی) نەدا؟

(طەڵحە) وتی: بەڵێ بەیعەتم پێدا و شمشێر لەسەر گەردنم بوو، من بەیعەتەکەم بۆی ناشکێنم و، جەنگی لەگەڵ ناکەم ئەگەر ڕێگەی نێوان ئێمە و بکوژانی (عوسمان) نەگرێت، ئێمە هیچمان ناوێت تەنها تۆڵەسەندنەوە لە بکوژانی (عوسمان) نەبێت!

دوای ئەوە (عیمران) چووە لای (زوبەیر)ﷺ هەمان پرسیاری (طەڵحە)ی لێکرد، (زوبەیر)یش هەمان وەڵامی (طەڵحە)ی دایەوە.

عیمران ئامۆژگاری عوسمانی کوڕی حەنیف بە دانیشتن دەکات

(عیمرانی کوڕی حەصین) گەڕایەوە بۆ لای والی (عوسمانی کوڕی حەنیف) و، راپۆرتی خۆی دەربارەی ئامانجی (طەڵحە) و (زوبەیر) و (عائیشە)یﷺ پێشکەش کرد، پاشان پێی وت: سوێند بەخوا جەنگ هەڵتاندەتەکێنێ بە هەڵتەکاندنێکی دووورودرێژ، دوای جەنگەکە ئەوەی لەئێوە دەمێنێتەوە شتێکی زۆر ناهێنێت!!!

(عوسمان) پێی وت: عیمران! پێم بڵێ چی بکەم؟

وتی: من دانیشتووم، تۆش دانیشە!

(ئیبن حەنیف) وتی: بەڵکو ڕێیان لێدەگرم وجەنگیان لەگەڵ دەکەم هەتا فەرمانی ئەمیری بڕواداران دێت.

دابەش بونی خەڵکی بەصرە و بەیەک گەیشتنیان لە مەربەد

سوپاکەی (طەڵحە) و (زوبەیر)ﷺ گەیشتنە (مەربەد)ی تەنیشت بەصرە، (عوسمانی کوڕی حەنیف) بۆیان دەرچوو تا نەهێڵێ بچنە ناو بەصرەوە، ئەوانەی هاتبون قسەیان کرد و هەواڵی ئامانجەکانیان دا، (طەڵحە) قسەی کرد و، (زوبەیر) قسەی کرد و، (عائیشە) قسەی کردﷺ.

موسڵمانان جیاڕابوون، هەندێکیان پشتگیری (طەڵحە)یانﷺ کرد و ئەوانەش کە لەگەڵیدان چوونە ڕیزیانەوە، هەندێکیش پشتیوانی ئەوانیان نەکرد و لەگەڵ (عوسمانی کوڕی حەنیف) مانەوە و، هەندێکیش لەماڵی خۆیان دانیشتن!![1]

هەردوو کۆمەڵ لە بەرامبەر یەکتریدا

لایەنگرانی (طەڵحە) و (زوبەیر)ﷺ کۆبونەوە و، لایەنگرانی (عوسمانی کوڕی حەنیف)یش کۆبونەوە و، هەردولا بەرامبەر یەکتر وەستان و، (فم السکە) لە نێوانیاندا بوو، جا هیچ پێکدادانێك لەنێوانیان ڕوی نەدا.

سەبەئیەکان جەنگ لەنێوان هەردوو لا هەڵدەگیرسێنن

سەبەئیە بکوژەکانی (عوسمان)ﷺ کە لە بەصرە بون بە سەرکردایەتی (حەکیمی کوڕی جەبەلە) بەمە ڕازی نەبون.

(حەکیمی کوڕی جەبەلە) و هەرچی لەگەڵیدا بوو لە سواری وڵاخەکانیان دەرچوون و لە (فم السکە) جەنگیان لەنێوان هەردوو لا هەڵگیرساند، (حەکیم) قسەی ناشیرینی بە دایکی ئیمانداران (عائیشە) دەوت و جوێنی پێدەدا، یەکێك لە موسڵمانان ڕێگری ئەوەی لێکرد، ئەویش یەکسەر کوشتی، ئافرەتێکی موسڵمانیش ڕێگری جوێندانی لێکرد ئەویشی کوشت.

بە دەستی سەبەئیەکان هەر لە بەیانییەوە تا نیوەڕۆ جەنگ لەنێوان هەردوو لا هەڵگیرسا، لە هەردوو لا کوژراو و بریندار هەبوو.

---

١ تأريخ الطبري ٤ :٤٦١-٤٦٤.

پاشان هەندێ لە دانایان هەوڵیان دا بۆ ڕاگرتنی جەنگ و ڕێکەوتنی کاتی لەنێوانیاندا، هەردوو لا ڕێکەوتن لەسەر ئەوەی هەرلایەیان لە شوێنی خۆی بمێنێ و شەڕ بە لایەکی تر نەفرۆشێت.

ئەرکی کەعبی کوڕی سور لە مەدینەدا

لەسەر ئەوە پێکهاتن کە (کەعبی کوڕی سور) بنێرن بۆ مەدینە، تا پرسیار دەربارەی بەیعەتی (طەڵحە) و (زوبەیر) بۆ (عەلی)ﷺ و، بارودۆخی خەڵکی مەدینە بکات، ئەگەر بە ڕەزامەندی خۆیان بەیعەتیان دابوو، ئەوە دەبێ لە بەصرە دەربچن، ئەگەر بەزۆر بەیعەتیان دابێت لە بەصرە دەمێننەوە و، (عوسمانی کوڕی حەنیف) لێی دەردەچێت.

قازی (کەعبی کوڕی سور) گەیشتە مەدینە و خەڵك لێی کۆبونەوە، وتی: ئەی خەڵکی مەدینە! من نێردراوی خەڵکی بەصرەم بۆ لای ئێوە، ئایە (طەڵحە) و (زوبەیر) بەزۆر بەیعەتیان داوە یان بە ئارەزووی خۆیان؟

خەڵك بێدەنگ بون، کەس وەڵامی نەدایەوە تەنها (ئوسامەی کوڕی زەید)ﷺ نەبێت، کە وتی: بەزۆر بەیعەتیان داوە و، زۆریان لێکرا بەیعەت بدەن!!

بەهۆی قسەکەی (ئوسامە)وە ناکۆکی کەوتە نێوان خەڵکی مەدینە.[1]

کاتێ (عەلی) بەوەی زانی کە لە مەدینە چی ڕوویداوە-و لەو کاتەدا لەڕێگە بوو بەرەو بەصرە- وتی: ئەوان زۆریان لێنەکراوە بۆ بەش بەش بون و ناکۆکی، بەڵکو زۆریان لێکراوە بۆ کۆمەڵبون و چاکە، بە ئامانجی یەکدەنگی موسڵمانان، ئەگەر ئەوان بیانەوێ بەیعەتەکەیان هەڵبوەشێننەوە، ئەوە هیچ بیانوویەکیان نیە، ئەگەر شتێکی تریشیان دەوێت ئەوا لێی دەکۆڵینەوە.![2]

عوسمانی کوڕی حەنیف لە بەصرە دەرکرا

دوای ئەوە پێکدادان لەنێوان هەردوو بەرە" سوپای (طەڵحە) و سوپای (عوسمانی کوڕی حەنیف) ڕوویدا، سوپای (طەڵحە) و (زوبەیر)ﷺ والی

١ تأريخ الطبري ٤ : ٤٦٦-٤٦٨ .

٢ تأريخ الطبري ٤ : ٤٦٨ .

بەصرە (عوسمانی کوڕی حەنیف)یان دەسگیر کرد و دەریان کرد بۆ لای (عەلی).

پاش دەرکردنی (عوسمانی کوڕی حەنیف) لە بەصرە، ئەو خەواریجە سەبەئیانەی تێدا مایەوە کە بەشداری کوشتنی (عوسمان)یانﷺ کردبوو.

جەنگ لەگەڵ سەبەئییەکانی بەصرە

(حەکیمی کوڕی جەبەلە)ی سەرکردەی سەبەئیەکانی بەصرە بە خۆی و سێسەد کەسەوە لەوانەی بۆ سەر (عوسمان) دەرچوون، لەگەڵ ئەو دەشتەکی و هەرچی و پەرچیانەی کە هاوڕایان بوون، دەرچوون بۆ جەنگی (طەڵحە) و (زوبەیر).

هەردوو بەرە لای (دار الرزق) لە (زابوقە)ی بەصرە پێکگەیشتن.

(عائیشە)-خوای لێڕازیبێ- وتی: تەنها ئەوانە بکوژن کە لەدژتان دەجەنگن.

بانگکەری (طەڵحە) و (زوبەیر)ﷺ هاواری کرد: هەرکەس لە بکوژانی (عوسمان) نیە با وازمان لێبهێنێ، ئێمە تەنها دەمانەوێ بکوژانی (عوسمان) بکوژین.

کاتێ هەردوو سوپاکە ڕوبەڕوو بونەوە، (طەڵحە) و (زوبەیر)ﷺ وتیان: سوپاس بۆ خوا کە تۆڵەی ئێمەی لە بکوژانی (عوسمان) لە بەصرە بۆ کۆکردوینەتەوە، خوایە پارچەپارچەیان بکە و بیانکوژە و کەسیان لێ مەهێڵەوە.

کوژرانی هەموو سەبەئیەکان تەنها یەکێکیان نەبێت

جەنگێکی توند ڕوویدا و بە کوژرانی تاوانباری سەبەئی (حەکیمی کوڕی جەبەلە) و هەرچی لەگەڵیدا بون کۆتایی هات، کەسیان لێ دەرباز نەبوو تەنها یەك پیاو نەبێت کە بەشداری کردبوو لە گەمارۆدانی (عوسمان)ﷺ، ئەویش (حورقوصی کوڕی زوهەیری سەعدی) بوو، کە لە بەصرە هەڵهات بۆ ناو هۆزەکەی خۆی کە (بەنی سەعد) بوو، لەوێ خۆی پەنا دا.

پاککردنەوەی بەصرە لە سەبەئیەکان

کاتێ (طەڵحە) و (زوبەیر)ﷺ هەواڵیان نارد بۆ (بەنی سەعد) تا (حورقوص) بدەن بەدەستەوە، تا بەهۆی تاوانەکەی لە دژی (عوسمان)ﷺ

بیکوژن، هۆزەکەی لەرووی دەمارگیرییەوە پاراستیان و بۆ تۆڵەسەندنەوە نەیاندا دەستەوە.

پاش شکست هێنانی سەبەئیەکانی بەصرە لە بەرامبەر (طەڵحە) و (زوبەیر)ﷺ، بانگکەرێك لە بەصرە بانگی کرد: هەرکەسێ لەناو تیرەکەیدا کەسێك هەیە لەوانەی هێرشیان کردە سەر مەدینە و بەشداری گەمارۆی سەر (عوسمان) و کوشتنیان کردووە، با بۆمانی بهێنێ.

جا خەڵکی بەصرە هەر وەکو سەگ ئەو خەواریجە سەبەئیانەیان دەهێنا، هەموویان کوژران و کەسیان دەرباز نەبوو تەنها (حورقوص) نەبێت.

بەمە بەصرە لە سەبەئییەکان پاك بوویەوە و، (طەڵحە) و (زوبەیر) و (عائیشە)ﷺ و ئەوانەی لەگەڵیاندا بون بەشێکی ئامانجەکەیان، لە تۆڵەسەندنەوە لە بکوژانی (عوسمان)ﷺ و کوشتنیان، بەدەست هێنا.[1]

عەلی لە (رەبەذە)دا نەخشەی خۆی بۆ هەڵسوکەوت لەگەڵ سەرپێچیکارانی روون دەکاتەوە

(عەلی)ﷺ کاتێ لەگەڵ سوپاکەیدا لە (رەبەذە)دا بون، نەخشەی خۆی بۆ هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ سەرپێچیکارانی روونکردەوە، یەکێك لە سەربازەکان پرسیاری لێکرد: ئەی ئەمیری بڕواداران! دەتەوێ چی بکەیت؟

وتی: دەمانەوێ و نیەتمان چاکسازییە، ئەگەر ئەوەمان لێ وەرگرن و بەدەنگمانەوە بێن.

پێی وت: ئەگەر بە دەنگمانەوە نەهاتن؟

(عەلی)ﷺ وتی: لەگەڵ بیانوو و ئیجتهادی خۆیان لێیان دەگەڕێن و، هەقی خۆیان پێ دەدەین و ئارامیان لەسەر دەگرین.

وتی: ئەگەر بەوەشمان رازی نەبون؟

(عەلی) وتی: وازیان لێدەهێنین ئەگەر وازمان لێ بهێنن.

وتی: ئەگەر وازیان لێمان نەهێنا؟

---

١ ـ تأريخ الطبري ٤ : ٤٧٠ - ٤٧٢ .

(عەلی) وتی: خۆمان لێیان دەپارێزین و بەرگری لە خۆمان دەکەین.[1]

(عەلی)ﷺ بە سوپاکەیەوە لە (رەبەذە)وە بەرەو بەصرە بەڕێکەوت، بەلای (فەید)دا تێپەڕی، پاشان بەلای (ثەعلەبیە)دا و، ئینجا بەلای (ذی قار)دا.

دوو نوێنەرەکەی عەلی بۆ خەڵکی کوفە

لە (ذی قار)دا (موحەممەدی کوڕی ئەبوبەکر) و (موحەممەدی کوڕی جەعفەری کوڕی ئەبوطالب)ی نارد بۆ کوفە، تا خەڵکەکەی ڕاپەڕێنێت بۆ دەرچوون بۆ جەنگ لە دژی سەرپێچیکارانی (عەلی)، لە دوای ئەوانیش (ئەشتەری نەخەعی) نارد بۆ لایان.

والی کوفە ئەبوموسای ئەشعەری لەگەڵ جەنگ نەکردنە

ئەمیری کوفە (ئەبوموسای ئەشعەری)ﷺ بوو، کە لەگەڵ خۆدوورخستن لە فیتنەی نێوان موسڵمانان بوو، بۆیە ئامۆژگاری خەڵکی کوفەی کرد دابنیشن.

کاتێ هەردوو نوێنەرەکەی (عەلی) گفتوگۆیان لەگەڵدا کرد، پێی وتن: ئەگەر هەردەبێ بجەنگین، ئەوا لەگەڵ (عەلی) ناجەنگین هەتا تۆڵە لە بکوژانی (عوسمان) نەسەنێتەوە و حەدیان لەسەر جێبەجێ نەکات!!.[2]

هەردوو نێردراوەکەی (عەلی) لە کوفە بەبێ ئەنجام گەڕانەوە، (عەلی) لەجیاتی ئەوان (حەسەن)ی کوڕی و (عەمماری کوڕی یاسر)ی ناردﷺ بۆ ڕاپەڕاندنی خەڵکی کوفە.

(حەسەن)ﷺ هات و گفتوگۆی لەگەڵ (ئەبوموسا)ﷺ کرد.

عەممار و حەسەن گفتوگۆ لەگەڵ ئەبوموسا دەکەن

پێی وت: ئەبوموسا! بۆچی خەڵکی لەئێمە سارد دەکەیەوە؟ سوێند بەخوا ئێمە تەنها چاکسازیمان دەوێ و، ئەمیری بڕواداران ترسی لە هیچ نیە.

(ئەبوموسا)ﷺ وتی: دایك و باوکم بە قوربانت بێت، ڕاست دەکەی، بەڵام ڕاوێژپێکراو ئەمیندارە، منیش گوێم لە پێغەمبەری خواﷺ بووە دەیفەرموو: ((فیتنە و ئاژاوەیەك ڕوودەدات، دانیشتوو تیایدا چاکترە لەوەی بەپێوەیە، ئەوەی بەپێوەیە چاکترە لەوەی دەڕوا، ئەوەی دەڕوا چاکترە لەوەی بە سوارییە.)) خوای گەورە کردووینی بە برا، خوێن و

---

١ ـ تأريخ الطبري ٤ : ٤٨١-٤٨٢ .

٢ ـ تأريخ الطبري ٤ : ٤٦٨ .

ماڵمانی لێ حەرام کردوین، هەروەك دەفەرموێت: ﴿يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لاَ تَأْكُلُوا أَمْوَالَكُمْ بَيْنَكُمْ بِالْبَاطِلِ إِلاَّ أَنْ تَكُونَ تِجَارَةً عَنْ تَرَاضٍ مِنْكُمْ وَلاَ تَقْتُلُوا أَنفُسَكُمْ إِنَّ اللَّهَ كَانَ بِكُمْ رَحِيمًا: ئەی گەلی بڕواداران! ماڵ و دارایی یەکتری- لەخوت وخۆڕایی- مەخۆن مەگەر بە سەودا و مامەڵە و ڕازی بون لەنێوان خۆتان" کە ئەوسا پێتان ڕەوایە، بە هەق نەبێ نابێ یەکتریش بکوژن، خودا دەربارەی هەموتان دلۆڤانە﴾النساء/٢٩.

هەروا دەفەرموێت: ﴿وَمَنْ يَقْتُلْ مُؤْمِنًا مُتَعَمِّدًا فَجَزَاؤُهُ جَهَنَّمُ: هەرکەسێك هەر لە ئانقەست بڕوادارێك بکوژێ، لەبری ئەوە لەناو دۆزەخ دایە﴾النساء/٩٣.

وتاری ئەبوموسا بۆخەڵکی کوفە

دوای ئەوە (ئەبوموسای ئەشعەری)ﷺ وتارێکی بۆ خەڵکی کوفە دا و تیایدا وتی: بێگومان هاوەڵانی پێغەمبەرﷺ، ئەوانەی لە چەندین شوێن لەگەڵیدا بون، زاناترن بە خوا و بە پێغەمبەرەکەی لەوانەی کە لەگەڵیدا نەبون، بێگومان ئێوە مافێکتان لەسەر من هەیە، و منیش ئەو مافەتان دەدەمێ، پێشتر بۆچونم وابوو کە دەسەڵات و فەرمانڕەوایی خوا بە سوك نەگرن و، بێترس نەبن بەرامبەر خوا و، هەرکەس لە مەدینەوە هات بۆ لاتان بیگەڕێننەوە بۆ مەدینە، هەتا لەسەر پێشەوایەك کۆدەبنەوە، خەڵکی مەدینەش زاناترن بەوەی کێ لەئێوە بۆ پێشەوایەتی دەشێت، جا ئێوە خۆتان لەو کارە هەڵمەقورتێنن.

ئەبو موسا ئامۆژگاریان دەکات بە نەجەنگان لە کاتی فیتنەدا

خەڵکینە! گوێڕایەڵم بن، دەبنە بنەڕەتێك لە بنەڕەتەکانی عەرەب} واتە لەنێوان وڵاتەکانی تردا دەبنە بنەڕەتی ئاشتی و ئاسودەیی، {ستەم لێکراو پەناتان بۆ دێنێ، ترساو لەناوتان دڵنیا دەبێت، ئێمەی هاوەڵانی پێغەمبەرﷺ زاناترین بەوەی کە بیستوومانە، فیتنە و ئاژاوە ئەگەر هات گوماناوی دەبێت و روون نابێت، ئەگەر ڕۆیشت ئینجا روون و ئاشکرا دەبێت.

ئەم فیتنە و ئاژاوەیەش وەك ژانەسك وایە، بای باکور و باشوور و بای

(صەبا) و (دەبور) دەیهێنێ و دەیبات، هەندێك جاریش هێمن دەبێتەوە، کەس نازانێ لە کوێوە هەڵدەکات، مرۆڤی نەرم ونیان سەرسام دەکات.

شمشێرەکانتان بخەنە کێلان و، نوکی ڕمەکانتان لێبکەنەوە و، تیرەی کەوانەکان بپچڕێنن و، داڵدەی ستەملێکراو و چەوساوە بدەن، تاوەکو ئەم کارە چاك دەبێتەوە و ئەم فیتنەیە لادەچێت.

ئامۆژگاریەکانم لێوەربگرن و پشتگوێی مەخەن، گوێڕایەڵم بن، دین و دونیاتان سەلامەت دەبێت، ئەوکەسەش کە ئاژاوەکەی هەڵگیرساندوە یان جۆشی پێ دەدات، بە گەرمی‌یەکەی ژیانی ناخۆش و تاڵ دەبێت.[1]

قەعقاعی کوڕی عەمر دەرچوون لەگەڵ عەلی بەچاك دەزانێ

(قەعقاعی کوڕی عەمری تەمیمی) هەستا و وتی: حەق و ڕاستی ئەوەیە کە پێشەوا (ئەبوموسا) وتی، ئەگەر ڕێگای جێبەجێکردنی هەبوایە، بەڵام دەبێ خەڵك ئەمیرێکیان هەبێت خەڵکەکە ڕێك بخات و ستەمکار بترسێنێ و پشتیوانی ستەملێکراو بکات، ئێستاش ئەمیری بڕواداران (عەلی)یە، لە بانگەوازدا لەگەڵ سەرپێچیکارانی دادگەرە، داوای چاکسازی دەکات، دە ڕاپەڕن و بەسەری بخەن![2]

ئەشتەر کۆشکی ئەمیرایەتی داگیر دەکات و ئەبوموسا بەتوڕەیی دەردەچێت

(ئەشتەری نەخەعی)، (ئەبوموسا)ی بەجێهێشت لە مزگەوتی کوفە وتار بدات و، ڕۆیشت کۆشکی ئەمیرایەتی داگیر کرد و، خزمەتکارەکانی (ئەبوموسا) هاتن و هەواڵی ئەوەیان پێدا کە (ئەشتەر) دەری کردوون، کاتێ (ئەبو موسا) قسەی لەگەڵ (ئەشتەر) کرد و ناڕەزایی لەسەر کارەکەی دەربڕی، (ئەشتەر) پێی وت: لە کۆشکەکەمان بچۆ دەرەوە.

زۆربەی خەڵکی کوفە لەگەڵ (ئەشتەر) ڕاپەڕین، (ئەبو موسا)ش بەجێی هێشتن و لە کوفە دەرچوو.

دەرچوونی نۆ هەزار کەسی کوفە لەگەڵ عەلی

داوایان لە خەڵکی کوفە کرد بۆ ڕاپەڕین لەگەڵ (عەلی)ﷺ، نۆ هەزار کەس دەرچوون و بەرەو سەربازگەی (عەلی) بەڕێکەوتن، کە لە (ذیقار) بوو.

لەوانەی کە دەرچوون بۆ پشتیوانی (عەلی) لە ناودارانی کوفە:

---

١ ـ تأريخ الطبري ٤ : ٤٨٣-٤٨٤ .

٢ ـ تأريخ الطبري ٤ : ٤٨٣ .

(قەعقاعی کوڕی عەمری تەمیمی) و (عەدی کوڕی حاتەمی طائی).

کاتێ لە (ذی قار) پەیوەندییان کرد بە سوپاکەی (عەلی)ﷺ، (عەلی) ویستی دوا هەوڵی بۆ ئاشتبونەوە لەگەڵ (طەڵحە)و (زوبەیر)و (عائیشە)ﷺ لە بەصرە بدات، زۆریش سوور بوو لەسەر چاکسازی و ئاشتەوایی و، هەڵنەگیرسانی جەنگ و خوێن نەڕێشتن و، گێڕانەوەی سەرپێچیکارانی بۆ ژێر فەرمانی و، ڕێکەوتن لەگەڵیان.

عەلی، قەعقاعی کوڕی عەمر دەنێرێت بۆ ڕێکەوتن لەگەڵ خەڵکی بەصرە

عەلیﷺ (قەعقاعی کوڕی عەمری تەمیمی)ی جیهادکاری بۆ ڕێکەوتن لەگەڵ (طەڵحە)و (زوبەیر)ﷺ نارد و، وتی: ئەو دوو پیاوە ببینە و بانگیان بکە بۆ پێکەوەگونجان و کۆمەڵ بون و، ئیختلاف و پەرتەوازەییان لەلا گەورە بکە.

(قەعقاع) چوو بۆ بەصرە، لە (عائیشە)وە-خوای لێ ڕازی بێ- دەستی پێکرد و پێی وت: دایکە! چی تۆی هێناوەتە بەصرە؟

ئەویش پێی وت: کوڕی خۆم! لەپێناوی چاکسازی نێوان خەڵکدا.

(قەعقاع) داوای لێکرد کە بنێری بەدوای (طەڵحە) و (زوبەیر)دا و بەئامادەبونی (عائیشە)ﷺ و لەبەردەمیدا قسەیان لەگەڵدا بکات.

گفتوگۆی قەعقاع لەگەڵ طەڵحە و زوبەیر

کە هاتن، دەربارەی هاتنیان پرسیاری لێکردن، وتیان-هەروەك (عائیشە) وتی-: لەپێناوی چاکسازی نێوان خەڵکدا.

پێی وتن: پێم بڵێن ڕووی ئەو چاکسازییە چییە؟ سوێند بەخوا ئەگەر بەچاکمان زانی ئەوە لەگەڵتان چاکسازی دەکەین، ئەگەریش بەخراپمان زانی ئەوە لەگەڵتان ڕێك ناکەوین!

پێیان وت: بکوژەکانی (عوسمان)ﷺ دەبێ هەر بکوژرێن، ئەگەر بەبێ تۆڵەسەندنەوە وازیان لێ بهێنرێت، ئەوە وازهێنان لە قورئان و، لەکارخستنی حوکمەکانیەتی، بەڵام ئەگەر تۆڵەیان لێ بسەنرێتەوە، ئەوە زیندووکردنەوەی قورئانە!

(قەعقاع) وتی: لە بەصرە شەش سەد کەس لە بکوژانی (عوسمان)

هەبون، ئێوە هەمووتان کوشت تەنها یەك پیاو نەبێت، ئەویش (حورقوصی کوڕی زوهەیری سەعدی)یە، کاتێ لەدەستتان هەڵهات پەنای بردە بەر هۆزەکەی کە بەنی سەعدە، کاتێ ویستتان بیگێڕنەوە و بیکوژن، هۆزەکەی ڕێگەیان لێگرتن و شەش هەزار پیاو لەسەری توڕە بون و خۆیان لەئێوە بەدوور گرت و بەرامبەرتان وەك یەك پیاو ڕاوەستان.

ئەگەر واز لە (حورقوص) بهێنن و نەیکوژن، ئەوە وازتان هێناوە لەوەی کە دەیڵێن و بانگەوازی بۆ دەکەن و، داواش لە (عەلی) دەکەن جێبەجێی بکات.

ئەگەر لەپێناو (حورقوص) شەڕ لەگەڵ بەنی سەعد بکەن و، بەسەرتاندا زاڵ بن و بتانشکێنن شانازیتان بەسەردا دەکەن، ئەوا دەکەونە حاڵێکەوە نەدەبوایە تێی بکەون و، ئەوانتان بەهێز دەکەن و تووشی ئەوە دەبن کە پێتان ناخۆشە، ئێوە بە داواکردنی (حورقوص) هۆزی (ربیعە) و (مضر)تان لەم ناوچانەدا لەخۆتان توڕە کردوە، ئەوەتا بۆ بەسەرخستنی بەنی سەعد و جەنگ و شکاندنی ئێوە کۆبونەتەوە.

هەر ئەمەش لەگەڵ (عەلی) ڕوویدا، لەکاتێکدا بکوژانی (عوسمان) لەناو سوپاکەیدان!

ژیربێژیەکەی (قەعقاع) و بەڵگە پەسەندەکەی کاری لە دایکی ئیمانداران و ئەوانەی لەگەڵیدابون کرد.

پێی وت: قەعقاع! ئەدی تۆ چی دەڵێیت؟

وتی: (دەڵێم: ئەمە کارێکە چارەسەرەکەی هێمن کردنەوەیە، پێویستە ئارام بگرین لە تۆڵەسەندنەوە لە بکوژانی (عوسمان)، کە ناکۆکیەکان کۆتاییان پێهات و، ئوممەت یەك دەنگ بون لەسەر ئەمیری بڕواداران، ئەوا یەکلا دەبێتەوە بۆ بکوژانی (عوسمان).

چارەسەر لەلای ئەو ئارامگرتن و هێمن کردنەوەیە، پاشان تۆڵە

ئێوە ئەگەر بەیعەت بە (عەلی) بدەن و لەگەڵی ڕێك بکەون، ئەوە نیشانەی چاکەیە و مژدەی ڕەحمەت و، بەتوانایە لەسەر سەندنەوەی تۆڵەی (عوسمان).

بەڵام ئەگەر ئێوە رازی نەبون و سوور بون لەسەر کەللەڕەقی و جەنگ کردن، ئەوە نیشانەی شەڕ و خراپە و لەدەستدانی ئەم دەسەڵاتەیە.

سەلامەتیەك هەڵبژێرن کە پێتان دەدرێت و ببنە کلیلی خەیر و چاکە هەروەك یەکەمجار وابون، دووچاری کارەساتمان مەکەن و خۆشتان دووچاری بین و، خوداش هەردوولامان بمرێنێت.

سوێند بەخوا، من ئەمە دەڵێم و بانگتان دەکەم بۆی و، لە هەمان کاتدا دەترسم نەگاتە ئەنجام، هەتا خوای گەورە پێویستی خۆی لەم ئوممەتە وەرگرێتەوە، کە کەلوپەلەکانی کەم بونەتەوە و ئەم کارەساتەی بەسەر هاتووە، بێگومان ئەم کارەساتەی بەسەری هاتووە زۆر گەورەیە، وەك ئەوە نیە پیاوێك پیاوێك بکوژێت، کۆمەڵێك کەسێك بکوژن، هۆزێك هۆزێك بکوژن!!))

قەعقاع قەناعەت بە کەلحە و زوبەیر و عائیشە دەهێنێ

ئەوانیش هاتنە سەر قسەی (قەعقاع)ی راستگۆی دڵسۆز و، رازی بون لەسەر بانگەکەی بۆ رێکەوتن و، پێیان وت: بەراستی قسەکانت راستن و پێکاوتە، بگەڕێوە، ئەگەر (عەلی) هات و لەسەر هەمان بۆچونەکەی تۆ بوو، ئەو کارە بەویستی خوا چاك دەبێتەوە.

دڵخۆشی عەلی بە سەرکەوتنی قەعقاع و وتارەکەی لە ذی قاردا

(قەعقاع) لە ئەرکەکەی بە سەرکەوتوویی گەڕایەوە بۆ لای (عەلی) لە (ذیقار)، هەواڵی گفتوگۆیەکەی پێدا، (عەلی)ﷺ ئەمەی زۆر بەدڵ بوو، خەریك بوو هەموو رێك بکەون، جا ئەوەی پێی ناخۆش بوو پێی ناخۆش بوو و، ئەوەی پێی رازی بوو پێی ڕازی بوو.[1]

دوای ئەوە (عەلی)ﷺ هەستا و وتارێکی بۆ سوپاکەی دا و، لە وتارەکەیدا باسی نەفامی و ناخۆشییەکانیی و، ئیسلام و بەختەوەرییەکانی و، نیعمەت و چاکەکانی خوای گەورە لەسەر ئەم ئوممەتە و، بە یەك دەنگ بونیان لەسەر (ئەبوبەکر) و (عومەر)یﷺ کرد.

عەلی دەڕواتە بەصرە بۆ ئاشتبونەوە

دوای ئەوە لە وتارەکەیدا وتی: دواتر ئەوەبوو (عوسمان)یان کوشت و، کۆمەڵانێکی دونیاویست زیانی لەم ئوممەتە دا و ئیرەییان پێبردن لەبەر

١ـ تأريخ الطبري ٤ : ٤٩٣-٤٩٤.

ئەوانەی خوای گەورە لە چاکەی خۆی بەسەریدا ڕشتون، ویستیان شتەکان بەرەودوا بگەڕێننەوە، خوای گەورەش فەرمانی خۆی دەگەیەنێتە جێ..

پاشان وتی: ئەوا من بەیانی دەچمە بەصرە بۆ ئاشتبونەوە لەگەڵ (طەڵحە) و (زوبەیر)ﷺ، ئێوەش وەرن، بەڵام با کەس لەوانەی بە هەرشتێك هاوکاری کوشتنی (عوسمان)یان کردووە لەگەڵم نەیەن، با نەزان و نەفامەکان خۆیانم لێ بەدوور بگرن.

بەم شێوەیە (عەلی) و (طەڵحە) و (زوبەیر)ﷺ خەریك بوو ئاشت دەبونەوە، نزیك بوو موسڵمانان لە بەصرە و کوفە کۆببن و ببنە یەك.

موسڵمانان بەمە دڵخۆش بون و سەبەئییەکان پیلانیان گێڕا

بەڵام ئایە ئەو سەبەئییانەی ناو سوپاکەی (عەلی) لەسەر ئاشتی بێدەنگ دەبن؟ ئایە بە یەکدەنگی موسڵمانان ڕازی دەبن؟ لە کاتێکدا ئەوان دەزانن کە لەمەدا ئەوان خەسارەتمەند دەبن و، ئاشتبونەوە لەسەر حیسابی ئەوان دەبێت و، ئوممەت لەسەریان کۆدەبنەوە، ئەوەتا (عەلی) دەستی بەو کارە کردووە، کە ڕێگەی نەدا کەس لەوانەی هاوکاری کوشتنی (عوسمان)یان کردووە، دوای بکەون، ئەی ئەگەر بۆیان یەکلابێتەوە، دەبێ چییان لێبکات؟

کۆبونەوەیەکی نهێنیی شەیتانە سەبەئییەکان بە سەرۆکایەتی ئیبن سەبەء

سەرکردەکانی ئەو خەواریجە سەبەئییانە کۆبونەوە بۆ تاوتوێکردنی کاروبارەکە، سوپاس بۆ خوا هیچ هاوەڵێکیان تێدا نەبوو.[1]

ئەو سەرکردە سەبەئییانەی کە ئامادەبون ئەمانەبون: (عبدالله‌ی کوڕی سەبەء–ابن السوداء–) و، (ئەشتەری نەخەعی) و، (عەلبائی کوڕی هەیثەم) و، (شورەیحی کوڕی ئەوفا).

وتیان: ڕاتان چییە؟ بەخوا ئەوە (عەلی)یە، ئەو زاناترە بە کتێبی خودا لەوانەی داوای بکوژانی (عوسمان) دەکەن و، نزیکترە لەوەی کاری پێبکات، ئەوا دەربارەی ئێوە ئەوەی وت کە گوێتان لێبوو، سبەی خەڵکتان لەسەر کۆدەکاتەوە، خەڵکیش هەمووی ئێوەیان مەبەستە، جا ئەوکاتە چییان لێدەکەن، ژمارەتان کەمە و ئەوانیش ژمارەیان زۆرە،

١ـ البداية والنهاية ٧ :٢٣٩.

لەدەستیان ڕزگارتان نابێت.

ئەشتەر کوشتنی عەلی بەباش دەزانێ و ئیبن سەبەء ڕەتی دەکاتەوە

(ئەشتەری نەخەعی) وتی: دەربارەی (طەڵحە) و (زوبەیر)، پێشتر دەمانزانی مەبەستیان چیە، بەڵام ڕای (عەلی) لەسەر ئێمە، نەمانزانی ئەمڕۆ نەبێ، ڕای هەموویان لەسەر ئێمە یەکە، ئەگەر ئاشت ببنەوە، ئەوان بێگومان لەسەر خوێنی ئێمە ئاشت دەبنەوە!.

وەرن با هەڵکوتینە سەر (عەلی) و بیکوژین و بیگەیەنینە (عوسمان)، ئاوا ئاژاوە و فیتنە و دووبەرەکی دەگەڕێتەوە و موسڵمانان پێوەی سەرقاڵ دەبن و ناپەرژێنە سەر ئێمە!!

بەڵام شەیتانی گەورەیان (عبدالله‌ی کوڕی سەبەء)، وتەی (ئەشتەر)ی دەربارەی کوشتنی (عەلی) ڕەت کردەوە و پێی وت: ئەشتەر! تۆ خراپترین ڕات هەیە، ئێوەی بکوژانی (عوسمان) کە لەگەڵ (عەلی)دان لە (ذی قار) دووهەزار و پێنجسەد یان نزیکی ئەوەندەن، دوای ئەوەی (طەڵحە) و (زوبەیر) لە بەصرە نزیکەی شەش سەدی لێ کوشتن. ئەگەر بە ڕای (ئەشتەر)مان کرد و (عەلی)مان کوشت، ئەوا خەڵکی ئێرە دەمانکوژن، ئەوەتا (قەعقاعی کوڕی عەمر) پێنج هەزاری لەگەڵدایە و هەموویان تامەزرۆی جەنگ و کوشتنی ئێوەن و، ئێوە توانای ئەوانتان نیە.

ئیبن هەیپەم خۆدابڕین لەخەڵك بەباش دەزانێت و ئیبن سەبەئیش ڕەتی دەکاتەوە

(عەلبائی کوڕی هەیثەم) وتی: وازیان لێ بهێنن و بڕۆن بەرەو وڵاتێکی پارێزەر و خۆتانی تێدا بپارێزن، هەتا پاڵپشتێکتان بۆ دەبێت و بەهێزتان دەکات!!

(ئیبن سەبەء)ی شەیتانیان ڕەتی دایەوە و وتی: خراپترین قسە و بۆچونت وت، خەڵکی بە ئاواتی ئەوەن کە جودا و بە تەنها بن، دووربن لە خەڵکە بێتاوانەکان، تا هێرش بکەنە سەرتان و بتانکوژن، ئەگەر لە خەڵکە جودابونەوە لەناوبردنتان ئاسان دەبێت.

لە کۆتاییدا (ئیبن سەبەء)ی شەیتانیان ڕایە پیسەکەی خۆی وت کە ئەوانیش لەسەری یەکدەنگ بون.

پێی وتن: خەڵکینە! سەربەرزیتان لە تێکەڵبونی خەڵك و تاوانەوە لەناویاندایە، جا ڕووپامایییان بۆ بکەن و بێدڵییان مەکەن و لەگەڵیان هەڵکەن تا هەڵیانخەڵەتێنن و لەخشتەیان بەرن.

ئیبن سەبەو ئامادە بە هەڵگیرساندنی شەڕ لەنێوان هەردوو سوپا دەکا تا ئاکۆك بن

دوای ئەوە (ئیبن سەبەء) فەرمانە نەفرین لێکراوەکەی پێکردن، کە ئاشتی لەناو دەبات و کێشە و دووبەرەکی دروست دەکات، پێی وتن: ئەگەر (عەلی) لەگەڵ (طەڵحە) و (زوبەیر) بەیەك گەیشتن و، هەردوو سوپا کەوتنە بەرامبەر یەك بۆ ئاشتبونەوە، ئەوا ئێوە دزە بکەنە ناو هەردوو سوپاکەوە و شەڕ لەنێوانیان هەڵگیرسێنن و هەوڵەکانی ئاشتی لەناوبەن، لێمەگەڕێن یەکلابنەوە بۆ تێڕوانین یان بیرکردنەوە یان ئاشتبونەوە، مەهێڵن کۆببنەوە یان ڕێککەون، ئەوەی ئێوە لەناو سوپاکەیدان-کە (عەلی)یە- ناچار دەبێت لێتان بێدەنگ بێت لەبەر ئەوەی پێویستی پێتانە، (طەڵحە) و (زوبەیر)یش، خوا لەئێوە سەرقاڵیان دەکات لێتان بێئاگا دەبن و دوچاری ئەوەدەبن کە پێیان ناخۆشە.

ڕێکەوتنی سەبەئییەکان لەسەر تێکدانی ئاشتبونەوە

خەواریجە سەبەئییەکان لەسەر ڕای (ئیبن سەبەء)ی شەیتانیان ڕێکەوتن و، جەختیان لەسەر جێبەجێکردنی کرد لەکاتی بەیەکگەیشتنی هەردوو سوپاکەدا.

پاشان لەناو خەڵك بڵاوەیان لێکرد و، کەس هەستی پێنەکردن و نەیانزانی بۆچی کۆبونەتەوە و لەسەرچی ڕێکەوتن.[1]

(عەلی)ﷺ بە پێشەنگی سوپاکەیەوە گەیشتە دەوروبەری بەصرە، (طەڵحە) و (زوبەیر)یشﷺ لە بەرامبەریدا سوپایان دامەزراند و، هەردوو سوپا کەوتنە بەرامبەر یەك، (عەلی) چاوەڕوانی گەیشتنی پشتیوانی ناوچە و هۆزەکانی تری دەکرد.

وتەی زوبەیر دەربارەی سوپای عەلی

(ئەبو جەرباء)-کە یەکێك بوو لە سەرکردەکانی سوپای بەصرە- هاتە لای (زوبەیر)ﷺ و پێی وت: من وادەبینم ئێستا، پێش ئەوەی هاوەڵانی لەدەوری کۆببنەوە، هەزار سوار بۆ لای (عەلی) بنێری، تا بۆیان شتێکی

١ـ تأريخ الطبري ٤ : ٤٩٣-٤٩٤، البداية والنهاية لأبن كثير ٧ : ٢٣٩.

کتوپڕ و لەناکاو بێت.

(زوبەیر)ﷺ پێی وت: ئێمە کاروباری جەنگ دەزانین، دەزانین ئەمە بۆچونێکە، بەڵام ئەوانە برامانن و کەسی بانگەوازەکەمانن، بەڵام ئەم ناکۆکیە کارێکە و ڕوویداوە و، هیچ دەقێکی لەسەر نیە لە ڕۆژی قیامەت بیانوو بڕێت.

پاشان ئێمە لەگەڵ (قەعقاع)ی نوێنەری (عەلی) لەسەر کارێك ڕێکەوتوین و، ئاواتەخوازم لەگەڵی ئاشت بینەوە، جا لەخوابترسن و ئارام بگرن.

زوبەیر دان بە سەرسامی و بەرچاو ڕون نەبوندا دەنێت

یەکێکی تر ئاماژەی بە (زوبەیر)ﷺ دا کە لەناکاو هێرش بکەنە سەر (عەلی)ﷺ، ئەویش وەڵامی دایەوە و وتی: ئەوانە برامانن، ئەمەش کارێکی گوماناویە لە نێوان ئێمە و ئەوان، سوێند بەخوا، لەوکاتەوەی خودا (موحەممەد)یﷺ بە پێغەمبەر ناردووە، هاوەڵەکانی هیچ ڕێگەیەکیان نەگرتووە بێئەوەی شوێن پێی خۆیان بزانن، هەتا ئەم ڕووداوە ڕویدا و (عوسمان)ﷺ کوژرا، سوێند بەخوا ئەوان نازانن بەرەو پێش دەڕۆن یان بەرەو دوا.

ئەو شتەی ئەمڕۆ لای ئێمە چاکە و لای براکانمان دزێوە، کە سبەی داهات هەمان شت لای ئێمە دزێو دەبێت و لای ئەوان چاك دەبێت، ئەو بەڵگانەی ئێمە لەسەر ئەوانمان گرتووە، ئەوان بە بەڵگەی نازانن، کە سبەی هات ئەوان ئەو بەڵگانە لەسەر ئێمە دەگرن.

ئێمە ئومێدی ئاشتی لەگەڵ براکانمان دەخوازین، ئەگەر بە دەممانەوە بێن، بەڵام ئەگەر ڕەتیان کردەوە ناچارین لەگەڵیان بجەنگین، چونکە دواچارەسەر داخکردنە.[1]

هاوەڵان سەرسامن لە ڕەفتارکردن لەگەڵ فیتنەدا

بەم دان پیانانە بوێرانەیەی (زوبەیری کوڕی عەوام)ﷺ، دەزانرێ هاوەڵان بەرامبەر ئەم فیتنە و ئاژاوەیەی ڕوویدا چەندە سەرسام بون، کە لە تێگەیشتن و ئاراستەکردن و ڕەفتارلەگەڵداکردنیدا ناکۆك بون، ئەم ناکۆکیە

١ـ تأريخ الطبري ٤ : ٤٩٥.

بوە هۆی جەنگ و کوشتار و خوێنڕشتن لەنێوان خۆیان، بە نابەدڵی و ناچاری دەجەنگان، بەڵکو بە سەرلێشێواوی و سەرسامییەوە دەجەنگان، ئەم وتە ئاشکرایەی (زوبەیر) لەجیاتی خۆی و هەموو هاوەڵانی تری پێغەمبەری خواﷺ، سەرسامی و دوودڵییەکەیان تۆمار دەکات.

ئەمە لەلایەن سوپاکەی (طەڵحە) و (زوبەیر)ﷺ، بەڵام لەلایەن سوپاکەی (عەلی)ﷺ، وێنەکە گۆڕانی بەسەردا نەهاتبوو.

عەلی نەخشەی خۆی ڕوون دەکاتەوە بۆ ڕەفتارکردن لەگەڵ سوپای بەصرەدا

یەکێك لە سەربازەکانی (عەلی)-کە (ئەعوەری کوڕی بەنانی مینقەری) بوو- هات و پرسیاری سەبارەت بەرەوپێشچوون بەرەو سوپای بەصرە و نەخشەکەی بۆ ڕەفتار لەگەڵیاندا، لە (عەلی) کرد.

(عەلی)ﷺ پێی وت: لەسەر بنەمای ئاشتی و کوژاندنەوەی ئاگری فیتنە لێیان دەچینە پێشەوە، بەڵکو خوای گەورە بە ئێمە ئوممەت یەك بخاتەوە و جەنگی لەسەر لابدات.

گفتوگۆیەکی ئاشکرا لەنێوان عەلی و ئەعوەری مینقەری دا

(ئەعوەر) پێی وت: ئەی ئەگەر بۆ ئاشتی وەڵامیان نەداینەوە؟

(عەلی) پێی وت: هەتا ئەوان وازمان لێ بێنن وازیان لێ دێنین! دەستپێشخەری جەنگ نابین لە جەنگدا.

(ئەعوەر) وتی: ئەی ئەگەر وازیان لێمان نەهێنا؟ و جەنگیان لەگەڵدا کردین؟

(عەلی) وتی: بەرگری لەخۆمان دەکەین.

(ئەعوەر) وتی: ئایا بۆ ئەوان پێویستە بەرگری لەخۆیان بکەن هەروەك بۆ ئێمە دروستە؟

(عەلی) وتی: بەڵێ.

گفتوگۆیەکی تر لەنێوان عەلی و دەئلانی دا

(ئەبو سەلامەی دەئلانی) هەستا و پرسیاری لە (عەلی)ﷺ کرد: ئایا تۆ وا دەبینی کە ئەو خەڵکە بەڵگەیان بەدەستەوەبێ لە داواکردنی خوێنی (عوسمان)دا، ئەگەر مەبەستیان لەمە بۆ خوا بێت؟

(عەلی)ﷺ وتی: بەڵێ!

(دەئلانی) وتی: ئایا لە دواخستنی سزادانی بکوژانی (عوسمان) هیچ

بەڵگەت هەیە؟

(عەلی) وتی: بەڵێ!

وتی: ئەی دەبێ حاڵی ئێمە وئەوان چۆن بێت، ئەگەر بەیانی پێیانەوە گرفتار بووین و جەنگاین و لێیان کوشتین و لێمان کوشتن؟

(عەلی) وتی: من ئاواتەخوازم کەس لە ئێمە و لە ئەوان نەکوژرێ، کە دڵی بۆ خوا خاوێن کردبێتەوە، مەگەر خوای گەورە بیباتە بەهەشتەوە!!!.

دوای ئەوە هەستا و وتارێکی بۆ سوپاکەی دا و وتی: خەڵکینە! خۆتان بگرن، دەست و زمانتان لەو خەڵکە بپارێزن، چونکە ئەوان براتانن، هەروەها ئارام بگرن لەوەی لەوانەوە بۆتان دێ، وریابن وا نەکەن بەیانی لەلای خوای گەورە پێشمان بکەون، چونکە شەڕفرۆشی ڕۆژی قیامەت ئەو شەڕفرۆشەیە کە ئەمڕۆ بەڵگەی لەسەر چەسپاوە.[1]

تێڕوانینێکی دادوەرانەو بابەتیانەی هەر کۆمەڵێك بۆ ئەوی تر

ئەمەیە ئاکاری ئیسلامی کە باڵ بەسەر دوو سوپای موسڵماناندا دەکێشێت کە ناکۆکن و کێشەیان لەنێواندا هەیە و لەگەڵ یەکتر دەجەنگن، ئەمە ڕێز و پایەی کێشە و ئادابی ناکۆکیە، ئەمەیە تێڕوانینی هەر کۆمەڵێك بۆ کۆمەڵەکەی تر.

بەم ڕستە ڕونکەرەوانە، (عەلی) بناغەی بۆچونی خۆی بۆ (طەڵحە) و (زوبەیر)ﷺ و ئەوانەی لەگەڵیاندان پێشکەش دەکات، ئەوان لەلای خودا بەڵگە و بیانوویان هەیە، ئەوان ئەگەر لەسەر دەستی ئەم کوژران لەبەهەشتن!!

ڕوبەڕوبونەوەی نێوان هەردوو کۆمەڵ

(عەلی)ﷺ نزیکەی بیست هەزاری لەگەڵدا بوو، بەڵام (طەڵحە) و (زوبەیر)ﷺ نزیکەی سی هەزاریان لەگەڵدابوو.

ڕوبەڕوبونەوەی نێوان هەردوو کۆمەڵەکە لە مانگی (جومادی دووەم)ی ساڵی سی و شەش، دوای شەش مانگ لە جێنشینیایەتی (عەلی) بوو.[2]

١ـ تأريخ الطبري ٤ : ٢٩٥-٢٩٦ .

٢ـ البداية والنهاية ٧ : ٢٤٠ .

کاتێ هەردوو کۆمەڵ کەوتنە بەرامبەر یەك، و هەردوولا پێك گەیشتن، (عەلی) (حەکیمی کوڕی سەلامە) و (مالیکی کوڕی حەبیب)ی نارد بۆ لای (طەڵحە) و (زوبەیر)، پێیان وتن: ئەگەر ئێوە لەسەر ئەوە ماون کە لەگەڵ (قەعقاعی کوڕی عەمر) پێی گەیشتن کە رازیبون بە ئاشتبونەوە، ئەوا دەستمان لێ هەڵگرن و ڕێگەمان بدەن دابەزین، تاوەکو بەیەکەوە چارەسەری ئەم گیروگرفتە بکەین.

دوو نوێنەرەکەی عەلی بۆ سوپای بەصرە

وتیان: ئێمە هێشتا لەسەر ئەوەین کە لەگەڵ (قەعقاع) لەسەری ڕێکەوتین و، ئێمە سوورین لەسەر ئاشت بونەوەی نێوان خەڵك.

ئەحنەفی کوڕی قەیس لە دەهەزار کەسدا لەهەردوو کۆمەڵ خۆی دووردەگرێت

(ئەحنەفی کوڕی قەیسی تەمیمی) لە دە هەزار کەسی (بەنی تەمیم)دا خۆدوورگرتنی لە جەنگ بەباش زانی، نە جەنگی (طەڵحە) و (زوبەیر) و، نە جەنگی (عەلی)ﷺ.

(ئەحنەف) بە بارێکی دەروونی توندا تێدەپەڕی، کە بەم وتەیە دەری بڕی: بەڕاستی پشت کردن لەوانەی کە (عائیشە)ی دایکی ئیمانداران و، (زوبەیر)ی حەواریی پێغەمبەری خوایانﷺ لەگەڵدایە زۆر سەختە، هەروەها جەنگی کەسێك کە بەیعەتم پێداوە و، ئامۆزای پێغەمبەری خوایەﷺ ئەویش زۆر سەختە.

کاتێك (زوبەیر)ﷺ ناردی بەدوایدا تا پەیوەندی بە سوپاکەیانەوە بکات، (ئەحنەف) بەوە وەڵامی دایەوە کە یەکێك لەم سێ ڕێگایە هەڵبژێرێت:

یان پردەکەم بۆ بکەنەوە، تا خۆم بگەیەنمە زەوی عەجەم و لەوێ لەگەڵ نەتەوەکەم جیهاد بکەم، هەتا خوای گەورە بڕیاری خۆی جێبەجێ دەکات.

یان بچم بۆ مەککە، لەوێ هاوسێیەتی حەرەم بکەم، هەتا خوای گەورە بڕیاری خۆی جێبەجێ دەکات.

یان خۆم لە ئێوە و لە (عەلی)ش بەدوور دەگرم و، لە نزیکتان دەبم و، چاودێری ڕووداوەکانی نێوانتان دەکەم، هەتا خوای گەورە بڕیاری خۆی جێبەجێ دەکات.!

(ئەحنەف) خۆی لە هەردوو سوپاکە بەدوور گرت و بەشداری ئەو جەنگەی نەکرد کە لەنێوانیاندا روویدا، کە (عەلی) بەسەر بەرامبەرەکەیدا سەرکەوت، دوای ئەوە (ئەحنەف) چووە ریزی سوپاکەی (عەلی)یەوە.[١]

عیمرانی کوڕی حەصین بانگەوازی خۆدورگرتن لە فیتنە دەکات

ڕای (عیمرانی کوڕی حەصین) خۆدورگرتن بوو لە هەردوو سوپاکە، جا نوێنەری خۆی نارد و بانگەوازی دەکرد و دەیوت: (ئەبو نوجەید عیمرانی کوڕی حەصین) هاوەڵی پێغەمبەری خواﷺ، سڵاوتان لێدەکات و بانگتان دەکات بۆ نەجەنگان و، پێتان دەڵێت: سوێند بەخوا، ئەگەر لەسەر شاخێك لەگەڵ مەڕ و بزندا بم، خوریەکەی ببڕمەوە و شیرەکەی بخۆمەوە، لەلام خۆشەویستترە لەوەی تیرێك بگرمە یەکێك لەم دوو سوپایە و، یەکێك لە موسڵمانان بپێکم![٢]

کەعبی کوڕی سور ئامۆژگاری خۆدورگرتن لە فیتنە دەکات

قازی بەصرە (کەعبی کوڕی سور)یش خۆدورگرتن لە جەنگ بەباش دەزانی، بە سەرداری هۆزەکەی (ئەزد)-کە لەگەڵ (طەلحە) و (زوبەیر)دا بوو- وت: بەقسەم بکە و ئامادەی جەنگ مەبە و هۆزەکەت لەجەنگ بەدوربگرە، من دەترسم ئاشتی سەر نەگرێت، واز لە هەردوولا بهێنە، ئەوان بران، ئەگەر ئاشتبونەوە، ئەوا ئەو شتەیە کە ئێمە دەمانەوێت، ئەگەریش جەنگان، ئەوا بەیانی ئێمە دەبینە دادوەر لەسەریان.

بەڵام رەتی کردەوە و بە قسەی نەکرد.

هەردوو سوپا سەردانی یەکتر دەکەن

لە رۆژی پێنج شەممە، پازدەی مانگی (جومادی دووەم)، هەردوو سوپا لەلای کۆشکی (عبداللەی کوڕی زیاد) لە (زابوقە) لە تەنیشت گوندی (ئەرزاق) دابەزین و، هیچ گومانێکیان لە رێکەوتن نەبوو.

هۆزەکانی هەردوو سوپا بەیەك دەگەیشتن و کۆدەبونەوە و سەردانی یەکتریان دەکرد، (مضر) بۆ لای (مضر) و، (رەبیعە) بۆ لای (رەبیعە) و، (یەمەن) بۆ لای (یەمەن)، کەسیش گومانی لە رێکەوتن نەبوو، تەنها

١ـ تأريخ الطبري ٤ : ٤٩٨ .

٢ـ تأريخ الطبري ٤ : ٥٠٣ .

دەربارەی ڕێکەوتن قسەیان دەکرد.

(عـەلی)ﷺ لەلایـەن خۆیـەوە (عبـداللّەی کـوڕی عـەباس)ی نـارد بـۆ لای (طـەڵحـە) و (زوبـەیر)ﷺ و بـە ڕاشـکاوی قسـەی لەگەڵـدا کـردن، ئـەوانیش لەلای خۆیانەوە (موحەممەدی کوڕی طەڵحەی کوڕی عبیداللّه)یان بۆ لای (عەلی) نارد-کە ناسرابوو بە (موحەممەدی سەجاد) لەبەر زۆر خواپەرستی و پارێزکاریەکەی، ئەویش بـە ڕاشـکاوی قسـەی لەگەڵـدا کـرد. خـەڵکی لـە ڕەزامەندی و دڵخۆشی و پێکەوەگونجان و ئاسودەییدا بون.

بەیەک گەیشتنی عەلی لەگەڵ طەڵحە و زوبەیر

(عـەلی)ﷺ لـە سـەربازگەکەی دەرچـوو، (طـەڵحـە) و (زوبـەیر)یـشﷺ لـە سـەربازگەکەیان دەرچـوون، دەرچـوونی هـەردوولا هاوکـات بـوو و بەیـەک گەیشتن و هەرسێکیان بۆ ماوەیـەکی درێـژ کۆبونـەوە و، دەربـارەی ئەوانـە قسـەیان کـرد کـە لەسـەری نـاکۆك بـون و، بـە ڕاشـکاوی لەگـەڵ یـەکتر گفتوگۆیان دەکرد، لـە ڕێکـەوتن و لابردنـی جەنگ و شـەڕنەکردن چاکتریان نەدۆزیەوە و، ناکۆکیەکانی نێوان خۆیان نەهێشت و، لەسەر ئاشتبونەوە و پاشەکشەی هەردوو سوپا و کۆتایی هێنان بە ناکۆکی ڕێکەوتن.

ئێوارە هەریەکەیان لەسەر ئەم نیازە گەڕایەوە سەربازگەکەی.

(عەلی)ﷺ هەواڵی بۆ سەرکردەکانی سوپاکەی نارد و ئاگاداری کردنەوە بەو ئاشتیەی کە لەسەری ڕێکەوتون، (طەڵحە) و (زوبـەیر)یشﷺ هـەواڵیان نارد بۆ سەرکردەکانی سوپاکەیان و ئاگاداریان کردنـەوە لـەو ئاشـتیەی کـە لەسەری ڕێکەوتوون.[١]

شادبونی موسڵمانان بە ئاشتی و توڕەبونی سەبەئییەکان

ئـەو شـەوە موسـڵمانان لـە هـەردوو سـوپادا لەسـەر ئاشـتی نوسـتن، لـە چاکترین شـەودا نوسـتن کـە پێشـتر لـە شـەوی وادا نەنوسـتون، بەهـۆی ئـەو سـەلامەتی و ڕێکـەوتن و ئاسـودەییەی ئـەوانی تێـدابون، بـەهۆی نـەمانی ناکۆکی و ئاژاوەو فیتنە و جەنگ لە نێوانیاندا.

بەڵام خەواریجە شەیتانە سەبەئییەکان-کە نزیکەی دوو هەزار دەبون لـە سوپای (عەلی)دا- ناخۆشترین شەویان بەسەردا هات کە هـەرگیز شـەوی وا

١ ـ تأريخ الطبري ٤ :٥٠٥-٥٠٦ .

ناخۆشیان نەبینیوە، دڵ پڕ لە قین بون بەهۆی نێزیکبونەوەی ئاشتی نێوان هەردوو سوپاکە، لەبەر قین و ئیرەییان لەسەر موسڵمانان نزیك بوو شەق بەرن.

نەخشەی سەبەئییەکان بۆ لەناوبردنی ئاشتی

سەرکردەکانیان، بۆ نمونە (عبداللّەی کوڕی سەبەء) و (ئەشتەری نەخەعی) و (شورەیحی کوڕی ئەوفا)، بەیەك گەیشتن و هەموو ئەو شەوەیان بە راوێژەوە بردە سەر. لەسەر تێکدانی نەخشەی ئاشتی نێوان هەردوو سوپا و، لەناوبردنی دەرفەتی رێکەوتن و، هێشتنەوەی ئاژاوە و فیتنە و ناکۆکی لەنێوان موسڵمانان، بەڵکو کارکردنیش بۆ هەڵگیرسانی جەنگێکی دڕندانە لە نێوانیاندا رێکەوتن.

بەڵام جێبەجێکردنی ئەو پیلانە شەیتانییە بەوە دەبێت کە چەند تاکێك لەوانە دزە بکەنە ناو هەردو سوپاکە و لەناو هۆزەکاندا بڵاو ببنەوە، ئەمانەش لە شەودا بکرێت و بەبێ ئەوەی کەس پێیان بزانێت.

سەبەئییەکان رێکەوتن لەسەر ئەوەی هەردوو سوپا بخەنە تەڵەوە

لە بەرەبەیاندا، پێش دەرکەوتنی رووناکی و رۆژ هەڵاتن، هەریەکەیان تیربارانی سوپاکەی دیکە دەکات و چەك دەخەنە ناویانەوە و بە شمشێر هێرش دەکەنە سەریان، جا هەر کۆمەڵە وا گومان دەبات کە بەرامبەرەکەی رێکەوتنەکەی شکاندووە و ئاشتی رەت کردۆتەوە و جەنگی هەڵگیرساندووە!!

بەڕاستی ئەوە نەخشەیەکی شەیتانی فێڵاوی سەبەئییە، کۆششەکانی ئاشتی نێوان موسڵمانانی لەناو برد و جیاوازی و ناکۆکی لەنێوانیان قووڵتر کردەوە.

لە هەڵگیرساندنی جەنگدا سەردەکەون

لەگەڵ بەرەبەیاندا، سەبەئییەکان لەگەڵ تاریکیدا دزەیان کرد بۆ شوێنەکانی هەردوو سوپاکە، لەژێر باڵی تاریکیدا دزەیان کرد، بێئەوەی کەس پێیان بزانێت، (مضر)یەکانیان چوون بۆ لای هۆزەکەیان لە (مضر)، (رەبیعە)ییەکانیان چوون بۆ لای هۆزەکەیان لە (رەبیعە)، یەمەنییەکانیان چوون بۆ لای هۆزەکەیان لە خەڵکی یەمەن، چەکیان لەناویان دانا و بە

شمشێر هێرشیان کردە سەریان.

هەر کۆمەڵە و بۆ کۆمەڵەکەی بەرامبەری ڕاپەڕی بەو حیسابەی کە بەرامبەرەکەی پەیمانی شکاندووە و جەنگی دەست پێکردووە.

(طەڵحە) و (زوبەیر)ﷺ کاتێکیان زانی لەکاتی بەرەبەیاندا جەنگ دەستی پێکرد، وتیان: ئەوە چیە؟

خەڵکەکە وتیان: سوپاکەی (عەلی) لەگەڵ بەرەبەیاندا هێرشیان کردە سەرمان!

(طەڵحە) و (زوبەیر)ﷺ توڕەبون و وتیان: (عەلی) ڕاناوەستێ هەتا خوێن نەڕێژێت و حەرام حەڵاڵ نەکات، بێگومان ئەو ئاشتی ناوێت!!

سەبەئییەکان درۆ لەگەڵ عەلی دەکەن

بەڵام لای (عەلی)ﷺ، سەبەئییەکان پیاوێکیان لە نزیکیەوە دانابوو، هەتا ئەگەر پرسیاری کرد دەربارەی ئەوەی ڕوودەدات، ئەو سەبەئییە درۆی بۆ بکات و، ئەو هەواڵەی پێبدات کە خۆیان دەیانەوێت و ڕاستی لێ بشارێتەوە!! لەوانەیە ئەوەش (ئەشتەری نەخەعی) بێت کە سەرکردەی سەبەئییەکانی کوفە و، لە گەورە سەرکردەکانی سوپاکەی (عەلی)یە.

(عەلی)ﷺ کاتێکی زانی جەنگ هەڵگیرسا، وتی: ئەوە چیە؟

سەبەئییەکە پێی وت: لەگەڵ بەرەبەیاندا سوپای (طەڵحە) و (زوبەیر) لەناکاو هێرشیان کردە سەرمان! بەڵام بەرپەرچمان دانەوە.

(عەلی)ﷺ وتی: (طەڵحە) و (زوبەیر) ڕاناوەستن هەتا خوێن نەڕێژن و حەرام حەڵاڵ نەکەن، ئەوان ئاشتیان ناوێت.

سەبەئییەکان کۆششەکانیان زیاتر کرد بۆ هەڵگیرساندنی جەنگ و هێرش کردنە سەر لایەکەی تر و، هاندانی هەر کۆمەڵێك بۆ سەر بەرامبەرەکەی و وروژاندنی بۆ جەنگان لەگەڵیدا.

جەنگی حوشترەکە (الجمل) ڕوویدا

جا شەڕێکی توندوتیژ و گەرم و گوڕ و دڕندانە هەڵگیرسا، کە ئەویش شەڕی (حوشترەکە- الجمل) بوو.

بۆچی ناونرا جەنگی حوشترەکە

ناونرا شەڕی (حوشترەکە-الجمل) چونکە دایکی ئیمانداران (عائیشە)- خوای لێ ڕازی بێ- لەناو شەڕەکەدا و لە ناوەڕاستی سوپای بەصرەدا بوو،

سواری حوشترێك بوو بەناوی (عەسکەر)، کە (یەعلی کوڕی ئومەییە) لە یەمەن کڕیبووی و لە مەککە پێشکەشی کردبوو، (عائیشە) لەسەر پشتی ئەو حوشترە لە مەککەوە بەرەو بەصرە دەرچوو، پاشان لەکاتی شەڕەکەدا سواری بوو.

شەڕەکە لە ڕۆژی هەینی شازدەی (جومادی دووەم)ی ساڵی سی و شەش، لە ناوچەی (زابوقە)ی نزیك بەصرە بوو.

ئا بەم شێوەیە خەواریجە سەبەئییەکان لە نەخشەکەیان بۆ تێکدانی ئاشتی و، پارچەپارچەکردنی ئوممەت و، ڕشتنی خوێنی موسڵمانان، سەرکەوتنیان بەدەست هێنا.

(عەلی)ﷺ بەوەی ڕوویدا زۆر خەمبار بوو، بانگکەرەکەی بانگی کرد: خەڵکینە دەست لە جەنگ هەڵگرن، کەس گوێی لە بانگەوازەکەی نەبوو، هەرکەسە و بە جەنگی بەرامبەرەکەی سەرقاڵ بوو.[1]

جەولەی یەکەمی جەنگی الجمل

شەڕی (الجمل) بە دوو جەولە ڕوویدا، جەولەی یەکەمیان سەرکردەی سوپای بەصرە (طەڵحە) و (زوبەیر)ﷺ بون، لە بەرەبەیانەوە تا نزیك نیوەڕۆ بەردەوام بوو، شەڕێکی توندوتیژ بوو، لە هەردوو سوپا خەڵکێکی زۆری تیادا کوژرا.

(عەلی)ﷺ بانگی هێزەکەی خۆی کرد، هەروەك (طەڵحە) و (زوبەیر)یشﷺ بانگی سوپاکەی خۆیان دەکرد: ئەوکەسەی پشت هەڵدەکات مەیکوژن، بریندار مەکوژن، دوای ئەوانە مەکەون کە شەڕ بەجێدێڵن و وازدێنن.

کەعبی کوڕی سور ئامۆژگاری عائیشە دەکات بۆ ئاشتی دەربچێ

(کەعبی کوڕی سوری ئەزدی) کە قازی بەصرە بوو، یەکێك بوو لەوانەی خۆدوورگرتن لە شەڕ و نەڕشتنی خوێنی موسڵمانانی بەچاك دەزانی، چووە لای (عائیشە)ی دایکی ئیمانداران، کە لەماڵەکەی خۆیدا بوو ئامادەی جەنگەکە نەبوو.

١ـ تأريخ الطبري ٤ : ٥٠٦-٥٠٧ .

بە (عائیشە)ی وت: بگەرە ئەو خەڵکە، هیچیان ناوێ جەنگ نەبێ، شەڕەکەش لەنێوانیان زۆر توندە، بەڵکو خوا بە هۆی تۆ ئاشتیان بکاتەوە، بەڵکو خەڵکەکەش کە تۆیان دیت بەرەو ئاشتی بچن و دەست لە جەنگ هەڵگرن.

حوشترەکەیان بۆ ئامادە کرد کە ناوی (عەسکەر) بوو، زرێپۆشیان دا بەسەر کەژاوەکەیدا، بۆ ئەوەی رم و تیر نەیگاتێ، ئەویش سواری حوشترەکەی بوو و بە نیازی ئاشتی لەنێوان هەردوو لا چووە ناو گۆڕەپانی جەنگەوە.[1]

(زوبەیر) و (عەمماری کوڕی یاسر)ﷺ کەوتنە بەرامبەر، (زوبەیر) وتی: (ئەبو یەقظان)! ئەوە دەمکوژی!

(عەممار)ﷺ پێی وت: نەخێر (ئەبو عبدالله)!!

جا هەریەکەیان گەڕایەوە بۆ سوپاکەی خۆی.

چاوپێکەوتنی عەلی بۆ زوبەیر لەکاتی جەنگدا و بیرخستنەوەی بە وتەی پێغەمبەر

(عەلی)ﷺ لە جەولەی یەکەم و لەکاتی توندبونی شەڕەکەدا داوای (زوبەیر)ی کرد تا قسەی لەگەڵدا بکات، ئەویش لەنێوان ریزەکانەوە بۆی دەرچوو، بەسەر ئەسپەکانیانەوە کەوتنە بەرامبەر یەك.

(عەلی)ﷺ بە (زوبەیر)ی وت: ئێوە سوار و پیاوی زۆرتان بۆ جەنگ کۆکردۆتەوە، ئایە بەڵگەیەکتان ئامادەکردووە بۆ لای خوا لە رۆژی قیامەتدا؟

زوبەیر! سوێندت دەدەم بەخوا، ئایا گوێت لە پێغەمبەری خواﷺ نەبوو کە دەیفەرموو: شەڕی لەگەڵدا دەکەیت و تۆ ستەمی لێ دەکەیت؟

زوبەیر پەشیمان دەبێتەوە و شەڕەکە بەجێ دەهێڵێت

(زوبەیر)ﷺ ئەو وتەیەی بەبیر هاتەوە کە لە پێغەمبەری خوایﷺ بیستبوو دەربارەی شەڕکردنی لەدژی (عەلی) و، لەو شەڕەشدا ستەم لە (عەلی) دەکات.

(زوبەیر)ﷺ پەشیمان بوویەوە و پێی وت: بەڵێ، بەخوا ئێستا بەبیرم هاتەوە، بەخوا ئەگەر لەبیرم بوایە ئەم رێیەم بۆ لای تۆ نەدەبڕی، بەخوا

١ ـ تأريخ الطبري ٤ : ٥٠٧ .

لەئێستە بەدواوە شەڕ لەدژت ناکەم!!![١]

(زوبەیر)ﷺ ڕۆیشت و وازی لە شەڕ هێنا و ملکەچی حەق بوو و بۆ لای حەق گەڕایەوە و، یەقینی هەبوو کە لەم شەڕەدا ستەمی لە (عەلی) کردووە و حەق لەگەڵ (عەلی)یەﷺ.

عەمری کوڕی جرموز، لەکاتی خەودا زوبەیر دەکوژێت

(زوبەیر)ﷺ سواری ئەسپەکەی بوو، هەردوو سوپاکەی بەجێهێشت، جەنگەکە هێشتا هەر توند بوو، بە دۆڵێکدا تێپەڕی پێی دەوترێ (وادی السباع) و خزمەتکارێکی لەگەڵدا بوو، یەکێك لە بەدبەختەکان-کە (عەمری کوڕی جورموز) بوو- دیتی وا بەتەنیا دەڕوات، شوێنی کەوت.

(زوبەیر)ﷺ لەژێر سێبەری دارێکدا بە هێمنی و دڵنیاییەوە نوست، دەروونیشی ئاسودە بوو چونکە وازی لە شەڕکردنی (عەلی)ﷺ هێنابوو.

(ئیبن جرموز)ی بەدبەخت لەکاتی خەودا هێرشی کردە سەری و بە نامەردی و ستەم کوشتی و سەری لێکردەوە، پاشان شمشێر و ئەسپ و ئەنگوستیلەکەی برد.

خزمەتکارەکەشی نوێژی لەسەرکرد و پاشان لەو شوێنە نادیارە لە (وادی السباع) ناشتی.

(عەمری کوڕی جرموز)ی بکوژ بە دڵخۆشییەوە هات بۆ لای (عەلی کوڕی ئەبوطالب)ﷺ تا مزگێنی کوشتنی دژەکەی پێبدا و بەخششی لێ وەدەست بکەوێت!!.

کاتێ (عەلی)ﷺ گوێبیستی کوژرانی (زوبەیر)ﷺ بوو گریا، پاشان داوای ڕەحمەت و ڕازیبونی خودای بۆ کرد، دوای ئەوە شمشێرەکەی (زوبەیر)ی هەڵگرت و وتی: ئای ئەم شمشێرە چەند تەنگی و ناخۆشی لەسەر پێغەمبەری خواﷺ لابردووە.

ئینجا وتی: گوێبیستی پێغەمبەری خواﷺ بووم دەیفەرموو: موژدەی ئاگر بدە بە بکوژی کوڕی (صەفیە).

١ـ البداية والنهاية ٧ : ٢٤١-٢٤٢.

(زوبەیر)ﷺ کوڕی (صەفیەی کچی عبدالمطلب)ی پوری پێغەمبەری خواﷺ بوو.

عەلی نەفرەت لە ئیبن جرموز دەکات و مزگێنی ئاگری پێ دەدات

پاشان جنێوی بە (ئیبن جرموز) دا و نەفرەتی لێکرد و دەریکرد.

(عەمری کوڕی جەرموز) لە عێراق بە زیندوویی مایەوە، تا ئەو کاتەی (عبداللهی کوڕی زوبەیر) هەستا و بانگەشەی جێنشینایەتی کرد و (موصعەبی کوڕی زوبەیر)ی برای کردە والی لەسەر عێراق.

(ئیبن جەرموز) ترسا لەوەی (موصعەب) بیگرێ و لە تۆڵەی باوکی بیکوژێ.

(موصعەبی کوڕی زوبەیر) وتی: فەرمانی پێبکەن با دەرچێت، ئەو ئەمین و پارێزراوە، لە تۆڵەشدا نایکوژمەوە، بەخوا ئەو لەلای من زۆر لەوە کەمترە کە بیکەمە هاوتا و یەکسانی (زوبەیر) و لە جیاتی ئەو بیکوژم!! سزاکەی واز لێدێنم بۆ ڕۆژی قیامەت.[1]

بریندابوونی طەڵحەو مردنی لە بەصرە

بەڵام (طەڵحەی کوڕی عبیداللە)ﷺ دووەم سەرکردەی سوپای بەصرە، لە گۆڕەپانی جەنگەکەدا دەهات و دەچوو، لە کاتێکدا کە لەسەر ئەسپەکەی بوو تیرێکی وێڵ کە نەزانرا کێ هاویشتویەتی، ڕاستەوخۆ بەری کەوت، خوێنی زۆر لێهات.

پێیان وت: ئەبو موحەممەد! تۆ بریندای، بڕۆماڵەکانەوە تا چارەسەر بکرێی.

(طەڵحە) بە خزمەتکارەکەی وت: هەڵمگرە و شوێنێکی گونجاوم بۆ بدۆزەوە.

کۆتایی پێهاتنی جەولەی یەکەمی جەنگەکە بە مردنی طەڵحە و زوبەیر

جا بردرایە بەصرە و بۆ چارەسەرکردن لە ماڵێك دانرا، بەڵام برینەکەی بە بەردەوامی خوێنی لەبەر دەڕۆیی، تا لە ماڵەکەدا کۆچی دوایی کرد، پاشان لە بەصرە ئەسپەردە کرا.

بە دەرچوونی (زوبەیر)ﷺ لە گۆڕەپانی جەنگ و پەشیمان بونەوەی لە شەڕکردن و، بە مردنی (طەڵحە)ﷺ و کەوتنی هەزاران کوژراو و بریندار لە

١ـ البداية والنهاية ٧ : ٢٤٩-٢٥٠ .

هەردوولا، جەولەی یەکەمی جەنگی (جەمەل) کۆتایی پێهات و، زاڵبونیش لەو جەنگەدا بۆ سوپای (عەلی)ﷺ بوو بەسەر سوپای بەصرەدا.

(عـەلی)ﷺ چـاودێری ڕێـڕەوی جەنگەکـەی دەکـرد و، زۆری کـوژراو و برینـدارەکانی لـە هـەردوو لای دەبینـی، بەمـەش ئـازاری پێدەگەیشـت و خەفەتبار دەبوو.

عەلی بەراشکاوی خەفەتباری خۆی بۆ حەسەنی کوڕی دەردەبڕێ

(عـەلی)ﷺ ڕووی کـردە (حەسـەن)ی کـوڕی و بـە سـینگیەوە گوشـی و دەستی کرد بە گریان و وتی: کوڕەکەم، خۆزگە باوکت بیست ساڵ بەر لە ئەمڕۆ بمردبایە!!.

(حەسەن)ﷺ وتی: باوکەگیان! من ڕێگری ئەمەم لێکردی!!!.

(عەلی) وتی: من وا گومانم نەدەبرد کە کارەکە بگاتە ئەم ئاستە!، ئەبێ دوای ئەمە ژیان تامی چی بێ؟ دوای ئەمە هیوای چ چاکەیەك بخوازین؟.[1]

جەولەی دووەمی جەنگی جەمەل

دوای ئەوەی ڕۆژ نیوە بوو، جەولەی دووەمی جەنگی (جەمـەل) دەستی پێکردەوە، دوای ئەوەی کە هەردوو سەرکردەی سوپای بەصرە (طـەڵحە) و (زوبەیر)ی تێدا نەمان.

سـوپای (بەصـرە) لـە جەولـەی دووەمـی جەنگەکـەدا لـە دەوری (عائیشە)دا-خوای لێ ڕازی بێ- کۆبونەوە کە سواری حوشتر بووبوو، هەر بۆیـەش بـە جـەنگی (حوشـترەکە: الجمـل) نـاونرا، وەك ئـەوەی ئـەو لـەو جەولەیەدا سەرکردەی جەنگەکە بێت.

(عائیشـە)-خـوای لێ ڕازی بـێ- سـوور بـوو لەسـەر کۆتـایی پێهێنـانی جەنگەکە و ئاشتەوایی کردن، سەبەئییەکانیش لەناو سوپاکەی (عـەلی)دا بون -بـەڵکو لـە پێشـەوەی سـوپاکەدا بون، ڕووبـەڕووی سـوپای بەصـرە- سووربون لەسەر جەنگ و کوشتار و، بوار نەدان بە هـەلی ئاشتی و کۆتـایی پێهێنانی جەنگەکە.

هەرکەسـێك لـە سـوپای بەصـرە ڕووبـەڕویان ببوایەتـەوە دەیانکوشـت،

---

[1]ـ البداية والنهاية ٧ : ٢٤١ .

بەتایبەتی کە ئەوان پێشەنگی سوپای (عەلی) و بەرامبەر سوپای بەصرە بون.

قازی بەصرە (کەعبی کوڕی سور) پێشکەوت و حوشترەکەی (عائیشە)ی ڕادەکێشا و، سوور بوو لەسەر کۆتایی پێهێنانی جەنگ و جێگرتنەوەی بە ئاشتەوایی.

عائیشە داوا لە نیبن سور دەکات قورئان هەڵگرێت و بانگەشەی بۆ بکات

(عائیشە)-خوای لێ ڕازی بێ- پێی وت: کەعب! واز لە حوشترەکە بێنەو ، قورئانێك هەڵگرە و بە کتێبی خواوە لێیان بچۆ پێشەوە و بانگیان بکە بۆ ئاشتەوایی و کارکردن بەوەی تێیدایە، بەڵکو خوا بەتۆ ئاشتی بهێنێت و جەنگ کۆتایی پێبهێنێت.

(کەعبی کوڕی سور) قورئانەکەی هەڵگرت و کەوتە پێشەوەی سوپای بەصرە و هاواری لە سوپای (عەلی) کرد و وتی: خەڵکینە! من (کەعبی کوڕی سور)ی قازی بەصرەم، بانگتان دەکەم بۆ کتێبی خودا و کارپێکردنی و، ئاشتەوایی کردن لەسەر بنەمای کتێبی خوا.

سەبەئییەکان کەعبی کوڕی سور دەکوژن

سەبەئییەکانی پێشەوەی سوپاکەی (عەلی) ترسان لەوەی هەوڵەکەی (کەعب) سەربگرێت، بۆیە هەموویان پێکەوە تیربارانیان کرد، ئەوەبوو بە دیداری خوا گەیشت و گیانی سپارد و قورئانەکەش هەر لە دەستیدابوو!

تیری سەبەئییەکان حوشتر و کەژاوەکەی (عائیشە)یان پێکا، جا دەستی کرد بە بانگ کردن و دەیوت: کوڕەکانم، خودا خودا، یادی خودا و ڕۆژی لێپرسینەوە بکەن و، واز لە جەنگ بێنن.

سەبەئییەکان بەقسەیان نەدەکرد و بەردەوام بون لە لێدانی سوپای بەصرە.

عائیشە دوعا لە بکوژانی عوسمان دەکات

(عەلی)شرضي الله عنه لە پشتەوە فەرمانی دەدا بە دەستهەڵگرتن لە جەنگ و هێرش نەکردنە سەر بەصراییەکان، بەڵام سەبەئییەکان لە پێشەوەی سوپاکەی بەقسەیان نەدەکرد و تەنها دەیانویست بچنە پێشەوە و هێرش بەرن و بجەنگن!!.

کاتێ (عائیشە)-خوای لێ‌ڕازی بێ- بینی وەڵامی بانگەوازەکەی نادەنەوە و (کەعبی کوڕی سور)یشیان لەبەردەمیدا کوشت، وتی:

خەڵکینە! نەفرین لە بکوژانی (عوسمان) و شوێنکەوتەکانیان بکەن!!.

(عائیشە)-خوای لێڕازی بێ- دەستی کرد بە دوعا و نەفرەت کردن لە بکوژانی (عوسمان)ﷺ و، خەڵکی بەصرەش دەنگیان بەرزکردەوە بە دوعا و نەفرەت کردن لە بکوژانی (عوسمان) و شوێنکەوتەکانیان!.

هەروەها عەلی دوعایان لێ دەکات

(عەلی)ﷺ گوێبیستی دوعاکەی خەڵکی بەصرە بوو، وتی: ئەوە چییە؟ وتیان: (عائیشە) دوعا لە بکوژانی (عوسمان) دەکات و، خەڵکیش لەگەڵیدا دوعا دەکەن.

(عەلی)ﷺ وتی: لەگەڵمدا دوعا و نەفرەت لە بکوژانی (عوسمان) و شوێنکەوتەکانیان بکەن.

سوپای (عەلی)ش دەنگیان بەرزبوویەوە بە دوعا و نەفرەت کردن لە بکوژانی (عوسمان)ﷺ.[1]

بەمە هەردوو سوپا-سەرەڕای هەڵگیرسانی شەڕ لە نێوانیاندا- لەسەر ئەو ئامانجە هاوبەشە یەکدەنگ بوون، ئەویش دوعاکردنە لە بکوژانی (عوسمان)ﷺ.

هەردوو سوپا سەبەئییە بکوژەکانی (عوسمان)یان خۆشنەدەویست و رقیان لێیان دەبۆوە، بەڵام نەیاندەزانی چۆن دەستیان بەسەردا بگرن و لەناویان بەرن، چونکە ئەوان خۆیان بەسەر (عەلی)دا سەپاندبوو و، لە پێشەوەی سوپاکەی بون، خێرایی ڕووداوەکان و لە فەرمان دەرچوونی دژەکانی، بواری خۆ ڕزگارکردنی پێ نەدا!!.

سەبەئییەکان دەیانەوێت عائیشە و حوشترەکەی بکوژن

سەبەئییەکان هەوڵ و کۆششیان ئاراستەی کوشتنی حوشترەکە و کوشتنی دایکی ئیمانداران (عائیشە) -خوای لێ ڕازی بێ- کرد، سوپای بەصرە بەخێرایی کەوتنە پاراستنی (عائیشە) و حوشترەکەی، لەبەردەم حوشترەکەیدا دەجەنگان، هەرکەسێ جڵەوی حوشترەکەی بگرتبایە دەکوژرا، کە شەڕەکە لەبەردەم حوشترەکە لە ئەوپەڕی توندوتیژی و هێز و گەرمیدا بوو.

---

١ ـ تأريخ الطبري ٤ : ٥١٣ .

جەنگێکی سەخت لە دەوروبەری حوشترەکە

جەنگ لە دەوروبەری حوشترەکە چەندین کاتژمێر درێژەی هەبوو و، زۆرە بەزۆرە بوو، لە نێوان هێرش و پاشەکشەدا بون، جارێك سوپای (عەلی) زاڵ دەبون، جارێکیش بەلای سوپای بەصرەدا لاردەبووەوە.

لە جەنگی دەوروبەری حوشترەکەدا دەست و پێی زۆر لە هەردوو لا بڕرا، لە هیچ جەنگێکی پێشتر و پاشتریش بەقەد ئەم جەنگە دەست و قاچ نەبڕراوە.

(عبدالرحمنی کوڕی عەتتابی کوڕی ئوسەید) پێشنوێژی سوپاکەی (عائیشە)، جڵەوی حوشترەکەی گرتبوو کوژرا، پاشان (ئەسوەدی کوڕی ئەبو بوختوری) گرتی و ئەویش کوژرا.

پاشان (عبداللەی کوڕی زوبەیر)ﷺ پێشکەوت تا جڵەوی حوشترەکە بگرێت، (عائیشە) پێی وت: تۆ کێیت؟

وتی: (عبداللەی کوڕی زوبەیر)!

کوڕی (ئەسما)ی خوشکی بوو، ترسا بکوژرێت، وتی: هاوار بۆ (ئەسما)!!.

شەڕکردنی ئیبن زوبەیر و ئەشتەری نەخەعی

(ئەشتەری نەخەعی)-کە ناوی (مالیکی کوڕی حارس) بوو- و سەرکردەیەکی سەبەئییەکان و، لە گەورەسەرکردەکانی سوپای (عەلی) بوو، هێرشی بردە سەر (ئیبن زوبەیر).

(ئەشتەر) و (ئیبن زوبەیر) شەڕێکی توندوتیژیان کرد، هەردووکیان پاڵەوانێکی شەڕکەری ئازا بون!، (ئەشتەر) لێدانێکی لە سەری (ئیبن زوبەیر)ﷺ دا و بەخەستی بریندار کرد، (ئیبن زوبەیر)یش لێدانێکی توندی لە ئەشتەر دا، پاشان زۆرانبازیەکی بەهێز لەنێوانیاندا روویدا، هەردووکیان کەوتن و هەر شەڕیشیان دەکرد، (ئیبن زوبەیر) سوور بوو لەسەر کوشتنی (ئەشتەر)، چونکە لە سەرکردەی سەبەئییەکان و گەورە بکوژانی (عوسمان) بوو.

من و مالیك بکوژن

لەوکاتەی دەجەنگان، کەسیان نەیتوانی ئەوی تر لەناو ببات، (ئیبن زوبەیر) بە ئەوپەڕی دەنگی بانگی سوپای بەصرەی کرد و وتی:

من و (مالیك) بكوژن، (مالیك)یش لەگەڵمدا بكوژن.

خەڵكەكە گوێبیستی قسەكەی (ئیبن زوبەیر) بون، بەڵام نەیاندەزانی ئەو (مالیك)ەی كە (ئیبن زوبەیر) فەرمانی كوشتنی دەدات كێیە، چونكە ئەوان تەنها بە ناوی (ئەشتەر) دەیانناسی، ئەگەر (ئیبن زوبەیر) بیوتایە: (ئەشتەر) بكوژن، ئەوا (ئەشتەر) لە دەستیان ڕزگار نەدەبوو.

خەڵكی (ئیبن زوبەیر) و (ئەشتەر)یان لێك جودا كردەوە و كەسیان نەكوژران!![1]

كوژرانی موحەممەدی كوڕی طەڵحە لەبەردەم حوشترەكەدا

(موحەممەدی كوڕی طەڵحەی كوڕی عبیداللە) كە بە هۆی خواپەرستی و خۆپارێزیەكەیەوە بە (موحەممەدی سەجاد) ناسرابوو، هاتە پێشەوە و جڵەوی حوشترەكەی گرت.

بە (عائیشە)ی وت: دایكە! فەرمانم پێبكە.

پێی وت: فەرمانت پێ دەكەم كە وەك باشترینی دوو كوڕەكەی ئادەم بیت!.

(موحەممەدی كوڕی طەڵحە) هەركەسێك لێی دەهاتە پێشەوە پێی دەوت: لەبەر خاتری خوا و خزمایەتی دەستم لێ‌هەڵگرە، پاشان ئەم فەرمایشتەی خوای گەورەی بەسەردا دەخوێندەوە كە لە سورەتی (شورا)دایە:

﴿قُلْ لاَ أَسْأَلُكُمْ عَلَيْهِ أَجْرًا إِلاَّ الْمَوَدَّةَ فِي الْقُرْبَى: ئەمن پاداشتم لەنكۆ ناوێ، مەگەر خۆشویستنی خزمە نزیكەكان نەبێت.﴾الشورى/٢٣.

بەڵام سەبەئییەكان و ئەو ئاژاوەگێڕ و دەشتەكیانەی لەگەڵیاندا بون خاتری خوایان نەدەزانی، یەكێكیان بە ڕمەكەی هەڵیكوتایە سەری و لێیداو كوشتی.

بكوژەكەی شانازی بە تاوانەكەی دەكا

ئەو بكوژە دەربارەی كوشتنەكەی (موحەممەدی سەجاد) وتی:

وَأَشْــعَثَ قَــوَّامٍ بِــآيَاتِ رَبِّـهِ   قَليلِ الأذى فِيما تَـرى العَـيْنُ مُسْـلِمِ

١ـ تأريخ الطبري ٤ : ٥١٩. والبداية والنهاية لأبن كثير ٧ :٢٤٣-٣٤٤.

شَـــكَكْتُ لَهُ بِالرُّمْحِ جَيْبَ قَميصِهِ   فَخَــرَّ صَــريعاً لِلْيَــدَيْنِ وَلِلْفَـــمِ
يُذَكِّرُنِي (حــم) وَالرُّمْحُ شَـــاجِرٌ   فَهَــلاّ تَــلا (حــم) قَبْــلَ التَّقَــدُّمِ
عَلى غَيْرِ شَيْءٍ، غَيْرَ أَنْ لَيْسَ تابِعاً   عَلِيّــاً، وَمَــنْ لا يَتْبَــعِ الحَــقَّ يَنْــدَمِ[1]

لە دەوروبەری حوشترەکەدا بە هەزاران لە سوپای بەصرە کوژران، تەنها لە قوڕەیش حەفتا پیاو کوژران، هەریەکەیان دەهاتنە پێشەوە و جڵەوی حوشترەکەیان دەگرت.

کەژاوەکەی عائیشە لەبەر تیر بەرکەوتنی وەکو ژیژك وابوو

تیرەکـان بـە حوشـترەکە و بـە کەژاوەکـەی (عائیشـە)وە دەنوسـان و ئەویشی تێدابوو، تیرەکان بە کەژاوەکەوە نووسابون، لەبەر زۆری تیرەکان وەکو ژیژکی لێهاتبوو.

قەعقاع فەرمان دەکا بەکوشتنی حوشترەکە و عائیشە ڕزگار دەکات

(قـەعقاعی کـوڕی عـەمری تـەمیمی) کـە لـە سـوپای (عـەلی)دا بـوو، زۆر ئازاری دەچەشت بە هۆی زۆری کوژراو و بریندار لەبەردەم حوشترەکە و دەوروبەریدا.

وتی: مادەم ئەو حوشترە بەپێوە بێت جەنگ هەر بەردەوام دەبێ، جا ئەگەر بمانەوێت جەنگەکە کۆتایی بێت پێویستە حوشترەکە بکوژین!.

پاشانیش (قەعقاع) لەوە ترسا دایکی ئیمانداران (عائیشە) بپێکرێ یان بکوژرێ!.

لـەو کاتـەدا (زوفـەری کـوڕی حـارس) لـە سـوپای بەصـرە جڵـەوی حوشترەکەی بەدەستەوە بوو، (قـەعقاع) داوای لێکـرد کاربکا بـۆ کۆتـایی پێهێنانی جەنگەکە، ئەوەش بە کوشتنی حوشترەکەوە دێتە دی.

(زوفەری کوڕی حارس) دای لـە پەلـەکانی حوشترەکە و برینـداری کـرد و، کەوتـە سـەر زەوی و هـاوارێکی لێبیسـترا کـە لـەوە تونـد و بـەهێزتر نەبیستراوە.

(قـەعقاع) و (زوفـەر) لـە کەژاوەکـە چـونە پـێش و (عائیشـە)یـان لەسـەر پشتی حوشترەکە داگرت و لەلایەکەوە دایاننا.

١ـ تأريخ الطبري ٤ : ٥٢٦ .

کاتێك سوپای بەصرە مردنی حوشترەکەیان بینی، پشتیان لە جەنگ کرد و گۆڕەپانەکەیان بەجێ هێشت و گەڕانەوە بۆ بەصرە.

لەکاتی داهاتنی شەودا جەنگەکە کۆتایی پێهات.

قوربانیانی جەنگی جەمەل

بەم شێوەیە جەنگی (جەمەل) ڕۆژێکی تەواو بەردەوام بوو، کە ڕۆژی پێنج شەممەی دەی (جومادی دووەم)ی ساڵی سی و شەش بوو.[١]

جەنگی (جەمەل) بووە هۆی کەوتنی دە هەزار کوژراو، پێنج هەزار لە سوپای بەصرە و پێنج هەزار لە سوپای (عەلی)، بەڵام بریندارەکان لە هەردوولا چەندانەی ئەو ژمارەیە بوو.[٢]

لە پێشەوەی کوژراوەکانیش: (زوبەیری کوڕی عەوام) و (طەڵحەی کوڕی عبیداللە) و (موحەممەدی کوڕی طەڵحە) و (کەعبی کوڕی سور)ﷺ.

دایکی بڕواداران (عائیشە) -خوای لێ ڕازی بێ- بەڕێزەوە لە کەژاوەکە هێنرایە دەرەوە و، (موحەممەدی کوڕی ئەبوبەکر) برای -کە لە گەورە سەرکردەکانی سوپای (عەلی) بوو- هات بۆ لای، پاشان (عەلی) خۆیشی هات بۆ لای و سەلامی لێکرد، ئینجا پێی وت: دایکەگیان! خودا لە ئێمە و ئێوەش خۆش بێ!

عائیشە لە بەصرە، پاشان بەرەو مەککە

(عائیشە) -خوای لێ ڕازی بێ- وەڵامی دایەوە و وتی: بەڵێ کوڕەکەم" خودا لە ئێمە و ئێوەش خۆش بێ!!.

کە کۆتایی شەو داهات، (موحەممەدی کوڕی ئەبوبەکر)ی برای بردی و لەماڵی (عبداللەی کوڕی خەلەفی خوزاعی) لە بەصرە داینا، دوای چەند ڕۆژێك لە کاروانێکی شکۆداردا ئامادەی کرد و بەوپەڕی ڕێزەوە ناردیەوە بۆ مەککە!.[٣]

گفتوگۆیەکی ئیمانی لەنێوان عائیشە و قەعقاعدا

کاتێك (عائیشە) -خوای لێ ڕازی بێ- لە گۆڕەپانی جەنگدا لەناو کەژاوەکەیدا بوو، (قەعقاعی کوڕی عەمری تەمیمی) بەلایدا تێپەڕی، پێی

١ـ تأريخ الطبري ٤ : ٥٣٣-٥٣٤.

٢ـ تأريخ الطبري ٤ : ٥٣٩. والبداية والنهاية ٧ : ٢٤٥ .

٣ ـ تأريخ الطبري ٤ : ٥٣٤.

وت: قەعقاع! لەکاتی شەڕدا گوێبیستی یەکێك بووم لە سوپای کوفە پێمی دەوت:

يـا أُمَّنـا أعَـقَّ أُمٍ نَعْلَـمُ وَالأُمُّ تَغْـدو وَلَـداً وَ تَـرْحَمُ
ألا تَرَيْنَ كَـمْ شُجاعٍ يُكْلَمُ وَتُخْتَلى مِنْـهُ يَـدٌ وَمِعْصَـمُ[١]

قەعقاع! ئەم قسەیە ئازاری دام و گریاندمی.

(قەعقاع) پێی وت: بەخوا درۆی کرد، لە ڕاستیدا تۆ باشترین دایکێکی کە ئێمە زانیبێتمان، هەوڵی ئاشتەواییت دا، بەڵام گوێڕایەڵت نەبون!.

پێی وت: بەخوا کوڕەکەم، خوازیاربووم بیست ساڵ بەر لەم ڕۆژە بمردمایە!.

عائیشە و عەلی خەفەتی خۆیان لەلای قەعقاع دەردەبڕن

(قەعقاع) چوو بۆ لای (عەلی)-کە لەناو سوپاکەیدا بوو-، ئەوەی گوێبیستی بوو بۆی گێڕایەوە، (عەلی)ش پێی وت: بەخوا، خوازیاربووم بیست ساڵ بەر لەم ڕۆژە بمردمایە!!.

سەبارەت بەوەی لە جەنگەکەدا ڕوویدا، قسە و ئازاری هەریەك لە (عەلی)و (عائیشە) یەك بوو!.

عائیشە داوای ڕەحمەت بۆ کوژراوانی هەردوو سوپا دەکا

(عائیشە) -خوای لێ ڕازی بێ- پرسیاری هەندێ پیاوی کرد کە لە سوپاکەیدا بون، پێی وترا: کوژراون. وتی: خودا ڕەحمیان پێ بکات!.

پاشان پرسیاری هەندێ پیاوی کرد کە لە سوپاکەی (عەلی)دا بون، وترا: کوژراون. وتی: خودا ڕەحمیان پێ بکات!.

خەڵکی بەصرە سەریان سوڕما لە ڕەحمەت ناردنی (عائیشە) بۆ دژەکانی، هەمان قسەکەی (عەلی) وتەوە: من هیوام وایە ئەوەی بە دڵپاکی لەم دوو سوپایەدا کوژرابێ، بەهەشتی بێ!.[٢]

(عەلی) سێ ڕۆژ لە گۆڕەپانی جەنگدا مایەوە، کوژراوانی سوپای

١ـ واتە: ئەی دایکمان، خراپترین دایکێکی زانیبێتمان، دایك ڕۆڵەی بەخێو دەکا و بەزەیی پێدا دێتەوە، ئایا نابینی چەندان کەڵەپیاوی ئازا خوێنی دەڕژێ و چەندانی تر دەست و مەچەکیان دەپەڕێ؟

٢ـ تأريخ الطبري ٤ : ٥٣٧.

بەصرەی بینی، خەفەتی بۆ خواردن و داوای ڕەحمەتی بۆ کردن، لەنێو کوژراوەکاندا (کەعبی کوڕی سور)ی قازی بەصرە و چەندان لە پیاوماقوڵ و پیاوچاکانی شارەکەی بینی، وتی: چۆن هەڵیاندەبەستا کە تەنها ئاژاوەگێڕ و گێلەکانی بەصرە بەرەو ڕومان هاتوون؟.

(عەلی)ﷺ نوێژی مردوی لەسەر کوژراوانی هەردوو سوپاکە کرد، پاشان فەرمانی دا هەرچی چەك و شتومەکی بەجێماوی بەصرە هەیە کۆیکەنەوە، ئینجا فەرمانی دا هەمووی بنێرنەوە بۆ مزگەوتی بەصرە، هەرکەسێك شتێکی خۆی ناسیەوە با بێت و بیباتەوە.

عەلی نوێژ لەسەر کوژراوانی هەردوو سوپا دەکا

واتە ئەو شتانەی دژەکانی بەجێیان هێشتبوو، وەکو دەستکەوتی جەنگی نەیبرد بۆ سوپاکەی و دابەشی نەکرد بەسەریاندا، بەڵکو گەڕاندیەوە بۆ خاوەنەکانی.

سەبەئییەکان لەم ڕەفتارەی (عەلی)ﷺ توڕەبون و ویستیان سامانی (طەڵحە) و (زوبەیر)ﷺ-کە بە مەلایین بوو- دابەشی کەن، هەموو ئەو شتانەش دابەش کەن کە بەصراییەکان لەدوای خۆیان بەجێیان هێشتبوو.

(عەلی)ﷺ وەڵامی دانەوەو وتی: کێتان حەز دەکا دایکی ئیمانداران (عائیشە) لە پشکەکەی ئەودا بێ و، بیکاتە بەندە و کەنیزەك لەلای خۆی؟.[١]

بەیعەتی خەڵکی بەصرە بۆ عەلی

پاشان (عەلی)ﷺ چووە بەصرەوە و سەرجەم خەڵکەکەی بەیعەتیان پێی دا، (عبداللەی کوڕی عەباس)یﷺ کردە والییان.

سەبارەت بەوەی لەنێوان (عەلی) و، (طەڵحە) و (زوبەیر)ﷺ روویدا، یەکێك قسەی لەگەڵ (عەلی)کرد، ئەویش وتی: تەنها چاکە بڵێن، لە ڕاستیدا هیوام وایە من و (عوسمان) و (طەڵحە) و (زوبەیر) لە ڕۆژی قیامەتدا لەوانە بین کە خوای گەورە دەربارەیان دەفەرموێ: ﴿وَنَزَعْنَا مَا فِي صُدُورِهِمْ مِنْ غِلٍّ إِخْوَانًا عَلَى سُرُرٍ مُتَقَابِلِينَ: هەر کینەیەك لە سینەیان بوو، دامانماڵی، دەبنە برا و لەبان تەختتان هەمویان بەرامبەر یەکن.﴾الحجر/٤٧.

١ـ البداية والنهاية ٧ : ٢٤٥.

عەلی کوفە دەکاتە پایتەختی خۆی

پاش ئەوەی (عەلی)ﷺ چەند ڕۆژێك لە بەصرەدا مایەوە، بارودۆخەکە ئارام بویەوە، ڕووی لە کوفە کرد، لە ڕۆژی دووشەممەی دوانزەی مانگی ڕەجەب سالّی سی و شەش چووە ناویەوە و کردی بە پایتەختی جێنشینایەتیەکەی کە درێژەی نەخایاند.

عەلی بانگی موعاویە دەکا بۆ گوێڕایەلّ بوون

(عەلی)ﷺ، (جەریری کوڕی عبداللەی بەجەلی)ی هاوەلّی پێغەمبەریﷺ نارد بۆ لای (موعاویە)ﷺ لە شام و داوای بەیعەت پێدان و گوێڕایەلّی و هاتنە ناو ئەوەی لێکرد کە خەلّك هاتونەتە ناریەوە.

(موعاویە)ﷺ ڕاوێژی بە خەلّکی شام کرد، ئەوانیش ڕێکەوتن لەسەر ئەوەی کە بەیعەتی پێنادەن هەتا ئەو بکوژانەی (عوسمان) نەکوژێت کە لەگەلّیدا لە سوپاکەیدان، یان ئەوانە بداتە دەست (موعاویە) و بیانکوژێت، چونکە ئەو شایانە بەسەندنەوەی خوێنی (عوسمان).[١]

دید و بۆچونی عەلی و موعاویە

لەراستیدا (موعاویە)ﷺ و خەلّکی شام ئەوانەی لەگەلّیدابون، لە داواکردنی جێبەجێکردنی حەد بەسەر بکوژانی (عوسمان)ﷺ و کوشتنیان لە تۆلّەی ئەودا کۆششیان کردووە و بیانویان هەبوە، (موعاویە)ﷺ شایانی سەندنەوەی خوێنی (عوسمان) بوو، چونکە خزمی بوو لە (بەنی ئومەییە) بوو، بۆچونی خۆیان هەبوو لە هەلّپەساردنی بەیعەتدان بە ئەمیری بڕواداران تا تۆلّە لە بکوژانی (عوسمان) دەسێنێتەوە!.

کاتێکیش دەڕوانینە هەلّوێستی (عەلی)ﷺ بەلای بەرامبەردا، دەبینین کۆششی کردووە و عوزر و بیانووی خۆی هەیە لە دواخستنی تۆلّەسەندنەوە لە بکوژانی (عوسمان)، تا ئەو کاتەی کاروبارەکان دێنەوە سەر باری خۆی و، بارودۆخەکە جێگیر دەبێت و، هەموو موسلّمانان بەیعەتی پێدەدەن!.

دەرچوون لە فەرمانی عەلی، سزادانی بکوژانی دواخست

کەس نکولّی ئەوە ناکات کە لە سوپای (عەلی)دا زیاد لە دوو هەزار لە بکوژانی (عوسمان) هەبون، هەندێکیشیان لە گەورە سەرکردەکانی بون

١ ـ البداية والنهاية ٧ : ٢٥٤ .

وەك (ئەشتەری نەخەعی)، (عەلی)ﷺ رقی لێیان بوو، بەدوای هەلێکی گونجاودا دەگەڕا تا لێیان ڕزگار بێت و لەناویان ببات و، سوور بوو لەسەر ئەوەی کاتێك بارودۆخەکە هێمن دەبێتەوە حەدیان لەسەر جێبەجێ بکات.

ئەوانەی داوای پەلەکردن لە پیادەکردنی حەد لەسەر بکوژانی (عوسمان)یان دەکرد، (عەلی)یان سەرقاڵ کرد، کە ناچار بوو ڕوو بکاتە ئەوان و لێپرسینەوەی بکوژەکان دوابخات، ئاژاوەکانیان لە دژی و پاشان ڕوودانی شەڕ لە نێوان ئەو و ئەواندا لە جەنگی (جەمەل)، ئینجا (صفین)، دادگایی کردنی بکوژانی دواخست.

ئەگەر ئەوانەی داوای ئەو مافەیان دەکرد، دژ بە (عەلی) لە بەصرە پاشان لە شام دەرنەچوونایە-کە بیانوویان هەبوو و کۆششیان کردبوو و، بەلای کەمەوە بۆچونێکی بیستراویان هەبوو-، ئەوا (عەلی) یەکلا دەبویەوە بۆ لێپرسینەوەی بکوژان و لەناوبردنیان!.

گرفتی عەلی بونی بکوژان لە سوپاکەیدا بوو

لە ڕاستیدا دواخستنی دادگایی کردنی (عەلی)ﷺ بۆ بکوژانی (عوسمان)ﷺ بەپێی کۆشش و لەبەر زەرورەت بوو، بونی بکوژانیش لە سوپاکەیدا هەر لەبەر زەرورەت بوو!!.

ئەوە قەدەری (عەلی)ﷺ بوو، ئا ئەمەش ئەو گرفتە ترسناکە بوو کە ڕوبەڕوی خەلافەتەکەی بوویەوە و لەناوی برد، پاشانیش بە شەهیدبونی کۆتایی هات.

ئەمەش قەدەری خوا بوو بۆ ئەم ئوممەتە و هەردەبوو ڕوی بدایە و جێبەجێ بوایە.[1]

عەلی ڕوو لە شام دەکا بۆ ملکەچ پێکردنیان

(عەلی)ﷺ لە کوفەوە ڕووەو شام ڕۆیی، بۆ مل پێ کەچکردنی (موعاویە)ﷺ و ئەوانەی لەگەڵیدا بون، (موعاویە)ش خۆی ئامادەکردبوو بۆ ڕوبەڕوبونەوەو شەڕ لەگەڵ کردنی.

١ـ سەیری (العواصم من القواصم)ی (ئیبن العربی):١٦٢-١٧٢ بکە لەگەڵ پەراوێزەکانی (محب الدین الخطیب).

ئەگەر (عەلی)ﷺ بەرەو شام نەڕۆیشتایە، (موعاویە)ﷺ نیازی شەڕ لەگەڵکردنی نەبوو و، سوپاشی بۆ شەڕکردنی نەدەنارد.

بەڵام چۆن (عەلی) ئەمیری بڕواداران بێدەنگ بێت لەسەر دژایەتی و بەیعەت نەدان؟. ئەو بە یاخیبون و هەڵگەڕانەوە و سەرپێچی‌کردنی خەلیفەی دادەنا!.

سوپای عەلی و سوپای موعاویە

سوپای (عەلی) ژمارەیان سەد و بیست هەزار کەس بون، ژمارەی سوپای (موعاویە)ش نەوەد هەزار کەس بون.

(ئەشتەری نەخەعی)، (قەیسی کوڕی سەعدی کوڕی عوبادە)، (عەمماری کوڕی یاسر) و (عبداللەی کوڕی عەباس) لە سەرکردەکانی سوپای (عەلی) بون.

(عەمری کوڕی عاص)، (عەمری کوڕی سوفیانی سولەمی-ئەبو ئەعوەر-)، (نوعمانی کوڕی بەشیری ئەنصاری) و (عبدالرحمنی کوڕی خالیدی کوڕی وەلید) لە سەرکردەکانی سوپای موعاویە بوون.

جەنگی صفین لە جەولەی یەکەمیدا و پاشان شەڕ ڕاگرتن

هەردوو سوپاکە لە (صفین) لەسەر ڕوباری فورات پێك گەیشتن، لەوێدا جەنگی (صفین)ی ئازار و خەفەت هێنەر ڕوویدا، کە چەند هەفتەیەکی خایاند و دەیەها هەزار کوژراو لە هەردوولا کەوتن.

جەنگ لەنێوان هەردوو سوپاکە لە مانگی (ذو الحجة)ی ساڵی سی و شەش دەستی پێکرد، جەنگەکە لەنێوانیان پێکدادان و زۆرانبازی بوو، بە درێژایی مانگی (ذو الحجة) جەنگ لە نێوانیان بەردەوام بوو، لەوانەیە لە ڕۆژێکدا دوو جار بەشەر بهاتنایە.[١]

کاتێك مانگی موحەڕەمی ساڵی سی و حەوت هات، هەردوو سوپا بەربەستیان دانا و بەدرێژایی ئەو مانگە شەڕیان ڕاگرت، بەو هیوایەی ڕێکەوتن و سازش لە نێوانیان ڕوو بدا و کۆتاییەکەی بە ئاشتەوایی و کۆتایی هێنان بە گیروگرفتەکان و خوێنڕشتن بێت.

١ـ البداية والنهاية ٧ : ٢٥٦-٢٥٨ .

لە مانگی موحەڕڕەمدا (عەلی)ﷺ وەفدێکی نارد بۆ لای (موعاویە)ﷺ کە سوپاکەی لە (صفین) مۆڵ دابوو، وەفدەکەش بە سەرۆکایەتی (عەدی کوڕی حاتەمی طائی) بوو.

(عەدی کوڕی حاتەم) وەفدی عەلی بۆ لای موعاویە

(عەدی) بانگی (موعاویە)ی کرد بۆ بەیعەت دان بە (عەلی)، تا خودا دەنگی موسڵمانان یەکبخا و خوێن نەڕێژرێ و ئاشتەوایی ڕووبدا.

(موعاویە)شﷺ بەم شێوەیە وەڵامی داواکەی (عەدی) دایەوە: ئێمە (عەلی) ڕەت ناکەینەوە، لە سەر کارەکەیدا کێشەی لەگەڵ ناکەین، بە کوشتنی (عوسمان) تاوانباری ناکەین، بەڵام پەنای بکوژانی داوە، تەنها ئەوەندەمان لەو دەوێ کە بکوژانمان بداتە دەست تا بیانکوژینەوە، دوای ئەوە وەك ئەمیری بڕواداران بەیعەتی پێدەدەین و، گوێڕایەڵی دەبین.[1]

مەنتیقی (موعاویە)ﷺ ڕوونە، بۆچونەکەشی ئاشکرایە، بەڵام (عەلی)ﷺ لەو جۆرە بارودۆخەدا دەستەوسان بوو لە جێبەجێکردنی ئەوەی (موعاویە) داوای دەکات، لەبەر ئەو هۆیانەی کە لەپێشەوە باسمان کرد.

حەبیبی کوڕی مەسلەمە، وەفدی موعاویەیە بۆ لای عەلی

ئەرکی (عەدی کوڕی حاتەم) لەلای (موعاویە) سەرنەکەوت.

پاشان (موعاویە)ﷺ لەلای خۆیەوە وەفدێکی نارد بۆ لای (عەلی) تا هەوڵبدەن قەناعەتی پێبکەن بە دانەدەستی بکوژانی (عوسمان)ﷺ و، کۆتایی هێنان بە جەنگ، وەفدەکەش بە سەرۆکایەتی (حەبیبی کوڕی مەسلەمەی فیهری) بوو، بەڵام هیچ سەرەنجامێکی نەبوو.[2]

مانگی موحەڕڕەم تێپەڕی و، هەوڵەکانی ئاشتەوایی نێوان هەردوولا سەرکەوتوو نەبوو، مانگی صەفەر هات، دەبوایە جەولەی دووەمی زۆر توند و دڕندانە و دڵڕەقانەی جەنگی (صفین) ڕووبدات.

جەنگێکی وێرانکەر لە صفین

لە ڕۆژی چوارشەممەی یەکی مانگی صەفەر، جەنگێکی وێرانکەر دەستی پێکرد و هەتا ڕۆژی هەینی (دە)ی صەفەر بەردەوام بوو.

---

١ ـ البداية والنهاية ٧ : ٢٥٨ .

٢ـ البداية والنهاية ٧ : ٢٥٦-٢٥٨ .

جەنگەکە لە (صفین)دا دە ڕۆژی تەواو بوو، توند و تیژ و وێرانکەر بوو، هەردوو سوپاکە چوونە پێش و کەوتنە ناو یەك و تێکگیر بون، تیایدا دەیان هەزار کوژراو کەوتن و، چەندانەی ئەوەش بریندار بون!!.

جەنگی (دە) ڕۆژی توندوتیژ

توندوتیژترین شەڕیش لە ڕۆژی پێنج شەممە (نۆ)ی صەفەر و شەوی هەینی (دە)ی صەفەردا بوو، کە بە (لیلة الهریر: شەوی هەسکەهەسك) ناونرا، چونکە جگە لە هەسکەهەسك و هانکەهانك نەبێ، هیچ دەنگ و قسەیەکی جەنگاوەرانی هەردوو سوپا نەدەبیسترا، ئەوەش بەهۆی ماندووبون و داهێزران و، بەجەرگی نواندن و جەنگانەوە بوو.

لەو شەوەدا بە ڕم شەڕیان دەکرد هەتا شکان و، بە تیر هەتا دوایی هات و، بە شمشێر هەتا تێکشکان[1]...

لە عەصری ڕۆژی هەینی (دە)ی صەفەردا، خەڵکی شام قورئانەکانیان بەسەر ڕمەکانیانەوە بەرزکردەوە و، کێشەی نێوان (عەلی) و (موعاویە)ﷺ چووە قۆناغێکی نوێوە.

کوژرانی عەممماری کوڕی یاسر لە (صفین)

لە جەنگی (صفین)دا (عەمماری کوڕی یاسر)ﷺ کوژرا، کە لەگەڵ (عەلی)دا بوو دژی خەڵکی شام.

(عبداللەی کوڕی سەلەمە) وتویەتی: لە ڕۆژی (صفین)دا (عەممار)م دیت، پیاوێکی پیری بالأبەرز بوو، حەربەکەی بەدەستەوە گرتبوو، دەستیشی دەلەرزی و، دەیوت: سوێند بەوەی نەفسی منی بەدەستە، بەم ئالأیە سێجار لەگەڵ پێغەمبەری خواداﷺ جەنگاوم، ئەمە چوارەمە! بەخوا ئەگەر لێمان بدەن هەتا دەمانگەیەننە (هوجەر-لە بەحرەین-)، گومانم لەوە نابێت کە ئێمە لەسەر هەقین و ئەوان لەسەر ناهەق.

لەو جەنگەدا (قەیسی کوڕی عوبادە) پرسیاری لە (عەمماری کوڕی یاسر) کرد و پێی وت: ئایا جەنگ کردنتان لەپاڵ (عەلی)، ڕایەکە و بۆی چوون، کە ڕا و بۆچونیش هەڵەدەکا و دەشپێکێ، یان سپاردە و پەیمانێکە

١- بۆ باسکردنی هەر (دە) ڕۆژەکەی جەنگی (صەفین) سەیری (البدایة والنهایة) ٧ : ٢٦٢-٢٧٣بکە.

پێغەمبەری خواﷺ پێی سپاردوون؟

(عەممار) وتی: پێغەمبەری خواﷺ هیچ ڕاسپاردەیەکی پێ نەداوین کە بە سەرجەم خەڵکی نەدابێ.[1]

(عەممار) دان بەوەدا دەنێ کە جەنگانیان لەگەڵ (عەلی)دا بەهۆی ڕا و ئیجتهادەوە بووە، ڕا و ئیجتهادیش دەکرێ بپێکێ و دەشێ نەیپێکێ.

دەستەیەکی یاخیبوو عەممار دەکوژن

پێغەمبەری خواشﷺ هەواڵمان پێدەدا کە دەستە و کۆمەڵێکی یاخیبوو (عەممار) دەکوژن.

(بوخاری) و (موسلیم) لە (ئەبوسەعیدی خودری)یەوە دەگێڕنەوە کە پێغەمبەری خواﷺ بە (عەممار)ی فەرموو: ((دەستەیەکی یاخیبوو دەتکوژن)).

(عبدالرحمنی سولەمی) کوژرانی (عەممار)مان بۆ دەگێڕێتەوە، دەڵێ: لە (صفین)دا لەگەڵ (عەلی) بووین.. (عەممار)م بینی، بەهەر شیوێك لە شیوەکانی (صفین)دا بڕۆیشتایە، ئەو هاوەڵانەی پێغەمبەری خواﷺ کە لەوێ بون دوای دەکەوتن.

(عەممار)م بینی هات بۆ لای (هاشمی کوڕی عوتبەی کوڕی ئەبووەقاص)-برازای (سەعدی کوڕی ئەبووەقاص)- کە لە (صفین)دا هەڵگری ئاڵای (عەلی) بوو.

(عەممار) بە (هاشم)ی وت: (هاشم) پێشکەوە! بەهەشت لەژێر سێبەری شمشێراندایە، بەهەشت کراوەتەوە و حۆرییەکان خۆیان ڕازاندۆتەوە.

الیَوْمَ أَلْقَى الأَحِبّه مُحَمَّداً وَصَحْبَهْ

ئەمڕۆ دەگەم بە خۆشەویستان، موحەممەد و هاوەڵان.

(هاشم) و (عەممار) هەڵمەتێکی بەهێزیان برد و سوپایان بڕی و، کوژران، ڕەحمەتی خوایان لێبێ.

بکوژی (عەممار)-کە (ئیبن جەوی سەکسەکی) بوو- هات بۆ لای

[1] ١ـ البداية والنهاية ٧ : ٢٦٧-٢٦٨.

(عەمری کوڕی عاص) و پێی وت: من (عەممار)م کوشت.

(عەمر) پێی وت: بەڵام بەخوا دەستت قازانجی نەکرد و، خودات تووڕە کرد!![1]

(عبدالرحمنی سولەمی) وتویەتی: پاش ئەوەی (عەممار) کوژرا و، شەو داهات، وتم: دەبێ ئەمشەو بچمە سەربازگەی شامییەکانەوە، تا کاریگەری کوژرانی (عەممار) لەسەریان ببینم.

چوار لە سەرکردەکانی سوپای شام لە کوژرانی عەممار دەکۆڵنەوە

چوومە سەربازگەکەیانەوە، دیتم چوارکەس بەو شەوە قسە و گفتوگۆ دەکەن:

(موعاویە) و، (ئەبوئەعوەری سولەمی) و، (عەمری کوڕی عاص) و (عبداللهی کوڕی عەمر)ی کوڕی –چاکترین چوارکەس–، ئەسپەکەم هێنایە نێوانیانەوە، تا لێیان نزیك بم و گوێبیستی قسەکانیان بم و هیچ قسەیەکم لەدەست نەچێ.

(عبداللهی کوڕی عەمر) وتی: لەم ڕۆژەتاندا ئەو پیاوەتان کوشت، پێغەمبەری خوداش ﷺ ئەوەی لەبارەوە فەرمووە کە فەرموویەتی؟

عبدالله ی کوڕی عەمر فەرموودەی پێغەمبەر لەبارەی کوژرانی عەممار دەگێڕێتەوە

(عەمر)ی باوکی وتی: چی فەرمووە؟

(عبداللهی کوڕی عەمر) وتی: کاتێك موسڵمانان مزگەوتی پێغەمبەری خوایان ﷺ بنیات دەنا، خەڵکی یەك یەك بەرد و خشتیان دەگواستەوە، (عەممار)یش دوو دوو خشت و بەردی دەگواستەوە.

پێغەمبەری خوا ﷺ هات بۆ لای و پێی فەرموو: ((بێبەڵابی (عەممار)، دەستەیەکی یاخیبوو دەتکوژن))!!

(عەمر) ڕووی لە (موعاویە) کرد و پێی وت: ئایا نابیستی (عبدالله) چی دەڵێ؟

فەرموودەکەی بە (موعاویە) ڕاگەیاند، (موعاویە) وتی: بەڵێ، دەستەیەکی یاخیبوو (عەممار) دەکوژێ، ئایا ئێمە (عەممار)مان کوشتووە؟ بەڵکو ئەوانە کوشتویانە کە دەریانهێناوە و هێناویانە!!!.

١ـ البداية والنهاية ٧ : ٢٦٨-٢٦٩.

ئیتر خەڵکی شام دەیانوت: بەڵکو ئەوانە (عەممار)یان کوشت کە دەریانهێناوە و هێناویانە!!![1]

ئەم فەرمووده صەحیحە لەسەر کوژرانی (عەممار) لەسەر دەستی دەستەیەکی یاخیبوو، لە بەڵگەکانی پێغەمبەرێتی (موحەممەد)ەﷺ، کە پێغەمبەری خواﷺ هەواڵی کوژرانی (عەممار) مان پێ ڕادەگەیەنێ، ئەو هەواڵەش دوای سی و حەوت ساڵ دێتەدی!.

سوپای شام لە عەلی یاخیبون

هەروەك ئەم فەرموودە (صحيح)ە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی (عەلی) لە (موعاویە)ﷺ لە حەق نزیکترە و، خەڵکی شامیش دەستەیەکی یاخیبون، کە لە (عەلی) یاخی بون و لە فەرمانی دەرچون، وێڕای ئەوەی کە ئەهلی (حەل و عەقد) لە هاوەڵان وەك ئەمیری بڕواداران بەیعەتیان پێداوە، کەواتە بەیعەت و خەلیفایەتیەکەی شەرعی یە، کاتێکیش خەڵکی شام بەیعەتیان پێ نەدا و لە فەرمانی دەرچوون و لە دژی جەنگان-ئەگەریش بە ئیجتهاد و تەئویلکاری بوو و بیانوویان هەبوو-، ئەوا ئەوانە بونە دەستەیەکی یاخیبو لە ئەمیری بڕواداران.

بەڵام ئەو تەئویلەی (موعاویە)، بەوەی کە ئەوانەی (عەممار)یان کوشت سوپای (عەلی)ن، چونکە ئەوان هێناویانە بۆ (صفین)، ئەوە تەئویلێکی دوورە و لێی وەرناگیرێ!!.

سەرکەوتن لە (صفین)دا بۆ سوپای عەلی یە

لە ساتەکانی کۆتایی جەنگی (صفین)دا سوپای (عەلی) زاڵ ببون، کەوا ریزەکانی سوپای (موعاویە)یان بڕی و چونە ناویانەوە، نزیك بوو خەڵکی شام تێك بشکێن.

ئا لەو ساتانەدا (عەمری کوڕی عاص) چووە لای (موعاویە) و پێی وت: من را و بۆچونێکم هەیە کە دەبێتە هۆی پتەوبون ویەك ڕیزی خۆمان و پەرتەوازەیی و لاوازی ئەوان، وادەبینم مەصحەفەکان بەرزکەینەوە و

١ـ البداية والنهاية ٧ : ٢٧٠-٢٧١.

داوایان لێ بکەین کە قورئان بکەینە حەکەم، ئەگەر وەڵامیان دایەوە ئەوە جەنگ کۆتایی پێدێ، ئەگەریش لە نێوان خۆیاندا ناکۆك بون، هەندێ ڕازی دەبن و هەندێك نارازی، ئەوا هەڵ دەوەشێن و هێز و پێزیان نامێنێ.

هەنگاوەکەی عەمری کوڕی عاص لە بەرزکردنەوەی (مصحف)ەکاندا

ئەبو وائل– برای دایکیی کوڕی سەلەمەی ئەسەدی تابعی–وتویەتی:– ئێمە لە (صفین)دا بووین، کاتێك کوشتارێکی زۆر لە خەڵکی شام کرا و زۆریان بۆ هات، پەنایان بردە پاڵ تەپۆڵکەیەك، (عەمری کوڕی عاص) بە (موعاویە)ی وت: (مصحف)ێك بنێرە بۆ عەلی، بانگەشەی بکە بۆ کتێبی خوا، چونکە ڕێگریت ناکات:

پیاوێك (مصحف)ێکی هێنا و، وتی: با کتێبی خوا لە نێوانماندا هەبێ، کێشەکەمان دەبەینە لای کتێبی خوا، پاشان ئەم فەرموودەی خوای خوێندەوە:

﴿أَلَمْ تَرَ إِلَى الَّذِينَ أُوتُوا نَصِيبًا مِنَ الْكِتَابِ يُدْعَوْنَ إِلَى كِتَابِ اللَّهِ لِيَحْكُمَ بَيْنَهُمْ ثُمَّ يَتَوَلَّى فَرِيقٌ مِنْهُمْ وَهُمْ مُعْرِضُونَ: خۆ تۆ دیت، ئەو کەسانەی کە لە کتێبی ئێمەدا بەشێکیان پێ گەیشتبوو، خۆیان گوتیان بە هەرحوکمێ خودا بیدا ئێمە ڕازین، کەچی هێندێك لەوانە پێی ڕازی نەبوون.﴾ ال عمران:٢٣.

عەلی گوتی: بۆ ئەوە ئێمە لەئێوە لەپێشترین، با کتێبی خوا لە نێوانماندابێ.

ئا لێرەدا خەواریج لە فەرمانی دەرچوون، شمشێرەکانیان کردبووە ملیان و هاتن بۆ لای عەلی، ڕەتی داواکەی خەڵکی شامیان کرد لەوەی قورئان بکرێتە حەکەم، وتیان پێویستە بە شمشێرەکانمانەوە بچین بۆ لایان، تا خوای گەورە لە نێوانماندا بڕیاری خۆی دەدا.

پەرت بونی سوپای عەلی و بانگەوازی سەهلی کوڕی حەنیف

لێرەدا سەهلی کوڕی حەنیفی ئەنصاریﷺ وەستا و وتی: خەڵکینە! ڕاو بۆچونی خۆتان بەسەر دین دا هەڵبەست، لە ڕۆژی حودەیبیەدا منتان بینی، ئەگەر بمتوانیایە فەرمانەکەی پێغەمبەری خوامﷺ ڕەت دەکردەوە.

پاشان سەهلی کوڕی حەنیف ئەو سەرسوڕمانە توندەی ڕوون کردەوە کە موسڵمانان لە کاتی وەفاتی عوسمانەوە تێی کەوتوون و، وتی: بەخوا

لەوەتەی موسڵمان بووین شمشێرمان لە شان نەکردووە، مەگەر زانیبێتمان بۆ چ کاروبارێك ئاڕاستەمان دەکا، جگە لەمەی ئێستا نەبێ تێی کەوتووین، لەمەدا هەر کون و کەلەبەرێك دەگرین، لە لایەکی ترەوە لێمان دەکرێتەوە، ناشزانین چۆن هەڵسوکەوتی تێدا بکەین.!!![1]

شامی و عێراقی یەکان حەزیان لە (تەحکیم) و ئاشتەوایی یەکە دەکرد، بەڵکو ئەمە ببێتە مایەی نەڕشتنی خوێنی موسڵمانان و کۆتایی هێنان بە ناکۆکیەکانیان.

تەنها خەواریج حەزیان بە (تحکیم) و ئاشتەوایی نەکرد، ئەوە بوو لە پاشان گرفتەکانیان لەگەڵ عەلی دا چەندانە بویەوە. بەم بانگەشەی (حوکم بردن بۆ لای قورئان)، جەنگی (صفین) کۆتایی پێهات.

لە ڕۆژی هەینی (دە)ی مانگی صەفەری ساڵی سی و حەوت کۆتایی پێهات.

قوربانیانی جەنگی (صفین) حەفتا هەزار بوو

کوژراوی موسڵمانان لە جەنگی (صفین)دا حەفتا هەزار کەس بوو.

ژمارەی کوژراوانی سوپای (موعاویە) چل و پێنج هەزار کوژراو بوو.!!

ژمارەی کوژراوانی سوپای (عەلی)ش بیست و پێنج هەزار کوژراو بوو!![2]

ئەمە جگە لە ژمارەی بریندار و پێکراوەکان.

دەزانین ئەمە ژمارەیەکی گەورەیە، ڕەقەمێکی بەرزە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ قوڵی ئەو کارەساتەی کە لەو ڕۆژانەدا تووشی موسڵمانان هات!!*

١ـ البداية و النهاية٧: ٢٦٨،٢٧٣.

٢ـ البداية و النهاية٧:٢٧٥.

* د.إبراهیم لە کتێبی (أباطيل يجب ان تمحو من التأريخ) ئاماژە بەوە دەکا کە مێژوو نوسە موسڵمانەکان لە دیاری کردنی ژمارەدا بە شێوەیەکی گشتی ورد نەبون، هەر بۆیە دەبینین لە هێنانی ژمارەی کوژراوانی جەنگەکاندا زیادەڕەوییان کردووە.. دەکرێ هەر لەم ڕوانگەیەشەوە سەیری ئەم جەنگانەش بکرێ.. کە دەکرێ عاملی گێترەکاریش ڕۆڵی خۆی بینیبێ.. هەر چۆنێك بێ ئەم ژمارانە ئاماژەیە بۆ ترسناکی و زۆری ژمارەی کوژراوەکان. –وەرگێڕ–

پێغەمبەر هەواڵی جەنگی (صفین) دەدات

پێغەمبەری خواش ﷺ پێش ڕودانی ئەم جەنگە بە چەندەها ساڵ هەواڵی ڕوودانی پێداوین.

ئەوەتانێ بوخاری و موسلم لە ئەبوهورەیرەوە دەگێڕنەوە کە پێغەمبەری خوا ﷺفەرموویەتی: ((لا تَقُومُ السّاعَةُ، حَتَّى تَقْتَتِلَ فِئتانِ عَظيمَتانِ، مَقْتَلَةً عَظيمَة، دَعْواهُما واحِدة: قیامەت هەڵناستێ، تا دوو کۆمەڵی گەورە بەشەڕ دێن و کوژراوێکی زۆر لە یەکتری دەخەن، بانگەوازیشیان یەکە)) [١].

لە ڕاستی دا هەردوو دەستەکە لە (صفین) گەورە و زۆر بون، سوپای عەلی سەد و بیست هەزار بوو، موعاویەش نەوەد هەزار بوو، کۆی هەردوو سوپاکەش دووسەد و دە هەزار کەس بوو، حەفتا هەزاریان کوژران! واتە سێیەکی موسڵمانان لە (صفین)دا کوژران!! کە ئەمەش کوشتارێکی گەورە و زۆرە!

بانگەوازی هەردوو دەستەکەش یەك بوو، کە ئەویش سەر خستنی حەق و بەرگری لێکردنی، لە ڕێی ئیجتهاد و تەئویلەوە بوو.!

ڕێکەوتنی هەردوولا لەسەر داوەری(تحکیم) کردن

پاش بەرزکردنەوەی (مصحف)ەکان و کۆتایی هاتنی جەنگی (صفین) بەو شێوەیەی کۆتایی پێهات، دوای چەندین نوسین و هاتوچۆکردن لەنێوان سوپای عەلی و موعاویەدا، هەردوولا لەسەر داوەری(تحکیم)ەکە ڕێکەوتن.

ئەوەش بەوەی کە عەلی لەلایەن خۆیەوە ناوبژیکارێك هەڵبژێرێت و، معاویەش لەلایەن خۆیەوە ناوبژیکارێك هەڵبژێرێ.

پاشان هەردوو ناوبژیکارەکە پێك بگەن و مشت ومڕ لەسەر چارەسەرکردنی گرفتەکە بکەن، دوای ئەوە لەسەر ئەوە ڕێك دەکەون کە بەرژەوەندی موسڵمانانی تێدایە و بڕیاری گونجاویان دەردەکەن و، پێویستە هەردوو لاش پابەندی بڕیار و حوکمەکانیان بن.

عەمری کوڕی عاص لەلایەن موعاویەوە

موعاویە لەلایەن خۆیەوە (عەمری کوڕی عاص)ی هەڵبژارد بۆ ناوبژیکاری، لە سوپای موعاویەدا هیچ گرفتێك نەبوو، هەمویان

١ـ البداية و النهاية ٧:٢٧٥.

شـــوێنکەوتە و گوێبیســـت و گوێڕایـــەڵی موعاویـــە بـــون، ئەمـــەیش تایبەتمەندیەکی تێبینیکراوی خەڵکی شام بوو!!

بەڵکو گرفت لە سوپای عەلیدا بوو، کە زۆرینەیان لە بیابان نشین و دەشتەکی و ئاژاوەچیەکان بون، کوفەش لەو ماوەیەدا بنکەی ئاژاوەچیەتی و یاخیبون بوو.

عەلی ویستی (عبداللهی کوڕی عەباس) هەڵبژێرێ، بۆ ئەوەی نوێنەر و جێگری ئەو بێت، بەڵام خەڵکی کوفە گێچەڵیان بە (عەلی) کرد و ئەمەیان ڕەت کردەوە و، وتیان: (عبداللهی کوڕی عەباس) کوڕی مامتە و، لەگەڵ خۆتدا ئەویشت نوقمی ئاژاوە کردووە.

زۆر کردن لە عەلی لەسەر بەوەکد ناردنی ئەبوموسای ئەشعەری

دەمانـەوێ (ئەبوموسـای ئەشـعەری-عبـداللهی کـوڕی قـەیس-) بکەیتـە ناوبـژیکار، چـونکە ئـەو بەربەسـتیی خـەڵکی دەکـرد لـە ئـاژاوە و جـەنگ کـردن، خـۆی دورگرتـوە لەسـەرجەم ئـەم روداوانـە و، لـە زەویەکیـدا لـە حیجازدا نیشتەجێ بووە، ئەو ساز و گونجاوە بۆ ئەوەی ببێتە ناوبژیکار!!

(عـەلی) وتـی: ئەگـەر ڕازی نـین (ئـیبن عـەباس) ناوبـژیکار بـێ، ئـەوا (ئەشتەر) بکەنە ناوبژیکار!

وتیـان: ئایـا هـەر (ئەشـتەر) نـەبوو جـەنگی هەڵگیرسـاند و کاروبـاری تێکدا!!

خـەڵکی کوفـە لەسـەر (ئەبوموسـای ئەشـعەری) سـور بـون، (عـەلی)یـش نەیدەویست بیکا بە ناوبـژیکار، نـەك وەك تانـەدانێك لێـی، ئەو هـاوەڵێکی پایەبـەرزە، بـەڵام سـەبارەت بـە فیتنـە هـەمان ڕای ئـەوی نـەبوو، لـە ڕووداوەکانـدا شـوێنی نەکـەوتبوو، قەناعەتی بە بەڵگە و بیروبۆچونەکانی نەبوو، ئەی چۆن دەبێتە نوێنەر و نمایندەی ئەو؟؟

بەڵام (عەلی) زۆری لێکرا لەسەر (ئەبو موسای ئەشعەری)، سوپاکەشی بەسەر ڕایەکانیدا زاڵ بون و دەستیان بەسەر بڕیارەکانیدا گرتبوو، چونکە ئـەوان لەگـەڵ هـۆز و کۆمەڵەکەیانـدا بـون و، (عـەلی)یـش هێـز و کۆمـەڵێکی

خۆی لەگەڵیان نەبوو، بۆیە لە ئاستیاندا دەستەوسان بوو، ئەمەش قەدەری ئەوبوو.

چوون بۆ لای (ئەبوموسای ئەشعەری) و، پێیان ڕاگەیاند کە خەڵکی ئاشت بونەتەوە و جەنگیان لە (صفین) ڕاگرتووە و، لەسەر داوەری(تحکیم) ڕێکەوتون. ئەویش وتی: (الحمد لله رب العالمین: سوپاس بۆ پەروەردگاری جیهانیان..

پاشان پێیان وت: لەلایەن (عەلی)یەوە تۆ کراویت بە ناوبژیکار. وتی: إنا لله وإنا إلیه راجعون.

دەقی نوسراوی تەحکیم لەنێوان هەردوولا و شاهێدەکانی

نوسراوی (تەحکیم)یان لەنێوان هەردوولادا نووسی، لە نوسراوەکەدا هاتووە: ئەمە ئەوەیە کە (عەلی کوڕی ئەبوطالب) و (موعاویەی کوڕی ئەبوسوفیان) لەسەری پێکهاتوون، (عەلی) لە بریی خەڵکی عێراق و ئەوانەی لەگەڵیدان و شوێنکەوتەی ئەون و، (موعاویە)ش لە بریی خەڵکی شام و ئەوەی لەگەڵیدایە لە موسڵمانان و بڕواداران:

ئێمە لە ئاست حوکمی خوا و کیتابەکەیدا ملکەچ دەبین، ئەوەی خوا دەیەوێ زیندووی دەکەینەوە و ئەوەشی نایەوێ دەیمرێنین.

هەردوو ناوبژیکار-کە (ئەبوموسای ئەشعەری) و (عەمری کوڕی عاص) بون- ئەوەی لە کیتابی خودا بەدییان کرد کاری پێدەکەن، ئەوەی لە کیتابی خوداشدا نەیانبینی، ئەوە پێویستە لەسەریان کار بە سوننەتی دادگەری گشتگیری کۆکەرەوە بکەن.[1]

هەردوو ناوبژیکار پەیمانیان لە هەردوو لا وەرگرت، کە خۆیان و ماڵ و منداڵیان پارێزراوە و، هەردوولاش پابەندن بەو حوکمەی دەری دەکەن.

لەسەر نوسراوی داوەری(تحکیم)ەکەش گەورە سەرکردەکانی سوپای (عەلی) وەك (عبداللهی کوڕی عەباس) و (ئەشعەسی کوڕی قەیس) و، گەورە سەرکردەکانی سوپای (موعاویە) وێنەی (ئەعوەری سولەیمی) و (عبدالرحمنی کوڕی خالیدی کوڕی وەلید) و (حەبیبی کوڕی مەسلەمە)

۱ـ البدایة والنهایة ۷ : ۲۷٦-۲۷۷.

شاهێد بون.

پێکگەیشتن لە مانگی ڕەمەزان لە(ئەزروح)دا

هەردوو ناوبژیکارەکە ڕێکەوتن کە لە مانگی ڕەمەزان لە (ئەزروح)دا پێك بگەن.[1]

(ئەزروح) دێیەکە لە سەر چیاکانی (شەرات)، لە خوارووی ئوردون.

دوای ڕێکەوتن لەسەر داوەری(تحكيم) و سپاردنی کاروباری ئوممەت بە هەردوو ناوبژیکارەکە، هەردوو سوپاکە لە (صفين) کشانەوە، هەریەکەیان گەڕایەوە بۆ شوێنی خۆی.

(معاويه) گەڕایەوە بۆ شام، کە وڵاتێکە شوێنکەوتەی ئەون و گوێڕایەڵی فەرمانەکانین، (موعاویە) هیچ گرفت و گێچەڵێك یان هەڵگەڕانەوەو یاخیبونێکی تووش نەهات.

عەلی ڕوبەڕوی خەواریجەکان دەبێتەوە کە (تحكيم) ڕەت دەکەنەوە

(عەلی)ش (صفين)ی بەجێهێشت و گەڕایەوە کوفە، بەڵام ڕوبەڕوی ترسناکترین گرفت بوویەوە، کە ئەویش گرفتی (خەواریج) بوو، ئەوانەی لە (صفين)دا بەهۆی پەسەندکردنی (تحكيم)ەوە لە ژێر فەرمانی دەرچوون، پاشان گرفتەکەیان چەندانە بویەوەو لە دواتردا پەرەی سەند.

سەرەتا گرفتی (خەواریج) لەناو جەنگی (صفين)دا دروست بوو، کاتێك (عەلی) لەنێو جەنگەکەدا بە داوەری(تەحکیم) ڕازی بوو، (ئەشعەسی کوڕی قەیسی کیندی) چوو بۆ لای (بەنی تەمیم) تا هەواڵی داوەری(تەحکیم)یان پێ ڕابگەیەنێ، (عوروەی کوڕی جەریری تەمیمی) هەستا بۆ لای و وتەیەکی دەربڕی کە دواتر بووە دەستوور و دروشمێك بۆیان.

وتی: لە دینی خوادا مرۆڤ دەکەنە ناوبژیکار؟

خەواریجەکان عەلی کافر دەکەن ولێی جیادەبنەوە

دوای ئەوە خەواریجەکان دەیانوت: حوکم تەنها بۆ خوایە.. ئەم وتەیە ڕەوابوو، بەڵام مەبەستیان پێی شتێکی ناڕەوا بوو.[2]

وەدەچن بۆ حەروراو

کاتێ عەلی گەیشتە کوفە، دوانزە هەزار لە سوپاکەی لێی جیابونەوەو،

١ـ البداية والنهاية ٧ : ٢٧٧-٢٧٨.

٢ـ البداية والنهاية ٧ : ٢٨٨-٢٨٩.

لە فەرمانی دەرچوون، چونکە بە (تەحکیم) ڕازی بووە و، بەمەش مرۆڤی لە دینی خوادا کردووە بە ناوبژیکار، لەگەڵ ئەوەشدا کە حوکم تەنها بۆ خوایە، بەمەش کوفری کردووە و لە دینی خوا دەرچووە، جا بەهۆی ئەم کوفر و هەڵگەڕانەوەیەی پێویستە جەنگ لەدژیدا بکرێ!!!

ئەم خەواریجانە لە گەڵ عەلی نەهاتنە ناو کوفەوە، بەڵکو چوون بۆ دێیەك کە پێی دەوترا (حەروراء)، هەر بەم ناوەشەوە ناونران (حەروریی‌یەکان)، هەروەك بە (خەواریج) و (موحەکیمە)ش ناودەبران، خۆیشیان ناوی خۆیان ناو دەنا بە (الشُراة) واتە ئەوانەی خۆیان بەخوا فرۆشتووە.

پێغەمبەر هەواڵی دەرچوونی خەواریجەکان دەدات

پێغەمبەرﷺ هەواڵی دەرچوونی ئەم خەواریجانەی ڕاگەیاندووە، ئەوەتا (موسلیم) لە (ئەبوسەعیدی خودری)یەوە دەگێڕێتەوە، لە پێغەمبەری خواوەﷺ، فەرمویەتی: ((تَمْرقُ مَارِقَة،عِنْدَ فُرْقَةٍ مِنَ المَسلِمِين، تَقْتُلُهُم أَوْلَى الطائِفَتَين بِالحَق: لەکاتی پەرتەوازەیی موسڵماناندا، هەندێ لە ڕێ دەردەچن، یەکێ لەو دوو کۆمەڵە دەیانکوژن کە لە حەقەوە نزیکترن)).

لەگێڕانەوەیەکی تردا هاتووە کە فەرمویەتی: ((تَكُنُ أُمَّتِي فِرْقَتَين، تَخرُجُ بَيْنَهُما مارِقَة، تَلي قَتْلَها أَولاهُما: ئوممەتەکەم دەبن بە دوو دەستەوە، لەنێوانیاندا هەندێ لەڕێ دەردەچن، ئەوانەی لە حەقەوە نزیکترن لەڕێدەرچوەکان دەکوژن)).

چەند ئاماژەیەکی گرنگی ئەم فەرمودەیە

(ئەبوسەعیدی خودری) دەربارەی ئەم فەرمودەیە دەدوێت و بە خەڵکی عێراق دەڵێت: ئەی خەڵکی عێراق! ئێوە ئەوانەتان کوشت..

ئەم فەرمووده صەحیحە ئاماژە بە چەندین بەڵگە دەکات:

لەوانە: سەلماندنی پێغەمبەرایەتی، بەوەی پێغەمبەری خواﷺ هەواڵی لە ڕێدەرچوونەکەیان ڕادەگەیەنێ و، هەر واش بوو، ئەوەبوو پاش چەندەها ساڵ لەڕێدەرچوون.

لەوانە: لەڕێدەچوونیان لەکاتی پەرتەوازەیی و جیاوازی موسڵماناندا، هەروەك لە ڕۆژی (صفين) ڕوویدا.

لەوانە: بڕیاردانی موسڵمانێتی هەردوو دەستە ناکۆکەکە" سوپای عەلی و سوپای موعاویە.

عەلی لە معاویە لە هەقەوە نزیکترە

لەوانە: بڕیاردان لەسەر ئەوەی کە ئەو دەستەیەی لەگەڵ خەواریجەکان دەجەنگێت لەسەر هەقن. ئەمەش مانای وایە (عەلی) و هاوەڵانی لە (موعاویە) و هاوەڵانی لە هەقەوە نزیکترن، لەگەڵ ئەوەی (موعاویە) و هاوەڵانی لەسەر هەقن، بەڵام (عەلی) و هاوەڵانی لەهەق لەپێشتر و نزیکترن: ((تَقْتُلُهُم أَوْلَى الطائِفَتَين بِالحَق)).[1]

ئیبن عەباس لەگەڵ خەواریجەکان گفتوگۆ دەکات و نیوەیان دەگێڕێتەوە

کاتێك خەواریجەکان لە فەرمانی (عەلی) دەرچوون و چوون بۆ (حەروراء)، (عبداللهی کوڕی وەهەبی راسبی)یان کردە سەرکردەی خۆیان. (عەلی) ویستی ئاژاوە و فیتنەکەیان لەناو ببات و، بیانگێڕێتەوە بۆ ناو کۆمەڵی موسڵمانان، ئەوەبوو کاتێك لە (حەروراء)دا بون، (عبداللهی کوڕی عەباس)ی نارد بۆ لایان، تا گفتوگۆیان لەگەڵ بکا و بەڵگەیان لەسەر بچەسپێنێ.

(ئیبن عەباس) سێ ڕۆژ لایان مایەوە، گفتوگۆی لەگەڵ دەکردن و گومانەکانیانی دەڕەواندەوە، لە کۆتاییدا توانی قەناعەت بە نیوەیان بکا، ئەوەبوو پەشیمانیان راگەیاند و، وازیان لە دەرچوون لە فەرمانی (عەلی) هێنا و، گەڕانەوە ناو کۆمەڵی موسڵمانان، (ئیبن عەباس)یش هێنایانیەوە لای (عەلی) لە کوفە.

بەڵام نیوەکەی تریان لەسەر راکەی خۆیان سوور بون.

عەلی هەڵوێستی خۆی بە خەواریجەکان ڕادەگەیەنێ

(عەلی) نێرراوێکی بۆ لای ئەمانە نارد و پێی وتن: با لەنێوان ئێمە و ئێوەدا بەڵێن بێت کە خوێنی حەرام نەڕێژن و ڕێگری نەکەن و، ستەم لە پەنادراو(ذمی) نەکەن، ئێمەش لە مزگەوتەکانی خوا بەربەستیتان لێ ناکەین و لە شەڕکردنتان دەستپێشخەری ناکەین تا ئێوە دەستپێشخەری

١ـ البداية والنهاية ٧ : ٢٧٩-٢٨٠.

نەکەن.[1]

دروشمیان: حوکم تەنها بۆ خوایە. وتەیەکی ڕەوایە مەبەستیان پێی ناڕەوایە

ڕۆژێـك (عـەلی) لـە کوفـەدا وتـاری دەدا، یـەکێك لـە خەواریجـەکان بـۆی هەستا و پێی وت: عەلی! لە ڕاستی دا تۆ مرۆڤت کردووە بە هاوبەش لە دینی خوادا، حوکمیش تەنها بۆ خوایە.

هەندێ خـەواریجی تـر لـە دەوروبـەری مزگەوتـدا بـون، هاواریـان کـرد: حوکم تەنها بۆ خوایە، حوکم تەنها بۆ خوایە.

(عـەلی)یـش وەڵامـی دانـەوە و وتـی: ئەمـە وتەیـەکی ڕەوایـە، بـەڵام بـۆ مەبەستێکی ناڕەوا بەکاری دەهێنن.

ئەمە وتەیەکی پێکراوی (عەلی) بوو، ئەوەی کە خەواریجەکان بانگەشەی بۆ دەکەن، لەو وتەیەی کە دەڵێن: حوکم تەنها بۆ خوایە، لە خودی خۆیدا وتەیـەکی ڕەوایـە، شتێکی ئاشکرایە لـە ئیسـلامدا کە فـەرمانڕەوا خوایـە، فـــەرمان و حـــوکمیش هـــەر فـــەرمان و حـــوکمی ئـــەوە، فەرمانڕەوایەتی(حاكمية)ش یەك لە تایبەتمەندیەکانی خوایەتی‌یە، ئەمەش هەرهەمووی تەواو و دروستە.

بەڵام خەواریجەکان بەم ڕەوایە ناڕەوایان مەبەست بوو، دەیاونیست ئـەم ڕەوایـە بـۆ ئـاژاوەگێری و هەڵگەڕانـەوە و دەرچـوون لـە فـەرمانی خەلیفـە، بەڵکو بە کـافر کردنیشـی وەگەڕخـەن. وتەکـەش ئامـاژە بـەوە ناکات و ئەو ناڕەوایەی لێ دەرناهێنرێ.

عەلی لەگەڵ ئەو خەواریجانەی بە کافریان داناوە بەویژدان دەبێت

لە شوێنێکی تردا، (عەلی) لەگـەڵ ئـەو خەواریجانـەی بـەکافریان دانـا و خوێنیان حەڵاڵ کرد بەویژدان بوو.

لـە (عەلقەمـەی کـوڕی عـامر)ەوە کـە وتویـەتی: دەربـارەی خـەواریج پرسیاریان لە (عەلی) کرد: ئایا ئەوانە هاوبەش پەرست(مشرك)ن؟

عەلی وتی: نەخێر، هاوبەش پەرست نین، بەڵکو لـە هاوبـەش پەرستی و بێبڕوایی هەڵاتوون!

پێیان وت: ئایا ئەوانە دووڕوون؟

۱ـ البداية والنهاية ۷ : ۲۸۱.

وتی: نەخێر، دووڕووەکان بەکەمی نەبێ یادی خوا ناکەن، ئەمانە یادی خوا زۆر دەکەن.

پێیان وت: کەواتە ئەی ئەمیری بڕواداران! ئەوانە چین؟

وتی: برامانن، غەدر و ناهەقیان بەرامبەر کردوین، بەهۆی غەدر و ناهەقیانەوە لەدژیان جەنگاوین!![1]

کۆبونەوەی هەردوو ناوبژیکارەکە لە (ئەزروح)

لەمانگی ڕەمەزانی ساڵی سی وحەوتدا، کاتی کۆبونەوەی دوو ناوبژیکارەکە هات هەروەك لە (صفین) لەسەری ڕێکەوتبون.

(عەلی) لەلایەن خۆیەوە چوارسەد پیاوی نارد، تا شاهێد و ئاگاداری داوەرییەکە بن، لەناویاندا (عبداللهی کوڕی عەباس) بوو، (موعاویە)ش لەلایەن خۆیەوە چوارسەد پیاوی نارد، کە (عبداللهی کوڕی عومەر) لەناویاندا بوو.

هەردوو ناوبژیکارەکە (ئەبوموسای ئەشعەری) و (عەمری کوڕی عاص) لە (ئەزروح) پێك گەیشتن، کە لەو کاتەدا سەر بە (دومة الجندل) بوو.

چاو بڕابوە سەعدی کوڕی ئەبووەقاص

هەندێ موسڵمان ویستیان (سەعدی کوڕی ئەبو وەقاص) بەشداری داوەرییەکە بکا و، داوای لێبکەن تا ببێتە ئەمیری بڕواداران، تا دەنگی موسڵمانان یەك بخات.

(سەعد)یش لە سەردەمی (عومەر) و (عوسمان)دا لە ڕاوێژکاران بوو، یەکێك بوو لەو (دە) کەسەی موژدەی بەهەشتیان پێدرابوو، کە لە ساڵی سی و حەوتدا تەنها سیانیان بە زیندوویی مابونەوە: (عەلی) ئەمیری بڕواداران کە دژی نەیارەکانی دەجەنگا و، (سەعد) و (سەعیدی کوڕی زەید)، کە خۆیان دوورگرتبوو لە ئاژاوە و جەنگان و، هەریەکەیان لە زەویەکەی خۆی لە دەوروبەری مەدینە نیشتەجێ ببون.

هەندێ لە لە خەڵکی چاویان بڕیبوە (سەعد) و، هیواخوازبون کە خەلافەت بگرێتە دەست و دەنگی موسڵمانان یەك بخات، بەڵام ئەو خۆی

١ـ البداية والنهاية ٧ : ٢٩.

لەو کارە بەدەرکرد و خۆ دوورگرتن لە فیتنەی هەڵبژارد.

عومەری کوڕی سەعد داوا لەباوکی دەکات هەوڵ بۆ خەلیفایەتی بدات

ئیمام (موسلیم) لە صەحیحەکەیدا لە (عامری کوڕی سەعدی کوڕی ئەبووەقاص)ەوە دەگێڕێتەوە، کە (عومەری کوڕی سەعد)ی برای چوو بۆ لای (سەعد)ی باوکی کە لەو کاتەدا لە دەرەوەی مەدینە لەناو مەڕەکانی خۆی بوو.

کاتێك (سەعد) (عومەر)ی کوڕی بینی بەرەو لای دێت، وتی: پەنا بەخوا لەشەڕی ئەو سوارە!.

کوڕەکەی هاتە لای و پێی وت: باوکەگیان! ئایا رازیت تۆ وەکو کۆچەرییەك لەنێو مێگەلەکەتدا بیت، خەڵکیش لەسەر دەسەڵات و خەلافەت پەلکێشیانە؟ هەستە ئامادەیان بە، ئاگادار بە، تۆ هاوەڵی پێغەمبەری خواﷺ و ئەهلی راوێژیت، بەشداری شتێکت نەکردووە ئوممەت پێی ناخۆش بێت، تۆ بۆ خەلافەت لە هەموو کەس شیاوتری!!.

(سەعد) کێشای بە سینگی (عومەر)دا و پێی وت: بێدەنگ بە، من گوێبیستی پێغەمبەری خواﷺ بووم دەیفەرموو: ((إنَّ الله يُحِبُّ العَبْدَ التَقِيَّ الغَنِيَّ الخَفِيَّ: لەراستیدا خوا بەندەیەکی خۆپارێزی بێنیازی شاراوەی خۆش دەوێ)).

عومەر بۆ قەناعەت پێکردنی باوکی پەنا دەباتە بەر عامری برای

جا کاتێ (سەعد) بەدەم داواکەی (عومەر)ی کوڕی نەچوو، (عومەر) پەنای بردە بەر (عامر)ی برای تا قەناعەت بە باوکی بکا تا بچێت بۆ لای خەڵکەکە و ببێتە ئەمیری بڕواداران.

(عامر) هات بۆ لای باوکی و پێی وت: باوکەگیان، خەڵکی لەسەر دونیا بەشەڕ دێن و تۆش لێرەی؟

سەعد شمشێرێکی قسەکەری دەوێت!

پێی وت: کوڕی خۆم! دەتەوێ ببمە سەری ئاژاوە و فیتنە؟ نە بەخوا دەرناچم تا شمشێرێکم پێنەدەن کە جیاوازی بکات لەنێوان ئەوانەی لەگەڵیدا دەجەنگێم، ئەگەر لە گەردنی بڕواداریکم دا، نەیبڕێ و کاری تێنەکا، ئەگەریش لە گەردنی بێبڕوایەکم دا، بیبڕێ و بیکوژێ!!!.

پاشا پێی وت: کوڕی خۆم! من گوێبیستی پێغەمبەری خواﷺ بووم

دەیفەرموو: ((لەراستیدا خوا بەندەیەکی خۆپارێزی بێنیازی شاراوەی خۆش دەوێ)).[١]

لەبیرمان نەچێ لەکاتی کۆبونەوەی هەردوو ناوبژێکارەکە لە (ئەزروح)دا تەنها یەك خەلیفە هەبوو، کە ئەویش (عەلی کوڕی ئەبوطالب) بوو، هەر ئەو شوێنکەوتەکانی و هاوەڵانی و ئەوانەی لەگەڵیدا بون بە ئەمیری بڕوادارانیان دادەنا.

تەنها عەلی ئەمیری بڕواداران بوو، موعاویەش والی شام

بەڵام (موعاویەی کوڕی ئەبوسوفیان) بانگەشەی خەلافەتی نەدەکرد، خۆی بە ئەمیری بڕواداران دانەدەنا، شوێنکەوتەکانی و هاوەڵەکانی بەیعەتی ئەوەیان پێنەدابوو کە ئەو ئەمیری بڕواداران بێ.

واتە جیاوازی و ناکۆکی و جەنگەکە لەنێوان دوو خەلیفە و ئەمیری بڕواداران-عەلی و موعاویە- نەبوو، بەڵکو لەنێوان ئەمیرێکی بڕواداران کە زۆرینەی موسڵمانان بەیعەتیان پێدابوو و، هەندێکیشیان-کە خەڵکی شام بون بە سەرکردایەتی موعاویە- رەتی بەیعەت پێدانیان کردبوو، مەگەر دوای تۆڵەسەندنەوە لە بکوژانی عوسمان و کوشتنیان.

موعاویە لەسەر خەلافەت کێشەی لەگەڵ عەلی نەبوو

واتە (موعاویەی کوڕی ئەبوسوفیان) خۆی وا ڕاگەیاندبوو کە تۆڵەستێنی خوێنی شەهید (عوسمان)ە و، والی شامی سەردەمی (عومەر) و (عوسمان)ە و، لەکارخرانیشی لەلایەن (عەلی)یەوە شتێکی دروست و تەواو نیە، چونکە (عەلی) لە دیدی ئەودا ئەمیری بڕواداران نیە تا ئەو لەکار بخا، ئەو هەر بە والیەتی شام دەمێنێتەوە، تا ئەمیرێك بۆ بڕواداران پەیدا دەبێت و تۆڵە لە بکوژانی (عوسمان) دەسێنێتەوە و، سەرجەم موسڵمانانیش بەیعەتی پێدەدەن، گرنگ نیە ئەگەر (عەلی) بێ، یان هەر هاوەڵێکی تر.

(موعاویە) لەسەر خەلافەت کێشەی لەگەڵ (عەلی)دا نەبوو، لەو پێناوەشدا لەدژی نەجەنگا، وەهاش خۆی پیشان نەدەدا کە ئەو لە عەلی بۆ خەلافەت شیاو تر بێ، بەڵکو لەسەر ئەوە بوو عەلی داوای بەیعەت پێدان و

١ـ البداية والنهاية ٧ : ٢٨٣.

گوێڕایەڵی کردنی لێدەکرد، موعاویە تانەی لە شیاوێتی عەلی بۆ خەلافەت نەدەدا، خۆیشی وەك بەدیل و جێگرەوەیەکی عەلی بۆ خەلافەت پیشان نەدەدا، بەڵکو تانەی لە پەلەکردنی عەلی بۆ خەلافەت دەدا و، تانەی لەوە دەدا کە سەرجەم موسڵمانان بەیعەتیان پێی نەداوە و، خاوێتی نواندووە لە سزادانی بکوژانی عوسمان دا.

ئەم مەسەلەیە لەگەڵ خۆمان هەڵ دەگرین و چاوەڕێی کۆبونەوەی هەردوو ناوبژیکارەکە –ئەبو موسا و عەمر– دەکەین تا ڕاستێتی مەسەلەکە بزانین.

دید و بۆچونی موعاویە و ئەوانەی لەگەڵی بون لە بەیعەت نەدانیان بە عەلی

وێنەکە لەبەر دەم هەردوو ناوبژیکارەکەدا بەم شێوەیە بوو: دەستەیەکی گەورەی موسڵمانان بەیعەتیان بە عەلی کوڕی ئەبوطالب دابوو وەك ئەمیرێ بۆ بڕواداران و گوێڕایەڵی بوون، دەستەیەکی تری موسڵمانان –موعاویە و خەڵکی شام– ئەم مەسەلەیان پەسەند نەدەکرد و ڕەتیان کردەوە، نەك وەك تانەدانێك لە شیاوێتی عەلی، یا بەربەرەکانی کردنی لەسەر خەلافەت، بەڵکو لەبەر ئەوەی لە دیدی ئەواندا –جێنشینیەتی‌یەکەی بەپێی بنەما ئیسلامیە دروستەکان نەبوەو، سەرجەم هاوەڵان بەیعەتیان پێی نەداوە.

پاشان تاوەکو ئێستاش نەیتوانیوە پیادەی یاسا و فەرمانەکانی خوا بکا و حەد بەسەر بکوژانی عوسماندا جێبەجێ بکا، پاشانیش بکوژانی عوسمان لەناو سوپاکەیدا هاوشانی دەجەنگێن، لە کاتێکدا ئەوان تاوانکار و یاخی و بکوژن، دوای ئەوە خەلافەتی عەلی بووەتە هۆی پەرتەوازەیی لە نێوان موسڵماناندا، ئەوەتانێ چەندان جەنگ لە نێوانیاندا هەڵگیرسا، جەنگی جەمەل (دە) هەزار کەسی تێدا کوژرا و بە زیادەی ئەوەندەی تری بریندار، جەنگی (صفین) حەفتا هەزاری تێدا کوژرا، بەزیادەی ئەوەندەی تر بریندار.

بۆچی عەلی لە خەلافەت دانابەزێ

ئایا گونجاوە لەگەڵ هەموو ئەمانەدا عەلی کوڕی ئەبوطالب بە خەلیفە و ئەمیرێتی بڕواداران بمێنێتەوە؟ لەگەڵ ئەوەی هەموو بڕواداران پێی ڕازی

نین؟ جا ئەگەر درێژە بە خەلافەت بدا ئەوە جەنگەکانی نێوان موسڵمانان بەردەوام دەبێ؟ یا واز لەو کارە بێنێ و کاروبارەکە بگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکانی؟ کە ئەوانیش ئەهلی حەل و عەقدن لە هاوەڵان، تا کەسێکی شیاو بۆ ئەمیرێتی بڕواداران دەست نیشان بکەن، کە سەرجەم موسڵمانان لەسەری یەك دەنگ دەبن!!

جا ناوبژیکارەکان لە (ئەزروح)دا لەمەیان کۆڵیەوە.

ئەبو موسای ئەشعەری و عەمری کوڕی عاص ڕێکەوتن لەسەر ئەوەی کاروباری خەلافەت بگێڕنەوە بۆ خاوەنەکانی، کە ئەهلی حەل و عەقدن لە هاوەڵان، ئەو هاوەڵانە دەگرێتەوە کە لە ژیاندان و پێش وەفاتی، پێغەمبەری خواﷺ لێیان ڕازی بووە.

وێنەی: عەلی کوڕی ئەبوطالب، سەعدی کوڕی ئەبی وەقاص، سەعیدی کوڕی زەید، عبداللەی کوڕی عومەر، ئەمانە لەو ڕاوێژەدابون کە عوسمانی تێدا دەست نیشان کرا- هەردوو ناوبژیکارەکە لە (ئەزروح) ڕێکەوتن کە ئەو گەورە هاوەڵانە پێك بگەن و لە نێوان خۆیاندا کەسێك بۆ ئەمیرێتی بڕواداران دەست نیشان کەن و، بەڕەزامەندی خۆیان بەیعەتی پێ بدەن، پاشان موسڵمانانی هەموو شار و وڵاتان بەیعەتی پێ بدەن.

ڕێکەوتنیان لەسەر ئەمە، مانای وازهێنانی ئێستای (عەلی)یە لە خەلافەت، چونکە سەرجەم موسڵمانان بە جێنشینیەتی ئەو ڕازی نین، جا گەر لەلایەن ئەهلی حەل و عەقدەوە هەڵبژێررا ئەوا باشتریش، ئەگینا ئەویش بەیعەت بەو کەسە دەدا کە بڕواداران ڕازین ئەمیریان بێت.

موعاویە نە لەکار لادرا و نە جێگیریشیان کرد

بەڵام موعاویە نە لە کارەکە لادرا، نە جێگیریشیان کرد، ئەبو موسا لە کاری نەخست تا عەمر دایبنێتەوە، چونکە موعاویە لە کاتی تەحکیمەکەدا ئەمیری بڕواداران نەبووە، ئەمەش داوانەکراوە و لەسەر ئەوەش بەیعەتی پێ نەدراوە.

موعاویە تەنها لە دوای شەهید کردنی عەلی، پاش وازهێنانی حەسەنی

کوڕی لە خەلافەت لەساڵی کۆمەڵ(الجماعة)دا وەك ئەمیری بڕواداران بەیعەتی پێدراوە.

وەستاندنی جەنگ تا کاتی هەڵبژاردنی خەلیفە

هەردوو ناوبژیکارەکە ڕێکەوتن لەسەر ئەوە تا ئەو کاتەی ئەهلی حەل و عەقد لە گەورە هاوەڵان کۆ دەبنەوە بۆ دەستنیشان کردنی ئەمیری بڕواداران، عەلی سەروکاری ئەو وڵاتانە دەکات کە لە ژێر دەستی دان، کە عێراق و حیجاز و یەمەنە، موعاویەش سەروکاری ئەو وڵاتانە دەکات لە ژێر دەستی دان، کە شام و میصر و ئەفریقیایە، ڕێکەوتنیش لە نێوانیاندا دەبێ بەرپا بێ.

ئیبن عاص ڕووداوەکانی نێوان خۆی و ئەبی موسا دەگێڕێتەوە

عەمری کوڕی عاصﷺ هەندێ لە ڕووداوەکانی نێوان خۆی و ئەبو موسا لە کاتی (تەحکیم)ەکەدا دەگێڕێتەوە.

(حەضینی کوڕی منذر) -کە لە پیاوەکانی عەلی بوو- هاتە لای عەمر و پرسیاری لێ کرد: سەبارەت بەو کارەی کە بە تۆ و ئەبو موسا سپێردراوە، چیتان تێدا کردوە؟ هەواڵم بدەرێ. عەمر وتی: خەڵکی زۆریان لەسەری وت، بەخوا کارەکە بەو شێوەیە نەبوو کە خەڵکی دەیانوت.

بەڵام من بە ئەبو موسام وت: ڕات لەم کاروباری خەلافەتەدا چۆنە؟

ئەبو موسا وتی: من وای دەبینم لەناو ئەو کەسانەدا بێ کە پێغەمبەری خواﷺ تا وەفاتی کرد لێیان ڕازی بووە، تا لە نێوان خۆیاندا کەسێك بە ئەمیر هەڵبژێرن.

پێیم وت: ئەی من و موعاویە لە کوێ دادەنێی؟ ئەبو موسا وتی: ئەگەر ئەمیری بڕواداران پشتتان پێ ببەستێ ئەوا ئێوە هاوکاریتان لێ دەوەشێتەوە، خۆ ئەگەر بێنیاز بێ لێتان، ئەوا ئێوە بڕیار و فەرمانی خوایی بێ نیازی کردوون!!

ئەبو موسا هەندێ لەوتەکانی (ئیبن عاص)مان بۆ دەگێڕێتەوە

ئەبو موسا سەبارەت بە وەرعی عەمر لێپرسینەوەی نەفسی خۆی و وەبیرهێنانەوەی ڕێژین(سیرة)ی ئەبوبەکر و عومەر و ترسانی لە داهێنانی شتی ناشایستە لە دوای ئەوانمان بۆ دەگێڕێتەوە.

ئەبو موسا وتویەتی: عەمری کوڕی عاص پێی وتم: بەخوا ئەگەر

ئەبوبەکر و عومەر ئەم ماڵ و سامانەیان بەجێ هێشت لە کاتێکا بۆیان ڕەوا و دروست بوو بەکاری بێنن، ئەوا زەرەمەند و هەڵە بون و، ڕایەکەیان کەم و کورت بوە لە ڕایەکانیاندا.

بەخوا زەرەرمەند و هەڵەکار نەبون و لە راوبۆچونیاندا کەم و کورت نەبون.

بەخوا هەرچی خەیاڵ و بێهێزی و لاوازیەك کە توشمان هاتبێ بەهۆی خۆمانەوە بووە.[1]

بەڵام ئەو هەنگاوە جێبەجێکاریە کرداریەی هەر دوو ناوبژیکارەکە لەسەری ڕێکەوتن کە ئەنجامی بدەن تەواو نەکرا.

ئەو سەرەنجامەی هەردوکیان پێی گەیشتن هەردوو لای ڕازی نەکرد، گەورە هاوەڵانیش بۆ دەستنیشان کردنی ئەمیری بڕواداران کۆنەبونەوە، کارەکەی نێوان عەلی و موعاویەش بەشێوەی خۆی مایەوە.

عەلی سەروکاری ئەو وڵاتانەی دەکرد کە لەگەڵیدا بون، خەڵکەکەشی وەك ئەمیرێکی بڕواداران بەیعەتیان پێی دەدا، موعاویەش سەروکاری ئەو وڵاتانەی دەکرد کە لە گەڵیدا بون، بەو پێیەی والیە نەك ئەمیری بڕواداران، لە نێوانیانیش دا تا ماوەیەك ڕێکەوتن هەبوو.

بەم شێوەیە کاروباری داوەریکردن(تحکیم) کۆتایی پێهات و گرفتەکەش چارەسەر نەکرا[2]. کاتێك کاروباری (تحکیم) بەبێ ڕێکەوتن کۆتایی پێهات، شام هێمن و ئارام بوو، کە سەر بە موعاویە بو، بەڵام عەلی لەلای خۆیەوە گرفتی خەواریجەکانی لەسەر گەورە بوو.

خەواریج بە سەرکردایەتی (ڕاسبی)

خەواریجەکان بەرە و، نەهرەوان دەرچوون، لە وێش سوپایەکی

١ـ (العواصم من القواصم)ی إبن العربي ١٧٨-١٨٠.

٢ ـ سەیری ئاراستە و بۆچونی هەر یەکە لە ابن العرب و محی الدین الخطیب بکە سەبارەت بەوەی لە نێوان ئەبو موسا و عەمر لە تەحکیم دا ڕوویدا لە (العواصم و القواصم) ١٧٢-١٨٠ لەگەڵ پەراوێزی لاپەڕەکاندا.

چەکداریان پێك هێنا، یەکەم کەسێکیان کرد بە ئەمیری خۆیان عبداللەی کوڕی وەهەبی ڕاسبیی بوو.

لەو ناوچەیەدا دەستیان کرد بە خراپەکاری، خوێنی موسڵمانانیان ڕشت، ڕێیان لێ دەگرتن و خوێن و سامانیان حەڵاڵ دەکردن.

خەواریج عبداللە ی کوڕی خەباب و ژنەکەی دەکوژن

یەکەم تاوانێکی کوشتن کە لە دەستیان ڕوویدا، ئەوە بوو یەکێك لە هاوەڵانی پێغەمبەرﷺ بەلایاندا تێپەڕی کە ئەویش ((عبداللەی کوڕی خەبابی کوڕی ئەرەت)) بووﷺ ئافرەتەکەشی لەگەڵ دا بوو کە دووگیان بوو.

پێیانوت: تۆ کێی؟

وتی: عبداللەی کوڕی خەباب، هاوڕێی پێغەمبەرﷺ.

وتیان: فەرموودەیەکمان پێ بڵێ لە باوکتەوە بیستبێتت.

وتی: گوێبیستی خەبابی کوڕی ئەرەت بووم دەیگوت: پێغەمبەری خواﷺفەرموویەتی: ((لەمەولا فیتنە و ئاژاوە ڕوو دەدا، ئەوەی لێ ی دانیشتووە باشترە لەوەی بە پێوەیە، ئەوەشی بە پێوەیە باشترە لەوەی تیایدا دەڕوا، ئەوەشی ئاسایی دەڕوا باشترە لەوەی بەپەلەیە تیایدا)).

دایان لەبەر، پاشان سەریان بڕی، دوای ئەوە ژنەکەشیان سەر بڕی و سکیشیان هەڵ دڕی[1].

گفتوگۆی عەلی لەگەڵ خەواریج پێش جەنگانیان

عەلیﷺ بۆ شەڕی خەواریج لە نەهرەواندا دەرچوو، کاتێك پێیان گەیشت قسەیەکی دوور و درێژ لە نێوانیاندا ئەنجام درا، هەر وەك هەر یەکە لە (ئەبو ئەیوبی ئەنصاری) و (قەیسی کوڕی سەعدی کوڕی عوبادە) قسەی لەگەڵ کردن، بەڵام هەر نەگەڕانەوەو گوێڕایەڵ نەبون.

جەنگی نەهرەوان و کوژرانی سەرکردەی خەواریجەکان

پاش ئەوە (ئەبو ئەیوبی ئەنصاری)ﷺ ئاڵای دڵنیایی و پاراستنی بەرزکردەوە.

بانگکەرێك لە لایەن عەلیەوە بانگی کرد:

هەر کەسێ بێتە ژێر ئەم ئاڵایە ئەوە پارێزراوە، هەر کەسێکیش بچێت

١ـ البداية و النهاية ٧:٢٨٨.

بۆ کوفە و مەدائن هەر پارێزراوە، ئێمە پێویستیمان بە جەنگ و کوشتاری ئێوە نیە، بەڵام ئەوانەمان دەوێ کە براکانمانیان کوشتووە.

جا زۆرینەیان ڕۆیشتن و، نزیکەی هەزار کەسیان لەگەڵ (راسبی) ئەمیریان مانەوە، جەنگی (نەهرەوان)یش لەنێوان عەلی و ئەواندا روویدا، کە یەکەم جەنگ بوو لەدژی خەواریجەکان و، بە کوژرانی زۆرینەی سەرکردەکانیان کۆتایی پێهات.

عەلی (ذو الثدیە المخدج) دەکوژێ

لەم جەنگەدا (عبداللەی کوری وەهبی ڕاسبی)ی ئەمیریان کوژرا، هەروەها هەر یەکە لە (حورقوصی زوهەیری سەعدی) و (شورەیحی کوڕی ئەوفا)ش کوژران، کە دوو سەبەئی بون بەشداریان لە کوشتنی عوسمان کردبو.[1]

لە نێوان کوژراوەکانی خەواریج لەم جەنگەدا (ذوالثدیة) یا (مُخَدَّج) هەبوو.

فەرمودەی یەکەم دەربارەی جەنگ کردنی عەلی لەدژی خەواریج

ئیمام موسلیم لە (صحیحه)ەکەیدا لە زەیدی کوڕی وەهبی جوهەنی یەوە دەگێڕێتەوە-کە لەو سوپایەی عەلیدا بوو کە بۆ جەنگی خەواریج دەرچوو بون- کە گوتویەتی: عەلی کوڕی ئەبوطالب‌ﷺ گوتویەتی: لە پێغەمبەری خوامﷺ بیستووە دەیفەرموو:

((یَخرُجُ قَومُ مِن أُمّتي، یَقرَؤونَ القُرآن، لیس قِراءَتُکُم إلی قِراءَتِهِم بِشَيء، وَلا صَلاتُکُم إلی صَلاتِهِمْ بِشَيء، وَلا صِیامُکُم إلی صِیامِهِم بِشَيء، یَقرَؤونَ القُرآنَ وَیَحسَبُونَ أَنَّهُ لَهُم، وَهُوَ عَلَیْهِم: کۆمەڵێك لە ئوممەتەکەم پەیدا دەبێ، قورئان دەخوێنن، قورئان خوێندنی ئێوە لە چاو ئەواندا هیچ نیە، نوێژ کردنتان لەچاو نوێژ کردنیان هیچ نیە، ڕۆژو گرتنتان لە چاو ڕۆژو گرتنیاندا هیچ نیە، قورئان دەخوێنن وا دەزانن قورئان لە سودی ئەوانە، بەڵام لەڕاستیدا قورئان لە دژی ئەوانە)).

پاشان عەلی‌ﷺ وتی: ئەگەر ئەم سوپایە بەو کەسانەیان بزانیبایە کە

١ـ البداية و النهاية ٧ :٢٨٨-٢٨٩ .

توشیان دێن، چەندە پاداشتیان بۆ دەنوسرێ کە لەسەر زمانی پێغەمبەرەکەیانەوەﷺ هاتوە، ئەوا ئیتر کاروکردەوەی تریان نەدەکرد، نیشانەی ئەمەش ئەوەیە پیاوێکیان تێدایە دەستی باسکی نیە، لەسەری قۆڵیدا شتێکی وێنەی سەر گۆی مەمك هەیە، کە چەند موویەکی سپی پێوەیە!

زەیدی کوڕی وەهەب گوتویەتی: کاتێك جەنگەکە بە تێکشکانی ئەوان کۆتایی پێهات عەلیﷺ وتی: لە نێوانیاندا بۆ (مخدج)* بگەڕێن!

بە دوایدا گەڕان، بەڵام نەیاندۆزیەوە!

عەلیﷺ خۆی هەستا، چووە لای هەندێ لە کوژراویان، کە بەسەریەکدا کەوتبون، لێرەدا پێیوتن:

لەسەر یەك لایان بەن، ئەوانیش لەسەر یەك لایان بردن، بینیان (مخدج) بە کوژراوی لەسەر زەویەکە کەوتووە، کاتێك عەلی بە کوژراوی بینیی، گوتی: الله اکبر، پاشان وتی: خوا ڕاستی فەرمووە و پێغەمبەرەکەشی گەیاندویەتی.

عوبەیدەی سەلمانی هەستایە پێ و وتی: ئەی ئەمیری بڕواداران: تو ئەو خوایەی کە جگە لەو هیچ پەرستراوێکی دی نیە، تۆ ئەمەت لە پێغەمبەری خواﷺ بیستووە.؟

عەلی وتی: بەو خوایەی کە جگە لەو هیچ پەرستراوێکی دی نیە، لەپێغەمبەری خواﷺ گوێبیستی ئەمە بووم.[1]

فەرمودەی دووەم

موسلیم لە عبیداللەی کوڕی ئەبی ڕافعەوە دەگێڕێتەوە کەوتویەتی: کاتێك لەگەڵ عەلیدا بۆ جەنگی حەروریەکان-خەواریج- دەرچووم، وتیان: حوکم تەنها بۆ خوایە.

عەلیﷺ گوتی: ئەمە وتەیەکی ڕەوایە بەڵام مەبەستیان پێی ناڕەوایە، پێغەمبەری خواﷺ وەسفی خەڵکێکی کردووە، لە ڕاستیدا من

* (مخدج) بە مانای کەسێك دێ کە کەم و کورت و نا تەواوبێ- (وەرگێڕ).

١ـ البداية و النهاية ٧: ٢٩١.

سـیفەتەکانیان لەمانـەدا دەبیـنم، هـەق و ڕەوا دەڵـێن، بـەڵام لەمـەیان تێناپەڕێ-ئاماژەی بۆ قوڕگی کرد- لەلای خوا خراپترین دروستکراون، کەسێکی ڕەشیان تێدایە یەکێ لە دەستەکانی وەك گوانی مەڕ یا وەك گۆی مەمك وایە.

کاتێ عەلی کوشتاریانی کرد، وتی: بۆ ئەو پیاوە ڕەشە بگەڕێن.

سەیریان کرد بەڵام نەیانبینی.

عەلی‌ﷺ وتی: بگەڕێنەوە سەیر کەن، هەر دەبێ بیدۆزنەوە، بەخوا نە درۆم کردووە و نە درۆشم لەگەڵ کراوە.!!

گەڕانەوە و ڕوانیان، بینیان لە شوێنێکی ڕوخاودایە، بردیان بۆ لای عەلی، ئەویش وتی: الله اکبر!

بوخاری و موسلیم لـە (سـوەیدی کـوڕی غەفلـەوە) دەگێڕنـەوە کـەفەرمودەی سێ یەم وتویـەتی: عـەلی کـوڕی ئـەبوطالـب‌ﷺ وتویـەتی: ئەگـەر لـە پێغەمبـەری خـواوەﷺ فەرموودەیـەکم بـاس کـرد، گـەر لـە ئاسمانـەوە هەڵـدێرێم پـێم خۆشترە لەوەی درۆ بە دەمیەوە بکەم، ئەگەر لە نێوان خۆم و ئێوەدا قسەم کرد ئەوا جەنگ فرۆفێڵە.

گوێبیستی پێغەمبەری خوا بووم‌ﷺ دەیفەرموو: ((يَخْرُجُ قَوْمٌ مِنْ أُمَّتي، في آخِرِ الزَّمانِ، أحْداثُ الأسْنانِ، سُفَهاءُ الأحْلامِ، يَقُولُونَ مِن قَوْلِ خَيرِ البَرِيَّة، يَقْرَؤونَ القُرآنَ لا يُجاوِزُ حَناجِرَهُم، يَمْرُقُونَ مِنَ الدِّين كَما يَمرقُ السَهمُ من الرَّمية. فإذا لَقيتُمُوهُم فاقتُلُوهُم، فإنَّ في قَتْلِهِم أجراً لِمَنْ قاتَلَهُم عِنْدَالله يَومَ القِيامَة: کۆمـەڵێك خـەڵك لـە ئـاخری زەمانـدا لـە ئوممەتەکـەم پەیـدا دەبـن، تـازە پێگەیشـتوون، نـەفام و ناتێگەیشـتوون، فـەرموودەی چـاکترین خـەڵك کـە پێغەمبەری خوایەﷺ دەڵێن، قورئان دەخوێنن بەڵام لە قوڕگیـان تێناپـەڕێ، لـە دیـن دەردەچـن هـەر وەك چـۆن تـیر لـە نێچیر دەردەچـێ. ئەگـەر پێیـان گەیشـتن بیـانکوژن، بـە کوشـتنیان لـە ڕۆژی دواییـدا خـودا پاداشـتی

بکوژانیان دەداتەوە[1]..

جابری کوڕی عبداللە ڕەخنەی پیاوە تەمیمیەکە لە پێغەمبەر دەگێڕێتەوە

موسلیم لە جابری کوڕی عبداللەوەﷺ دەگێڕێتەوە لە جەعرانە لەگەڵ پێغەمبەری خوادا بووم، کە زیوی لە ناو جلەکەی بیلال دا بەسەر خەڵکیدا دابەش دەکرد.

پیاوێك وتی: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ دادگەر بە! پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: هاوار بۆت، ئەگەر من دادگەر نەبم ئەبێ کێ دادگەر بێ؟ زیان لێ کەوتووم ئەگەر دادگەر نەبم.

عومەرﷺ وتی: ئەی پێغەمبەری خوا با ئەم دووڕووە بکوژم!

پێغەمبەری خواﷺ فەرمووی ((پەنا بە خوا لەوەی خەڵکی بڵێن من هاوەڵی خۆم دەکوژم، ئەمە و هاوەڵانی" قورئان دەخوێنن لە قوڕگیان تێناپەڕێ، لە دین دەردەچن هەروەك چۆن تیر لە نێچیر دەردەچێت))[2].

ئەبو سەعیدی خودری بەسەرهاتی خۆی دەگێڕێتەوە

بوخاری و موسلیم لە ئەبو سەعیدی خودرییەوە دەگێڕنەوەﷺ کە گوتویەتی:

لە کاتێکدا پێغەمبەری خواﷺ شتێکی دابەش دەکرد، لەو کاتەدا (ذوالخویصرة)ی تەمیمی هات بۆ لای وتی: ئەی پێغەمبەری خواﷺ دادگەر بە! پێغەمبەری خواﷺ فەرمووی: هاوار بۆت! کێ هەیە دادگەر بێ ئەگەر من دادگەر نەبم؟

عومەری کوڕی خەتابﷺ گوتی: ئەی پێغەمبەری خواﷺ : مۆڵەتم ئەدەی لە گەردنی بدەم؟

فەرمووی: وازی لێ بێنە: ئەمە هەندێ هاوەڵی هەیە هەر یەکێك لەئێوە نوێژکردنەکەی خۆی لەلا سوکە لە ئاست نوێژکردنەکەیاندا، ڕۆژوەکەی لەگەڵ ڕۆژویاندا، ئەوانە لە دین دەردەچن هەروەك چۆن تیر لە نێچیر دەردەچێ..

نیشانەکەیان پیاوێکی ڕەشە، یەکێك لە دەستەکانی وێنەی مەمکی

١ـ البداية و النهاية٧:٢٩١.

٢ـ البداية و النهاية ٧:٢٩٧.

ئافرەتە، یا وێنەی پارچە گۆشتێکە و ئەلەرێتەوە، لە وەختێکدا پەیدادەبن کە خەڵك پەرتەوازەن.

(عەلی)ش لە ڕۆژی نەهرەواندا کوشتی

ئەبو سەعیدی خودری گوتی: من شایەتی دەدەم ئەمەم لە پێغەمبەری خواﷺ بیست، هەم شایەتیش دەدەم کاتێ عەلی ئەوانەی کوشت من لەگەڵیدا بووم، ئەو پیاوەیان هێنا بەو وەسف و سیفەتە بوو کە پێغەمبەری خواﷺ وەسفی کردبوو[1].

هەروەها موسلیم لە ئەبو سەعیدی خودرییەوە دەگێڕێتەوە ﷺ کە گوتویەتی: پێغەمبەری خواﷺ فەرموویەتی: ((تَمرُقُ مارِقَة، عِنْدَ فُرقَةٍ مِنَ المُسلِمين، تَقْلُهُم أولَى الطائِفَتَين بالحَق: لە ڕێ دەرچوانێك لەڕێ دەردەچن، لە کاتێکدا موسڵمانان لە پەرتەوازەییدان، نزیکترین یەك لەو دوو دەستەیەی لە هەقەوە نزیکە شەڕیان لەگەڵ دەکەن))[2]

سەهلی کوڕی حەنیف جەنگی عەلی دژ بە خەواریجەکان دەگێڕێتەوە

بوخاری و موسلیم لە بوسری کوڕی عەمرەوە دەگێڕنەوە کە گوتویەتی: چوومە خزمەت سەهلی کوڕی حەنیف و، وتم: لە پێغەمبەری خواوەﷺ لە بارەی حەروری(خەواریج)ەوە چیت بیستووە پێمی بڵێ.

گوتی: ئەوەی لە پێغەمبەری خواوەﷺ بیستومە بۆتی باس دەکەم، هیچ شتێکی لێ زیاد ناکەم.

گوێم لە پێغەمبەری خوا بووﷺباسی خەڵکێکی دەکرد ئا لێرەوە پەیدادەبن-بەدەستی ئاماژەی بەرە و عێراق کرد- قورئان دەخوێنن لە قوڕگیان تێناپەڕێ، لە دین دەردەچن هەروەك تیر لە نێچیر دەردەچێ.

وتم: ئایا باسی هیچ نیشانەکیانی کرد؟

حەوت فەرمودە داوای کوشتاری خەواریج دەکا

سەهل وتی: من هەر ئەوەم بیست، زیاترت بۆ ناخەمە سەری[3].

ئەم حەوت فەرموودە صەحیحە و جگە لەمانەش[1] بە بەڵگەکانی

١ـ البداية و النهاية ٧: ٣٠٠-٣٠١.

٢ـ البداية و النهاية: ٧ :٢٧٩

٣ـ البداية و النهاية : ٧: ٣٠٢.

پێغەمبەرایەتی دادەنرێن، ئەوەتانێ پێغەمبەری خوا ﷺ هەواڵی دەرچوونی خەواریجمان پێ ڕادەگەیەنێ، کە لە قورئان تێناگەن و گوێڕایەڵی ئیمام ناکەن و موسڵمانان دەکوژن، بانگەشەی کوشتنیان دەکات، ستایشی بکوژانیان دەکا و بە نزیکترینیان دادەنێ لە هەقەوە.

عەلی ئەشتەری نەخەعی دەکاتە والی میصر

لە ساڵی سی و هەشت دا عەلی کوڕی ئەبوطالب‌ﷺ (ئەشتەری نەخەعی –مالکی کوڕی حارث–) دەکاتە والی میصر، ئەشتەر لەسەرکردەکانی کوفە بووە، بەو پێیە خۆی سەپاند بەسەر عەلی دا و بووە یەکێك لە گەورە سەرکردەکانی، ئەشتەر یەکێك بوو لەو سەبەئیانەی بەشداری کوشتنی عوسمانی کرد بوو.

ئەشتەر لە عێراقەوە بەرەو میصر کەوتە ڕێ، بەڵام خوا دامەزراوی نەکرد و دەست ڕۆیشتوی نەکرد و نەیهێشت خۆشی والیەتی میصر بچێژێ.

ئەشتەر پێش گەیشتنی بەژەهر دەمرێت

کاتێ گەیشتە (قەلزەم)ی دەوروبەری شام، یەکێك لە ئەهلی (ذمة)ی ئەوێ خواردنی پێشکەش کرد، پاشان هەنگوینی ژەهراوی دەرخوارد دا، ئەشتەر بەو ژەهرە مرد، موعاویە و عەمر بە مردنی ئەشتەر دڵخۆش بون کە بە هۆی هەنگوینە ژەهراوییەکەوە مرد، وتیان: خوا سەربازی لە هەنگوینیش هەیە.[٢]

عەلی‌ﷺ لە دوای مردنی ئەشتەر، (موحەممەدی کوڕی ئەبوبەکری صدیق)ی کردە والی میصر، ئەویش هەروەها یەکێك بوو لەوانەی هاوکاری گەمارۆدانی عوسمانی کردبوو.

ئیبن عاص موحەممەدی کوڕی ئەبوبەکر دەشکێنێ و میصر بۆ معاویە دەگێڕێتەوە

موعاویە‌ﷺ عەمری کوڕی عاصی ناردە میصر، تا جەنگی موحەممەدی کوڕی ئەبوبەکر بکات، بەو پێیەی لە بکوژانی عوسمانە.

---

١ ـ سەیری زۆر فەرموودەی تر بکە، بەچەند گێڕانەوەیەك کە ابن الكثير لە البداية و النهاية ٧: ٢٩٠–٣٠٧ هێناویێتی.

٢ـ البداية و النهاية ٧:٣١٣.

ڕوبەڕوبونەوە لە نێوان (عەمری کوڕی عاص) و (موحەممەدی کوڕی ئەبوبەکر) ڕوویدا، عەمر شانزە هەزار کەسی لەگەڵ بوو، موحەممەدی کوڕی ئەبوبەکر کە دەهەزار کەسی لەگەڵ بوو، لەم ڕوبەڕوبونەوەیەدا بکوژانی عوسمان ئەوانەی لەگەڵ (ئیبن ئەبو بەکر)دا بون لە میصر کوژران، جەنگەکەش بە تێك شکانی (ئیبن ئەبو بەکر) کۆتایی هات.

پاشان هاوەڵانی (ئیبن ئەبو بەکر) بڵاوەیان لێی کرد، هیچ کەسێکیان لەگەڵدا نەما، (موحەممەدی کوڕی ئەبوبەکر) بەسەرشۆڕی و دەرکراوی و تێکشکاوی و خەفەتبارییەوە دەرچوو، بەلای کەلاوەیەکدا تێپەڕی، پەنای پێ برد، برسی و تینوی بوو، بەڵام (موعاویەی کوڕی حەدیج)ی سەرکردەی پشتیوانانی عوسمان لە میصر پێی گەیشت و لەوێدا کوشتی.

بەم شێوەیە میصر لە ژێر دەسەڵاتی عەلی دەرچوو، کەوتە بەردەستی موعاویە، (عەمری کوڕی عاص)یش بووە والی میصر.[1]

لە ساڵی سی و نۆ دا، لەو لایانەی عێراقەوە، کە لەگەڵ شام دا هاوسنوور بون، چەند پێکدادانێك لە نێوان سوپای عەلی و موعاویەدا ڕوویدا.[2]

موعاویە حیجاز و یەمەنیش دەخاتە ژێر رکێفی خۆیەوە

لە سەرەتای ساڵی چلی کۆچیدا موعاویە (بوسری کوڕی ئەرطەئە)ی بە سوپاکەیەوە نارد، تا حیجاز و یەمەن بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە، بوسر چووە مەککە و مەدینەوە و پاشان چوو بۆ یەمەن، ئەم وڵاتانەش کەوتنە ژێر دەسەڵاتی موعاویەوە.[3]

وردەوردە کاروباری عەلی بەرەو کزی دەچوو، موعاویەش بەرەو بەهێزی، خەڵکی عێراق کە شوێنکەوتەی عەلی بون لێی یاخی دەبون و ئاژاوەیان پێ دەگێڕا، لەو لاشەوە خەڵکی شام گوێڕایەڵی موعاویە بون و،

١ـ البداية و النهاية ٧ : ٣١٣-٣١٥ .

٢ـ البداية و النهاية ٧: ٣٢٠-٣٢٢ .

٣ ـ البداية و النهاية ٧ : ٣٢٢-٣٢٣.

پابەند بون بە گوێڕایەڵ کردنیەوە. جا هەرچەندە خەڵکی شام هێزیان زیادی دەکرد، ئەوەندە خەڵکی عێراق لاواز دەبون و وازیان دەهێنا.

هەموو ئەمانە لە کاتێکدا بون، عەلی کوڕی ئەبوطالب ﵁ باشترینی خەڵکی ئەو سەردەمە بوو، لە هەموو موسڵمانان خواپەرست تر و زاهیدترینیان بوو، لەخواترس و شارەزاترینیان بوو، لەگەڵ سەرجەم ئەمانەدا شوێنکەوتەکانی بەجێیان هێشت و وازیان لێی هێنا، تا ژیانی لا ناخۆش بوو، بەهۆی زۆر بونی فیتنە و بە دەرکەوتنی بەڵاو نەهامەتیەکان و دەستەوەستانی و نەبونی سەربازی گوێڕایەڵ، ئاواتەخوازی مردن بوو.

عەلی بکوژەکەی بە لەسەرەخۆ و خاو و خلیچ دادەنێ

عەلی ﵁ زۆر جار دەیووت: چی ئەو خراپەکارەی بەند کردووە؟ چاوەڕوانی چی یە؟ بۆ نایەتە پێش و بمکوژێ؟!!

(ثەعلبەی کوڕی یەزید) گوتویەتی: عەلی﵁ گوتویەتی: سوێند بەوەی دان(حبة)ی لەت کردوە و گیانی دروست کردوە، ئەمە بەمە سوور دەبێ –ریشی بەسەری بەخوێن دەبێ–، ئەبێ ئەو خراپەکارە چی بەندی کردبێ؟

(عبداللەی کوڕی سەبع) گوتی: ئەی ئەمیری بڕواداران، سوێند بەخوا هەر پیاوێ ئەوەت پێ بکا خاو و خێزان و هۆزەکەشی لە ناو دەبەین.

عەلی ڕەتی ئەوە دەکاتەوە کە کەس بکا بە جێنشینی خۆی

عەلی﵁ گوتی: سوێندتان ئەدەم بەخوا جگە لە بکوژم کەسی تر نەکوژن!!

وتیان: ئەی ئەمیری بڕواداران! لە دوای خۆت کەس ناکەی بەجێنشین؟

گوتی: نەء، بەڵکو بەو شێوەیەی پێغەمبەری خوا ﷺ بەجێی هێشتن ئاوا بەجێتان دێڵم.

وتیان: ئەی کاتێ کە دەگەی بە خزمەت پەروەردگارت، چی پێ دەڵێی؟

گوتی: ئەڵێم: پەروەردگارم! ئەوەندەی دات ئابوو منت کردە جێنشینیان، پاشان گیانمت کێشا، من تۆم تیا بەجێ هێشتوون، ئەگەر ویستت ئیصلاحیان دەکەی، ئەگەر بشتەوێ خراپیان دەکەی!!

عەلی دەزانێ کە دەکوژرێ

زەیدی کوڕی وەهەب گوتویەتی:

خەواریج دەهاتن بۆ لای عەلی و پێیان دەووت: لە خوا بترسە تۆ هەر دەمری!

عەلی ﷺ گوتی: نەء بەو کەسەی دانە(حبَّـة)ی قڵیشاندووە و گیانی دروست کردووە، * من دەکوژرێم، لە لێدانێك کە بەر ئێرە دەکەوێ و ئێرە سوور دەکا -بەدەستی ئاماژەی بۆ ڕیشی کرد- ئەمە پەیمانێکە کراوە و بڕیارێکە دراوە، ئەوەی دەم هەڵبەست بکا زیان لێکەوتووە.[١]

عەلی لە واز هێنان و پشت هەڵکردنی خەڵکەکە خەمبارە

عەلی ﷺ لە ڕۆژانی کۆتایی تەمەنیدا لە قەومەکەی خەمبار و دڵ بە ئازار بوو، بەهۆی پشت کردنی شوێنکەوتە و هاوەڵانی لە سەرخستنی و هاوکاری کردنیدا دڵشکاو بوو، هیواخوازی مردن بوو تا لە دەستیان ڕزگاری بێ!

زوهەیری کوڕی ئەرقەم هەندێ لەو وتانەی (عەلی)مان ﷺ بۆ دەگێڕێتەوە، کە پێش چەند ڕۆژ لە شەهید کردنی لە وتارێکدا گوتویەتی.

لە کۆتایی وتارەکەیدا هێرش دەکاتە سەریان

زوهەیری کوڕی ئەرقەم گوتویەتی: عەلی لە ڕۆژی هەینیدا وتاری بۆ داین، گوتی: پێیان ڕاگەیاندم کە (بوسرەی کوڕی ئەبی ئەرطەئە) ڕووەو یەمەن بەڕێکەوتوە تا دەستی بەسەردا بگرێ، بەخوا وا دەزانم ئەو قەومە -قەومی موعاویە- بەسەرتان دەکەون!!

ئەوان بۆیە بەسەرتانا سەر دەکەون، چونکە ئێوە لە پێشەواکەتان یاخی دەبن و ئەوان گوێڕایەڵی پێشەوای خۆیان دەکەن، ئێوە ناپاکن و ئەوان دەست پاکن، لەبەر ئەوەی ئێوە لە زەمینەی خۆتاندا خراپەکاری دەکەن، بەڵام ئەوان چاکسازی و ئیصلاح دەکەن!!

فڵان کەسم نارد، ناپاکی و ستەمی کرد، فڵانی ترم نارد ناپاکی و ستەمی کرد و، ماڵ و سامانەکەی نارد بۆ معاویە! ئەگەر کەسێکتان بکەمە ئەمینداری دۆلکەیەك، ئەوا دەسکەکەی دەبەن.

ئاواتەخوازی مردنە

پەروەردگارم لێیان وەڕس بووم و لێم وەڕس بون، حەزیان پێناکەم و

* ئەمە وەرگێڕانێکی کورت ترە لەوەی پێشوو -مامۆستا مەلا رشید بەگی بابان- وەرگێڕانێکی تەفسیری بۆی کردووە -وەرگێڕ-.

١ـ البداية و النهاية ٧: ٣٢٤ .

حەزم پێناکەن، خوایە منیان لە کۆڵ کەرەوە و ڕزگارم کە لێیان!!!

زوهەیر گوتی: هێشتا هەیزەی داهاتوو نەگەڕایەوە عەلی رضي الله عنه کوژرا.[1]

ئەم وتە سەیرانەی عەلی رضي الله عنه لە ڕۆژانی دوایی تەمەنیدا ڕادەی بێهیوایی و ماندووبونی (عەلی)مان بە دەست شوێنکەوتووەکانیەوە بۆ وێنا دەکات، بەڕادەیەك چارەسەر تەنها لە ئاواتی مردن خواستندا دەبینێتەوە!!

پیلانی خەواریج بۆ سێ هاوەڵەکە

کۆمەڵێك لە خەواریجەکان ڕێکەوتن لەسەر کوشتنی هەرسێ هاوەڵ" عەلی و موعاویە و عەمری کوڕی عاص رضي الله عنهم.

چونکە وایان دەبینی ئەم سێ هاوەڵە کافرن، پێشەوای کافران و سەرکردەی فیتنە و هۆکاری ئەو بەڵایانەن کە بەسەر موسڵمانانەدا هاتووە، لەبەر ئەوە دەبێت بکوژرێن تا خەڵکی لێیان قوتار بێ و بحەسێنەوە.

لە ساڵی چل دا، سێ کەس لە خەواریجەکان کۆبونەوە، کە بریتی بون لە: (عبدالرحمنی کوڕی عەمر)ی ناسراو بە (ئیبن مەلجەمی موورادی حومەیری کینەدیی میصری) و، (بەرکی کوڕی عبداللەی تەمیمی) و (عەمری کوڕی بەکری تەمیمی).

ئەم سێ بەخت ڕەشە برا کوژراوە، خەواریجەکانی خۆیانیان هێنایەوە یاد، کە (عەلی کوڕی ئەبوطالب) رضي الله عنه لە جەنگی نەهرەواندا -کە پێشتر ئاماژەمان پێی کرد- کوشتبونی و، داوای ڕەحمەتیان بۆیان کرد.

پاشان وتیان: لەپاش ئەوان ژیانمان بۆ چییە؟ بەڕاستی ئەوان لە پێناوی خوادا لە لۆمەی لۆمەکاران نەدەترسان، ئای ئەگەر خۆمان بەخوا بفرۆشتایە، بچوینایەتە سەر هەرسێ پێشەوای گومڕایی-عەلی و موعاویە و ئیبن عاص- و بمانکوشتنایە، وڵاتمان لە دەستیان قوتار بکردایە و تۆڵەی براکانمان لێ بسەندنایەتەوە!!

ئیبن مەلجەم وتی: (عەلی کوڕی ئەبوطالب) بۆ من جێبێڵن.

(بەرکی تەمیمی) وتی: (موعاویە)ش لە شام دا بۆمن بەجێ بێڵن.

(عەمری کوڕی بەکر) وتی: (عەمری کوڕی عاص)یش لە میصردا بۆ

---

١ ـ البداية و النهاية ٧: ٣٢٦ .

خۆم.

هەرسێ بەدبەختەکە پەیمانیان داو لە نێوان خۆیاندا بەڵێنیان بەیەك دا، ڕێکەوتن لەسەر ئەوەی هیچ کەسیان لەوەی بۆی دانراوە پاشگەز نەبێتەوە، تا دەیکوژێ یا لەو پێناوەدا دەمرێ، جا شمشێرەکانیان هەڵگرت و ژەهراوییان کرد.

جێبەجێ کردنی پیلانەکە لە حەڤدەی ڕەمەزان دا بێ

ڕێکەوتن لەسەر ئەوەی کاتی جێبەجێ کردنی تاوانەکە نوێژی بەیانی حەڤدەی ڕەمەزان بێ، بە شێوەیەك هەریەکەیان لەو بەیانیەدا بەرەو ڕووی ئەو کەسەی بڕیارە بیکوژێ بڕوا و لە نوێژی بەیانی ئەو ڕۆژەدا بیکوژێ.[١]

بەرکی تەمیمی موعاویە بریندار دەکا و دەکوژرێ

(بەرکی کوڕی عبداللهی تەمیمی) چوو بۆ دیمەشق تا تاوانەکەی جێبەجێ بکا.

لە بەیانی ڕۆژی هەینی ی حەڤدەی ڕەمەزان دا (موعاویە)ﷺ دەرچوو بۆ نوێژی بەیانی لە مزگەوت دا، بەرك بە شمشێرە ژەهراوییەکەیەوە هەڵی کوتایە سەری و لێی دا و لێدانەکەی بەر سەروی ڕانی کەوت و شلکەی سەرەوەی بریندار کرد، بەڵام موعاویە نەمرد.

(بەرەك)یان گرت، موعاویەﷺ فەرمانی دا بە کوشتنی، پێش ئەوەی بیکوژن بە موعاویەی وت: من موژدەیەکت پێدەدەم.

موعاویە وتی: ئەو مژدەیە چی یە؟

(بەرك) وتی: براکەم لەم ڕۆژەدا (عەلی کوڕی ئەبوطالب)ی کوشتووە!

پاشان فەرمانی دا (بەرك) بکوژن.

عەمری کوڕی بەکر بەڕێوەبەری پۆلیسی ئیبن عاص دەکوژێ و دەکوژرێ

پزیشك هات و چارەسەری موعاویەی کرد، دەرمانێکی پێدا ژەهرەکەی لێ لابرد و چارەسەری کرد.

بەڵام (عەمری کوڕی بەکری تەمیمی) ڕووی کردە میصر تا بە شمشێرە ژەهراویەکەی، (عەمری کوڕی عاص) بکوژێ.

١ـ البداية و النهاية٧ : ٣٢٦-٣٢٧ .

لە بەیانی ڕۆژی هەینیی حەڤدەی ڕەمەزاندا (عەمری کوڕی عاص) نەخۆش کەوتبوو، بۆی نەگونجا دەرچێ و نوێژی بەیانی بە خەڵك بکا، بەڕێوەبەری پۆلیسی (خاریجەی کوڕی ئەبو حەبیبەی عامری) نارد تا لەجێی خۆی پێش نوێژی خەڵك بکا.

خاریجە بۆ پێش نوێژی پێش کەوت، (عەمری کوڕی بەکر) بە شمشێرە ژەهراوییەکەی هێرشی کردە سەری، ئەو وای گومان برد (عەمری کوڕی عاص)ە و، کوشتی.

کاتێ (عەمری کوڕی بەکر)یان گرت، پێیان وت: عەمری کوڕی عاص نەکوژرا، بەڵکو (خاریجەی عامری)ت کوشت.

داخ و خەفەتەکەی زیاتر بوو، وتی: من (عەمر)م ویست بەڵام خوا (خارجە)ی ویست!!

پاشان عەمری کوڕی عاص فەرمانیدا، کوشتیان.[1]

بەم شێوەیە خوا موعاویە و (عەمری کوڕی عاص)یﷺ لەم پیلانە دەرباز کرد.

قەدەری خوا وابوو کە (عبدالرحمنی کوڕی مەلجەم)لە کوشتنی (عەلی کوڕی ئەبوطالب)داﷺ سەرکەوتوو بێ[2]!

ئیبن مەلجەم لە نێو خەواریجەکانی کوفەدا

(عبدالرحمنی کوڕی مەلجەم) هات و چووە کوفەوە، ئەم نیازەی لە خەواریجەکانی کوفە شاردەوە، تا کارەکەی ئاشکرا نەبێ و پیلانەکەی پوچەڵ نەبێتەوە.

(عبدالرحمنی کوڕی مەلجەم) ئاشنایەتی لەگەڵ ئافرەتێکی خاریجی جوان دا پەیدا کردبوو، کە بە (قەطامی کچی شەجنە) ناو دەبرا، زۆر ڕق و قینی لە عەلی بوو، چونکە باوك و برا (خارجی)یەکەی لە ڕۆژی نەهرەواندا کوژرا بوو.

ئیبن مەلجەم ئالودەی جوانی (قطام) بوو، خوازبێنی کردبوو تا مارەی بکات، مەرجی مارەییەکەی سێ هەزار درهەم و خزمەتکارێك و کوشتنی

---

١ ـ البداية و النهاية ٧: ٣٣٠ .

عەلی کوڕی ئەبوطالب بوو!!!

حەزی ئیبن مەلجەم لەگەڵ حەزی قەطام کۆبوویەوە، ڕق و کینی دڵەکانیان لەسەر کوشتنی عەلی یەکی گرت.

ئیبن مەلجەم پێی وت: بەخوا هاتنم بۆ کوفە تەنها لەبەر کوشتنی عەلییە!

(قەطام) هانی ئیبن مەلجەمی مێردی دا کە بچێ بۆ لای پیاوێك لە خزمانی، بەناوی (وردان) تا لە کوشتنی عەلی بەشداری بکا.

ئیبن مەلجەم توانی قەناعەت بە پیاوێکی خەواریج بکا و بەلای خۆیدا ڕایکێشێ، بەناوی (شەبیبی کوڕی نەجدەی ئەشجەعی)، دوای مشتومڕێکی درێژ قەناعەتی پێی کرد کە بەشداری کوشتنی عەلی بکا.

هەرسێ پیلانگێڕەکە لە مزگەوتی کوفەدا

هەرسێ بەدبەخت: ئیبن (مەلجەم) و (وردان) و (شەبیب)، لەسەر کوشتنی عەلی لە بەیانی ڕۆژی هەینی حەڤدەی ڕەمەزانی ساڵی چلی کۆچی، ڕێك کەوتن.

ئیبن مەلجەم شمشێرەکەی ژەهراوی کرد، هەرسێکیان لە شەوی هەینیدا لە بەرامبەر ئەو بەربەست(سد)ەی عەلی لێوەی دەچوو بۆ نوێژ خۆیان مەڵاس دا.

کەمێك پێش هاتنی بەیانی، لەو ڕۆژە عەلی‌ﷺ لەماڵەکەی دەرچوو بۆ مزگەوت،-لەو کاتەی دەچوو بۆ مزگەوت، هەر بەڕێوە- خەڵکی بۆ نوێژ کردن لەخەو هەڵدەستاند و، دەیگوت: نوێژەکانتان، نوێژەکانتان!

کاتێك عەلی‌ﷺ گەیشتە دەرگای مزگەوتەکە، هەرسێ بەدبەختەکە بە شمشێرەکانیان هێرشیان کردە سەری، شەبیب شمشێرەکەی بۆ داوەشان، بەڵام نەیپێکا و شمشێرەکەی کەوتە سەر تاقی دەرگاکەوە.

ئیبن مەلجەم لە بەیانی هەینی ی ١٧ی ڕەمەزان عەلی دەپێکێ

ئیبن مەلجەم بە شمشێرەکەی لێیدا و پێکای، شمشێرە ژەهراویەکەی بەر لا سەری عەلی‌ﷺ کەوت، خوێن لەسەریەوە بەسەر ڕیشی دا چۆڕا.

هەروەك خۆی ئاماژەی دەکرد و بە خەڵکی دەوت، کە ڕیشی بە خوێنی

سەری سوور دەبیٚ.

كاتێك ئیبن مەلجەم بە شمشێرەكەی دای لە عەلی، هاواری كرد و وتی: عەلی! حوكم تەنها هەر بۆ خوایە، نە بۆ تۆیە و نە بۆ هاوەڵەكانت.

پاشان دەستی بە خوێندنی ئەم ئایەتە كرد:

﴿وَمِنَ النَّاسِ مَنْ يَشْرِي نَفْسَهُ ابْتِغَاءَ مَرْضَاةِ اللَّهِ وَاللَّهُ رَءُوفٌ بِالْعِبَادِ: هی واش لەناو مەردم هەیە بۆ ڕەزای خوا گیان دەبەخشن، خودا دەگەڵ عەبدانی خۆی دلۆڤانە.﴾البقرة/٢٠٧.

عەلی كە خوێن لەسەری دەچۆڕا، گوتی: فریاكەون بیگرن.

خەڵكی، (عبدالرحمنی كوڕی مەلجەم)یان گرت، پیاوێكی حەزرەمەوتیش هەستا (وەردان)ی كوشت، بەڵام پیلان گێڕی سێیەم كە (شەبیب) بوو هەڵهات و خۆی ڕزگار كرد، كەسیش نەیناسیەوە.

عەلیرضي الله عنه (جەعدەی كوڕی هبیرە)ی پێش خست و نوێژی بەیانی پێ كردن.

گفتوگۆی عەلی لەگەڵ ئیبن مەلجەم پاش پێكرانی

(عەلی)یانرضي الله عنه هەڵگرت و بردیانەوە بۆ ماڵی خۆی، پاشان (عبدالرحمنی كوڕی مەلجەم)یان بەدەست بەستراوی هێنا.

عەلیرضي الله عنه بە ئیبن مەلجەمی وت، ئەی دوژمنی خوا! ئەدی چاكەم لەگەڵ نەكردووی؟

وتی: بەڵیٚ.

وتی: ئەی چی پاڵی پێتەوە نا ئەمە بكەی؟

ئیبن مەلجەم وتی: ئەمە شمشێرێك بوو چل بەیانی تیژم كردووە، داوام لە خوا كرد خراپترین دروستكراوی پیٚ بكوژریٚ، ئەوە بوو دام لە تۆ.

عەلیرضي الله عنه پێی وت: من بە خراپترین دروستكراوی خوات دەزانم، وا دەبینم تۆ بەم شمشێرە دەكوژریٚ ی.

پاشان بەوانەی دەوروپشتی وت: ئەگەر مردم ئەوا بیكوژن، ئەگەر ژیام من خۆم باشتر دەزانم چی پیٚ دەكەم.

عەلی جێنشینی دوای خۆی دەست نیشان ناكا

جوندبی كوڕی عبداللە گوتی: ئەی ئەمیری بڕواداران، ئەگەر مردی

بەیعەت بە حەسەن بدەین؟

عەلی‌ﷺ گوتی: نە فەرمانتان پێدەکەم بەیعەتی پێبدەن و، نە بەربەستیشتان لێ دەکەم، ئێوە باشتر دەزانن، ئەوەی بە شیاوی دەزانن بیکەن.

وەسیەتی عەلی

عەلی‌ﷺ وەسیەتی خۆی نوسی بۆ حەسەن و حوسەین و کوڕ و کچەکانی تری و سەرجەم موسڵمانان، ئەوەبو وەسیەتی کرد بۆ هەموویان بە ترسان لە خوا و نوێژ کردن و زەکات دان و ڕق خواردنەوە و سیلەی ڕەحم بەجێ هێنان و لێبوردەیی بەرامبەر نەفام و خۆ شارەزاکردن لە دین و توندوتۆڵی لە کاروبارەکاندا و پاراستنی قورئان و چاکە کردن لەگەڵ دراوسێ و فەرمان بە چاکە و نەهی کردن لە خراپە و خۆپارێزی لە تاوان و بێ ڕەوشتی.[1]

کۆچی دوایی عەلی لە شەوی یەك شەممە١٩ی ڕەمەزان

عەلی سێ ڕۆژ بە نەخۆشی مایەوە، لە بەیانی هەینییەوە، تا شەوی یەك شەممە، لەو سێ ڕۆژەدا زۆر (لا الە الا اللە)ی دەوت، جگە لەمە چی تری نەدەوت.

لەشەوی یەك شەممەی نۆزدەی ڕەمەزانی ساڵی چلی کۆچی، ئەمیری بڕواداران عەلی کوڕی ئەبوطالب‌ﷺ بەهۆی کاریگەری ئەو برینە قوڵەی شمشێرە ژەهراوی یەکەی (ئیبن مەلجەم)ەوە کۆچی دوایی کرد، بەم شێوەیە، بە دەستی ئەو خاریجییە کلۆڵە، لە تەمەنی شەست و سێ ساڵی بە شەهیدی گەیشتە خزمەتی پەروەردگاری.

جێنشینیەکەی چوار ساڵ و نۆ مانگ چەند ڕۆژێك کەم بەردەوام بوو.

ئەوەبوو، دوای هەفتەیەکی تەواو لە شەهیدکردنی (عوسمان)، لە ڕۆژی هەینی بەیعەتی خەلافەتی پێدرا.

عەلی بە نهێنی لە (دار الآمارە)دا نەسپەردە دەکرێ

کاتێ (عەلی)ﷺ کۆچی دوایی کرد، (حەسەن) و (حوسەین)ی کوڕیﷺ شۆردیان، پاشان (حەسەن) پێش کەوت و نوێژی جەنازەی، بە نۆ (اللە اکبر) لەسەر کرد.!

---

[1] ـ سەیری دەقی وەسیەتەکەی بکە لە (البدایة و النهایة) ٧: ٣٢٨-٣٢٩ .

کاتێك شەو داهات، لە (دار الإمارە)ی کوفەدا گۆڕێکیان بۆی هەڵکەند، (حەسەن) و (حوسەین) و (موحەممەدی کوڕی حەنەفیە)ﷺ و ئەو خزمانەی لەگەڵیابون، لەنیوەی شەودا ئەسپەردەیان کرد و گۆڕەکەیان پۆشی و شاردیانەوە، لەترسی ئەوەی نەبادا خەواریج بێن و گۆڕەکەی هەڵدڕن و لاشەکەی دەرکەن و لە ڕقدا بیشێوێنن.

سەبارەت بە گۆڕی (عەلی)، پرسیاریان لە ئیمام (موحەممەدی کوڕی باقر) کرد-کە یەکێکە لە پێشەوایانی ئال و بەیت-.

تەمەنی عەلی لە کاتی کۆچی دواییدا

پێی وترا: لەو ڕۆژەی عەلی کوژرا، تەمەنی چەند بوو؟

ئیمام (باقر) وتی: شەست و سێ ساڵ بوو.

پێی وترا: ئەی لەکوێ ئەسپەردە کرا؟

وتی: لە (دار الإمارە)ی کوفەدا بەشەو ئەسپەردە کرا، لە ترسی خەواریج گۆڕەکەیان شاردەوە.

ڕەزای خوا لە ئەمیری بڕواداران (عەلی کوڕی ئەبوطالب) بێ و بە ڕەزامەندی خوا شاد بێ.

گفتوگۆی ئیبن مەلجەم لەگەڵ حەسەن

دوای شەهیدکرانی (عەلی)ﷺ و ئەسپەردەکردنی، (حەسەن)ی کوڕی، (عبدالرحمنی کوڕی مەلجەم)ی تاوانباری ئامادە کرد تا بیکوژێ.

(ئیبن مەلجەم) وتی: من ڕەفتارێکت دەخەمە پێش چاو.

(حەسەن) وتی: چیە؟

(ئیبن مەلجەم) وتی: من لەلای کەعبە پەیمانم بەخوا دابوو کە (عەلی) و (موعاویە) بکوژم، یا لەو پێناوەدا بکوژرێم، جا وا توانیم (عەلی) بکوژم، دەی بەرم بدە با بچم (موعاویە)ش بکوژم، بەڵێن بێ لەسەرم ئەگەر نەمتوانی بیکوژم، یا ئەگەر کوشتم و ڕزگارم بوو، بگەڕێمەوە بۆ لات تا بمکوژی!!

(حەسەن)ﷺ پێی وت: نەبەخوا، هەردەبێ بکوژرێی.

(حەسەن) فەرمانی دا بکوژرێ، کوشتیان، خوا ڕیسوای کا.[1]

١- بۆ درێژەی پیلان گێران لەسەر عەلی و چۆنیەتی شەهیدکردنی، بڕوانە (البداية والنهاية)٧: ٣٢٦-٣٣١

خەواریجەکان ستایشی ئیبن مەلجەم دەکەن

دوای ئەمە خەواریجەکان ستایشی کردەوەکەی (ئیبن مەلجەم)یان دەکرد، ئەوەتانێ شاعیرەکەیان (عیمرانی کوڕی حەتتان) مەدحی (ئیبن مەلجەم) دەکا و دەڵێ:

يا ضَرْبَةً مِنْ تَقِيٍّ ما ارادَ بِها   إلاّ لِيَبْلُغَ مِنْ ذِي العَرْشِ رِضْوانا
إنّيّ لأَذكُرُهُ يَوماً فَأحْسَبُهُ   أَوْفى البَرِيَّةِ عِنْدَالله مِيزانا[١]

(ئیبن حەتتان) لەوەی وتی درۆی کرد، (ئیبن مەلجەم) لە کوشتنی (عەلی)دا گوناهبار و خراپەکار بوو، بەو تاوانەش سزای خوا وەردەگرێ، نەك ڕەزامەندی ئەو، خراپترین و بەدترین دروستکراوی خوایە نەك باش و بەوەفاترینیان.

خەڵکی کوفە بەیعەت بە حەسەنی کوڕی عەلی دەدەن

پاش ئەوەی (عەلی کوڕی ئەبوطالب)ﷺ ، لە ڕۆژی یەکشەممەی نۆزدەی ڕەمەزانی ساڵی چلدا ئەسپەردەکرا، دید و ڕوانینی خەڵکی کوفە ڕوو لە بەیعەت دان بوو بە (حەسەنی کوڕی عەلی) بۆ جێنشینی، لەگەڵ ئەوەی (عەلی) فەرمانی ئەوەی پێ نەکردبون، بەڵکو کاروبارەکەی بۆ هەڵبژاردنی خۆیان هێشتەوە.

(قەیسی کوڕی سەعدی کوڕی عوبادە) هات بۆ لای (حەسەنی کوڕی عەلی) و پێی وت: دەستت بێنە، لەسەر کیتابی خوا و سوننەتی پێغەمبەرەکەی بەیعەتت پێدەدەم.

دوای ئەوەی (قەیسی کوڕی سەعد) بەیعەتی پێدا خەڵکی تر هەستان و بەیعەتیان پێیدا.

حەسەن سوپایەك دژ بە موعاویە ئامادە دەکا

(قەیسی کوڕی سەعد) لە گەورە سەرکردەکانی سوپای (عەلی) بوو، چل هەزار جەنگاوەری لەگەڵدابوو، حەزی بە درێژەپێدانی جەنگی (موعاویە) و خەڵکی شام دەکرد.

١ـ وتە: ئای لەو لێدانەی کە لە کەسێکی پارێزکارەوە وەشێنراێ و مەبەستیشی ڕەزامەندی خاوەنی عەرش بووێ، من هەر ڕۆژێ کە بیرم دەکەوێتەوە، وای دادەنێم لە تەرازووی خوادا باشترین کەسێکە.

لەپاش کۆچی دوایی (عەلی)ﷺ، (موعاویە) سوپایەکی گەورەی ئامادە و پڕچەك کرد بۆ داگیرکردنی خەڵکی عێراق، لە سوپاکەیدا (عەمری کوڕی عاص) و (عبدالرحمنی کوڕی خالیدی کوڕی وەلید)ی لەگەڵدابوو.

خەڵکی کوفە (حەسەنی کوڕی عەلی)یان هاندا، بۆ کۆکردنەوەی خەڵکی و مۆڵدانی سوپا و ڕووکردنە جەنگی (موعاویە) و خەڵکی شام.

خەڵکی خۆیان ئامادەی جەنگی (موعاویە) کرد، لە سوپای حەسەن دەیان هەزار دەرچوون، بونە چەندین کەتیبەی زۆر و بەهێزی پیاوانی نمونەیی.

(حەسەنی کوڕی عەلی)ﷺ، (قەیسی کوڕی سەعد)ی کردە سەرکردەی سوپاکە، حەسەنیش لەگەڵیان دەرچوو بەمەبەستی (موعاویە) کەوتە ڕێ.

عێراقییەکان کەلوپەلی حەسەن تالان دەکەن و برینداری دەکەن

لەکاتێکدا سوپاکەی لە دەرەوەی (مەدائین) مۆڵی دابوو، پڕوپاگەندەیەك بڵاوبویەوە کە (قەیسی کوڕی سەعد)ی سەرکردەی سوپا کوژراوە! بەمەش ئاژاوە و پشێویەکی بێسەروبەر لە سوپاکەدا ڕوویدا، خەڵکی هێرشیان برد و هەرکەسە و شتومەکی ئەوانی تری تاڵان دەکرد، کۆمەڵێکیان هاتن و کەلوپەل و چادری (حەسەنی کوڕی عەلی)شیان تاڵان کرد و ڕاخەرەکەی ژێریشیان ڕاکێشا و هەندێکیشیان لێیان دا هەتا خوێن لەبەری ڕۆیی.

ئا ئەمەیان بە خەلیفەکەیان کرد!! حەسەن یەکجار زۆر ڕقی لێیان بووەوە.

(حەسەن) بە برینداری بردرایە کۆشکی سپیەوە لە مەدائن-بارەگای کیسرا لە سەردەمی دەوڵەتی فارسی-، تا تیایدا چارەسەر بکرێت.

موختاری ثەقەفی پێشنیاری بەدەستەوەدانی حەسەن بە موعاویە دەکات

کاربەدەستی (حەسەن)ﷺ لەسەر مەدائین (سەعدی کوڕی مەسعودی ثەقەفی) بوو، برازاکەی هاتە لای کە ناوی (موختاری کوڕی ئەبو عوبەید) بوو-باوکی (ئەبوعوبەیدەی کوڕی مەسعودی ثەقەفی) هاوەڵ بوو، کە لە خەلافەتی (صدیق)دا لەجەنگی پردەکە(الجسر)دا شەهید بوو، یەکێك بوو لە هاوەڵە چاکەکان، بەڵام (موختار)ی کوڕی شەیتانێك بوو، کە لەوەودوا بانگەشەی پێغەمبەرێتی کرد، (موصعەبی کوڕی زوبەیر)یش کوشتی.

(موختار) بە مامی وت: ئایا پلەوپایە و دەوڵەمەندیت ناوێ؟

پێی وت: چۆن؟

ئازار چەشتنی حەسەن لە پشت هەڵکردنی قەومەکەی

(موختار) وتی: (حەسەنی کوڕی عەلی) کە بریندارە و لە کۆشکەکەدایە، دەستبەسەری بکە و دەست و پێی ببەستەوە، پاشان بینێرە بۆ دژەکەی (موعاویە) تا بیکوژێ، (موعاویە)ش پارە و سامانێکی بێشومارت پێدەدا.

مامەی پێی وت: دەك خوا روت رەش بکا، ئەوەش رەش بکا کە هێناوتە، دەتەوێ غەدر لە کوڕی کچی پێغەمبەری خواﷺ بکەم!![1]

(حەسەنی کوڕی عەلی)ﷺ زۆر ئازاری چەشت، بەهۆی یاخیبونی قەومەکەی لێی و ئاژاوەگێڕانیان لەسەری و پشت هەڵکردنیان، ئەمە سروشتیان بوو، (عەلی)ی باوکی چەند بەدەستیانەوە دەیناڵاند.

لەساڵی چل و یەکدا ئاشتەوایی لەنێوان (حەسەنی کوڕی عەلی) و (موعاویەی کوڕی ئەبوسوفیان)دا بە ئەنجام گەیشتﷺ.

ئاشتەوایی هەژێکی هەربووسەرەی نێوان حەسەن و موعاویە بوو

(حەسەن)ﷺ پاش ئەوەی پشت هەڵکردنی خەڵکی عێراق و، پەرتەوازەیی و یەکدەنگ نەبونیانی بینی، نامەی ئاشتەوایی بۆ (موعاویە) نارد، هەروەك (موعاویە)ش ئارەزوومەندی ئاشتەوایی کردن بوو لەگەڵ (حەسەن)دا.

ئیمامی بوخاری لە صەحیحەکەیدا بەسەرهاتی ئاشتەوایی (حەسەن) و (موعاویە) و دابەزینی (حەسەن) لە خەلافەت بۆ (موعاویە) دەکا، تا ئەم کارە ببێتە هۆی یەکریزی موسڵمانان.

حەسەنی بەصری ئاشتەواییەکەی حەسەن و موعاویە دەگێڕێتەوە

حەسەنی بەصری فەرمویەتی: بەخوا (حەسەن) بە چەندین تیپی وێنەی شاخەکانەوە پێشوازی لە (موعاویەی کوڕی ئەبوسوفیان) کرد.

(عەمری کوڕی عاص) بە (موعاویە)ی وت: من جۆرێك لە کەتیبە دەبینم، پشت هەڵناکەن تا بە ئەندازەی خۆیان نەکوژن!

(موعاویە)-کە بەخوا چاکترین دوو پیاو بوو- وتی: ئەگەر ئەوانە ئەوانە بکوژن و، ئەوانە ئەوانە بکوژن، ئەی کێ کاروباری خەڵکیم بۆ بەڕێوە

١ـ البداية والنهاية لأبن كثير ٨ :١٤.

ببــات؟ کــێ کاروبــاری لاوازەکانیــان بــەڕێوە ببــات، کــێ سەرپەرشــتی ئافرەتانیان بکات؟

موعاویە دوو پیاو دەنێرێت بۆ ڕێکەوتن لەگەڵ حەسەن

(موعاویــە)ﷺ دوو پیــاوی نــارد بــۆ لای (حەســەن)، کــە هــەردووکیان قوڕەیشی و لە نەوەی (عبدالشمس) بون، کە (عبدالرحمنی کوڕی سەمرە) و (عبــدالله‌ی کــوڕی عــامری کــوڕی کریــز) بــون، پێــی وتــن: بچــن بــۆ لای (حەســەن)، هەرچــی ویســت بیخەنــە بەردەســتی، قســەی لەگــەڵ بکــەن و داواشی لێبکەن.

هــاتن بــۆ لای (حەســەن) و چــوونە خزمــەتی و قســەیان لەگــەڵ کــرد و هەرچیان پێبوو پێیان وت، داواکاریشیان لێی کرد.

(حەسەنی کوڕی عەلی)ﷺ پێی وتـن: ئێمـەی کوڕانی (عبدالمطلب) لـەم مــاڵ و ســامانەمان دەســتکەوتووە و، ئــەم ئوممەتــە لــە خــوێنی خۆیــدا گەوزاوە.

ڕێکەوتن لەسەر ئاشتەوایی

پێیــان وت: (موعاویــە) ئــەوەو ئــەوەت دەخاتــە بەردەســت، ئــەم داواکاریيانەشی هەیە.

(حەسەن)ﷺ وتی: کێ هەیە زامنی ئەوانە بێ بۆم؟

وتیان: ئێمە بۆ ئەوە دانێ و زەمانەتیت بۆ دەکەین.

(حەســەن)ﷺ هەرچیەکی لێیــان داواکــرد، یەکســەر ڕازی بــون و وتیــان: ئێمە بۆت دابین دەکەین.

(حەسەن) لەگەڵ (موعاویە) ئاشتەوایی کرد.

پێغەمبەر هەواڵی ئاشتەوایی بەهۆی حەسەنەوە دەدات

(حەســەنی بەصــری) گێــڕەرەوەی ڕووداوەکــە وتویــەتی: گوێبیســتی (ئەبوبەکرە-نفیعی کوڕی حارس-) بووم دەیوت: پێغەمبەری خوامﷺ بینی لەسەر دوانگە و (حەسەنی کوڕی عەلی) لە تەنیشتیەوە بوو، جارێك ڕووی دەکــردە خەڵکەکــە و جارێــك ڕوی دەکــردە (حەســەن) و دەیفــەرموو: ((ئــەم کــوڕەم گــەورەو بــەڕێزە، بــەڵکو خــوا بیکاتــە هــۆی ئاشــتەوایی نێــوان دوو کۆمەڵی گەورەی موسڵمانان)).[١]

١ـ البداية والنهاية ٨ : ١٧ .

ئـەم فەرموودەیـە لـە بەڵگـەکانی پێغەمبەرێتیـە، ئـەوەتانێ پێغەمبـەرﷺ هەواڵی داوە کە حەسەن گەورە(سیِّد)ە و سوور و بە خەمە بۆ موسڵمانان، خـوا بەهۆیـەوە دوو کۆمـەڵی گـەورەی موسـڵمانان ئاشـتەوایی و سـوڵح پێدەکات.

ئەمەش لە ساڵی چل و یەکدا هاتە دی، ئەوەبوو بەهۆی (حەسەن)ەوە خەڵکی عێراق و شام ئاشتەوایی و سوڵحیان کرد و، هەموو ئوممەت لەسەر خەلافەتی (موعاویە) یەکیان گرت.

خەلیفایەتی حەسەن شەش مانگ بوو

وازهێنانی (حەسەن)ﷺ لە خەلافەت بۆ (موعاویە)ﷺ لە مـانگی (ڕبیعی یەکەم)ی ساڵی چل و یەکدا بوو.

جێنشینی (حەسـەن) شـەش مـانگی خایانـد، لـە ڕەمـەزانی سـاڵی چلی کۆچی تا (ڕەبیعی یەکەم)ی ساڵی چل و یەك.

ماوەی خەلیفەکانی ڕاشدین تەواو دەکات

بە خەلافـەتی (حەسـەنی کـوڕی عـەلی)یـەوە کـە شـەش مـانگی خایانـد، ماوەی خەلیفەکانی ڕاشدین سی ساڵی تەواو کرد.

(سـفینە) لـە پێغەمبـەری خـواوەﷺ دەگێڕێتـەوە کـە فەرمویـەتی: ((خەلافەت لەدوای من سی ساڵە، پاشان دەبێت بە پاشایەتی)).

(ئەبوبەکری صدیق)ﷺ خەلافەتی لە (ڕەبیعی یەکەم)ی ساڵی یانزەی کۆچی گرتە ئەستۆ و (حەسەنی کوڕی عەلی)ﷺ لە (ڕەبیعی یەکەم)ی ساڵی چل و یەکدا بۆ (موعاویە) وازی لێی هێنا.

هـەروەها ئـەم فەرمودەیـەش لـە بەڵگـەکانی پێغەمبـەرێتی (موحەممەد)ەﷺ، ئەوەبوو ئەم فەرموودەیە بە عەمەلی دەرکەوت، کاتێك (حەسەن) بۆ (موعاویە) وازی لێی هێنا، بەم شێوەیە ماوەی خەلیفەکانی ڕاشیدین کۆتایی پێهات، تا ماوەی پاشایەتی دەست پێ بکا.

موعاویە دوایینی خەلیفەکان و یەکەمینی پاشاکانە

(موعاویـە)ﷺ سـەبارەت بـە خـۆی دەیـوت: مـن دواخەلیفـە و یەکـەمی پاشایانم.[1]

١ـ البداية والنهاية ٨ : ١٦ .

یەکێك لە سەرکردەکانی سوپای (حەسەن) پێش دابەزینی (حەسەن) لە خەلافەت بۆ (موعاویە) کە ناوی (ئەبو عەریف) بوو، وتویەتی: ئێمە دوانزە هەزار کەسێك بووین لە پێشەنگی سوپای (عەلی)یەوە، زۆر سوور بووین لەسەر جەنگی خەڵکی شام، کاتێك ئاشتەوایی (حەسەنی کوڕی عەلی)مان بیست وەك ئەوەی لە تووڕەییدا پشتمان شکابێت.

حەسەن سپی کەرەوەی ڕووی بڕوادارانە

کاتێك (حەسەنی کوڕی عەلی)ﷺ هاتە کوفەوە، یەکێك-کە (ئەبو عامر)یان پێدەوت- پێی وت: سەلامت لێبێ ئەی ڕەشکەرەوەی ڕووی بڕواداران! (حەسەن)ﷺ پێی وت: ئەبوعامر! وا مەڵێ، من ڕەشکەرەوەی ڕووی بڕواداران نیم، بەڵکو پێم خۆش نەبوو لەسەر موڵك و دەسەڵات لەدژیان بجەنگم!![١]

کاتێك ئاشتەوایی و سوڵحەکە لەنێوان (حەسەن)و (موعاویە)داﷺ لە (ربیعی یەکەم) ساڵی چل و یەکدا بە ئەنجام گەیشت، خەڵکی شام بەیعەتی (ئەمیری بڕواداران)یان بە (موعاویە)دا، پاشان شار و وڵاتەکانی تر بەیعەتیان پێی دا.

موعاویە لە ساڵی چل و یەکەوە بوو بە ئەمیری بڕواداران

(موعاویە)ﷺ پێش ئەوەی (حەسەن)ﷺ خەلافەتی بۆ بەجێ بێڵێ، والی شام و چەند وڵاتێکی تر بوو، نەك خەلیفە یا ئەمیری بڕواداران بووبێ، بەم سیفەتەشەوە خۆی بە خەڵکی نەدەناساند و داوای بەیعەت پێدانی خەلافەتیانی لێنەدەکرد، چونکە ئەمیر و خەلیفەی موسڵمانان هەبوو، کە ئەویش (عەلی) و پاشان (حەسەن)ی کوڕی بوو.

بەڵام دوای ئاشتەوایی کردنی (حەسەن)ﷺ لەگەڵیدا و وازهێنانی خەلافەت بۆی، بە یەکدەنگی موسڵمانان بوو بە ئەمیری بڕواداران.

الی کۆمەڵ ساڵی چل و یەك بوو

هەر بۆیە ئەو ساڵە، ساڵی چل و یەك، ناونرا بە ساڵی کۆمەڵ (عام الجماعة)، چونکە پەرتەوازەیی کۆتایی پێهات و هەموو خەڵکی کۆك و ڕێك بون لەسەر (موعاویەی کوڕی ئەبوسوفیان)ﷺ.

(موعاویە)ﷺ هاتە کوفەوە و خەڵکەکەی بەیعەتیان پێی دا و ئەویش

---

١ ـ البداية والنهاية ٨ : ١٩ .

(موغیرەی کوڕی شوعبە)ی کردە والییان.

(حەســەن) و (حوســەین)ﷺ و مــاڵ و خێزانــی (عــەلی) لــە کوفــەوە گواستیانەوە بۆ مەدینەی منەوەرە و لەوێ نیشتەجێ بون.

خوا لە هەموو هاوەڵان ڕازی بێت!! لە پێشەوەی هەموویان خەلیفەکانی ڕاشیدین!!

پێڕست

پێشــــــەکی ٥

خەلیفەکانی ڕاشدین لەنێوان جێنشینبون و شـەهیدبوندا ١١

تروسکی یەکەم: نەخۆشی و کۆچی دوایی پێغەمبەر ٢٥

تروســکی دووەم: ئەبوبـەکری صـدیق لـەنێوان جێنشـین بــون و مردنــــــدا ٤٩

تروسکی سێیەم: عومەری کوڕی خەتتاب لەنێوان جێنشین بون و شــــــەهیدبوندا ٧٩

تروسکی چوارەم: عوسمانی کوڕی عەفان، لەنێوان جێنشـین بـون و شــەهیدبوندا ١١١

تروسکی پێنجەم: عەلی کوڕی ئەبوطالب، لەنێوان جێنشین بون و شــــــەهیدبوندا ٢٢٧

پێڕســت ٣٣٥

منتدى اقرأ الثقافي
www.iqra.forumarabia.com

الخلفاء الراشدون

بين الاستخلاف والاستشهاد

دكتور صلاح عبدالفتاح الخالدي

نوسینگەی تەفسیر
بۆ بڵاوکردنەوەو ڕاگەیاندن
هەولێر - شەقامی دادگا - ژێر ئوتێلی شیرین پالاس
Mob:00964 750 460 51 22
Tel: 0964 750 25 18 138
www.tafseer-pub.com
tafseeroffice@yahoo.com